# کەندووێک

## لە زانیاری دەربارەی دەشتەکییەکانی هەولێر

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: عەباس نادر قادر

٢٠٢٢

ناوی کتێب: کەندووێك لە زانیاری دەربارەی دەشتەکییەکانی هەولێر
نووسەر: عەباس نادر قادر
بابەت: مێژوو و کەلتوور
وردبینی و هەڵەچنی: دیاکۆ کاوە
دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆك: شاخەوان جەعفەر
وێنەی بەرگ: عەدنان حاجی کاکە
تیراژ: ٥٠٠ دانە
چاپ: چاپی یەکەم
چاپخانە: چاپخانە
نرخ: ٦٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە سپاردنی (٥٦٣) ساڵی (٢٠٢٢)ی پێدراوە

# پێرست


پێشەکی ........................................ ٩

**بەشی یەکەم:**

مێژوو و جوگرافیای شوێنەکە ........................................ ١٢
مێژووی دەشتەکییەکانی هەولێر ........................................ ١٢
شوێنی نیشتەجێی دەشتەکییەکان ........................................ ١٧
شێوەی تۆپۆگرافیای دەشتەکییەکانی هەولێر ........................................ ٢٠
ناوی گوندەکانی سەر بەناحیەی عەنکاوە ........................................ ٢٢
ناوی گوندەکانی سەر بەناحیەی قوشتەپە ........................................ ٢٤
ناوی گوندەکانی سەر بەسەنتەری مەخموور ........................................ ٢٦
ناوی گوندەکانی سەر بەناحیەی قەراج ........................................ ٢٧
ناوی گوندەکانی سەر بەناحیەی گوێڕ ........................................ ٢٨
ناوی گوندەکانی سەر بەناحیەی کەندێناوە ........................................ ٣٠
ناوی گوندەکانی سەر بەناحیەی سەرگەڕان ........................................ ٣٢
ناوی گوندەکانی سەر بەناحیەی خەبات ........................................ ٣٣
خێڵ و هۆزە کوردییەکانی ناوچەکە ........................................ ٣٣
دەشتەکییەکانی هەولێر لە گەشتنامەی بیانییەکان ........................................ ٣٦
١. پەڕتووکی رحلة نیبور الی العراق في قرن الثامن عشر ........................................ ٣٦
٢. پەڕتووکی العشائر الکردیة ........................................ ٣٧
٣. پەڕتووکی هۆزەکانی کورد بەشی یەکەم و دووەم ........................................ ٤٠
٤. دەشتەکییەکان لە ساڵنامەی عوسمانییەکان ........................................ ٤١
٥. دەشتەکییەکان لەبەڵگەنامەی عوسمانی ـ بەشی یەکەم ........................................ ٤٣
٦. پەڕتووکی گەشتەکەی مستەر ڕیچ بۆ کوردستان ........................................ ٤٥
٧. پەڕتووکی دووساڵ لە کوردستان ـ کاپتن های ........................................ ٤٥
٨. پەڕتووکی الاحوال الاقتصادیة. الاجتماعیة لقضاء مخمور ........................................ ٥٢
٩. پەڕتووکی المرشد الی موطن الاثار و الحضارة ........................................ ٥٣
١٠. پەڕتووکی ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێگۆشەی بەعسییان ........................................ ٥٦
١١. پەڕتووکی جغرافیة العراق الحدیث ........................................ ٥٦
١٢. پەڕتووکی مێژووی میری سۆران ........................................ ٥٧
ڕووداو و سەربردەکانی ناوچەکە ........................................ ٥٩
١. شەڕی نێوان هۆزی بڵباس و دزەییان ........................................ ٥٩

٢. شەڕی نێوان هۆزی گەردی و بڵباس ........ ٦٢
٣. شەڕی نێوان هۆزی بندیان و عەرەبی لهێب ........ ٦٣
٤. شەڕی نێوان هۆزی مەنتک و فەقێ مەرکی ........ ٦٥
٥. سسەربردەی کاوێسی مەلای ........ ٦٦
٦. سەربردەی حەبیباغەی سیاوێ ........ ٦٧
٧. سەربردەی حەسەنە شەلی ........ ٧٢
٨. سەربردەی عەلی مەحموودی کاکەخانی ........ ٧٤
٩. سەربردەی حەسەن و مریەمی ........ ٧٦
١٠. سەربردەی کەریم و ستی ........ ٧٩
١١. چەند لاپەڕەیەکی شاراوە لە مێژووی چینایەتی جوتیارانی کەندێناوە ........ ٨٢
١٢. ڕاپەڕینی جووتیارانی گوندی خدرجیجە ........ ٨٣
١٣. ڕاپەڕینی جووتیارانی گوندی دێمەکار ........ ٨٥
١٤. ڕاپەڕینی جووتیارانی گوندی کاریتان ........ ٨٧
١٥. ڕاپەڕینی جووتیارانی دەشتی هەولێر لەساڵی ١٩٥٣ ........ ٨٩
١٦. هەرای حەرەس قەومییان ساڵی ١٩٦٣ ........ ٩١
١٧. شەڕی قەرەچوغ لەساڵی ١٩٦٣ لە زمانی سەعید حەمۆی تاوانبارەوە ........ ٩٤
١٨. شێخ حەواس ........ ٩٦
١٩. بەعەرەبکردنی ناوچەکە ........ ٩٨
٢٠. کوشتنی شێخ حەنەش ........ ٩٨
٢١. کێخوا سێوێ ........ ١٠٠
٢٢. ساڵنامەی ڕووداوەکان ........ ١٠٠
٢٣. جوولەکە لەدەشتێ ........ ١٠٤
٢٤. کەپرە شینە ........ ١٠٦

**بەشی دووەم:**

شوێنەوار و شوێنە دیارەکان ........ ١٠٩
شوێنەوار و شوێنە دیارەکانی هەولێر ........ ١٠٩
شوێنە دیارەکانی سەنتەری مەخموور ........ ١١٢
شوێنە دیارەکانی ناحیەی دیبەگە ........ ١١٥
شوێنە دیارەکانی چیای قەرەچوغ ........ ١١٩
شوێنە دیارەکانی ناحیەی گوێڕ ........ ١٢٢
شوێنە دیارەکانی ناحیەی قوشتەپە ........ ١٢٨
کەندە باران ڕێژەکانی دەوروبەری هەولێر ........ ١٣٠
ڕێگا کۆنەکان ........ ١٣١
ناوی هەندێ گەلی و ئەشکەفتەکانی چیای قەرەچوغ ........ ١٣٤

## بەشی سێهەم:


باری کۆمەڵایەتی ........ ١٤٢
چین و توێژ و پیشەوەرانی گوند ........ ١٤٢
زاراوەی پەیوەندی خێزانی و کۆمەڵایەتی ........ ١٤٥
داب و نەریتی ژنهێنانی کۆن ........ ١٤٨
جۆرەکانی شایی ........ ١٥٠
جل و بەرگی پیاوان ........ ١٥٠
جل و بەرگی ژنان ........ ١٥٤
جۆرەکانی کوتاڵ ........ ١٥٧
خشڵ و زێڕی خۆڕازاندنەوەی ژنان ........ ١٥٧
منداڵ ........ ١٥٩
لانک و بەشەکانی ........ ١٦٠
ئەو وشانەی لەگەڵ منداڵ دەگوترێت. ........ ١٦٢
تازیە (شین) ........ ١٦٣
هەندێ داب و نەریتی کۆنی کوردەواری ........ ١٦٦
هەندێ داب و نەریتی دیکە ........ ١٧٢
ناوی هەندێ نەخۆشی ........ ١٧٣
چارەسەری نەخۆشییەکان بەڕێگای میللی ........ ١٧٤
هەندێ دیاردەی نەخوازراو ........ ١٧٦
ئیشی ژنان لە کۆمەڵگای کشتوکاڵی دا ........ ١٧٨
ناوی کوردی پیاوان ........ ١٨٠
ناوی کوردی ژنان ........ ١٨٠
ناوە عەرەبییە کورتکراوەکانی پیاوان ........ ١٨٠
ناوە عەرەبییە کورتکراوەکانی ژنان ........ ١٨٢
ناوی تفەنگ و دەمانچە ........ ١٨٣
پارەی کۆن ........ ١٨٣
کێش و پێوانەکان ........ ١٨٦
پیشە و پیشەسازییە خۆماڵییەکان ........ ١٨٧
زاراوەکانی پەیوەست بەشەکر ........ ١٨٩
ڕووناککەرەوەکانی شەو ........ ١٩٠
جۆرەکانی چەقۆ ........ ١٩١
ناوی هەندێ ئامرازی دیکە ........ ١٩٢
ئامێرەکانی مۆسیقا ........ ١٩٤
دوعای ژنان ........ ١٩٥

جوێنەکان ........ ١٩٦
سووندەخواردن........ ١٩٦
وشە شیرینەکان ........ ١٩٦

## بەشی چوارەم:

باری خوێندەواری و ڕۆشنبیری ........ ٢٠٠
قوتابخانەکان لەساڵی ١٩٥٤........ ٢٠٠
هەندێ لە شاعیران و نووسەرانی ........ ٢٠٠
١. بێ دڵ ١٩٢٦ - ١٩٨٦........ ٢٠٠
٢. موخلیس ١٩١٠ -١٩٨٥........ ٢٠٢
٣. دەشتی ١٩٠٩. ١٩٥٧........ ٢٠٣
٤. عاجز ١٩٢٩-١٩٦٧........ ٢٠٤
٥- بێبەش ١٩٣٢ . ١٩٩٨ ........ ٢٠٥
٦. مەدحەت بێ خەو........ ٢٠٦
٧- حوسێن سەعاتچی: ١٩٢٤.١٩٩٣........ ٢٠٨
٨- هەوایی: ١٨٦٤.١٩٢٢ ........ ٢٠٩
٩. عەلی فەتاح ئاغە دزەیی ١٩٢٨. ١٩٩٢........ ٢١٠
١٠. عوسمان حەسەن ڕەسول ١٩٤٣ . ١٩٩٧........ ٢١٠
١١- عەزیزی مەلا ڕەش ........ ٢١١
هەندێ لە خۆشنووسانی ناوچەکە........ ٢١٢

## بەشی پێنجەم:

کاری کشتوکاڵی........ ٢١٤
زاراوەکانی پەیوەست بە شێوەی خاک و جۆرەکانی........ ٢١٤
زاراوەی تایبەت بەکێڵان ........ ٢١٦
زاراوەی تایبەت بە شێوازی چاندن........ ٢١٧
زاراوەی تایبەت بە زەوی شین بوو........ ٢١٧
کەرەستەی جۆتکردن ........ ٢١٩
ئامرازەکانی دروێنە ........ ٢٢٢
زاراوەکانی پەیوەست بە دروێنە ........ ٢٢٣
شەغرە و بەشەکانی........ ٢٢٦
جەنجەڕ و بەشەکانی ........ ٢٢٨

زاراوەی دیکە پەیوەست بە قرشەکوتان ........ ٢٣٠
تەرزەکانی گەنم ........ ٢٣٤
دەورکردنەوەی گەنم و جۆ ........ ٢٣٥
شەقرچی ........ ٢٣٦
هەڵگرەکانی دانەوێڵە ........ ٢٤٠
زارەوەکانی پەیوەست بە نانکردن ........ ٢٤٢
پێخۆری سبەینان ........ ٢٤٤
برنج چاندن ........ ٢٤٥
دارودرختەکان ........ ٢٤٧
لە رووەکە خۆڕسکەکانی ناوچەکە ........ ٢٤٨
هەندێ ئامرازی پەیوەند بە کشتوکاڵ ........ ٢٥٩
چەند زاراوەیەک پەیوەست بەبەرهەمی ڕووەکی ........ ٢٦٣

## بەشی شەشەم:

ئاژەڵداری و پەڕەوڵ ........ ٢٦٨
کۆریتی مریشک و کڕکەوتن ........ ٢٦٨
ڕێگاکانی نێچیرگرتن ........ ٢٦٩
زاراوەکانی پەیوەست بە وڵاخی بەرزە ........ ٢٧١
ناوی هەندێ ئاژەڵ هەر لەبوونی هەتا پیری ........ ٢٧٦
ناوی کار و بەرخ هەر لەبوونیانەوە تا تەمەنی پیری ........ ٢٧٧
زاراوەکانی پەیوەست بە شونکارەیی ........ ٢٧٩
ناوی پاشەڕۆکانی ئاژەڵ و پەڕەوڵ ........ ٢٩١
دەنگی ئاژەڵ و پەڕەوڵ ........ ٢٩١
ئەو وشانەی بەئاژەڵ و پەڕەوڵ دەگوترێت بۆ مەبەستێک ........ ٢٩٣
زەنگوڵ ........ ٢٩٤
ڕەشماڵ و پاشکۆکانی ........ ٢٩٥
نەخۆشییەکانی ئاژەڵ ........ ٢٩٦
بەرهەمەکانی شیر ........ ٢٩٧
ئەو بەکارهێنراوانەی لە پێستە دروست دەکرێن ........ ٣٠٠
خواردنە فۆلکلۆرییەکان ........ ٣٠٢
تەون و مافوور ........ ٣٠٧
تەشی ڕێستن ........ ٣٠٩
سراو (بیری ئاوێ) ........ ٣١٠

باڵندەکان ........ ٣١٣
ئاژەڵە کێوییەکانی ناوچەکە ........ ٣٢١
ناوی مێرووەکان ........ ٣٢٤
هەندێ زاراوەی پەیوەند بەژیانی گوندنشینان ........ ٣٢٥

**بەشی حەفتەم:**

کشتوکاڵناسی ........ ٣٣١
مانگە کوردییەکان ........ ٣٣٩
وەرزەکان ........ ٣٤١
حیسابی هەفتەکانی زستانێ لە دەشتی هەولێر ........ ٣٤٢
ئەستێرە ناسی لە کوردەواری لە بواری کشتوکاڵی ........ ٣٤٨
ناوی (با)یەکان ........ ٣٥٢
چەند وشە و زاراوەیەک پەیوەست بە باران و پەڵە ........ ٣٥٣
ناوی ڕێگاکان ........ ٣٥٦

**بەشی هەشتەم:**

ئەدەبی فۆلکلۆری ........ ٣٥٧
لاوک و حەیران ........ ٣٥٧
هۆنراوە و بەستەی فۆلکلۆری ........ ٣٧٠
يارییە فۆلکلۆرییەکانی کوردەواری ........ ٤٣١
یاریی گەوران ........ ٤٤٨
دروشم و هوتافەکانی کۆن ........ ٤٥٦
ئەو دوو ئاوەڵناوانەی پێکەوە دەگوترێن ........ ٤٥٩
دەنگەکان ........ ٤٦٠
ئیدیۆم و پەندی پێشینان ........ ٤٦٣
هەندێ لە پەندی پێشینان ........ ٤٧٤
ئەو وشە کوردی و عەرەبیانەی پیتێکی جێگۆڕکێی پێکراوە ........ ٤٩٠
ناوی ئەندامەکانی لەش لە بن زاری دەشتەکیەکانی هەولێر ........ ٤٩٣
ئەو دەستەواژانەی بە ئاماژەدان بەبەشێکی جەستەوە مانایەک دەبەخشی ........ ٤٩٦
وەسفی کەسایەتی ناو کۆمەڵگا بەپێی خراپی خوورەوشتی ........ ٥٠٠

**بەشی نۆیەم:**

فەرهەنگی شێوەزاری دەشتەکیانی هەولێر ........ ٥٠٣

# پێشەکی

لەکۆنـەوە گوتوویانـە بـەرە بـەرە، ماسـت دەبـێ بـە کـەرە ، ئـەو پەڕتووکـەی بەردەسـت یەکەمجـار ماسـت بـووە بـەرە بـەرە زۆر بـووە و هەژێنـراوە تـا بووەتـە کـەرە ، هەوڵێکـە لەتەمەنێکـی گەنجییـەوە دەسـتم پێکـردووە ، ئەوکاتـەی هێشـتا مـووم بەتـەواوی لەسـەر و ڕدێنـی نەهاتبـوو دەسـتم بەکۆکردنـەوەی کـرد ، ئێسـتا کـە بەچاپـی دەگەیەنـم سـەر و ڕدێنـم تـەواو مـاش و برنـج بووە.دەتوانـم بڵێـم زیـاد لـە ٤٠ سـاڵە خەریکـی کۆکردنـەوەی بوومـە ، لـە تیانووسـە کۆنەکـەم ، یەکـەم هۆنـراوەی فۆلکلۆریـم لەسـاڵی ١٩٧٩ نووسـیەوەتەوە، ئیـدی بـەردەوام بوومـە لەهەرشـوێنێ گۆرانییـەک ، لاوکێـک ، حەیرانەکـم بـەدەم گـوێ لـێ ببـێ یـان هـەر وشـەیەکی کۆنیشـم هاتبێتـەوە بیـر یەکسـەر نووسـیومەتەوە ،بابەتەکانـی نـاو ئـەو پەڕتووکەشـم هەندێکییـان پێشـتر لـە گۆڤـار و ڕۆژنامـەکان بڵاوکردۆتـەوە ، وەک بابەتـی کشتووکاڵناسـیم لەسـاڵی ١٩٩٦ لەگۆڤـاری چـرۆ بڵاوکـردەوە، هەنـدێ هۆنراوەشـم لەسـاڵانی ١٩٩٧ تـا ٢٠٠٣ لـە ڕۆژنامـەی ڕێـگای ڕەنجـدەران بڵاوکردۆتـەوە ، وەک (حەیفـم لـۆ کەندێنـاوێ و مەلیـک مەحمـوود) بەنـاوی بابـی شـیرنێ ، لەسـاڵی ٢٠١٣ هەسـتام پەیجەکـم لـە فەیسـبووک بەنـاوی (هەگبـەی کوردەواری) دانـا و ڕۆژانـە لاوک و حەیـران و هۆنـراوە و بابەتـە فۆلکلۆرییـە کۆکراوەکانـی نـاو تێنووسـەکەم تایـپ کـرد تـا لەفەوتـان و بزربـوون بیـان پارێزم.لەسـەرەتای ٢٠٢٠ بڕیـارم دا ئـەو نووسـینانەم بـە زنجیـرە و بـەش بـەش لـە ئەکاونتـی خـۆم بڵاوبکەمـەوە لەمـەوە سـوودم وەرگـرت بـەوەی هاوڕێکانـی نـاو فەیسـبووک هاوکارییەکـی باشـییان کـردم لـە ڕاسـتکردنەوەی هەڵـە و زێدەکردنـی زانیارییـەکان، وای لێهـات بابەتەکانـم فراوانبـوون و لـق و پۆپـی زۆرتـری لـێ بـۆوە ، دەوڵەمەندتریـش بـوو،

هەندێک لەهاوڕێکانم داوایان لێکردم بیکەمە پەڕتووک و بڵاوی بکەمەوە تا ببێتە ئەرشیف و لە پەڕتووکخانەکان شوێنی خۆیان هەبێت.هەر لەو سەروبەندەدا مامۆستا فازل شەوڕۆ بابەتی کشتووکاڵناسی بە دوو بەش لە گۆڤاری کەکۆن ژمارە ٦٣ و ٦٤ بۆ بڵاوکردمەوە.

بۆچی ناوم نا کەندووەک لەزانیاری دەربارەی دەشتەکییەکانی هەولێر، جارێ کەندوو بریتیە لە عەمبارێکی گچکەی چوارگۆشە یان لاکێشە، ئاردیان تێ دەکرد دەشکرا ئازووقەی دیکەی وەک گەنم و ساوەرییشی تێ بکەن ، لەکاتی پێویست دەرییان دەهێنا، ئەمنیش بۆیە کەندووم بەکارهێناوە ، چونکە کۆمەڵێک زانیاری ناوچەی دەشتەکییەکانی هەولێریم تێدا ئاخنیوە .کە لە چەند بەشێک پێکهاتوون ، وەک مێژوو و جوگرافیا و شوێنەوار و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و ئەدەب و ڕۆشنبیری و کشتوکاڵ و فۆلکلۆر، لە دوا بەشدا فەرهەنگەکم بۆ ئەو وشە تایبەتانە کردۆتەوە کە زیاتر لەناو دەشتەکییەکان دێتە گۆ ، هەرچەندە لەزۆربەی بابەتەکانی دیکەش زاراوەکانم لێک داوەتەوە ، ئەویش هەر دەچێتە خانەی فەرهەنگەوە.

ئەو پەڕتووکە هەندێ بابەتی تێدایە پێشتر بڵاوکراوەتەوە بەجۆرێک لەجۆرەکان ، هەندێ بابەتیشی تێدایە بۆ یەکەمجارە یان شێوەی بڵاوکردنەوەکەی من جودایە لەگەڵ هی پێشتر، چونکە کۆکردنەوەی بابەتی مێژوو هەندێک لەدەمی خەڵکە بەتەمەنەکان و هەندێک لە سەرچاوە نووسراوەکان ، جودایی دەهێنێتە ئاراوە، بۆیە لێرەدا دەمەوێت چەند سەرەخاڵێک دیاری دەکەم :

١. ئەو زانیارییانەی من کۆمکردیتەوە و نووسیوەتەوە زانیاری مێژوویی و ئەدەبی فۆلکلۆرییە، تێیدا هەیە پێشی منیش نووسراوەتەوە و یان پێشی من چاپی کردووە، بەڵام منیش زۆر لە مێژە هەوڵی کۆکردنەوە و

پاراستنیم داوە . بۆیە بە مافی خۆم دەزانم ئەو ماندووبوونەم بکەوێتە بەر دیدی خوێنەران و ماندیبوونی خۆم و کەسە لێ وەرگرەکانیش کە بۆ من سەرچاوەبوونە هونەرەکەیان تۆمار بکرێت.

٢- لێرەدا نووسەر هەیە بەشێکی یان هەندێک لە بابەتەکانی وەک من بڵاوکردیتەوە لەڕووی مەبەستەوە ، بەس من هەوڵم داوە تا بۆم کرابێت گشتگیربێت زۆربەی لایەنەکانی ژیانی خەڵکی ناوچەکە بگرێتەوە.

٣- بابەتە مێژووییەکان ، پێشتر زۆربەمان گوێمان لێ بووە ، بەڵام بۆ دەوڵەمەندکردنی ، ئاماژەم بە نووسەر و پەرتووکەکان داوە.

٤- ئەو بابەتە ئەدەبییە فۆلکلۆرییانەی  کە لاوک و حەیران و هۆنراوەن ، ناوی کەسەکەم نووسیوە کەلێم وەرگرتووە ، با لەڕووی هەندێ وشەدا وەک کەسانی دیکەش بێ ، بۆ نموونە گۆرانی بووکانی بووکانێ من لەژنێکی ناسیارم  وەرگرتووە، کەسی دیکەش ، هەمان شتی پێش من یان دوای من کۆکردیتەوە ، بەڵام  دەقاو دەق وەک یەک نییە.

٥- لەئەنجامی ئەو نووسینەم، گەیشتمە ئەو ڕاستییەی، کە زمانی کوردی زۆر دەوڵەمەندە، بەتایبەتی لە بواری کشتوکاڵ و مەڕداری ، پڕیەتی لەزاراوەی جوانی کوردی ، ئەوە دەشسەلمێنێت کە کشتوکاڵ و مەڕداری لەکوردستان وەک پیشە لە کۆنەوە خۆڕسکانە خەڵک فێر بووە، کورد لەپێش نەتەوەکانی دەوروپشتی دەستی بۆ بردووە ، خۆ پاشماوەکانی گوندی چەرمۆش ئەوە دەسەلمێنێت ، بۆیە زاراوە بەکارهێنراوەکانیش گەواهی دەدەن، کە کورد لە نەتەوەکانی وەرنەگرتووە ، بەڵکوو زادەی بیری خۆیەتی.

٦- هەندێک لەناوچەی دەشتەکییەکانی هەولێر سنووردار بووە لەگەڵ عەرەبە کۆچەرەکان ، بەڵام لە کۆنەوە و تا ئێستاش زۆر بوێرانە بەرانبەر هێرشی جانەوەرانەیان وەستاون و وەک قەرەچوغ هەر سەرکەش ماون

داکۆکییـان لـە مۆرکـی کوردبـوون و کوردسـتانی بوونـی خۆیـان کـردووە، بۆیـە شـایەنی ئـەوەن زۆرترییـان لەسـەر بنووسـریت.

٧ـ ئـەو پەرتووکـە چاپکـراوەی بەردەسـتتان ، بەدڵنیاییـەوە تـەواو گشـتگرەو نییـە ، لەوانەیـە کـەم و کورتـی تێـدا بێـت ، یـان پەییـم بـە هەمـوو کەلێنـەکان نەبردبێـت ، بـەڵام دارێکـم لەسـەر بەردێـک دانـاوە ، بەدوای زانیـاری ناوچەکـە گـەڕاوم تـا ڕادەیەکـی باشـم کۆکـردەوە وا دەیخەمـە بـەر دیـدی خوێنـەران ، بەهیـوام گـەر خـۆم بـوارم هەبـوو زۆرتـر و دەوڵەمەندتـری بکـەم ، کارێکـی سـرووشتیشـە دڵسـۆزانی دیکـە پوختتـر بچنـە نـاو ئـەو مەیدانـە ، کەلێنەکانـی دیکـەی ئـەو لایەنـە پـڕ بکەنـەوە.

٨ـ مـن لێـرەدا سـوپاسـی یەکـە بەیەکـەی هەمـوو ئـەو کەسـانە دەکـەم کـە زانیارییـان پێـداوم ، بابـەتـی فۆلکلۆرییـان بـۆ گوتوومەتـەوە یـان بـۆ نـاردووم ، بابەتەکانیـان بـۆ دەوڵەمەندکـردووم ، هەڵەیـان بـۆ چاککردوومەتـەوە ، چ بەقسـەی ڕووبـەڕوو یـان بـە کۆمێنـت و بـە تـەل ، درووود بـۆ گیانـی پاکـی ئەوانـەش دەنێـرم کـە پێشـتر زانیارییـان پـێ داوم و ئێسـتا لەژیـان نەمـاون .

٩ـ سـوپاس پێزانینـی خۆشـم بـۆ ئـەو هـاوڕێ و دۆسـتانە ڕادەگەیەنـم کـە بـە وردی بـە نووسـیینەکانم داچوونەتـەوە بەتایبەتـی کاک دیاکـۆ کاوە نـادر هەڵـەی چاپـی زۆر بـۆ چاککردوومەتـەوە، هەروەهـا سـوپاس بـۆ کاک شـاخەوان .... کـە دیزاینـی بـەرگ و نـاوەوەی بـۆ کـردووم .

# بەشی یەکەم:
# مێژوو و جوگرافیای شوێنەکە

## • مێژووی دەشتەکییەکانی هەولێر

دەشتەکییەکانی هەولێر، مەبەستمان ئەو کۆمەڵە کەسەن کەنیشتەجێی دەشتی مولکیە و پشتڕێ و بەڕانەتی و شەمامک و کەندیناوەو قەراجن هەر لەکۆنەوە ناوچەکانییان سەر بەهەولێر بووە، لە هەر مێژووەکیش دەسەڵاتدارێک حوکمی ناوچەکەی کردووە، بەڵام خەڵکەکەی لەدێر زەمانەوە کۆچەریی و مەڕدارانی کوردی زاگرۆس نشین بوونە،لەسەرەتای سالانی هەزارەی سێیەم سۆمەرییەکان هەولێرییان لەژێردەست بووە، دوایی سەرجۆنی ئەکەدی هاتووە هەولێری داگیرکردووە، لەسالانی ٢١٥٠- ٢٠٥٠ پ.ز لە ژێر دەسەڵاتی گۆتییەکان بووە، لە ٢٠٥٠-١٩٥٠ پ.ز کەوتۆتەوە ژێر دەستی خانەوادەی سێیەمی ئووری سۆمەری، لە١٦٠٠پ.ز کاشییەکان حوکمی هەولێرییان کردووە، دوایی میتانییەکان، ئاشوورییەکان تا ساڵی ٦١٢پ.ز دەسەڵاتییان لەسەر هەولێر هەبووە، ئینجا مادەکان کە باپیرە گەورەی کوردن لەپاش ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ئاشووری دەسەڵاتییان لە هەولێر گرتۆتە دەست تا ساڵی ٥٥٠پ.ز، ئینجا هاخامانشینیەکان تاساڵی٣٣١پ.ز کە لە شەڕی گوگمەلا ئەسکەندەری مەکدۆنی بەسەرییان دا زاڵ بوو، لەهەولێر دەری کردن، لەساڵی ١٤٨پ.ز تاکوو ٢٢٦ ز فارسەکان دەسەڵاتییان بەسەر هەولێردا هەبووە، بەڵام دەوڵەتی ئەدیابین یان هەزیانی کە بە ئایین جولەکەبوونە و لە دەشتی هەولێر دەوڵەتیان دامەزراندووە، ماوەیەک شاری حەزە پایتەختییان بووە، شاژنە هێلینای جوولەکە لەساڵی ٤٤ ز حوکمی هەولێری کردووە، بەڵام لەژێر قەڵەمڕەوی فارسەکان بوونە، لە ساڵی ٨٣ پ.ز بۆ ماوەی ١٠

ساڵ تیگرا پاشای ئەرمەنییەکان هەولێری داگیرکردووە، دوایی فارسەکان ئینجا رۆمانییەکان هاتوون فارسەکانییان دەرپەڕاندووە، لەساڵی ٢٢٦ ز تاکوو ٦٥١ ز ساسانییەکان حوکمی هەولێرییان گێراوە، دوایی لەشکری عەرەبی ئیسلامی دەستییان بەسەر هەولێردا گرتووە، لەساڵانی٩٤٥ز تاکوو١٠٥٠ ز هۆزی هەزبانیی وەک دەوڵەتێکی میرنشینی دەسەڵاتییان لەناوچەکە گرتۆتەوە دەست و دیسان شاری حەزەیان کردۆتە پایتەخت، دوایی کەوتۆتە دەست موزەفەرەدین کەوکەبەری ئینجا عەباسییەکان داگیرییان کردووە، لەساڵی ١٢٥٨ز مەغۆلەکان هاتوون بەناوی هۆلاکۆ دوایی بەرخی ڕەش و بەرخی سپی دەستییان بەسەرداگرتووە، لەساڵی ١٥٠٨ز کەوتەوە دەست سەفەوییەکان، لەساڵی ١٥١٥ز تورکە عوسمانییەکان داگیرییان کردووە، تاکوو ساڵی ١٩١٨ز ئینگلیز داگیری کرد و دوایی لەساڵی ١٩٢٥ز وەک بەشێک لە ویلایەتی موسڵ لکێندرا بە دەوڵەتی عێراقی عەرەبی .

هەولێر و ناوچەکەی نێوان هەردوو زێیەکە لەسەردەمانی دەوڵەتە بێگانەکانی وەک ئاشووری و رۆمانی و عەرەبی ئیسلامی بە ئەمەوی و عەباسیشەوە لەگەڵ سەلجوقی و مەغۆل و سەفەوی و عوسمانی، زۆرجار میرنشینە کوردەکان کاروبارییان گێڕاوە بەڵام باجیان بەدەوڵەتە داگیرکەرەکان داوە، ماوەش هەبووە وەک میرنشینی سەربەخۆ حوکمییان کردووە، وەک لە کاتی دەوڵەتی ئەدیابین و حەزە و هەزبانی و بابان و سۆران، دەشتی هەولێر ماوە هەبووە ئاوەدان بووە و ماوەش هەبووە، تەنها زیاتر وەک پاوان لەزستان و بەهاران مەڕدارە کۆچەرەکانی کورد گوزەرییان تێداکردووە. لەمێژووی نزیک دا پێش شەڕی چاڵدێران١٥١٤ هەولێر سنجاقێ بووە، سەربەویلایەتی لوڕستان، لەژێر چەنگی دەوڵەتی سەفەوی بووە، لەساڵی ١٥١٥کەوتۆتە ژێر چەنگی تورکە عوسمانییەکان،

بـەڵام تاسـاڵی ١٥٣٤ میرەکانـی سـۆران هەڵییـان سـوڕاندووە، لەلایـەن عەزەدیـن شـێر حوکـم دەکـرا، لـە سـاڵی ١٥٣٤ سـوڵتان سـلێمان قانوونـی دوای ئـەوەی بەغـدای گـرت، لەگەڕانـەوەی بەهەولێـر دا هـات و عـەزەدیـن شـێری لەدەسـەڵات لابـرد و کوشـتی، حوسـین بەگـی داسـنی ئێـزدی کـردە حاکمی هەولێر، بەڵام دوای پلانی عوسمانی و سـەفەوی لـە سنوورکێشـانی سـاڵی ١٥٦٣ـ ١٥٧٤ بـووە سـنجاقێک سـەر بـە بەغدا. لـەدوای ئـەوە هەنـدێ جـار لەلایـەن میرنشـینی بابـان و هەنـدێ جاریـش لەلایـەن میرنشـینی سۆران و جاریش هەبووە لەلایەن عوسمانییەکانەوە حوکم کراوە، هەولێر ماوەیەکی زۆر سـەر بـە سـنجاقی کەرکووکـی  ویلایەتـی شـارەزوور بـووە، ماوەیەکیـش لەژێـر دەسـەلاتی میرنشـینی سـۆران بـووە، بـەڵام لـەدوای نەمانی میرنشینی سۆران لەساڵی ١٨٣٦، والی بەغدا سووربوو کە هەولێر لـە ڕووی کارگێڕییـەوە بخرێتـە سـەر ویلایەتـی بەغـدا، تـا سـاڵی ١٨٧٩ کـە ویلایەتـی موسـڵ پێکهـات، هەولێـر کـرا بـە قـەزا و خرایـە سـەر بـە لیـوای شـارەزووری ویلایەتـی موسـڵ. تـا پایـزی ١٩١٨ هەولێـر و دەشـتی هەولێـر لەژێـر دەسـەڵاتی عوسـمانی دابـووە، دوای ئـەو مێـژووە، کەوتـە بـن دەسـتی حکومەتـی ئینگلیـز، لـە ١٩١٩/١١/١ هەولێـر کـرا بـە لیـوا. لەگـەڵ لکاندنـی ویلایەتـی موسـڵ بەعێـراق و پێکهێنانـی حکومەتـی پاشـایەتی عێـراق ناوچـەی دەشـتی هەولێـر بـووە بەشـێک لەعێـراق.

چـواردەوری هەولێـر دەشـتێکی پـان و بەرینـە، لـە جوگرافیـاو مێـژووی کـۆن بەنـاوی دەشـتی هەولێر ناسـراوە لای گەڕیـدە عەرەبـەکان بـە (سـهل اربیـل)، بـەڵام لەناوەخـۆ لەچەنـد دەشـتێک پێـک دێـت وەک دەشـتی موڵکیـە و پشـت ڕێ و بەڕانەتـی وشـەمامک و کەندێنـاوەو قـەراج، کـە دەتوانییـن سـنوورەکەی لەسـەر زێـی گچکـە لەباکـووری ناحیەی(پـردێ) وە، لەبەرزاییەکانـی زوورگەزراوەوە(ئاڤانـە) بـۆ بەرزاییەکانـی دێـدەوان و

زوورگەکانی کەسنەزان وشۆڕدەبێتەوە بۆ دەربەندی گۆمەسپانێ و دەو بەستی بەستۆڕە دێتەوە بۆ گوندی هەنارە و بۆ بەستۆڕەو تادێتە بەحرکە و دوایی بۆ سەر زێی گەورە لە ئیفرازی و شۆڕدەبیتەوە بۆ کەڵەکی یاسین ئاغە و تا گوێر و تا گوندەکانی قەراجێ لای گوندی سولتان عەبدوڵلا و تا باقرتە و دەسووڕێتەوە بۆ رۆژهەلات بۆ کلکەی دارە بزمارەی قەرەچوغی و دێتەوە سەرزێی گچکە لەلای شەعەلی و دەسوڕێتەوە بۆ رۆژئاوای پردێ، خەڵکی ئەو ناوچەیە بەبنزارێک(شێوەزارێک) قسە دەکەن کە بەدەشتەکی ناسراوە و هەموویان پیتی (لامی قەڵەو) دەکەن بە پیتی( ر) و زۆرێکیش پیتی ( ح و ع ) لە گۆتندا جێگۆرکێ پێ دەکەن .زۆربەشییان پەیوەندی خزمایەتی عەشایەری و خوێن و ژن و ژنخوازییان لە نێواندا هەیە، لەهەولێریش بەدەشتەکی یان بە کرمانج ناسراون، گوندنشین و کۆچەرییەکان لەهەولێر دووجۆربوون، ئەوانەی لەزوورگی خانزادەوە تادەگاتە قەراجێ، پێیان دەگوترا کەشک خۆر، ئەوانەی لەچیای پیرمامی بەسەرەوە تاکو حاجی ئۆمەران پێیان دەگوترا دۆشاوخۆر یان مێوژخۆر.

## • شوێنی نیشتەجێی دەشتەکییەکان

١ـ دەشتی موڵکیە: بریتیە لە حەوزێکی فراوان بە قوم و چەگل پربۆتەوە لە ژێریدا چەند چینێکی بەختیاری دەردەکەوێت وە چەند بەرزاییەکی تێدەکەوێت و ئاوەڕۆیەکەی دەڕژێتە زێی گەورە و زێی گچکە و لەئاوی ژێر زەوی دەوڵەمەندە. چونکە نزیکە لەو ناوچە شاخاویانەی کەلە بەردی کلسی کونیلە دار پێک هاتوون.شارۆچکەی قوشتەپە دەکەوێتە ناو ئەو دەشتە. لەلای باشووری بەرزاییەکانی زوورگەزراو(ئاڤانە) و لە ڕۆژهەڵات بەرزاییەکانی(کانی دۆمەلان )و کەسنەزان و لە باکوور بەرزاییەکانی خانزاد و لە ڕۆژئاوا دەشتی شەمامک، درێژییەکەی لە باشووری ڕۆژهەڵات تاکو باکووری ڕۆژئاوا دەگاتە ( ٨٥ کم)بەڵام پانییەکەی نیوەی درێژییەکەیەتی وە بەرزی لە ئاستی ڕووی دەریا، لە نێوان ( ٣٠٠–٤٥٠)م دایە .

٢ـ دەشتی کەندێناوە: بریتیە لەدەشتێکی بەپیت لەشێوەی لاکێشەدایە درێژییەکەی ٨٠کم و پانییەکەی ٢٥ کم، بەرزیەکەی نزیکەی ٣٠٠م دەبێت لەڕووی ئاستی دەریاوە، لەباکوور بەرزاییەکانی زوورگەزراوە و لە باشوور چیای قەرەچوغە و لە ڕۆژهەڵات زێی گچکەیە و لە ڕۆژئاوا زێی گەورەیە، کەندێکیش بەناوەندی دەشتەکە دادەڕوات بۆیە پێی دەڵێن دەشتی کەندێناوە، ئاوەڕێژی بارانی ئەو دەشتە لەڕۆژئاوای جادەی مەخموور دیبەگە دەڕژێتە زێی گەورە، ئاوەڕێژی بارانی ڕۆژهەڵاتی جادەی دیبەگە- مەخموور دەڕژێتە زێی گچکە، شارۆچکەی دیبەگە و سەرگەڕان دەکەوێتە ناو ئەو دەشتە، ئەم حەوزە بە نیشتەنی لم و دەنکۆلەی گەورەی لم و قورو چگل پربۆتەوە، ئەم دەشتەش بەناوبانگە بە بوونی ئاوی ژێر زەوی کە لە بەرزاییەکانەوە بۆی دێ لە شێوەی بیر و کانی و سەرچاوە لەڕۆخەکانی دەردەکەون، دەوڵەمەندیشە بە نەوت زیاتر لە ٣٠٠ بیرە نەوتی تێدایە.

٣. دەشـتی قـەراج: دەشـتێکی پـان و بەرینـە چیـای قەرەچـوغ دەکەوێتـە باکـوور و باکـووری ڕۆژهـەڵات، لەڕۆژهـەڵات زێـی گچکەیـە و لەباشـوور بادیـەی تکریتـە و لەرۆژئـاوا زێـی دیجلەیـە، شـارۆچکەی مەخمـوور و باقرتـە دەکەوێتـە ئـەو دەشـتە فراوانـە.

٤. دەشـتی شـەمامک؛ دەشـتێکی بەپیـت و بەرەکەتـە دەکەوێتـە ڕۆژئـاوای هەولێر، لەباکوور جادەی موسڵ هەولێرە، لەرۆژهەڵات دەشتی موڵکیەیەو، لەرۆژئـاوا و باشـووری زێـی گەورەیـەو شـارۆچکەی گوێـڕ چەقـی مەڵبەنـدی کارگێـڕی دەشـتەکەیەو ئێسـتا هـەردوو گونـدی پیـرداود و دووسـەرەی فەتاحـی وەک مەڵبەنـدی ناحیـەی شـەمامک دادەندرێـت.

٥. دەشـتی بەڕانەتـی: دەشـتێکی پان و فراوانە دەکەوێتە باکووری هەولێر بـۆ ڕۆژئـاوا، شـارۆچکەی عەنـکاوە و بەحرکـە و ڕزگاری و کەوروگۆسـک و خەبـات لەخـۆ دەگرێـت، لـە ڕۆژهـەڵات بەرزاییەکانـی خانـزادە و لـە باکـوور چۆمـی بەسـتۆرە و ناوچـەی زرارەتیـە و لـە رۆژئـاوا زێـی گـەورە و لەباشـوور جـادەی موسـڵ ـ هەولێـرە.

جوگرافیـای دەشـتەکییەکان دەشـتێکی پـان و بەرینـە، لـەڕووی فەرمییـەوە بەگوێـرەی کارگێـڕی کـۆن، بریتـی بـووە لـە گوندەکانـی قـەزای مەخمـوور بـە هەرسـێ ناحیـەوە کـە قـەراج و گوێـڕ و کەندێنـاوە بـووە، لەگـەڵ گوندەکانـی باکـوور و ڕۆژئـاوای ناحیـەی پـردێ کەپێشـتر سـەر بـە هەولێـر بـووە، لەگـەل هەمـوو گوندەکانـی ناحیـەی قوشـتەپە و عەنـکاوە و خەبـات، کـە پێشـتر سـەر بەقـەزای هەولێـر بوونـە، بـەڵام ئێسـتا ئـەو شـارۆچکانە دەگرێتـەوە، قـەزای مەخمـوور کـە لـە ناحیـەی قـەراج و  گوێـڕ و کەندێنـاوە پێـک دێـت، لەقـەزای دوبزیـش ناحیـەی سـەرگەڕان و پـردێ دەگرێتـەوە لەقـەزای دەشـتی هەولێریـش ناحیـەی قوشـتەپە و کەسـنەزان و دارەتـوو دەگرێتـەوە لەقـەزای ناوەنـدی هەولێریـش ناحیـەی شـەمامک و عەنـکاوە و

بەحرکە دەگرێتەوە، لە قەزای خەباتیش ناحیەی دارەشەکران و رزگاری و کەوروگۆسک دەگرێتەوە، ئێستا قەزای ناوەند و قەزای دەشتی هەولێرو قەزای خەبات سەربە پارێزگای هەولێرن، قەزای مەخمووریش سەربە پارێزگای نەینەوایە، ناحیەی سەرگەڕان و پردێ (ئاڵتوون کۆپری)سەر بەپارێزگای کەرکووکن. ئێستاپەیوەندبوونی گوندەکان بەناحییەکان هەندێ گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە.

ژیانی ئەو خەڵکە زیاتر لەسەر مەڕداری و کاری کشتوکاڵی وەک گەنم و جۆ وەستابوو، بۆ کاری کشتوکاڵیش زۆرتر پشتییان بەئاوی باران دەبەستا کە بەبارانی نیمچە مسۆگەر دادەندرێت، ساڵان ٢٥٠-٣٥٠ ملم بارانی لی دەباری لەقەراجێ کەمتر دەباری، تابەرەو هەولێر بێیت باران زۆرتر دەباری، جگە لەهەندێک شوێن نەبێ کە بیرو کارێزییان هەبوو یان زەوییەکانییان لە لێوار زێی گەورە و گچکە بوو پشتییان بە ئاوی زێ و کارێزەکان دەبەست بەتایبەتی لە هاوینان برنج و شفتی و گندۆرە و سەوزەواتیان دەچاند، گەنم و جۆ لە پایز دەچێندرا و لەکۆتایی بەهار دروێنەدەکرا، گندۆرە و تەرۆزی دێمی لەسەرەتای بەهار دەچێندرا،

هەتا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم زۆرێک لەگوندنشینەکانی دەشتی هەولێر بەشێوەیەکی فراوان مەڕدارییان دەکرد بە بەخێوکردنی مەڕ و بزن، لەپەنا ئەوەش چێڵییان بەخێو دەکرد هەر گوندێک یان چەند گوندێک گارانەک چێڵییان هەبوو، ماڵ هەبووچێڵێک یان دوو چێڵ یان زیاتریان هەبوو، لەگەڵ هەبوونی گوێ درێژ و هێستر و ئەسپ و ماین، لەگەڵ ئەوەش پەلەوەری وەک مریشک و عەلەشیش و قاز و مراوی و چین و ماچینیشیان بەخێو دەکرد. پیشەگەری کوورەی گەچ و جۆلایی لباد و بەرماڵ و جاجم، دووگورد ...لەلایەن پیاوان دەکرا، تەونکاری مافوور لەلایەن ژنانەوە باوی هەبوو.

## • شێوەی تۆپۆگرافیای دەشتەکییەکانی هەولێر

**١- دەشت:** زۆربەی ڕووبەری دەشتی هەولێر دەشتایی و ڕاستە، بۆ چاندنی بەروبوومی کشتوکاڵ بەکەڵکە بەتایبەتی بۆ گەنم و جۆ لەچەند دەشتێکیش پێک دێت، دەشتی بەڕانەتی، دەوزێی گەورەو گچکە، شەمامک، موڵکیە، پشت ڕێ، کەندێناوە، قەراج.

**٢- زوورگ:** بەرزایین بەڵام نزمترن لە چیا، لەخۆڵ بەردی چەگل ولم و قوم و بەردی تەمۆخی نیشتوو پێک دێت، دار و درەختی سروشتی تێدا نییە یان بە تاک تاک لێیە، وەک زوورگەزراو کە کەندێناوە لە دەشتی شەمامک و موڵکیەی جودا دەکاتەوە کە لە نزیک پردێ بە ئاڤانە ناسراوە، هەروەها زوورگەکانی کەسنەزان و خانزاد و بەرزاییەکانی تارین و زوورگەکانی دەوروبەری ئاسکی کەڵەک و زوورگی نالەشکێنەی شەمامک.

**٣- چیا:** بەرزایی بڵندن لە شاخی بەرز و رەوەز پێک دێت و ئەشکەوت و کانی و گەری و ڕاستایی تێدایە. چیای قەرەچوغ کە تاکە چیایە لەو دەشتە پان و بەرینە، دەشتی کەندێناوە و قەراج لێک جودادەکاتەوە، قەرەچوغ لە دەروازەی بازاڕگەی ڕێگای نێوان مەخموور و هەولێرە دەکاتە دوو بەش، بەشی نێوان جادەی دیبەگە- مەخموور بۆ لای کەرکوک پێی دەڵێن چیای بلّباسان، بەشی نێوان جادەی دیبەگە- مەخموور بۆ لای گوێڕ پێی دەڵێن چیای مام ڕەش . قەرەچوغ لەبەردی کلس و گەچ و سلسال پێک دێت لەگەڵ هەندێ بەردی چەگل . لە کۆن درەختی سروشتی زۆر لێبووە، بەڵام ئێستا تاک تاکەی تێداماوە، وەک دارەبەن و شەواشینک و بەرالووک و هەنجیر، کۆمەڵێک کانی و ئەشکەوتی تێدایە.هەروەها چیای تارین دەکەوێتە باکووری و چیای دێدەوان دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی دەشتی هەولێر.

٤- **رووبار:** هەردوو زێی ( گەورە و گچکە) دەشتی هەولێرییان لەباوەش گرتووە، زێی گچکە دەکەوێتە ڕۆژهەڵات و زێی گەورە دەکەوێتە ڕۆژئاوای کە بەزابی گچکە و گەورەش ناودێر کراون.

**کانی و کارێز:** دەشتی هەولێر بەتایبەت شەمامک و موڵکییە پێشتر کارێزی زۆری تێدابووە، زۆرێک لەگوندەکانی بناری قەرەچوغ و زوورگەزراو کانی هەبووە، بەکەڵک ئاوخواردنەوە هاتووە. وەک کانی وەکازە و داودەڕەش و کانییێ شەمامێ و کانییێ مەنجەران، کانییێ چارداغیـ ئاوێ بن بردی، دەرماناوا، ترشاوۆک، کانییێ شەعادەی، جگە لەوە بیری دەستکرد لەهەموو گوندێک بە چەند دانەیەک هەبووە.

## • ناوی گوندەکانی سەر بە ناحیەی عەنکاوە [١]

گوندەکانی سەنتەری هەولێر ناحیەی عەنکاوە بەگوێرەی سەرژمێری١٩٥٧ ژمارەی دانیشتوانی ٢١١٦٢ کەس بووە، ١٢٥ گوند بووە ، گوندەکان:

١ـ ئیفراز ٢ـ ئاشۆکانی هەباسی ٣ـ ئاشۆکانی ڕەسولی ٤ـ ئاخۆران ٥ـ سەرکەورە ئۆمەراوە ٦ـ باداوە ٧ـ باخچە ٨ـ باغەمەرەی شەهابی ٩ـ بنەسڵاوەی گەورە ١٠ـ بنەسڵاوەی گچکە ١١ـ پیرڕەش ١٢ـ پراغ ١٣ـ بێرکۆت ١٤ـ پیرزین ١٥ـ پاترتۆف ١٦ بنبێرز ١٧ـ پونگینە ١٨ـ بەردەحوشتری رەزاق ١٩ـ بەردەحوشتری رەفعەتی ٢٠ـ بەحرکە ٢١ـ بێریات ٢٢ـ بێوکە ٢٣ـ جێژنیکانی باپیر ٢٤ـ جێژنیکانی ئەفەندی ٢٥ـ جێژنیکانی نەجم ٢٦ـ چالووکی گەورە ، ٢٧ـ چالووکی گچکە ٢٨ـ جمکە ٢٩ـ جدیدەی سەرزێیێ ٣٠ـ چەمەدوبز ٣١ـ دارەتوو ، ٣٢ـ دارەبەن ٣٣ـ دەلوگول ٣٤ـ داڵداغان ٣٥ـ دوزتەپە ٣٦ـ هەنجیرۆک ، ٣٧ـ هەمزەبەگ ٣٨ـزمزین ٣٩ـ حەسارۆکان ٤٠ـ بلیتکە نادراغا ٤١ـ حەساری شێخ محمدی ٤٢ـ حەزە ٤٣ـ تووڕەق ٤٤ـ یارمچە ٤٥ـ گردەڕەشە ٤٦ـ گردەتە رەفیق ٤٧ـ گردەتە زاب ٤٨ـ کونەگورگ ٤٩ـ کانی کنێر ٥٠ـ کەسنەزانی سمایلی ٥١ـ کەسنەزانی پاشا ٥٢ـ کۆلەکی گەورە ٥٣ـ کۆلەکی گچکە ٥٤ـ کەوڕەبەن ٥٥ـ کانی قرژاڵە ٥٦ـ قەرێتاغ ٥٧ـ کەورگۆسک ٥٨ـ گردیش ٥٩ـ گردەسۆری عەنبەری ، ٦٠ـ گردی فەقێ سمایلی ٦١ـ مزاحمەت ٦٢ـ مەلا ئۆمەر ٦٣ـ ماملوک حاجی سمایل ٦٤ـ ماملوک شێخ محمد ٦٥ـ مەموندان ٦٦ـ نازماوە ٦٧ـ سیراوە٦٨ـ سێبیرانی گەورە ٦٩ـ سێبیرانی گچکە ٧٠ـ سێبیرانی قوشتەپە ٧١ـ سەیدان ٧٢ـ ساتور ، ٧٣ـ سوێری ٧٤ـ سووریژە ٧٥ـ عارەب کەند ٧٦ـ خەزنە ٧٧ـ خەرابەدراو، ٧٨ـ خاتوناوە٧٩ـ قەرەمورتکیان ٨٠ـ قەڵاتکە ٨١ـ قونیانی نادر ٨٢ـ قەتەوی ٨٣ـ قەڵاچۆغان ٨٤ـ ڕەشکینی مەردان ٨٥ـ ڕەشکینی موزەفەر ٨٦ـ ڕەشکینی ڕەشید ، ٨٧ـ کەڕک ٨٨ـ شێخ ئەحمەد ٨٩ـ شەرەبۆت ٩٠ـ

شۆک ٩١. شاوێس ٩٢. سورەش ٩٣. شەوزار ٩٤. شاخۆڵان ٩٥. کەڵەکین ٩٦. کۆڵەک ٩٧. گردجۆتیار٩٨. کەڵەکان ٩٩. گردعارەب ١٠٠. گردەچاڵ ١٠١. گەزنەی عەبۆئاغەی ١٠٢. گەزنەی مەولودی ١٠٣. گەزنەی حاجی خدری١٠٤. شێخ عەلی ١٠٥ تیماری گەورە ١٠٦. تیماری گچکە ١٠٧. شانەشی ١٠٨. کلەکێشی ١٠٩. قەلمان ١١٠. سمایلاوە ١١١. خانووەکانی پشت نەخۆشخانە ١١٢. مەلەکان ١١٣. باغلوچارا وەلی حەسەن ١١٤. سڵاوە ١١٥. گەزنە ١١٦. تەرجان ١١٧. تەکیە ١١٨. هەڵەجە ١١٩. گاینج ١٢٠. زورگەبات ١٢١. سەردەشت ١٢٢. فرەشەوک ١٢٣. سێوکە ١٢٤. شەمعوناوە ١٢٥. مەلائۆمەری سەرزێیێ.


## • ناوی گوندەکانی سەر بە ناحیەی قوشتەپە[٢]




قوشتەپە لە ساڵی ١٩٥٧ناحیەبووە و سەر بەقەزای ناوەندی هەولێر بووە. ژمارەی دانیشتوانی ٢١٠٥٩ کەس بووە ، ژمارەی گوندەکانی، ١٠٧ گوند بووە بە شارەدێی قوشتەپەوە، ناوی گوندەکان : ١. قۆپەقڕان ٢. ڕەختاوە ٣. سیراوە ٤. ماستاوە، ٥. تەندوورە ٦. چیمەن ٧. قۆڕیتانی مەلا محمودی ٨. قۆڕیتانی جوکلی ٩. شێراوە ١٠. قوچەبڵباس ١١. شێخ شێروان ١٢. باغەمرەی ئەفەندی ١٣. سیاو ١٤. قوشتەپەی گەورە ١٥. قوشتەپەی گچکە ١٦. برایمەلەک ١٧. گۆسکە ١٨. مێرغوزار ١٩. پیرداود ٢٠. دووسەرەی جەباری ٢١. دووسەرەی فەتاحی ٢٢. پڵینگە ٢٣. دووگردکانی ڕەحمانی ٢٤. دووگردکانی ئەحمەدی ٢٥. دووکەڵە ٢٦. قازیخانە ٢٧. سۆربەشی خدری ٢٨. قورشاغلو ، ٢٩. باقرتە ٣٠. منارە ٣١. جدیدەی لەکان ٣٢. ئاودەلۆک ٣٣. هێلەوە ٣٤. کەسنەزانی قوشتەپەی ٣٥. عەلیاوە ٣٦. گردعازەبان ٣٧. دۆغان ٣٨. سۆربەشی کاکەڵلای، ٣٩. پۆڕیجەی

سەعدی ٤٠. ترپەسپییان ٤١. یەدی قزلەر ٤٢. قەرەچناغە ٤٣. میرزائاغە٤٤. مورتکەی گەورە ٤٥. گردمەلا٤٦. قولتەپەی ڕەشیدی ٤٧. بیرەعارەبانی گەورە٤٨. بیرەعارەبانی گچکە ٤٩. مورتکەی گچکە ٥٠. پالانی ، ٥١ـکەردز ٥٢. کەرزۆڕ ٥٣. چێلەبەشە ٥٤. هەمزەکۆر ٥٥. دۆلەبەکرە ، ٥٦. گەروەشینە ٥٧. گۆمە گڕوو ٥٨. گەڕەشێخان ٥٩. دۆلەسزەی گەورە ٦٠. سێ نالە ٦١. ئۆمەراوە ٦٢. پۆڕیجەی یابا ٦٣. میرەکانی گەورە ٦٤. دووشیوان ٦٥. کانی بەرزە ٦٦. هەلەجەی گەورە ٦٧. هەلەجەی گچکە ٦٨. بیستانەی گەورە ٦٩. سەرمەرزا ٧٠. میرەکانی گچکە ٧١. لۆرکە ٧٢. حەسەن موترب ٧٣. سۆفی برایم ٧٤. چالە گەردەلە ٧٥. ئازیانە ٧٦. گردەسۆر ، ٧٧. سەردەشتی موسائاغە ٧٨. سابلاخ ، ٧٩. بیستانەی گچکە ٨٠. تەتەراوە ٨١. ئۆمەرەسۆر ٨٢. ئۆمەرمامکە ٨٣. ئێلینجاغی گچکە ٨٤. قولتەپەی یابا ٨٥. سێ قوچان ٨٦. شێخان ٨٧. تۆپزاوە ٨٨. شێراوە ٨٩. قەشقە ٩٠ـخوڕخوڕ ٩١. پەڕکانە ٩٢. ساری چەمی گەورە ٩٣. ساری چەمی گچکە ٩٤. لاجان ٩٥. بیرەجنە ٩٦. باشتەپە٩٧. گردلانکەی سەعید ٩٨. گردلانکەی مەجید ٩٩. مەلحەوالی ١٠٠. بەرکانی ١٠١. قولتەپەی عەزیز ١٠٢. دۆلەسزەی گچکە ١٠٣. سێبیرانی ئاغە ١٠٤. سۆربەشی حەوێزی ١٠٥. دۆلەسزەی مستەفا ١٠٦. مەخشومە.

**تێبینی:** قوشتەپە لەسەرەتای سەدەی هەژدەم لەسەردەمی ئەحمەد پاشا والی بەغدا ئاوەدان کراوەتەوە، ناوەکەی تورکیە واتە گردی چۆلەکان. ئێستا ((٥٨)) گوندی پێوە بەندە.




## • ناوی گوندەکانی سەنتەری مەخموور[٣]

مەخموور لە کۆتایی حوکمی عوسمانییەکان کراوە بە ناحیە بەناوی سوڵتانیە ، لە٣/١٥/ ١٩٢٧ەوە لەناحیەوە بۆتە قەزا و سێ ناحیەی پێوەبەندە ناحیەی کەندێناوە ، ناحیەی گوێڕ ، ناحیەی قەراج ، سەنتەری مەخموور. هەر لەدێر زەمانەوە مەخموور سەر بەلیوا و پارێزگای هەولێر بووە تاساڵی ١٩٩٦ بەفەرمانێکی بەعس خرایە سەر پارێزگای نەینەوا ، لەساڵی ١٩٥٧ ژمارەی دانیشتوانی٥١٧٦ کەس بووەو ٣١ گوند سەر بە سەنتەری شارۆچکەی مەخموور بوونە کە ئەمانەن : ١. گەڕەسۆر ٢. عەلیاوە ٣. گڕوونی حەمەد ئاغەی ٤. پیرداودوسووان ٥. کێلەشینی سەروو و خواروو ٦. بەشار ٧. هەوارغەر ٨. وادي عوراب ٩. پاڵانیان ١٠.قەڵاتەسۆری سەعیدی ١١. کوبەیبە ١٢. جدیدە ١٣. گەڕەبەشەی رەحمانی ١٤. تەلریم ١٥. خەرابە جارولڵا ١٦.ئەبوهەدلان١٧. نەعناعە ١٨. کەبەرۆک ١٩. سەیداوە ٢٠. عین موزان ٢١. عین شەهاب ٢٢. مەهانە ٢٣. ئۆمەراوە ٢٤. دووگردکانی حاجی حوسێنی ٢٥. سیرمە ٢٦. خالندیة ٢٧. سلاحیة ٢٨. کویلە ٢٩. عین مریمە ٣٠. قەسران ٣١. الصباح .




## • ناوی گوندەکانی ناحیەی قەراج(٤)

ناحیـەی قـەراج سـەر بەقـەزای مەخمـوورە و دەکەوێتـە خـوارووی مەخمـوور، مەلبەنـدی ناحیەکـە شـارۆچکەی باقرتەیـە، لەسـەرژمێری ١٩٥٧ ژمـارەی گوندەکانـی ٨٣ گونـد بـووە ژمـارەی دانیشـتوانی ئـەو کاتـی ٩٨٨٨ کـەس بـووە . دانیشـتوانی گونـدەکان کـورد و عـەرەبـن ، هەنـدێ گونـد هەیـە تێکەڵـن گوندەکانیـش بریتیـن لـە :

١ـ لاکەچـە ٢ـ شـۆڕەپەلکە ٣ـ کەرمـردی ٤ـ خەرابـە بـەردان ٥ـ عەدلـە ٦ـ شـەیالە ، ٧ـ خەرابـە جرجان ٨ـ عەنکاوە٩ـ حوشـترالوک ١٠ـ حەسـارۆک ١١ـ قـووچ ١٢ـ دۆرەنگێـو ١٣ـ کەلەشـخان ١٤ـ بیرمهێدی ١٥ـ دووسـەرەی ژێری ١٦ـ چواربـەردە ، ١٧ـ دوازدەهـەوار ١٨ـ هەمزاغا١٩ـ هەمین مردی ٢٠ـ گڕاو ٢١ـ سـارتک ، ٢٢ـ ئازیکەنـد ٢٣ـ قەلاتـە سـۆری مـەرزان ، ٢٤ـ عەلیـەڕەش ٢٥ـ بەردەسـپی ٢٦ـ گردگراو ، ٢٧ـ چارگۆمـان ٢٨ـ سـەلماس٢٩ـ کونەسـیخوڕە٣٠ـ گردقۆشـەنە، ٣١ـ خەزنـە ٣٢ـ خەرابـەی جەبـر ٣٣ـ گۆمەشـین ٣٤ـ گردەپـان ٣٥ـ کاولـە گـەزۆک ٣٦ـ موحسـیناوە ٣٧ـ گـردی گـۆم ٣٨ـ گردەهـارە ٣٩ـ خەرابە مەحمود٤٠ـ خەربانـی ٤١ـ رواڵـە ٤٢ـ سـێگردکان ٤٣ـ قەبـری سـەیدی

٤٤. گردەبۆر ٤٥. گردەچاڵ ٤٦. قوچەسپیلکە ٤٧. گردەڕەشە ٤٨. گۆکتەپە٤٩. دووسەرەباڵا ٥٠. گوڵگامێشە ٥١. مەحمەل ئۆمەران ٥٢. زوڕنا ٥٣. شەندر فوقانی ٥٤. عەدلە ٥٥. خەرابەزەرد ٥٦. مارواشان ٥٧. عەزیز عەبدە ٥٨. خەرابەچۆلە ٥٩. ئەگرەح ٦٠. خەرابە بندیان ٦١. خەرابە خەلف ٦٢. شناوە ٦٣. گردی دۆمەئیدریس ٦٤. گردی دۆم عەزیز٦٥. تەلغەزال ٦٦. گردەدێوانە ٦٧. عارەبۆک ٦٨. لەزاگە ٦٩. پونگینە ٧٠. دینگاوە ٧١. برایم باول ٧٢. تەل مەتەر٧٣. گردگلێخە ٧٤. خەندەقی گەورە ٧٥ خەندەقی گچکە ٧٦. خازر ٧٧. باشتەپە ٧٨. عەنیزۆ ٧٩. کەندی بەکرە ٨٠. گردی ڕەوە٨١. جوکوژ ، ٨٢. خەرابەسیاو ٨٣. لاسۆر.

## • ناوی گوندەکانی ناحیەی گوێڕ(٥)




گوێڕ ناحیەکە سەر بەقەزای مەخموورە ، پێشتر لەساڵی ١٩٠٠ عوسمانییەکان قشلەیەکییان لێکرد و کردیانە ئاوەدانی . لەساڵی ١٩٢٧ کراوەتە ناحیە تاساڵی ١٩٩٦ سەربە پارێزگای هەولێربووە ، ئێستا

خراوەتـە سـەر پارێـزگای نەینـەوا، لەباكـوور شـاری هەولێـر لەرۆژهـەڵات ناحیـەی شـەمامک و کەندێنـاوە ، لەخـواروو مەخمـوور ، لەرۆژئـاوا زێـی گـەورە .لەسـەرژمێری سـاڵی ١٩٥٧ گوێـڕ ٤٩ گونـدی هەبـووە و ژمـارەی دانیشـتوانی ١٣٩١١ کەس بووە ، هەندێک لەو گوندانە عەرەبن و هەندێکیش تێکەڵـی کـورد و عەرەبـن ، زۆربەشـی کـوردن ، نـاوی گونـدەکان:

١- زمـارەی جاسـم ٢ـ زمـارەی عەبدوڵـڵا ٣ـ خالنـدە ٤ـ ئەبوشـیتە ٥ـ مەتـراد شـەرابی ، ٦ـ گامێـش تەپـە ٧ـ سـەیدەئەمین ٨ـ کوشـافی سـەروو ٩ـ کوشـافی خـواروو ١٠ـ سـاقییە١١ـ کـەور ١٢ـ کڵاوڕەش ١٣ـ چێرەبەشـەی بەرمـاغ ١٤ـ گعێتل ١٥ـ بیرەکەپران ١٦ـ سفەییە ١٧ـ مەتراد سارەلوو ١٨ـ زمارەی سمیس ١٩ـ سێ چاڵە (زمارەی سابیری) ٢٠ـ دەرماناوە٢١ـ عەلی مـەلاداود ٢٢ـ تـەڕاش ٢٣ـ شـەرایح ٢٤ـ مەچلوبـە ٢٥ـ ئەبوجـەردە ٢٦ـ حەویجکە ٢٧ـ پێمەرەبڕ ٢٨ـ عەباسییە ٢٩ـ قادریە ٣٠ـ زمارەی سابیری ٣١ـ قەڵاتەسۆران ٣٢ـزاگە ٣٣ـ چادرۆک ٣٤ـ هەوێرە ٣٥ـ زەمزەمۆکی عەرەبان ٣٦ـ ام مرکیبـە ٣٧ـ کەبـەران ٣٨ـ تەلەرخێمـی گـەورە ٣٩ـ شەمشـوولە ٤٠ـ دهێمات ٤١ـ شامامەر ٤٢ـ سەعداوە ٤٣ـ ماجیداوە٤٤ـ زەمزەمۆکی کوردان ٤٥ـ میل عبدالکریم ٤٦ـ قـاوخ ٤٧ـ عەوێنـە ٤٨ـ نۆغـەران ٤٩ـ تەرجـان .





## • ناوی گوندەکانی ناحیەی کەندێناوە(٦)

کەندێناوە ئەودەشتە فراوان و بەپیتەیە دەکەوێتە نێوان هەردوو زێی گەورە و گچکە، لەباکوور زوورگی زوورگەزراو و لەباشوور چیای قەرەچوغ لەباوەشی گرتووە. ٤٢ کم لەخوار شاری هەولێرە و ٢٨ کم لە باکووری شاری مەخموورە چەقی ناحیەکە شارۆچکەی دیبەگەیە و هەر بە ناحیەی کەندێناوە بەفەرمی کراوە. تائێستا باشترین و پشت پێبەستووترین سەرژمێری لەعێراقدا سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ لەو سەرژمێرییەدا کەندێناوە ٧١ گوندی لێ بووە و هەمووی سەر بە ناحیەی (کەندێناوە)دیبەگە بوونە، بەڵام دوای لەساڵی ١٩٧٦ حکومەتی بەعس ٢٨ گوندی لێ دابڕاند و خستیە سەر دوبز دوبزیش سەر بەکەرکوکە و عەرەبی کۆچەری (بەدو)ی تێدا نیشتەجێ کرد، دوای روخانی سەدام عەرەبەکان رۆیشتن و کورد چۆوە ناوچەکەی، بەڵام ئێستا جارێکی تر عەرەبەکان داوای زەوی و زارەکان دەکەن و دەیانەوێ گوندەکان

داگیربکەنەوە.لەسـەرژمێری سـاڵی ١٩٥٧ژمـارەی دانیشـتوانی کەندێنـاوە ١٧٩٠٥ کـەس بـووە، گوندەکانیـش بریتـی بـوون لـە:

١ـ بیرەبـات ٢ـ جاسـتان ٣ـ دەربەنـدی گـۆم ٤ـ سەربەشـاخ ٥ـ دەربەنـدی سارەلوو، ٦ـ عەولافات ٧ـ پەڕکانە ٨ـ خەرابە ٩ـ گابەرەکە ١٠ـ دڕکەی گەورە ١١ـ دڕکـەی گچکـە ١٢ـ شـەنەغە ١٣ـ چـەرت ١٤ـ تەلهەلالـە ١٥ـگەزوەشان ١٦ـ شـەعەل ١٧ـ سـێبیران ١٨ـ سـەرگەڕان ١٩ـ داودگورگە ٢٠ـ سێقوچان ٢١ـ قـوچ ٢٢ـ لهێبـان ٢٣ـ گێسـمە ٢٤ـ قەپـران ٢٥ـ کاریتـان ٢٦ـ تیکالـۆ ٢٧ـ جانـە ٢٨ـ عاڵـڵا ٢٩ـ سـلێمان بەخشـیان ٣٠ـ چەڵتـووک ٣١ـ چەغەمیـرە ٣٢ـ کەنداڵەقـەل ٣٣ـ دێمـەکار ٣٤ـ چیغلـۆک ٣٥ ـ حاجـی شـێخان ٣٦ـ خدرجیجـە ٣٧ـ لاوەر ٣٨ـ حەسـەن بلّبـاس ٣٩ـ دارەخورمـا ٤٠ـ سـۆفی سـمایل ٤١ـ دووشـیوان ٤٢ـ کۆزەپانکـە ٤٣ـ چـل هەوێـزە ٤٤ـ خورمەڵـە ٤٥ـ خەزنـە ٤٦ـ کەنـداڵ ٤٧ـ گاوەرە٤٨ـ گردەشـینە٤٩ـ گـردی گـۆم ٥٠ـ حەسـەن بـەگ ٥١ـ مەلاقـەرە ٥٢ـ ماجیـد ٥٣ سـەیدعوبێد٥٤ـ شـۆڕەزەردکە ٥٥ـ سـمایلاوەی سـەروو ٥٦ـ سـمایلاوەی خـواروو ٥٧ـ ملیهۆرتـی شـعێو ٥٨ـ ملیهۆرتـی قەرەنـی ٥٩ـ مەلاکاغـە ٦٠ـ کەپەنـک ڕەش ٦١ـ شـێخەلاس ٦٢ـ بیرەبـەرازە٦٣ـ ناسـرکوژرای ٦٤ـ کورتـان دروو ٦٥ـ شـۆڕیجە ٦٦ـ حەسـارۆک ٦٧ـ ئێدیقـوو ٦٨ـ بـەرزەوار ٦٩ـ خۆشـاو ٧٠ـ دەرمانـاو ٧١ـ سـەیدۆکان .




## • ناوی گوندەکانی سەرگەڕان: (٧)

لەساڵی ١٩٧٦ حکومەتی بەعس بە فەرمانێکی ئەنجومەنی نا شۆڕش ٢٩ گوندی لە ناحیەی کەندێناوە دابڕی لەگەڵ ١١ گوندی دیکەی کوردی ناحیەی قەراج ناوی لێنا ناحیة القدس، کە ناوەندەکەی گوندی سەرگەڕان بوو.

ئەوانیش گوندی ١- مەلحەوالی ٢- شەنەغە ٣- دەربەند سارەلوو ٤- گابەڵەکە ٥-دڕکەی گەورە ٦- دڕکەی گچکە ٧- چەرت ٨- گێسومە ٩-تەلهەلالە ١٠- گەزوەشان ١١- شەعل ١٢- کەندالّ قوتنی ١٣- سلێمان بەخشییان ١٤-داودگورگە ١٥- سەرگەڕان ١٦- غەرابە، ١٧- پەڕکانە ١٨ خەسرۆ بولاقاو ١٩- عەولافاتی ٢٠- سەربەشاخ ٢١- دەربەندی گۆمێ ٢٢- قووچ ٢٣- لهێبان ٢٤- خۆشاو ٢٥- سێقوچان ٢٦- قەپڵان ٢٧- جاستان ٢٨- قەرەبوتک ٢٩- پەڕکانیان، لەگەڵ ١١ گوندی سەربەناحیەی قەراج بوون دای بە ناحیەی قودس ١- بیرمهێدی ٢- قەڵاتە سۆری بامەندان ٣- سارداو ٤- هەمین مردی ٥- هەمزاغە ٦- دوازدەهەوار ٧- خازر ٨- چاربەردان ٩- گردی ڕەوە ١٠- گراو ١١- کەندی بەکر.

## • ناوی گوندەکانی ناحیەی خەبات [(٨)]

خەبات ساڵی ١٩٧٠ دوای بەیانی ١١ ی ئادار کراوەتە ناحیە لە ٢٠٠٤کراوە بە قەزا، کە ٢٩ گوند تۆمارکراون کە لەوانە ٣ کۆمەڵگای تێدایە، ئێستاش لە سێ ناحیە پێکهاتووە، ئەوانیش ناحیەی دارەشەکران و ڕزگاری و کەوروگۆسک.

بەگوێرەی سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ کەئەوکات خەبات ناحیە بووە، لەرووی کارگێڕییەوە ئەو گوندانەی پێوە پابەندکراوە.


١ـ قەڵاچۆغان ٢ـ سێبیران ٣ـ یارمچە ٤ـ دەلوگول ٥ـ خەزنەی حاجی سادق ٦ـ جمکە ٧ـ بنبێرز ٨ـ قەرێتاغ ٩ـ کانی قرژاڵە ٩ـ دارەبەن ١٠ـ خەرابەدراو ١٠ـ سەیدان ١١ـ گاینج ١٢ـ ئاخۆلان ١٣ـ گردەشێر ١٤ـ جدیدەی زاب ١٥ـ ساتۆر ١٦ـ کەوڕەبەن ١٧ـ چالووکی گەورە ١٨ـ چالووکی گچکە ١٩ـ مەلا عومەر ٢٠ـ چەمەدوبز ٢١ـ هەنجیرۆک ٢٢ـ تۆپزاوە ٢٣ـ گردەڕەشە ٢٤ـ کەوروگۆسک ٢٥ـ شیوەڕەش ٦ ٢ـ ئیفراز ٢٧ـ مەموندان ٢٨ـ شاخۆلان ٢٩ـ بەرحوشتر.

## • خێڵ وهۆزە کوردە دەشتەکییەکانی هەولێر


بڵباس(گونتولە، موغ بایزی، پێوە)، گەردی، دزەیی، سیان، مامەسێنی، بندیان، شێروانی، مەرزان، لەک، نانەکەلی،کەلهوڕ، هۆرمزیار، بابۆکی، خەیلانی، خۆشناو، کوردە، شوان، کارەوان، کاڕەش، فەقێ مەرکی، سنجاوی، گۆران، هەمەوەند، مەنتک، ئاکۆ، سارەیی (ساڵەیی)، زێدبەگی، سارمەمی، بامەند، گاڕەش، گەراری (گەلالی)، مەمان ،شێخانی، کۆلە، ئاری کوتکی، سوورچی، پارانی (پالانی)، ئۆمەربل، مەموندی، شێخ مەموودی، شێخ بزێنی، میران بەگی، بابان، شوانکارە، کاکەسێنی، بەرزنجی. کاکەیی، مەنمی(جاف)، ئارەمان.

---

(٨،٧،٦،٥،٤،٣،٢،١) عەبدوللا غەفور ، جوگرافیای باشووری کوردستان


قەزای مەخمور
خەبات
پارێزگای نەینەوا
قوشتەپە
سەرگەڕان
پارێزگای کەرکوک


سنوری قەزای مەخمور
گوێر
مەخمور
دیبەگە
قەراج







خريطة من العصر العصر العثماني لولاية الموصل شمالي العراق

## • دەشتەکییەکانی هەولێر لە گەشتنامەی بیانییەکان

هەرشتێک وەک بەڵگەنامە بمانەوێ لەکۆندا دەستمان بکەوێت، ئەوا دەبێ بەدوای نووسین و پەڕتووکی کۆندا بگەڕێین، لێرەدا ئەو چەند پەڕتووک و ئەرشیفانە دەخەمە بەرچاوی خوێنەر کە لە کاتی هاتنییان بۆ ناوچەی دەشتەکییەکانی هەولێر زانیارییان لەسەر تۆمارکردووە.

**١- پەڕتووکی(رحلة نيبور الى العراق في القرن الثامن عشر)**

کارستن نیپۆر کەسێکی بە ڕەچەڵەک ئەڵمانیی بووە و لەساڵی ١٧٣٣ لەدایک بووە و لەساڵی ١٨١٥ مردووە، لەساڵی ١٧٦٠ پاشای دانمارک لەگەڵ پێنج کەسی دیکە وەک نێردەیەکی زانستی ڕەوانەی دورگەی عەرەبی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کردن، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی باری کۆمەڵایەتی و مێژوویی و جوگرافی و شوێنەواری و زانستی … هەموویان لەگەشتەکە مردن، تەنها نیپۆر لەساڵی ١٧٦٧ بەسەلامەتی گەراوەتەوە دانمارک و یادەوەرییەکانی گەشتەکەی نووسیەوە.

نیپۆر لەگەشتەکە ناوی لەخۆ ناوە عەبدوڵلا لە ١٧٦٦/٣/٣ لەبەغداوە بەرەو کەرکوک هاتووە لە ١٠/٣ی هەمان ساڵ گەیشتە کەرکوک لە ١٢/٣ گەیشتە پردێ (ئاڵتون کۆپری) دوایی بەرەو کۆیە چووە، ئەو قسانەی نیپۆر لەسەر کوردستان و دەشتی هەولێر کردوویەتی دەتوانیین لەم خاڵانەدا کۆی بکەینەوە؛

١. لەسەردەمی هاتنی ئەو بۆ باشووری کوردستان سێ دەسەڵاتی کوردی لەناوچەکە دیتووە، یەکەم قەڵاچولان ئەو کات هێشتا شاری سلێمانی دروست نەکرابوو، دووەم کۆیە، سێیەم ئامێدی .

٢. پردێ و هەولێر ئەوکاتی سەر بە بەغدابوونە، دەڵێ چەند ساڵێک پێش هاتنی من هەردووکییان (پردێ و هەولێر سەر بە کۆیسنجاق بوونە). کارگێڕی پردێ و هەولێر لەلایەن کوردەوە بەڕێوەبراوە.

٣ـ کە لە پردێ بووە بەرەو کۆیە چووە چیای قەرەچوغی لەدوورەوە کەوتۆتە بەرچاو خەڵکەکە پێیان گوتووە ئەو چیایەی کەوتۆتە رۆژئاوا ناوی (قەرەچوقە)، پاشماوەی گوند و شاری زۆری تێدایە، خەڵکەکەی هیچ گوێ نادەنە دەسەڵاتی تورکان و بۆ گەڕیدان باش نییە بچن بۆ ئەوێ جێگای مەترسیە .

٤ـ گوندی قوشتەپە گردێکی بچووکە و پێشی دەگوترێت (خان عادلە) چونکە کچی ئەحمەد پاشا خانەکی لەو شوێنە دانا بۆ ڕێبواران، زەوییەکانی دەوروپشتی بەپیت و بەرەکەتە بۆ کشتوکاڵ،هەروەها دەڵێت چەند ساڵێک پێش ئێستا ( مەبەستی ساڵانی سەرەتای ١٧٣٠ ئەو کاتە قوشتەپە و دەشتەکە شوێنێکی چۆڵ بووە لە دانیشتوان، ئاوەدانی گوندی لێ نەبووە، تەنها کوردەکان لەوەرزەکانی زستان و بەهار وەک مەڕدار ڕەشماڵییان لێ هەڵداوە، بەڵام ئەحمەد پاشا والی بەغدا بڕیاری دا بیرێکی ئاو لەشوێنی قوشتەپە لێ بدات و خانێک دروست بکات بۆ حەسانەوەی پۆستەچی و نێردراوەکانی، کچەکەشی عادیلەخان، موسافیرخانەکی (هوتێل)ی دروست کرد، هەروەها ئەحمەد پاشا فەرمانی دەرکرد بەپێدانی پارچە زەوی بە جووتیارانی ئەو ناوچەیە بە مەرجێک خانوو بکات و زەوییەکان بکێڵێ و بکاتە کشتوکاڵ، بەو شێوەیە قوشتەپە و دەوروپشتی ئاوەدان بۆوە.

٥ـ لەهەولێرەوە بەرەو موسڵ چووە لەزێی گەورە بە کەڵەک پەڕیوەتەوە، ئەو بەری زێ گوندێک هەبووە ناوی عەبدولعەزیز بووە، هەموو ناوچەکە ئێزدی بوونە وەسفی ئاینی ئێزدی دەکات تا نزیک کەرمەلێس هەمووی ئێزدی بوونە، دوایی چۆتە کەرمەلێس و موسڵ .

**٢ـ پەڕتووکی العشائر الكردية .**

ئەو پەرتووکە لە ئەرشیفی (دائرة الحاكم المدني بغداد) بەناوی تێبینییەکان لەسەر عەشیرەتەکانی کوردستانی خواروو (لەنێوان زێی

دیالــەوە تاکــوو زێــی گــەورە) نوســراوە لەســاڵی ١٩١٩ی زاینــی چاپکــراوە. کــە ڕاپۆڕتیکــی هەواڵگریــی بەریتانییــە کــە E. B .Son نووســیویەتی، فوئــاد حەمــە خورشــید کردوویەتــی بەکــوردی لــەو پەڕتووکــە تەنهــا باســێک لەســەر دەشــتی هەولێــر باســی خێڵــی دزەییــە کــە لــە لاپــەڕە ٤٩-٥٩ باســی دەکات دەتوانییــن ژیانــی ١٠٠ ســاڵ پێــش ئێســتای ناوچەکــە لــەو پەڕتووکــە بینایــی بکەیــن . لەپەڕتووکەکــە هەنــدێ کــەم و کورتــی زانیــاری هەیــە کــە عەشــیرەتی دزەیی دابــەش دەکات بۆ ســێ بــەش( پیــران و مامــان و گونتــولا)، کەئەوانــە لــە بنەچــەدا هەمــووی تیــرەن ســەر بــە هــۆزی بڵباســن،ئینجا هەمــوو عەشــیرەتەکانی تــری ناوچەکــەی هــەر بــە دزەیــی دانــاوە و نــاوی نەهێنــاون، وەک گــەردی و بڵبــاس و ســیان و مامەســێنی وبندیــان و ســورچی و فەقــێ مەرکــی و لــەک و.......هتــد، کــە لــە بنەچــەدا عەشــیرەتی دزەیــی نین،ســەرۆک عەشــیرەتی خۆیــان هەبــووە.

دزەییــەکان خۆیــان بــە ٤ بەرەبــاب، هەندێکیــش بــە ٥ و هەشــە بــە ٨ بەرەبابــی دادەنێــن، ئــەو ڕاپۆڕتــە (پەڕتووکــە) لەســاڵی ١٩١٩ چاپکــراوە، نووســەر دەڵێــت ٢٠ ســاڵ دەبێــت، بەڕێوەبــەری ناحیــەی قوشــتەپە پشــکی ئاغەکانــی دزەیــی بــووە، بــەڵام هیــچ یەکێکیــان نەیانتوانیــوە لەســاڵێک زیاتــر بــەردەوام بــن، چونکــە چــاوی ئیرەیــی زۆر لەســەربووە و ســەرچاوەیەکی بــاش بــووە بــۆ کۆکردنــەوەی ســامان.

نوســەر دەڵــێ: زەوییەکانــی مەخمــور و کەندێنــاوە، ناوچەیەکــی نەچێنراوبــووە و پاوانێکــی بەپیــت بــووە بــۆ خێڵــە ڕەوەنــدە شــوانکارەکانی چیــا کــە بەهــاران بــۆی دەهاتنــە خــوارەوە و هۆبــە و ڕەشــماڵییان لــێ هەڵــدەدا. هەروەهــا دەڵــێ : بایزئاغــە ٢٥ ســاڵ لەمــەو پێــش (واتــە ١٨٩٤) کراوەتــە مودیــر ناحیــە، هەولێــدا ئــەو زەوییــە پاوانانــە بکێڵــی و بیکاتــە گەنــم و جــۆ، بــەڵام تەمــەن بــواری نــەدا و ســاڵێک دوای هاتنــی بــۆ مەخمــور کۆچــی دوایــی کــرد واتــە ســاڵی(١٨٩٥)، بــەڵام

ئەزموونەکـەی لـەدوای خـۆی لەلایـەن برایماغـەی کـوڕی بـەردەوام بـوو، برایـم ئاغـە توانیـی زۆرێـک لەزەوییـەکان بەهـاوکاری جووتیـاران بکەنـە کشـتوکاڵ، زەوییەکانیـش بەپیـت و پـڕ بەرهـەم بـوون.

ئـەو ئەزموونـە وایکـرد لەماوەیەکـی کـەم جووتیارێکـی زۆر لەدوروپشـتی برایـم ئاغـە کۆببنـەوە، دەڵێـت لەمـاوەی چەنـد سـاڵێک نزیکـەی سـەد گونـد لەمەخمـوور ئـاوەدان کـراوە. نیـوەی ئـەو ژمارەیـەش لـە کەندێنـاوە ئاوادانکـراوە. ناوچەکـە پەرەپێدانێکـی کشـتوکاڵی باشـی بەخـۆوە دیـت نـەک هـەر لـەرووی کشـتوکاڵیەوە بەڵکـوو بەمەڕداریشـەوە.

لەسـەردەمی سـوڵتان عەبدولحەمیـد سـەرۆک چەکـدارە سـەربازییەکان، زەوییەکانییـان لەدەوڵـەت بەپـارە کـڕی، بەنـاوی (سـەنیە)، لێپرسـراوە سـەربازییەکانی عوسـمانی لەسـەرەتادا هیـچ خۆیـان شـێلوو نەکـرد، لـە کشـتوکاڵکردنی زەوییـەکان لەلایـەن ئاغـە و جووتیـارەکان، تـا زانییـان ئەزموونەکەیـان سـەرکەوت و زەوییـەکان بەپیتـن بـۆ کشـتوکاڵی گەنـم و جۆ، ئـەوکات ڕایانگەیاند کـە ئـەو زەوییانـە هـی دەوڵەتـن و دراون بـە ئـەوان، دەبـێ بەمـەرج کاری تێدابکـەن . لەمـەدا برایـم ئاغـە ناڕەزایـی خـۆی دەربـڕی و هەمـوو فەرمانبەرەکانـی دەوڵەتـی دەرکـرد، کەبـۆ چاودێـری بەرهـەم و وەرگرتنـی بـاج هاتبـوون، لەئەنجامـدا چەنـد شـەڕی بچـووک پەیدابـوو و برایـم ئاغـە لەگـەڵ زۆرێـک لـە ئاغـەکان ناچاربـوون شـوێنەکە جێبهێڵـن و بـەرەو چۆڵەوانیەکانـی قـەراج (بادیە)بـڕۆن، دوایـی ئاغەکانـی دزەیـی لەگـەڵ دەوڵەتـی عوسـمانی ئاشـت بوونـەوە و مەرجـی حکومەتییـان قبوڵکـرد، بـەڵام حکومەتـی سـوڵتان عەبدولحەمیـد پێگـەی بەڕێوەبـەری ناحیـەی لـێ سـتاندنەوە، لەوکاتیـەوە تەنهـا بەڕێوەبـەری ناحیـەی تورکـی دادەمەزرانـد.

نووسـەر دەڵـێ: خێڵـەکان و سـەرۆکی خێڵـەکان لەسـەر تاڵانـی شـەڕ و ڕێگرتـن لەکاروانچییـان دەژیـان، بـەڵام دەوڵـەت زۆر جـار سـزای دەدان، جـار

هەبووە شەڕی نێوان خێڵەکان کوشتاری زۆری لێ دەکەوتەوە.

نووسەر دەڵێ : جووتیارەکان لەپێش شەڕی یەکەمی جیهانی کوێرانە فەرمانی ئاغەکانییان جێبەجێ دەکرد، بەڵام ئێستا(مەبەستی ساڵی١٩١٩) جووتیارەکان باج وەکو پێشوو نادەن بە ئاغەکان،دەسەلاتی ئاغەکانیش بەرەو کزی چووە،

نووسەر دەڵێ لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی، یەکێتی خێڵە کوردییەکان بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمود هاتە کایەوە هەر لەزێی دیالەوە (سیروان)ەوە تاکوو زێی گەورە، ئەوە دەسەڵاتی ئاغەکانی کەمتر کردەوە، هەروەها جووتیاران لەوە گەیشتن کە ئاغەکان وەکوو زەمانی عوسمانی ناتوانن جووتیارەکان لە کەمکردنەوەی باج بپارێزن، بۆیە کەمتر گوێڕایەڵیان بوون،.

نووسەر دەڵێ هەریەکە لە ئەحمەد پاشا و حاجی پیرداود کە دوو سەرۆک ئاغەی دزەیی بوون، خۆیان دوورخستەوە لە بانگەوازەکەی شێخ مەحمود، بەڵام برایم ئاغە، نزیکبوونی لەهۆزە عەرەبەکان وایکرد دۆستایەتی شێخ مەحمود بکات و بەڵام بەتەواوی خۆی ساخ نەدەکردەوە.

**٣- پەڕتووکی هۆزەکانی کورد... بەشی یەکەم و دووەم..**

پەڕتووکێکە ماکس فیبەر کە بەریتانییە نووسیویەتی، دوو بەشە حوسێن جاف کردوویەتی بەکوردی، تاکە زانیاری لەسەر دەشتی هەولێر نووسیبێتی باسی هۆزی دزەیی دەکات، لێرەشدا نووسەر هەموو دانیشتوانی ناوچەکەی بە عەشیرەتی دزەیی داناوە، گەرچی جووتیارەکان لە عەشیرەتی ترن . لە لاپەڕە ٢٢-٢٣باسی هۆزی دزەیی دەکات و دەڵێت ؛ پێنج هەزار خێزانن، هۆزێکی کوردی گەورەیە،کەمێکی کۆچەرە و ئەوی دیکەی نیشتەجێیە و خەریکی ئیش و کاری کشتوکاڵییە،

لەگـەڵ هـۆزی جبـوری عەرەبیـدا بەهـۆی ژن و ژنخـوازی زۆرتێکەڵـن*.
گرانـی و قـات و قـوڕی و بـێ بارانـی بـاری ئابووریانـی شـڕکرد، سـەرەڕای
ئـەوەش کوللـە حەشـری بەکشـتوکاڵەکەیانی کـرد، ژنییـان زۆر شـۆخ
وشـەنگ و جوانـە، سـەر ئەپێچنـەوە، وەک پیـاو عەبـای ئەسـتووری ڕەش
بەسـەریانا ئـەدەن.** هیـچ جـل و بەرگێکـی ڕەنـگا و ڕەنگـم لەبەریـان دا
نـەدی بەپێچەوانـەی کوردەکانـی تر.(ژنـی جاحێڵـی دەشـتی هەولێـر هەمـوو
جلی ڕەنگاو ڕەنگییان لەبەربووە، مەگەر کەس وکاریان کوژراو مردووی
گەنجیـان هەبووبێ)ئەمانـە سـوارەی چـاک و جووتیـاری باشـیان زۆرە،
مەڵبەنـدی ئـەم هـۆزە سـوڵتان باغـە کەدەکەوێتـە دەوروبـەری (قەرەچـوغ
داغ)، لەکوردەکانـی ناوچـەی بەبەن(بابـان) .

**٤-دەشتەکییەکانی هەولێر لەساڵنامەی عوسمانییەکان**

ویلایەتەکانـی سـەر بـە خەلافەتـی عوسـمانیەکان سـالانە هەریەکەیـان بەتەنیـا
سـاڵنامەیان دەردەکرد دەربارەی هێزی سەربازی و باری ئابووری و جوگرافیا
و ..... بـۆ یەکەمجـار لەسـاڵی ١٨٩١ ویلایەتـی موسـڵ سـاڵنامەی دەرکـرد، تیایـدا
باسـی هەولێـر و دەشـتی هەولێـر دەکات .لەسـاڵی ١٨٩١ هەولێـر قەزایـەک بـووە،
سـەر بەسـنجاقی شـارەزوور (کەرکـوک) سـنجاقی کەرکوکیـش سـەربە ویلایەتـی
موسـڵ بـووە، هـەر ویلایەتەکیش ڕاسـتەوخۆ سـەر بـە ئەسـتەنبوڵ بـووە، ئـەوەی
ڕاسـتی بێ کاتـی خـۆی هەڕەمـی کارگێـڕی زەمانـی عوسـمانییەکان بـەم شـێوەیە
بـوو، پایتەخت(ئیسـتەنبول)-- ویلایـەت-- سـنجاق --- قـەزا-- ناحیـە - گونـد.
لـەو سـەردەمی دەشـتی هەولێـر لەسـێ ناحیـە پێکهاتـووە سـوڵتانیە
(مەخمـوور) و دزەیـی (قوشـتەپە) و شـەمامک(گوێڕ) (شـەمامک بارودۆخێکـی

* زانیارییەکی نادروستە،
** لەدەشـتی هەولێـر ژن عەبـای ڕەشـیان بەسـەردانەداوە، چونکـە هەمیشـە ژن لەنـاو ئیـش لەگـەڵ پیـاوەکان یـان لەماڵـەوە خزمەتیـان کـردووە.

تایبەتـی هەبووچونکـە سـەر بـە زەوییەکانـی سـوڵتانیە بـوو –سـەنیە– بـوو)، گوندەکانی قەزای هەولێر و ناحیەکانی ٣٠٠ گوند بوو، ٧٨ گوند لەدەوروبەری هەولێر بـوو، ٤٨ گونـد سـەر بـە ناحیـەی سـوڵتانیە بـووە، ٦٠ گوندیش سـەر بـە ناحیـەی دزەیـی بـووە، شـەمامکیش ١٢٢ گونـدی هەبـوو.

سـاڵنامەکەی ١٨٩١ ئامـاژە بـە بەروبوومـی کشـتوکاڵی ناوچەکـە دەدات، کـە زۆری لـێ دەچێنـرێ وەک گەنـم و جـۆ و برنـج ونیسـک و مـاش و لۆکـە و جۆرەهـا میوەجـات و سـەوزەوات، جەختیـش دەکاتـەوە لەبـەر بەپیتـی ناوچەکـە و بەرهەمـی زۆری ناوچـەی دزەیـی و شـەمامک و کەندێنـاوە و قەرەچوغ، خراوەتـە سـەر موڵکدارێتی سـوڵتان کـە دەزگایەکی تایبـەت هەبـوو هەڵـی دەسـوڕاند . ناحیـەی سـوڵتانیە بەڕێوەبەرەکـەی فـارس ئاغـە بـوو و نووسـەرەکەشـی نـاوی شـاکرەفەندی بـووە، هەروەهـا بەڕێوەبـەری ناحیـەی دزەییـش نـاوی محمـد ئاغـە قەپوچـی بـوو نووسـەرەکەش نەورەسـە فەنـدی نـاو بووە.سـاڵنامەکە ئامـاژە بـەوەدەدات کـە هەندێـک لـە دانیشـتوانی ناوچەکـە بـە ژیانـی شـوانکارەیی و کۆچـەری دەژیـن، هەندێکیشـیان نیمچـە کۆچەرییـن، لەزسـتانێ لەگوندەکانـی خۆیـان دەبـن، بەهـار و هاویـن بـەدوای لـەوەڕ دادەگەڕێـن بنەگـەی لەچیـا و بەرزاییـەکان هەڵـدەدەن لەگـەڵ ئاژەڵەکانیـان لـەدەرەوە دەبن.کۆتـا سـاڵنامەی ویلایەتـی موسـڵ سـاڵی ١٩١٢ لـە موسـڵ دەرچـووە، ئـەوکات ژمـارەی گوندەکانـی قـەراج ٨٣ گونـد بـوو ژمـارەی دانیشـتوانی ٩٨٨٨ کـەس بـووە، ویلایەتـی موسـڵ پێنـج سـاڵنامەی دەرکـردووە:

١– ساڵنامە ١٣٠٨ ک ( ١٨٩١ ز ) ٢٠٠ لاپەڕەیە

٢– ساڵنامە ١٣٠٩ ک ( ١٨٩٢ ز ) ٦٨ لاپەڕەیە

٣ـ ساڵنامە ١٣١٢ک ( ١٨٩٥ز) ٤٥٦ لاپەڕەیە.

٤ـ ساڵنامە ١٣٢٥ک ( ١٩٠٧ ز ) ٢٣٥ لاپەڕەیە.

٥ـ ساڵنامە ١٣٣٠ک ( ١٩١٢ ز ) ٢٤٠ لاپەڕەیە

### ٥ـ دەشتەکییەکانی هەولێر لەبەڵگەنامەکانی عوسمانی دا ـ بەشی یەکەم

پەڕتووکێکە لەدوو بەرگ دا، بەرگی یەکەم کۆمەڵێ نووسراوی دەوڵەتی تێدایە سەبارەت بەکاروبار و ڕووداوەکانی هەولێر لەساڵی ١٧٠٥ ـ ١٩١٢ی زاینی .بەرگی دووەمیش کۆمەڵێ نووسراوی ئەرشیفی تێدایە سەبارەت بەڕووداوەکانی دەوڵەت کە تایبەتە بەهەولێر لەساڵی ١٦٦٧- ١٩٢٠ ی زاینی .ئەو پەڕتووکە دوو بەرگییە لەلایەن زانکۆی جیهانەوە لە هەولێر چاپکراوە، ئاشتی رەحمان لەزمانی عوسمانییەوە وەریگێڕاوەتە سەر کوردی، د. نەوزاد باجگر پێشەکی بۆ نووسیوەو ئامادەی کردووە.

لە نووسراوێکی ئەرشیفەکە: ناکۆکی نێوان هۆزی بڵباس و دزەیی دەخاتە ڕوو، ئەو نوسراوە بە ڕێکەوتی ١٩ ی رەبیعی یەکەمی ساڵی ١٢٦٩ کۆچی نووسراوە کە دەکاتە ڕێکەوتی ٣١. ١٢. ١٨٥٢ زاینی، لەو کات سەید عەلی والی شارەزوور بووە و نووسیویەتی، دیارە هەولێر قەزایەک بووە سەر بە ویلایەتی شارەزوور بووە، نووسراوە ئەو دوو هۆزە لەمێژە دوژمنایەتییان هەیە، هێرشییان کردۆتە سەر یەکتر، پێشتر هەوڵ دراوە بەینییان چاکبکرێتەوە، بەڵام لەو رۆژانە هۆزی بڵباس کاتێ لە کوێستان هاتوونەتەوە بۆ خوار هەولێر بە ٤٠٠ سوارەوە هێرشییان بردۆتە سەر دوو گوندی سەر بە هۆزی دزەیی، چەند کەسێکییان کوشتووە و بریندارکردووە و تالان و بڕۆییان کردووە، ئێستاش هەواڵ ئەوەیە کەهۆزی دزەییش کۆبوونەتەوە دەیانەوێت بچن تۆڵەی خۆیان بکەنەوە و تالانییەکانییان بگێڕنەوە. لێرەدا سەرۆکی ولایەتی شارەزوور داوای هێز دەکات کە بێن پێشگری لەو شەڕە بکەن تا زیاتر گەورە نەبێت.

نووسراوی دیکە لەسەر کێشەی نێوان هۆزی دزەیی و لهێب.

بەڵگەنامەیەکی دیکە، والی موسڵ بۆ وەزارەتی ناوخۆی عوسمانی ناردووە لەسەر هەبوونی کێشە لە نێوان هۆزی دزەیی کورد و هۆزی لهێبی عەرەب لەسەر ئاقاری گوندێک ناوی شەراع و الحەمیدە، بە پێی نوسراوەکە ئەو

دوو هـۆزە لەمێـژە ناکۆکییـان لەســەر زەوی ئـەو گونـدە هەیـە، بۆیـە هـۆزی لهێبـی عـەرەب ٣٤٥ لیرەیـان بـە هـۆزی دزەیـی داوە، بـەڵام هـۆزی دزەیـی دوای رادەسـتکردن، بەهـاوکاری هـۆزی تـەی عـەرەب هێرشـییان کردۆتـە سـەر گوندەکە و ئافرەتێـک و هەشـت زەلامییـان کوشـتووە و ٩ نەفەریشـییان برینـدار کـردووە، دەســەڵاتی خۆجێـی هەولێـر هەندێـک لەدزەییەکانییـان گرتـووە و هەندێکیشـییان خسـتۆتە ژێـر چاودێـری.

لـە بەڵگەنامەیەکـی دیکـە لەلایـەن والـی شـارەزوورەوە نووسـراوە ئـەوکات سـاڵی ١٨٥٣ هەولێـر قەزایـەک بـووە سـەر بەویلایەتـی شـارەزوور بـووە، بـاس لەڕادەسـتکردنەوە و پاشـگەزبوونەوەی شـێخ هـەوار شـێخی هـۆزی تـەی عەرەبـی دەکات کەلەناوچـەی گوێڕ نیشـتەجێبوونە. بـاس لـەوە دەکات کەشـێخ هـەوار خـۆی چۆتـە لای سـەید عەلـی والـی شـارەزوور، لەقـەزای هەولێـر و بەڵێننامـەی داوە کەچیتـر سەرکێشـی بەرانبـەر بـە دەوڵەتـی عوسـمانی نـەکات. شـێخ هـەوار تـەی بەڵێننامــەی بــە شــەش خــاڵ بـۆ والـی واژۆ کـردووە، کـە ئامـاژە بـەوە دەدات کەهیـچ کـەس لەمـەو دوا لەســەر دەسـتی ئـەو زیانمەنـد نابێـت و مـل کەچـی دەوڵـەت دەبێـت.

لەهەنـدێ بەڵگەنامـەی دیکـەی ئەرشـیفی نـاوی هەنـدێ گونـدی دەشـتی هەولێـر هاتـووە، کـە ئاماژەیـە کـە لـەو مێژووانـەدا ئـەو گوندانـە ئـاوەدان بـووە.

١ـ بەڵگەنامــەی یەکــەم پیشــان دەدات کــە هەولێــر لەمێــژووی ١٧٥٤ی زاینــی ناحیــە بــووە و ســەر بەسـنجاقی شــارەزوور بــووە و وە گونـدی پیـرداود و دوزتەپـە لەســاڵی ١٧٥٤ ی زاینــی ئـاوەدان بــووە، هەروەهــا شــوینەک بەنــاوی درگــون لەدەشــتی هەولێـر ئـاوەدان بـووە .

٢ـ بەڵگەنامـەی دووەم پیشـان دەدات کە لەسـاڵی ١٨٤٨ی زاینی گونـدی پیرداود هەبووە و کەسێک بەنـاوی شـێخ پیرداود دوو کێڵگـەی ئەوقافی بەنـاوی شـێخایەتی بەڕێوەبردووە.

٣ـ بەڵگەی سێیەم، لەساڵی ١٨٥١ی زاینی گوندی دووسەرە هەبووە سەر بە هەولێر بووە و هەولێریش سەر بە ویلایەتی شارەزوور بووە.

٤ـ لە بەڵگەی چوارەم ساڵی ١٨٥٥ی زاینی گوندەکانی دۆغان و گرد عازەبان و ماستاوە ئاوەدان بوونە، گوندی تۆپزاوای نزیک کەرکووک ئەو کات سەر بەهەولێر بووە.

### ٦ـ گەشتەکەی مستەر ڕیچ بۆ کوردستان لە ساڵی ١٨٢٠

مستەر ریچیش لەگەشتەکەی بۆ باکووری میزۆپۆتامیا ساڵی ١٨٢٠ دەڵێ لە (پردێ)وە هاتمە هەولێر عەشیرەتی دزەیی لەدەشتی هەولێر بوون نزیک قوشتەپە مەڵبەندییان لە گوندی گردلانکە بووە،ئەو کات فارس ئاغە سەرۆکایەتی کردوون.

### ٧ـ دەشتەکییەکانی هەولێر لەپەڕتووکی دووساڵ لە کوردستان

نووسەر لە پەڕتووکی دووساڵ لەکوردستان کە لەنووسینی دەبلیو. ئار .هی حاکمی سیاسی هەولێری سەردەمی داگیرکاری بەریتانیایە لەنێوان ساڵی ١٩١٨-١٩٢٠ . وەرگێڕانی بۆ کوردی لوقمان باپیرە. لە ٣-١١-١٩١٨گەیشتۆتە ناحیەی پردێ، لە ١٠-١١-١٩١٨ گەیشتۆتە هەولێر، لە٢١-٢-١٩١٩ گەڕاوەتەوە بەریتانیا، لەکۆتایی حوزەیرانی ١٩١٩ گەڕاوەتەوە هەولێر، ئەوکات هەولێر قەزایەک بووە سەر بە ویلایەتی موسڵ.

لەرۆژی ١-١١-١٩١٩ هەولێر کراوەتە لیوایەکی سەربەخۆ و ڕەواندوز و کۆیە و ڕانیەی خراوەتە سەری، جگە لە شەقڵاوە و مەخمور، نووسەر نووسیویەتی : چیای قەرەچوغ ٢٨٠٠پێ لەئاستی ڕووی دەریا بەرزە لەدەرکی بازاڕگەوە دەبتە دووبەش، بەشی هەرەگەورەی دەکەوێت لای باشوور، سەری چیاکە لەهەردوولا سەخت و ڕەقە، بێ ئاوە، تەنها چەند سەرچاوەیەکی گۆگردی لێ هەیە، دارو درەختی نییە (کەمە)

دەگێڕنــەوە ســەدەیەک پێــش ئێســتا (واتــە لەســەرەتای چەرخــی نــۆزدە) پێــش بڵاوبوونــەوەی کۆچــەرە کــوردەکان لەســەر لووتکەکانــی دارودەوەنێکــی زۆری لــێ بــووە، لەبەهــار گیــا گەشــەی دەکات و لەکۆتایــی نیســان زەرد و وشــک دەبێــت.

ئــەو دەشــتەی دەکەوێتــە باکــووری چیــای قەرەچــوغ بەهــۆی چۆمێکــەوە دەبێتــە دووبــەش، بەشــی باکــووری ئاوەکــەی دەڕژێنتــە زێــی گــەورە و پێــی دەڵێــن شــەمامک، بەشــی باشــووریش ئاوەکــەی دەڕژێنتــە زێــی گچکــە پێــی دەڵێــن کەندیناوە. (لەراســتیدا کەندێنــاوە ئــەو دەشــتەیە کــە دەکەوێتــە نێــوان چیــای قەرەچــوغ و زوورگــی زوورگــەزراو، ئەویــش کەندێــک بەنــاوی دادەڕوات و لای رۆژهەڵاتــی ئاوەکــەی بەئاراســتەی زێــی گچکــە دەڕوات و لای ڕۆژئــاوای بەئاراســتەی زێــی گــەورە دادەڕوات) .

شــەمامک بەگشــتی شــێوەیەکی نیمچــە بازنەیــی هەیە،دەکەوێتــە ســەرلێواری رۆژهەڵاتــی زێــی گــەورە، ئــەو دەشــتە بەدایــم بەپیتتریــن و بەپڕتریــن دانیشــتوانی هەولێــرە، زەوییەکــەی بــەرز و نزمــی هەیــە و بیــری ئــاوی زۆر تێدایــە و ئــاوی شــیرینە.

کەندێنــاوە رووبــەرە زەوییەکــە، پانــی ١٥میــل و درێــژی ٣٠میلــە، دەکەوێتــە نێــوان قەرەچــوغ و زوورگــەزراو، وەک شــەمامک بەپیتــە، بــاران زۆر لێــی نابارێــت و کوللــەش زۆرجــار زیانــی لــێ دەدات، ئــاو لەچەنــد کانییەکــی دەگمــەن هەڵدەهێنجــرێ، ســوێر و شــۆڕە . کەندێنــاوە بەرهەمــی بەرێــژەی یــەک و دەیــە.

زوورگــەزراو زنجیــرە گردێکــی نــزم و تیــژە، کەندێنــاوە و دەشــتی هەولێــر لێــک جوادادەکاتــەوە (مەبەســتی دەشــتی شــەمامک و موڵکیەیــە) رووبەرێکــی گەورەیــە، ٥٠میــل درێــژ دەبــێ، لەزێــی گــەورە بــۆ گچکــە .کەندێنــاوە بــەر لەشــەڕی یەکەمــی جیهانــی خەڵکێکــی زۆری لــێ بــووە، بــەڵام لەســاڵی

١٩١٨زۆربـەی خەڵکەکـەی لەناوچـوون بەهـۆی نەخۆشـی ئەنفلوەنـزای ئیسـپانی، ئـەوەی مایـەوەش، زۆریـان کۆچییـان کـرد بـۆ شـوێنی دیکـە.

دەشـتی هەولێـر (مولكیـە) كاریـزی زۆرە، بیـری لەقوڵـی ٣٠-٤٠ م دەبـێ، ئاویشـی شـیرینە .ئـاوی بەسـتۆرە ڕێـڕەوی ئاوێکـی فراوانـە دەڕژێتـە زێـی گـەورە چەمێکـە لەبەهـاران هـاژە دەکات و زسـتان و هاویـن بچـووک دەبێتـەو و پایـزان ئـاوی تێـدا نامێنـێ.

چیـای قەرەچـوغ و زوورگـەزراو پێکهاتـوون لـە تێکەڵەیەکـی کەسـتەکی وتاشـە لمـی، گەچـی زۆر هەیـە و بۆراکیشـی لێیـە، لەهەنـدێ شـوێن گێچەکـە ڕەق بووەتـەوە بۆتـە مەڕمـەڕی دڕ،لـەڕووی کانزاییـەوە هـەژارە، پتـرۆل لەهـەردووﻻی زێـی گـەورە هەڵدەقوڵـێ .

لەسـەردەمی عەباسـییەکان ٣٦٥ کاریـز لەدەشـتی هەولێـر هەبـووە، ڕێـگای نێـوان هەولێـر پـردێ، پـڕی بـووە لـە بـاغ و بێسـتان کەباڵنـدە لەدارێکـەوە پـازی داوە بـۆ دارێکـی دیکە،ئێستا(سـاڵی ١٩١٩) ٦٠ کاریـز مـاون، بـەرزی پلـەی گەرمـا تـا ٤٣ س و ڕادەی باریـن بـاران ٢٠٤-٣٥٥ ملمـە .لەشـوباتی ١٩٢٠یـازدە ڕۆژ بەفـر بەبەردەوامـی بـاری، لەسـاڵی ١٩١٦ چـل ڕۆژ بەفـر لـە سـەریەک باریـوە و ئـاوی رووبـار وسـەرچاوەکان بەسـتوویەتی و بەسـاڵی بەفـرە زۆرەکـە ناسـراوە، مانگـی ٦-٧گەرمە،بـەس بێزارکـەر نییـە، لـە نیـوەی مانگـی تەمـوز تـا نیـوەی ئـاب هەسـت بەگەرمایەکـی زۆر دەکـەی، بـای ڕۆژهـەڵات گـڕەی دێ، لـەدوای نیـوەی یەکەمـی مانگـی ئـاب هەسـت بەفێنکـی ئـاو و هـەوا دەکـەی، ڕێگایەکـی هاتووچـۆ هەیـە لەپـردێ وە دێتـە دیبەگـە و دەڕوات بـۆ گوێـڕ.

لـە١٩١٨/١١/١٣ دەبلیـو ئـاڕ هـی حاکمـی هەولێـر هاتۆتـە پـردێ لەپردێـش هاتۆتـە دیبەگـە، بەڕێـگای گونـدی قرشـاغلو داهاتـووە، کـە گونـدی ئەحمـەد پاشـای دزەیـی بـوو و نووسـەردەڵێ: ئەحمـەد پاشـا بەخـۆی لـە گونـد

نەبــوو، بــەڵام یــەک کــەس ئــاوی خواردنەوەشــی نەدامــێ، کــە ئــەوە دوور بــوو لــەداب و نەریتــی گونــدی کــوردی، دەشــڵێ کاتــێ بەدەشــتی هەولێــر دا دەرۆیشــتم دەنگــی تەقــەم دەهاتــە گــوێ، ڕەنگــە کــوردەکان خۆیــان پێــوە ســەرقاڵکردبێ، چونکــە ئــەوان لەهەمــوو خەڵــک پتــر حەزییــان لــە بەفیرۆدانــی فیشــەکە ئەگــەر زۆرییــان هەبــێ، لەوێــش هاتۆتــە دیبەگــە، دیتویەتــی (نەقیــب ماریــۆس) و دەســتەکەی شــوێنی خۆیــان گرتــووە، نانــی لەگــەڵ ڕەســول ئاغــەی دیبەگــەی خــواردووە، کــە لەهــەر چــوار ســەرۆکە دزەییەکــە کەمتــر بەناوبانــگ بــووە، دەشــڵێ ڕەســول ئاغــە نــەرم و نیانییەکــی زۆری لەگــەڵ نوانــدم، پیاوێکــی کەتەیــە و کەلەشــێکی گــەورەی هەیــە، خــاوەن ڕەوشــتێکی هــار و هاجــە.....، بــەڵام تــا ڕادەیــەک خوێنــدەوارە، حاڵیشــی بــاش نەبــووە لەچــاو ئاغەکانــی دیکــە.

نووســەر دەڵــێ ئاغــەی دزەییــەکان وەک ئەحمــەد پاشــا و هــی تریــش لەلایــەن کەســانێکی ســەر بەعوســمانییەکان هــان دەدران کــە شــۆڕش بکــەن دژی ئینگلیــز، هەڕەشەشــییان لێکردبــوون ئەگــەر بێنەوە(واتــە عوســمانییەکان) بێنــەوە ســەر حوکــم یــان دووریــان دەخەنــەوە لــە ناوچەکــە یــان لەســێدارەیان دەدەن. لــەم ترســە زۆربــەی فەرمانبەرانــی حکومــەت لــە ناوچــەی ژێردەســتی ئاغەکانــی دزەیــی پۆســتەکانییان بەجێهێشــت.

ئــەو کەســانەی لەنــاو شــار دژی ئینگلیــز ئیشــیان دەکــرد و ترســیان لەنــاو خەڵــک بــڵاو دەکــردەوە ڕەشــیدئاغە و عەتاوڵاغــەی کــوڕی بــوو، لەگــەڵ عەلــی پاشــا و حاجــی ســەعید ئاغــەش. لــە١٠-٧-١٩١٩ لەگــەڵ ئەنــوەرە فەنــدی کەفەرمانبەرێکــی حکومــی بــوو چۆتــە گونــدی مێرغــوزار، لــەوێ حاجــی پیــرداود ئاغــەی دزەیــی دیتووە.لەگــەڵ هــەر چــوار ســەرۆکی ئاغەکانــی دزەیــی کۆبۆتــەوە،

نووســەر زۆر وەســفی برایــم ئاغــە دەکات وەک کەســێکی لێهاتــوو و دەڵــێ

کەبینیم تەمەنی ٧٠ساڵ دەبوو(١٩١٩) موشیرئاغەی کوڕی تەمەن ٢٠ ساڵ بووە، بەدرێژایی ٣٧ ساڵ و لەسەردەمی بابی سەرکردایەتی دەستەیەک لەکوردەکانی دەکرد، لە مەخموور و قەراج، شەڕی عارەبی شەمەری کرد و دواتریش تورکەکان و ئینجا شەڕی ناوخۆیی دزەییەکان کەکوڕە نۆبەرەکەی لەدەست دا.برایم ئاغە خاوەنی ٣٠ گوند دەبوو.

کێشە هەبووە لەنێوان حکومەت لە هەولێر و مەخموور لەگەڵ ئاغەکانی دزەیی لەسەر خەملاندنی بەرهەمی گەنم و جۆ، نووسەر هەوڵی داوە ئاغەکان ڕێگای نەرم بگرن بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ یاریدەدەری حاکمی هەولێر .نووسەر وەک حاکمی سیاسی ئاغەکانی دزەیی سزاداوە، بە لێسەندنی ٢٠٠ تفەنگ و ١٥٠٠لیرەی عوسمانی، چونکە لەکاتی بۆشایی دەسەلات باجی گەنمیان نەداوە بەدەوڵەت و لەجووتیارانیشیان ستاندبوو، زۆر دەزگای دەوڵەتیشییان تالانکردبوو.

کاتێ غرامەی سزاکەیان دا و ئینجا ڕێککەوتین کە برایم ئاغە بکرێتە بەڕێوەبەری ناحیەی مەخمور و ڕەسول ئاغە هی دیبەگە و حاجی پیرداود لە قوشتەپە، حاجی پیرداود قبوڵی نەکرد ڕەحمان ئاغەی لەجێ دانــاوە، دوایی برایم ئاغەی وەک سەرۆکی ئاغەی دزەییەکان ناساندووە.

نووسەری پەڕتووکی دووساڵ لەکوردستان (دەبلیوو .ئار.هی)، دەڵێ تا کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٩ هەولێر قەزایەک بوو سەر بە لیوای موسڵ بوو، لە ٥-١١-١٩١٩ بروسکەی بوونم بە حاکمی سیاسی لیوای نوێی هەولێرم پێگەیشت، کە بەرواری نوسراوەکە ١-١١-١٩١٩ بوو،

نووسەر کەحاکمی سیاسیش بووە دەڵێ لە سەرەتای شوباتی ١٩٢٠ سەردانی گوندی لهێبانم کرد لە کەندێناوە، بۆ یەکەمجار چاوم بە خورشید ئاغەی دزەیی برای برایم ئاغە کەوت، کەسێکی عەسکەری بنەماڵەی

برایم ئاغەی بوو، دوژمندارییان لەگەڵ بنەماڵەی ئەحمەد پاشا و حاجی پیرداودی هەبوو، ٥ کوڕی هەبوو یەکییان ناوی عەلۆ بوو تەمەنی ئەوکات ٣٠ ساڵ دەبوو، دەشڵێ لەلهێبانەوە چوومە لای برایم ئاغەی لە مەخموور، ئەو شەوی لای بووم ١٧هەمین کوڕی لەدایک بوو، بەڵام یەک تاقە کوڕی مابوو لەژیان ناوی موشیر ئاغە بوو، لەمانگی نیسان برایم ئاغە نەخۆش کەوت، لە ١٥-٦-١٩٢٠ دووبارە سەردانیم کردەوە لە ٤-٨-١٩٢٠ گیانی سپارد، ئەو ٣٧ ساڵ سەرۆکایەتی بنەماڵەکەی و شاری مەخموری کرد، سەرۆکی هەموو دزەییان بوو، دەشڵێ لە ٦-٨--١٩٢٠ لەگەڵ ئەحمەدە فەندی چووینە مەخمور، بەمەبەستی تازیە،ئاڵایەکی رەشیان لەسەر ماڵێ هەڵدابوو، نیشانەی مردن و تازیەیە.دوای مردنی برایم ئاغە، خورشیدی برای لەلایەن حاکمی سیاسی هەولێرەوە کراوەتە جێگرەوەی برایم ئاغە .

نووسەر لەسەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٩٢٠ لەهەولێر هەستی بەشلەژان کردووە، بۆیە داوای لەخورشیدئاغە کردووە هاوکاری بکات و (سمەقولی)ی بۆ بنێری کە خزمەتکارێکی ئاغە بووە و کەسێکی چالاک و سەربازی بووە، لەگەڵ پێنج چەکداری بەتوانای دیکە، چونکە لە دارودەستەی هەولێرێ دڵنیا نەبووە، نووسەر دەڵێ بنەماڵەی برایم ئاغەی دزەیی دەشتی هەولێرییان کۆنترۆڵ کردبوو .

لە٢-٩-١٩٢٠ خورشید ئاغە بە ٨٠ کەسەوە هاتنە هەولێر بۆ هاوکاری حکومەتی ئینگلیز، چونکە تادەهات عەشیرەتەکانی وەک سوورچی و خۆشناو ڕادەپەڕین دژی ئینگلیز، تەنانەت دەیانویست بێنە هەولێر و گوێڕ و مەخمور، لە١٣-٩ ی هەمان ساڵ ماڵئاوایی لەمەخمور کردوو.

ئەو کات لە هەولێر سەرۆک هۆزەکان نامەیان بەزمانی فارسی دەنووسی، لەسلێمانی بەکوردی و لەموسڵ بەعەرەبی، کەواتە لەوکاتیش

نووسـینمان ڕێکنەخرابـوو، لەسـەریەک زمـان ڕێـک نەکەوتوویـن، تەنانـەت بەزمانـی کوردیشـیان نەنووسـیوە.

ئـەوکات کوردەکانـی هەولێـر دەکـران بەدووبـەش . دانـدۆک (کەشـک خـۆر) و دۆشـاوخۆر، دانـدۆک خـۆرەکان مەبەسـتیان لـە دەشـتەکیەکانە، دۆشـاوخۆریش مەبەسـتیان لـە خۆشـناو و هـۆزە چیاییـەکان بـووە. جووتیارانـی کـورد لـەوکات لەدروێنەکـردن کڵاوێکـی لـە لبـاد دروسـتکراویان لەسـەری دەکـرد کـە لێـواری هەبـوو و ڕووی پێشـەوە کەمێـک بـەرەو خواربـووە.

ئـەوکات دیوەخانـەکان دەبوایـە سـەکۆیەکیان لەپێشـەوە هەبـێ کـە لـە قـوڕ دروسـت دەکـرا وە چارداغێکیشـیان هەبـوو کەجۆرێـک لەکەپـرە، لـە لقـی دارێکـی درەخـت بەگەڵاکانییـەوە دروسـت دەکـرا، چـوار سـتوونی هەبوو،لـە تەنیشتیشـی حەوزێکـی ئـاوی هەبووە،بـۆ هاویـن پەناگەیەکـی فێنـک بـووە، پیاوانـی گونـد تێـی کۆدەبوونـەوە، خەڵکەکـە زۆربەیـان جگـەرە خۆربوونـە، هەندێکیـان تووتنیـان لەنـاو سـەبیل دەکـرد، سـەبیلەکەش لەقـوڕ دروسـت کرابـوو، هەشـبوو دارجغـارەی هەبـوو. خوبـزە هەبـووە، بـەو کەسـانە گوتـراوە کـە خزمەتـکار ونانخـۆری ئاغـەی بوونـە.

لەشـەمامک و قـەراج ئـەو کات هەنـدێ گونـدی عەرەبـی (طـي) هەبـووە لەکەنـاری چەپـی ڕووبـاری دیجلەبوونـە، ئـەوکات جووتیارانـی کـورد گەنـم و جۆیـان بەرێـژەی زۆر چانـدووە، وەک گەنمـی ڕەشـگوڵ و قەندەهـاری، جـۆ ڕەشەشـیان چانـدووە، جەنجەڕییـان هەبـووە .

گەنـم یـەک تـا دە یـەک تـا پـازدەی کـردووە، لەسـاڵانی هـات یـەک تـا سـی و چلـی بـڕ کـردووە، برنـج یـەک وهەشـتا هەتـا یـەک و سـێ سـەدی بڕیـوە، بەرهەمـی هاوینـەی مـاش و نیسـک و نـۆک و کونجـی و پەمۆشـیان هەبووە.عەرەبـەکان لەدەوزییـێ تووتنیـان چانـدووە، کوردەکانیـش لـەدەو

زێیی زستانان توور و شێلم چەوەندەر و کەرەوز وکووزەڵە و سپیناغیان چاندووە، رەزی ترێی سپی و ڕەشیان هەبووە، درەختی توو و شاتووشیان هەبووە.

لە١-١١- ١٩١٩ کە لیوای هەولێر پێکهات قەزای کۆیەو رانیە و رواندزی خرایە سەر، جگە لە قەزای هەولێر،کەدەشتی هەولێر و دەوروبەری دەگرتەوە، واتە زۆربەی هەموو ئەو ناوچەیەی دەکەوێتە نێوان زێی گچکە و گەورە هەر لە سنوری تورکیاوە تادەگاتە ئەو شوێنەی کەزێی گچکە دەڕژێتە رووباری دیجلە.

مەخمور پێشتر ناحیە بوو و سەربەقەزای هەولێر، لەساڵی ١٩٢٧ کراوەتە قەزا و کە ناحیەی گوێڕ و کەندێناوەی خراوەتە سەر، دیبەگەش لەدوای بەقەزابوونی مەخمور واتە دوای ساڵی١٩٢٧ وەک ناحیەی کەندێناوە خراوەتە سەر قەزای مەخموور.

## ٨ـ پەڕتووکی (الاحوال الاقتصادیە، الاجتماعیە لقضاء مخمور في ثلث الاول من القرن العشرین ١٩٠٠-١٩٣٢

ئەو پەڕتووکە لەلایەن هادی حسین محسن المفرحي نووسراوە، هەرچەندە بەهەناسەیەکی شۆڤینیانە و نازانستیانە نووسراوە، بەڵام هەندێ زانیاری ئاسایی تێدایە دەڵێ لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەم ئەو کات هەولێر سەر بە بەغدا بووە، ئەحمەد پاشا والی بەغدا بڕیاری داوە ناوچەی دەشتی هەولێر ئاوەدان بکاتەوە بەتایبەتی سەرڕێگای هەولێر کەرکوک، چونکە بەسەرە ڕێگای سوڵتانیە ناسراوە، واتە ڕێگای ئەستەنبوڵ - بەغداد، بۆ ئەم مەبەستە عادلە خاتوونی کچی ئەحمەد پاشا خانێکی گەورەی لەدەشتی هەولێر لەسەر ڕێگای هەولێر۔ کەرکوک دروست کردووە بۆ حەسانەوەی کاروانچییەکان و بازرگانان، هەر بۆ

ئـەم مەبەسـتەش، ئەحمـەد پاشـا بڕیـاری داوە هـەر جووتیـارێ زەوی و زاری ئەو شوێنانە بکاتە کشتوکاڵ و لێی دابنیشێ، حکومەت دەیخاتە سەر نـاوی و پێـی دەبەخشـی، ئـەو بڕیـارە پێـش سـالێ ١٧٤٨ چونکـە ئەحمـەد پاشـا لـەو سـاڵە مـردووە. بۆیـە لەماوەیەکـی کـەم جووتیارێکـی زۆری هـۆزە کـوردە کۆچـەرەکان لـەو شـوێنانە نیشـتەجێبوون، دزەییەکانیـش لەگـەڵ عەشـیرەتەکانی تـری وەک گـەردی و سـورچی و بڵبـاس و سـیان و مامەسـێنی و بندیـان و هۆرمزیـار و لـەک و .... هەندێکییـان وازییـان لـە کۆچـەری هێنـاو نیشـتەجێبوون و دەسـتییان بەدرووسـتکردنی گونـدەکان کـرد.

هـادی حسـین لەنووسـینەکەی دەڵـێ دەشـتی هەولێـر پێشـتر لەژێـر قەڵەمـڕەوی هـۆزی تـەی (طـي) عەرەبـی دابـووە، بـەڵام هـۆزی دزەیـی بەپاڵپشـتی عەشـیرەتە کوردەکانـی تـر، لەناوچەکەیـان کشـاندوونەتەوە . دەڵێ پێشتر شەڕ و کوشتاری زۆر لەنێوان هۆزە کوردەکان و عەرەبەکانی ناوچـە ڕوویـداوە، بەتایبەتـی هـۆزی تـەی، بـەڵام دوایـی ئاشـتبوونەوەیان کـردووە و ژن و ژنخوازییـان لەنێـوان ڕوویـداوە. عەشـیرەتی تـەی بـەو دوایـە لەسـەدەی بیسـتەم بەسـەرۆکایەتی شـێخ حەنـەش بوونـە لـە هەوێـرەی نزیـک گوێـڕ دانیشـتوون، (شـێخ حەنـەش لەشۆڕشـی ئەیلـول لەسـەر ڕێـگای هەولێـر گوێـڕ لەلایـەن هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان لەکۆتایـی شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـڕدوو کـوژراوە).

**٩- پەڕتووکی (المرشد إلى موطن الآثار والحضارة) طه باقر و فوآد سفر**

تەهـا باقـر زانایەکـی شوێنەوارناسـی بەتوانـای عێـراق بـوو، گرنگـی بەمێـژووی کۆنـی میزۆپۆتامیـا و سـۆمەرییەکان داوە، خـۆی فێـرە زمانـی ئەکەدی و سۆمەری کردبوو، لەساڵی ١٩١٢ -١٩٨٤ ژیاوە، چەند پەرتوکێکی هەیـە لەسـەر مێـژوو و شـوێنەوار.

فوئـاد سـەفەر، ئەویـش زانایەکـی تـری شوێنەوارناسـی عێراقـی بـووە لـە سـاڵی ١٩١٣ ـ ١٩٧٨ ژیـاوە چەنـد پەرتووکێکـی هەیـە لەسـەر مێـژوو و شـوێنەوار، لەگـەڵ طـه باقـر پێکـەوە پەرتووکێکییـان بەنـاوی ( المرشـد إلـى مواطـن الآثـار والحضـارة (سـتة أجـزاء).) بـوو نووسـی، کەلـە گەشـتی پێنجـەم باسـی هاتنـی بـۆ هەولێـر و کوردسـتانی تێدایـە .

**کەرکووک ـ هەولێر**

لـەو گەشـتەدا کـە لەساڵی١٩٦٦نووسـیویانە،لە کەرکووکـەوە هاتـوون بـۆ هەولێـر، دەڵێـن لەکەرکـوک دەتوانیـت بەشـەمەندەفەریش بچیـت بـۆ هەولێـر، بـەڵام دیـارە ئەوانـە بـۆ زیاتـر شـارەزابوون بـە ئۆتۆمبێـل هاتـوون، ڕێـگای کۆنـی کەرکـووک ـ هەولێـر بـەم شـێوەیە بـوو کەرکـوک بـۆ دارەمـان ١٧ کـم بـووە، لەوێـوە بـۆ پـردێ ٢٩ کـم بـووە، لەوێـوە بـۆ گردمـەلا ٣٠کـم بـووە، لەوێشـەوە بـۆ هەولێـر ٢٠کـم بـووە. لەنووسـینەکان بـەوردی باسـی ڕێـگای دارەمـان و ئـەو گوندانەیـان کـردووە کـە بەرچاوییـان کەوتـووە، وەک گـۆزەی شـکاوی کۆنـی سـەردەمی پێـش زاییـن، لەدەوروپشـتی گردەکانـی وەک باشـتەپە و یارمچـە و گۆکتەپـە، لەپردێش دەڵێت دووپرد لەوبـەر و لەوبـەری شـارۆچکەکەن لەسـەر زابی گچکە شـارۆچکەکەیان وەک دورگەیەک لێکردووە، ئـەو پـردە ڕێـگای کۆنـی سـەردەمی ئەخمینییـەکان و ئەسـکەندەری مەکدۆنـی و عوسـمانییەکانە . باسـی ئـەوە دەکات کـە لەسـەردەمی ئاشـوورییەکان پـردێ بەنـاوی هەرێمـی (شـمورو) ناسـراوبووە، هەروەهـا هرتسـفێلد پـردێ بەشـوێنی ئـەو شـارە کۆنـە دەزانێـت کـە بەنـاوی شـاری کـورد (شـهر قـرد) ناودێربـووەو لەسـەردەمی پێش زاییـن ئاوەدانـی باشـی لێبـووە. ئینجـا دوایـی باسـی هەولێر و مێژووی کۆنـی هەولێر لەسـەردەمی سـۆمەری و ئاشـووری دەکات کەچەنـد شـارێکی کۆنـە. چەندییـن کارێـز و سـەرچاوەی ئـاوی لێیـە بەتایبـەت پـرۆژەی سـەنحاریب لـە قەڵەمورتکـە .

**ڕێگای گوێر:**

لـەو گەشـتەدا بەڕێگایەکـی خـۆڵاوی لەهەولێـرەوە بـۆ گوێـر چـوون کـە بـەدووری ٢ کـم و دەکەوێتـە سـەر زێـی گـەورە بـە تەنیشـت گردێـک داچوونـە بەنـاوی (کاکزۆ) کە ئێستا پێی دەڵێن گردی سـەعداوە، گردێکی شـوێنەواری کۆنــە، چەندیــن خانــوو و مــۆری تێــدا دۆزراوەتــەوە کــە بــۆ ســەردەمی ئاشـوورییەکان دەگەڕێتـەوە، پێـش ئـەوەی پـردی ئاسـکی کەڵـەک دروسـت بکرێـت ڕێـگای نێـوان هەولێـر موسـڵ بـە گوێـر دادەهـات .

**ڕێگای دیبەگە مەخموور:**

نووسـیویانە مەخمـوور دەکەوێتـە نێـوان چیـای حەمریـن و قەرەچـوغ ڕێگایەکی خۆڵاوی هەیە، کەلە هەولێر دێیت پێش ئەوەی بگەیتە مەخموور، بەنـاو دیبەگـە دادێـت کەناحیەکـە سـەر بـە مەخمـوورە، ٤٢ کـم لەهەولێـرەوە دوورە، دیبەگـە دەوڵەمەنـد و بەناوبانگـە بـەزۆری بیـری نـەوت، دوای٢٥کـم لــەدووری دیبەگــە دەگەیــە مەخمــوور پــاش ئــەوەی دەربەندێــک لەچیــای قەرەچـوغ دەبڕیـت، بەڕێوەبەرایەتـی شـوێنەواری عێراقـی لەسـاڵی ١٩٤٩ دوو شـوێنی وەک شـوێنەوار لـەو ناوچەیـە ناسـی و پشـکنینی بـۆ کـرد ئەویـش کاولـە کەنـدار و گـردی برایمـی بایزییە.دەشـڵێن لەمەخمـوورەوە دەتوانرێـت بەڕێگایەکـی خۆڵـی ئاسـایی بـەرەو شـەرگات بچیـت.

**ڕێگای ئاسکی کەلەک ـ موسل :**

ڕێـگای کۆنـی هەولێـر موسـڵ بـە گونـدی چالـووک دادەچـوو کـە ٢٤ کـم دوور بوو و دوای ١٣ کم دەگەیشتیە ئاسکی کەلـەک، دوای ١٠ کم دەگەیشتیە خـازر، دوای ١٦ کـم دەگەیشـتیە بەرتلـە، دوای ٢٢ کـم دەگەیـە موسـڵ .

### ١٠- پەڕتووکی (ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسییان تەعریب و تەهجیر و تەبعیس)

ئەو پەڕتووکە پڕ زانیاریە دەربارەی ستراتیجیەتی ئەمنی عێراقی لەساڵی ١٩٨٧ چاپکراوە و زانیارییەکان زیاتر هی سەردەمی بەعسە تا ساڵانی١٩٨٦، کاک ئەمین قادر مینە نووسیویەتی، کە پێشتر بە ناوی چیا نووسیویەتی، پڕە لە خشتە و زانیاری مەیدانی . من لێرەدا ئەو زانیارییانەم وەرگرتووە کە پەیوەستن بە ناوچەی دەشتی هەولێر لەقەراجەوە بیگرە تادێتە کەندێناوە و شەمامک و موڵکیە و پشت ڕێ و بەڕانەتی . بەتایبەتی کەندێناوە و قەراج زیاد لە جارێک گوندەکانیان سووتاوە و بەعەرەبکراوە و ڕاگوێزراون.

لەم پەڕتووکە ناوی ئەو گوندانەی کەندێناوە(دیبەگە)ی تێدایە کە لە هەرای حەرەس قەومییان سووتێنران و دوایی عەرەبی بەدووی لێ نیشتەجێکرا. لەساڵی ١٩٦٣ دە گوند لەکەندێناوە کەئێستا سەر بەناحیەی سەرگەڕانن عەرەبی جبوری (ڕاستییەکەی عەشیرەتی شەمەر هاتن کە شێخەکەیان ناوی حەواس بوو لە تیرەی سەدید بوو)تێدا بەعەرەبنشینکرا، لەساڵی ١٩٧٦ هەر هەمان ئەو گوندانەی عەرەب نشین کردەوەو خستیە سەر کەرکوک. لەساڵی١٩٧٦ یش ٢٩ گوندی سەر بەناحیەی دیبەگەی دابڕی و ١١ گوندیشی لەناحیەی قەراج دابڕی و ناحیەیەکی نوێی دروست کرد بەناوی ناحیەی قودس(سەرگەڕان) و خستیە سەر قەزای دوبزی پارێزگای تەئمیم (کەرکوک).

### ١١- پەرتووکی (جغرافیة العراق الحدیث)

پەڕتووکێکە لەساڵی ١٩٢٤ چاپکراوە لەنووسینی (هاشم السعدي)یە وەزارەتی مەعارفی عێراقی ئەوکات (وەزارەتی پەروەردە) بڕیاری داوە لە قۆناغی دواناوەندی و خانەی مامۆستایان وەک بابەتی جوگرافیا بخوێندرێت. ئەو پەرتووکە هی سەرەتای دامەزراندن و پێکهاتنی دەوڵەتی عێراقە، نووسەرەکە

زۆربەی ڕاستیەکانی ئەو سەردەمی نووسیوە، کە هێشتا بیری ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەعێراق وا پێ نەگەیی بوو. لەم پەڕتووکە باسی هەولێرو دەشتی هەولێر دەکات کە هەولێر سێزدەهەمین لیوای عێراقە لەچوار قەزا پێکهاتووە، قەزای هەولێر و رواندز و کۆیە و ڕانیە . قەزای هەولێر لە چوار ناحیە پێکهاتووە ناحیەی شەقڵاوە و قوشتەپە و مەخموور و گوێڕ.ژمارەی دانیشتوانی ١١٠٠٠ کەس دەبێت، ٣٥ کارێزی تێدابووە .

## ١٢- پەڕتووکی مێژووی میرانی سۆران

لە پەڕتووکی مێژووی میرانی سۆرانی حوسێن حوزنی موکریانی نوسراوە کە لەشکری میر محەمەدی پاشای رەواندوز لەشکری هێناوەتە هەولێر و دەشتی کەندێناوە، خستوویەتییە ژێر دەسەڵاتی خۆی .کەمیر محەمەد دێری و هەریری گرت، دوای ئەوە بەرەو هەولێر هات،حوسێن حوزنی نووسیویەتی {لەگەورە عولەمایانی هەولێر مەلا عوسمان و مەلا ڕەسول و ئاغا و ئەعیانی شار یەعقوب ئاغا کۆبوونەوە و هەموو گەورە و عولەماکانی هەولێرییان بۆ پرسیار و یێکەتی، کردنە هاودەنگ بەهۆگری وەڵامییاندا بە میر و بۆ هاتنە هەولێرییان ناردە دووی، میری گەورە بە دابودەستگایەوە هەستا و چووە هەولێر، بەڵام زۆر بە دژواری قەڵای گرت، خدربەگی کوڕی بایزبەگ کەخەزوورزای بوو کردیە حاکمی هەولێر، رۆژی ٢٠ی ڕەمەزانی ئەوساڵە (١٢٣٨) هەولێری کەوتە دەست کەدەکاتە ١٨٢٣/٥/٣١ زاین. میر محەمەد کە دامو دەزگای خۆی دامەزراند لەگەڵ عەشیرەتی دزەیی پەیوەندی کرد و زۆرێکییان هاتنە ژێر دەسەڵاتی، بەڵام هەندێک لە عەشیرەتی دزەیی و عەرەبی تەی سەرییان بۆ نەچەماند و عەرەبەکان هەرەشەشییان لێکرد}.

حوسێن حوزنی نووسیویەتی {رۆژی ١٥ی زولحیجە ی ساڵی ١٢٣٨ (کەدەکاتە ١٨٢٣/٨/٢٣) میر لەشکرێکی پێکەوە ناو لەژێر فەرمانی ڕەسول

بەگی برای خۆیدا ناردیە سەر دزەیی و عارەبان و لەدێی کەندێناوە، بەرانبەر یەکتر ڕاوەستان، لەدوای شەڕو کوشتارێکی قورس تەنگە بە ڕەسول بەگ هەڵچنرا.} رەسول بەگ بە حاڵێکی ناخۆش قورتاری بوو .

حوسێن حوزنی نووسیویەتی (میر بەوە کە ڕەسول بەگ بە شکاوی گەڕاوە زۆر ڕەنجیدەو دڵتەنگ بوو، لەشکرێکی دیکەی دووبارە کۆکردەوە، لەژێر فەرمانی ڕەسول بەگ ناردیە سەرییان، لەدوای شەڕ و کوشتار شێخ حەمودی ڕەئیسی عەرەبییان گرت و ناردیانە هەولێر، و کوردەکان سەرکەوتن، هەموو عەشایێری ئەو دەوروپشتەی خستە ژێر فەرمانییەوە و گەڕاوە هەولێر لە مانگی جەمادی دوو دا گەیشتەوە لای میر کەدەکاتە (مانگی شەشی ١٨٢٤).

حوسێن حوزنی نووسیویەتی {رۆژی ١٠ی مانگی ڕەجەب ١٢٣٩ کەدەکاتە ١٨٢٤/٣/١١ ڕەسول بەگ چووە سەر پردێ و گرتی و لە ٢٠ ی مانگدا کاروباری تێدا دامەزراند، عەودێ کاکەڕەشی کردە حاکمی پردێ و لەدوایین رۆژی مانگدا گەڕاوە هەولێر}.

(میری گەورە .... لەدوامینی ئەو ساڵەدا لەسەر چۆمی دێرە، بڕووشە، لەدوین، هەولێر، بانەمان، قوشتەپە، پردێ لەچەند جێگایەکی تر قەلای زۆر سەخت و بڵندی دروستکردن، لەنزیک ڕێی پردی قەلایەکی دامەزراند، هەولێر و پردێی بەقەلا توند کرد.سنوور و تخوبی لەزێی گوێڕەوە هەتا زێی پردی و بەرەوخوارەوەش هەتا نزیک چیاکانی خستە دەست. )

مێژوونووس حوسێن موکریانی نووسیویەتی { لەمانگی سەفەری ساڵی ١٢٤٣ هەستا چووە سەرکۆیێ رۆژی یەکی مانگی ڕەبیعی یەکەم (١٠/ ١٨٢٧)گەیشتە نێو کۆیێ، وەتمان بەگی ئامۆزای خۆی کردە حاکم و لەسەری دانا، عولەما و ئاغایانی کۆییەی بەخەلات و بەرات شادکردن، گەورەی گەردییان عەباس ئاغا و سەرۆکی دزەییان قەرەنی ئاغای خەلاتکردن بەکەیف وشادمانییەوە ناردنیەوە}.

## • ڕووداو و سەربردەکانی ناوچەکە

### ١- شەڕی هۆزی بڵباس و دزەییان

نووسینی مێژوو جۆرەها ڕووداو و کارەساتی تێدایە، کە نووسەردەستی بۆ دەبات و دەیان نووسێتەوە، لەهەندێ حاڵەتدا مەبەستی زیندووکردنەوە و خوێ بەبرینە قەتماغەکراوەکان دا نیە،بەڵکوو تەنها مێژووەکە و ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە کە کاتی خۆی ڕوویان داوە، بۆیە من لێرەدا کە ڕووداوەکان و گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی ناوچەی دەشتی هەولێر دەنووسمەوە،لەو نووسینانەدا هیچ مەبەستم زیندووکردنەوەی شەڕوشۆڕ و ڕووداوە نەخوازراو و شکۆشکاندنی هیچ لایەک نییە و فەزلکردنی هیچ هۆزێک بەسەر هۆزێکی دیکە دا نییە، بەڵکوو تەنها هەوڵ دەدەم مێژووەکە وەک خۆی بنووسرێتەوە،هیوادارم کەس بە هەستیاریەوە نەڕوانێتە بابەتەکان .

لەسەرەتای سەدەی نۆزدە ناکۆکی و ململانێ لەنێوان میرنشینە کوردییەکان لەکوردستانی باشوور لەوپەڕی توندی دابووە،بەتایبەت لەسەردەمی پاشای گەورەی سۆران . نێوان هەردوو زێی گەورە و گچکە لەژێر قەڵەمڕەوی میرنشینی سۆران بووە، ناوچەکانی کەرکوک و سلێمانیش لەژێر دەسەلاتی میرنشینی بابانەکان بووە، ئەوکات هۆزی بڵباس بەسەرۆکایەتی مامەند ئاغە، لەدەشتی هەولێر کۆمەڵێ گوند و ناوچەیان لەدەست دا بووە هەتا گوندەکانی بن چیای قەرەچوغ بەلای رۆژهەلاتیەوە، بڵباسەکان سەر بە میرنشینی بابان بوونە، لەهەمان کات دەشتی هەولێر تا زێی گەورە و قەرەچوغ بەڕۆژئاوایەوە، زیاتر هۆزی دزەیی زەوی و زارەکانییان لەبەردەست دابووە مەڵبەندی ئاغەکانی دزەیی گوندی گرد مەلا و قوشتەپەبووە، ململانێ لەسەر زەوی و پاوان و پەیوەندی هەریەکەیان لەگەڵ دوو میرنشینی ڕکابەر لەگەڵ یەک، وای کردبوو جار جار شەڕ و ئاژاوە لەنێوانییان ڕووبدات. ئەو ڕووداوەش کە ئێستا لەسەر زاری مام

پیـرداودی کێخـوا سـمایلی خدرجیجـەی بندیـان دەگێڕمـەوە هـی سـەردەمی پاشـای گەورەیـە کـە لـە نێـوان ( ١٨١٦-١٨٣٦)، کەسـاڵی ١٩٨٦ کاک کاوە نـادری بـرام لەچاوپێکەوتنێـک نووسـیویەتیەوە، یـادی بەخێـر بمێنێتـەوە مـام پیرداود کەسێکی بیرتیژ و مێژووناسـی ناوچەکە بـوو، قسـەکانی بەنووسـینی ئـەوکات پارێـزراوە.

ئـەو دەڵێـت: بڵبـاس هاتنـە سـەر قوشـتەپە، کـە ئاغـەی دزەیـی لـەوێ نیشـتەجێبوون،کاتێک بەشـەو بەسـەریان دادەدەن شـپرزەیان دەکـەن لەتـاڵان و کـوژراودا، ئاغەکانـی دزەیـی شـەڕییان بـاش نەکردبـوو، جگـە لـە کاکەخـان و مـام خولـەی نەبـی، شـەو لـە قوشـتەپە دەرچووبوون،هـەر بۆیـە گوتوویانـە: کاکەخـان ومـام خولە...ئەسـپیان کـردە پەپوولـە

کاکەخـان و مـام خولـە کـە لـە قوشـتەپە دەردەچـن، دەچنـە گوندەکانـی مرکیـە و کەندێنـاوە و قـەراج، لەهـەر گوندەکی ١-٢ زەلام بەگەڵیـان دەکەوێت، بۆیـە مامەنـد ئاغـەی بڵبـاس دەڵێت کاتێ لەشـکر هـات سـەیری تـۆزێ بکـەن، ئەگـەر تۆزەکـە باریـک بـوو ئـەوە تەنهـا دزەییـن جێـی مەترسـی نییـن، بـەڵام ئەگـەر تـۆزی زۆربـوو، ئـەوا عەرەبـن، دێـن لەشـکر دەکەنـە سـەرمان .

دوای ئـەوە مـام خولـە و کاکەخـان کـە مـام و برازابوونـە روودەکەنـە لای شـێخی عەرەبـان شـێخی عەشـیرتی تـەی (طائـي)، شـێخ دوای بەخێرهاتـن دەڵـێ (صبلهـم گهـوە) واتـە قاوەیـان بـۆ ئامـەدە بکـەن، مـاوە مـاوە قـاوەی داونەتـێ، ویسـتبووی مەشـغولییان بـکات زوو بـەرە و شـەڕەکە نەچێـت، بەڵکـوو بەدرەنگـەوە بچێت تاکـو بڵباسـەکان دەڕۆن، سـێ ڕۆژان لای شـێخی تـەی دەبن شـێخ ناچێت، ژنـی شـێخە عەرەبەکـە خـۆی دەگەیێنتـە لای کاکەخـان دەڵـێ ئەگـەر دەتـەوێ عـەرەب بێنـە هاناتـان بـڕۆ لای بابـم نـاوی بەکـرە ڕووتـە، ئەوانیـش دەچنـە لای و یەکسـەر عەرەبـی بەکـرە ڕووتـەی لەشـکری دەکـەن و دێـن کاتـێ نزیکبوونـەوەی لەشـکر لەقوشـتەپەی، بڵبـاس لەسـەر گـردی

قوشتەپەی شایی دەکەن و چاوشیان ناوی زاهیر دەلوان بووە، بەبۆنەی سەرکەوتنی بڵباسان بەسەر دزەییان زورنای لێ دەدا، بەلام کاتێ لەشکر دێ و دەچێ دەبینن ئەوا لەشکری دزەیی وعەرەبان هاتن بۆ سەریان لەو شوێنە بڵباسەکان ڕادەکەن و دەڕۆن .شەڕێک ڕوودەدات لەنێوانییان، بڵباس شڕ دەبن،چونکە دزەییەکان شارەزای ناوچەکەیان بوونە، لەکاتی شەڕ ڕادەکەن بەرە و گۆڕی غاڵداران، کە سەری گۆڕێکی ڕاست بووە، خوارەوەی نشێو و دژوار بووە، بڵباسەکان دەکەونە دوایان لەوێ زۆریان تووشی بەربوونەوەو هەڵدێران دەبن ملیان دەشکی و ئەسپییان برینندار دەبی بۆیە لەشکریان دەشکێ و شڕ دەبن .

شەڕکەرێکی بڵباس عەرەبێک دەکوژی، عەرەبەکە لەسەرەمەرگ دەڵێ (اخ یمە)، بڵباسەکە دەڵێ ئەگەر دەمزانی کوڕی یومەی نەم دەکوشتی،بەلام تۆڵەی خۆیان لەتالان و کوشتن لە بڵباسان دەکەنەوە، یەکێکی دزەیی دەکەوێتە دوو سوارەکی بڵباسان ها لەوێ هەتا دەیگاتێ سوارەکە بەسەر گردی دەکەوێت سواری دزەییەکە بەدوای دەکەوێت لەسەرگردی لێی نزیک بۆوە، سوارە بڵباسەکە لەئەسپی خۆی فڕێ دا و زورنای دەرهێنا و لە فیقەی زورنای دا، کابرای دزەیی پێکەنی و گۆتی ئەوە چییە ؟ کابرای چاوش گۆتی تائێستا ڕۆژی بڵباسان بوو زورنام بۆ لێداون، ئێستاش بووە ڕۆژی ئێوە زورنای لۆ نگۆ لێ دەدەم .ئیتر لەدوای ئەوە بڵباس دەسەلاتیان لەناوچەکە نەما.ئەو ڕووداو و شەڕانە لەسالانی ١٨٣٠ ەوە تا ساڵی ١٨٥٢ بەردەوام بووە، بەگوێرەی ئەرشیفی عوسمانییەکان.

ئەو چەند دێرە هۆنراوە فۆلکلۆرییەش لەسەر زاری خەڵک ماون و لەمام پیرداودی وەرگیراوە: لەدوای شکستی دزەییەکان و ڕۆیشتنی کاکەخان و مام خولە لۆ لای عارەبان ژنی کاکەخانی ئەو دێرە شعرەی گۆتتە ئاغەی بڵباسان:

ڕۆژ لەبورزان بێتە دەرێ .....لەشکری عارەبان بێتە سەرێ
سەد کەرە گامێشت دێخمە سەرێ
بلّباسەکەش گۆتیتی :
یاڵلا یا حاجی وسوو .... سەد بەردیل بێ خێرێ توو
عارەبە رووتەمان نێتە دوو
ئەو چەند دێرەشم لە ئافرەتێکی ناوچەکەمان وەرگرتووە:
هەی کوونجی کوونجی کوونجی ......شەرە لەسەر برنجی
بلباس هاتن بە قامچی
محمودی کاکە خانی........قەمەی بەستیە لەرانی
گرتی سەری مەیدانی........کەلەش کەتنە تەلانی
کاکە خان ومام خولە...... ئەسپیان کردە پەپولە
لە بلباسیان گرت قولە

**٢- شەڕی نێوان هۆزی گەردی و بلّباسان**

کاتی خۆی هۆزە کوردەکان زۆرجار لەسەر تخوب و ئاقاری گوند و پووش پاوان شەڕییان لەنێوان ڕوویداوە، عەشیرەتی گەردی زیاتر شوێنی دانیشتنیان باکووری هەولێر بووە بەتایبەت لە بەحرکە، بەڵام عەشیرەتی بلّباس لە رانیە و هەندێ گوندی کۆیە و دێتەوە بۆ هەندێ گوندی سەر بە قوشتەپە و دیبەگە و شەمامک، بەگوێرەی نوسراوێکی والی موسڵ لە ٤-١١-١٨٩٥ بۆ وەزارەتی ناوخۆی ناردووە، نووسیویەتی بەهۆی بوونی ناکۆکی کۆن لەنێوان ئەو دوو هۆزە لەو ڕۆژانە کاکل ئاغەی سەرۆک عەشیرەتی گەردی هێرشی کردۆتە سەر محەمەد ئاغەی هۆزی بلّباس و لەنێوانیان شەڕ دروست بووە و کوژراو بریندار هەیە، دوای شەڕەکە هەریەکەیان گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان.



## ٣. شەڕی هۆزی بندیان و عەرەبی لهێب لە زاری مام پیرداودەوە

ئەو نووسینەم تەواوی قسەکانی مام پیرداودی کێخوا سمایلی* خدرجیجەیە، لەدوو چاوپێکەوتن کەلەگەڵی ئەنجام دراوە. یەکییان لە ١١-١-١٩٨٦ لەهەولێر کاک کاوە لەگەڵی ئەنجامداوە بەنووسین پارێزراوە، ئەوی دیکە لە ٢٥-٥-٢٠١٦ خۆم لەگەڵم ئەنجام داوە بەئامادەبوونی کاک کاوە نادر و کوڕەکانی مام پیرداودی بە تۆماری دەنگی ماوە.

چاوپێکەوتنی یەکەم کە لە ١١-١-١٩٨٦ ئەنجامدراوە، مام پیرداود دەڵێ : لە سەرەتای سالآنی ١٨٠٠ عەشیرەتی دزەیی هاتوونەتە خوارێ بۆ ناوچەی دزەیی (مەبەستی دەشتی هەولێرە)، دوای ئاودانکردنەوەی دیبەگە و گوندەکان، لای چیای حەسەن بەگی (مەبەستی بەری ڕۆژئاوای قەرەچوغە، هەر لە بازاڕگەی بەلای کەنداری هەتا کوشاف و زمارەی)هی دزەییان بووە، بەڵام لای تر هەر لەبازاڕگەی بۆلای کەرکوکی هی بلباسان بووە، لەوەڕگا و پاوانێ وان بووە.

---

* مام پیرداود کوری کێخوا ئیسماعیل فەقێ عەبدوللایە ، لە سالی ١٩٣٣ لە گوندی خدرجیجەی سەربەناحیەی دیبەگە لەدایک بووە ، لەهۆزی بندیانە وکاری جووتیاری کردووە ماوەیەک چۆتە گوندی دۆمەئیدریس لە قەراج ، دووجار هاوسەرگیری کردووە، لە سالی ١٩٦٣ گوندەکەیان داگیر دەکریت لەلایەن حەرەس قەومی، ئاوارەی گوندی کاریتان دەبن ، دوای دێنە شاری هەولێر ، دوای ئازاد کردنی گوندەکان دەگەرێنەوە گوندی خدرجیجە ، لە سالی ١٩٧٨ گوندی جیهیشتووە هاتۆتەوە هەولێر گەڕەکی بەهاری کۆن خاوەنی پێنج منداڵە بەناوەکانی (سەعد و عوسمان و زرار و بەختیار و دڵدار ) لە ٢٠١٨/٣/١١ کۆچی دوای کردووە. مام پیرداود پیاوێکی تێگەیشتوو و دووربین و قسەزان بوو ، خۆشەویستی ناو خزمانی بندیان و خەڵکی ناوچەکەبوو، زۆر بیری تیژ بوو ، کەسێکی بەسەلیقەبوو لە گێڕانەوەی رووداوە مێژووییەکانی عەشیرەتی بندیان و ناوچەکە ، کەسێکی راستگۆ هەق بێژ بوو.

سیَ گوند ئازیکەند و خدرجیجە و لاوەر بندیان لە مامەند ئاغەی بڵباسیان کڕیوەتەوە بە ٤٠ بەردیل و ١٤ ئێستران،عەرەبی لهێبیش بە کۆچەری لە مەخموور و ناوچەی قەراج بۆ لەوەڕ سوڕاونەتەوە، کێشەیان پەیداکردووە لەسەر ئاوی ئاشەوان و بایزبراغ و ئاوی بن بەردیَ، بۆ شکاندنەوەی ئاوەکە بۆ ئاشی ئاویَ، ئەوەبوو جارێک قادر باوەکر کە شوانێکی بندیان دەبیَ، ئاوەکە دەشکێنتەوە بۆ ئاش، دەبێتە شەڕییان لەگەڵ عەرەبەکان، عەرەب ئەحمد حەسەن جووجە دەکوژن، دەورێش ئەحمەدی ئازیکەندی بریندار دەکەن، لە عەرەبانیش سیَ کەس دەکوژریَ و کەسێکیش بریندار دەبیَ بەناوی سوڵتان نەجم دواییش بەبرینەکەیەوە دەمرێت.دوایی عەرەبی لهێب بەسەر لاوەری دادەدەن،گوندەکەی دەسوتێنن و عەولا هەمزەی برای کوێخا عەزیزی لاوەری دەکوژن، محەمەد سمایل هەمزەش بریندار دەکەن و تالانییەکی زۆر دەکەن، لەعەرەبانیش شێخێک دەکوژریَ بەناوی جاسم حنە.دوای ئەوە بندیان بەهاوکاری عەشیرەتەکانی شێروان و مەرزان، لەشکر دەکەن بۆ سەر عەرەبان، حەفت رۆژ لەشکر لەخدرجیجەی مایتەوە و دوایی بەسەر چیای قەرەچوغ کەوتینە و ئاودیوبوونە لای ئازیکەند و مەخمووری، لەو دەمەدا عەرەب لەسەر ئاوی بن بەردیَ شایی دەکەن، مامزەکیان لە لا دەبی لەناو شاییَ هەڵدەپەڕی، کێخوا عەزیز تفەنگەکی مەتالی پیَ دەبیَ، لەسەر چیای بەتفەنگەکەی تەقەیان لیَ دەکات و لەمامزەکە دەدات و مردار دەبێتەوە، عەرەبەکان کەئەوە دەبینن، یەکیان دەڵیَ (الولد بیدو متالي ) واتە ئەو کوڕە تفەنگی مەتالی لەدەستە، هەمووی هەڵدێن و ئەوەی پێیان دەکریَ قوتار دەکەن و لەویَ دەڕۆن و لەشکریش دەگاتە ناو مۆڵگەی عارەبەکان و ئەوەی بەکەڵکیان دێت دەیهێننەوە، پیرەمێردەکی عەرەبان بەجیَ دەمێنیَ بەناوی ئەحمەدە کوێر، دەیگرن و دەیکوژن، ئیدی عەرەب لەمەخموور هەڵدێن و دەڕۆن لەبۆ گوندی (تەلریم و جدیدەی) قەراجیَ . دوای ئەوەش برایم ئاغە دێت و مەخمووری ئاوەدان دەکاتەوە.

چاوپێکەوتنی دووەم لە ٢٥-٥-٢٠١٦ لەهەولێر ئەنجاممان دا، زۆر باسی مێژوویی گێڕاوە، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بەعەرەبی لهێبەوە هەبێ کە لەگەڵ بندیان شەڕیان کردیە لەسەر ناوچەکە .ئەوەیە لەدرێژەی قسەکانی گوتی: وەختی خۆی شەڕی عەرەبان لەگەڵ لاوەریان کرا، لەئازیکەندی بوو ئازیکەند لەناو چیای بوو. ئەحمدی حەسەن جوجەی کوژرا، بندیان و عەرەب بوونە دوژمنی یەک بەهۆی ئەوەی رۆژەک بندیان عەرەبەکیان کوشت، گولەکیان لێدا بەپێی کەوت، بەو برینەی مرد. عەرەب لەو ڕکەی لەشکریان کردە سەر لاوەری، لەو کاتەی باپیرم مەحمود و محەمەد سمایل پێکەوە دەبن، باپیرم دەڵێ کورە ئەمن تۆبەم کردییە ئەتوو بیکوژە، دوایی عەرەبەکە بریندار بوو و کوژرا، ماینەکیشیان لێ کوژرا، لەوەوە عەرەب هەڵاتن و شکان .لەو هێرشەی عەرەبیش عەولا هەمزەیان کوشت کە جاحێڵەکی پارچەڵەبووە، سەری دەرهینابوو گولەی پێ کەوتبوو.دوایی رۆژێک عەرەب لەئاوی بن بەردی (کن مەخمووری) شاییان دەکرد بندیان لەدوڕا تەقەییان لێکردن، مامزەک لەناو شایی بووە یەکسەر گولەی پێکەوتیە و کوژرا، عەرەبەکان کە ئەوەیان دیت، یەکسەر هەڵاتن، گوتیان (بیدە متالییە) (مەتالییە جۆرە تفەنگێک بووە لەوسەردەم گرنگ بووە) ئینجا عەرەب، هەڵاتن مەخموریشیان بەجێ هێشت، چوونە( تل الريم)، (لەو ناوە ئازیکەند ماوەیەک بەچۆڵی ماوە) ئەو رووداوانە لەکۆتایی چەرخی نۆزدەم رووی داوە. لە ساڵانی ١٨٨٠وە بووە.

**٤ـ شەڕی نێوان هۆزی مەنتک و فەقێ مەرکێیان**

ئەوشەڕە لەنێوان ئەو دوو هۆزەی بووە، مەنتک زیاتر لەقەراجێ بوونە، فەقێ مەرکیش لە کەندێناوەی لەگوندی قەپڵان، دوای شەڕ و خوێن ڕژانێکی زۆر عەشیرەتەکان دەکەونە نێوانییان فەقێ مەرکی لەکەندێناوە دەگوازنەوە شەمامک و مەنتکیش لەقەراجێ دەیننە ئەو دیوەی جادەی هەولێر - کەرکووکی ئێستا، تا لێک دووربن و هیچی دیکە کوشتار ڕوونەدات.

### ٥. سەربردەی کاوێسی مەلای

کاوێسـی مـەلای خەلکی گونـدی تەنـدوورەی شـەمامکی دەشـتی هەولێـر بـووە، لەسـەردەمی پاشـای گـەورە، وەک یەکێـک لـە کەسـە شـەڕکەرو لێهاتووەکانـی ناوچەکـە بەدەرکەوتـووە، هەمیشـە خەڵکـی شـەمامک و مورکیـە و کەندێنـاوەی لەهێرشـی هـۆزە عەرەبـەکان پاراسـتووە، بنەماڵـەی دزەییـەکان کاوێسـی مـەلای بەیەکێ لـە بەرەبابی خۆیـان دەزانن، کاتـی خۆی سـەرکردەی هـۆزە کوردەکانی دەشـتی هەولێـر بـووەو سـەرکردایەتی شـەڕەکانی کـردوون، هـۆزە عەرەبـەکان لێـی ترسـاون، سـێ پیـاوی شـەڕکەر و ئـازای دیکـەی پشـتیوان بـووە، بەنـاوی تەمـاو و برایمەلـەک و شـەمزین . ئـەو پارچـە هۆنـراوە فۆلکلۆرییـە دەمـاو دەم گێڕدراوەتـەوە لەسـەر ئازایەتـی ئـەو جوامێرانـە کـە تالانییـان لەعەرەبـان سـتاندۆتەوە.

یکەک گاز دەکات هۆ برایمە لەکە .......تۆزی مێگەلان وا لە خەندەکە

مەڕ بەتاران چوو، نێریێ بەرەکە

یـان لـە هۆنـراوەی دیکـە کاوێسـی مـەلای وەک شـێخی عارەبـی دەچوێنـن (دەشـوبهێنن). دەڵێـن :

شێخی عارەبی هەر ئەتووم لاوی ......یاخوا لێت نەشکێ دەستی لغاوی

هەستە سوار بە لەگەر تەماوی ........مەڕ بەتاران چوو لە زوورگەزراوی

شیخی عارەبی هەر ئەتووم دینی ..... یاخوا لێت نەشکی ناو پەردەی زینی

هەستە سوار بە لەگەر شەمزینی ...... مەڕ بەتاران چوو لەبنەی ڕەشکینی

لەسـاڵی ١٨٢٣ پاشـای گـەورەی میـری سـۆران نامـە دەنێـرێ بـۆ هۆزەکانـی هەولێـر و دەشـتی هەولێـر کـە شـەڕی لەگـەڵ نەکـەن و بێنـە ژێـر ئـالای میـری سـۆران، دوایـی بەسـەرکردایەتی ڕەسـول ئاغـەی بـرای هێـرش دێنـن، ئەوەبـوو لەسـاڵی ١٨٢٣ چـوار دەوری قـەلای هەولێـری گـرت دوای شـەڕێک فەرمانڕەوای هەولێر یەعقوب ئاغـە خـۆی ڕادەسـت کـرد و شـاری هـەولێر کەوتـە ژێر ڕکێفـی پاشـای گـەورە و خدربەگـی کـردە فەرمـان ڕەوای هەولێـر .

لەساڵی ١٨٢٣ لەشکری میری سۆران بەسەرکردایەتی ڕەسول ئاغە و سەید حەسەنی ڕەشوانی داوایان لەهۆزە کوردەکانی دەشتی هەولێر کرد کە خۆ بدەن بەدەستەوە، بەڵام زۆرێک لەهۆزەکان قایل نەبوون، بۆیە لەشکری میری سۆران هێرشی کرد و شەڕی خوێناوی روویدا ڕەسول ئاغە و سەید حەسەنی ڕەشوانی سەرکردایەتی لەشکری میری سۆرانییان دەکرد و کاوێسی مەلای سەرکردایەتی لەشکری دەشتی هەولێری دەکرد و هۆزی عەرەبی تەی بەسەرکردایەتی شێخ هەوار بوو کەباپیرە گەورەی شێخ حەنەشی گوندی هەوێرە بوو، لەو شەڕەدا لەشکری میری سۆران شکا هێندەی نەمابوو ڕەسول ئاغەی برای پاشای گەورە بەدیل بگیرێ،، دوایی جارێکی دیکە لەشکری میری سۆران خۆی کۆکردەوە و هێرشی کردەوە، کە ١٠/رەجەبی/١٢٣٩ ی کۆچی بوو بەرانبەر بە ساڵی ١٨٢٣ بووە لەو شەڕەی کۆتاییدا، لەشکری هۆزەکانی دەشتی هەولێر گیران بە شێخ هەواریشەوە، بەڵام کاوێسی مەلای توانی خۆی بگەیەنێتە ناو چیای قەرەچوغ دەربازی ببێ، زۆر جاران دەستەی کاوێسی مەلای تووشی شەر و پێکدادان دەبوون لەگەڵ لەشکری پاشای گەورە و زیانیان پێ دەگەیاندن، بۆیە پاشای گەورە فەرمانی دا بە هێرش بۆ سەر کاوێسی مەلای و هێنانی بەسەربڕاوی.ئەوەبوو لە ١٢ -١٣ قۆڵان لەشکری میری سۆران هێرشی بۆ سەر کاوێسی مەلای هێنا لەدەشتی شەمامک نزیک گوێر تووشی بوون و بەدیلییان گرت و دوایی سەریانبڕی و سەرەبڕاوەکەیان بۆ پاشای گەورە نارد، دەڵێن کە پاشای گەورە سەری کاوێسی مەلای بەبڕاوی دیت، گوتوویەتی حەیف تۆ سەربڕاوی . پیاوی وەک تۆ هەق نەبووە بکوژرێت.

**٦- سەربردەی حەبیب ئاغەی سیاوێ**

منداڵەکی پارچەڵە بووم گوێم لە بەند و سەربردەی حەبیب ئاغەی دەبوو، هەمیشە منداڵ لەڕووی دەروونییەوە کاریگەردەبێ بە کوشتن و زوڵم، لە

ساڵی ١٩٧٦ بەکاسێتی تۆمارکراو بەدەنگی حەیران بێژی کۆچکردوو حەسەن سیساوەیی وەک حەیران گوێم لەبەسەرهاتەکەی بوو، زۆر جار گوێم لێ ڕادەگرت، هەم موچڕکم بەلەش دادەهات بەهۆی کوشتنی بەغەدر و هەم چێژیشم لێ وەردەگرت لەبەر سۆزم بۆ حەیران و حەسەن سیساوەش زیاتر وەک سەردولکە دەیگۆت نەک حەیران، ئیتر لەو ماوانە کەدەستم کرد بە نووسینەوەی فۆلکلۆرو سەربردەی دەشتەکییەکانی هەولێر، رۆژ بەڕۆژ بەهاوکاری دۆست و ناسیار و خەمخۆرانی فۆلکلۆر بابەتم زۆرتر بەدەست دەکەوت، ئەوە بوو چەند دێرێک لە گۆرانی شینێ هی حەبیب ئاغەم بەسوپاسەوە لە خاتوو مەها دزەیی بەدەستکەوت، دواییش داوام لە خاتوو ڕەهێل تەلعەت دزەیی کرد کەبەسەرهاتەکەم بۆ بنێرێت، چونکە هەم حەبیب ئاغە دەبتەوە مامی باوکی و هەم لە چاوپێکەوتنێکی تیڤی ڕەسەن لەگەل کاک وشیار لەک باسی کردبوو، ئەوەبوو بەسوپاسەوە ئەویش لینکەکەی بۆ ناردم . گێڕانەوەی سەربردەکەی خاتوو ڕەهێڵ هەندێک جیاوازی هەیە لەگەڵ حەیرانەکەی هونەرمەند حەسەن سیساوەیی،بەتایبەت دەربارەی خیانەتی مستەفای خوندکاری حەبیب ئاغەی.

من لێرەدا ژیاننامە وسەربردەی کوشتنی حەبیب ئاغەی سیاوێ لەدەوی خاتوو ڕەهێل وەک خۆی دەنووسمەوە. لەبەر ئەوەی بە بەشێک لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری و مێژوویی ناوچەکە دەزانم .

حەبیب ئاغە کوڕە گەورەی برایمی بایزئاغەی دزەییە، لەساڵی ١٨٨٢ لە مەخموور لەدایک بووە، کەسێکی جوان و لێهاتوو و سوار چاک و وەرزشوان بووە، هەستی نەتەوایەتی بەهێز بووە، عوسمانییەکان لێی ناڕەحەت بوونە لەساڵی ١٩١٤ حوکمی گرتنی بۆ دەردەچێ دوو ساڵ لە موسڵ زیندانی دەکرێ، دوای ئازاد بوونی، باوکی دەینێرێتە گوندی هێلەوە و دەبێتە ئاغەی گوند و موشیری برا گچکەشی دەبێتە ئاغەی گوندی سیاوێ.حەبیب ئاغە

لـەدوای خـۆی تەنهـا کچێکـی هەبـووە نـاوی نەخشـین بووە.ئـەوکات ململانـێ لەنێـوان بەرەبابەکانـی ئاغـەی دزەیـی هەبـووە، حەبیـب لـە بنەماڵـەی ماڵـی بایزئاغەیـە، ئاغەکانـی بنەماڵـەی فـارس ئاغـەی دزەیـی لەگوندەکانـی نزیـک بەماڵـی حەبیـب ئاغـە ئاقاریـان لەسـەر یـەک بـووە.

**ڕووداوەکە چۆن ڕوویداوە**

لـە گونـدی سـیاو کـوڕە جووتیارێـک حـەز لەکچێـک دەکات و هەڵـی دەگرێـت، کچـەو کـوڕە دەچنـە گونـدی شـێخ شـەروان، کـە حاجـی عەلـۆ، ئاغـەی گونـدی شـێخ شـەروان بـووە و سـەر بەبنەماڵـەی فارسـاغە بـووە، هەندێک لەپیـاوی موشـیرئاغە دەچنە ئاقاری گوندی شێخ شـەروان و ژنەکە و پیـاوە ژنهەڵگرەکـەی دەکـوژن، یـەک لەپیاوەکانـی موشـیرئاغەی دەیەوێـت تفەنگـی کوژراوەکـە بۆخـۆی بهێنـی، لـەو کاتـە ئەسـپەکەی غاردەداتـە گونـدی شـێخ شـەروان و دەچێتـە لای حاجـی عەلـۆی، کـە حاجـی عەلـۆ ئاغـەی شـێخ شـەروان ئەسـپەکە دەبینـی و گوێـی لـە تەقـەی تفەنـگ دەبـێ، هەسـتی بـە ڕووداوێکـی نەخـوازراو کردبـوو، یەکسـەر بـەرەو لای تەقەکـە دەچێـت و ڕێ لـە پیاوەکانـی موشـیرئاغەی دەگـری، تەقەیـان لـێ دەکات و ئەوانیـش تەقـەی لـێ دەکەنـەوە، لـە ئەنجامـدا حاجـی عەلـۆش دەکـوژرێ. کـە سـەر بـە بنەماڵـەی فـارس ئاغـەی بـووە، عەلـی بـەگ کـە ئامـۆزای حاجـی عەلـۆی بـووە، دەچـێ ئەحمـەد حەوێزئاغـەی دەکـوژێ کـە لـە بنەماڵـەی بایزائاغـەی بـووە .

لە ئەنجامدا ئاغە بەتەمەن و ریش سپییەکانی بنەماڵەکانی دزەیی لەماڵی سالح چاوشلی لەهەولێر کۆدەبنەوە، بە ئامادەبوونی برایم ئاغەی، بۆ ئـەوەی ئاشتەوایی بکرێـت و ئـاوەک بـەو ئاگـرەی دابکـەن، بـەڵام عەلـی بەگـی ماڵـی فـارس ئاغـەی ئاشتەوایی نـاکات ودێتـەوە گوندی گردعازەبان و ٣٠ پیاوی چەکدار دەنێرێتە سـەر مەخمـوور، کە برایم ئاغـەی لـێ بووە، بـەڵام خەڵکی مەخمـوور و پیاوەکانـی برایم

ئاغە دێنە پێشیان و ئیتر عەلی بەگ و چەکدارەکانی دەگەڕێنەوە بۆ زوورگەزراوی، لەنزیک گوندی هێلەوە لە سەر کانییَ چارداغی پشووەک دەدەن، پیاوەکانی عەلی بەگ، تەقە بەسەر هێلەوەدا دەکەن، وەک شەڕپێفرۆشتن، ئەوکات حەبیب ئاغەش لە هێلەوەی دەبی بە ئیهانەی دەزانی و بەرەو تەقەکەرەکان دەڕوات، مستەفای خدر وسووی خزمەتکاری دەنێرتە زوورگەزراو بۆ لای کانیەکە، مستەفا لەگەڵ پیاوەکانی عەلی بەگ لێیان دەبتە شەڕ و مستەفا دەکوژریَ، دواییش حەبیب ئاغەش نزیک شەڕەکە دەبتەوە ئەویش دەکوژریَ، شەڕەکە ماوەیەک دەخایەنیَ، شێخ عەبدوڵلا هەبووە لەگوندی گردعازەبان بەخۆیی و بەموریدەکانی ئالای کەسک هەڵدەگرن و دەچنە نێوانیان، شەڕەکە ڕادەگرن.

کە خەبەر لۆ برایم ئاغەی بابی حەبیبی دەچیَ، کە حەبیب کوژرایە، توورەدەبیَ و بڕیار دەدات نەچێتەوە دیوەخانیَ تا تۆڵەی حەبیبی نەکاتەوە، برایەکانی برایم ئاغا کە حەمەدەمین و خورشید بوون لەگەڵ حوسێنی مەلای کەئامۆزای دەبی، دەچنە لای برایم ئاغەی دەڵێن کێت دەویَ بۆت دەکوژین لە تۆڵەی خەمت نەبیَ، ئەویش دەڵیَ دەبیَ عەزیز ئاغا بکوژریَ کە لە بنەماڵەی فارس ئاغەبووە.

ئەوکات عەزیز ئاغا لەزیندانی موسڵ بووە،، موسڵیش لەبن دەستی بەرەبابی نوجێفی و سابوونچی دابووە، نێوانی بنەماڵەی برایم ئاغەی و نوجێفییەکان و سابوونچیەکان خۆش بووە، ڕێک دەکەون کە عەزیزئاغە لەموسڵەوە بەزیندانی بگوازنەوە بۆ کەرکوک، حەمەدەمین ئاغە هاتووە پیاوێکی بۆ ئیخباری لەقوشتەپە دادەنیَ، هەرکاتیَ جەندرمەکان عەزیزئاغەیان لەقوشتەپە بەرەو کەرکوک بەڕێکرد ئاگادارییان بکاتەوە، ئەویش هەواڵەکەیان بۆ دەباتەوە، ماڵی بایزئاغە لە گوندی سێکانییان تووشی عەزیزئاغەو جەندرمەکان دەبن کە ژمارەی جەندرمەکان چوار بوونە، کە عەزیزئاغە چەکدارەکان دەبینی، تیَ دەگات کە بۆ کوشتنی ئەو

هاتوونـە داوا لـە جەندرمـەکان دەکات یـان بیپارێـزن، یـان چەکەکـی بدەنـێ تـا بەرگـری لەخـۆ بـکات، بـەڵام چونکـە ڕێکەوتـن و پیـلان هەبـوو بـۆ کوشـتنی عەزیزئاغـەی، جەندرمـەکان پشـتی تـێ دەکـەن و چەکدارەکانی ماڵـی بایزئاغـەش عەزیزئاغـەی دەکـوژن و دەگەڕێنـەوە و خەبـەر دەدەنـە برایـم ئاغـەی، ئینجـا برایم ئاغە دەچێتـەوە دیوەخانـێ دادەنیشـێتەوە. ئـەو ڕووداوە لەسـاڵانی ١٩١٧-١٩١٨ ڕوویـداوە، ئێسـتا ئاشـتەوایی کـراوە و ئەوکێشـە و خوێنداریيـە نەمـاوە.

ئـەو دێـرە هۆنـراوە فۆلکلۆریەشـم لەخاتـوو مەهـا دزەیـی وەرگرتـووە بەسوپاسـەوە کـە زیاتـر ژنـان لەشـین و تازیـە دەیانگـوت.

هەی لاوی بەمن لاوی.........حەبیب ئاغەی سیاوی
حەبیب دەچووە سەر بانی ....دووربینی دابەرچاوی
وەکی زەینی خۆی دایێ....... شەرە لە زوورگەزراوی
حەبیب بەغار هاتەخوار...... ئاغە لۆوەها هەشتاوی
لەخورامانی ڕادەخوڕی.... .لۆم زینکەن بۆرەی شاوی
پێی لە ڕکێبێ دەنا ...........گرتی قەوچێ لغاوی
لەگەر گوللەی ئەوەلی .......پەڕی  سەرو کراوی
خەبەریان دا برایم ئاغەی..... دەپسا جەرگ وهەناوی
خەبەریان دەدا فەرحەی .....دادەرژا هەردوو چاوی
لەو هێلەوەی هەڵلایە ....... لەو سیاوەی قەومایە
دەرێن حەبیب کوژرایە.....لەخینێدا گەوزایە
ئەو سێ تیرەی لەدەستی ... دوو ڕمیان تێ هەردایە
لەگەر ڕێژنەی ئەوەلی ..... لەناوچەوانییان دایە
خەبەریان دا برایماغەی ..... لەتەختی وەرگەڕایە
خەبەریان دەدا گەرحەی .....چۆکی لەگەر شکایە

ئەو پارچە هۆنراوەشم لە پەڕتووکی چەپکێ هۆنراوەی فۆلکلۆری دەشتی هەولێر کاک هیمداد حوسێن وەرگرتووە.

عافەریم حەبیب ئاغە ... بەربووی لەبەندی سارێ
دەمەک دانیشت لەمارێ
قەولە شەڕەک بگەڕێ، سبەی دانی ئێوارێ
لۆم برێنە خزمەتکاران، لەهەسپان نێنە خوارێ
خەریتان ڕاست و چۆپ کەن، دەست دەنە جامبێزاری
....... دەگرنەوە بڕژێنە ناو عەمبارێ
لەگەر ڕێژنەی ئەوەلی  حەبیبیان دینا خوارێ
مەیتی حەبیبم کەتیە لەو کەندی شیوە شارێ
دارەبازەکی بینن، ئەو مەیتەی بێنەوە مارێ
ئەو سمێرێ سووسنی لەخین و تۆزێ دارێ
شینی حەبیبم گەڕا، بە سنگی کیژ و کارێ
لۆم برێنە تەنکە ژنان لۆم بکەن گەرمە شینێ
شینێ حەبیبم گەڕا لەهەر چار فەسڵی سارێ
تێڵەک هاتییە بەدزی .... برێنە برایمی بایزی
ئەورۆ بەویێ نیوڕانێ حەبیبیان کوشت بەدزی
مار و سەد لیرەم دابی حەبیب لەو بەینەی نابی

**٧- سەربردەی حەسەنە شەلی**

ناوی حەسەن کوڕی ئەحمەدە لەساڵی ١٨٨٣ز لە گوندی کەندارەقەلی سەر بەناحیەی کەندێناوە(دیبەگە) لە خێزانێکی جووتیاری هەژار لە دایک بووە، پێشتر ناکۆکی لەسەرزەوی و زاری لەنێوان مام ئەحمەدی بابی حەسەنی و بنەماڵەیەکیی گوندەکە پەیدابوو، ئاغەی گوندی ببووە لایەنگری بنەماڵەکەی دژی ماڵی بابی حەسەنی، بۆیە بابی حەسەنی باری کرد و هاتە هەولێری گەڕەکی تەعجیل، لای عەلی ئاغەی دۆغرەمەچی دەبێتە سەرکار، دوایی لەساڵی ١٩١٢ مام ئەحمەدی بابی مردووە و حەسەن لەجێی بابی دەبێتە سەرکار.

لەساڵی ١٩١٤ کاتێ شەڕی یەکەمی جیهانی کە عوسمانییەکان ڕەشبگیری دەکەن بۆ بردنی لاوەکان بۆ بەرەی جەنگ، حەسەن دەگیرێ، عەلی ئاغەی دۆغرەمەچی پارەکی زۆر بەبەرتیل دەدات هەتا حەسەنی بەردەدات و دەیباتەوە لای خۆی، حەسەن ئەو چاکەی عەلی ئاغەی لەبیر ناکات، چوار ساڵان لایان دەمێنتەوە، کاتێ ئینگلیز دێتە هەولێری، عەلی ئاغەی دۆغرەمەچی لەبەر ئەوەی پیاوی تورک دەبێ رقی لە ئینگلیز دەبێ و حەسەنیش چونکە لەلای عەلی ئاغە دەبێ ئەویش رقی لە ئینگلیز دەبێ .

شەوێک لەشەوانی بەهاری ١٩٢٠ حەسەن لەگەڵ چەند زەلامی دیکە لەلای ڕەشکینی لەسەر ڕێی موسڵ ڕێ لە کاروانی پۆستەی ئینگلیزان دەگرێ، کە هەندێ سەرباز لە پێشیان دەڕۆن پێیان دەگوتن سیکە و گورگە، دوای شەڕێک هەندێکییان دەکوژن و دەست بەسەر کاروانەکە دادەگرن و قاسەی پارەکە بەتاڵان دەبەن، بۆ ڕۆژی دوایی دەنگ بڵاو دەبێتەوە لەناو شاری لە ڕێگرتن لە لەشکری ئینگلیز، دوایی یەکێک زمانییان لێ دەدات و مام حەسەن و دوو زەلامی تر دەگیرێن و دوای دادگایی حوکمی لەسێدارەدانییان بۆ دەبڕدرێتەوە لە ٣ی نیسانی ١٩٢١ مام حەسەن و سلێمان ناوێک و کەسێکی تر لەبەردەم پارێزگای ئێستا لە سێدارەدەدرێن لەبەردەم حەشاماتێکی زۆر، ئەوکاتە خێزانی حەسەنە شەل بەیتە شعرێکی بەسەر دادەڵێت :

چەندم گۆت حەسەن وەنییە وەمەکە  
لەڕێی ڕەشکینی پۆستەی ڕووت مەکە  
(خانێ) مندارە بێ بابی مەکە

خانێ تاکە کچ و منداڵی مام حەسەنی بووە بۆیە دایکەکە وای گووتووە . هۆنراوەی دیکەشییان بەسەر ئازایەتی حەسەنە شەلی داگوتووە:

ئەستێرەک هەرات لەهەورەمانی  
ماینێ حەسەنم شینی قەزوانی

سەرزین خاسە ڕەنگ ڕکێب ڕۆمیانێ
عەسکەر ڕاوەستان لەسەری مەیدانێ
حەسەنییان ڕاکێشا لەدیوەخانێ
بەسەری کۆتی لۆ حەپسخانێ



## ٨. عەلی مەحمودی کاکەخانی

عەلـی مەحمـودی سـالێ ١٨٩٨ لەگونـدی گـرد مـەلای سـەر بەناحیـەی قوشـتەپە لەدایـک بـووە. لەسـاڵی ١٩١٩ کاتێـک شـێخ مەحمـود ڕاپەڕینـی چەکـداری دەسـت پێکرد،عەلـی مەحمـودی وەک لایەنگرێـک و نیشـتیمانپەروەرێک پەیوەنـدی بەشـێخەوە کـرد و بەخـۆ و بەچەنـد سـوارچاکێکی خـزم و دۆسـتیەوە خۆیـان گەیانـدە سلێمانی، دوای ئـەوەی ڕاپەڕینەکـەی شـێخ کـپ دەکرێتـەوە، عەلـی مەحمـودی بەناچـاری دێتـەوە ناوچـەی دێـدەوان و ماوەیـەک بەنهێنـی دەمێنتـەوە، دوایـی بـەر لێبوردن دەکـەوێ و دێتـەوە قوشـتەپەی دەسـت بـەکاری کشـتوکاڵی دەکات .

کاتـێ شـێخ دووبـارە دەسـت بەڕاپەڕیـن دەکاتـەوە، عەلـی مەحمـوودی دەچێتـە ناوچـەی سـورداش و پەیوەنـدی بـە ڕاپەڕینەکـە دەکاتـەوە، بـەڵام لـەدوای دەسـت بەسـەرکردنی شـێخ لەبەغـدا، لایەنگرانـی پەرتـەی دەکەن،عەلـی مەحمودی دەچێتە لای سـەرۆک عەشـیرەتی جاف لـە دوکان و لـەوێ بەنهێنـی دەمێنتـەوە، دوایـی دێتـەوە کۆیـەو دێـدەوان و دەچێتـە کەندێنـاوە، لەکەندێنـاوە تووشـی شـەڕ دەبـێ و دەگەڕێتـەوە ناوچـەی کۆیـە لەگونـدی شاخەپیسـکە تووشـی شـەر دەبێ و معاونێک و پۆلیسـێک لەو شـەڕە دەکوژرێن، ناچار خۆی

دووردەخاتـەوە دەچێتـە ناوچـەی مەرگـەو دوایـی بـەر لێبـوردن دەکەوێت، تـا شـێخ مەحمـود مابـوو پەیوەنـدی لەگـەڵ دەمێنـێ و نامـە و نامـە گۆڕینەوەیـان لـە نێـوان هەبـووە، لەسـالی ١٩٤٣-١٩٤٥ پەیوەنـدی بـە ڕاپەڕینـی بارزانیـان دەکات و دوایـی نەمانـی ڕاپەڕینەکـە دێتـەوە لەناوچەکـەی خۆیـان دادەنیشـێ تاکوو سـاڵی١٩٧٠ گیانـی سـپاردووە.

بەهـۆی نیشـتیمانپەوەری و ئازایەتـی خەڵـک خۆشـی ویسـتووە و بەنـد و گۆرانییـان بەسـەر داگۆتیـە، لێـرەدا مـن ئـەو هۆنـراوەم بەردەسـت کەوتـووە وەک فۆلکلـۆر دەمـاو دەم گوتـراوە،

علی هەر کەتیە لە کاکەخانی.....نەتەوەی شێران بەرخی بەرانی
عەلی دەرێتن ئەمن عەلیمە .......هەولێری نەگرم دیارە بیژیمە
ئەوڕۆکە چێشتانە .......عەلیاغە میوانە
سواری لەگەر دانە...... پیاوی زۆر ئازانە
چێشتیان دوو بەرانە
*************
رەزێ گردمەلای بەبنە کنێرە ...... عەلی گازدەکات هێ برام تاهێرە
ئەسپم کەلکی نیە ماینم لۆبنێرە.... بزانە شێخ محمود نەگەییە ئێرە
رەزێ گردمەلای بەشۆرە بییە ...... علی گازدەکات هێ برام هادیە
لەسەرت ببەستە چەفیە و هەوریە.....بزانە شێخ محمود لۆ دیارنیە
رەزێ گردمەلای بەبنە هەنجیرە ....علی گازدەکات هێ برام سابیرە
فیشەکان ڕۆکە لەسەر حەسیرە.......وەرە دانیشە بابکەین تەکبیرە
لەبەختێ مندا شێخ محمود گیرا

## ٩ـ حەسەن و مریەم*

حەسەن ومریەم کچە خاڵ و کوڕە پلکی یەک بوون، هاوسەرگیرییان کردبوو،لەبنچینەدا خەڵکی گوندی قەشقەی سەر بە قوشتەپە بوونە، لەساڵی گرانی(١٩١٧)باوکی حەسۆی مردووە، بۆیە خاڵێکی هەبووە ناوی یاسین هەر لە منداڵییەوە بەخێویان دەکات و چاوی لێیان دەبێت، حەسۆ هەر کە کەمێک گەورەدەبی دەبیتە شوان و ڕێنجبەری خەڵکی لەگوندەکانی دەور و پشت،هەر زوو بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتی خاڵی یاسین دەکوژرێ، بۆیە قەشقەی بەجێ دێلن دێنە گوندی (سارتک)، دوایی تۆڵەی خاڵی دەکاتەوە، بۆیە لەبەر ئەو جوامێریەی ماڵە خاڵەکانی مریەمی کچی یاسینی خاڵی پێشکەش دەکەن، بەڵام حەسۆ لەبەر دوژمنداری و کێشەی کۆمەڵایەتی هەمیشە ئاگای لەخۆ دەبێت و بێ تفەنگ ناچێتە هیچ شوێنێ، حەسەن کوڕێکی کەڵەگەتی باریک بوو کەمێک ئەسمەر بووە چاو نەترس و ئازاو نیشانەشکێنەکی باش بووە، دەنگێکی خۆشی هەبووە بۆیە زۆرجاران حەیران و لاوکی گۆتیە، خەڵکی گوندی سارتک خۆشییان ویستووە.

مریەم کیژی یاسینی بووە، سێ ساڵ لەتەمەن لەحەسەن گچکەتربووە، کیژێکی باڵابەرز و شۆخ و شەنگ بووە، بێ هەبوونی پەیوەندی لەتۆڵەی خوێنی بابی پێشکەش بەحەسەنی دەکەن، ئیتر دوایی حەسەن لەبەر هەندێ کێشەی دیکەی کۆمەڵایەتی لەگەڵ مریەمی گوندی بەجێ دێلێ و دەیەوێت بێتە گوندی پیرداودی مولکیەی و لەوێش بڕواتە گوندی قادریەی شەمامکێ بۆ لای مامەکانی لەنزیک گوندی قوڵتەپەی سەر بە قوشتەپەی لەسەر ڕێگایێ، دوو جەندرمەی فەلە تووشی دەبن ناوییان

*بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە سوودم لە پەڕتووکی داستان و گۆرانی لە فۆلکلۆری کوردیدا لە نووسینی عمر شێخەڵلا دەشتەکی)وەرگرتووە

شــینۆو وێنــە بــووە، داوای پاســی تفەنگەکــەی لەحەســۆی دەکات دەڵێــت ئــەو تفەنگــەت پاســی (مۆڵەتی)نیــە بمــدێ، حەســۆش دەڵــێ مــن خــاوەن دوژمنــم تفەنگــی نــادەم، وێنــەی فەڵــە بــە شــینۆی دەڵــێ لێیگــەڕێ بــا بــڕوات، ئێمــە چ فەرمانــی حکومەتمــان پــێ نییــە هەتــا تفەنگــی خەڵکــی بگریــن، شــینۆ دەڵــێ هــەر لێــی دەســتینم، حەســۆش دەڵــێ وەرە دەت دەمــێ کاتــێ شــینۆ دێــت حەســۆ گوللەکــی لــێ دەدات و دەیکــوژێ، وێنــە خــۆی دێختــە عــەردی و تەقــەی دەکات و حەســۆی برینــدار دەکات و دوایــی گولەکــی تــر بــەر مریەمــی دەکــەوێ و مریــەم دەم و دەســت تــەواو دەبــی، حەســۆش ناکاتــە نامــەردی گولەکــی لــە وێنــێ دەدات و تــەواوی دەکات، بەخــۆی بەبرینــداری هەوریەکــەی بەســەر مریەمــێ دادەدات .

ئــەوکات مەجیــد پاشــا پارێــزگاری هەولێــر دەبــێ بەوێنــدەر دادێــت و لەگــەڵ سەعیدەســۆری کــە مودیــر ناحیــەی قوشــتەپەی بــووە، هەرســێ مەیتەکــە و حەســۆی دەهێننــە هەولێــرێ، حەســۆش لــە ڕێیــێ دەمــرێ، شــارەوانی لاشــەی حەســۆ و مریەمــێ دەشــۆن و لەگۆڕســتانی شــێخەڵلای هەولێــری دەیانشــارنەوەو تــا زەمانەکــی زۆر عاشــق و مەعشــووق لــۆ مــراز و مەقســوودان دەچوونــە ســەر گۆڕەکانیــان .

لاوکی حەسۆ و مریەم*
پێدا پێدا
حەسۆ پێدا
حەسۆ زەندێ مرەخانێ دەگری و دانە ڕێدا
لە ناوەندێ گرێ قوڵتەپێ بەیانی لێدا

---

*ئـەو لاوکـەم لـە مـام چاوشـین ئەمیـن ئەحمـەد بندیـان سۆربەشـی وەرگرتـووە، شـەوی ١٩/١٨-١١-١٩٨٣ لـە دیبەگـە.

دوو فەلەی سەباب سەحارەی سبەینێ کەتنە ڕێدا
شینۆ گاز دکا حەسۆ تفەنگێ تە قاچاغە پاس نینە
بە پیاوێ حکومەتێ وێدا
حەسۆ سوند دخوا بە قورئانێ بە وەڵلایێ
بە غەوسێ مار و مەرقەد لە بەغدایێ
تفەنگێ دەستێ حەسۆ داری دار هەرشەمە
ناکەویتە بەروێ دەعوایێ
وێنە گازدکا شینۆ ئەمە چ ئەمرێ
قۆمیسەران و باش چاوشان ڕابەدەس نییە
ئەم بگرین ژن هەڵگران و تفەنگ بێ پاسان و قاچاخچییە
شینۆ سوند دخوا بە وەڵلایێ
بە ئینجیلێ وا لە دێرێ
ئەمن شەڕێ خۆ دگەڵ حەسۆیێ بەتار ناکەم
هەتا مەیتێ هەرچارمان نەکەویتە سەرایێ لە هەولێرێ
ڕەبی داک و بابی شینۆی چ جاران خێر لە خۆ نەبینێ
وەکی قۆنداغی ئینگلیزی لە ملی خۆ دەگری و دەشەتینێ
قۆرێ چەپی لە حەسۆیێ دەشەتینێ
تفەنگی کچک چاپ لە بەینی ژن و مێران دەپەڕینێ
مرێ گازدکا حەسۆ کەوی کەوی
قۆنداغێ کچک چاپ بکە برند و نەوی
بدە لە شینۆیێ سەباب بینە خوارێ لە دەوارێ
لەهۆرژنێ دەدا میسال پیرەمێردێ گەل بوارێ
پێدا پێدا
دوو ترومبێلی حکومەتی کەتنە ڕێدا

مودیر و موتەسەرفی هەولێریێ هەردووک تێدا
لە گرێ قوڵتەپێ وەرنە نارە ناری بریندااران
بزانن چ دەعوایە ؟! چ هەرایە؟! کێ کوژرایە؟!
مەیتی حەسەن و مریەمیان دەبردە هەولێرێ لۆ سەرایێ
حەسۆ دەعوای یەک قومە ئاوکر کەس ئاو نەدایێ
عەلی مەحمودی کاکەخانی ئاودایێ

سێ ڕۆژ و سێ شەوان مەیتی حەسۆ و مریەمیان دانە بەرتیلمی هەتاوێ پاش سێ رۆژ و سێ شەوان مەیتی حەسۆومریەمیان دەبردە سەر مەقبەرێ هەتا ئێستاش چەند نەخۆش و نازداریی هەولێریێ دێنە سەرێ.

## ١٠. بەسەرهاتی کەریم و ستی*

کەریم بابی ناوی تەها بوو، دایکی ناوی زەرێخ بووە و خەڵکی گوندی سەید عوبێدی دەشتی کەندێناوەی دیبەگەی بووە، هەر لە منداڵی بابی مردووە و دایکی بەخێوی کرد، سێ برای دیکەشی هەبووە، کوڕێکی ڕەشتاڵەی خوێن شیرن و لاو چاک و دڵ تەڕ بووە، لەهەرزەکاری بەرخەوانی کردووە و دوایی شوانی کردووە و ئینجا بۆتە نۆبەتداری ماڵی ئاغەی گوندی، ماوەیەکیش چایەخانەی هەبووە لەگوندی.

ستی (ئەستێ)ئەویش خەڵکی گوندی سەید عوبێدی بووە، کچێکی دەستەژن بووە و سوور و سپی و چاو ڕەشی خڕو خەپان بووە، بابی خوندکاری ماڵی ئاغەی گوندی بووە.کەریم وستی دەبنە عاشق و مەعشووقەی یەک، بەڵام ئاغەی گوندیش گڕناتکەی لە ستی دادەگرێت،

*بەستە و مەقام و زۆرێک لە بەسەرهاتەکەم لە پەرتووکی داستان گۆرانی لە فۆلکلۆری کوردی دا وەرگرتووە ، لە نووسینی عمر شێخەللا دەشتەکی

بۆیـە کەریـم و سـتی ناچاردەبـن شـەوەکی زسـتانێ سـاڵی ١٩٤٢هەیپـای لـێ بکـەن و لەگونـدی دەڕۆن و دەچنـە ماڵـی شـێخی گونـدی عەوێنـەی، بابـی سـتی و برایـم ئاغـەی سـەید عوبێـدی لەگـەڵ چەنـد چەکدارێکـی دیکـە دەکەونـە دوو سـۆڕاغیان، لەعەوێنـەی بەدەرکردنییـان دەدەن کەریـم و سـتی بـە یارمەتـی خەڵـک بەزوورگـەزراوی دا ئاودیـو دەبـن، گونـد بەگونـد هەتـا دێنـە گونـدی حەسـارۆکان کەئێسـتا بۆتـە (گـەڕەک لەهەولێـر بەنـاوی ٥ ی حەسـارۆک و ٨ ی حەسـارۆک)لای ماڵـێ فاتمۆکـی پلکـی کەریمـی، ئاغـە و بابـی سـتی و کۆمەڵـێ چەکداریـش هـەر لەدوویـان دەبـن. تـا لـە گونـدی حەسـارۆک دەیانبیننـەوە و چەکدارەکانـی ئاغـەی دەورەی گونـدی دەگـرن و کەریـم و سـتیش لـەو ماڵـی لـۆ ئـەو ماڵـی خۆدەشـارنەوە هەتـا دەردەچـن لەگونـدی لەنزیـک گونـدی (شـاربزری) دەکەونـە ناوبۆسـەی چەکـدارەکان و لێیـان دەبتـە تەقـە، کەریـم بەتەنـێ و ئەوانیـش یـەک کۆمەڵـە زەلام تەقـەی لـێ دەکـەن تـا کەریـم برینـدار دەبـی گوللەکـی بەڕانـی دەکەوێ،سـتی هـەوری ملـی خـۆی لەڕانـی کەریـم تونـد دەبەسـتێ و کەریـم دەسـت بەتەقـەی دەکاتـەوە، لەبـێ بەختیـی ئـەو دوو ئاشـقە، تفەنگـی کەچـە چەپراغـی بەکلیلـی قەوانـی نایێتـەوە، شیشـکەی لـێ دەدات هـەر نایێتـەوە، ناچـار بـەرەو لای قەمەرەکـی شـین دەڕۆن وادەزانـن قەمـەرەی معـاون پۆلیسـییە، لـەو کاتـە بابـی ستی کەدەبینی کەریـم تفەنگـی کارنـاکات هـەر دەکوتتـە سـەری و گوللەکـی لەپشـترا لـە تەپڵـی سـەری دەدات و دەیکوژێـت، سـتی بەتەنـێ دەمینتـەوە و ئاغـە لێیـان نزیـک دەبتـەوە و دەڵێتـە سـتی وەرە سـواری تورمبێلـی بـە ناتکـوژم، سـتی هەمـوو لەشـی لەخوێنـی دەبێـت و پەلامـاری ئاغـەی دەدات دەڵـێ لەبـەر دەلینگانـم بمـری ئەگـەر نەمکوژی،هـەی ناپیـاو، لەپـاش بەژنـێ کەریمـی ببمـە قەحپـەی

موسـریێ بەگەرەنگـۆ ناکـەوم، پـاش ئـەو قسـانە سـتیش دەکـوژن لەنزیـک کەریمـی، مەیتـی هەردووکییـان لـەوێ دەکـەوی دەڵێـن ئێسـتا یـەک و غـەر لەشـوێنی کوشـتنەکەیان کرایـە.

دوایـی پۆلیس دێت و لاشـەکانیان دەیننـەوە هەولێریێ و ڕاپۆرتـی خۆیـان دەنووسـن، دوایـی داک و بـرای کەریمی، لاشـەی کەریمـی دەبەنـەوە گونـدی خۆیـان (سـەید عوبێدی)و لـەوێ دەیشـارنەوەو هـی خاتـوو سـتیش کـەس خـۆی لـێ ناکاتـە خـاوەن، شـارەوانی هەولێـر لەگۆڕسـتانی شـێخەڵلای هەولێـریێ تقەتـی دەکـەن. بابـی سـتی لەسـاڵی ١٩٦٨ لەزێـی بادینـان لـە کوشـافێ خنکا و برایـم ئاغـەش لەسـاڵی ١٩٦٣لـە هەمـان شـوێنی کوشـتنی کەریـم لەلایـەن هێـزی پێشـمەرگە کـوژرا، چونکـە برایـم ئاغـە ببـووە جاشـی حکومـەت .حاجـی سـلێمان شـۆڕەزەردکەیی کاتـی خـۆی یەکـەم جـار لەشـایێک مەقامـی بەسـەر داگوتـن، برایـم ئاغـە لەشـاییەکە دەبێـت دوای بـڕەک دەچێتـە دەریێ لەشـاییێ. دوایـی زۆر کەسـی دیکـە بەسـتەی بەسـەر داگوتـن . مـن لێـرەدا هەندێکـی بڵاودەکەمـەوە.

کاکە سەریێ من دێشێ دەردێ لەدرم دەناری
خودا هەروای تەقدیرکرد هەر بەئەمری جەباری
دوو ئاشقی بەجەوهەر ئینتیفاق بوون یەکجاری
ئاوەدان بێ سەید عوبێد کانییێ لەبەر کەنداری
ستی ڕوێ خۆی لێ شوشت رەشی کرد چاوی کاری
هێ کچێ چاوان لێ مەشۆ جوانکەکی زۆر نازداری
مەمکۆرەت کارکە سێوە ورووەمەتت گوریێ بواری
کەریم لەبۆی سەرخۆش بوو دەستی دا جامبێزاری
هەستە چاوکار بابڕۆین بەجێ بێلین مەعاری

کەریم دەستی ستییێ گرت ئاوای کرد لەدیواری

کێندەر لەکێندەر خۆشە حەسارۆک نێزیک شاری

گوندی عەلی پاشایە بچینە ماریَ سەرکاری

سەرکار مەلاقادرە حیزباب توخمی سەگساری

کەریم و ستییان دەرکرد بەهەلهەلەی منداری

لەدێیە بریَ لەدێیە سەیدعوبێدم لەدێیە

داکی ستی دەگرییَ ستی جوانم لەکێیە

مەیتی کەریم و ستییَ کەتیە لەبەلەدییَ یە

سەیدعوبێدم ئاوابیَ چەندخۆشە و میرە دێیە

قەمەرەک ئەوە دێتن مەیتی کەریمی پێیە

ڕەببی داکت کۆرەبی سەری بنیَ لە خمێیە

هەرینە بریَ هەرینە کەریم دەستتان هەرینە

رۆژی حالەو وەللایە کارخانان بتەقینە

دەمانچەی دەستی جۆت کرد چ بکەم خوانەیهینە

کە ئاوڕی خۆی دەداوە ستی سۆربوو لەخینە

**١١- چەند لاپەڕەیەکی شاراوە لە مێژووی چینایەتی جووتیارانی کەندێناوە**

کەندێناوە دەشتێکی پان و فراوانە کەوتۆتە خوارووی رۆژئاوای شاری هەولێر، شارۆچکەی دیبەگەش بە مەڵبەندی دەشتەکە دادەنریَ، لە سالآنی سیەکانی سەدەی ڕابردوو ٧١ گوندی بەسەرەوەبوو، نزیکەی ٤٠ گوند لە بندەستی ئاغەکانی دزەیی بوو، ئەوانی تر لەبندەستی کوێخا دیَ و سەرەک عەشیرەتەکانی ناوچەکەوەبوو، لەسەردەمی رژێمی پاشایەتی خەلکی ناوچەکە هەمووی خەریکی کشتوکاڵکردن و مەڕداری بوون، ئەوگوندانەی لەبندەستی ئاغەکان دابوونە لەدوای هاتنی ئینگلیز و

هەندێـک پێشـکەوتن ڕوویـداوە و خوێنـدەواری بڵاوبۆتەوە،چەوسـاندنەوەی ڕژێمـی دەرەبەگایەتـی جووتیـاری ناچارکـردووە کـە هـەوڵ بـدات خـۆی لەکۆت و بەنـدی باجدان و سـوخرە و ژیانـی مەمرە و مـەژی قورتاربکات. لێرەدا چەنـد لاپەڕەیەکـی تێکۆشـانی چینایەتـی جووتیـارەکان دەخەینـە ڕوو کـە وەک ڕاپەڕینەکـی خۆڕسـکی دوور لەدەسـت تێوەردانـی هیـچ حـزب و ڕێکخراوێـک توانیـان هەنـدێ کـۆت و پەیوەنـدی ڕژێمـی دەرەبەگایەتـی بپسـێنن.

## ١٢- ڕاپەڕینی جووتیارانی گوندی خدرجیجە

خدرجیجـە گوندێکـە کەوتۆتـە باشـووری دیبەگـە و بنـاری چیـای قەرەچـوغ، لـە ڕۆژهەڵاتـی جـادەی مەخمـوور - دیبەگەیـە، لەسـاڵانی سـیەکان زیـاد لـە ٣٠ مـاڵ دەبـوون، جووتیـارەکان زۆربـەی خزمـی یـەک بوونـە لـە هـۆزی بندیـان، ئـەو ماڵـە ئاغەیـەی کـە ئاغایەتـی گوندەکـەی دەکـرد و سـەرانەی لێدەسـتاندن و بێـگاری پێدەکـردن، هیـچ پەیوەندیەکـی خزمایەتیـان، لـە گـەڵ جووتیـارەکان نەبـووە، لـە سەرەتاشـدا گوندەکـە هـی جووتیـاران بـووە، بـەڵام ئاغـەکان پشـت ئەسـتوور بـە دەسـەڵاتی عوسـمانی و زیرەکـی خۆیـان و سـاویلکەیی جووتیـاران توانیـان نـەک هەرخۆیـان بکـەن بـە خەڵکـی گونـد، بەڵکـو زۆربـەی زەویەکانیشـیان دەسـت بەسـەرداگرت، بـوون بـە ئاغـەی گوندەکـە، بۆیـە نێوانـی جووتیـار و ئاغـەکان هـەر ناکـۆک بـووە، جووتیـاران هەمیشـە لەدەرفەتێـک گـەڕاون تـا خۆیـان لەدەسـت بێـگاری و ناعەدالەتـی ڕزگاربکـەن و سـەروەری بـۆ خۆیـان و بـۆ گوندەکەیـان بگێڕنـەوە .

لـە کاتـی دەرچوونـی یاسـای ژمـارە ٢٠ ی سـاڵی١٩٢٩کە بەیاسـای داشـکاندنی باجـی زەوی ناسـراوە، مـەلای گونـدی خدرجیجـەی لەمەخمـووری ئـەو لائحەیـە دەبینـی کـە لـە دەرکـی سـەرای مەخمـووری درابـوو، نووسـرابوو،

هیــچ جووتیارێــک نابــێ لــە گوندەکــەی خــۆی لەخــوت و خۆڕایــی دەرکــرێ، ســەرانە بــدات، مــەلاش دێتــەوە گونــدی ئــەو زانیاریــە بەجووتیــارەکان دەڵێــت، لێــرەدا جووتیــاران کــە زانییــان یاســایەک دەرچــووە هەنــدێ بەرژەوەندییــان دەپارێــزێ، وەک دەرنەکردنــی جووتیــار لــە گوندەکــەی خــۆی و نەدانــی سەرانە، بڵاوبوونەوەی دەنگۆی ئەو یاسایە، دەروونی جووتیارانی هێنابووە کوڵانــدن، ئاغــەش هەســتی بــە جموجۆڵیانــی کردبــوو، بۆیــە بەناچــاری ڕۆژێــک لە دیوەخــان کۆیکردنــەوە و زۆر بەســووکی باســی یاســا نوێیەکــەی کــرد، گوتــی ئەو یاسـایە دەیەوێت نێوانی ئاغـە و کرمانجـان تێک بدات، بـەڵام جووتیاران بــە قســەی ئاغەیــان بــاوەڕ نەکــرد، بۆیــە جارجــار ســەرپێچی فەرمانەکانــی ئاغەیــان دەکــرد. بــۆ نموونــە ڕۆژێــک مــەلا بەبــێ پرســی ئاغــە کچێکــی لــە کوڕێــک مــارە کردبــوو، بەپێــی داب و نەرێتــی دەرەبەگایەتــی ئــەو کات هــەر ئافرەتێــک بەشــوو بدرابووایــە، دەبــووا ڕەزامەنــدی ئاغــەی لەســەربووایە . لەمــەوە ئاغــە لەمــەلای گونــدی تووڕەبــوو، بانگــی دیوەخانێــی کــردوو، زۆری قســەی ســووکی پێگــوت، یەکــێ لەجووتیــاران لەدانیشــتنەکە بــوو تووڕەبــوو و دەمانچــەی لــە ئاغــەی هەڵکێشــا لەگــەڵ مــەلا چوونــە دەرەوە، دوای ئــەوە هەندێکــی تــر لــە جووتیــاران چوونــە دەرەوە، لــەوەوە جووتیــاران لەگــەڵ یــەک کۆبوونــەوە و بڕیاریــان دا هیچــی تــر هاتووچــۆی دیوەخــان نەکــەن، ســەرانەش بــە ئاغــە نــەدەن، ململانێیەکــە توندبــوو، چەندیــن شــەرە تفەنــگ لەنێوانیــان ڕوویــدا، تــاوای لێهــات شــێخ عەبدولکەریمــی بەرزنجــی کەوتــە ناوبــژی نێوانیــان، بــەڵام هــەر زوو ئاغــە دەســتی کــردەوە بەهــەڕو و گیــف لەجووتیــاران، ئــەم گرژیــە تــا جێبەجێکردنــی یاســای تەســویەی زەوی لــە ســاڵی ١٩٣٩ بــەردەوام بــوو، کــە لــەوێ مســتەر لایــن بەهــاوکاری (تۆفیقــە فەنــدی) کەخەڵکــی کەرکــوک بــوو لەگــەڵ دوو یاریــدەدەر ســابیر و جــەلال کــە خەڵکــی کۆیــە بــوون لەنزیــک گاوەرە چادریــان هەڵدابــوو، زۆربــەی

جووتیــاران زەویەکەیــان لەســەرخۆ تاپۆکــرد، جگــە لــەو زەویانــە نەبێــت کــە پێشــتر هــی جووتیــاری (ا) بــوو جووتیــاری (ب) بەکاریهینابــوو ئینجــا جووتیارێکــی تــر.... ئەوانــە بەســەر ئاغــە تاپۆکــران، کــە گەیشــتە ١٨٠٠ دۆنــم، تاپــۆی گونــدی خدرجیجــە لــە ١٠-٧-١٩٣٩ کراوەتــە ڕەســمی، پەیوەنــدی نێوان ئاغــەو جووتیاران هــەروا ناخــۆش بــوو تــا شــۆڕشــی ١٩٥٨ بەیەکجاری ئاغــە گونــدی بەجێهێشــت.ئەو کاتــی بەندەکــی فۆلکلۆرییــان گوتیــە کــە لــە ئافرەتێکــی گوندەکــەم گــێ لێبــووە.

حاجــی جــوکل حاجییــە..... دەســتی بەکەعبــەی وەگرتیــە ..... بندیــان لــە ق.... بردییــە

**١٣- ڕاپەڕینی جووتیارانی گوندی دێمەکار**

دێمــەکار گوندێکــە لەدەوکەنــدی کەندێناوەیــە لەنێــوان دیبەگــە و گونــدی خدرجیجەیــە، واتــە بــەلای ڕۆژهەڵاتــی جــادەی مەخمــوور - دیبەگەیــە . لەســییەکانی ســەدەی بیســتەم خەلکەکــەی لــە ژیانێکــی کۆڵەمەرگــی دەژیــان، خەلکــی ئــەو گونــدەش وەک جووتیارانــی خدرجیجــە ناکۆکیەکــی کۆنیــان لەگــەڵ ئاغەکەیــان هەبــوو، لەبــەر ئــەوەی ئاغەکــە بــە فێــڵ و تەلەکەبــازی لە شوێنەکی تر هاتبوو توانی بوو بەهۆی ژن و ژنخوازی خۆی بکاتە دەم ڕاســت و ئاغــەی گوندەکــە و زەوی و زاریــان لــێ داگیربــکات بەحوکمــی داب و نەریتــی ئاغەیەتی،جــا بۆیــە هــەر لەســەرەتاوە لەگــەڵ یــەک ناتەبابــوون، ســەرەتای تەقینــەوەی ناکۆکیەکانیــان لــە هاوینــی ١٩٣٧ دەســتی پێکــرد، کاتــێ ئاغــە ســووکایەتی بەیەکــێ لــە پیــاوە ریــش ســپیەکانی گوندەکــە کــرد و داوای لێکــرد ماڵــی بــار بکات،بــەلام جووتیــارەکان پشــتیان گــرت و نەیانهێشــت باربکات، ئــەوە بــووە ســەرەتایەک بۆ شــکاندنی تــرس و ســامی ئاغــە، ئاغــەش بــە ناچــاری قورقەپــی لــە ڕوداوەکــە کــرد، بــەلام گــرژی لــە نێوانیــان بــەردەوام

بـوو، بۆنموونـە رۆژێـک پیاوانـی ئاغـە ویسـتبوویان لـە جووتیارێکـی بزێـو بدەن،بـەلام جووتیـاری تـر بەهانـای جووتیارەکـە چـوون و لـە پیاوانـی ئاغەیـان داوەتـەوە و یەکیـان گرتـووەو تێریـان لێداوەو ئەوانـی تریش لـە بن دەسـت جووتیـارەکان هەڵاتـوون، بـۆ ئەمـەش ئاغـە چۆتـە دیبەگـە و سـکاڵای لەسـەر جووتیـاران تۆمارکردووە،لـە ئەنجامـدا ٧ کـەس لەجووتیـاران و ٤ کـەس لـە پیـاوی ئاغـە دەگیرێـن بـۆ مـاوەی ١٥ رۆژ دوایـی بـە کەفالـەت بەردەبـن، ئـەو گرژیـە بـەردەوام بـوو، جـار جـار پیاوانـی ئاغـە دزیـان لـە ماڵـە جووتیـارەکان دەکـرد و یـان دەچـوون دەغـڵ ودانـی جووتیارانیـان دەسـووتاند یـان کاری هەتککـردن و تۆقاندنیـان ئەنجـام دەدا، بـۆ نموونـە ڕۆژێـک ٣ پیـاوی ئاغـە گاڕانـی جووتیـاران دەبـەن، جووتیـارەکان بەدوایـان دەگەڕێن،گاڕانەکـە دەبیننـەوە و دەکەونـە دوای ٣ دزەکـە و یەکیـان دەگـرن، بـەلام لێـی نـادەن چونکـە بەڵێنیـان پێـدەدات واز لـە خزمەتکردنـی ئاغـە بێنـێ و ماڵیشـی باربـکات .

ئـەو گرژیـەی نێوانیـان بـەردەوام بـوو تـا سـاڵی ١٩٣٩ کاتـێ مسـتەر لایـن هـات بـۆ تاپۆکردنـی زەویـەکان بەپێـی یاسـای تەسـویەی عێراقـی، لەمـەدا ئاغـە ترسـاو هـەرزوو چـووە لای شـێخ جەمیلـی تالەبانـی بـۆ ناوبـژی، بـەلام دادی نەدا،ئەوجـارە بـرا گەورەیەکـی ئاغـە خـۆی هاویشـتە ماڵـی جووتیارێکـی ڕیـش سـپی بـۆ ئاشـت بوونەوە،بـەلام جووتیـاران باوەڕیـان پێنەکـرد، لەمەشـدا جووتیـارەکان لـە ماڵـی یەکێـک کۆبوونـەوەو پەیمانیـان بەیـەک دا کـە پشـتی یەکبگـرن، ئـەوەی ژنـی هەبـوو سـوێندی بەتـەڵاق خـوارد و ئـەوەی تـر بەقورئـان کـە زەویەکانیـان لەسـەرخۆ تاپـۆ بکـەن و پشـتی یـەک بگرن، کاتـێ مسـتەر لایـن هاتـە گوندەکە، ئاغـە گوتـی ئـەو گوندە زەویەکانـی هـی منـە و جووتیارانیـش گوتیـان هـی ئێمەیـە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لاین پرسـیاری لـە مـەلای گونـدی کـرد، مـەلاش راسـت و ڕەوان گوتـی پێشـتر

هـی جووتیـاران بوو،بـەلام دوایـی ئاغـە لێـی زەفـت کـردوون، لەمـەدا ئاغـە زۆر تووڕەبـوو و گـەف و هەڕەشـەی لـە مـەلا کـرد، جووتیـاران لەپاداشـتی ئـەوە هـەر بـەو شـەوە ماڵـی مەلایـان گواسـتەوە نێـوان خۆیـان و پشـتیان گـرت، بـەڵام مـەلا دوایـی بەناچـاری لەگوندەکـە بـاری کـرد .

لـە کۆتاییـدا ٢٨ جووتیـار زەویـان لەسـەرخۆ تاپۆکـرد ٨ جووتیاریـش بەشـەڕ و ناچـاری زەوی خۆیـان دا بـە ئاغـە، تاپـۆی زەویەکانیـش لـە ٢٦-١١ -١٩٣٩ پەسـندکراوە . دوو جوولەکـە لـە گوندەکـە هەبـوون بەنـاوی داودۆک و وسـوۆک، کەسـانی بێ وەی بوونـە بـەڵام لـە ژێرەوە جووتیارانیان خۆشویسـتووە،دوو سـاڵ پاش جێبەجێکردنـی یاسـای تەسـویە ئاغـە لـە گونـد بـاری کـرد، سـەرکاری لـەدوای خـۆی بەجێهێشـت، دوایـی کوڕەکانـی ئاغـە هاتنـەوە گونـد بـەڵام جووتیـاران هاموشـۆیان نەدەکـردن جگـە لـە هەنـدێ رەنجبـەری بـێ زەوی، تاسـاڵی ١٩٥٨ شۆڕشـی ١٤ ی تەمـووز روویـدا، بـۆ یەکجـاری ئاغـە لـە گونـدی بـاری کـرد .

ئـەو شـعرە فۆلکلۆریـە ئـەوکات گوتـراوە یـادی بەخێـر لـە مـام کەریمـی حوسـێنە خـواری دێمـەکاری وەرگیـراوە:

عانفەریم لۆ دێمەکارییان ..... ناترسێن لەشەش خانی
شێمحەمەدییان هەربڕی ......... بەزەبری ئارەمانی
عانفەریم لۆ دێمەکارییان ....... کوڕی بەوەجی تێدانە
شێمحەمەدییان هەربڕی ........ لەبۆ گەڕەشێخانە

## ١٤- ڕاپەڕینی جووتیارانی گوندی کاریتان

کاریتـان پێشـتر گوندێـک بـوو هـەر ١ کـم لـە دیبەگـە دووربـوو، بـەڵام ئێسـتا بۆتـە گەڕەکێکـی سـەر بـە دیبەگـە بەنـاوی گەڕەکـی کاوە، لەکاتـی جێبەجێکردنـی یاسـای تەسـویەی زەوی لـە سـاڵی ١٩٣٩ جووتیـارەکان


بڕیاریانـدا زەویـەکان لەســەر خۆیـان تاپۆبکـەن و نەیـدەن بەئاغـە، ئاغـەی گونـد زۆر هەوڵیـدا جووتیـارەکان پەشـیمان بکاتـەوە لـەو کارە، بـەڵام جووتیـارەکان زۆربەیـان یـەک دەنـگ بـوون و لەبـەردەم ئاغـە وەسـتان و لـە کۆتاییـدا زەویەکانیـان لەســەرخۆ تاپۆکـرد .

لەتۆڵـەی ئەمـە ئاغـە کەوتـە تۆڵەکردنـەوە و ئازاردانـی جووتیاران،بـۆ نموونـە ئاغـە لەگـەڵ بەڕێوەبـەری پۆلیسـی دیبەگـە ڕێککەوتبـوو کـە پیاوانـی ئاغـە هـەر شـەوێک تەقـە بەسـەر ماڵـی جووتیارانـدا بکـەن بـۆ مەبەسـتی کوشـتن و سـوتاندنی ماڵیـان ٦ دینـار وەربگرێـت بەمەرجێـک پۆلیـس هیـچ لێپرسـینەوە لەمەسـەلەکەدا نـەکات، کاتـێ جووتیـاران بـەم هەواڵەیـان زانـی، شـەوانە لەگـەڵ یـەک کۆدەبوونـەوەو هـەر شـەوەی لـە ماڵـی جووتیارێـک شـەونۆبەتیان دەگـرت، شـەوێک تەقـە بەسـەر ماڵـە جووتیارێـک داکـرا کـە لـەو کاتـی جووتیـاران لێـی کۆببونەوە،بـۆ مـاوەی ٢ کاتژمێـر شـەڕەتەقە لەنێوانیـان بـەردەوام بـوو، لەئەنجامـدا کۆمەڵـێ ئاژەڵـی جووتیـارەکان کوژران، شـەوێکی تـر جۆخینی ماڵە جووتیارێک سووتا، کاتێ جووتیـارەکان شـکاتیان کـرد، بەڕێوەبـەری پۆلیسـەکە کۆمەڵـێ جنێـو و قسـەی ناشـیرینی پـێ گوتـن، لاسـمێڵی جووتیارێکـی دەرهێنـاو پێـی گوتـن سـەگباوکینە ئێـوە خۆتـان جۆخینـی یـەک دەسـووتێنن و دێـن سـکاڵا لەسـەر ئاغـە دەنووسـن . لـەدوای ئـەوە ئاغـەکان، مەلاسـمایلی دیبەگـەو شـێخ عەبدولکەریمـی دارەخورمایـان بـۆ ناوبـژی هێنـا، جووتیـارەکان ڕازیکـران بـەوەی هەریەکـەو پارچـە زەویـەک بداتـە ئاغـەی گونـدی، بـەڵام ئاغـە داوای ئـەوەی دەکـرد پەشـیمان ببنـەوە لـە تاپۆکردنـی زەویەکانیـان .

ئاغـە ئەوجـارە چـوو کاتـب عەدلێکـی لـەدەرەوەی سـنووری شـارەوانی دیبەگـە هێنـا و سـەنەدیان بەجووتیـارەکان پڕکـردەوە بـەوەی کەزەویەکانیـان لەسـەر ئاغـە تاپـۆ بکـەن، لەجیاتـی ئـەوە ئاغـە پارەبداتـە جووتیـارەکان، هەمـوو

جووتیـارەکان سـەنەدەکەیان پڕکـردەوە بـێ ئـەوەی پارەوەربگـرن، تەنهـا ٣ جووتیـار رازی نەبـوون، دوایـی جووتیارەکانـی تریـش پەشـیمان بوونـەوە کـە دیتیـان سـەنەدەکە لـەدەرەوەی شـارەوانی دیبەگەیـە، بۆیـە لەهەولێـر سـکالایان نووسـی درانـە دادگای موسـڵ، و پارێزەرێکیـان بۆخۆیـان گـرت، لەئەنجامـدا سـەنەدەکە هەڵوەشـێنرایەوە و بـەڵام ئـەو پارەیـەی کـە لەسـەنەدەکە نوسـرابوو و لەراسـتیدا نەدرابـووە جووتیـارەکان، دادگا لـە جووتیارەکانـی سـتاند.

## ١٥- راپەڕینی جووتیارانی دەشتی هەولێر لەساڵی ١٩٥٣*




دەشـتی هەولێـر کـە دەشـتی موڵکیـە و بـەرڕێ و شـەمامک و کەندێناوە و قەراج و بەرانەتی دەگرێتەوە، لەکۆنـەوە پێیـان گوتـراوە دەشـتەکی، لەسـەرووی چیـای پیرمامیشـەوە پێیـان گوتـراوە خۆشـناو و لەبـەری رۆژهەڵاتـی زوورگەکانـی کەسـنەزانیش پێیـان گوتـراوە وراتـی کۆیـە، ناوچـەی بەرانەتـی لەبەردەسـتی کوێخـا دێیەکانـی گەردیاتـی و زرارەتـی دابوونـە، بـەڵام دەشـتی موڵکیـە و کەندێنـاوە و شـەمامک و قـەراج زیـاد لـە ٥٠٠ گونـد بـووە ٢٠٠ گونـدی لەژێـر قەڵەمـڕەوی ئاغەکانـی دزەیـی دابوونـە، ئـەو ئاغەیانـەش جووتیارانیـان چەوسـاندۆتەوە، موڵکانەیـان لێسـتاندوون، بێگارییـان پێکـردوون، هـەر جووتیارێـک بەدڵـی ئاغـە نەجولابووایـەوە لەگونـد دەرییـان دەکـرد.

ئاغەکانـی دزەیـی هیـچ هاوخوێنیـی و خزمایەتکییـان لەگـەڵ جووتیارانـی ناوچەکـە نەبـووە، بۆیـە بەزەیـی کۆمەڵایەتییـان زۆر کـەم بـووە بەرانبـەر

*ئەونووسینەم وەک نامیلکەیەک چاپکردووە بەناوی راپەڕینی جووتیارانی دەشتی هەولێر لە ساڵی ١٩٥٣

جووتیارەکان، زوڵمی ئاغەکانی دزەیی لەسەردەمی عوسمانیەکانەوە دەستی پێکردبوو، بۆیە تادەهات زوڵمیان لەسەر جووتیارانی ناوچەکە زۆر دەبوو، لەسەرەتای چەرخی بیستەم تاک و تەرا لەچەند گوندێک جووتیار بەرانبەر بە ڕووی ئاغەکان تەقینەوە، بەشێوەیەکی بەرتەسک، بەڵام لەشوباتی ١٩٥٣ بەهاوکاری ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی عێراق.

جووتیارانی گوندی قازیخانەی سەر بە قوشتەپە، بەرەو ڕووی ئاغەی گوندەکە تەقینەوە و بڕیاریان دا هیچی تر سەرانە نەدەن بەئاغە و هاتووچۆی دیوەخان نەکەن و بێگاری بۆ نەکەن، خۆشییان چەکدارکرد و جووتیارانی گوندەکانی دەوروپشتیشییان لێ ئاگادار کردەوە، کە پشتی یەکبگرن. ئاغەی گوندی قازیخانە کە جووتیارەکانی بەو شێوەیە دیت، هەڕەشەی کرد، بەڵام هەڕەشە دادی نەدا، بۆیە پەنای بۆ پۆلیسی قوشتەپە و هەولێر برد، شکاتی لێکردن، گوتی جووتیارانی گوند هەموو بەفیتی حزبی شوعی هەستاون ودژی پاشا و حکومەتن، بەڵام کار لەکار ترازابوو، دەنگوباس زۆربەی گوندەکانی گرتەوە بۆ هاوکاریکردنی یەکدی، جووتیاران لەگوندەکانی سەر بەئاغە دزەییەکان کۆبوونەوە ئەوەی ژنی هەبوو تەڵاقی خوارد و ئەوەی تر سوێندی بەقورئان خوارد کە پشتی یەکبگرن و دەستییان کرد بە سکاڵا نووسین و بردیان بۆ هەولێر، داواکانیشییان لەم خاڵانەی خوارەوە بوو:

١/ کەمکردنەوەی سەرانە لە سەدابیست بۆ لەسەدا پێنج

٢/ نەمانی بێگاری (سوخرە)

٣/ دابەشکردنی زەوی ئەمیرییە بەسەر جووتیاران .

٤/نابێ جووتیار لەخوت و خۆڕایی دەربکرێ.

ئەوکات ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی عێراقی ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو لە هۆشیارکردنەوەی جووتیاران و کۆمەکیی کردنییان، دوای ئەو ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکرات دەهات کە هاوسۆزی خۆییان بۆ جووتیاران پیشان دەدا.

حکومەتـی عێراقـی ئـەوکات نوێنـەری چینـی دەرەبـەگ بـوو، هـەر زوو کەوتـە دامرکاندنـەوەی ڕاپەڕینەکـە و لەهـەر گونـدێ ٤- ٥ جووتیـاری بزێـو و چالاکـی گـرت و بـە سـەیارەش شـەو و ڕۆژ بەنـاو گونـدەکان دەسـوڕاوە بۆ چاوشکاندنی جووتیاران،لەکۆتایی بەهـار زیـاد لـە ١٥٠ جووتیـار گیـران و ڕەوانـەی زیندانـی موسـڵ و کەرکوک و هەولێـر کـران، لـە سـاڵێک تـا ٤ سـاڵ زیندانـی کـران، هەندێکیشـییان شـەش مانـگ زیندانـی کـران، هەندێکیشـییان ڕەوانـەی ڕانیـە و بیتوێـن کـران.

لەئەنجامـی ئـەو ململانێیـە زۆر جـار شـەڕە تەقـە لەنێـوان ئاغـە و جووتیـاران ڕووی دەدا، جار جاریش لەنێوان پۆلیس و جووتیـاران ڕووی دەدا،ئـەو کێشـمە کێشـە شـەش مانگـی خایانـد، لەئەنجامـدا ڕاپەڕینەکـە دامرکایـەوە و هەنـدێ جووتیاریـش زیندانـی کـران و چەنـد جووتیارێکیـش شـەهیدبوون، بـەڵام لەگـەڵ ئـەوەش ڕاپەڕینەکـە هەنـدێ دەسـکەوتی بـۆ جووتیـاران بەدەسـت هێنـا، لەوانـە

١/ نەمانی بێگاری

٢/ نەمانی هەندێ سەرانە وەک سوورانە و قشپلانە و مەڕانە و قاوەچیانە.

٣/ هەندێک لەئاغەکان گوندییان بەجێهێشت و چوونە شار

٤/ بۆیەکەمجـار بـوو جووتیـار بـە کۆمەکـی و لەچەنـد گونـد پێکـەوە بـەرە و ڕووی ئاغـەکان وەسـتانەوە و پشـتی یەکێیـان گـرت. لـەدوای ئـەوە حکومـەت ناچـار بـوو گرنگـی بـدات بـە ژیانـی گونـدەکان لەڕێـگا و بـان و کردنـەوەی قوتابخانـە ...

### ١٦- هەرای حەرەس قەومییان ساڵی ١٩٦٣

هەنـدێ یـادەوەری هەیـە زۆر ئەسـتەمە لەبیـری کەسـەکان بچێتـەوە، یەکـێ لـەو یادەوەریانـە کـە بـۆ خەڵکـی کەندێنـاوە بەگشـتی و دیبەگـە بەتایبـەت هـەرای (حـەرەس قەومییان)کـە یادەوەرییەکـی زۆر تاڵـە، هەمیشـە خەڵکـی بەتەمـەن گـەورەی ناوچەکەمـان دەیانگوتـەوە .

حــەرەس قەومــی هێزێکــی چەکــداری خێڵەکــی نەتەوەپەرســتی شــۆڤینی عەرەبــی بــوون، لــەدوای کودەتاکــەی بەعــس لەســەر عەبدولکەریــم قاســم دروســت بــوون بــۆ پاکتاوکردنــی شــیوعی و و لایەنگرانــی کەریــم قاســم و خەڵکی ئازادیخــوازی کوردســتان و عێراق . لــە ١٩٦٣/٥/١٨ بــە یاسای ژمارە ٣٥ بەفەرمــی حــەرەس قەومــی وەک هێزێکــی چەکــداری عێراقــی بــۆ پاڵپشــتی ســوپای عێــراق دامــەزرا، کــە زۆربەیــان بەعســیی بــوون، کەســەرۆک هــۆزە عەرەبــە ســوننەکانی تێــدا کۆببــۆوە.

لــە ڕێکەوتــی ١٩٦٣/٦/٦ هێزێکــی ســوپا و (قــوەی ســەیار) نزیکــەی ٣٠ ئۆتۆمبێلێــک بــەرەو چیــای قەرەچــوغ هاتــن رووەو گونــدی دارەخورمــا، کــە هەواڵگــری ســوپای عێــراق زانیــاری هەبــوو بــارەگای ناوچــەی پارتــی لــێ جێگیرکــراوە، بەگوێرەی زانیارییــەکان هێزەکــەی پێشــمەرگە نزیکــەی ٥٠ کــەس دەبــوون، هەندێک خەڵکی خۆبەخشــیش دوایی بەگەڵییــان کەوتــن . ئــەو هێــزە کەنزیــک دارەخورمــا بــووەوە لەلایــەن پێشــمەرگەکان تەقەیــان لێکــرا، شــەڕ لەکاتژمێــر ٧ ی بەیانــی دەســتی پێکــردووە تــا ٣ ی دوای نیــوەڕۆ، لەئاکامــدا هێزەکــەی حکومــەت شکاو و کوژراو و دیلی هەبوو و ئۆتۆمبێلی لەمەیدانەکە بەجێهێشــت، بــە دۆڕاوی گــەڕاوە دیبەگــە، بــۆڕۆژی دواتــر هێزێکــی ســەربازی بەســەرکردایەتی حەمــاد شــەهاب هاتــە ناوچەکــە، لەگــەڵ هێزێکــی حــەرەس قەومی شــێخ حەنــەش تــەی و محەمــەد شــەحادە و شــیخ ئیبراهیم ئەلبوحمدان و محەمــەد ســوڵتان شــێخی گونــدی لاکەچــە، هێرشــییان بــۆ ســەر خەڵکــی سـڤیلی ناوچەکــە هێنــا و زیــاد لــە ٣٢ گوندییــان ســووتان و ٣٠٠ کەســییان ڕەشــبگیر کــرد و زیــاد لــە ٢٦ هاووڵاتــی سڤیلیشــییان شــەهیدکرد و تــاڵان و بڕۆییەکی زۆریشــییان لــە مەڕوماڵاتــی هاووڵاتییــان کــرد کــە مەزەنــدە دەکــرا بــە ٦٣٠٠٠ ســەر، چەندیــن ئاژەڵــی وەک چێــڵ و گوێدرێــژ و ئێســتر و ئەســپ بــردران، جگــە لــە بردنی تراکتــۆر و دەڕاســەی جووتیارە کوردەکانی ناوچەکە.

ئـەو هێـزە کـە بەیانـی دواتـر هاتنـە بـازاڕی دیبەگـە دوکانەکانییـان تـاڵان کـرد و دوایـی سـووتاندییان و تەنانـەت هەنـدێ چەکدار چوونـە نـاو هۆڵەکانـی تاقیکردنـەوەی قوتابیـان، کـە وەختـی تاقیکردنـەوەی بەکەلۆریـای شەشـەمی سـەرەتایی بوو، هەڕەشـەیان لەمامۆستا و قوتابیەکان کردبوو و ترسـاندبوویانن. زیـاد لـە ٣٠ پیـاوی دیبەگەیـان ڕەشـبگیر کـرد کـە زیـاد لـە ١١ مانـگ گیـران .

ئەو کەسانەی شەهید بوون :

١ـ لـە گونـدی خدرجیجـە حاجـی عـەولا و خەدیجـەی خێزانـی و قەدریـەی کیژیشـی برینداربـوو. لەگـەڵ حسـن حاجـی پیـرداود کـە لەقەڵاتەسـۆران بەگوللـە شـەهید کرابـوو.

٢ـ لەگوندی گاوەرە مام هەینی چایەچی، کەکەسێکی سڤیل بوو سەریان بڕی.

٣ـ لەگونـدی لاوەر ئەحمـەد مەولـود شـەهیدکرا و محمـدی مـام هەینـی گیـرا و دوایـی ئەشـکەنجەدان ئازادکـراو گیانـی لەدەسـت دا .

٤ـ لەگوندی ئازیکەند سالحی مام کاوێسی کە شوان بووە.

٥ـ لەگوندی کەنداڵ، شێخ عیزەددین شێخ مستەفا .

٦ـ لەگوندی چەغەمیرە : سمایل خدر شەریف .

٧ـ لەگوندی گابەڵەکە، جەمیل ئەحمەد، لەگەڵ شوانێک بەناوی سابیر.

٨ـ لەگونـدی تەلەلخێـم تاهیـر مـەلا و ئەنـوەر مـەلا و محەمـەد عەلـی و بەکـر سـدیق دوای بەرگرییەکی قارەمانانـە شـەهیدکران .

٩ـ لەکۆزەپانکە کەسێکییان لەناو ئاش شەهیدکرد.

١٠ـ لەگونـدی سـۆفی سـمایل، عەبـۆی مـام شـەریفی و برازایەکی منداڵیشـی. کەکوڕی مەجیـدی شـەریفی بـوو.

١١ـ لەگوندی عاڵلای، مامک پیرداود .

١٢ـ لەدەربەنـدی گۆمـێ (سـیانان) خەلیفـە خـدر و قـادر عومـەر و تایـەر سـمایل خـوازێ. حامـد حەمـەد .

١٣ـ لەگەزوەشان : ژنەک بەناوی ستیلکان و سابیر عەبدوڵڵا و ئەحمەد پیرۆت کەئەوەی دوایيان لەبن لێدان گیانی سپاردووە.

١٤ـ لەگوندی سەربەشاخ حەسەن ئۆمەر مەلا کە شوان بوو .

ئـەو کەسـانەی گیـران هەندێکییـان تـا یـەک سـاڵ هەندێکییـان ١١ مانـگ و هەندێـک ٦ سـاڵ زیندانـی بـوون، لەهەولێـر و کەرکـوک و موسـەیەب.

ئــەو گوندانــەی ئــەو کات عەرەبــی بــەدووی تێـدا نیشـتەجێکرا (کەنـداڵ، گاوەرە، خدرجیجـە، لاوەر، حاجـی شـێخان، حەسـەن بلبـاس، دارەخورمـا، خۆشـاو، دەرمانـاو، دێمـەکار، چیغلۆک، چەغەمیرە، عالـڵا، کەندارەقەڵ، پەڕکانە، جانـە تیکالۆ، بیرەبات، جاسـتان، غەرابـە، گابەرەکـە، دەربەنـدی گۆم، دەربەنـد سـارەلو، دڕکــەی گچکــە و دڕکــەی گــەورە و چــەرت وتەلهەلالــە و گێســمە و عەولافـات و قـووچ ).ئـەو تەعریبـە بـەردەوام بـوو تـا مانگـی ١٩٦٧/١١ کـە عەبدولڕەحمـان عـارف هاتـە سـەر دەسـەڵات، بەبڕیارێـک عەرەبەکانـی دەرکـرد و کوردەکانـی گێـڕاوە شـوێنی خـۆی .

**١٧ـ شەڕی قەرەچوغ لەساڵی ١٩٦٣ لە زمانی سەعید حەمۆی تاوانبارەوە**

سـەعید حەمـۆ ئەفسـەرێکی رەگەزپەرسـتی تورکمانـی تەلەعفـەر بـووە لەسـاڵی ١٩١٩ لەتەلەعفــەر لەدایــک بــووە، چۆتــە کۆلیــژی ســەربازی، دوایــی بۆتــە ئەفســەری پیـادە لەسـاڵی ١٩٦٣ بۆتـە ئامـر لیـوای پێنجـی پیـادە سـەرکردایەتی هێزێکــی کــردووە لەهێــرش بــۆ ســەر چیــای قەرەچــوغ، لەســاڵی ١٩٧٧ وەک بیرەوەرییەکانــی خــۆی لەتوێــی پەڕتوکێــک بڵاوکردۆتــەوە لەلایــەن وەزارەتــی ڕاگەیاندنــی عێراقــی، لــەو یاداشــتە باســی ســەرەتای بەشــداربوونی لەشــەڕی دژ بــە گەلــی کوردســتان دەکات هــەر لــە ســەرەتای مانگــی ١٩٦١/٥ تاکــوو ســاڵی ١٩٦٨، لــە ٢٠٠٠/٣/٤لەبەغـدا مـردووە، گـەر نووسـینی یادەوەرییەکانـی دەخوێنیتـەوە، زۆرێـک لەپیاهەڵدانـی بـە ئازایەتـی سـوپای عێـراق داهەڵدەڵێـت و شـانازی بـەو کوشـتارە نامرۆڤانـە دەکات کەبەرانبـەر گەلـی کوردسـتان کـراوە

کەتیایدا بەشداربووە. هیچ باسی گرتنی خەڵکی مەدەنی ناکات لەدوای شەڕی قەرەچوغ-دارەخورما کە زیاد لە ٣٠٠ کەس گیراون ، زیاد لە ٢٠ کەسیش شەهید و سووتانی دەیان گوند و تالانی ماڵی گوندنشینان و دوکانەکانی دیبەگە.

سەعید حەمۆ کە ئامر لیوای پیادەڕۆ بووە لە یادەوەرییەکانی خۆی لە لاپەڕە ٦٠، ٦١، ٦٢ نووسیوییەتی دەڵێت :لە ١٩٦٣/٥/٢٥ لیواکەمان لەمووسڵەوە هاتە هەولێر بەدووقۆناغ قۆناغێک بۆ ئاسکی کەلەک قۆناغی دووەم بۆ هەولێر، نووسیویەتی : پاککردنەوەی ناوچەی دیبەگە و قەرەچوغ لە ١٩٦٣/٦/٦ دەڵێ: ڕاکردووەکان (مەبەستی پێشمەرگەیە) دەستییان وەشاند لە سرییەی پۆلیسی سەیار کە بەدوایان داچووبوون، هەندێک زیانییان پێگەیشتبوو (مەبەستی هێزی حکومەتە کەزیانییان پێگەیشتبوو) کە ترومبێلەکی جێب و ئامێرێکی لاسلکی ژمارە ٩ بوو، کە لە لیوای پێنجییان وەرگرتبوو، بۆیە بڕیاڕدرا بە پاککردنەوەی ناوچەکە لێیان بەپێی پلانێک، کەبەم شێوەیەبوو:

- فەوجی ٢ لەلیوای ٥ لەگەڵ سرییەیەکی دەبابە کەبەرەتلی باکوور ناسرابوو لەهەولێرەوە بەرەو ڕێی دیبەگە هاتن تا گەیشتنە (بازارگە) گوندەکانییان لەلای باشوور پشکنی تا بەرزایی ژمارە ٢٥٥٠.
- فەوجێک لەلیوایەکی دیکە لەکەرکووکەوە هاتن بەڕێی دوبز بەرەوە دیبەگە بۆ گوندی سلێمان بەخشیان، کەبەرەتلی باشوور ناسرا،دەستی بەپشکنینی گوندەکان تا بەرزایی ژمارە ٢٨٧١.
- هەروەها سرییەیەکی ئالی و دەبابە لەگەڵ هەندێک لە فرسان وەلید (چەکداری عەشایەری عەرەب)بەسەرکردایەتی حەماد شەهاب کەبەرەتلی فرۆکەوان ناسرابوو، چاودێری و پاڵپشتی ڕەتلی باشوورییان دەکرد لە گوندی سەرگەڕان، ئینجا بەرەو باشووری چیای قەرەچوغ بچن و دوایی بە پاڵپشتی چەکداری عەشایەری عەرەب بەرەو رۆژئاوا بچن تا هەموو ئەوانە لەناو ببەن کەدەیانەوێت هەڵبێن.

لەکاتژمێر ٦٠٠ ی بەیانی رۆژی ١٩٦٣/٦/٦ بڵاوبوونەوە و دەستبەکاربوون.

فەوجی ٢ ی لیوای ٥ لەگەڵ مەقەڕ فەوج لەبەیانی ١٩٦٣/٦/٥ لەهەولێرەوە بەرەو دیبەگە هاتن کاتژمێر ١٥٠٠ گەیشتن و دەستییان بە چاودێری کرد.

رەتلی باکوور کاتژمێر ٦٠٠ ی رۆژی ٦/٦ لەدیبەگەوە بەرەو دەربەندی مەخموور چوون (بازارگە)و بنکەکییان لێ دانا، ئینجا بەرەو بەرزایی ٢٥٥٠ و ٢٢٢٥چوون و گرتییان .ئینجا سەربازەکان وەک لەپلانەکە هاتبوو گەڕانەوە دیبەگە.

رەتلی باکوور لەرۆژی ٦/٧ بەڕێگای دیبەگە ـ هەولێر گەڕانەوە هەولێر، بەبێ زیان بێ ئەوەی تووشی هیچ پێکدادانێک ببن، لەدەربەندی مەخموور ٠(بازارگە) ١٤ کەسییان گرت، کەگومانی یاخیبوانییان لێ دەکرا هەروەها بریندارێکیش گیرا.

ـ دوو رەتلەکەی دیکەش گەڕانەوە کەرکووک .

**١٨ـ شێخ حەواس**

شێخ حەواس و عیادەی برای لەیادەوەری کوردانی کەندێناوەی سەردەمی کودەتای بەعس و قەومییەکان دوو کەسی تاوانبارن، ئەوانەی هەرای حەرەس قەومییان لەبیرە زۆر باش ئاشنان بە حەواس و عیادە و عەشیرەتی بەدووی شەمەر.

حەواس کوڕی کەنعان کوڕی مەیزەرە لە بەرەبابی ئال سەدید بوو، لە تیرەی سایح لەعەشیرەتی شەمەر بوو، لەساڵی ١٨٩٧ لەنەجدی سعودیە لەدایک بوو، هەندێکیش دەڵێن لەساڵی ١٩٠٨ لە حەویجەی سامەڕا لەدایک بووە،ئەو عەشیرەتە زیاتر لەڕۆژئاوای موسڵ و تکریت بڵاون، لەسەردەمی عەبدولکەریم قاسم یەکەم هۆز بوو خۆی بەلایەنگری یاخیبووانی شەواف دانا و ڕووی چەکی کردە شوعییەکان، لەسەردەمی عەبدولسەلام عارف دژایەتی شۆڕشی ئەیلوولی کرد هێزەکی عەشایەری پێکهێنا بەناوی

سـوارەی وەلیـد (فرسـان الولیـد) تـاوان و تـالان و بڕۆیەکـی زۆری کـرد لەهاوینـی ١٩٦٣ لـە گوندەکانـی کەندێنـاوە، تاکـە تیـرەی عەشـیرەتی شـەمەر بـوون کـە بڕیـاری شـەڕی کوردانییـان دا، چونکـە زۆرێـک لەشـەمەرەکانی دیکـە دۆسـتی کـورد بـوون، نەهاتنـە نـاو شـەڕەکە.

لەکاتـی هاتنـی فرسـان وەلیـدی حـەرەس قەومـی بەسـەرۆکایەتی حەمـاد شـەهاب هاتـن لـە سـەرگەڕان دامـەزران دوایـی هاتنـە گوندەکانـی بنـاری قەرەچـوغ بـەلای کەندێنـاوەو لای رۆژئاوایـان گـرت تاوانییـان لـە گونـدی تەلەلخێـم و خدرجیجـە و کەنـدار ئەنجـام دا.

لەهاوینی ساڵی ١٩٦٣ تا پاییزی ١٩٦٧ حـەواس و چەکدارانی عەشیرەتەکەی بە فەرمانـی حکومەتـی عبدالسـلام ٢٣ گونـدی کوردانـی کەندێناوەیـان تەعریـب کـرد . کەنـدار، گاوەرە، خدرجیجـە، لاوەر، حاجـی شـێخان، حەسـەن بڵبـاس، دارەخورمـا، خۆشـاو و دەرمانـاو، جاسـتان، دەربەنـدی سیانان، سەربەشـاخ، پەڕکانـە، عەولافـات، سـارەلوو، شـەنەغە، دڕکـەی گـەورە، دڕکـەی گچکـە، چـەرت، تەلهەلالـە، گێسـمە، گەزوەشـان، گـڕاو.. . هـیَ لـەوەی لەسـەرەتای هێرشـی حـەرەس قەومییـەکان دەیـان کـەس شـەهید بـوون و زیـاد لـە ٣٠٠ کەسـیش زیندانـی کـران لەهەولێـر و موسـەیەب و هەروەهـا چەندیـن گونـد سـووتا و تالانکـرا، بـە بـازاڕی دیبەگەشـەوە تالانکـرا و سـووتێندرا، لەلایـەن ئـەو عەرەبـە بـەدووە شـەمەریانەی حەواسـەوە . لـە ١٦/ ٤/ ٢٠٢٠ حـەواس مـرد کەتەمەنـی گەیشـتە ١٢٣ سـاڵ هەندێکیش ١١٢ سـاڵ تەمەنـی دەژمێـرن .

عیـادە: بـرای حـەواس بـوو دۆسـتی نزیکـی سـەدام بـوو لـە سـاڵی ١٩٧٦ پارێزگاری سـەلاحەدین بوو لـە١٩٨٢ جارێکی دیکە بۆوە پارێزگاری تکریت، ماوەیەکیـش پارێـزگاری موسـەنا و دیالـە بـوو، عیـادە لەهێـرش و هـەرای حـەرەس قەومییـان بـۆ سـەر کەندێنـاوە رۆڵـی خراپـی هەبـووە و هـاوکاری حـەواس بـووە، ئێسـتا عیـادە لەشـاری (ڕیـاض) لـە سـعودیە دەژی وەک پەنابـەری سیاسـی .

### ١٩. بەعەرەبکردنی ناوچەکە:

لەوەتەی بیری شۆڤینی عەرەب پەرەی سەندووە، ناوچەی قەراج و کەندێناوە و شەمامک، هەمیشە کەوتوونەتە بەر مەترسی، هەرکاتێک عەرەب دەسەلاتییان بەهێز بێت، مرخی خۆیان لەناوچەکە خۆشکردووە، تالانی و کوشتن و بڕینییان کردووە و ئینجا داگیرییان کردووە، هەر لەسالی ١٩٦٣ەوە کە زیاد لە ٢٣ گوندی کەندێناوە تەعریبکرا بەعەرەبی شەمەر، تاکوو سالی ١٩٦٧ کە بەفەرمانی بەغدا رۆیشتنەوە و جارێکی دیکە لە سالی ١٩٧٦ دووبارە ٢٢ گوندی کەندێناوە عەرەبنشینکران و کوردەکانی لێ دەرکران و تا سالی ٢٠٠٣ جارێکی دیکە لەگەل رووخانی سەدام و ئازادکردنی ناوچەکانی بن دەستی سەدام دیسان عەرەبەکان هەلاتن و تا دوای ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەری سالی ٢٠١٧ دیسان عەرەب هاتنەوە هەندێ ناوچە و ئێستا کێشەو گرفتیان خولقاندووە لەناوچەکانی سەرگەڕان.

### ٢٠. کوشتنی شێخ حەنەش

شێخ حەنەش تائی لەدایک بووی سالی ١٨٩٠ بوو لەگوندی هەوێرەی شەمامکی سەر بەناحیەی گوێڕ دادەنیشت، سەرۆکی هۆزی تەی (طائی) عەرەب بوو خاوەن چەکدار و دەسەلاتێکی زۆر بوو لەناوچەکە، لەکودەتای سالی ١٩٦٣ ی بەعسی و لەهەرای حەرەس قەومییان بووە چەکدار، لە سەرەتای مانگی ١٩٦٣/٦ بەشداریکی سەرەکی بوو لە هێرشکردن بۆ سەر پێشمەرگە لە گوندی تەلەلخێم و لە ئەنجامی شەڕێکی چوار سەعاتی چوار پێشمەرگەی قارەمانی گوندی تەلەلخێمییان شەهید کرد. بەناوی ئەنوەر مەلا محەمەد و تاهێر مەلامحەمەد و حەمەد عەلی سادق و بەکر سەدیق حەمەدەمین بریندار دەبێ و دەگیرێت، عومەر سەلیمیش قورتار دەبێت، هێ لەوەی مالێکی زۆری خەلکییان تالانکرد و ئاگر تێبەردا. لەدوای ئەوە کۆمەلێ تاوانی دەرهەق بە هێزی پێشمەرگە و گوندنشینەکوردەکانی ناوچەی شەمامک و کەندێناوە و قەراج ئەنجام دا،

## هۆکاری سەرەکی کوشتنی شێخ حەنەش

رۆژێـک شـێخ حەنـەش و فەتـاح ئاغـەی هەرکـی لـە بینایـەی لیـوای هەولێـرلای موتەسـرف لێیـان دەبێتـە دەمەقاڵـی و جنێـو بەیـەک دەدەن، فەتـاح ئاغـەی هەرکـی بەشـێخ حەنـەش دەڵێـت، ئەگـەر نەمـرم دەبـی بـە عەگالەکـەی سـەرت پەتکـت بکـەم، بەهەمـان شـێوەش شـێخ حەنـەش دەڵـێ منیـش دەبـێ بـە جەمەدانییەکـەی خـۆت پەتکـت بکـەم، موتەسـەرف فەتـاح ئاغـە دەخاتـە زیندانـەوە، ئـەو ڕووداوە دەگاتـەوە سـەرانی شـۆڕش و مـەلا مسـتەفا، مـەلا مسـتەفا زۆری پـێ ناخـۆش دەبـێ، چونکـە فەتـاح ئاغـە لەنـاو هەرکییـان لایەنگـری بارزانـی بـووە و ماڵەکەشـی لەخزمـەت شـۆڕش و پێشـمەرگە دابـووە، بۆیـە بارزانـی زۆر تـوورە دەبـێ و فـارس بـاوە ڕادەسـپێرێ شـێخ حەنـەش بکـوژن، ئەوەبـوو لـە تۆڵـەی تاوانەکانـی تەلەلخێـم و ئـەو ڕووداوە، لـە رۆژی ١٩٦٨/٤/١٢ هێزێکـی پێشـمەرگە کەخـۆی لـە ٢١ کـەس دەدا لەڕێـی کۆنـی گوێـڕ هەولێـر لەنێـوان گونـدی سـوێرە و عارەبکەنـدی کاتژمێـر دووی پـاش نیـوەڕۆ بۆسـەیەکیان بـۆ شـێخ حەنـەش و چەکدارەکانـی دانـاوە، کـە سـێ ئۆتۆمبێـل بـوون لەئەنجامـدا شـێخ حەنـەش و چوارکەسـی دیکـەی لەگـەڵ کـوژران، شـوفێرەکەشـی برینـدار بـوو کـە نـاوی سـابیرە گـۆج بوو.دووبـراش بەنـاوی حەسـەن و حوسـێن کـورد بوونـە و خەڵکـی گونـدی گعێتلـی بوونـە لەگـەڵ ئۆتۆمبێلەکانـی شـێخ حەنەشـی بـوون کـوژراون، ئـەو دوو برایـە تووتنـی قاچاغییـان لـێ گیرابـوو، چووبوونـە لای شـێخ حەنـەش بـۆ ئـەوەی کێشـەی تووتنـە قاچاغەکەیـان لـە کـۆڵ بێتـەوە،دوای کوژرانـی شـێخ حەنـەش، عەرەبـی شـێخ حەنەشـی شـوفێرێکی دەڕاسـەیان کوشـت کـە کـورد بـوو، دوو کـوردی گونـدی تەلەلخێمییـان کوشـت و بەسـەیارە لـەدوای خۆیـان ڕاکێشـا، کـە لەعەشـیرەتی رۆژبەیانـی بوونـە. گاڕانـی گونـدی زاگـە و شـەمشـوولە و قادریەیـان بەتاڵانـی بـرد.



**کێخوا سێوێ**

ناوی سێوێ عەبدولقادر حوسێنە خەڵکی گوندی سەلماسی سەر بە مەخموور بووە، لە ساڵی ١٩٤١ لەسەلماس لەدایک بووە، باوکی شەش کچی هەبووە ، هیچ کوڕی نەبووە ، سێوێ کچی گەورەی دایک و بابی بووە، بۆیە هەر بە گچکەیی لەئیش ڕاپەڕاندن لەگەڵ باوکی بووە لە بەخێوکردنی مەڕومالات و دەغڵ ودان ، چونکە باوکی هەبوونە بووە ، لەدوای مردنی باوکی سێوێ کاروباریماڵەوەیان و بنەماڵەکەیان دەگرێتە ئەستۆی خۆی وەک پیاو هەڵس وکەوت دەکات بۆیە پێی گوتراوە کێخوا سێوێ، چونکە وەک کێخوای گوندەکەیان هەڵس و کەوتی کردووە، زۆر جاران تفەنگی لەشانی کردووە و دەمانچەی بەجلی پیاوان لە نێکی بەستووە ، لە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی زۆر جوامێرانە رەفتاری کردووە ،بۆیەش ناچاربووە شوێنی باوکی بگرێتەوە و گرنگی بە نیشانە شکێنی و سوار چاکی چوونە دیوەخانی پیاوان و دام و دەزگای دەوڵەت بدات ، خۆی لەدیمانەیەک دەڵێت لەساڵی ١٩٦٣ نزیکەی ١٦٠٠ سەر مەڕمان هەبوو لەو قەراجەی عەرەب ویستییان تالانی بکەن ، بەڵام لەگەڵیان کەوتینە شەڕەتەقە و نەمانهێشت لێمان نزیک ببنەوە، بەداخەوە لە ١-٦- ٢٠١٤ بەنەخۆشی کۆچی دوایی کردووە.

## ٢٢. ساڵنامەی ڕووداوەکان

کاتی خۆی خوێندەواری زۆر کەم بووە، خەڵک ساڵی وەک ژمارە نەدەناسی بەگوێرەی رووداوی گەورە ناوی دەهێناوە، من وەک لە پیرەکانی پێش خۆم گوێم لێبووە، لەسەرەتای سەدەی بیستەم، تاکۆتایی سەدەی بیستەم ئەوان ڕاهاتبوون بە بیرهێنانەوەی ساڵەکان، بە رووداوە

گـەورەکان، ئەمنیـش هـی دوای سـاڵانی ١٩٧٠م لەبیـرە، لێـرەدا ئـەوەی زانیومـە دەیخەمـەوە بیـر.

١ـ شـەری سـەفەربەرلک، لـە١٩١٤ تاکـو ١٩١٨، شـەڕی جیهانـی یەکـەم، کەعوسـمانییەکان لەگـەڵ بەریتانیـا لەشـەڕدابوون .

٢ـ سـاڵی بەفـرە زۆرەکـەی، سـالی١٩١٦ بـووە بەفرێکـی زۆر بـۆ مـاوەی زیـاد لـە ٢٠ رۆژی بەفـر باریـوە لەهەولێـر و دەشـتی هەولێـر، خەڵـک لەبـەر زۆری بەفـر نەیانتوانیـوە بێنـە دەرەوە لەمـاڵ.

٣ـ سـاڵی گرانی،(گرانـی گچکـە) لـە پایـزی سـاڵی١٩١٧ هەتـا پایـزی سـاڵی ١٩١٨ەوە واتـە تـا مانگـی ١١ی ١٩١٨کـە بـە یەکجـاری عوسـمانی لەهەولێـر لەبەرانبـەر لەشـکری بەریتانیـا شـکان و رۆیشـتن، لـە کۆتایـی شـەڕەکە، نەیتوانیـوە زەخیـرە بـۆ لەشـکرەکەی دابیـن بـکات، بۆیـە هـەر ماڵێـک گەنـم و جـۆ و ئـاردی لەمـاڵ بووایـە جەندرمەکانـی عوسـمانی دەچـوون لێیـان دەسـتاند بـۆ خۆیـان دەبـرد، خەڵکەکـە لـەوەوە تووشـی گرانـی بوونـە. لەنەبوونـی ئازووقـە. دەنـا بـاران بـاش باریـوە سـاڵەکی نەهـات نەبـووە.

٤ـ سـاڵی تەوسـیەی (تسـوية اراضـي) سـاڵی مسـتەر لایـن: لەسـاڵی ١٩٣٨ـ١٩٣٩ بـووە ئەندازیارێکـی بەریتانـی هاتـووە یاسـای چاککردنـی زەوی جێبەجێکـردووە، نـاوی لایـن بـووە، هـەر جووتیارێـک ئـەو زەوییـەی لەبـەر دەسـتی دابـووە و بوێـری بکردابووایە لەبەرانبـەر ئاغـە بڵـێ ئـەوە زەوی منـە و دوو شـاهێدی هەبووایـە (لایـن) بەنـاوی ئـەو تاپـۆی دەکـرد.

٥ـ سـاڵی شـەڕی ڕەشـید عالـی : سـاڵی ١٩٤١ بـووە لـەو سـاڵەدا ڕەشـید عالی گەیلانـی و چەند فەوجێکی لەشکری عێراقی کە ئەفسـەرەکانییان بیری عەرەبچێتییـان هەبـوو، لەبەرانبـەر سـوپای بەریتانیـا ڕاپەڕیـن و شـەڕییان کـرد بـۆ دەرکردنـی بەریتانییـەکان . دوایـی یاخـی بوونەکەیـان کـپ کـراوە.

٦ـ سـاڵی گرانەتـای، کـە سـاڵی ١٩٤٤ بـوو خەڵکێکـی زۆر لەناوچەکـە

تووشــی نەخۆشــی گرانەتــای بوونــە.

٧ـ ســاڵی هــەرای ئاغــە و کرمانجــان : ســاڵی ســوندخواردنێ : ســاڵی ١٩٥٣ بــوو لــەو ساڵەدا لەزۆربــەی گوندەکانی دەشتی هەولێر جووتیار لەبەرانبەر ئاغــەکان ڕاپەڕیــن و بڕیارییــان دا هیچــی دیکــە نەچنــە دیوەخــان و ســوغرە بــۆ ئاغــە نەکــەن.

٨ـ ساڵی هــەرای شــەعب، ساڵی چەپڵەی شــەعب شــەعبی :ساڵی ١٩٥٨ بوو ســاڵی شۆڕشــی ١٤ ی تەمــووزی، کەلــەو ســاڵەدا رژێمــی پاشــایەتی رووخــا و کــرا بەڕژێمــی کۆمــاری، خەڵکــی جووتیــاری رەش و رووت چەپڵەیــان لــێ دەدا و دەیانگــوت بــژی بــژی شــەعب .

٩ـ ســاڵی کەرگیــران : ســاڵی ١٩٦٢ بــووە لەوســاڵەدا لەهەولێــر حکومــەت بڕیــاری دا هــەر کەســێک بەکــەرو بــار بچێتــە هەولێــری کەرەکــەی دەســت بەســەر دەکــرا، چونکــە دەیانگــوت هــاوکاری بــۆ پێشــمەرگەی دەباتــن.

١٠ـ ســاڵی هــەرای حــەرەس قەومییــان: لەمانگــی ٦ ی ســاڵی ١٩٦٣ بــە پالپشتی حوکمەتی بەعس  قەومییەکانی عــەرەب و حــەرەس قەومی عــەرەب هاتنــە گوندەکانــی کەندێناوەیــان زۆریــان ســوتاند و تاڵانــی کــرد .

١١ـ ساڵی مفاوەزاتی: بەیانی ١١ ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ بوو کە شۆڕشی ئەیلول لەگەڵ حکومەتی بەغدا شــەڕییان ڕاگرت و هاتنــەوە نــاو شــارەکان.

١٢ـ ساڵی تێکچوونی شۆڕشی : ئاداری ١٩٧٥ کە سەدام و شا ڕێککەوتن و پێشــمەرگەش زۆربــەی تەســلیم بــووەوە و شــتێک لــەو ســاڵی بەنــاوی شــۆڕش و پێشــمەرگەی نەمــا.

١٣ـ ساڵی شــەڕی عێراق و ئێران : ســاڵی ١٩٨٠ کەســەرەتای دەســتپێکردنی شــەڕ لەمانگی ٩ی ١٩٨٠ بوو ٨ ســاڵی درێژە کێشــا زیاد لەملیۆنــەک کــەس لەعێــراق کوژرا و ماڵوێرانییەکی زۆر تووشــی عێراقییــەکان بــوو بــە خەڵکــی کوردستانیشەوە.

١٤ـ ساڵی مفاوەزاتی یەکێتی و بەعس لەکۆتای ساڵی ١٩٨٣ بوو بۆ ماوەی زیاد ساڵێک شەڕ لەنێوان بەعس و یەکێتی وەستا.

١٥ـ ساڵی کیمیا باران: لە ئاداری ١٩٨٨ بوو کیمیا بارانی هەڵەبجە و بالیسان ...... کە رژێمی سەدامی ملهوڕ زیاد لە ٥٠٠٠ کەسی بە گازی ژەهراوی شەهید کرد و بە هەزارانیشی بریندار و پەککەوتە کرد.

١٦ـ ساڵی ئەنفالی: لەبەهاری ١٩٨٨ تا مانگی ٩ی ١٩٨٨ درێژەی کێشا، تیایدا حکومەتی سەدام ١٨٠ هەزار کەسی کوردی لەگەرمیان و هەولێر و بادینان بەزیندوێتی لە بیابانەکانی سەماوە و نەجەف زیندەبەچاڵکرد.

١٧ـ ساڵی گرتنی کوێت:لە٢ی ئاب/١٩٩٠لەماوەی ٢٤ سەعات دا هێزەکانی حکومەتی عێراقی هەموو شارەکانی کوێتییان گرت.

١٨- ساڵی لێدانی تەحالف لەسەدامی ؛ لە ١٩٩١/١/١٧ بە ٣٥ دەوڵەتان لە لەشکری حکومەتی عێراقییان دا لەکوێت دەرییان پەڕاند و رێکەوتنێکیان پێ مۆرکرد کە عێراق تەسلیم بوو.

١٩- ساڵی هەراتنی (ڕاپەڕین و کۆڕەو) بەهاری ١٩٩١ بوو تا نیسانی هەمان ساڵ، تیایدا خەڵک لەشار و شارۆچکەکانی کوردستان لەدژی دام و دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی سەدام و بەعس ڕاپەڕین، دەریان کردن، دوایی ٢٠ رۆژەکی رژێم هێرشی هێناوە و خەڵکەکە زۆربەی شار و شارۆچکەکانییان چۆڵکرد لەترسی بەئەنفالکردنییان، بەرە و سنوورەکان و شارەکانی کوردستانی رۆژهەلات و باکوور چوون.

٢٠- ساڵی شەڕی ناوخۆ : ساڵی ١٩٩٤ ئەو ساڵە لەمانگی ئایار شەڕ لەنێوان هێزەکانی یەکێتی و پارتی روویدا زیاد لە ٤ ساڵی خایاند .

٢١- ساڵی هاتنەوەی دەبابەی سەدام: ٣١ی ئاب١٩٩٦، لەو رۆژەدا (٣١) ی ئاب هێزەکانی پارتی بەهاوکاری حکومەتی سەدام هاتنەوە ناو هەولێر. هێزی یەکێتییان دەرکرد، دوو رۆژ دەبابەکان لەناو شاری هەولێر مانەوە

دوایی کشانەوە شوێنی خۆیان.

٢٢- ساڵی رووخانی سەدام ؛ لەبەهاری ساڵی ٢٠٠٣ لەشکری ئەمەریکا و هاوپەیمانانان لە لەشکری عێراقییان دا و هەموو شارەکانییان گرت و بە بەغداشەوە و سەدام و دارو دەستەکەی خۆیان شاردەوە و دوایی زۆربەیان گیران.

٢٣- ساڵی شەڕی داعش :لەمانگی ٦ی ٢٠١٤ بوو کە لەناکاو داعش مووسڵی گرت و دوایی تکریت و ئەنباریش گرت و ئەنفالی ئێزدییەکانی کرد لە شەنگال و هێرشی بۆ هەولێرو کەرکوکییش هێنا .

٢٤- ساڵی ڕیفراندۆم: لەمانگی ئەیلولی ٢٠١٧ بوو کە راپرسییەک لەهەرێم و ناوچە کوردستانییەکان کرا بۆ دەنگدان بەسەربەخۆیی کوردستان .

٢٥- ١٦ای ئۆکتۆبەر ی ٢٠١٧ حکومەتی عەبادی هێرشی هێنا بۆ ناوچە کوردستانییەکانی مادەی ١٤٠ کەرکووک و خانەقین و توزخورماتوو و شەنگال و لەدەست کورد دەرهێنران.

## ٢٣. جوولەکە لەدەشتێ*

جوولەکە لەدێر زەمانەوە لەکوردستان هەبوونە و زیاتر کاری پیشەگەری و بازرگانی و دوکانداریان کردووە، زیاتر بەپەرت و بڵاوی ژیاون، لەهەر گوندەی یەک دوو ماڵ هەبووە، تەنها لەناو شاری هەولێر گەڕەکێکییان هەبووە بەناوی گەڕەکی جوولەکان، کەدەکاتە پشت بازاڕی سیروانی ئێستا، لە شەمامکیش گوندێکییان هەبووە لەنزیک گوندی

*گۆڤاری مجلة دراسات التاريخية والحضارية ،مجلد ٦ عدد ١٨ كانون الثاني ٢٠١٤ بابەتێک هەیە بەناوی اليهود في شمالي العراق لەنووسینی سعد سلمان و جودت جلال.

عەوێنــەی، بــەڵام ئێســتا نەمــاوەو چەنــد ئامارێکیــان پیشــان داوە، لەســاڵی ١٩٢٠ لەهەمــوو لیــوای هەولێــر ٤٨٠٠ جوولەکــە ژیــاون .بەگوێــرەی ئامــاری ســاڵی ١٩٤٧ ژمــارەی جوولەکــە کــەم بۆتــەوە بــۆ ٣١٠٩ کــەس

بەگوێـرەی ئامـاری سـاڵی ١٩٥٧ لەهەولێـر هیـچ جوولەکـە نەمـاون هەمـووی ڕۆیشـتوون بـۆ ئیسـرائیل . بـەڵام لـە ئامـاری سـاڵی ١٩٦٥ دەبێتـە ٤٧ کـەس، لەئامـاری سـاڵی ١٩٧٧ دەبێتـەوە ٨ کـەس، لەئامـاری ١٩٤٧ لەهەمـوو قـەزای مەخمـوور ٣٥٨ کـەس هەبـوو لـە ناحیـەی کەندیناوە(دیبەگـە) ١٤٩ کـەس هەبوونـە کـە پـەرت و بـڵاو بوونـە، لەنـاو دیبەگـە ٥ـ٤ مـاڵ هەبوونـە یەکییـان نـاوی مـراوی بـووە کەسـێکی سیاسـی و هۆشـیار بـووە، لەگونـدی دێمـەکار ٢ ماڵـە جـوو هەبـووە یەکییـان نـاوی داودەجـوو و ئـەوی دیکـە نـاوی وسـوۆک بـووە، لـە گونـدی چەغەمیـرە سـێ ماڵـە جوولەکـە هەبـووە بەنـاوی عەمـران و ڕەحمـان و سـەلمان، لـە عاڵـلای ماڵەجووێک هەبـووە نـاوی سـالح بـووە، دوایـی هاتینـە دیبەگـەی، لـە قەپـڵان ماڵێـک هەبـووە بەنـاوی بـن عـاس دوو کـوڕی هەبـووە بـە نـاوی عابـد و سـەلمان لەگـەڵ کچێـک کارو پیشـە یـان خمچـی بـووە لـە دوای ٢٠٠٣هاتوونـەوە بۆگونـدی قەپـڵان سـەردانی مـام عوسـمانیان کـرد هەندێـک خـاک و خۆڵـی گوندەکەیـان لەگـەڵ خۆیـان بردووە زۆریـش شـارەزایی باشـیان هەبـوو لەسـەر گوندەکـە ودەوروبـەری. لـە گونـدی کۆزەپانکـەش ماڵێکـی جوولەکـە هەبـووە و سـەرۆکی خێزانەکـە نـاوی سـاڵح بـووە، بـەڵام ئـەوان لـە سـاڵانی چلـەکان کەوتونەتـە بـەر هەڵمەتـی ڕاگواسـتنی زۆرەملـێ یانـە بـۆ ئیسـرائیل. لـە گونـدی قوڵتەپـە ماڵێـک هەبـووە بـە نـاوی (موشـێ)، لـە گونـدی دۆرەزە ماڵێـک هەبـووە بەنـاوی (ئەلیـاس) لـە زۆربـەی گوندەکانـی دیکـەش هەبوونـە بـەڵام بـەوردی نازانـم .لەقـەزای مەخمـوور لەئامـاری ١٩٦٥ تەنهـا ٦ کـەس مـاون، دوایـی لەئامارەکانـی دیکـە ئامـاژە نـەدراوە لـە ناحیـەی کەندێنـاوە بەتایبـەت و قـەزای مەخمـوور چەنـد جوولەکـە مـاون.

**٢٤. کەپرە شینە**


جەژنێکی جوولەکەکانە، کاتی خۆی جولەکەی کوردستان، ئەو رۆژەیان ساڵانە یاد دەکردەوە، بەگوێرەی رۆژژمێری خۆیان لەنیوەی مانگی ٧ی ساڵی جوولەکان دەست پێ دەکات، واتە لە نیوەی مانگی تشرینی یەکەم.


ئەو جەژنە لە زمانی عیبری بەمانای (سوکوت) ناونراوە، واتە کەپر، جەژنەکە لە بنچینەدا بۆ یادگێرانەوەی ئەو رۆژانەیە کەکاتی خۆی موسا پەیامبەری جوولەکان میسری بەجێهێشت و لەبیابانی سینا بۆ ماوەیەک مانەوە لەو کاتە کەپرییان دروست کرد تا لەگەرمای بیابان بیان پارێزێ و سەرەتای باران بارینی پاییزیش بووە، نەوەک باران زۆر هیلاکییان بکات. بەڵام دوایی بۆتە جەژنێکی کشتوکاڵی و دوعا بۆ باران بارین.


ئەو جەژنە تاکو ساڵی ١٩٥١ کەجولەکە لەکوردستان مابوون، یادییان دەکردەوە، رۆژێ پێش جەژنەکە داری تەڕییان دەبڕیەوە دەیانکردە کەپر و گەڵای درەختی سەوزییان لەسەر دادەنا بەگوێرەی هەبوونی جۆری درەختەکان، لەدەشتی هەولێر گەڵاو لقی سەوزی مێو و هەنجیر و هەنار و توویان دادەنا، لەخۆشناوەتی، گەڵای بەڕوو و سپیندار و بەرالووک و دارەبەنییان دادەنا، گرنگ لق و چڵ و گەڵای سەوزییان دادەنا بۆیە بەکەپرەکەیان دەگوت کەپرە شینە چونکە گەڵای شینبوویان لەسەر رادەخست. لەئێوارەی ١٥ی مانگ نیوسەعات پێش رۆژئاوا دەستییان پێ دەکرد بە رازاندنەوەی کەپرەکە بە هەڵواسینی جۆرەها میوەجات و بەروبوومی کشتوکاڵی کە وەرزی پێگەیشتن و دروێنەی بووە، وەک ئاماژەیەک بە هەڵگرتنی میوە و بەروبوومە پێگەیشتووەکان لەناو ماڵەکانیان بۆ کاتی زستان، ئینجا تا حەفت رۆژ بەهەڵواسراوی دەماوە تاگەڵاکان وشک دەبوون،،

ئەوان باوەڕیان وابوو لەو حەفت رۆژە دەبێ باران بباریّ، عادەتەن

بارانیش بارانێکی بەبروسکە و گەواڵە، لەو ماوە دەباری، ئەوا هەمووانی دڵخۆش دەکرد کەساڵەکە ساڵێکی هات دەبێ و، ئەو بارانە پێش بارانی پەڵەیە .ئەو شەوەی جەژنییان دەگێڕا هەر گەنجەی جولەکە لقە دارێکی بەدەستەوە دەگرت و لەدەوری کەپرەکە دەسوڕاوە و دوعا و نزای باران بارینی دەکرد و گۆرانی ئاینی خۆیان دەگوت . ئێستاش ئەو جەژنە لەناو جولەکە کوردەکانی ئیسرائیل هەر بەردەوامە هەر بەناوی کەپرە شینە یادی دەکەنەوە.




لێواری هەولێر ساڵی ١٩٤٧

# بەشی دووەم
# شوێنەوار و شوێنە دیارەکان

## • شوێنە دیار و کۆنەکانی شاری هەولێر و عەنکاوە

١ـ قەڵاتـی هەولێر:دەکەوێتـە نـاو جەرگـەی شـاری هەولێـر مێژووەکـەی بـۆ پێنـج هـەزار سـاڵ دەگەڕێتـەوە، لەسـەردەمی سـۆمەرییەکان نـاوی وەک شـار هاتـووە، تاکـە شـارە لەجیهـان وەک قەڵاتیـش لەپێـش ٥٠٠٠ سـاڵەوە تاکـوو ئێسـتا هـەر بەئاوەدانـی ماوەتـەوە، ٤١٥ م لەئاسـتی رووی دەریـاوە بـەرزە، ٢٦ م لەئاسـتی دەوروبـەری بـەرزە، رووبەرەکـەی ١٠٢٠٠٠م٢، سـێ پەیـژەی هەبـووە بـۆ چوونـە نـاوی باکـوور، رۆژهـەڵات، باشـوور، لەسـێ گـەڕەک پێکهاتبـوو، (سـەرای، تەکیـە، تۆپخانـە) پێشـتر ٥٠٠ ماڵـی تێدابـووە، ئێستا نۆژەن دەکرێتەوە لەلایەن یونسکۆوە، بڕیارە ١٠٠ ماڵی لێ ئاوەدان بکرێتـەوە

٢ـ منـارەی چۆلـی :دەکەوێتـە رۆژئـاوای قەڵاتـی هەولێـر بـە دووری ٥٠٠م لەسـەردەمی سـوڵتان موزەفـەر پێـش ٨٠٠ سـاڵ لەمەوبـەر دروسـتکراوە، مزگەوتێکیشـی لەتەنیشـت بـووە، کـە ٤٥ مەتـر درێـژ بـووە. ئێسـتا مزگەوتەکـە نەمـاوە تەنهـا بناغەکـەی دیـار مـاوە. منـارەی چۆلـی ٣٧ م بـەرزە، دەڵێـن پێشـتر ٤٥م بەرزبـووە، بـەڵام بەهـۆی برووسـکەوە ٨م ڕووخـاوە، شـوێنەواری ڕووخانیشـی لەسـەر مـاوە، دوو دەرگای هەیـە بـۆ چوونـە ژوورەوەی درێـژی هـەر دەرگایـەک دوو مەتـر و نیـو دەبـێ، هـەر دەرگایـەک کـە لێـی دەچیـە ژوورەوە پەیژەی خۆی هەیـە تێیدا بەسـەریەکەوی بێ ئـەوەی تووشـی یـەک بـن، هـەر پەیژەیـەک ١١٠ پلەیـە (پەیژەیـە).

لـەلای رۆژهەڵاتـی لەبـەرزی پەنجەرەکـی هەوایـی هەیـە، رووی دەرەوەی منـارەی چۆلـی نەخشـدارە وەک منـارەی شـەنگال و حەدبـا، لەسـالی ١٩٦٠ عێـراق تیمـی پشـکنینی بـۆ نـاردووە

٣. گـردی کلـک مشـک: دەکەوێتـە خـوارووی ڕۆژئـاوای قەڵاتـی هەولێـر بـەدووری ٥کـم، بـەرزی لەئاسـتی دەوروپشـتی ١٥م، ڕووبەرەکـەی ٢٤٠×٢٩٠م لـە ١٩٤٦/٢/٢٥ عێـراق وەک شـوێنەواری ناسـی، پشـکنینی بـۆ کـراوە، هەندێـک لـەدۆزراوەکان دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی سـۆمەرییەکان و خـوری و میتانـی و ئاشـووری و سـلوقی و ئیسـلامی، هەتـا سـەردەمی عەباسـییەکان ئاوەدانـی تێدابـووە .

٤. گـردی قالینـچ ئاغـە: گردێکـە دەکەوێتـە نـاو شـاری هەولێـر یـەک کـم لەقـەڵا دوورە بەرانبـەر بـە ئامادەیـی هەولێـری کچانـە، ڕووبەرەکـەی ٣٠٠٠٠م٢،لەساڵی ١٩٦٦ پشکنینی بۆ کراوە،بەگوێرەی ئەو پشکنینانەی بۆی کـراوە، لـە هـەزارەی پێنجـەم و چوارەمـی پێـش زاییـن مرۆڤـی تێدا ژیـاوە، واتـە بـۆ سـەردەمی وەرکا دەگەڕێتـەوە، ٤٩ گـۆڕ لـەو گردانـە دۆزراونەتـەوە، کۆمەڵـە گۆڕێـک لـە شـێوەی گۆزەنـە، کۆمەڵێـک ١٣ گـۆڕو هـی دووەم ٣٢ گـۆڕ و هـی سـێیەم ٤ گـۆڕە.

٥. گـردی قەسـرا دەکەوێتـە نـاو شـاری عەنـکاوە، بەرانبـەر بـە کەنیسـەی مارگۆرگیـس، ڕووبەرەکـەی ١٢٥٠ م٢ لەشـێوەی بازنەیـە و تیرەکـەی ٤٠م دەبێـت و ٥ مەتـر لـە دەوروبەرەکـەی بەرزترە،لەساڵی١٩٤٥ وەک شـوێنەوار دۆزراوەتـەوە، تـا سـاڵی ١٩٦٠ خەڵـک وەک گۆڕسـتان بەکارییـان دەهێنـا، دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی ئاشـوورییەکان .

٦. گـردی نـادری: دەکەوێتـە گەڕەکـی ٥ ی حەسـارۆک ٣,٦ کـم لـە قەڵاتـی هەولێـری دوورە، ڕووبـەری یـەک هێکتـار دەبێـت واتـە ١٠،٠٠٠م٢، لەگـەڵ ئاسـتی دەوروپشـتی ٥ مەتـر بـەرزە، سـاڵی ٢٠٠٩ وەک شـوێنەوار ناسـراوە، لەسـاڵی ٢٠١١ پشـکنینی بۆکراوە،بەگوێـرەی ئـەو پشـکنینانە، مێژووەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ ٧٠٠٠ سـاڵ پێش ئێسـتا،کە مرۆڤـی تێدا ژیـاوە کشـتوکاڵیان کـردووە و ئاژەڵییـان بەخێـو کـردووە و فڕنییـان بەکارهێنـاوە بـۆ گـۆزە و جـەڕە دروسـتکردن و کـەل و پەلـی تـر .

٧- گردی خەزنە: کەوتۆتە ڕۆژئاوای هەولێر، گردێکی شوێنەواری زۆر کۆنە دەگەڕێتەوە چاخی برونزی، شارێکی ساسانییەکان بووە، پێشتر ئاشوورییەکان وەک گردێکی سەربازی بەکاریانهێناوە بۆ پارێزگاری شاری هەولێر.

کۆمەڵێ گردی تری شوێنەواری و دیار هەیە لەهەولێر و عەنکاوە وەک گردی ڕەشکین و گردئارەق و گردەچاڵ و گرد جۆتیار و گردی قەلانچوغان و گرد یلدا و گرد مەسینە و گردە شێر.... هتد

٨- پڕۆژەی ئاوی بەستۆڕە: پڕۆژەیەکی کۆنە کە کاتی خۆی سەنحاریبی ئاشوور ئاوی لەسەر رووباری بەستۆڕەوە لەگوندی قەڵامورتکەوە بەشێوەی کارێز ڕاکێشاوە بۆ ناو قەڵای هەولێر بەدرێژی ٢٢ کم، ئێستاش شوێنەواری دەرکی کارێزەکە و تاشەبەردەکان لەگوندی قەڵامورتکان ماوە.

٩- کەندی گەورە: کەندێکی گەورەیە لەخوار جادەی کۆیە هەولێر لەنزیک کەسنەزانەوە لەسەرووی گوندی باغلومنارەی شەهابی درێژدەبێتەوە بۆ هیران ستی دوایی دێتەوە باکووری بنەسڵاوە، بەپێش گەڕەکی گەلاوێژ دادێت و دێتەوە ناو گەڕەکی ڕۆشنبیری و دێتەوە باکووری دارەتوو بەبن پردی ١٢٠م ڕێگای نێوان هەولێر - کەرکوک دادەچێتە خوارێ بەسەرووی گەڕەکی ژیان دادەڕوات بەرەو جادەی مەخمووری دەچێتەوە سەرووی قەتەوی و سەرکارێزان دەڕوات بەرەو ڕۆژئاوای مامزاوە و حەزە و قونیان و دەچێتەوە سەرووی گوندی چیمەن و دەڕوات بەرەوعەوێنە وعەلی مەلا داود و شەرائیح و دوایی گامێش تەپەو لەگەڵ زێی گەورە تێکەڵ دەبێتەوە.

١٠- حەزە: گوندێکە لە خوارووی ڕۆژئاوای شاری هەولێرە ١٠کم لە قەڵای هەولێر دوورە، دوو بەرزایی لێیە نێوانییان تەختاییە، بەرزایی ڕۆژهەڵاتی شوورەی هەبووە، بەبەرد و گێچ دروستکراوە، بەرزایی ڕۆژئاوا

کـورەی ئاسـن و ئاشـی لـێ بـووە، حـەزە گوندێکـی زۆر کۆنـە لەسـەدەی یەکەمی زاینی پایتەختی دەوڵەتی ئەدیابین بووە، ئەو دەوڵەتەی سنووری تـا فـوڕات ڕۆیشـتووە، تـا سـەدەی دەیەمـی زاینـی شـارێکی ئـاوەدان بـووە، ئیبـن حوقـەل لـە پەڕتووکـی (صـورة الارض) دا لەنەخشـەدا نـاوی حـەزەی نووسـیوە، بـەس نـاوی هەولێـری (ئەربیـل)ی نەنووسـیوە، مانـای وایـە ئـەو کات حـەزە لەهەولێـر گەورەتربـووە.

## • شوێنە دیار و کۆنەکانی مەخموور

١ـ ئـاوی بـن بـەردی ؛ کانییـەک بـوو لەبـن چیـای قەرەچـوغ، لـەلای رۆژهەڵاتیـەوە هەڵدەقـولا، دەهاتـە نـاو مەخمـوور، لای گەڕەکـی بندیانـان. نزیکەی یەک کیلۆمەتر لەمەخموور دوور بوو بەلای رۆژهەڵات، کۆن خەڵک ئەو ئاوەی بەکار دەهێنا بۆ شیناى و مەڕوماڵات، لەزەمانی عوسمانییەکان لەسـەر کانییەکـە خانووێکییـان دروسـت کـرد بـوو کەبەرزیەکـەی ٢ مەترێـک دەبـوو .

٢ـ دەرمانـاوە : کانییـەک بـوو بەدوو کیلۆمەتر دوورە لـە مەخمـوور بـەلای باشـووری رۆژهـەڵات، ئاوەکـەی کبریتـی تێدایـە بۆیـەش پێیـان دەگـوت دەرمانـاوە خەڵـک بـۆ خاوێنکردنـەوە و نەخۆشـی پێسـت بەکارییـان دەهێنـا، ئاوەکـەی دەهاتـەوە نـاو گونـدی قەسـران، خەڵـک سـەوزاییان لەبـەر دەچاند وەک تـوور و سـڵق و بامیـا ....

٣ـ قەبرسـتانی شـێخ محمـدی : گۆڕسـتانێکە دەکەوێتـە رۆژهەڵاتـی مەخمـوور بـەدووری یـەک کیلۆمەتـر.

٤ـ قەراتـی مەخمـووری : گردێکـە دەکەوێتـە رۆژئـاوای مەخمـوور بـە دووری یـەک کیلۆمەتـر.

٥ـ گومبەتـی برایمـی بایـزی، لەباکـووری مەخمـوورە بـەدووری ٢ کـم، ئارامگـەی برایمـی بایزاغـەی تێدایـە لەبنـاری چیـای قەرەچوغـە بـەلای

ڕۆژهـەڵات لەنزیـک بازاڕگەیـە لەسـەر ڕێگای کۆنـی مەخمـوور ـ دیبەگەیـە، لەساڵی ١٩٢٠ دوای مردنی برایم ئاغەی بایزی، بەبەرد و گێچ دروستکرایە ٢,٩٠م بـەرزە، رووبەرەکـەی چوارەگۆشـەیە ٦,٢٠×٢، ٦م دەبـێ.

٦ـ کەرکی حوسێنی غازی : گۆڕستانێکە، گۆڕی سەرکردەیەکی سەربازی لەشکری ئیسلامییشـی لێیـە، دەڵێـن لەکاتـی هاتنـی عەرەبـی ئیسـلام لـەوێ کـوژراوەو نێـژراوە، دەکەوێتـە بازاڕگـەی بنـاری چیـای قەرەچـوغ، سـەر ڕێگای کۆنـی مەخمـوور ـ دیبەگـە .

٧ـ قشـلەی مەخمـوور: دەکەوێتـە نـاو بـازاڕی مەخمـوور، بینایەکـی دوو نهۆمـی شێوەی لاکێشـەییە رووبەرەکـەی ٨٨٨م٢ لەساڵی ١٩٠٧ لەسـەردەمی عوسمانییەکان بەبەرد و گەچ و قسڵ دروستکرایە لەلایەن عوسمانییەکانەوە، وەک شـوێنی سـەربازەکانی، دوو دەرگای هەیـە یەکییـان رووی لەباکـوورە و ئـەوی دیکـە رووی لەباشـوورە،، لەسـاڵی ٢٠٠٧ لەلایـەن بەڕێوەبەرایەتـی شـوێنەواری هەرێمـی کوردسـتان نۆژەن کراوەتـەوە،

٨ـ کەنـدی حەمـی : کەندێکـە کیلۆمەترێـک لەمەخمـوور دوور دەبێـت، لەبنچینـەدا کەنـدی حەمیدییـە .

٩ ـ خەندەکـی بابەخەلیفـەی: خەندەکێکـە لەقەراجـێ، دەڵێـن کاتـی خـۆی هەوڵدرایـە ئـاوی زێـی گـەورە بـۆ زێـی بچووکـی پێـدا ببـەن.

١٠ـ کانی بەلبەل: کانییەکە کانی ئاوی بن بەردێ و دەرماناوەیە. (ئەوەی راستی بێ ئێستا ئاوییان تێدا نەماوە جگە لەبەهاران).

١١ـ کانـی شـەعادە: کانییەکـی گچکەیـە هـەر لەڕیـزی ئـاوی بـن بـەرد و دەرماناوەیە. لەسەردەمی برایماغەی عەرەبێکی لێکوژراوە بەناوی شەعادە بۆیـە ئـەو ناوەشـی بەبـەر بـڕاوە.

١٢ـ ترشـاوۆک: کانییەکـە هـەر لەڕیزی ئـاوی بـن بـەردێ و دەرمانـەوەی بـووە لەبـن چیـای قەرەچـوغ

١٣ـ تـاراوان: هەمـان شـت کانییـەک بـووە لەبـن چیـای قەرەچـوغ لەڕیـزی

ئـاوی بـن بـەردێ و دەرمانـاوەی .

١٤ـ شـارگە: شـوێنەواری ئاوەدانییەکـە دەکەوێتـە ڕۆژهەڵاتـی مەخمـوور بـەدووری یـەک کیلۆمەتـر

١٥ـ مەخمـووره گچکەلـە: شـوێنەواری یەکەمجاری ئاوەدانـی مەخمـووره، دەکەوێتـە باشـووری ڕۆژئـاوای مەخمـوور بـەدووری ٤کـم.

١٦ـ گۆمـێ سـێقولینچک: لەباکـووری ڕۆژئـاوای مەخمـووره بـەدووری ٥ کـم لـەوەرزی هاویـن ئـاوی لـی دەمایـەوە

١٧ـ شـامەزەب: دەکەوێتـە باکووری بازاڕگـە سـەر تەپۆی گـەورە، شـوێنی ئاوەدانـی کۆنـە .

١٨ـ گۆمـێ چارگۆمـان: دەکەوێتـە باکووری ڕۆژئـاوای مەخمـوور بـەدووری ٢کم لـەوەرزی بەهـار ئـاوی بارانـی لـێ کۆدەبۆوە.

١٩ـ قەبرستانی جولەکان: دەکەوێتە خوارووی ئاوی بن بەردێ .

٢٠ـ قەسـران: گوندێـک بـوو ١کـم لەباشـووری مەخمـوور بـوو، ئێسـتا تێکـدراوەو خاپـووره، ئـاوی دەرمانـاوەی دەهاتـەوه نـاوێ.

٢١ـ ڕێـی پۆسـتەی: ڕێیەکـی بـەرد بـوو لەنێوان مەخمـوور و گوێڕی، بەبن چیـای قەرەچوغـی دادەرۆیشـت لەمەخمـوورەوە بـۆ ڕۆژئـاوا، لەسـەردەمی پاشـایەتی بـۆ کاری پۆسـتە ی میـری بـەکار دەهـات .

٢٢ـ بازاڕگـە : دەربەندێکـە چیـای قەرەچـوغ دەکاتـە دووکـەرت، قەرەچـوغ لـەو شـوینە نزمبۆتـەوە، خەڵکیـش لەکۆنـەوە کردوویانەتـە دەروازەی ڕێگای نێـوان دەشـتی قـەراج و کەندێنـاوە. ئێسـتا جادەیەکـی دووسـایدی بەنـاودا دەڕوات لەنێـوان مەخمـوور و دیبەگـە، شـوێنی زاڵگەیـە.

جگـە لـە بوونـی ئـەو شـوێنە دیارانـەش وەک گۆمـی (قورینگان، عەبدالـی و مارواشـان، ئۆمـەر کوژرای، بـەراز کوژرای، بازنـان و شـەمێ).

## • شوێنە دیار و کۆنەکانی ناحیەی دیبەگە (کەندێناوە)

دیبەگە سەنتەری ناحیەی کەندێناوەیە کەپێش بەعەرەبکردنی ناوچەکە ٧٢ گوندی پێوە پەیوەست بووە، دەکەوێتە خوارووی شاری هەولێر ئێستا ٤٠کم لەهەولێر دوورە ٢٨ کم لەمەخموور دوورە . لەسەرەتای چەرخی نۆزدەهەم ئاوەدان کراوەتەوە، هەرچەندە پێشتر ئاوەدانی تێدابووە بەهۆی هەبوونی دوو گۆڕستان لەپێش ئاوەدانکردنەوە، دوای ساڵی ١٩٢٧ کراوەتە ناحیە، ئەو شوێنانەی خوارەوە شوێنەوار و شوێنی دیاری شارۆچکەکەیە.

١ـ گۆڕستانی سەید عوبێد: گردێکی گەورە و بەرز و خۆڵینە، کۆنە پێش ئاوەدانکردنەوەی چەرخی نۆزدەهەم هەبووە، دەکەوێتە گەڕەکی بارزان، گۆڕێکی گەورەی لێیە کە شوورەی بۆ کراوە و وەک نەریتی ئاینی ئاڵای سەوز و پەڕۆکی سەوزی پێوەیەو خەڵک بۆ دوعا و نزا سەردانی دەکەن.، جگە لەوەی تا شەستەکانی سەدەی ڕابردوو مردووی تێدا دەشاردراوە.

٢ـ گۆڕستانی داودەڕەش گردێکی گەورەی خۆڵینە و بەرزە هاوشێوەی گۆڕستانی سەید عوبێد، گۆڕێکی گەورەی لەسەرە و لای خەڵک پیرۆزە وەک پیاو چاکێکی ئاینی و لەگەل هەبوونی گۆڕی تر . دەکەوێتە گەڕەکی ئاشتی.

٣ـ کانیێ داودەڕەشی: کانییەکە دەکەوێتە بن گۆڕستانی داودەڕەشی، لە گەڕەکی ئاشتی، ئێستاش ئاوی ماوە بەڵام بێ خزمەتە، لەکۆن بۆ خواردنەوە بەکارهاتووەو هێندە ئاوی هەبووە، بەشی هەموو ئاوی خواردنەوەی ئەوکاتی خەڵکی دیبەگەی کردووە.

٤ـ کەندێ بیران کەندێکە دەکەوێتە ناوەندی گەڕەکی بارزان ئاوەڕۆی بارانی پێدادەڕوات و پێشتر زیاد لە ١٠ بیری لێ بوو، کەزۆربەی بۆ ئاو خواردنەوە دەشیان.

٥ـ شاخەباریکە: کەندێکی باریکە وەک شاخێکی هەڵدراوە و و بۆتە کەند هەر لە باکووری دیبەگەوە لای جادەی کۆنی هەولێر دیبەگەوە درێژ دەبێتەوە تاکوو دەگاتە ئاقاری کاریتان، ئاوەڕۆی بارانی زوورگەزراوی پێدادەڕوات .

٦ـ پردی خڕەبەردان: پردێکە بەدووری ١کم لەباکووری دیبەگەیە دەکەوێتە سەرڕێگای کۆنی هەولێر دیبەگە لەسەرەتای ساڵی چلەکانی سەدەی ڕابردوو دروستکراوە.

٧ـ تاقان : دەکەوێتە باکووری دیبەگە بە ٥٠٠ مەترێک دووسێ زنجیرە بەرزایی درێژکۆڵەن

٨ـ کانی حەسەناغەی ؛ کانییکە دەکەوێتە باکووری دیبەگە بەدووری ٥٠٠مەترێک

٩ـ هەنجیرۆک ؛ شاخێکی تەمۆخیە و بنی بۆشە و پێشتر درەختی هەنجیری لێ رواوە و ئێستا نەماوە و بەبەهاران ئاوی لێ کۆبۆتەوە . دەکەوێت باکووری دیبەگە بەدووری کیلۆمەترێک

١٠ـ تکتکۆک:شاخێکی تەمۆخی بنکۆڵە لەژێرەوەی ئاو تک تک دێتە دەرەوەو لەچاڵێک کۆدەبتەوە، دەکەوێتە باکووری دیبەگە

١١ـحەوشۆران:بەدووری٥٠٠ مەترێک بەلای رۆژئاوای دیبەگەیەو شوێنێکی گۆڕایی فراوانە بەهاران وەک سەیرانگابوو.

١٢ـ خانی مەلاکوتەی: بەردێکی گەورەی تەمۆخییە ٥٠٠مەترێک بەلای باکووری رۆژئاوای دیبەگەوەیە، کاتی خۆی لە ساڵانی پەنجا و شەستەکان کەسێکی مەلا بۆ قورئان خوێندن چۆتە ئەوێ، بەردەکەی هەندێک هەڵکۆڵیەوە بۆ پاڵکەوتن و دانیشتن لەناوی.

١٣ـ جادەی نەفتێ: جادەیەکی کۆنە ئینگلیز دروستی کردبوو بۆ پێکەوەبەستنی گوێڕو دوبز بەتەنیشت دیبەگەی دادەهات .

١٤ـ جـادەی بـەردێ: جادەیەکـە دەکەوێتـە خـوارووی دیبەگـە پێشـتر عوسـمانییەکان لەسـەرەتای شـەڕی یەکەمـی جیهانـی دروسـتیان کـرد بـۆ ئەوەی ببێتە پێکەوە بەستنی هێڵی شەمەندەفەری نێوان بەغدا و ئەستەمبوڵ.

١٥ـ گردی خدرشەمشولەی: گردێکە دەکەوێتە گەڕەکی ئاشتی لەناو ماڵانە رۆژهەڵاتی کانیێ داودەڕەشیی،

١٦ـ گـردێ سـەلکان: گردێکـە دەکەوێتـە خـوارووی رۆژهەڵاتـی دیبەگـە لەئاقـاری گونـدی کاریتانـی پێشـووە، بـەدووری ١ کـم گردێکـی بـەرزە، ئێسـک و پرووسکی کۆنـی تێدابـوو، ئێسـتاش پارچـە گۆزەی شکاو (تاسـولقە)ی تێدا مـاوە .

١٧ـ گردی هێسکان: دەکەوێتە رۆژهەڵاتی دیبەگە بەدووری ٢کم لەئاقاری کاریتانـە، ئێسک و پروسکی کۆنی تێدا بـەدی دەکرا

١٨ـ گـردێ فەقێییـان :گردێکـی بچووکـە دەکەوێتـە نێـوان گـردێ سـەلکان و دیبەگـەی، پێشـتر فەقێیـەکان زۆر لێـی گرددەبوونـەوە.

١٩ـ کەنـدێ کاریتـان، کەندێکـە دەکەوێتـە رۆژهەڵاتـی دیبەگـە هـەم بەنـاو و هـەم بـەلای رۆژهەڵاتی کاریتـان دادەڕوات، کاتی خـۆی ئـاوی بەردەوامـی پێدا رۆیشـتووە خەڵـک بـۆ کوڵکـردن بەکارییـان هێنـاوە.

٢٠ـ کەنـدێ کۆتـران : دەکەوێتـە رۆژهەڵاتـی دیبەگـە بـەدووری ٢ کـم لەدیبەگە و دەکەوێتە ئاقاری کاریتـان کەندێکە ئـاوی بارانـی پێدا دەروات لای رۆژهەڵاتـی کەنداڵێکـی خۆڵـی بـەرزە، کۆتـرە کێـوی لەنـاو بڵندایيـەکان هێلانـەی تـێ دەکـەن

٢١ـ شـاخاو: گۆمێکـە دەکەوێتـە رۆژهەڵاتـی دیبەگـە، لەنـاو شـاخێکی تەمۆخیدایـە بـە دووری ١ کـم زیاتـر، بەهـار و هاوینـان ئـاوی لـێ کۆدەبـۆوە گەنجـان مەلەوانییـان لەنـاو دەکـرد.

٢٢ـ عەمباراو:گۆمێکـە دەکەوێتـە رۆژهەڵاتـی دیبەگـە کەمێـک لەسـەرووی شـاخاوە، دووری لەدیبەگـەی هـەر ١ کـم یـان کەمێـک زیاتـر دەبێت.بەهـاران

ئاوی لێ کۆدەبێتەوە و مەلەوانی لەناو دەکرا و وەک سەیرانگاش بەکاردەهات.

٢٣. گۆمێ نەفتێ: گۆمەک بوو لەسەر جادەی نەفتێ بوو لەنێوان دیبەگە و گوندی چلهەویزە، کاتی خۆی ئینگلیزەکان نەفتی ڕەشییان تێکردووە، بەو دوایەی ئاوی بارانی لێ کۆدەبۆوە، منداڵ مەلەوانییان لەناو دەکرد.

٢٤. تەیارەخانە: لەسەر ڕێگای نێوان دیبەگە و کۆزەپانکەی بوو لەناو ئاقاری دیبەگە بوو، کاتی خۆی حکومەتی ئینگلیز فرۆکەی لێ دەنیشاندەوە.

٢٥. دەسکانی جانەی: گەروەکی تۆزەک بڵندە لەنزیک گوندی جانەی کەندێناوەیە

٢٦. گردەبۆر : بەرزاییەکە لە نێوان ئاقاری چەغەمیرە و کاریتانە.

٢٧. گردی باوە مردە : دەکەوێتە گوندی چەغەمیرەی سەر بەناحیەی کەندێناوە.

٢٨. گردی چەڵتوک: دەکەوێتە ناحیەی کەندێناوە، دەکەوێتە خوارووی گوندی چەڵتووک بەگوندەکەوە نووساوە،گردێکی زۆر بەرزە تەواوی ناوچەی کەندێناوەی لێ دیارە، پاشماوەی دیواری یەک مەتر پانی لێ دەبینرێت، پڕە لە گۆزە و جەڕەی شکاو و تاسولقە، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا هیچ کنە و پشکنینی بۆ نەکراوە، زانیاری فەرمی لەسەر بڵاونەکراوەتەوە، ئێستا کراوەتە بنکەی هێزی پێشمەرگە، هیوادارم بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر هەوڵی پشکنینی بۆ بدەن، تا گردەکە وێرانتر نەبووە لە پاشماوەکان، زانیاری لەسەر کۆبکەنەوە.

٢٩. کاولەکەندار: شوێنی ئێستای گوندی کەنداڵە لە نزیک دەربەندی بازاڕگەی قەرەچوغی، پێش هاتنی لەشکری ئیسلام شارگە بووە، واتە شار بوو، لەبەردەست ساسانییەکان بووە، خوار بازاڕگەی بەلای مەخمووری بەدەست رۆمەکان بووە، واتە کەندار شارگەیەکی سنووری نێوان ساسان و ڕۆمەکان بووە.

٣٠. بیری مەحمودی سەنان: ئەو بیرە کۆنە بەقسەی پیاوە بەتەمەنەکانی

ناوچەکـە مێـژووی ئاوەدانکردنـەوەی بیرەکـە دەگەڕێتـەوە بـۆ ناوەڕاسـتی چەرخی نۆزدەهـەم، واتـە سـاڵی١٨٥٠، کاتێ پیاوێکی مـەڕدار کۆچبار بەناوی مەحمـوودی سـەنان لەعەشـیرەتی سـوورچی بـووە، بنەگـەی لەنێوان گونـدی گاوەرە و کەنـدار هەڵـدەدا و ئـەو بیـرە کەسـەرچاوەی ئـاوی هەبـووە، زیاتـر گرنگی پێ دەدا، وەک بیر هەڵی نا. دوایی دوو گوند لـەو شـوێنە ئاوەدانبوون بەنـاوی کەنـدار و گاوەرە.

بیـری مەحمـوودی سـەنان تـا ناوەڕاسـتی سـاڵی هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردووش وەک سـەرچاوە ئـاوی لـێ هەبـوو، بـەڵام ئێسـتا کەوتۆتـە ژێـر جـادەی مەخمـوور -دیبەگـە بیرەکـە پڕکراوەتـەوەو وێـران بـووە، هیـچ گرنگـی پـێ نەدراوە،کـە وەک شـوێنەوار و کەلتـوور بپارێـزرێ.

## • شوێنە دیار و کۆنەکانی چیای قەرەچوغ

١. ئاشـی بـای: شـوێنەواری ئاشـێکە کاتـی خـۆی بەبا(هـەوا) کاری کـردووە، لەسـەر چیـای قەرەچوغـە لەئاقـاری نێـوان خدرجیجـە و گاوەرەی دەڕوانێتـە قەراج و لەلایەکی تـر کەندێناوە.ئێستا لەشـوێنەکەی قۆڵاییەک مـاوە و کۆمەڵـێ بـەردی گـەورەی چیایـی کەپێشـتر دیـارە هەمـووی لەشـێوە و قەبـارە لێـک نزیکـن بەکارهاتـووە بـۆ دیواربەنـدی، بـەڵام بەداخـەوە رووخـاوە و زۆریشـی لـێ بـردراوە.

٢. قسروگێچ(قسـڵ وگێـچ): لەسـەر چیـای قەرەچووغـە لەئاقـاری گونـدی خدرجیجـە لەناوەنـدی بەرزایـی چیاکـە شـوێنەکی پانتاییـە پاشـماوەی چەنـد خانوێکە کە لەبـەردی چیای بەقسل و گەچ دروسـتکراوە، بـەڵام بـەس بناغـەی مـاوە، پیرەکانـی ناوچـە دەڵێـن پێشـتر ئاوەدانـی بـووە.

٣. هەوێزە خڕە: دەکەوێتە سـەرچیای قەرەچوغ لەئاقاری خدرجیجە غەرێکە (شـوورەیەکە)لەبەردی چیـا بەشـێوەی بازنـە واتـە خـڕ دروسـتکراوە مـەڕدار تائێسـتا بـۆ حەسـانەوەی مەڕەکانییـان بـەکاری دەهێنـن لەکاتـی شـەوبەکێو.

٤. گەلـی ئازیکەنـدی بندیانـان: گەلییێکـی گەورەیـە بـەلای باشـووری چیـای قەرەچـووغ پێشـتر گونـدی ئازیکەنـدی لێبـووە (کاولـە ئازیکەنـد)، بەبەهـاران شـوێنێکی خۆشـە، بنـەداری دارەبـەن و شەواشـینک و بەرالووکـی تێدامـاوە.

٥. بێژینـگ بەسـەر : دەکەوێتـە سـەر چیـای قەرەچـوغ لەئاقـاری حاجـی شـێخانە، بەرزتریـن لووتکـەی چیـای قەرەچـوغ دادەندرێـت ٨٧٤,٧ م لەئاسـتی دەریـاوە بـەرزە، شـوێنەکی پانتایـی لێیـە کاتـی خـۆی حکومەتـی عێـراق بـۆ نیشـتنی فڕۆکـەی هەلیکۆپتـەر بـەکاری هێنـاوە و، بیری نەوتیشـی تێدایـە، ئێسـتا کارگـەی چیمەنتـۆی لـێ دروسـتکراوە لەلایـەن بەرپرسـانی هەرێمـەوە.

٦. دارەبزمـارە: دەکەوێتـە دوابەرزایـی چیـای قەرەچـوغ بەرۆژهـەڵات لەنزیک ئاقـاری گونـدی سلێمانبەخشـیانە، بەبـەری دەشـتی کەندێنـاوە، درەختێکـی لێیـە غـەری بـۆ کـراوە خەڵکەکـە درەختەکـەی لاپیـرۆزە و بزمـاری لـێ دەدات بـۆ مـرازی خـۆی، سـەرەڕێی کـۆچ و کۆچبـار و مـەڕدار و شـوانکارەی قـەراج و کەندێنـاوەی بـووە،

لـە کلکـەی دارەبزمـارە دارێکـی گـەورە هەیـە، کـە جنەهەنـارە چەنـد دارێکـی تـری بچـوک لـەدەورو بەریـن، دارەکـە زیـاد لـە ٣ م بـەرز دەبێـت، غەرەکـی لـێ کرایـە شـوێنەکە کەنـدی لێیـە و وشـکە بـەردی گـەورە گـەورە و بچووکـی لێیـە، چەنـد گردۆڵکەکـی بـەرز و نزمـی لێیـە، ژنـان زیاتـر بـۆ مـراز و مەقسـوودان دەچنـە سـەری، بزمـار لەقـەدی دارەکـە ڕادەکـەن بـەو نیـازەی ئـازاری ددانییـان بشـکێت، یـان پـەڕۆ بـە لقـی دارەکـە هەڵدەواسـن، ئینجـا لـەدووری ٢-٣ م لەدارەکـە ٣ بـەردان لەسـەر یـەک دادەنێـن و دەڕۆن بـێ ئـەوەی ئـاوڕ بدەنـەوە. گۆڕسـتانێکی کۆنـی لـێ نزیکـە کـە شـوێنێکی مێژووییـە، چونکـە دەبێـت ئاوەدانـی لـێ ببیت بۆیـە گۆڕسـتانی لێیـە، شـوێنەکەش پیـی دەڵێـن کلکـەی دارەبزمـارەی، لەحەیرانیش نـاوی بێژینگ بەسـەر و کلکـەی دارەبزمـارە و ئاشـی بـای زۆر دێت

٧- سـەنگەران : دەکەوێتە ئاقاری گوندی گەڕەسـۆرە، شـوێنی غەری(شـوورە) ی سـەربازییە، مـەردارەکان بۆ بەخێوکردنـی مەڕومـاڵات بـەکاری دەهێنن.

٨ـ گۆمـیٚ مەنجـەران : گەلـی مەنجـەران : ٤ کـم لەمەخمـوور دوور دەبیـت بـەلای باکوورەوە لەنزیک گوندی گەڕەسۆرە لەبناری چیای قەرەچوغ، ئاوی لـیٚ دەچۆڕێتـەوە دەرژێتـە نـاو بەردێکی گـەورە وەک مەنجەڵـە. ئاوی تک تک دێتـە نـاوی و لێـی کۆدەبێتـەوە و بەبەهـاران لەسـەری دەڕژیٚ.

٩ـ قوچەکی موهەندسـی : قوچەکێکـە بەبـەردی چیای دروسـت کرایـە، کاتـی خـۆی لەچلـەکان ئەندازیـاری شـوێنەوار دروسـتییان کردییـە.

١٠ـ ئـاوی ترشـاوۆک : لەچیـای قەرەچـوغ لەگەلـی پارانییـان هەڵدەقوڵـیٚ، دەکەوێتـە باکـووری مەخمـوور، ئاوێکـی کانزاییـە و تامێکـی تـرش و خۆشـی هەیـە.

١١ـ کانیـیٚ خـەزەران : لـە بنـاری چیـای قەرەچـوغ لـە نـاو ئەشـکەفتەکی لـە گونـدی قەراتـە سـۆری مـەرزان هەڵدەقوڵـیٚ.

١٢ـ چارگەریـیٚ سـەفەری : شـوێنێکە لەنزیـک ئاقـاری گونـدی سـێبیران و گراویٚ، لەقەراجی لەخـوار کلکـەی دارەبزمارەیـە، بەهـاران مـەڕدار ڕەشـماڵییان لـیٚ هەڵـدەدا.

١٣ـ غەریـیٚ شاسـواری: غەرەبەردێکـە لەسـەر چیـای قەرەچوغـی بـەلای رۆژهەڵاتـی بازاڕگـەی.

١٤ـئاوی سـەیدەمین: لـە ڕۆژهەڵاتـی مەخمـوور لەبنـاری چیـای قەرەچـوغ هەڵدەقـولا، ئـاوی شـیرین بـوو بـۆ خواردنـەوە و شـینایی بەکاردەهـات.

١٥ـ کلکـەی مێجـان دەکەوێتـە رۆژئـاوای چیـای قەرەچـوغ، نزیـک گونـدی مشـار.

١٦ـ کانیـیٚ بەڕوونـە: لەبنـاری چیـای قەرەچـوغ هەڵدەقوڵـیٚ، لەرۆزهەڵاتـی مەخمووریـە.

١٧ـ کانی وەکازە: لە دامێنی چیای قەرەچوغە لەلای گوندی تەلەلخێمی.

## • شوێنە دیار و کۆنەکانی ناحیەی گوێڕ

١. قشـڵەی گوێڕ:دەکەوێتـە ناوشـارۆچکەی گوێـڕ لـە سـاڵی١٩٠٠لەلایەن عوسـمانییەکانەوە دروسـتکراوەو بـۆ کارگێـری ناوچەکـە.

٢. گـردی کوشـافێ : لەسـەر روبـاری دیجلەیـە لـە نزیـک شـارۆچکەی گوێـڕە لـە ئاقـاری گونـدی کوشـافێیە

٣. قەسـری شـەمامکێ:(گردی سـەعداوە)دەکەوێتە باشـووری رۆژئـاوای شـاری هەولێـر بـەدووری ٢٥کـم لەنێـوان گونـدی تەرجـان و گونـدی سـەعداوەیە، گردێکـی گەورەیـە و بەشـوێنەوار ناسـراوەوە.لە ١٩٤٨/٨/١٩لـە رۆژنامـەی فەرمی (وقائع العراقي موقع اثري) بە شـوێنەوار ناونووسکراوە، گردێکـی گەورەیـە، ٢٠٠٠سـاڵ پێـش زاییـن ژیانـی تێدابـووە، دوایـی لەسـەردەمی ئاشـوورییەکان و میدییەکان و ئینجا فـارس و یۆنـان و رۆمـان و ساسـانییەکان ژیانی تێدا مابووە. وەک شارێکی گرنگ بووە. لەنووسـینی ئاشـوورییەکان بـە سـاری کاکـزو نـاوزەد کـراوە.

٤. قەراتـی عەوێنـەی: گردێکـی کۆنـە دەکەوێتـە نێـوان موسـڵ و هەولێـر، لـە نووسـینە بزمارییـەکان ئامـاژەی پێـدراوە، مێـژووی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی وەرکای سـۆمەری لەهـەزارەی دووەمـی پێـش زایینیـش ژیانـی تێـدا بـووە تـا سـەردەمی عەباسـییەکان، واتـە سـێ هـەزار سـاڵ ژیـان و ئاوەدانـی تێدابـووە، بەگەورەتریـن گـرد دادەنرێـت لەهەولێـر دوای قـەڵای هەولێـر . لـە ١٩٤٠/٢/٢٦ بەشـوێنەوار تۆمارکـراوە.

٥. گـردی سـارەیی: گردێکـی گەورەیـە دەکەویتـە نێـوان گعێتـل و ئەبوشـیتەی، سـەرووی گردەکـە ڕاسـتاییەکی پـان و بەرینـە نزیکـە ٤٠ دۆنـم زەویـی دەبێـت.

٦. گـردی سـوێریە: دەکەوێتـە خـوار گونـدی تووڕەقـی لەسـەردەمی سـەرەتای ڕاپەڕیـن جووتیارێـک لەخـوار گردەکـە لەکاتـی جووتکـردن،

شوێنەکی قولی دۆزیوەتەوە کە خانووێکی ئاسایی بووە لاشەی مردووی تێدابووە . بەڵام تائێستا شوێنەوار گرنگی پێ نەداوە.

٧ـ کەندێ قوڕەبەگی: کەندێکە لەنێوان گوندی زمارەی عەبدوڵڵاو گوێڕە، لەلای قەرەچوغەوە دێت و لەگەڵ زێی گەورە لێک دەداتەوە، قوڕەکەی بۆ گۆزە دروستکردن زۆر باشە.

٨ـ کۆدەرەی عەوێنەی: کەندێکی گەورەیە ئاوی پێدا دەڕوات بەتایبەت لەمانگەکانی زستان و بەهارێ، لە ئاقاری ماستاوە و ڕەختاوە دەست پێ دەکات دێتە عەوێنە و پێمەرەبڕ و عەلی مەلاداود و تەڕاش و دەڕوات لەبۆ گامێش تەپەی و لەزێی گەورە دەکاتن. لە بن قەڵاتی عەوێنەی بەنداوێکییان بۆ دروست کردووە، ساڵانە ئاوی بارانی تێدا کۆدەبێتەوە.

٩ـ فەنار: منارەیەکە دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری هەولێر نێوان گوندی حەزە و قونییان، بەرزییەکەی ٧،٥ م دەبێت، بۆ پێناساندنی ڕێگای کاروانچییان بەکارهاتووە، شەوان ئاگرییان لەسەر کردۆتەوە بۆ ئەوەی کاروانچی ڕێگاکە ببیننەوە کە ڕێگای نێوان موسڵ و کەرکوک و موسڵ و هەولێری پێدا ڕۆیشتووە.

١٠ـ ڕووباری شەمامک: لە هەموو جیهان تادێت ئاوی سەرزەوی و ژێر زەوی ڕێژەی بەرەو کەمبوونەوە دەچێت، دەشتی هەولێریش وەک لە نووسراوە ئەرشیفییەکان ماوە، لەسەردەمی ئاشوورییەکان و سەردەمی عەبباسییەکان ئاوی ژێر زەوی زۆر بووەو کارێزی زۆری لێ هەڵکەندراوەو ئاوی لەبەر ڕۆیشتووە، تەنانەت تا سەرەتای هەشتاکانیش کارێزو ئاوی ژێرزەوی بەرچاوی تێدا هەبوو.

لێرەدا باسی ڕووباری شەمامک دەکەین کە لە نووسراوێکی ئەرشیفیی والی شارەزوور (سەید عەلی ) ئاماژەی پێدراوە، لێم بووە مەرەق و پرسیارم لە کەسێکی ناوچەکە کرد کە کاک سەعدی مام حوسێنی خەڵکی گوندی شەمشوولەیە تەمەنی لەسەرووی ٥٥ ساڵییە، کە ئایا ڕووباری

شـەمامکییان لـە کەسـانی پێـش خـۆ گـوێ لـێ بـووە ؟! کاک سـەعدی گوتـی لەسـاڵانی هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردوو، لەنـاو ئاقـاری عـەردی خۆمـان بیرم لێدا پاش ٣.٢ مەتر ئاو پەیدابوو، ئەمنیش سـەرم سـووڕما لـە نزیکی ئاوەکە لەسـەر عەردی،گوتـی خەڵکـی بەتەمـەن گوتییـان سـەرت سـووڕنەمێنێ پێش ئێمـە گۆتیتیـان ئێرە رووبـاری پێدا هاتییـە، کاک سـەعدی گۆتـی سـەرچاوەی ڕووبارەکە یان چۆمەکە لـە زوورگی بیرەکەپران  و لەگـەڵ ئاوی تووڕەقی دەهاتـە تەرجـان و سـەعداوە و، بە ئاقـاری شـەمشـوولەی داهاتییـە و چۆتـەوە مەرگێبـە و کـۆدەرەی و شـەرایح و مەچلوبـە و ماجیـدی و لەوێـش چۆتـەوە گامێـش تەپـەی و دوایـی بـۆ نـاو ئـاوی زێـی گـەورە.

**کارێزەکان**

حاجـی مسـتەفا بڵبـاس کەخەڵکـی گونـدی تووڕەقییـە تەمەنـی لەسـەرووی ٦٥ سـاڵ دەبێـت، گوتـی ئـاوەک لـە عارەبکەنـدی هەبـوو زەنـەکاو بـوو (لـە ژێـر زەوییـەوە دەهاتـە دەرێ )لـۆ ڕۆژئـاوای دەرۆیشـتە ئاقـاری سـەعداوەی، جمکـە و بنبێرنـز و دەلوگـول و دهێمـات و شـامامەر، برنـج و شـینایی هاوینانـی وەک تەماتـەی لەبـەر دەکـرا . حاجـی مسـتەفا لـە درێـژەی قسـەکانی گۆتـی پێشـتر کۆمەڵێـک کارێـز لـەو دەشـتی شـەمامکی و موڵکیـە هەبـوون، نـاوی ئـەو کارێزانـەی ئامـاژە پێـدا:

١ـ تـووڕەق: دوو کارێـزی لێبـووە، یەکییـان نـاوی جۆگـەی حاجـی مەحمـودی بـووە، هـی دووەمییـان نـاوی جۆگـەی ئەروەنـدی (ئەلوەنـدی) بـووە.

٢ـ سـوێرە: کارێـزەک لـە کـن گۆڕسـتانێ هەبـووە نـاوی کارێـزی شـێخ زادەی بـووە.

٣ـ عارەبکەند : کارێزی ئەسعەدەفەندی هەبووە.

٤ـ کارێـزی جۆگـەی سـەرداری : کەدەکەتـە ئاقـاری نێـوان گونـدی تـووڕەق و باغلومنـارە و قونیـان .

٥. قونیــان : دووکاریــزی لێبــووە، یەکییــان بەنــاوی جۆگــەی مەیتــەری، ئــەوی دیکەیــان بــە نــاوی کاریــزی علیــری .

٦. سەرکارێز: کە لە ئاقاری قەتەوییە پێی دەڵێن کاریزی سەید محەمەد ئاغەی.

٧. کاریــزی حاجــی ئەلیاســی : لــە نزیــک ئــاوی علیــری دەچــووە بەینــی قوونیــان و قەتــەوی.

٨. کاریــزی قۆڕیتانــی: کــە لەســەر ڕێــی هەولیــر دیبەگــە بــوو، لــە نزیــک کوورەکانــی کەرپووچــی، تاســەرەتای هەشــتاکان ئــاوی هەبــوو منیــش دیتیتــم و ماســی وردی لەناوبــوو.

٩. کاریزی گرد مەلای، لە ئاقاری گوندی گرد مەلای بوو.

١٠. کاریــزی ئــاوی میــری : کــە لەکــن بــارەگای حزبــی شــیوعی ئێســتا بەرانبــەر هۆڵــی میدیــا بــوو.

١١. کەرەملەکییــان : ئــاوەک لەبەینــی تــووڕەق و شــەمعوناوەی هەبــووە، گوندەکــە نــاوی کەرەملەکییــان بــووە بەرانبــەر گومرگــی ســەوزەواتی ئێســتا، گوندەکــە لەمێــژە نەمــاوە.

١٢ــلەناو مەعەسکەری ڕەشکینی کارێزەک هەبوو پێیان دەگوت کاریزی ســەعیداغای.

## گردە شوێنەوارییەکان


دەشــتی شــەمامک و موڵکییــە زۆرتریــن گــردی شــوێنەواری لــە هەولێــر تێدا هەیــە، شوێنەوارناســان دەڵێن لەهەولێر تــا کەرکوک ١٦ شــاری گــەورە هەبــووە، ئێســتا ١٥٠ گــرد لەدەوروپشــتی هەولێــر وەک شــوێنەوار ناســروان، هەندێکییــان کنــەو پشــکنینیان تێدا کــراوە، تــا ســاڵانی شەســتەکانی ســەدەی ڕابــردووش ٣٠٠ ســەرچاوەی ئــاوی کاریــز لەدەوروپشــتی هەولێــر هەبــووە، هەرلەکەســنەزان و عەنــکاوەوە تــا هەمــوو گوندەکانــی موڵکیــە و شــەمامک .

لـە گرنگتریین گـردە دیـارەکان:

١. گۆڕستانی یەدی قزلەر کە بەکورد گۆڕستان ناسراوە.

٢. گردی ئەلیاس تەپە لە نزیک دووستەپە.

٣. گـردی عەبدولعەزیـز ٤. گـردی هێلـەوە ٥- گـردی عەوێنـە ٦- گـردی شـەمامک (سـەعداوە)٧. گردی عەلیاوە ٨. گردی سووریژە ٩. گردی پیرداود ١٠. گردی قەتەوی ١١. گردی باقرتە ١٢. گردی باش تەپە ١٣. گردی قوشتەپە ١٤ـگردی قوڵتەپە ١٥- گردی قرشاغلوو، ١٦-گردی خەزنە ١٧. گردی محمد ١٨. گـردی سـەرکارێز ١٩. گـردی لەشـکر ٢٠. گـردی کلـک مشـک ٢١ـگردی قالیچاغـە ٢٢. گـردی تەلقەسـرا، ٢٣. گـردی باخچـان٢٤. گـردی گەزنـە ٢٥- گردعازەبـان ٢٦- گـردی دۆغـان ٢٧. گردقات(بەرانبـەر منـارەی، سـەرجادەی هەولێـر ـ دیبەگـە) ٢٨. گـردی تاژیـە ڕەش دەکەوێتـە پشـت گـردی دۆغـان باکـوری گونـدی گردعازەبـان. ٢٩. گـردی سۆربەشـی خـدری ٣٠. گـردی ترپەسپیان ٣١. گردی دووگردکان




٣٢-گـردی سـەیدەئەحمدی نزیـک سـوێرەی ٣٣- گـردی بابەجەعفـەری نزیک عارەبکەنـدی ٣٤-گـردی شـێخ سـمایلی نزیـک یارمچـەی ٣٥-گـردی شـێخ محمـدی لەتەنیشـت گونـدی باقرتـەی ٣٦- گـردی قەرەچناغـەی ٣٧- گـردی بێریات ٣٨- گردی خەرابـەی فاتمی لەبەینی ئەسـحابە و جدیدەیە٣٩. گردی سـارەیی لەنێـوان گعێتـل و ئەبـوو شـیتەیە. ٤٠. گـردی نیسـکان لەنێـوان ئیلینجـاغ و گەڕەشـێخانە.

## • ناوی کەندەکانی شەمامک و موڵکیە

### کەندی شیوەسۆر و باقرت و قوڕەبەگ*


لـە ئاقـاری گوندەکانـی پیـرداود و ترپەسـپیان و منـارە و یـەدی قزلـەر و ئاودەلـۆک و جدیـدەی لـەکان و گردعازەبـان و هێڵـەوە و عەلیـاوەی دەشـتی شـەمامک سـێ کەنـدی گـەورە هەیـە :

١. کەنـدێ حەبیـب کـوژرای: لـە چارداغـی بـن زورگـەزراوی دێتـن بـەرە و ئاودەلـۆک و پێـش ئـەوەی بگاتـە عەلیـاوەی لەگـەڵ کەنـدێ شیوەسـۆرێ یـەک دەگریـت.

٢. کەندی باقرتـەی : کە لەباقرتـەی دەست پێ دەکات بەخوارووی منارەی دادێـت و لەجـادەی دیبەگـەی دەپەڕتـەوە و بەنێـوان گونـدی یـەدی قزلـەر و جدیـدەی لـەکان دادێـت و دێـت پێـش ئـەوەی بگاتـە عەلیـاوەی لەگـەڵ کەنـدێ شیوەسـۆرێ یـەک دەگرێـت،

٣. کەندێ شیوەسـۆرێ: ئـەو کەنـدە لەمێرغـوزاری دێتـن بەپشـت پیرداودی دێتـە ترپەسـپیان و بەسـەرووی منـارەی لەجـادەی دیبەگـەی دەپەڕتـەوە بـۆ ڕۆژئـاوا دەڕوات بـە نێـوان ئاقـاری سـووریژە و یـەدی قزلـەری دادەڕواتپێـش ئـەوەی بگاتـە عەلیـاوەی لەگـەڵ کەنـدی باقرتـی یـەک دەگرێـت و کەمێـک دواتـر لەگـەڵ کەنـدی حەبیـب کـوژرای یـەک دەگرێـت.

٤. کەنـدی قوڕەبەگـی: لـە سـەرووی گونـدی پیـرداودی دێتـن لەجـادەی دیبەگـەی دەپەڕتـەوە بۆ ڕۆژئـاوا دەڕوات بە کن گونـدی سۆربەشـی هەمزەی




دادەڕوات، بـە نێـوان گـردی قوڕەبـەگ و گردعازەبانـی دەڕوات پێـش ئـەوەی بگاتـە عەوێنـەی لەگـەڵ درێژکـراوەی کەنـدی شیوەسـۆری یـەک دەگرێـت و دەرژێتـە کـۆدەرەی عەوێنـەی.

## • شوێنە دیار و کۆنەکانی ناحیەی قوشتەپە:

١ـ گردی قوڵتەپە :دووگردی نزیک یەکن دەکەوێتە باشووری قوشتەپە لەرۆژهەڵاتی جادەی سەرەکییە ، لە نزیک جادەی کەرکووک هەولێرن.

٢ـ گردی باشتەپە: ٤٠کم لەخوارووی هەولێرە و بەگردی باشتەپە بەناوبانگە بۆ سەردەمی بەردینی نوێ دەگەڕێتەوە واتە ٧٠٠٠ ساڵ پ.ز، ژیانی تێدابووە.

٣ـ گردی لەشکر:دەکەوێتە رۆژهەڵاتی شاری هەولێر، نێوان شارۆچکەی کەسنەزان و بنەسڵاوە، نزێک شاری پیشەسازی نوێی هەولێر.

٤ـ گردی باقرتە :گردێکی کۆنە دەکەوێتە گوندی باقرتە خوار شاری هەولێر، بەلای رۆژهەڵاتی جادەی هەولێر دیبەگە، لە ٢٥ـ ٢ـ ١٩٤٦وەک شوێنەوار تۆمارکراوە .مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٢٦-- ١٧٠٠ زاینی واتە مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان تا٣٠٠ ساڵ پێش ئێستاش ئاوەدانی تێدا هەبووە.

٥ـ گۆڕستانی گوندی ترپەسپیان: گوندی ترپەسپیان دەکەوێتە سەر ڕێگای هەولێر دیبەگە، بەلای ڕۆژهەڵاتەوە، سەر بە ناحیەی شەمامکە، لەدێر زەمانەوە ئاوەدان بووە، گردی شێخ محمدی یاخود قەبرستانی شێخ محمدی شوێنی ئاوەدانی بووە، چونکە تا ئێستا ئاسەواری کۆنی تێدا ماوە لە پارچە گۆزەی شکاو و تاسولقە، هەروەها ئاسەواری ( ٧ ) حەوت ئاشی کۆنی لێ یە کە لە ساڵانی زووەوە کە ئاوی کارێزەکانی گوندی ( قوشتەپەی گەورە) لێوە دەهات.

سەبارەت بە ئاشەکان یەک لە ئاشەکان لەدامێنی گردی بو بەلای ڕۆژئاوا هەتا دوای ٢٠٠٨ ئاسەواری مابو دواتر بەداخەوە بە شۆفەڵ تەختیان کرد، ئاشەکی دیکە لەپێش گوندی بو ئەویش ئاسەواری مابو

دواتر شوێنەکەی کرا خانوو، ئاشی سێیەم لە باکوری ڕۆژهەلاتی گوند بو کیلۆمەترەک لە گوندی دوور بوو لە سەر ڕێی گوندی مێرخوزار شوێنەکەی بەرزاییە پێی دەرێین سەر (بستیێ) ئەو ئاشە پێیان دەگۆت ئاشی عەباسی، بەداخەوە ئەویش تەخت کراو کردیانە پالاوگە، چەند شوێنەواری دیکەش هەن لەوانە گومەتی سەیدی هەم ئاسەواری کۆنی لێیە هەم قەبرستان، هەروەها لە ناوەڕاستی گوند لە سالی ١٩٧١ بناغەی مزگەفت لێدرا چەند شوێنەوارو هێسک و پروسکی مرۆڤی لێ دۆزراوە.

٦ـ گردی هێلەوە :لەرۆخ گوندی هێلەوەیە، کەدەکەوێتە خوارووی رۆژئاوای شاری هەولێر نزیک زوورگەزراو،لەسالی ٢٠١٦ ەوە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر لەگەڵ ڕێکخراویکی شوێنەواری بیانی هەستاوە بە کنە و پشکنینی، مێژووەکەی بۆ پێنج هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە، کە ئاوەدانی تێدا هەبووە .

٧ـ گۆڕستانی یەدی قزلەر :دەکەوێتە رۆژئاوای گوندی یەدی قزلەر لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر کنەوپشکنینی لەسالی ٢٠١٧ ەوە بۆ کراوە، بەشارێکی گەورە مەزەندە دەکرێ کە هی سەردەمی میتانییەکان بێت.

٨ـ گردی سوریژە : ئەویش دەکەوێتە خوارووی رۆژئاوای شاری هەولێر، نزیک گوندی سوریژەیە لەلای رۆژئاوای ڕێگای هەولێر دیبەگەیە، پشکنینی بۆکراوە .

کۆمەڵێک گردی تر لە قوشتەپە هەن وەک: گردی قوشتەپە، گردی قەرەچناغا، گردی گرد مەلا، گردی گرد لانکە، گردی تولعە، گردی یاقوتی، گردی قرشاغلو گردی سوربەشی خدری، گردی پیرداودی.

## • کەندەکانی باران ڕێژی دەوروپشتی هەولێر

١. کەنـدی دیانـان: لەسـەرووی عەنـکاوە دەهـات بەنـاو عەنـکاوە دادەڕۆیشـت دەهاتـە گونـدی رەشـکینی ئینجـا گونـدی شـەمعوناوەی (ئێسـتا بوونەتـە دەوروپشـتی فڕۆکەخانـە) لەجـادەی موسـڵێ دەپەڕیـەوە دەهاتـە گونـدی تـووڕەق، لـە دەرێـی گونـدی تـوو ڕەقـی لەگـەڵ کەنـدێ هەولێـرێ یەکـی دەگـرت.

٢. کەندی هەولێرێ: دوولق بووە یەکییان لەلای بەستەپیازە و تەیراوەی هاتیـە، ئـەوی دیکـە لەسـەیداوەی هاتییـە لەبـۆ تەعجیلـی لـەوێ هاتتـە کـن ئاشـی شـێخ محێ دینی، دوایی لـە لای سـایلۆی هەولێـری هـەردوو کەنـدی ئاوەڕۆکـە یەکـی گرتـووە و چووتـە گونـدی تووڕەقـی لەگـەڵ کەنـدێ دیانـان یەکـی گرتـەوە. دەڕۆیشـت لـۆ گونـدی سـوێرەی و دەچـووە کـن گونـدی عارەبکەنـدی و لەگـەڵ کەنـدێ کلـک مشـکی یـەک دەگرنـەوە دەبنـە کەنـدی گـەورە.

٣. کەندێ کلک مشکی: ئەو کەندە لەسەرووی کلک مشکی لەلای گەڕەکی مەجیـداوەی دەهـات بـە لای گـردی کلـک مشـکی دادەڕۆیشـت و دەچـووە گوندی باغلومنارە و دەچووە تووڕەقی و بەخوار سوێرەی دادەڕۆیشت و دەچـۆوە عارەبکەنـدی و لـەدەرەوەی عارەبکەنـدی لەگـەڵ کەنـدێ تووڕەقـی یەکـی دەگرتـەوە. ئـەو کەنـدە دەچـۆوە جمکـە و بـن بێرنـزی و دەچـۆوە دەروگولـی و دەڕۆیشـت لەبـۆ دهێمـات و دوایـی سـەعداوە و پێمەرەبـڕ و قادریـە و هەوێرە و زاگەوشەمشـوولە و دەچۆوە گامێش تەپەیی و لەوێش لەسـەرووی گوێـڕی تێکـەڵ دەبـوو بـە زێـی گـەورە.

٤. کەندێ پیرە بەست و مزووران


کەنـدێ گـەورە لـە هەولێـر بـەو کەنـدە یاخـود چۆمـە دەگوترێـت کـە لـە رۆژهەڵاتـی هەولێـر بەدوولـق دێتـن یەکییـان لەرۆژهەڵاتـی هەولێـر

لەکەسـنەزانەوە بەلێـواری جـادەی کۆڕنیـش دادێتـن پێـی دەڵێـن کەنـدی مـزوری ئـەوی دیکـەش لەسـەرووی ئاقـاری گونـدی باغەمـرەی شـەهابی دێتـە خـوارێ بەسـەرووی دارەتـوو دا دێتـن پێی دەڵێن پیرە بەسـت، پێش ئـەوەی بگەنـە بـن پـردی ڕێـگای هەولێـر- کەرکـوک هـەردوو کەندەکـە یـەک دەگـرن و دەبنـە کەندێکـی گـەورە، ئینجـا دێتـەوە بـن پـردی ڕێـگای هەولێـر- کەرکـوک، بەسـەرووی گەڕەکـی ژیـان دادێتـن بـەرەو جـادەی هەولێـر مەخمـوور، بەسـەرووی گونـدی قەتـەوی دادێتـن بـۆ لای سـەرووی گونـدی میرزائەحمـەد دێتـن، بـەرەو سـەرووی گونـدی بێریـات،و دێتـەوە خـوارووی گونـدی دوسـتەپە و دەچێتـەوە گونـدی تەندوورەو لـەوێ دەردەچێـت و تـەواو دەبێـت. ئـەو کەنـدە لەکاتـی بـاران باریـن ئـاوەڕۆی بارانـی ئـەو ناوچەیـەی پێدادەهاتــە خــوارێ، لەهەنــدێ شــوێن تــەواو قووڵــە و لەهەنــدێ شــوێن کەندێکـی ئاسـاییە، ئێسـتا زۆرێـک لەئـاوەڕۆی گەڕەکەکانـی ڕۆژهـەلات و خـوارووی هەولێـری پێـدا دەڕوات.

## • ڕێگا کۆنەکان

## ڕێی کۆنی نێوان هەولێر- گوێڕ

بـە هـۆی گەورەبوونـی شـار زۆر سـیماکانی دەگۆڕدرێـت، ڕێـگای کۆنـی هەولێـر گوێـڕ، وەک جـاران نەمـاوە، پێشـتر گەراجـی گوێـڕ لـە خـوار کۆتـری سـەلام بـوو، لـەوێ دەهاتـە منـارەی دوایـی بەتەنیشـت ئاشـی شـێخ محـێ دینـی دادەڕۆیشـت، دەهاتـە کـن سـایلۆی و بەکـن خانییەکانـی (دور الامـن) (گەڕەکـی نیشـتمان) دەهاتـەوە کـن مزگەفتـی پیرێژنـی و دەڕۆیشـت بـەلای غەرابـەی وسـیاغەی کـن بەنزینخانـەی پارکـی ئێسـتا و دەچـۆوە گونـدی تووڕەقـی و دوایـی گونـدی عارەبکەنـد و ئینجـا جمکـە و بنبێرنـز و دەلوگـول و لــە زوورگــی ناڵەشــکێنەی ئاودیــو دەبــوو بەکــن گونــدی ســۆرخان و




خەزنـە و تەرجانـی دادەڕۆیشـت، ئینجـا گونـدی پێمەرەبـڕ و عەباسـیە و قادریـە و شامامەر و زاگە و شەمشوولە و هەوێرە و مەرگێبـە و گامێـش تەپـە و دوایـی کەپـران و ئینجـا دەچـووە نـاو گوێـڕ.

## ڕێی هەولێر-دیبەگە-مەخموور لەسالانی ١٩٧٤

لەسـەرەتای سـالانی حەفتـای سـەدەی ڕابـردوو، گەراجـی تورمبێلـی نەفـەر هەڵگـری دیبەگـە و مەخمـوور لەشـوێنی باغـی ناوبـازاڕی ئێسـتا بـوو، حەسارێک بوو لەپێش کۆلانی تووتن فرۆشان بوو دوای ڕاپەڕین ببووە بینایـەی حاجی یەحیای، پەسـتی مام سـەلام و سـەیارەی شـوێنی دیکـەی دەرەوەی هەولێـری لـێ ڕادەوەسـتا، کاریتـە و شەقرەشـیان لـێ دەفرۆشـت، ڕێگاکـە دەهاتـە کـن ئـاوی کەسـک و سـۆر و دوای فلکـەی زەعیم و دوایی دەهاتە جادەی مەخمووری ئێستا کەخۆڵ بوو دەهاتە پێـش حەمـام ئـازادی، لەپێـش حەمـام ئـازادی بازگەیەکـی سـەربازی هەبـووە، ئینجـا ڕێگاکـە وەک ئێسـتا بـەرەو مەجیـداوەو دوایـی بـەرەو قەتـەوی و قۆڕیتـان و پیـرداودو منـارە و تۆپـزاوە دەهاتـە زورگـەزراو، ئـەوکات ڕێگاکە بەنـاو زوورگـی دادەهـات و دەهاتـە کەنـدێ خرەبـەردان و داهاتـە تاقـان، لەتاقانی دیبەگـەی ڕەبایـەی فەوجـی عەسـکەری هەبـوو، بازگەیەکـی سـەربازیش لەنـاو تاقـان بـوو، دوایـی ئـەوکات ڕێگاکـە بەنـاو دیبەگـەی دادەهـات، بەپێـش فەرمانگـەی کشـتوکاڵی دیبەگـەی دادەچـوو، گونـدی سـۆفی سـمایلی دەکەوتـە ڕۆژئـاوای و دەڕۆیشـت بەتەنیشـت کەنـدار دادەچوو،دەچـووە نـاو بازاڕگـەی بەتەنیشـت کەرکـی حوسـێنی غـازی دادەچـوو، گومەتـی برایمـی بایـزی دەکەوتـە ڕۆژهەلاتـی ڕێگاکە،دەهاتـە نـاو مەخمـوور.


### کەونە ڕێی جادەی نەفتێ

کۆنە ڕێگای نێوان گوێڕ و دوبزە بەفراوانتر بڵێم ڕێگای نێوان موسڵ ـ کەرکووکە، کە بە لێواری شارۆچکەی دیبەگە دادەهات. ئەو ڕێگایە لەدوای هاتنی ئینگلیز بۆ کوردستان و دۆزینەوەی نەوت خۆشکرا، جادەیەکی خۆڵی خۆشکراو بوو بەنەوتی ڕەش ڕووپۆشکرابوو، بۆیەش پێیان دەگوت جادەی نەفتێ.

جادەکە لەلای شارۆچکەی دوبزەوە لەسەر زێی گچکە لەگوندی مەلحەوالی یەوە دەهات و بە پێش گوندی دەربەندی سارەلوو ئینجا گوندی پەڕکانە و سەربەشاخ و دەربەندی گۆمێ و جاستان و بیرەبات و تیکالۆ و جانە و کاریتان دادەهات و بەپێش دیبەگەی بەلای خوارووی دادەهات و بەتەنیشت گوندی چلهەوێزە و خورمەڵە و شۆڕجە و حەسارۆک و ئێدیقوو و سمایلاوەی دادەڕۆیشت لەدوایی دەبووە ڕێی خۆڵەپۆک دەچووە ماجیداوە و دوایی دەچووە شارۆچکەی گوێڕی .

### ڕێگای کۆنی هەولێر-ئاسکی کەڵەک

پێشتر لەزەمانی عوسمانییەکان، ڕێگای هەولێر- موسڵ بە گوێڕدا دەڕۆیشت، بەڵام لەسەروبەندی پێش شەڕی یەکەمی جیهانی عوسمانییەکان هەوڵییان دا پردێک لە ئاسکی کەڵەک دروست بکەن، بۆ کورتکردنەوەی ڕێگای هەولێر ـ موسڵ، دەستییان پێکرد، بەڵام وەک کاپتن های ئینگلیز دەڵێت خاوە خاوەیان لێ دەکرد و سەرپەرشتیکارانی پردەکە زۆر گەندەڵییان تێدا کردبوو، بۆیە پێیان تەواو نەبوو،



کاتێ ئینگلیز لەساڵی ١٩١٨ هاتن بۆ کوردستان، دەستییان بە تەواوکردنی کـرد،

ئـەو ڕێگایـە تاکۆتایـی شەسـتەکان و ناوەڕاسـتی هەفتاکانیـش بـەکار دەهـات، گـەراج لـە لای چایخانـەی بایـزی بـوو، لـەوێ دەچـۆوە باکـووری منـارەی چۆلـی بەپێـش باڵەخانـەی پەرلەمانـی ئێسـتا دادەرۆیـی و دەچـۆوە گونـدی ڕەشـکین، ئـەوکات سـەربازخانەی بەشـێوەی گـەورە لـێ نەبـوو، ئینجا دەڕۆیـی بـەرەو گونـدی سـێبیران و دەرۆیشـت بەنـاو کانـی قرژاڵـەی، دەچـووە کەوڕەبەنـی و دوایـی دەچـووە چالووکـی گـەورە و گچکـە دەڕۆیـی لەبـۆ ئاسـکی کەلـەک، کەئـەو کات شـارۆچکەی خەبـات نەبـوو، ئینجـا لـە پـردە ئاسـنینەکە دەپەڕیـەوە لەبـۆ خـازری و دەچـووە بەرتلـەی و دەچـووە گۆکجەلـی و دەچـووە گەرەکـی نەبـی یونسـی موسـڵ.

ڕێـگای نێـوان هەولێـر هەتـا چالـووک ٢٤کـم بـووە، نێـوان چالـووک هەتـا کەلـەک ١٣کم بووە، نێوان کەلـەک و خـازر ١٠کـم بـووە، خـازر تـا بەرتلـەی ١٦کـم بـووە، نێـوان بەرتلـە تـا موسـڵ ١٦کـم بـووە. کـۆی مـاوەی نێـوان ڕێـگای هەولێـر موسـڵ ٨٥کـم بـووە.

## • ناوی هەندێ لە گەلی و ئەشکەفتەکانی چیای قەرەچوغ

**خدرجیجە :**

گوندێکـە دەکەوێتـە بنـاری چیـای قەرەچـوغ بـەلای دەشـتی کەندێنـاوە تـا سـەرەتای هەشـت سـەدەکانی سـەدەی ڕابـڕدوو هـی بلْباسـان بـووە، دوایـی هـۆزی بندیـان لـە بلْباسـەکان لـە مامەنداغـەی بلْباسـییان کڕیوەتـەوە . ناوەکەشـی لـەوە هاتـووە پێشـتر ژنێـک و زەلامێـک تێیـدا ژیـاون ناویـان خـدر و خەجیـج بـووە (خـدر خەجیجـە) دوایـی ناوەکـە سـواوەتەوە لەفەرمـی بووەتـە خدرجیجـە لەسـەرزاری خەلکـی ناوچەکـە بـە خدرجـە نـاو زەد

دەکرێ. سنووری جوگرافیەکەی بەم شێوەیە:

لەباکووری گوندی چیغلۆکە، لە باشوور چیای قەرەچوغە، لەرۆژئاوا گوندی گاوەرە، لە رۆژهەڵات گوندی لاوەرە .

ناوی گەلییەکان : گەری (گەلی) واتە ئەو دۆڵەی لەنێوان دوو کەرتە چیای دا دێتە خوارەوە .

لەسنووری لای گوندی لاوەرەوە بۆ لای گوندی گاوەرە بەم شێوەیە

١ -گەریێ خشخشۆکێ

٢ - گەریێ قوچی باولی، ڕێچکەکی هەیە پێ ئاو دیو دەبی بۆ لای گوندی ئازیکەند

٣ -گەریی ئاوەزێ، هەرکەوەکی تێدایە بەهاوین و پایزیش ئاوی تێدا دەمینێ، ئەشکەفتەکیشی تێدایە هەر بەو ناوە ناسرایە.

ئەو سێ گەرییە یەکییان دەگرت و کەندێ هاڕ هاڕەیان پێک دەهینا.

٤- گەریێ پیرداود حەمەدی، (لەسەرووی ئەو گەریە و گەریێ ئاوەزێیێ قوچەکەک هەیە پێی دەرێن قوچەکی مهندسی)، وەختی خۆی مهندس هاتوون رووپێوی ناوچەکەیان کردووە بۆ شوێنەوار

٥- گەریێ حەوێزی، کەندەکەی دێتەوە ناو گوندی خدرجیجەی

ئەو دوو گەرییەش لەخوار چیای یەکییان دەگرت و کەندێ ناو گوندییان پێک دەهینا، ئاوەکەی دەڕژاندە ناو کەندێ کۆران (کە ژن کۆڵییان لێ دەکرد) لەبەینی ئاقاری خدرجە و چیغلۆکی بوو

٦- گەریێ مام ڕەشی ٧. گەریێ حەمشینی دوولکە دەچتەوە ناو خدرجەی دەبتەوە یەک لک . ٨. گەریێ پووتەی

٩- گەریێ قادر سلێمانی تخوبی نێوان هەردوو گوندی خدرجە و گاوەرەیە.

**ئەشکەفتەکان :**

١. ئەشکەفتی کامەلای لەناو ئاقاری خدرجیجەیە ٢. ئەشکەفتی زێبەی

**بیرەکان**

١ – بیـریٚ کامـەلای لەنزیـک مزگەفتـیٚ بـوو بیرەکـی کەمێـک تـاڵ بـوو بـەس زۆر سـارد بـوو ئاوەکـەی ژن لـۆ مەشـکە هەژاندنـیٚ دەیـان بـرد ٢. بیـریٚ کانـی عەلـی فەرحانـی ٣. بیـریٚ حەوێـزی ٤. بیـریٚ مـام تەهـای ٥. بیـریٚ مـام سـەعەی (ئـاوی زۆر شـیرین بـوو) ٦. بیـریٚ عـەولاّ ناسـری ٧. بیـریٚ مەزهـەری

## • ناوی گەلی و بیر و جۆخینەکان

گوندی لاوەر

گونـدی لاوەر دەکەوێتە بناری چیای قەرەچوغ بەلای دەشتی کەندێناوەوە، سـەر بەناحیـەی دیبەگەیـە، دانیشـتوانەکەی هەمـووی سـەر بەهـۆزی بندیانـن، سـنووری جوگرافیەکـەی، لـەرۆژ هـەڵات گونـدی حاجـی شـێخانە، لەباکـوور ئاقـاری گونـدی چیغلـۆک، لەرۆژئـاوا گونـدی خدرجیجـە، لـە باشـووور چیـای قەرەچوغ .

ناوی گەلییەکان (گەریی):

١ –گەریـیٚ پووتـەی مـەرزان ٢– گەریـیٚ لاوەری ٣ –گەریـیٚ پووتـەی ٤– گەریٚ بەسیلیٚ ٥–گەریٚ خـەلان ٦–گەریٚ حەمەدنەبییـان ٧– گەریـیٚ خـوارە

**ناوی ئەشکەفتەکان**

١–ئەشکەفتی غەرەنگ لای رۆژهەلاتیە لەگەریٚ لاوەری

٢–ئەشـکەفتی سـەردڕای (سـەری کونـە) بـەلای نسـارییە واتـە رۆژئاوایـە لەگەریـیٚ لاوەری ٣–ئەشـکەفتی سـۆر لەگەریـیٚ خەلانـە ٤–ئەشـکەفتی حەمـەد نەبییـان لـە گەریـیٚ حەمــەد نەبییانــە ٥–ئەشــکەفتی کونەگــورگ لەگەریـیٚ خوارەیـە لەکـن هەرکـەویٚ مەنجـەران ٦–ئەشـکەفتی قسـروگێچ لەسـەرچیایە لەنـاو کاولـە قسـر و گێچییـە

**بیرەکانی ئاویَ**

١-بیـریَ حاجـی قـادری ملامحمـدی ئـاوی شـیرین بـوو بـۆ خواردنـەوە بـەکار دەهـات ٢- بیـریَ حاجـی صادقـی ئەویـش ئـاوی شـیرین بـوو، بـەس کەمتـر ٣- بیـریَ مـام پیدالـی لەکـن قەبرسـتانی لاوەری بـوو ئـاوی تـاڵ بـوو

٤- بیریَ حاجی محمده زراری لەنزیک قەبرستانی بوو ئاوی تاڵ بوو.

٥- بیـریَ درویـَش مامـەی ٦- بیـریَ مـام عەلـۆی ٧. بیـریَ مـام سـەعەی لاوەری ٨- بیـریَ حوسـیَنی بەکـری ٩. بیـریَ حاجـی حامیـدی

**کانییەکان**

١- کانییَ تەوشی تراشای لەگەرییَ لاوەری بوو

٢- کانییَ کۆلان لە گەرییَ خەلان بوو

٣- کانییَ هەرکەویَ مەنجەران لەگەرییَ خواریَ بوو

## • گەلییەکانی گوندی گاوەرە

گاوەرە گوندیـَکـە دەکەویـَتـە بنـاری چیـای قەرەچـوغ لـە رۆژهەلاّتـی رِیـَگای مەخمـوور دیبەگەیـە، لای رۆژهەلاّتـی و باکـووری ئاقـاری گونـدی خدرجیجەیـە، لای رۆژئـاوای جـادەی مەخمـوور- دیبەگەیـە واتـە گونـدی کەنـداڵ یارمچەیـە، لای باشـووری چیـای قەرەچوغـە، دانیشـتوانەکەی زیاتـر لـە هـۆزی سـوورچیین، کـە پیـَیـان دەگوتـریَ ئـاری کوتکـی .

گەلییەکان لەلای رۆژهەلاّتەوە بەلای گوندی خدرجیجەوە بۆ لای بازارِگەوە

١- گەری پووتەی ٢-گەری قادر سلیَمانی ٣. گەرییَ مەلا نەبی ٤. گەرییَ حاجی فارسی

٤- گەریـیَ مەولـودی ٥- گەریـیَ ئۆمـەری ٦- گەریـیَ زیـَزیَ٧- گەریـیَ سـواران ٨-گەریـیَ هەنجیـرۆک ٩. قینچکـی گـرەروون، بلَندابیـە.

لەگرنگترین بیرەکانیش بیری مەمحمودی سەنایە، کە بیریَکی بەناوبانگ

بوو ئێستا کوێربۆتەوە دەکەوێتە بن پردی جادەی مەخموور- دیبەگە و پێشتر لە حەیرانان زۆری بەسەر داگۆترایە .

## • ئاقاری گوندی گەڕەسۆر

گەڕەسۆر گوندێکە دەکەوێتە خوارووی بناری چیای قەرەچوغ بەلای(مام ڕەش)، لەدەشتی قەراجێ، ٥ کم لەمەخموور دوورە، دانیشتوانەکەی بابەلباب هەر کورد بوونە، ئەو شوێنە دیارانەی لێیە :

١. سەنگەران : کە لەچوار غەر پێک دێت، دوو غەری گەورەیە و یەکیش مامناوەندە و یەکیش بچووکە، هەموو بەبەردی گەورەی چیا هەڵنراینە. پێ دەچی زۆرکۆن بێت، کاتی خۆی لەشکر خۆیان تێدا مەلاس دابێت و بۆ بەرگری بەکارهاتبێت. ئێستا شوان و مەڕداران بۆ پاریزی مەڕەکانیان شەوان بەکارییان دەهێنن.

## • گەلییەکان لەلای ڕۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا:

١. گەری پەلکی

٢. گەری حەسەن سێوەی

٣. گەری سەنگەران: دوونـاوی دیکەی هەیە، تاراوان و دوولکی گەڕەسۆری

٤. گەری مەنجەران (گەلی مەنجەلان) لەناو قەدی چیای قەرەچوغە بەلای مەخمووری لە سێ بەردی ناوکۆڵ پێکهاتووە دووانیان لەنزیک یەکن، ئەوی دیکە دوورە لەدووەکە، تک تک ئاوی ناو چیاکە لەئەشکەفتێک دێتە دەری و دەرژێتە ناو ئەو بەردانە، ئەو بەردانە پێی دەڵێن مەنجەڵ، هەریەکەی نزیکەی ٥ گالۆن ئاو دەگرن، ئاوەکی خاوێن و شیرینە بۆ خواردنەوە دەشێت..

٥. گەری سمایل بێشیر.

**شوێنەکان:**

١. چار گۆمان:

٢. ئـاوی تـاراوان: کانییەکـە لەخـوار گـەری سـەنگەران دوولکـی لـێ دەبێتـەوە.

٣. گۆمـێ ئاسـکان (مامـزان) گۆمێکـە لەنزیـک گونـدی گەڕەسـۆر، هەتـا نیـوەی سـەدەی رابـردووش بـەڕەوە مامـزی لـێ بـوو بـۆ ئـاو خواردنـەوە لێـی خڕدەبوونـەوە.

**گوندی پاڵانییان :**

گوندێکە لەباشووری چیای قەرەچوغـە دەکەوێتـە لای رۆژئـاوای جـادەی مەخمـوور هەولێـر لـە ئاقـاری پاڵانییـان چیـای قەرەچـوغ ئـەو گەلییانـەی تێدایـە :

١. گـەری محەمـەدی ٢. گـەری سـەیدی ٣. گـەری نـاوان ٤. گـەری سـۆر ٥. گـەری عاسـێیان ٦. گـەری سـۆری سـەعیداغەی.


**گونـدی پیرداوسـووان:** گوندێکـە لەدامێنـی چیـای قەرەچـوغ بـەلای قـەراج لـە باکـوری مەخمـوورە . ئـەو گەلیانـە لەقەرەچـوغ لەئاقـاری پیرداودسـووان هـەن:


١. گـەری شووشـە ٢. گـەری حاجـی ڕەمـەزان ٣. گـەری چکچکـە ٤. گـەری سـەعدونی ٥. گـەری دوولکـی پیرداودسـوان ٦. گـەری پیرەخـاری.


Abdulraqib Yusif



قشلەی مەخمور






کۆدەرەی عەوێنە



گردی عبدالعزیزی دوزتەپەیی



قەسری شەمامک، سەعداوە



قەراتێ مەخمووری


گۆمبەتی برایمی بایزی


گردی قەسرا




گردی قالینچاغا


قەسری شەمامک، سەعداوە

# بەشی سێیەم
# باری کۆمەڵایەتی

## • چین و توێژ و پیشەوەرانی گوندەکان

**ئاغـە:** گـەورەی گونـد یـان چەنـد گوندێـک بـوو، لەخوێـن لەگـەڵ خەڵکەکـە هاوبـەش نەبوو.لەدەشـتی هەولێـر ئاغەکانـی دزەیـی نزیکـەی ١٥٠ گوندیـان لەژێـر دەسـت بـوو، ئاغەکانـی هەولێـریش چەنـد گوندێکییـان لەبەردەسـت بـوو، بـەس خۆیـان لێـی دانەدەنیشـتن .

**سـەرۆک عەشـیرەت:** سـەرۆکی خێـڵ بـوو، لەخوێـن و ڕەچەڵـەک هاوبـەش بـوو لەگـەڵ خزمەکانی.ئـەو گوندانـەی لەژێـر دەسـەڵاتی سـەرۆک عەشـیرەت بـوو ئاغـەی دزەیـی و هەولێری لـێ نەبـوو.

**کوێخا:** کێخوا(کوێخا): گەورە و ریش سپی گوندەکەی بوو یان عەشیرەتەکەی بوو.

**سـەرکار:** پیـاوی ئاغـەی بـوو، سەرپەرشـتی ئیشـی ئاغـەی دەکـرد لەگونـدی، واتـە لێپرسـراوی گوندبـوو لـە لایـەن ئاغـەوە دانرابـوو.

**موختـار:** مـۆری میـری لەلابـوو، پێنـاوی نێـوان خەڵکـی گونـد و میـری بـوو، لەلایـەن ئاغـەوە دیـاری دەکـرا.

**مـەلا:** بەپیـاوی ئاینـی ئیسـلامی دەگوتـرێ کەخوێندنـی ئاینـی تـەواو کردبێ و ئیجازەی وەرگرتبێ و پێشنوێژی دەکات و وتاری ئاینی ئیسلامی دەخوێنێتـەوە، پێشـتر مووچەیـان نەبـوو، خەڵکـی گونـدی زەکاتیـان پـێ دەداو هاوکارییـان دەکـرد.

**کوتابـی (قوتابـی):** بـەو منداڵانـە دەگوتـرا کـە لـە گچکەییـەوە دەچوونـە بەرخوێنـدن، بـۆ فێربوونـی خوێندنـەوە و نووسـین .

**سـوختە:** لـەدوای قۆناغـی کوتابـی (قوتابـی) دەهـات، ئەگـەر لـەدوای کوتابـی حـەزی لەخوێنـدن بوایـە دەبـوو بەقۆناغـی سـوختەش دابـڕوات

پێشـیان دەگوتـرا فەقیـی بچـووک زۆربـەی جـار لەلایـەن موسـتەعدەکانەوە وانەیـان پـێ دەگۆتـرا.

**فەقـێ:** خوێنـدکاری ئایینـی بـوون لەحوجـرەی مزگەوتـەکان لەلایـان مـەلای تایبەتـەوە وانەیـان پـێ دەخوێنـدرا.

**موسـتەعد:** بـەو فەقێیانـە دەگوتـرا ئامادەبـوون بـۆ وەرگرتنـی ئیجـازەی ١٢ عیلـم واتـە لەقۆناغـی کۆتایـی بـوون .دەیانتوانـی دەرس بـە کوتابـی و سـوختەی بڵێتەوە.لێرەدا موسـتەعد تەمەنـی دەگەیشـتە سـەرووی ٢٠ سـاڵی لەکۆتاییـدا لەرۆژێکـی دیاریکـراو موسـتەعدەکان لەلایـان مـەلاوە ئیجـازەی دوازدە عیلمییـان پـێ دەدرا بەمەراسـیمێکی ئاهەنگـی کەپیـاوی نـاوداری ناوچەکـە و خەلکێکـی ئاسـاییش دەچـوون بەشـدار دەبـوون، دوای ئـەو مەراسیمە و وەرگرتنی ئیجازەیـە، موستەعدە دەرچووەکان پێیـان دەگوتـرا مـەلا و دەیانتوانـی مزگـەوت وەربگـرن بـۆ وتـار خوێندنـەوە.

**شـێخ:** پلەیەکـی ئاینـی بـوو کەسـانێک لـە خواپەرسـتییەوە وەرییـان دەگـرت، دوایـی دەبـوە میـرات بـۆ نەوەکانـی.

**سەید:** واتە لەنەوەی پێغەمبەر محەمەدن.

**دەروێـش:** ئەوکەسـانەی تۆبەیـان دەکـرد لەسـەر دەسـتی شـێخێک و هەمیشـە لەخزمەتـی شـێخ دادەبـوون .

**سۆفی:** کەسی تۆبەکار.

**سەرپارە:** سەرپاڵە: سەرۆک و سەرپەرشتیاری سەپانان لەکاتی دروێنەکردن . **سەپان:** کرێکاری دروێنەکردن شەرتییان دروێنەکردنە تا گەنم و جۆکە لێک جودا دەکرانەوە و دەکرا ڕەوسە چەند سەپان بوونایە پێنجێکییان لە خاوەن زەوی وەردەگرت.

**جۆتیار(جووتیـار):** کرێـکاری زەوی کێڵـە شـەرتییان شـەش مانگـە، ئـەو شـەش مانگە نان خواردنی لەسەر ماڵی خاوەن زەوییە، دەستێک جلی بۆ دەکڕی بە پێلاو و گۆریەوە، جێی نیو عەلبە(٨ قەزناغ) دەغلی دەدایێ بۆ

خـۆی بیچێنێ.جگـە لـە پێدانـی وشـکە پارەیـەک یـان بـڕێ دەغـڵ بەگوێـرەی ڕێککەوتنەکەیـان.

**گزیـر:** پیـاوی ئاغـەی بـوو نۆکـەری بـۆ دەکـرد هەمیشـە لـەدوای ئاغـەی دەڕۆیشـت لـە دوژمـن دەیپاراسـت.

**قاوەچـی:** ئیشـی تەنهـا لێنانـی قـاوە و تێکردنـی قـاوە بـوو لـە دیوەخانـی ئاغـەی .

**نۆبەتدار:** نۆبەت و پاسەوانی ماڵ و دیوەخانی ئاغەی دەکرد.

**ئاوکێـش:** بەرپرسـی ئاوهینـان بـوو لەبیـرەوە یـان لەکانییـەوە بـۆ ماڵـی ئاغـەی، عادەتـەن ئـەو پیاوانـە دەکرانـە ئاوکێـش کەنێرەمـووک بـوون، یـان دەمـاری نێراتییـان بچراندبـوون.

**سـاییس:** خزمەتچـی ئاغـەی بـوو بـۆ خزمەتکردنـی وڵاخەکانـی (ئەسـپ و مایـن و ئیسـتر) کاوجـۆی دەدانـێ و تەویلـەی خاوێـن دەکـردەوە و خزمەتـی تاژیەکانـی (تانجی)دەکـردن .

**کارەکەر:** بەو ژنانە دەگوترا کەخزمەتی ژن و مالی ئاغەیان دەکرد .

**گـۆردە:** بـەو کەسـانە دەگوتـرا کـە لـە ڕاپەڕینـی جووتیارانـی ١٩٥٣ دژی ئاغـە ڕانەپەڕیـن و لەگـەڵ ئاغـە بـوون.

**چـەورە:** بەوکەسـانە دەگوتـرا لەسـەرەتای ڕاپەڕینـی جووتیارانـی سـاڵی ١٩٥٣دژی ئاغەبـوون دوایـێ خۆیـان ئاوێشـتەوە ماڵـی ئاغـای.

**ئاوخـۆرەوە:** بەوکەسـانە دەگوتـرا کەهیـچ زەوییـان نەبـوو وەک شـوان و گاوان و سـەپان .

**شوان:** مەڕییان دەلەوەڕاند.

**بەرخەوان:** بەرخییان دەلەوەڕاند زیاتر بەمندال دەکرا.

**گاوان:** چێڵ و گایان دەبردە دەرەوەی گوندی و دەیان لەوەڕاندن.

**دەرکـەوان:** لەدەرگـەی ماڵـی ئاغـە و سـەرۆک عەشـیرەتەکان دەوەسـتان لەخزمەتییـان دەبـوون.

**جۆرا: جۆلا :** کاری جۆلایی دەکرد لە پەشتماڵی نوێژ و بەرماڵ و ...
**خوبـزە :** بەوکەسـە دەگوتـرا کـەکاری بـۆ ماڵـی ئاغـە و دەوڵەمەنـدان دەکـرد
**شـوون هەرگـر:** شـوێن پـێ هەڵگـر گـەر کەسـانێک دزییـان بکردایـە یـان زەلامییـان بکوشـتایە شـوون هەڵگـر جێـی پێیانـی هەڵدەگـرت تـا تاوانەکـە بدۆزتـەوە.
**نانکـەر:** ئافرەتانـی کەنانییـان بـۆ ماڵـی ئاغـە و سـەرەک عەشـیرەت و دەوڵەمەنـدەکان  دەکـرد.
**تەشی ڕێس:** ئەو ئافرەتانەی تەشییان بەکرێ دەرێست
**تەونکـەر:** ئـەو ژنانـەی مافووریـان بـۆ خەڵکانـی تـر دەکـرد لەبەرانبـەر پارەیـەک.
**خمچـی:** ئەوکەسـانەی رەنـگ واتـە بۆیەیـان دروسـت دەکـرد بەتایبەتـی رەنگـی شـینی نیللـی.
**دمگـر و دوعاخوێـن:** هەنـدێ پیـاوی ئایینـی وایـان پیشـان دەدا کەتوانـای دوعـا خوێندنییـان هەیـە و دوعاکەشـییان گیـر دەبـێ، تـف و فووییـان بەسـەر شـتەکان دادەکـرد و چەنـد دوعایەکییـان لەسـەر دەخوێنـد.

## • زاراوەی پەیوەندییە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان

زمانـی کـوردی لـەڕووی زاراوەکانـەوە دەوڵەمەنـدە و لەچـاو زۆر لەنەتەوەکانـی دیکـە زاراوای کوردانـەی خـۆی هەیـە، نەوەیـەک پەیدابـووە، هەنـدێ زاراوای خزمایەتـی و هاوخوێنـی بـە زمانـی کوردانـە نالێـت، بـۆ نموونـە لـە جیاتـی بڵێت ئامۆزا، دەڵێت کـوڕی مامـم، لەجیاتی بڵێت پـوورزا (پلکـزا) دەڵێـت کـوڕی پلکـم، لەجیاتـی بڵێـت خاڵـم دەڵێـت بـرای داکـم...... ئـەوە نیشـانەی دوورکەوتنەوەیـە لـە بنچینـەی زمانـی راسـتەقینەی بـاب و باپیرانمـان، لەبیرکردنـی زاراوە کۆنەکانـە، کەپێشـتر بـاب و باپیرانمـان

بەجوانــی دایانڕشــتووە . بۆیــە پێویســتە گرنگــی بــەو زاراوانــە بدرێــت و هەمیشــە لەســەر زاران بمێنــن. وەک:

**باپیر:** باوکی باوک، یان باوکی دایک

**داپیر:** دایکی باوک، دایکی دایک

**باب:** باوک، بۆ کوڕ و کچ دەبێت، کە بە ڕاستی لە توخمی ئەو بێت.

**داک:** دایک، بۆ کوڕ و کچ دەبێت، کە بەڕاستی لەداوێنی ئەو بێت.

**زڕباب:** بۆ ئەو کوڕ و کچە دەبێت، کە دایکییان شووی کردبێتەوە بە پیاوێکی تر.

**زڕداک:** بـۆ ئـەو کـوڕ و کچانـە دەبێـت، کەدایکـی ڕاسـتەقینەی خۆیـان مردبێـت و باوکییـان ژنێکـی دیکـەی هێنابـێ.

**کوڕ:** ڕەگـەزی نێـرە لەلایـەن بـاوک و دایکـەوە بـەو نێرینەیـە دەڵێـن کـە لەتوخمـی خۆیـان ببێـت .

**کچ:** ڕەگـەزی مێیـە لەلایـەن بـاوک و دایکـەوە بـەو مێینەیـە دەڵێـن کـە لەتوخمـی خۆیـان ببێـت .

**نەوە:** لەلایەن باپیر و داپیرەوە بە منداڵی کچ و کوڕییان دەڵێن نەوە.

**مام:** برای باوک

**زڕمام:** برای بـاوک بـەس لەگـەڵ باوکـی منداڵەکە یان لەدایک یـان بـاوک یـەک نەبێت.

**مامـۆژن: ئامـۆژن:** لەلایـەن کـوڕ و کچـی بـرای مـام بـە خێزانـی مـام دەگوترێـت.

**ئامۆزا:** منداڵی دوو برا بۆ یەک دەبن بە ئامۆزا، واتە منداڵی مام

**بنعام:** منداڵی ئامۆزا بۆ یەک دەبنەوە بنعام

**برا:** دوو کەس بەیەک دەڵێن کە دایک و باوکییان یەک بێت ڕەگەزی نێر بن.

**زڕبرا:** بۆ ڕەگـەزی نێـرە دووکـەس بەیـەک دەڵێـن کـە یـان لـە دایـک یـان لەبـاوک هاوبـەش بـن.

**خوشک:** بۆ رەگەزی مێیە، بۆ کەسێکی رەگەزی مێ یان نێر دەبێ کە دایک و بابییان هاوبەش بێ.

**زڕخوشک:** بۆ ڕەگەزی مێیە، کەسی ڕەگەزی مێ و نێر پێی دەڵێت خوشک گەر یان دایک یان باوکییان هاوبەش بێت.

**برازا:** بۆ رەگەزی نێر و مێ دەگوترێت، لەلایەن مام و پلکەوە بۆ منداڵی برا.

**خوشکزا:** منداڵی خوشک، خوشک بە منداڵی خوشکی دەڵیت خوشکزا

**خار:خاڵ: خاڵۆ:** منداڵ بەبرای دایکی دەڵێت خارە.

**خارۆژن: خاڵۆژن:** منداڵ بەخێزانی خاڵی (برای دایکی) دەڵێت خارۆژن.

**خوارزا :** پیاو بە منداڵی خوشکی دەڵێت خوارزا

**خارۆزا:** بە منداڵی خاڵ دەگوترێ.

**پلک :پوور:میمک:** خوشکی دایک و باب لەهەولێر و سۆرانی بەگشتی هەمان ناوە.

**پلکزا: پوورزا:** دوو منداڵ بەیەک دەڵێن پلکزا کەدایکیان خوشک بێت، یان دایک و بابیان خوشک و برابێت.

**پلک و پلتووز:** بەو کەسانە دەگوترێت کە لەدایکەوە خزمی یەک بن.

**بووک:** بەو کچە دەگوترێت تازە شووی کردبێت.

**بووک:** دایک و باوک بە خێزانی کوڕەکەیان دەڵێن بووک

**خەسوو:**دایکی هاوسەر، جا داکی زاوا بۆ بووک دەبێتە خەسوو، هی بووکیش بەهەمان شێوە.

**خەزوور:**باوکی هاوسەر (زاوا) بۆ بووک دەبێتە خەزوور، هی بووکیس بەهەمان شێوە بۆ زاوا دەبێتە خەزوور.

**شووبرا:** بووک بە برای هاوسەری دەڵێ شووبرا

**دش:** بووک بە خوشکی هاوسەری دەڵیت دش

**هەوگیان:** خێزانی براکان بەیەک دەڵێن هەوگیان

**هەوێ :** ژنەکانی پیاوێک بۆ یەک دەبن بە هەوێ.

**ولاش زاوا:** بەو پیاوانە دەگوترێت، کە خێزانەکانییان خوشکن.

**باجـوا:** بـەو ژنانـە دەگوترێـت کـە لەجیاتـی یـەک دەدران واتـە ژن بـە ژنەیـان پـێ دەکـرا، یـان لەجیاتـی خوێـن دەدرا.

**کەش و کوش :** بە هەبوونی خزمایەتی دەگوترێ.

**کۆز:** بنەماڵە

**قۆرتان ئاگر:** بەرەباب

**ئاگردان:** بەرەباب

**باوەخـون:** یەکـەم سـەردانی کچـی بەشـوودراو بـۆ ماڵـی باوکـی دوای بەشـوودان و گواسـتنەوەی.

## • داب و نەریتی ژن هێنانی کۆن

**ژن بـەژن:** لەنـاو کـوردەواری ئـەو ڕێگایـە لەهەمـووان باوتربـوو، دوو بنەماڵـە ڕیـک دەکەوتـن، هەریەکـە و کچێکـی خـۆی بداتـە کـوڕی ئـەوی تـر، بـەس گیروگرفتـی زۆربـوو، چونکـە جـار هەبـوو لای یەکـەم لـەژن و مێردەکـەی هیـچ کێشـەیان نەبـوو، لای دووەم نەدەگونجـان، کێشـە بـۆ لای یەکەمیـش پەیدادەبـوو.

**بـن پشـک:** جـار هەبـوو کابرایـەک ژنـی لەماڵێـک دەهێنـا، بـەڵام هیچـی نەبـوو بیانداتـێ، دوایـی کەکچـی دەبـوو، کچێکـی خـۆی یـان هـی بـرای دەدا ماڵـی خـەزووری .

**گەورەبەگچکـە:** جارهەبـوو کـچ و کوڕێـک لەتۆغیانـی گەنجێتـی بـوون کچـە دەدرا بەکـوڕە، بـەڵام کـوڕە خوشـکی بچـووک بـوو لەکـوڕی ماڵـی خـەزووری مـارە دەکـرا، کـە ئەویـش بچـووک بـوو لەتەمەنـی خـۆی نزیـک بـوو.

**بەمـار (بەمـاڵ): بەنەخـت:** کـچ بەشـوودەدرا لەجیاتـی ئـەوە ماڵـی بابـی کچـە پارەیـان وەردەگـرت.

**سێ گایی :** جار هەبوو سێ بنەماڵە ژن بە ژنییان دەکرد، ماڵی أ کچییان دەدا بەماڵی ب، ماڵی ب کچییان دەدا بەماڵی ج، ماڵی ج یش کچییان دەداوە ماڵی أ .

**بەدەل خین:** جارهەبوو دووبنەماڵە خوێنییان لەنێوان بوو، ئەو ماڵەی بکوژ بوون کچێک یان دوویان دەدا بەماڵەکەی تر، بۆئەوەی ئاگری شەڕ لەنێوییان بکوژێتەوە و ببنە خزم و تێکەڵاو بن، لێرەش قوربانییەکە کچەکەبوو.

**مارەبەجاش:** جار هەبوو کەسێک لەتووڕەییان یان لەکاتی شەڕ و ناخۆشی لەگەڵ ژنەکەی تەڵاقی دەدا، دوایی دڵییان ئاشت دەبۆوە، بەڵام چونکە سێ بەسێ تەڵاقی خواردووە، بۆیە ناکرا یەکسەر بیهێنتەوە، وەک شەرعی ئیسلام، دەبوایە بۆ شەوێکیش بی ژنە لەکەسیکی تر مارە بکەن و دوایی تەڵاقی بدات و ئینجا لە مێردی یەکەمی مارەبکەنەوە

**بەدووکەتن:** زۆرجار کچ و کوڕ ئاشق بوونە یان ماڵی باوکی کوڕە یان هی کچە قبوڵییان نەبووە بۆیەکتر ببن، ئیدی ئەوانیش لەدوا چارەسەر پەنایان بردووە و کچە (بەدوو) بەدوای کوڕە کەوتووە و چوونەتە ناوچەیەکی دوورە دەست یان لای پیاوێکی دەسەڵاتدار تا ئاشتەواییان بۆ بکاتن، جاری واش هەبووە ماڵی باوکی کچە، ئاشتەواییان نەکردووە تا کچە یان هەردووکییان کوشتوون، چونکە وایان هەستکردووە ناموسیان چووە .

**هەڵگرتن**: جار هەبووە کەسێکی دەسترۆیشتوو یان دەسەڵاتدار وەک ئاغە و کوڕی ئاغە و کوڕی سەرەک عەشیرەت مەرەقی لەکچەکی جوان بووە، بەزۆر لە سەرکانی و کۆڵی ڕفاندوویەتی، هەرچەند کچەش مەیلی لێ نەبووە، دوایی بەناچاری ئاشتەواییکراوە و بۆتە خێزانی.

**پێشکێش:** ئەو جۆرەیان باوکی کچە کوڕیکی نزیکی خۆی خۆش دەوێ یان قەرزاری پیاوەتییەکی کوڕێک یان پیاوێک بووە، کچی خۆی

یـان خوشـکی خـۆی بەجلـی بـەری پێشـکەش کـردووە .

**زاوابەنـدی:** بـەو کـوڕە زاوایـە دەگوتـرێ، کـە ماڵـە خـەزووران کچەکەیـان دەدایـێ بـەو مەرجـەی کـوڕە هـەر لەماڵـی خـەزووران بمێنتـەوە، چونکـە خۆیـان کچیـان دەویسـت.

**دۆڕانـدن: لەقومـار و گـرۆ:** جـار هەبـووە پیـاو پارەیەکـی زۆری کەسـێکی بەقـەرد وەرگرتبـوو نەیبـوو بیداتـەوە یـان لەکاتـی قومـار پـارەی زۆری دەدۆڕانـد، یـان گرۆیەکـی دەکـرد دەیدۆڕانـد لەجیاتـی ئـەو قـەردە خوشـکی یان کچی دەدا بە خاوەن قەردەکە.

## • جۆرەکانی شایی

چۆپەیی، ڕەشبەرەک، سێ پێیی، دووپێی، سووسکەیی، شێخانی .تەمبۆڵێ

**ئامێرەکانی شایی:** پیک و دووزەلە، شمشاڵ، زوڕنا، دۆڵ، دمبک

## • جل و بەرگی پیاوان

**کورتـەک و شـەرواڵ:** هەمـوو زانیاریمـان لەسـەری هەیـە، چونکـە تـا ئێسـتا بـاوە، ئینجـا کورتـەک و شـەرواری مورادخـان.

**کورتەکـی بەشـاقەر:** کورتەکەکـی بەلۆکـە بـوو شـۆڕ دەبـۆوە تـا خـوار نـاوک یـان تـا دەلینـگ، نەدەخـرا نـاو شـەروارەوە،

**رانک و چۆغەر:** هەمان شت تا ئێستا باوە و زانیاری روونە

**ئەنگوچـک:** قۆڵێکـی درێژبـوو بەکراسـی پیـاوان وەبـوو عادەتـەن کـراس سـپی بـوو ئەنگوچکەکەشـی سـپی بوو.لەقۆڵـی دەبەسـترا .

**کەواوسـەڵتە:** کـەوا جلێـک بـوو پـڕ بەلەشـی پیاوەکـە دەدوورا و لـەڕووی پێشـەوە کراوەبوو، بـەس دەخراوە سـەریەک و پشـتێنەکی لێ دەبەسـترا، سـەڵتەش وەک کورتەکێکی تەنک بـوو، لای پێشـەوە کراوەبـوو، گیرفانـی هەبـوو، لەدەشـتی هەولێـر پیـاوە بەتەمـەن و خواپێـداوەکان لەبەرییـان دەکـرد و زیاتریـش ئـەو هۆزانـەی لەگەرمیـان و ناوچـەی کرماشـانەوە هاتبـوون وەک لـەک و کەلهـوڕ....

**دەرپێی سپی:** دەرپێیەک وەک شەرواڵە و لەقوماشی نەرم دروست دەکرا و زیاتر ڕەنگی سپی بوو، بۆژێر شەرواڵ لەپێیان دەکرد، خەڵک هەبوو وەک بێجامەو تراکسوودی ئێستا پێ دەهاتە دەرەوە.

**خەرگە: غەرگە:** بریتی بوو لەکورتەکێکی دروستکراو لە پەمۆ، بێ قۆڵ بوو.لەکاتی دروینەکردن لەبەرییان دەکرد تا پشتییان نەیەشێ و هەتاوی گەرم زۆر کاریان لێ نەکات.

**ساقۆ: پاڵتۆ** : هەتا ئەژنۆ درێژ دەبێتەوە

**کەڕک: فەڕەنجی:** لەلوای بەرخی دروست دەکرا یان لەلبادی دروست دەکرا بۆ بەرخەوان، بێ قۆڵە و تا ناوقەدی دێت. سەپانیش لەبەرییان دەکرد، لەهەندێ شوێن پێی دەڵێن کولەجە.

**پەستەک:** لە مەرەزێ دروست دەکرا.

**سەرکڵاو:** لەلبادی دروست دەکرا بۆ سەپانان لەکاتی هاوین تا هەتاو لەدەم و چاوییان نەدات.

**سوخمە:** قۆڵی هەبوو لەسەر کراس لەبەردەکرا لەژێر چۆغە بوو،هەندێک بە قۆپچە و دووگمەڕێژ دەکرا.

**قاپووت:** لە لوا ددروست دەکرێ نیو قۆڵە شوان بۆ شەوینی زستان لەبەری دەکات، لەکاتی لەبەرکردن قۆڵی تێ هەڵدەکێشرێ، زیاتر ناوچەی دەشتی هەولێر لەبەری دەکەن.

**کەپەنک:** وەک قاپووت بوو لەلوا دروست دەکرا بەڵام قۆڵی نەبوو، قۆڵی تێهەڵنەدەکێشرا، زیاتر ناوچەی دەشتی کەرکووک و هەرکیاتی لەبەرییان دەکرد.

**کلێتە:** جۆرە کڵاوێکی مووی مەرەزە لەداوەبەنی ڕێستراو لەخوری یان لەمووی مەرەز دروست دەکرا گورینگەکی لەسەربوو، لە هەردوو تەنیشتی کلکی درێزی هەبوو هەتا خوار ناو شان دەهات گەنج زۆرتر لەسەرییان دەکرد.

**کارک:** لەپێستی ئاژەڵ بەتایبەتی چێڵێ دروست دەکرا لەشێوەی پێڵاو.

**بەلەپێچ:** جۆرە گۆرەوییەک بوو لەخوری و لوا دروست دەکرا، درێژی لە گۆزینگی تا چۆکی دەهات شلکەی شەرواڵی لەناو دەندرا تا لەڕۆیشتن توند و تۆڵ بی.

**سەرکڵاو:** لەلبادی دروست دەکرا، سەپان لەسەریان دەکرد.

**دۆخین:** لەخوری ڕێستراو دروست دەکرێ لەنیفۆی شەرواڵی دەنرێ تاکوو شەروالی پێ توند بکرێ و ڕابگیرێ.

**داردۆخین:** دارێک یان پلاستیکەکی باریک ١٠-١٥سم دەبێ داوێکی پێوەیە تادۆخینی تێوەبێخن، هەشە دارەکە یان پلاستیکەباغەکە کون دەکات دۆخینی پێ تێوە دێخی.

**پژدێن:** پارچە قوماشی درێژە لە ٤-٨ مەتر دەبێ بەگوێرەی بژێوی کەسەکانە و جۆری بەستنییان جودایە .

**کراو: کڵاو:** ئێستاش پیاوی کورد لەسەری دەکات لەبن جەمەدانی، ئیدی نەخشی زۆرە.

**جەمەدانی:** بەگورینگ، بەریشەرۆک، بەجەلی، ئەو جەمەدانییەی ئێستا پیاو لەسەری دەبەستی لەگەڵ جلی کوردی، جۆری هەیە لێوارەکانی بەگورینگ دەکەن، هەشە دەیکەنە جەلە، هەشە بەڕیشەرۆک.

**چەفیە:** پارچە پەڕۆییەکی چوارگۆشەبوو زیاتر سپی بوو، کەسانی هەژار لەسەرییان دەبەست، زیاتریش بۆ کاتی کارکردن و کاتی ساردی و سەرما.

**هەوری:** پارچە قوماشێکی چوارگۆشەی نەرمە، پیاو لەسەرییان دەنا ڕەنگی ڕەش و سووری خورمایی بوو نەخشەدار بوو، ژنانیش بۆ جوانی لەسەرییان دەنا وەک کۆفییەکی قیت.

**قەننە:** دارجغارەیەکی درێژ و پتەوبووە لوولەکی و کونداربوو، لای کۆتاییەکەی سەلکە قەننەیەکییان تێ دەکرد کەکورتە سبیلەک

بــوو لەقــوڕ یــان بــەرد دروســت دەكــرا، كەمــەك تووتنیــان لەنــاو ســەلكە قەننەكــەی دەنــا و ئاگرەكییــان تــێ بــەرد دەدا و بــە قەننەكــەی قومییــان لــێ دەدا تــا تووتنەكــە خــلاس دەبــوو.

**كــراش: كلاش :** كاتــی خــۆی لەدەشــتی هەولێــر زیاتــر لەبەنــی خــوری زۆر نەڕێســراو دروســتدەكرا.

**قۆنــدەرەی لاســتیق:** پێڵاوێكــی لاســتیك بــوو وەك هــی پێســتەی ئێســتا، بــەڵام كەســانی هــەژار بــۆ كاركــردن لەپێیــان دەكــرد.

**قۆنــدەرەی بەپەنجــەرە:** پێڵاوێكــی زیاترلاســتیكی بــوو، لای ســەرەوەی هەنــدێ بەشــی كراوەبــوو، لەهاویــن بەكاردەهــات.

**تەزبێــح:** زیاتــر لەتــۆی قــەزوان دروس دەكــرێ و هەشــە لەشووشــە و مۆری دروست دەكرێ زیاتر پیاو لەدەستی دەگری، جاحێڵ بۆ جوانی و پیــاوی پیــر بــۆ خواپەرســتی.

**كیســەی تووتــن:** ئــەو پیاوانــەی جگەرەیــان دەكێشــا كیســەكی پەڕۆیــان هەڵدەگرت لەبەر پێشتێنیان دەنا تووتنیان تێ دەكرد. جگە لەوە دار جغارە و قــۆدی قەمیــش و دەستەســڕو دەمانچــەو خەنجــەرو ســەعاتی عەرەبیــان لەبــەر پێشــتدێنی دەنــا.

## • جۆری كوتاڵی بەكارهاتووی پیاوان

**جانگ:** جۆرە كوتاڵێك بوو ئاوی دانەدەداوە، خۆڕاگر و پتەوبوو.

**شاخبێزی:** جۆرە كوتاڵێكی سپی و نەرم بوو

**چاوپان:** جۆرە كوتالێك بوو، لەخمێیان دەنا ئینجا ژن دەیانكردە كراس

**سامتین:** جۆرە داوێكی بریقەداربوو.

## • جل وبەرگ و پێویستیەکانی ژنان:

**کراسـی بەدامـەن: کراسـی بەباغـەر:** کراسـی شـۆری کـوردی بـوو هـی دەشـتی هەولێـر، زۆر درێـژ دەیانـدووری، لەسـەر کەمـەری جارەکـی تـر هەڵیـان دەگێـراوە تـا سـەرپێیان، واتـە لەخواردامەنـەوە دەبـووە دووبـەر .

**کـەوێ:** لەسـەر کـراس لەبـەر دەکـرا، وەک کـراس بـوو بـەس پشـت و تەنیشـتی هەبـوو، واتـە پێشـی کراوەبـوو.

**سـەرکەوێ:** وەک کـەوێ بـوو بـەس کورتـر بـوو هەتـا خـوار چۆکـی ژنـان دەهـات.

**بن کەوێ** : دەکاتە کورتەک

**سـوخمە:** لەسـوخمەی پیـاوان کورتـرە، بێ قۆپچەیـە، هەندێـک هەیـە لای خـوارەوە بـە داوێـک پێکـەوە دەبەسـترێن.

**بەرانپیـل:** جـۆرە قوماشـێکی رەشـی پتەوبـوو ژن و کچانـی جاحێـڵ لەبـۆ کارکـردن لـە ملـی خۆیـان دەکـرد لەملـی چەپـەوە تـا نـاو قـەدی پێشـەوە دوایـی هەڵییـان دەگێڕایـەوە هـەردوو لچکەکەیـان لەنـاو قـەدی خـۆ گیردەکـرد، بەشـێوەی لەشـی لای پێشـەوەی ئافرەتانـی دادەپۆشـی هـەم جلکیـان پیـس نابـوو، وەکـو جۆرکێکیـش شـتیان تێـدا هەڵدەگـرت و تێدادەکـرد. بەتایبەتـی لەکاتـی تۆڵکـە و کاردیکـردن . لەکاتـی مـەڕ و چێـڵ دۆشـین بەکاریـان دەهێنـا.

**چـارۆگ: کۆڵوانـە:** چارۆگـی ژنانـی دەشـتی هەولێـر شـۆڕبوو هەتـا نزیـک گۆزینـگ بـوو.

**چارۆگـی دووقـەد:** هـەر چـارۆگ بـوو بـەس درێژییەکـەی دوو هەنـدە بـوو لەبـەر سـەرمایێ بـەدوو قـەدی بەخۆیـان دادەدا.

**ئەنگوچـک:** واتـە فەقییانـە کـە لچکـی کـراس لـەلای دەسـت وپەنجـە نیـو مەترێـک زیـاد دەبـوو بـۆ پیـاوان زیاتـر رەنگـی سـپییە و لەباسـکی خۆیـان دەئالانـد. هـی ژنـان بەگوێـرەی رەنگـی کراسـەکەی بـوو،ژن لەپشـت خۆیـان

هــەردوو لچکــی ئەنگوچکەکەیــان پێکــەوە گــرێ دەدا.

**کەلانگوچک:** هەمان شتە وەک ئەنگوچک بەس هی کراسی ژنانە لەلای دەست لەکراسی کوردی درێژ دەبوو لای کۆتایی باریک دەبوو هەردوو کەلانگوچک لەپشتەوە ژنان لەیەکیان گرێ دەدا جار هەبوو لەکاتی کارکردن دەیانهێناوە سەر شانی خۆیان .

**هێلـەگ: ئێلـەگ:** تاناوەندی پشت دەهات بێ قۆڵ بوو لەسەر کراس لەبەرییان دەکرد.

**سەلتە:** وەک هێلەگە بەس قۆڵی هەبوو.

**دەسرۆک:** ئەو پارچە کوتاڵەی ژن لەسەری خۆیان دەپێچا (دەسرۆکەی هەورییە)

**هەوری:** وەک هەوری پیاوان بوو بەس ژن وەک تیلاک لەسەرییان دەنا.

**شەدە:** لەسەری دەنرا

**هیـزار:** کوتاڵێکی رەشی ئاوریشمی بوو،ژن لەملییان دەکرد لەکاتی پێویست وەک سەرپۆش بەکاردەهات، گورینگی پێوەدەکرا.

**دەرزی و کۆترۆکـە:** لەشێوەی مەلی بچووک دروستکرابوون دەرزی پێوەبوو لە هەوری دەدرا.

**شــەدە:** پارچەقوماشێکی ڕەنگاوڕەنگی چوارگۆشە یان لاکێشەیە لیوارەکانی ڕیشوودارن ژن و پیاو لەسەریان دەبەست.

**سەروقەزمە:** جۆرە کڵاو و سەرپێچەکی ئافرەتان بوو

**کڵاو:** لەشێوەی کڵاوی پیاوان، ژن کڵاوییان لەسەری دەنا بەڵام هی ژنان نەرم و رەنگاو ڕەنگ بوو. هەش بوو بەدراو بوو، واتە رووپۆش دەکرا بەتەنەکەی خڕی لەشێوەی دراو

**چەفیـە:** پارچە پەڕۆکێکی لاکێشەیی ژنانە لەسەر سەرییان دەبەستن پرچییان پێ دادەپۆشن.

**ڕەفتە:** وەک چەفییەیە بەس بچووکتر و سێ قولینچکە پرچییان پێ دادەپۆشت.

**چەفتە:** چەفییەیە بەس لێوارەکانی بە گورینگە.

**فۆتە:** وەک چەفیە ژن لە ملیان دەکرد، باریکە و لەملی دەنرا

**شۆرابە:** بەوداوە دەزووە دەگوترا، کە لە گوارەی چوارگۆی بەکاریتە دەخرا، دەهاتەوە سەر سەری ژنەکەی تاوەکوو پارسەنگی ڕابگری و نەهێڵێ گوێی ئافرەتەکە ئێشی هەبێت، لەکاتی لەگوێکردن.

**لفکە:** ژن کاتێ چەفیەی سێ لچکیان لە پشتەوە شۆڕدەبوو پێیان دەگوت لفکەشۆڕ.

**گێلگێلە**: ڕێزە گوڵێنگێکی وردە بەدەوری شەدەی سەر دەبەسترێت.

**دەرزیلە:** دەرزی سەربەمۆری بووئافرەت لەسەر و کڵاو و دەسرۆک و هەوری دەدا.

**دەرزی بەرچێرێ:** قولابەی ئێخەی، یان قۆپچەی یەخەی کراسی ژنان.

**دراو:** جۆرە خشلێکی زیوی بوو لەشێوەی درهەم بوو،ئافرەت لەسەر هیزار و کڵاو و دەسرۆکییان دەدا.

**کرمۆکە**: جۆرە خشلێک بوو ژنان بەتاسەی سەریانەوە وەدەکرد.

**لەپکەی شین:** مۆری شین وپانە

**کل**: مادەیەکی شیوە بۆدرەیە لە هاڕاندنی جۆرە بەردێکی ڕەش دروست دەبێت، پێی دەڵێن ئۆکسی سولفید، وەک هێمای کیمیایی بە SB دەنووسریت، ئەو کلە هاڕاوەیە لەکۆن لەو جۆرە بەرد و هەروەها لەناوکی قەسپیش دروست دەکرا پاش ئەوەی دەسووتێندرا و ئینجا دەهاڕدرا، ژنان بۆ چاو ڕشتن و ڕازاندنەوەی چاو بەکارییان دەهێنا، جگە لەوەی چاوی جوان دەکرد سوودی بۆ تەندروستی چاویش هەیە. هەندێک پیاویش کاتی خۆی چاوییان بەکل دەڕشت وەک پارێزی بۆ تەندروستی چاو.

**کلدان:** پارچە پێستەیەک یان کوتاڵێک بوو کلی یەدەگی تێ هەڵدەگیرا، وەکوو کیسە باخەڵ (جزدان) بوو لە دوو پارچە بەیەکەوە دەنووسران و پۆشەرێکیشی بەسەدادەهاتەوە.

**کلچووک:** لـە قۆچـی ئـاژەڵ یـان داربـەڕوو دروسـت دەکـرا، وەک قەلـەم ڕەساس وابوو بەس زۆر باریکتر بوو، درێژیەکەی ١٠سم دەبوو سەرێکی باریک و تیژ و لوولەیی بوو ئەو سەرە تیژە لەناو کلی کلدانەکە دەندرا و بەنێوانی هەردوو پێڵووی چاو دا دەهێنرا بۆ ڕەشکردن و ڕشتنی چاو .

**قۆندەرەی بن عانە:** قۆندەرەکی بن بڵند بوو

**خم: هەش:** ڕەنگێکی ڕەشمۆرە یان شینی نیلی جولەکان کاتی خۆی دروستییان دەکرد، لۆ ڕەنگکردنی جلکی ئافرەتان.

**گرەسەر: گڵە سەر :** جۆرە خۆڵێکی ڕەنگ بۆربوو لەدەشتی هەولێر دەفرۆشرا ژنان سەری خۆیان پێ دەشووشت لۆ ئەوەی پرچییان پێ نەرم و خاوبێت.

## • جۆری کوتاڵی ئافرەتان

**قەمەندۆر:** کوتاڵێکی رەش بوو

**ئەترەس:** جۆرە کوتاڵێکی ئاوریشمی بوو ژن دەیانکردە کراس و کەوێ.

**عەمبارەسۆت:** بەو کوتاڵە دەگوترا کە هەر لەسەرەتاوە خراپ خۆی نیشان بدابوایە و زوو بدڕابوایە.

**مەخمەر: مەخمەڵ:** کوتاڵێکی ژنانەبوو گوڵدار و کەمێک دڕ(زبر) بوو، بۆ پۆشاک دەبوو.

**چیت:** بۆ کراسی ژنان دەبوو

**ئەنگۆرە:** بۆ کراس و کەوێ دەبوو

## • خشڵی خۆڕازاندنەوەی ژنان

ژنی کورد لەدێر زەمانەوە گرنگی بەخۆڕاندنەوە و پۆشاک و خشڵ لەدەست و مل کردن کردووە، هەمیشە هەوڵی داوە جوانییەکەی هاوتەریب بێت لەگەڵ جوانی سروشتی وڵاتەکەی، لێرەدا هەندێ خشڵ و رازاندنەوەی ئافرەت بەبیر کەسانی بەتەمەن دەهێنینەوە، نەوەی نوێش پێ

ئاشـنادەکەین.هەندێک لـەو خشـڵانە تـا ئێشـتاش بـەردەوام بەکاردەهێنرێـت.

**بـازن:** بازنــی زێــڕ و زیــو و شووشــەهەبوو لــە٦ تــاک بــازن وە زیاتــر لەدەســت دەکــران .

**ئەنگوســتیلە:** کچـان و ژنـان ئەنگوسـتیلەی زێـڕ و زیوییـان لـە پەنجـە دەکـرد، بەگوێـرەی توانـای ئابوورییـان .

**خەناوکە:** ملوانکە، هی زێر و هی بە مۆری و مەرجان و قەنەفڵ هەبوو.

**گـەردەن لـغ :** جـۆرە خشـڵێکە لـە زێـڕ یـان زیـو دروسـت دەکرێـت، بەشـێوەی پڵپڵـەو زنجیـر و گـۆ بـوو، لەگـەردەن (مـل) دەکـرا.

**گـوارە:** گـوارەی پێشـان گەورەبـوو لـە زێـڕ یـان زیـو دروسـت دەکـرا زیاتـر زێـڕ بـوو، گـوارەی ٤ گـۆ و گـوارەی بەکاریتـەش هەبـوو، قـورس بـوو بـۆ گـوێ بەداوێـک لەپشـت سـەرییان دەیـان بەسـتاوە.

**خەزێـم :** لووتەوانە،زیاتـر لەزێـڕ دروسـت دەکـرا خڕبـوو بەنووکەکـی تیـژ لەپـەڕەی لـووت گیـر دەبـوو

**بسـکە:** زیاتـر زێـڕ بـوو لـەو لاو لاولای سـەر دەبەسـترا بەسـەر بسـک دا شـۆڕ دەبـۆوە.

**لاسـەرە:** جۆرە خشـڵێک بـوو دەرزیلـەو زنجیر و پڵپڵـەی پێوەبوو لایەکی چەسـپ بـوو لاکـەی دیکـەی بەسـەر سـەر قایـم دەکـرا .

**لاگیـرە:** جـۆرە خشـڵێکە لەزێـڕ و زیـو دروسـت دەکـرا ژن بـە لاجانگـدا هەڵیـان دەواسـی.

**خڕخـاڵ:** بازنێکـی نەخشـداربوو لەزێـڕ و زیـو و شووشـە دروس دەکـرا ژنـان لەقوڵییـان دەبەسـت، هەشـە لـە گۆزینگـی پێیـان دەکـرد.

**کرمـەک:** خشـڵە سـەرێکە بەلایەکـی کڵاو بەنـد دەکـرا سـەرەکەی دیکـەی بەژێـر چەنەگـەوە دەبـردرا بەقـولاب بەلاکـەی دیکـە بەنـد دەکـرا.

**عاشق بەند :** خشڵێکە ئافرەتان خۆیان پێ دەڕازاندەوە .

**هەیاسـە:** جـۆرە خشـڵێکە لەزێـڕ یـان زیـو دروسـت دەکـرێ، لەکەمـەرەی

خۆیـان دەدەن واتـە پشـت بەنـدە.

**لوولـەو زنجیر:** زێڕە یان زیوە، پوولەکە و زنجیرو لوولەکی بەسـەرپۆش و پڵپلـەداری پێوەیە ژن لـە ملی خۆیان دەکرد

**سـەر مەمکـە:** هەنـدە قەنەفـر یـان مەرجـان یـان مەرحـەم، ژن بـە داوەکـی لێکـی دەبەسـت و لەسـەر سـنگی خـۆی دەدا.

هەروەها لاجانگ، پاشەسەرە، گوروگۆبەرەش هەبوو.

خەناوکـە (ملوانکـە) زۆر جـۆری هەبـوو پێشـتر ئافرەتـی کـوردی لەملـی دەکـرد یـان لەسـوخمەی دەدا بەقولابـەی وەک خەناوکـەی.

١- بـە قەنەفـر (مێخـەک) ٢-بـە بەسـۆتکە ٣- بـە مەرحـەم ٤/ بەمەرجـان ٥- بـە زەنگیانـە ٦- بـە مـۆری٧- بـە حەمایـل.

## • منداڵ

**ناوی منداڵ و مرۆڤ بەپێی قۆناغی گەشەکردنی:**

**شلکەسـەرە:** منداڵ لـەدوای هاتنەژیـان تاتەمەنـی چـل ڕۆژی، کـە لـەو کاتـە ئیسـکی سـەری پتـەو نییـە و شـلکە.

**مەلۆتکە:** منداڵ کەتەمەنی هەتا دوو مانگی . هێشتا ڕەنگ و رووی نەگرتییە.

**خەپەتۆرە:** دوای مەلۆتکە رەنگ و رووی گرتووە و گۆشتن دەبێت.

**ساوا:** مانای منداڵێکی بچووک تەمەنی ٢ مانگ و زیاتربێ .

**کۆرپە:** منداڵێکی ساوا و بچووک .

**شیرەخۆرە:** ئەو منداڵەی شیر بخوات لە ١- ٦ مانگی.

**بەرمەمکان:** شیرەخۆرە

**پێڕۆکە:** ئەو منداڵەی تازە بەسەر پێیان بکەوێت.

**بەبە:** ئەو منداڵەی هێشتا بەسەر پێیان نەکەوتووە بەس لوغەلوغی دەکات. بەڵام هێشتا زمانی نەگرتووە.

**منداڵ:** زیاتر بەوانە دەگوترێت کەدەگەنە دوای بەسەرپێکەوتن و قسەکردن.

**هەراش:** ئەو منداڵەی لە دوای ٧و٨ ساڵیە.

**پارچەرە:** منداڵێک تەمەنی ٩ـ٨ ساڵان بێت.

**مێردمنـدار: مێردمنداڵ:**بەکـوڕان دەگوترێـت، هــەرزەکار لــەدوای تەمەنــی ١٠ تـا ١٦ ســاڵی.

**عازەب :** بە کچان دەگوترێت کەتەمەنییان لەسەرووی ١٠ساڵی بێت.

**جاحێر:** جاحێڵ: گەنج، تەمەنی لە ١٧ و ١٨ ساڵی بەسەرەوە.

**قەیرە:** بە کوڕ و کچان دەگوترێ، لە دوای تەمەنی ٣٠ ساڵی بۆ ٤٠ ساڵی.

**جوامێر:** بە رەگەزی نێر دەگوترێت لە دوای تەمەنی ٤٥تا ٦٥ ساڵی.

**سەرەژن:** بەڕەگەزی مێ دەگوترێت لەدوای تەمەنی ٤٠ بۆ ٥٥ساڵی

**پیرەمێرد:** بەڕەگەزی نێر دەگوترێت، لەدوای تەمەنی ٧٠ ساڵی تا کۆتایی تەمەنی.

**پیرێژن:** بە رەگەزی مێ دەگوترێت لەدوای تەمەنی ٦٥ ساڵی تا کۆتایی تەمەنی.

**نۆبەرە :** ئەو منداڵەی لەیەکەم سک دەبێ .

**پاشەبەرە:** ئەو منداڵەی لە دواهەمین سک دەبی.

**دوابەر:** ئەو منداڵەی لە دواهەمین سک بێ.

## • لانک و بەشەکانی:

**لانک:** لـەدار دروستدەکرا شـێوەکی درێژە و ٨٠-١٠٠سـم دەبێ و بـەرزی ٤٠ ســم و پانییەکەشــی هــەر ٤٠ســم دەبــێ شــوێنی خەواندنــی منداڵــە و ســەری شـێوەی کەوانەیـی بـوو .لانـک بنەکـەی یـان قەسـەر یـان سـوڕناتک یـان گێسـکییان لەسـەر دارەکـەی ڕادەخسـت،تابنی دۆشـەکەڵەکە نـەرم بـێ ئینجـا نیـودەرە (دۆشــەکەڵەیان دادەنـا)

**بالیـف:** بالیفەکـی بچووکـە لەسـەرینگانی لانکـێ دادەنـدرا بـۆ ئـەوەی منــداڵ ســەری لەســەر دابنــێ.

**دەسـبێنک: سەرسـینگە:** دوو پارچــە قوماشــی پــان زیاتــر ســپی بــوون جــار هەبــوو دەیاننەخشــاند یەکیــان هــەردوو دەســتییان پــێ دەبەســتەوە و

یەکییــان هەردوولاقــی منداڵەکــە .

**دەســرازە:** ئــەو قوماشــە ســپییە یــان پەتــەی کــە دەســبێن و ســەرتیغی لانکــی پێکــەوە توونــد دەبەســتەوە

**بلــوور:** پارچــە قامیشــێکی لوولەیــی کونکــرای بــوو لــە ئەندامــی زاوزێــی منــداڵ دەبەســترا تامیــزی تێدابــکات، ســەری کۆتایــی بلوورەکــە لــەدەرەوەی لانکەکەبــوو قۆدیەکــی پێــوە بەســترابوو تاکــوو میزەکــەی لــێ کۆببێتــەوە.

**ڕەوارە:** ئەو دوو دارە چەماوەی ئەوسەر و ئەوسەری لانکەکەیە.

**سەرزگ:** پارچە پەڕۆیەک یان خاولیەکی نەرم بەسەر زگی دادەرا

**کولــە:** پارچــە قوماشــێکە هەمــوو لانکەکــەی دادەپۆشــی بــۆ ئــەوەی منداڵەکــە لەســەرما بپارێــزێ و تاریکــی پێبــدات.

**کراو: کڵاو** : لەپەڕۆکی دروست دەکرا پڕ بەسەری منداڵی

**کۆچک:** پارچە پەرۆیەکی ڕەنگاو ڕەنگ بوو وەک کلاو یەک بەسەری منداڵ دەدوورا و وەک عەبا بەسەر شان و ملی منداڵ دادەهاتە خوار تا ناوشانی .

**پەڕۆبەگــوو:** پەڕۆیەکــی نــەرم لەبــن قونــی منداڵــی دادەنــدرا تــا پیســایی لەســەر بــکات، لەجیاتــی حەفــازەی ئێســتاکەبوو.

**کــەژی:** گوریســەکی پــان بــوو لەریســی نــەرم و ڕەنــگاو ڕەنــگ دروســت دەکارا، جــار هەبــوو لەخۆشەویســتییان بــە کــەژێ منداڵییــان لەلانکــی دەبەســتەوە

**قاوقــاورە:** وەک خڕخاڵــی ئافــرەت بــوو بــەڵام لەزیــوی دروســت دەکــرا و پرپــرەی پێوەبــوو لەکاتــێ منــداڵ پێــی دەرۆیشــت دەنگــی دەهــات وەک زەنگوڵــە.

**چەناغــە:** پارچــە زێــڕەک بــوو لەشــێوەی بســکەی بــوو لەســەرپرچی منداڵییــان دەدا بــەلای پێشــەوەی.

**ڕەوڕەوە:** عارەبانەیەکــی ســێ تــا بــوو لــەدار دروســت دەکــرا بــۆ رۆیشــتنی منــدال بەکارییــان دەهێنــا، لەکاتــی پێرەفتــەی.

- **ئەو وشانەی لەگەڵ منداڵ دەگوتران.**

**تاتـی:** کاتـێ منـدال بەسـەرپێ دەکـەوت پێیـان دەگـۆت تاتـی ... بەبەکـە بەخێرهاتـی

**تۆتی کە:** دانیشە

**کخە:** پیسە

**حەمی کە:** بیخۆ

**بەعەکـە:** بـە بـەرخ و مـەڕ و بـزن و کار دەگوتـرا، ئـەو ئاژەڵـەی بـی باعاندایـە.

**حەتی کە؛** لێی بدە

**بڤە:** جێی ترسە

**پخی کرد :** سەری بڕی

**پخ:** نووستن

**ئەعە:** پیسایی

**چەچە:** دەست و پەنجە

**ماو:** پشیلە

**وەووەو:** سەگ

**گوگە:** گورگ

**حەچە :** کەر

**جووجە:** مریشک

**پێپە:** پێڵاوەکە

**مئە:** ئاو، یان خواردن

**فە:** بەشیوی گەرم یان خواردنی گەرمییان دەگۆت

**جزە:** گۆشت

**پەپە: پەپۆکە** : ئەستورک (نان)

## • تازیە (شین)

لەکۆن تا سەرەتای شەڕی عێراق و ئێران لە ساڵی ١٩٨٠، ڕێژەی مردن لەناو کۆمەڵگادا کەم بوو، زیاتر کەسانی بەتەمەن پیرێژن و پیرەمێرد دەمردن، ڕووداوی کوشتن و خۆکوشتن و خۆسوتان و خنکان و تامپۆنی تورمبێل زۆر کەم بوو، گەر گەنجێک لە گوندێک بەڕووداوێک بمردایە دەبووە ساڵی ڕووداو، ئەو گوندە تاساڵ دەسووڕاوە تازیەبار دەبوون، لەکاتی هەواڵی مردنەکە تێکڕای خەڵکی گوندەکە دەچوونە ماڵی مردییەکە، ژنان لەحەوشەی ماڵ جغزییان (بازنەیان)دەکرد بەمستان لەسینگ و بەرۆکی خۆیان دەدا، پرچی خۆیان دەکردەوە ئەوانەی کەسی نزیکی مردووەکە بوون، یان ئەو ژن و کچانەی پێش ئەوە کەسی نزیکییان مردبوو، بەڕنۆکان لە ڕوومەتی خۆیان دەدا رووومەتی خۆیان دەڕنیەوە و گۆرانی شینییان(شیوەنیان) دەگوت. ئەو هەموو کەسەی کە هاتبووە ماڵی مردی هەموو خۆیان خەفەتبار پیشان دەدا، وەک بەشداربووی خاوەن مردیەکە.

پیاوان لەدەرەوەی ماڵ خڕدەبوونەوە، گەنج و بەتواناکان دەچوونە سەرقەبران و دەستییان بەلێدانی قەبر دەکرد، پیر و نەخۆش و بەتەمەنەکانیش لەدەوری ماڵی مردی دەبوون، دوایی دەیانبردە نزیکترین مزگەفت و لەوێ لەسەر تاتەشۆری دەیان شووشت و کفنییان لەبەردەکردو ئینجا لەناو مزگەفت نوێژی مردییان لەسەردەکرد و دوای ئەوە لەناو دارەبازەیان دادەنا و چەند گەنج و کەسی بەتوانا بە شان دارەبازەی مردووەکەیان دەبردە گۆڕستان، هەر چەند هەنگاوێک گەنجی دیکە لەوانی دیکەیان وەردەگرت و رەحمەتی خوایان لەبۆ یەک دەنارد.

ژن و پیاو دەهاتنە گۆڕستان، ژن لەلایەک پیاو لەلایەک، ئەو خەڵکەی کە دەچوونە گۆڕستان سەلامییان نەدەکرد بەڵکوو دەیانگۆتە ئەو کەسانەی خەریکی گۆڕ لێدان بوون پێیان دەگوتن خواخێرتان بنووسی،

ئەوانیش دەیانگۆت خواعافووتان بکات. دوایی لاشەی مردووەکەیان بەرەو گۆڕ دەبرد، دەبووایە کەسێکی نزیکی مردووەکە بچێتە ناو گۆڕ لاشەی مردووەکە وەربگرێت، بەتایبەت گەر ئافرەت بووایە دەبوایە پیاوێک بچێت دەست و نوێژی لەژنەکە نەشکێت . ئینجا کە لاشەی مردووەکەیان بە شەرعی ئیسلام دادەنا و خۆڵییان بەسەر دادەکرد و مەلا بە عەرەبی تەلقینی دەدا، دوایی هەموو فاتحەیان لۆ دەخوێند و دوایی هەموو گەردن ئازادبوونییان دەکرد.

زۆربەی خەڵکەکە چاوەڕێیان دەکرد تا کەس و کاری مردووەکە لەسەر گۆڕەکە هەڵدەستان، گەرنا چەند پیاوێکی بەتەمەن و قسە ڕۆیشتوو بەسەر کەسی مردووەکە دادەرۆیشتن و دەیانهێنانەوە ماڵ .

ئەگەر کاتەکە وەختی نان خواردن بووایە، جیرانێکی نزیک هەڵدەستا بە شیوکردن بۆ هەموو کەسانی خاوەن تازیەکە، ماڵی خاوەن تازیەکە هیچ ڕێگایان نەدەدرا شیو بکەن، بۆ ئێوارە، کۆمەڵێ ماڵ شیوە غەریبەیان دەبرد هەر شیوە غەریبەکیش بەشێکی زیادی دەبرد تاکەس و کاری مردووەکە و میوانەکان لەگەڵییان بخۆن، بۆ نیوەڕۆی دیکە دیسان جیرانێکی تر شیوی دەکرد بۆ هەموو ماڵە مردووەکە، دووبارە ئێوارەش شیوە غەریبە دەبردراوە، پێش ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو تازیە ٧ رۆژ بووە، بەڵام دوای ئەوە بوو بەسێ رۆژ لەماڵێکی گەورەش دادەنیشتن لە مزگەفت نەبوو. لە ماڵ چاو جگەرە دەگێڕدرا لەناو ژنان مەلاژن و دەف لێدان نەبوو بە پارە، بەڵکوو ژنانی دەگخۆش سەردولکەیان بەسەر مردووەکە دادەگۆت یان بەسەر مردووی خۆیان دادەگۆت و ناوی مردووە تازەکەشییان تێ دەکرد، سەردولکە لەشێوەی ئاوازی حەیران بوو، من ئێستاش گێم لەسەر دولکە بێت فرمێسک لەچاوانم دێتە خوارێ، چونکە بەئاوازەکی هێندە خۆش و وشەی هێندە خۆش و کوردانە دەگوترا، باوەڕناکەم هیچ کەسێ بتوانێت فرمێسکی لەچاوان نێت.

پیـاوان لەماڵێـک دادەنیشـتن یـان لـە مزگـەوت، هیـچ قورئـان خوێنییـان نەدەگـرت بەپـارە، مەگـەر مەلایـەک یـان کەسـێکی قورئـان خوێـن بـۆ خێـری خـۆی ئایەتەکـی قورئانـی بخوێندبووایـە یـان وەعزەکـی بدابووایـە ئەویـش دەبوایـە لـە چوارچێـوەی دڵنەوایـی بێـت بـۆ کـەس و کاری مردووەکـە.

ئـەو ماوەیـەی تازیەبـوو کـوڕ و کچانـی گەنـج باخزمـی مردووەکـەش نەبوونایـە دەچوونـە ماڵـە مردووەکـە و خزمەتـی مێوانانییـان دەکـرد، تـا تازیـەش تـەواو دەبـوو کـەس و کاری مـردی لـە پیـاوان کـەس ڕدێنـی خـۆی نەدەتراشـی تـا تازیـە تـەواو دەبـوو، ئینجـا چەنـد ڕۆژێـک دوای ئـەوە کەسـێکی بەتەمـەن و قسەڕۆیشـتوو دەچـوو تەکلیفـی لەپیاوانـی خـاوەن مـردوو دەکـرد کـە ردێنییـان بتراشـن و هـەر کەسـە و دەسـت بـە کەسـابەتی خـۆی بکاتـەوە. ژنانیـش هەمـوو جلـی ڕەشـییان لەبەردەکـرد، خـاوەن مردووەکـە تاسـاڵ دەسـوڕاوە ئەگـەر مردووەکـە گەنـج بووایـە دەبووایـە چەنـد سـاڵ کـچ و ژنانـی نزیکـی مردووەکـە هـەر بەجـل ڕەشـی بمابوونایـەوە.

دەروجیـران رادیـۆ و تەلەفزیۆنییـان پـی نەدەکـرد ئەگـەر پێشـییان بکردایـە دەبووایـە لەبـەر دڵـی خـاوەن مـردوو کـەس نەزانـێ، تاسـاڵیش دەسـووڕاوە کەسـە نزیکەکانـی مـردوو ژن و ژنخوازییـان نەدەکـرد، گـەر بشـیان کردایـە بەبێ تەقـە و ڕەقـەی دەیـان کـرد. لەدەشـتی هەولێـر هەفتانـە هەبـوو هەفتـەی یەکـەم بەکۆمـەڵ خـزم و کـەس لەگـەڵ ماڵـی مـردوو دەچوونـە گۆڕسـتانێ، بـەڵام چلـە نەبـوو، هەمـوو ڕۆژانـی هەینـی کـەس و کاری مـردوو دەچوونـە گۆڕسـتان ژنـان تێـر بـۆ مردووەکـە دەگریـان . پیـاوان نەدەچـوون یـان بەکەمـی دەچـوون، جێژنـان پیـاو و ژن دەچوونـە سـەر گـۆڕی مردووەکانیان.

خـزم و کـەس ئـەوەی بهاتابووایـە تازیـەی فەردەشـەکر و قەنـد و تەنەکـە روون و حەیوانییـان بـۆ سـەربڕین دەهێنـا . پـارەدان نەبـوو بـەس هەمـوو هاوکارییـان دەکـردن لـە پێداویسـتییەکانی تازیـە.

## • هەندێ داب و نەریتی کۆنی کوردەواری

پێشتر لەکاتی تازیمانە و ژنهێنان و منداڵبوون و میوانداری و... هەر میللەتە وداب و نەریتی تایبەتی بەخۆی هەبوو، تەنانەت هەر ناوچەکیش لەهەندێ کەلتوور جوودایی هەبوو لەگەڵ ناوچەکی دیکە، من لێرەدا هەندێ داب و نەریتی ناوچەی دەشتی هەولێرێ دەخەمەڕوو، کەسەردەمانێک زۆر باو بووە، بەپێی گۆڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و گەورەبوونی شار، زۆرێک لەو داب و نەریتانە یان نەماون یان کاڵ بوونەتەوە، هەندێک لەو داب و نەریتانە بەسوود و چێژ وەرگر بووە و مانایەکی خۆی هەبووە، هەندێکیش دواکەوتوویی بووە. لێرەدا هەندێکییان دیاری دەکەین.

١- ئەگەر ئافرەتێک مێردەکەی بمردایە و سکی هەبووایە (دووگیان) بوونەکەی تازەبووایە و خەلک نەیزانیبووایە، لەکاتی هەڵگرتنی دارەبازەکەی بەبن دارەبازەکەی دادەچوو هەتا خەڵک بزانن دووگیانە لەمێردە کۆچکردووەکەی و دوایی قسە و قسەڵۆکی بۆ دروست نەبێ.

٢- کاتی خۆی لەکوردەواری وا باوبو شاخی بزنە کیوی و قۆچە مامز و تیغی سیخوڕ و ددان و کلکی ریوی..... لە دەرگای ژوورەوەی میوان و دیوەخان هەڵواسن، لەبەر چاو و زارێ.

٣-شەوە(شەوە لێی دایە )شەوە لەمێشکی مرۆڤی کۆندا ژنە شەیتانێکی وەجاغ کوێرە، هەر ژنێک منداڵی ببێت، ئەو پێی ناخۆشە و دێت لەفورسەت دەگەڕێت هەر بواری بەدەست کەوت دەیگوشێ و بەگریانی دێخێت، هەتا دەمرێت.

بۆیە کاتێک ژن منداڵی دەبوو هەتا چلەی دەچوو شەوان شەوارەیان لێ دەگرت، شووژن، سیر، پیاز، قامیش، تیروکەوان و قورئانییان لە بن سەری منداڵەکەی دادەنا، باوەڕیان وابوو شەوە (جندووکەکی تایبەت بەمندال خنکاندن) منداڵەکە ناکوژێ بەهۆی ئەو شتانەی دانراون لەمنداڵەکە دوور

دەکەونــەوە. تــا حەفــت رۆژيــش شــەوانە شــەوارەيان بــۆ دەگــرت شــەوييان بەگۆرانــی و بەقســەی خــۆش دەبــردە ســەرێ، تابەيانــی دەدا.

٤- کاتــێ منــداڵ تەمەنــی دەگەيشــتە٤٠ رۆژی دەيانشووشــت چــل جامــە ئاوييــان بەســەری دادەکــرد، دەشــيانگوت ئــەوە چلجامــە ئــاوی بەســەری بەبــەی دادەکەيــن لــە نيەتــی ئــەوەی چلــەی بچی.بەجامەکــەش دەگوتــرا چــل کليلــە زياتــر جامەکــی زەردبــوو چــل کليلــی پێوەبــوو.

٥- کاتــی خــۆی کــوڕی گەنجــی عاشــق بــەدوای ئێســکی پۆپيتــە سليمانەی دادەگــەڕا، يــان کوســە کەمتيــار، گوايــە ئــەوی ئێســکی پۆپيتەسلێمانەی لــە باخەڵــی بــی لا ئيــرادی کچەکــە عاشــقی دەبــێ و چارەنووســيان بــۆ يــەک دەبــێ، هەروەهــا گــەر کوســە کەمتيــاری دەســکەوتايە و لەشــوێنەک هەڵــی بگرتايــە هەمــان شــت دەبــوو.

٦- ئەگــەر پياوێــک لــە مەجليــس دا چايــەی هاتــە پێــش پياڵەکــە دوو مڵاکــی تێدابــوو مانــای وايــە دووژنــان دەهێنــێ، گــەر يــەک ژنــی هەبــوو، پێــی دەڵێــن ديــارە لەگــژی ژنەکــی تــر بهێنــی .

٧- ئەگــەر لــەدوای چايــە خواردنــەوە ژێرپيالەکــە بخەيتــە ســەر پيالەکــە بــە هەڵگەڕاوەيــی و کەوچکــی چاکــەش بخەيتــە ســەر ژێرپياڵەکــە مانــای جوێنــدان بــە چايەچييەکــە دەگەيەنــێ.

٨- لەکاتــی چاخواردنــەوە لەمــاڵان ئەگــەر کەســەکەی چاکــەی خواردۆتــەوە، پيالــەی چاکــەی نخــوون بکردابوويــاوە، مانــای وايــە هيچــی دی چــام بــۆ نەهێننــەوە.

٩- کاتــی خــۆی ئەگــەر کەســێک بۆمــاوەی چەنــد رۆژێــک ميوانــی کەســێکی تربوايــە و هيــچ داخــوازی نەکردايــە، خــاوەن مــاڵ تــێ دەگەيشــت، ئــەوە بــۆ ئــەوە هاتــووە کارێکــی پێيتــی، دەيگــوت فــڵان بــرێ چــت دەوێ، ئەويــش مەبەســتی دڵــی خــۆی پــێ دەگــوت، جــا چ بۆداخــوازی کــچ بوايــە، يــان بــۆ ئاشــتەوايی و پێکهاتنەوەيــەک بووايــە .

١٠- ئەگـەر کەسـێک بەکـن سـەپانان دا بڕۆیشـتایە بەڕێبـواری، سـەلامی دەکـرد، ئەوانیـش سـوارەی درونەیـان لـۆ برنـد دەکـرد وەک ڕێزگرتـن، ئەویـش ناچـار دەبـوو لەبەرانبـەر ئـەوە شـتەکیان بـۆ بنێـری لەخـواردن، یـان دیارییەکیـان بداتـێ.

١١- ئەگـەر کۆمەڵـە سـەپانەک زوو دروونـەی خۆیـان تـەواو بکردابووایـە، لـەولاش کۆمەڵـە سـەپانەکی جیرانییـان دروێنەیـان بمابووایـە، ئـەوە ئـەو کۆمەڵـەی هـی خۆیـان تـەواو کردبـوو نەدەهاتنـەوە ماڵـێ، دەچوونـە یـاری جیرانەکەیـان تـا ئێـوارێ زبارەیـان لەگـەڵ دەکـردن.

١٢- کاتـی خـۆی کەسـێک بچووبوایـە دیوەخانـی ماڵـە دەوڵەمەندێـک ئاغـە بوایـە یـان سـەرۆک خێـل و کوێخـا دێ بووایـە، کاتـێ قاوەیـان بـۆ دەهێنـا، دەیگـوت قـاوەی ناخـۆم تـا وەعـدم پـێ نـەدەن داوەکـەم جێبەجـێ بکـەن . ئیتـر خـاوەن دیوەخانەکـە، دەیگـوت قاوەکـەت بخـۆو داوەکـەت قبوڵـە، دوای قـاوە خـواردن داواکـەی دەگـوت، خـاوەن دیوەخانەکـەش بەناچـاری ڕەزامەنـدی دەنوانـد.

١٣- ئەگـەر بنەماڵەیـەک خوێنداریيـان لەگـەڵ بنەماڵەیەکـی دیکـە هەبوایـە پیاوماقوڵـی بنەماڵـە بکوژەکـە بچووبوونایەتـە سـەر رایـەخ و ژووری مێوانـی ماڵـە کوژراوەکـە، ماڵـە کوژراوەکـە ناچاربـوون لێیـان خـۆش بـن و ئاشـت ببنـەوە لەگەڵیـان. دەیانگـوت فـلان خـۆی هاوێشـتە ماڵیـان.

١٤- ئەگـەر کەسـەک بچووبوایـە بـن کوندەرانـێ ماڵـێ کەسـەکی دیکـە، واتـە وەک سـەگم حیسـاب بکـەن هـەر ناماقولیەکـم کردییـە لێـم خـۆش بـن.

١٥- کاتـی خـۆی ئەگـەر دوو کچـی بنەماڵەیـەک لەماوەیـەک شـوو بکـەن کـە نێوانییـان لـە چـل ڕۆژ کەمتربـێ، ئـەوا دەبـوو دەرزی لەگـەڵ یـەک بگۆڕنـەوە، وا مەزەندەیـان دەکـرد دوایـی منداڵییـان نابـێ و ژیانـی هاوسـەرییان ناخـۆش دەبـێ.

١٦- ئەگەر کچێک شـووی دەکرد بەکوڕی ماڵێک، دەبێ بووکە نوێیەکە

زوو قولابـەی لەگـەڵ هەوگییانـی پێـش خـۆی بگۆڕێتـەوە، تـا ئاشـناییان باش بێ و منداڵی ببێ .

١٧-.دیاردەیەکـی تـر هەبـوو لەکۆنـەوە لـە گونـدەکان بـاو بـوو ئەویـش ئـەوە بوو(شـەوتا شـەوتا بەشـەو دەگری تـا بـەڕۆژ بـەردەدا ماخـۆی چـوار چـاو چ دەرمـان دەدا)بابزانیـن شـەوتاچیە؟ کاتێـک کـە منداڵێـک نەخـۆش دەکـەوت دیـارە بـەڕۆژ تـای نەبـوە کەچـی شـەودادەهات ئـەو منداڵـە تـا دای دەگـرت دیـارە یـان باوبـوە یـان سـەلمێنراوە ماڵـی نەخۆشـەکە چەنـد منداڵێکیـان کۆ دەکردەوە بەشـەو بـەرەو ماڵـی ئـەو کەسـە دەچـون کـە دوو ژنـی هەبـوو تابەردەرگای ماڵـی خاوەن دوو ژنەکـە هاواریـان دەکرد(شـەوتا شـەوتا بەشـەو دەگـری تـا بـەڕۆژ بـەردەدا ماخـۆی چوارچـاو چ دەرمـان دەدا.)ئەمیـش کەگوێـی لـە هـات و هـاوارێ منالـەکان دەبـوو بەپەلـە دەهاتـە دەرەوەو ڕووی لـە منداڵـەکان دەکردو دەی گـوت فڕوجـاوی بدەنـێ انشـاءالله چـاک دەبێتـەوە. ئیترمنداڵـەکان بـەرەو ماڵـی نەخۆشـەکە دەگەڕانـەوەو دەیـان گـوت خـاوەن دوو ژنەکـە گوتـی فڕوجـاوی بدەنـێ. ئەوانیـش هەربـەم شـەوە فڕوجێکیـان بـۆ سـەر ئەبـڕی و دەرخـواردی نەخۆشـەکەیان دەدا.

١٨- ئەگـەر ژن منداڵـی ببوایـە هەتـا هەفتـەی دەچـوو نابـێ بەشـەوان لەمـارێ بێتـە دەرێ ئـەوە منداڵەکـە هەرنابـێ بەشـەو بیهێنتـە دەرێ گوایـە شـەوە لێـی دەدات.

١٩- ئەگـەر دوو ژن منداڵییـان لەیـەک مـاوە ببـێ و چلەیـان نەچووبـی و منداڵەکـە لـە پشـتی یـەک نەبـن، نابـێ بچنـە لای یـەک.

٢٠- ئەگـەر منـداڵ دەوی کـول ببوایـە و لیکاوی زۆری لـەدەوی بهاتایـە، دایکەکـە قاپێکـی وەدەسـت دەگـرت حەفـت مـاڵان دەگـەڕا، لـەدەرگای هـەر ماڵێکـی دەدا قاپەکـەی ڕادەگـرت، نابووایـە هیـچ قسـەی بـکات، ماڵەکـە تـێ دەگەیشـتن، دەچـوون کەمـەک ئاردییـان لـۆ دەینـا ئیتـر تـا ٧ ماڵـی دەکـرد، دوایـی ئاردەکـەی دەبـردەوە ماڵـی خۆیـان دەیکـردە هەویـر و ئینجـا وەکـو

شـفتەی لـێ دەکـرد و شـفتە ئاردەکانـی بەتـەڕی بەدیـواری دادەدا، لێـی دەگـەڕا هەتـا وشـک دەبـۆوە، لەدیوارەکـەی بەردەبـۆوە، گوایـە دەوی منداڵەکـە لەگـەڵ بەربوونـەوەی هەویرەکـە لەدیـوار چـاک دەبـۆوە.

٢١ـ ئەگەر ناولەپی دەستی راستت بخورابووایە، دەیانگۆت پارەت دێتە دەستی.

٢٢ـ ئەگـەر نـاو لەپـی دەسـتی چەپـت بخورابووایـە، دەیانگـۆت ئـەوە پـارەت لـێ دەڕوات.

٢٣ـ ئەگەر کەڵەباب سەر لەئێواران بقوقێنێ ئەوا دەڵێن نەگبەتییە و سەری دەبڕن.

٢٤ـ ئەگـەر کێشکە(چۆلەکە) لەحەوشـەی بەکۆمـەل لەگـەڵ یـەک و لەنـاو یـەک بجریوێنن، دەیانگۆت مێوانمـان دێت.

٢٥ـ ئەگـەر پێـڵاو لەکاتـی لەپێکردنـەوە بکەوتبوایـە سـەر یەکـدی دەیانگـۆت ئـەوا کەسـەکە سـەفەرەکی دەکەویتـە پێـش.

٢٦ـ ئەگـەر بیسـتانەک بەرهەمـی بـاش بووایـە سـەرکە کەرەکییـان لەنـاو بیسـتانەکەی بـەدارێ وەدەکـرد، لەبـەر چـاو و زاری .

٢٧ـ ئەگـەر ژن لەکاتـی هەویـر و ئەنگوتکـردن، هەویـری لەدەسـت بپەڕییایـە، ئـەوا دەیانگـۆت میـوان دێـت و بەشـە نانـی لـۆ دانێـن.

٢٨ـ ئەگـەر کەسـێک لەسـەر سـەفەر بـوو، یـان بەتەمـای ئیشـەک بووایـە و بپشـمیایە، دەیانگـۆت خێـری تێدایـە سـەبرێ بگـرە.

٢٩ـ ئەگـەر مریشـک وەک کەڵەبـاب بیقوقاندایـە مانـای نەگبەتـی و شـوومی بـوو، زوو سـەرییان دەبـڕی.

٣٠ـ خوێندنی کوندەبۆ لەسەر خانووی هەر کەسێک مانای وابوو نەگبەتی بۆ دەهات.

٣١ـ پاڵکەوتنی مریشک لەسەر باڵ مانای هاتنی مێوان بووە.

٣٢ـ ئەگـەر گوێـی راسـتت بزرنگێتـەوە مانـای وایـە بەباشـە باسـت کـراوە، ئەگـەر گوێـی چـەپ بـوو، مانـای وایـە زەمکـراوی.

٣٣ـ ئەگـەر ماڵێـک منداڵییـان دەبـوو، دەبووایـە پیاوەکـە هەتـا یـەک هەفتـەی

بەشـەو لەماڵەکـەی خـۆی ئێشـکگربووایە، لەترسـی شـەوە.

٣٤. ئەگـەر ئافرەتێ منداڵی بچووک بووایە و بچووبایە ماڵێکی دیکە بەمیوانی، ئەوانیـش منداڵـی بچووکییـان هەبووایە،دەبووایـە داکـی منداڵەکـە لەگـەڵ ژنـە میوانەکە دەرزی یان قولابەی ئاڵووگۆڕ بکردایە، نەوەک منداڵەکان بۆنی بگرن.

٣٥. نینۆک کردن بەشەوان بەخراپ لێک دەدرایەوە.

٣٦. لەکاتـی ژن مارەکـردن، نابـێ پیاوانـی نـاو مەجلیـس لەکاتـی مارەیـی تەزبێحیان لەدەست بێت، یان پەنجەی دەست بتەقێنن، یان چەقۆ (قەڵەم بڕ) دابخـەن، گوایـە زاوا هەرامـەی دەبەسـترێت و بـەزاوا نابێـت.

٣٧. ئەگەر ماینەکی جوانییان بکڕیایە بەو ئاخیرەش تورمبێل ئەوا پێشـەکی لەپێش ماڵ هێلکەیان لەپێش دەشکاند و بە سەیارەکە یان ماینەکەیان دادەکرد، تا پێ و قەدەمی بەخێربێت.

٣٨. مۆری شین لە ملی وڵاغ (ماین و ئەسپ) دەکرا لەبەر چاو و زار.

٣٩. لـە شـەوانی ڕەمـەزان بۆ پارشێو پیاوێک دەگەڕا بەناو کۆڵانان دەهۆڵ یـان تەپڵ یـان تەنەکـەی لـێ دەدا بـۆ هەسـتانی خەڵـک بـۆ نـان خـواردن تـا بـەرۆژوو بـن.

٤٠. ئەگەر منداڵی یەک دوو ساڵە بە نائیرادی گەسکی ماڵەوەی بدابووایە، دەیانگوت میوانمان دێت.

٤١. ئەگەر کەسێکی ئازیز لەماڵێک لە پیاوان سەفەری بکردایە، لەپێش دەرگا ژنی ماڵەکە جامێک ئاوییان لەدوا دەڕشت بەمانای گەڕانەوەی بەسەلامەتی بۆ ماڵ .

٤٢. وا باوبوو هێواران زوو دەرگای دابخەن، سبەینان زوو دەرگای بکەنەوە.

٤٣. وا مەزەندەیـان دەکـرد نابووایـە ئـاو بـە پشـیلەی دابکـەن، چونکـە بالووکەیـان لەدەسـتی دەهـات.

٤٤. نابووایە بەگێسک لە منداڵی بدرێت، وا قەناعەتیان هەبوو تەمەنی پێ کورت دەبێت.

## • هەندێ داب و نەریتی دیکە

١. پێستی دەست یان ڕووخسارییان دەکوتا بەدەرزی و بەشیر و تەنی، بۆ جوانی، بەتایبەت ژن و کچ زۆرتر دەیان کوتا.

٢. شیربایی هەبوو، ماڵی بووک پارە یان ئەسپ یان یان تفەنگییان لەماڵی زاوای لەباتی نەخت وەردەگرت.

٣. شیوە غەریبە: کاتێ کەسێک لەگوندی دەمرد، ئەو چەند ڕۆژەی تازیەی پێشتر ٧ ڕۆژ بوو، بەو دوایە ببوە سێ ڕۆژ، دەبوایە هەر ئێوارەک کۆمەڵێک جیرانی و خەڵکی گوندی نانی بای خۆیان و یەک دوو کەسی دیکە ببەن لەماڵی خاوەن مردوو پێکەوە نانی بخۆن، بەوەش باریان لەسەر خاوەن مردوو سووک دەکرد لەڕووی خەرجیەوە.

٤. کاتێ یەکێک هەناوی دەهێشا، هێزی نەدەما دەیانگوت ناوکی کەتییە، کەسێکی شارەزا یان بە قەلاقوچکە یان بەبەن یان بە خۆڕاتەکاندن چارەسەرییان دەکرد، دەیانگوت ناوکییان هێناوە .

٥. ئەگەر ڕێبوارێک بە لای جۆخینێک دابچووبایە، بەخاوەن جۆخینی دەگوت، جۆخین بەرەکەت، خاوەنەکەش دەیگوت خێر و بەرەکەت. ئەگەر ڕێبوارەکە هەژار بووایە هەندێک لەدانەوێڵەی پێ دەدا.

٦. ئەگەر قۆڵنجییان (ماسولکەی شانییان) ئەستووربووایە بەهۆی سەرماوە، دەیانگوت قۆڵنجی هەستاوە، دەیان شێلا.

٧. ئەگەر کەسێک برینەکی لەلەشی هەبووایە، نیوەنمەکییان لەسەر دادەنا کە بریتی بوو لەهەویر + ڕۆن.

٨. فرچک گرتنەوە: ئێەگەر منداڵ بترسایە و بیزیڕاندایە، دەیانگوت فرچکی کەتییە، تەقڵەیان پێ لێ دەدا.

٩. خێلی: ئەگەر منداڵ چاوی خێل ببوایە، ژنێک یان پیاوێکی بەتەمەنی لێزان، پەنجەیان دەخستە ناو مەلاشووی .

١٠. ئەگەر منداڵ قورگی ئەستوور بووایە، پەنجەییان دەخستە ناو

دەوێ، مەلاشــوویان دەتەقانــد، دەیانگــوت قــوڕگ هەڵدانــەوە.

١١ـ ئەگــەر کەســێک پشــتی بێشــابووایە، دەیانگــوت پشــتی وەرگەڕایــە، تیرۆگییــان لەســەر پشــتی دەگەڕانــد.

١٢ـ ئەگــەر کەســێک بــێ هێــز و مانــدوو دیاربووایــە دەیانگــوت خوێنــی پیســی زۆرە، مێرووی زێروویيــان بــە پێســتی وەدەنــا هەتــا خوێنــی بمژێــت.

## • ناوی هەندێ نەخۆشی

**تامیسـکە:** نەخۆشـییەکی ڤایرۆسـییە، لەئەنجامـی تـرس و فشـار و دڵەڕاوکـێ تـای گـەرم پەیدادەبێت و پێسـتت نزیـک لێـو بۆقـی دەکات .

**قینچکـە:** (زیپکـە) لەئەنجامی بوونی چەوری زۆر کونیلەکانی پێستی روخسـار و زگ و پشـت دەگیرێن و چەورییەکە لەشـوێنەک کۆدەبێتەوە و بەرزدەبێتەوە.

**پـزدووک: باپشـکێوە: قینچکەسـڵاوە:** بۆڕییەکانـی فرمێسـکی چـاو دەگیرێـن، دەرچـەی ڕژێنی مایبیۆم دەگیرێت . گرێی بچووک لـەدەوری پێڵـوو پەیدادەبێت.

**بالووکـە:** نەخۆشـییەکی ڤایرۆسـییە لەبـەر نەبوونـی بەرگـری پەیدادەبێـت. لەپەنجەکانــی دەســت و پــێ پەیدادەبێــت.

**مێخـەک:** (بزمار)لەئەنجامی ئەستووربوونی چینی پێست بەهۆی لێکخشـان و فشـار لەسـەری پەیدادەبێت. لـە بنی پێ پەیدادەبێت.

**قونێـر:** (دومـەڵ) نەخۆشـییەکی بەکتریاییـە لەئەنجامـی هەوکردنـی خانەکانـی سـەلکە مـووی ناوپێسـت دروسـت دەبێت.

**پفکە:** لەئەنجامی پێکەوتنی ئاسنێک یان قورساییەکی بەتین بەناولەپی دەست، یان توونـدگرتنی دەسکی خاکەنـاس و پیمـەڕە و قەزمـە لەکاتی کارکـردن.

**دامارێـن:** داماڵیـن لەئەنجامـی خشـاندنی پێسـتی دەسـت و لاق بـە دیـوار و زەوی و تەنــی ڕەق دروســت دەبێــت.

**لاڕەشـە:** برینـی لـەش بەتایبـەت لاق تووشـی ڕەش بـوون دەبـوو لەئەنجامـی هەوکردنێکـی زۆر پیـس دەبـوو.وەک گانگرینـی لـێ دێـت.

**تیراوە:** زۆر جار برینی کەسەکە تووشی هەوکردنێکی زۆر دەبوو، برینەکە تیر دەبوو.

**کوڵکی سەرەتانێ:** کوڵک واتە پەیدابوونی گرێ (ورم) وەک شێرپەنجە

**ناوک کەتن:** کەسەکە تووشی بێ تاقەتی و دڵ تێکچوون دەبێ قەلاقوچکەیان پێ دەخوارد تا چاک ببێتەوە، یان دەستییان لەناوکی دەدا تا ئازاری نەمێنێ و دەیانگۆت ناوکمان هیناوە.

## • چارەسەری نەخۆشییەکان بەڕێگای میللی

١. ئەگەر یەکێک هەناوی بێشێ و بڕشێتەوە و توانای کەم بێ کەدەڵێن ناوکی کەوتووە، کەسی تایبەت سێ جار قەلاقوچکەی پێ لێ دەدا، ئینجا هەندێک دەستی لەهەناوی دەدا لەلای ناوکی. بۆ ناوک کەتن ڕێگایەکی تر هەبوو هەردوو دەستی نەخۆش درێژ دەکرا ئەگەر پەنجەکانی کەمیک کورتربایە دەیان گۆت بەولایە کەتی یە پاشان پیلەکەیان بەتوندی رادەتەکاند گوایە هاتەوە.

٢. ئەگەر منداڵ چاوئێشەی هەبووایە، شیری ئافرەتییان لەچاوی دەکرد

٣. ئەگەر منداڵ تووشی ترسان بیت برژانگی چاوی جووت دەبێ و چڵمی نابێ و دەم و لووتی وشک دەبێ و ئاوی زۆر دەخواتەوە، رادەچڵەکێ و تای لێ دێت.

چارەسەر: سێ ئێواران لەسەر یەکدی پێش رۆژئاوا، قاپێک بەبەتاڵی گەرم دەکەن هەتا سووردەبێتەوە، ئینجا دەیهێنن لەسەر سەری منداڵەکەی ڕادەگرن، یەکێک ئاوی ساردی تێدەکات، هەتا چزە چزی بێت،یەکێک دەڵێ ئەوە چ دەکەی، هی دووەم دەڵێ ترسی لەمنداڵەکە (ناوەکەی دەڵێت) دەردەکەم، سێ جاران ئەو قسەیە دەڵێنەوە

ڕێگایەکی دیکەی ترس لێ دەرکردن، ئەگەر منداڵەکی ساوا تووشی سک چوون ببوایە ئەوا دەیانگوت ترساوە، هەندێک ژن ئەو پیشەیان دەکرد، کاتی رۆژئاوابوون منداڵەکەیان دەبردە ماڵی ژنەکە، ژنەکەش ئاگرێکی دەکردەوە، دەبوایە دایکی منداڵە ساواکە، منداڵەکە لە باوەش بکات، سێ جاران بەسەر

ئاگرەکـەدا پـاز بـدات، هـەر جارەکـی کـە پـازی دەدا، ژنـە تـرس لێدەرکەرەکـە دەیگوتـە ژنـە خـاوەن منداڵەکـە ئـەوە چ دەکـەی ژنەکـەش لەکاتـی پازدانەکـە، دەیگـوت ترسـی لـە (نـاوی منداڵەکـەی دەگـوت) دەردەکـەم، بـەو شـێوەیە سـێ جارەکـە تـەواو دەبـوو، دەیانگـوت ترسـەکەی لـێ ڕۆیـی.

هـەر بۆ تـرس دەرکردن مس تواندنـەوە، بەسـەر منداڵەکە ئەنجام دەدرا، ئەگـەر منداڵێـک بترسـایە، دەهاتـن ئاگرێکییـان دەکـردەوە و لەنـاو قاپێـک بڕێـک مسـییان دادانـە هەتـا تـەواو دەتـواوە و دوایـی جامێـک ئـاوی سـارد لەسـەر مندارەکـە دادەنـدرا و مسـە تواوەکەیـان ڕوو دەکـردە نـاو ئـاوە ساردەکەی سـەر کەسـە ترسـاوەکە تـا مسـەکە سـارد دەبـووەوە چ شـێوەکی وەرگرتبـا، دەیانچواند بـەو شـتەی کەپێـی دەچـوو، بزانـە مـرۆڤ بـوو یـان ئـاژەل بـووە یـان باڵنـدە، دەیانگوت لـەوە ترسـاوە.منداڵی ترسـاو دەشـبرێتە لای پیرێژنـان گـەزەی لـێ دەدرێـت هەتـا ترسـەکەی لـێ بـڕوات.

٤ـ فرچـک کەوتـن، وەک ترسـانە. فرچـک دەهێنرێتـەوە منداڵەکـەی ٣ جـار سـەراوبن دەکات نابـێ منداڵەکـە مـاچ بکرێـت هەتـا میـزی دەکات.

٥ـ قۆرنـج هەسـتان: کاتێـک کەسـێک ماسـولکەکانی شـانی لەسـەرمان ئەسـتوور دەبێـت، دەیشـێلن هەتـا چـاک ببێتـەوە.

٦ـ خێـل بوونـی منـداڵ: دەسـتییان لەمەلاشـووی دەنـا هەتـا هاوسـەنگی چـاوی چـاک بێتـەوە .

٧ـ ئێسـک شـکانی لاق و دەسـت . بەدەسـتی دەیانهێنـاوە لای یـەک و دوایـی پەلـەدار یـان پەلـە قەمیشـییان بەپەڕۆکـی تێدەبەسـت . لەجـێ چوونیـش هەندێـک بەئـاوی گـەرم دەیانشـێلا و دوایـی بەپەڕۆکـی دەیـان بەسـت.

٨ـ بـەرد گەرمکـردن بـۆ مایەسـیری: گـەر یەکـێ مایەسـیری بووایـە بـەرد یـان خشـتییان گـەرم دەکـرد لەسـەر دەرچـەی کۆمییـان دادەنـا . هەتـا دەمـارەکان خـاو ببنـەوە.

٩ـ ئەگـەر ئافرەتێـک کاتـی منـداڵ بـوون ژانـی زۆر بووایـە و درێـژەی

بدابووایێ، ئەوابەتفەنگ تەقەیان لەنزیک ئەو دەکرد تا منداڵەکەی ببووایە.

١٠. سەرکەتن هەبوو پەڕۆیەکیان لەسەری دەبەست بە تەشیەک توند بایان دەدا گوایە دەگەڕێتەوە. یان بە دۆخین و تیرۆگ دەهینەوە.

١١. نەخۆشی سێیەڕۆ کە تایەکی توندی هەبوو کابرایەک دەچوو هاواری دەکرد ئایا ماخۆی چوارچاو چی دەرێ مەبەست لە ماخۆی چارچاو دەبێت کابرا دووژنی هەبایە ئەویش دەیگۆت ئاوی فروجاوی بدەنێ پاشان دەیاندایە نەخۆشەکە.

١٢. گوێ هێشانیش هەبوو، هەر شیری ئافرەتیان لە گوێ دەکرد.

١٣. زگ هێشە و ئیسهالی :بەردیان گەرم دەکرد و پەڕۆکەک یان بەتانیەک لەسەری دادەنرا کەسەکە لەسەر دادەنیشت.

١٤. غەرغەرە بە خوێ دەکرا بۆ کەم بوونەوە ئازاری ددان، یان دووکەڵی جگەرەیان ماوەی خولەکێک لەناو دەم دەهێشتەوە هەناسەیان لەخۆ دەبڕی تا ئازاری ددان کەم ببێتەوە بەتایبەت گەر ددان کیسی بکردابووایە.

١٥. ئەگەر منداڵ تای بهاتابووایە بە ماست و روونی لەشییان چەور دەکرد.

## • هەندێ دیاردەی نەخوازراو

ئەو بابەتە هەرچەندە بەهیچ شێوەیەک نەباوەڕم پێی هەیە و نە حەزیشم لێیە باسی بکەین، بەڵام چونکە بەشێک و دیاردەیەکی ناو کۆمەڵگایە لەکۆن و هەتا ئێستاش زۆری ماوە و دەکرێ، دەبێ باسی بکەین وەک بەشێکی ژیانی خەڵکەکە لەوانەیە سەد ساڵی تر ئەو دیاردانە بەنامۆیی سەیر بکرێن و نەمێنن.بەهیوام تاکی ناو کۆمەڵگا هۆشیار بێتن و پەنا بۆ نوشتە و سیحر نەبات.

**حەمایل:** جۆرە دوعا و نوشتەیەک بوو شێخ و مەلا و سەید بۆ نەخۆشە دەروونیەکانیان دروستکرد، چەند نووسینەکییان لەپارچە کاغەزی بچووک بچووک دەنووسی، پێکەوە کۆیان دەکردنەوە و لەپارچە قوماشێکیان دەدووری

یـان لـە قوماشـێکی نایلۆنـی و مشـەمایی، بەشـێوەی سێگۆشـە، لەملـی نەخۆشـی دەکـرا.

**کشـتەک:** بریتـی بـوو لەداوێـک کـەوەک کـەزی پرچـی ژنـان دەهۆنـراوە، شـێخ و مـەلا و سـەید دەیانکـرد و دوعایـان لەسـەر دەخوێنـد و هەنـدێ فوویـان لـێ دەکـرد و داوەکەیـان لەدەسـتی منداڵـە نەخۆشـەکان دەکـرد.

**بارابـەژن:** نوشـتەیەکی گـەورە و تایبـەت بـوو زیـاد لەسـەد جـار بسـم اللـه الرحمن الرحیم دەنووسـرا و لەگـەڵ سـورەتەکی بچـوک وەک سـوڕەتی قورەیش، لەپەڕۆکەکـی گرێـدەدرا و ژنـی زەنـدەق چـوو و ترسـاو لەبەرۆکـی خـۆی دەدا.

**نوشـتە:** دوعـا بـوو سـەید و مـەلا و شـێخ لەپارچـە کاغەزێکـی بچووکییـان دەنووسـی، دەیانگـوت لەنـاو جامێـک ئـاوی بنـێ و ئاوەکـە بخـۆوە دەبیتـە شـفا. یـان دەبێتـە گەیشـتن بـە مـراز.

**بـەرد تێگرتـن:** زۆرجـار بـۆ گەیشـتن بـە مـرازو مەبەسـت، ژنـان دەچوونـە سـەر گـۆڕی پیـاوە ئاینییـەکان بـەردی تەمۆخـی (نیشـتووی لمـی) یـان دەگرتـە کێلـی پیـاوە ئاینییەکـە ئەگـەر بەردەکـە پێـوە بنووسـایە، ئـەوا دەیگـوت بەمـرازی خـۆم دەگـەم، چ لـە مێردکـردن بـوو یـان منـداڵ بـوون بـوو یـان باشـبوونی دڵـی بـاب و بـرا و مێـرد بـوو لەگەڵـی.

**پەڕۆکـی کەسـک:** ژنـان دەچوونـە سـەر گـۆڕی پیـاوە ئاینییـەکان پارچەیـەک لـە پەڕۆکـە کەسـکەکانی سـەر ئـالای گۆڕەکانییـان لـێ دەکـردەوە و بەکێـل و سـەر گـۆڕی پیـاوە ئاینییەکانییـان دا دەهێنـا و دوعـا و مـراز و مەقسـوودییان خۆیـان دەخینـد و دەیانهێنـاوە و جـار هەبـوو لەماڵـەوە هەڵییـان دەگـرت و جاریـش هەبـوو پارچـە پارچەیـان دەکـرد کێیـان مەبەسـت بوایـی دەیاندایێـی بەیەخـەی خـۆی بکات، منداڵـێ بچووکـی جـاران پەڕۆکـی کەسـکی لـە شـانی یـان بەرسـنگی دەدرا.

**مۆری و پەپکەی شین:** بە لانک و لەشـی منداڵ وەدەکرا گوایە تا لەچاوزاران بەدووربـێ . کچانیـش مێـرووی شـین لـە ملوانکـە وەدەکـەن و لەملییـان دەخـەن بۆ چـاو و زار.

**جگە گورگ:** جگ ئەو ئێسکە ئەلقەییەیە کە لە نێوان لاق و پێی ئاژەڵ دایە هی گورگییان دەهێنا بەماڵییان وەدەکرد تا جندووکە (جنۆکە)نێتە ماڵییان.

**قۆچی گا و مامز و بزن:** بەدەرگەی ژووری میوان دادەکرا، گوایە ئەو ئاژەڵانە خێر و بەرەکەتن.

**جادووگەری:** هیچی لێ نازانم و نەدەشمەوێ لێی بزانم، بەڵام هەر ئەوەندە دەزانم خەڵکێک لەکاتی کێشە و گرفت پەنا بۆ کەسانی جادووگەر دەبەن، بۆ ئەوەی کارەکانییان بۆیان مەیسەربێ.

فاڵچی و قاوەگرە وەو ناولەپ خوێندنەوەش هەبوو، بەس لەدەشت بەدەگمەن هەبوو نوشتە لەملی چێڵ و ئاژەڵی تریش وەدەکرا بۆ چاو و زار و پاراستنی.

**ڕاتبە:** خۆراک و شیو وەرگرتن بوو کە سوختەکان ڕۆژانە سێ جار لەماڵە دەوڵەمەندەکان دەیانهێنا.

## • ئیشی ژنان لە کۆمەڵگای کشتوکاڵی کۆن دا

**ئاوهێنان:** تا سالانی شێستەکانی سەدەی ڕابردووش لەزۆربەی شار و شارۆچکە و گوندەکانیش ئاو لە بۆڕی نەدەهات بۆ مالان، بەڵکوو هێنانی ئاو لەبیر و کانیاوەکان ئەرکی ژنان بوو کە بەکۆڵهێنان بوو:

١- ئاوهێنان بەکوندە : کوندە لەپێستی بزن دابین دەکرا، پێستێکی بزنییان خۆش دەکرد هەر چوار پەلییان توونڵد دەبەست و ئاوییان لە ملەکەی دەکرد و توند دەیان بەستاو و بە پشتە خۆیان دادەدا و دەیانبردەوە ماڵێ لە سەر کوندەلانیان دادەنا، شەوێش لەسەر کوندەلانی دەبوو ئاوی سارد دەکرد.

٢- ئاو هێنان بەگۆزە و شەربە و جەڕە، کە لە قوڕی سوورکراوە دروست دەکران زیاتر بۆ ئاو خواردنەوە بوو.

٣- ئاو هێنان لە بەرمیلی بچووک و تەنەکە: بەو دواییە کە پیشەی تەنەکە و ئاسن زۆرتر بلاو بوو، ژنان ئاوییان لەتەنەکەی گەورەی ڕۆن و بەرمیلی خڕی لوولەیی تایبەت بەئاو بوو ئاوییان دەهێنا.

٤. ئاوهێنان بەتێڕکە: تێڕکە لە مشەمای دروست دەکرا لە دووبەش پێک دەهات پێکەوە نووسابوون لەسەر پشتی کەرییان دادەنا، هەر بەشەکەی بەلایەکی کەرەکەی دا شۆڕدەبووەوە، لەسەر پشتی کەرەکە دەرکەی کراوەی هەبوو ئاوییان تێ دەکرد، لەلای خوارەوەی تێڕکەکە کونێک هەبوو دارێکی تایبەتی تێ دەنرا لەکاتی بەتاڵکردنی ئاوەکە دارەکەیان دەردەهێنا .

**مەڕداری:** ژنان لەپاڵ پیاوان لەکاری مەڕداری بەشداربوون، لە دۆشینی مەڕ و دروستکردنی ماست و پەنیر و لۆر، لەماڵینی هەوێز، لە شووشتنی خوری و موو و ئینجا ڕستنی خوری و موو .

**تەونکاری:** زۆرێک لەماڵە جوتیارەکانی دەشتی هەولێر ژنەکانیان کارگەی تەونییان لەماڵ هەبوو، کە مافوور و بەڕ ییان دەچنی.

**دروێنە:** ژنان لەپاڵ پیاو لە کاری دروێنەدا بەشداردەبوون، لە دروێنە و گیشە و هێنانەوەی بۆ سەر جۆخین و لەکاتی جەنجەڕ دیسان هاوکاری پیاوانییان دەکرد لەسواربوونی جەنجەڕ و لە گەسک دانی بنکۆت و لە بێژینگدان و خاوێنکردنەوە .

**کوڵاندنی ساوار:** ژنان دەبوایە ساڵانە بەشی خۆیان گەنمی ساوارییان بکوڵاندایە و بیانکردایە بە ساوار و بڕووش و هەروەها دەبووایە گەنمەکوتاویش ئامادە بکەن .

**تۆڵکە و کاردیان :** بەهاران ژنان دەبووایە بچنە دەشت و دەر بۆ هێنانی تۆڵکە و کاردی بۆ جەمە خۆراکییەکانییان .

**کاری ناوماڵ وبەخێوکردنی منداڵ :** لە ئامادەکردنی خواردن و نان و شووشتنی جل و بەرگ و بەخێوکردنی منداڵ خزمەتی میوان .

**پشتیە قەسەڵ:** ژنان دەبووایە لەو ماوە بچنە دەشت و دەر قەسەڵ و ڕووەکی وشک بێنن بۆ سووتان بۆ نانکردن و سۆبە.

**خانوو سواقدان:** ژنان لەپاڵ پیاوان سەرەتای پایزان قوڕییان دەگرتەوە و خانوویان سواق دەدا.

## • ناوی پیاوان:

لە پێش تەمەنی من ئەو ناوە کوردیانە لەدەشتی هەولێر باوبوو:

ئـاودەل، خەسـرۆ، بایـز، بەهـرەم، بەهـزاد، بـۆرە، پیـرۆت، پیـرە، پیربـاڵ، پیـرداود، پوشـۆ، کاوە، لاوکـۆ، میرخـان، کاکەخـان، کاکەبـرا، کاکـەڕەش، کـوردۆ، کاکەسـۆر، کاکەشـین، کاکـە بـۆر، کاکـول، کاکل، کاکـە، باوکـە، باپیـر، ڕەشـۆ، شـینۆ (شـینە)، مامۆ(مامـە)، جەنگۆ(جەنگـی)، گەنجـۆ، خالنـد، خـارەک، خورشـید، جەمشـید، بـاران، مامەنـد، سـیامەند، حەوێـز، مەغدیـد، سـوارە، کوردۆ، زۆراب، وەیسـی، سـێودین، مەندێ، مەندۆ، گەردۆ، مـەردان، چاوسـۆر، دێوانە.تەمـاو.

## • ناوی ژنان:

ئەستێر(سـتێر)، ئاسـک، بەسـیل، بەگـم، بەگیسـی، دلارام، سـۆرک، سـێوێ، سـتی، سـورمێ، سـۆرێ، سـتیلە، سـەوەر، شـیرین، شـەمام، خاسـێ، خاتوون،خۆخـێ، خـڕێ، خوچـە، خوچـێ، خوچباب، خونـاو، زووری، زولفـان، زارێ، زەرێـخ، زێڕیـن، زەردیـل، مامـز، مەیـاس، نەخشـین، نەنـۆش، کیژخـان، کـوردە، گـوراو، گەلاوێـژ، گـورێ، گوسـتان.

## • ناوە عەرەبییە کورتکراوەکانی پیاوان

**ئەحمەد:** ئەحە

**ئیسماعیل :** سمە، سمایل، سمکۆ

**ئیبراهیم :** برایم، ئیبۆ، بلە

**عومەر :** عومە، عەمۆ، ئۆمەر

**عەلی :** عەلە، عەلۆ

**عوسمان:** عوسە،

**عبدالله :** عەولا، عەبۆ، عەبە

**عەزیز:** عەزە عەزۆ

**جەلال :** جەلۆ، جەلە، جەلکە

**جەمال :** جەمۆ

**جەمیل:** جەمە

**حەسەن:** حەسۆ

**حمدامین :** حەکۆ

**خلیل:** خەلۆ

**خدر:** خدە، خدرۆک

**بدران :** بەدۆ

**ڕەشید:** رەشۆ، ڕەشە

**مەولود:** مەلۆ، مەلۆکە

**محمد:** حەمە، محە

**قادر:** قالە

**نادر:** نالە

**کریم:** کەمۆ، کەمە، کەریمۆک

**شەریف:** شەفە، شەریفۆک

**سەعید:** سەعە، سەعۆ، سەعیدۆک

**هاشم:** هاشە

**قاسم:** قاسۆ

**سلیمان:** سلۆ، سولە

**تحسین:** تەحسە، تەحسۆ، تەحۆ، تەحە

**محسین:** موحسە

**طاهر:** تالە، تاێر

**رەمەزان:** رەمۆ

**عەدنان :** عەدە

**تەلعەت:** تەلە، تەلۆ

**یوسف:** ئیسف، وسوو، مامسوو

**یاسین:** یاسە، یاسینۆک

**فارس:** فارسۆک

**صابر:** صابە

**صالح:** صالحۆک

**لوقمان:** لوقە

- **ناوە عەرەبییە کورتکراوەکانی ژنان**

**ئامینە:** ئامە، هەمین، هەمە

**عائشە:** عەیشێ، ئایشێ

**زولیخا:** زولێ

**خدیجە:** خەجە، خەجێ

**مریم :** مرێ، مرە

**فاطمة؛** فاتە، فاتم،

**غەزال:** خەزار

**هدیة:** هەدە

**صبریة:** سەبە، سەبۆ

**بدریة:** بەدۆ، بەدە

**زهراء:** زارێ، زارا

**حەنیفة:** حەنیف، حەنیفۆک

**بهیة:** بەهە، بەهیۆک

**زبیدة:** زێبە

**هەیبەت:** هەبە

**سلطانة:** سۆتە، سۆتێ

## • ناوی تفەنگ و دەمانچەی کۆن

**سیتیر:** جۆرە تفەنگێک بوو،سێ گوللەی پێ دەهاوێشترا بەیەکجاری

**یەکتیر:** یەک گوللەی پێ دەهاوێشترا، دەبوایە جارەکی دیکە گوللەی باوێیەوە بەرێ.

**ماهوزەڕ:** مۆدیلەکی تفەنگی بڕنۆ ـ ئەڵمانی بوو.

تفەنگی ئینکلیزی پێنج خۆر ئینکلیزی دوانزە خۆر دوانزە میل.

**سەمینۆف:** وەک کلاشینکۆف بوو یازدە فیشەکی دەخوارد، ساڵی ١٩٥٨عبدالكريم قاسم لە سۆڤیەتی وەرگرت .

**بڕنۆ:** تفەنگی ساڵانی پەنجاکان و شەستەکان و حەفتاکان

**قوتەبڕنۆ :** بڕنۆیەکی کورت بوو

**غەددارە:** چەکێک بوو وەک رەشاش بوو.

**ساچمە:** بۆ باڵندە کوشتن بەکاردەهات.

لە گرنگتریین جۆرەکانی دیکەی تفەنگ ـ مەتالی، جامبێزار، قەسەلی، مانهێر: حوسکە، ڕەشکە، ئارەمان، کچک چاپ، پۆرسەعید، پەڕاشووت، کلاشینکۆف، تەتاریۆف .

**شەشاگر :** پێشتر بەدەمانچەیان دەگووت شەشاگر، واتە شەش گوللە دەخوات، شەش ئاگری لێ پەیدا دەبوو.

**تۆپلی :** جۆرە دەمانچەیەک بوو، شەش گوللەی دەخوارد و پێیان دەگوت شەشاگر . جۆرەکانی دیکەی دەمانچە: لامە، چاردەخۆر، مشککوژ، موختارکوژ .

## • پارەی کۆن

لە کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیی تا ساڵانی سەرەتای چەرخی نۆزدەم مامەلەکردن و شت و مەک کڕین زیاتر بە ئاڵوگۆڕ بووە، واتە (مقايضة) بۆ نموونە قەتارەک ترێ بە روبە گەنمەکی بووە .،

بەڵام جۆرێک لەدراوی عوسمانیش هەبووە وەک لیرە، دوایی دیناری زێڕ پەیدابووە، لەساڵی ١٨٤٠ بۆ یەکەمجار دراوی کاغەزی عوسمانی لەچاپدرا کەبەهاکەی ٥٠٠ قرۆش بووە، کە ٢٣ ساڵ بەکارهات دوایی راگیرا.

ئەو دراوانەی عوسمانی کە لەکوردستان کاتی خۆی ئاڵوگۆڕی پێ دەکرا دیناری زێر بوو کە چەند ناوێکی هەبوو وەک زنجیرلی و زێڕی ئەستەنبۆلی و رۆمی کۆن . هەروەها دراوی زیویش هەبووە کە کە ئەکجە و هەشتی و پارە و قروش و چەرخی بووە.

یەک لیرەی زێڕی تورکی ١٠٠ قرۆش بووە

یەک مەجیدی ٢٠ قرۆش بووە

یەک قرۆش بەرانبەر ٤٠ پارە بووە

کوردستانی باشوور بەدەشتی هەولێریشەوە تاکوو سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی لەژێر قەڵەمڕەوی عوسمانیەکاندا بوو، قرۆش باو بووە دوایی لیرە هەبووە، کە لەساڵی ١٨٤٤-١٩٢٣ ز ا یەک لیرە ١٠٠قروش بوو، پارە بچوکترین دراوی کانزایی سەردەمی عوسمانییەکان بوو، ئەو وشەی پارەیەی ئێستاش لەسەرزاری ئێمە ماوە هی ئەو دراوە بووە، کە وشەیەکی ئێرانی بووە، عوسمانییەکان بەکارییان هێناوە.

لەدوای هاتنی ئینگلیز و نەمانی عوسمانی لە کوردستانی باشوور، سەرەتا ئینگلیز دراوی هیندی هێنا عێراق و کوردستان کە گەورەکەیان روپییە بوو، بچوکەکەش کە دراوی کانزایی بوو ئانەیان پێ دەگوت لەکوردەواری بە عانە گۆ دەکرا .

یەک روپیە = ١٦ عانە بووە

تا حکومەتی پاشایی عێراق لەسەرەتای سییەکان دراوی عێراقی دەرکرد . دینار گەورەترین پارەبوو کەکاغەز بووە ١٠٠٠ فلس بوو، فلسیش بچوکترین دراو بووە کە کانزایی بووە (زیو)

١ فلس +٤ فلس و ١٠ فلس

کاتی خۆی ئەختیارەکان سەردەمی کۆماریش بوو هەر ڕوپیە و

عانـەی هینـدی -ئینگلیزییـان لەسـەر دەم بـوو.

٥عانە = ٢٠فلس بوو

٦عانە= ٢٥ فلس بوو

١٠ عانە= ٤٠ فلس بوو

روپییەک= ٧٥ فلس بوو

لەسـەردەمی کۆمـاری هـەر بەنـاوی فلـس و دینـار بـەردەوام بـوو بـەڵام شـێوە و وێنـە و بڕەکانیـان گـۆڕی .

لەسـەرەتای کۆمـاری (عبدالکریـم قاسـم ) ١ فلـس +٥ فلـس +١٠ فلـس ٢٥ فلـس و ٥٠ فلـس هەبـوو لەگـەڵ ٢٥٠ فلـس بەکاغـەز و ٥٠٠ فلـس (نیـو دینـار) بەکاغـەز و یـەک دینـار= ١٠٠٠ فلـس بـوو ئینجـا ٥ دینـار وێنەکانـی مەلیکییـان لابـرد و وێنـەی رەمـزی کۆمارییـان لەجیـات دانـا .

لەسەردەمی بەعس پارەی کۆماری وێنەکانی گۆڕدرا.

بچوکتریـن دراوی کانزایـی بـووە ٥ فلـس دوای ١٠ فلـس + ٢٥ فلـس + ٥٠ فلس+ ١٠٠ فلـس +٢٥٠ فلـس (چارەگـە دینـار )+ ٥٠٠ فلـس (نیـو دینـار) چـارەگ و نیـو دینـارو دینـار هـەم بـە کانـزا هەبـوو، هـەم بـە کاغـەز، ئینجـا ٥ دینـاری کاغـەز و ١٠ دینـاری کاغـەز و ٢٥ دینـاری کاغـەز کـە بەتانییـان پـێ دەگـوت بـەو دوایـەش پێیـان دەگـوت ٣ ئەسـپەکە.

دوای شـەڕی کویـت و راپەڕیـن لەباشـوور حکومەتـی عێراقـی لەهەولێـر و سـلێمانی و دهـۆک کشـاوە پـارەی سـەردەمی سـەدام هـەر بەکارهـات پێیـان دەگـوت پـارەی سویسـری .

بـەڵام لەبەغـدا و ژێردەسـەلاتی عێـراق ئـەو پارەیـە سویسـریە بـاوی نەمـا سـەدام پـارەی ١٠٠+٢٥٠ دینـاری کاغـەزی چاپکـرد کـە زۆر بـێ بەهـا بـوو .دوای روخانـی سـەدام و هاتنـی ئەمەریکا پـارەی نـوێ چاپکـراوە پـارەی هەمـوو عێراق بـووەوە یـەک، لەسـەر زاری خەلکـی سـادە ناویـان لێنـا پـارەی بریمـەر، کـە بچوکتریـن دراو ٥٠ دینـاری کانـزا و ١٠٠ دینـاری کانـزا

٢٥٠ دینـاری کاغـەز +٥٠٠ دینـاری کاغـەز + ١٠٠٠ دینـاری کاغـەز + ٥٠٠٠ دینـاری کاغـەز+ ١٠٠٠٠ دینـاری کاغـەز + ٢٥٠٠٠ دینـاری کاغـەز.

## • کێش و پێوانەکان

پێوانەی کێش:

یەک باتمانی هەولێریَ = ٦ هۆقەی هەولێری بوو

یەک باتمانی هەولێریَ = ١٥ کگم بوو

هۆقە لەهەولیر = ٢،٥ کگم

یەک هۆقەی هەولێریَ= ٢٠ پاکەت فیشەکی کارخانەبوو

١کگم =٨ پاکەت بووە

هەر پاکەتێک =١٢٥گم بووە

یەک پاکەت=٥ فیشەک بوو (فیشیکی برنۆ، بەسەرەپاکەتەوە).

یەک ئیزرەم = ٥ پاکەت فیشیک بوو.

یەک هۆقەی بەغدایی= ٤کگم بوو.

باتمان لە بەغدا =٢٤کگم بوو.

باتمانی ئەستەمبۆلی = ١٠ هۆقەی ئەستەمبۆلی بووە.

هۆقەی ١٠ پاکەت بوو

یەک هۆقەی ئەستەنبۆڵی = ٢,٥ کگم بوو.

یەک روبە : ٩ کگم جۆ بوو ١٠ کگم گەنم بوو.

یەک عەلبە : ٣٢روبەبوو.

یەک عەلبە: ٨ قەزناخ بوو.

یەک قەزناخ : ٤ ڕوبە بوو.

یەک داریە (دالیە): ٢٠ روبە بوو.

یەک تەغار : ٤٠ روبە بوو.

یەک هیکتار= ٤ دۆنم = ٢٥٠٠م٢.

یەک دۆنم = ٢٥ ئۆلک.

**پێوانی درێژی:**

گە (گریَ)، قولانج. پەنجە، بست، باڵ

بست: ٢٠سم

باڵ: ٣،٤٩ سم دەبیَ

پێ : ٤،٣٠ سم دەبێ ١٢ ئینجە
گەز : ٦٠سم پێوانەی قوماش بوو .
فرسەخ: ٥٥٤٤ مەترە  واتە ٣ میل
بۆ پێوانی قوڵی بیری ئاوێ، بەبەژن دەیانپیوا.
هەر یەک عەلبە جۆ بە ١٠ دۆنم زەوی دادەکرا بۆ چاندن.
هەر یەک عەلبە گەنم بە ١٢ دۆنم زەوی دادەکرا بۆ چاندن.

## • پیشە و پیشەسازییە بچووکەکان:

مرۆڤ لە هەر کوێ بێت، بۆ بژێوی ژیان، پێویستی بە کارکردن و دۆزینەوەی پیشەیە، دەشتەکییەکانیش لەسەردەمی کۆن زیاتر خەریکی بەخێوکردنی ئاژەڵی وەک مەڕ و بزن و چێڵ بوونە، ئیدی بەهەموو وردەکاری ئیشەکانیانەوە لە شوانکارەیی و شوانی وبەرخەوانی و خوری و مووفرۆشتن و ڕستنی خوری و موو لەلایەن ژنان و هەوێزماڵین و شیردۆشین و بەرهەمهێنانی بەرهەمەکانی شیر و فرۆشتنیان و کوشتنەوەی ئاژەڵ و گۆشت فرۆشتن و ........

هەروەها خەڵکەکە بەپلەی دووەم گرنگییان داوە بە کاری کشتوکاڵی بەتایبەتی گەنم و جۆ و بەپلەیەکی کەمیش برنج و سەوزەوات و گندۆرە و شفتی و تەماتە و باینجان و ئاروو و بیبەری شیرن ...... لەو پیشەیەش کۆمەڵێ کار هەیە دەبێ ئەنجام بدرێت، وەک جۆتیاری و تۆدەری و سەپانی و شەغرەکێشان و کاکوتان و شەنەبایی و گەنم و جۆ دەورکردنەوە و تێکردنییان لەناو چاڵ و فەردە و بارکردن و هێنانەوەیان بۆ ماڵ و بۆ کۆگاکانی ماڵ.

پیشەی جۆڵاییش هەبووە کە هی پیاوان بووە، پەشتەماڵ و بەرماڵ دروست دەکرا، لەگەڵ لباد و ڕایەخ ......

پیشەی تەونکاریش هەبووە کەتایبەت بووە بە ژنان، مافوور و سەرەناز و جاجم و حەسیرییان ..... دروست دەکرد.

پیشـەی بچووک بچووکیش هەبووە، وەک نالبەندی و ئاوکێشـان و خمچی و مامانـی وبەیتـاری و دکتـۆری میللـی ودەسـتگێڕ و دێـوەرە و گڵفـرۆش چایەچـی و دوکانـداری و جەوبـڕی و گـۆزە دروسـتکەر.......

**کارگـەی گێـچ:** لەبنـاری چیـای قەرەچـوغ لـەولاو لـەولای دەرکـی بازاڕگـەی کارگـەی گێـچ هەبـووە، کـە لەسـاڵانی چلەکانـەوە پەیدابـووە، دوایـی پـەرەی سـەند.

**خانوو سواقدان:**

پێشــتر خانــووی مــاڵ و دیــواری حەوشــە و کۆشــک و لــەودە و هــۆرێ مـەڕی و تەویلـە لەدەشـتەکان زیاتـر لـە خشـت و قـوڕ دروسـت دەکـرا بـەڵام لـە گوندنشـینی نێـو چیـاکان بەبـەردی چیـا و قـوڕ دروسـتدەکرا بـەڵام هـی ئاغـە و پیـاوی دەوڵەمەنـد بـە بـەرد و گـەچ و قسـڵ دروسـت دەکـرا .قـوڕکاری زیاتـر لـە پایـزان دەکـرا سـەری خانـوو سـواق دەدرا، بەقـوڕی تایبـەت، خەڵـک تیایـدا هاریـکاری یەکدیـان دەکـرد .

**قوڕ چۆن دەگیراوە ؟**

یەکەمجـار خۆڵـە سـووریان دەهینـا لـە شـوێنی تایبـەت بەقـەدەر خۆڵەکـە کا یـان قەسـەڵی وردیـان لەگـەڵ تێکـەل دەکـرد و پاشـان لەگۆمـاو خەفتەیـان دەگرتـەوە دوای ٢ــ٣ شـەو لـە نـاو ئـاوێ دەیانخوسـاند تاکوو چ تۆ و گرۆیەکی رووەکـی هەیـە لەنـاو خۆڵەکـە بمـرێ، چونکـە دوایـی توانـای شـینبوونەوەیان هەیـە و کاریگـەری دەبێـت لەسـەر دلۆپـە،دوایـی تـەواو تێکەڵیـان بەیـەک دەکـرد و ئینجـا بـە هـۆی خشـتبڕەوە قالبـی تایبـەت بـوو بـۆ دروسـتکردنی خشـت ئینجـا خشــتبڕەکەیان دادەنــاو قوڕەکەیــان تێدەکــرد و بەمارنــج ســەریان لــووس دەکــرد، دوایــی خشــتبرەکەیان دەردەهینــا و خشــتەکە جۆرێــک لەشــێوازی لاکێشـەیی وەردەگـرت جـار جـار ئـەو خشـتبڕەیان بـە ئـاو تەڕدەکـرد، بەهـۆی ئامرازێکـی تایبـەت کەنـاوی قوڕکێـش بـوو لـە دووداری درێـژ پێـک دەهـات و ناوەندەکــەی بەشــێوەی چوارگۆشــە لەپلێــت یــان تەنەکــە دروســت دەکــرا،

بـەدوو کەسـان قوڕەکەیـان پـێ دەکێشـا، دوای ئـەوەی هەمـوو خشـتەکەیان دەبڕی لەبـەر هەتـاو ٢-٣ ڕۆژ تـا تـەواو وشـک دەبـوو ئینجـا خشـتەکەیان لـە شـوێنی خـۆی دەجولاند و بەستوونی یان بە ئاسـۆیی ڕایاندەگرت بۆ مـاوەی ڕۆژێـک تـا تـەواو وشـک دەبـوو، دوای وشـک بوونـەوە بەکاریـان دەهینـا بـۆ دیـوار دروسـتکردن، خشـت کەدەکـرا دیـوار ئەگـەر بەدرێژووکانییـان دابنایـە بـەدوو ریـز یـان یـەک ڕیـز دەیانگـوت مەشـکانی، ئەگـەر بەپانـی دووریـز یـان یـەک ڕیـز دایانبنابوایـە دەیانگـوت لانکانی،قوڕەکـەش بەپەیتـی بـۆ سـواقدانی سـەری خانـوو وەک سـەبەی چیمەنتۆ بەکاریـان دەهینـا. یـان بـۆ لووسـکردنی دیـوارەکان، لەجیاتـی لەبغـی ئێسـتا .

**سـواقدان:** قـوڕی پەیـت لـە سـەربانەکان پەرتەکـرا و بەمارنـج لـووس دەکـرا، بەئەئەسـتووری ٣.٤سـم، یـان دیـواری پـێ لـووس دەکـرا.

ئەو قوڕەی لـەوەرزی پایز دەگیرێتـەوە بەرگـەی بـاو بارانـێ زستانێ باشتر دەگرێت، لەقوڕی هاوینە.

**خوساندن:** هێشتنەوەی قوڕ لەناو کەمێک ئاو بۆماوەی شەو و ڕۆژێ

**خشـتبڕ:** ئامرازێکـی لاکیشـەبوو ٤٠×٢٠سـم لـەدار دروسـتدەکراوەک قالـب. بـوو قوڕییـان تێدەکـرد تاکـوو خشـتی تێدا ببـڕن.

**قوڕکێش:** ئامرازێک بوو قوڕییان پێ دەکێشا.

## • زاراوەکانی پەیوەست بەشەکر

**کۆتـک:** تەبـەق: لـەدار دروسـت دەکـرا وەک مەنجەڵێکـی دەم کـراوە بـوو ناوەڕاسـتی زەقایەتییەکـی هەبـوو واتـە لەناوەڕاسـتی دارەکـە بەرزاییەکـی دەهێڵرایـەوە قەنـدی شـەکرییان لەسـەر دەشـکاند.

**شەکرشـکێن:** وەک چەکوشـە سـەرەکەی ئاسـنە دوو دەمـی هەیـە دەمێکـی پـان و تیـژە و دەمەکـەی دیکـەی خـڕە، کلکەکـەی (دەسکەکەی) یـان ئاسـنە یـان دار بـوو، بەدەمـە پـان و تیژەکـە قەنـدی شـەکرییان لەنـاو کۆتـک دەشـکاند.

**شـەکردان:** جامێکـی بەسـەر بـوو لـەدار دروسـت دەکـرا کڵـۆی شـەکرییان تـێ دادەنـا.

**قەنـد:** بارسـتەیەکی شـەکری تونـدە وەک مووشـەکێکی بچـووک وابـوو سەرێکی تیژ و سەرێکی پانی لوولەیی بوو، ٤.٣ کیلۆگرام بوو، بەشەکرشکێن لەنـاو کۆتـک دەشـکێندرا و دەکـرا کەڵبەشـەکر بـۆ چـای خواردنـەوە.

**کەربەشەکر(کەڵبەشـەکر):** کڵـۆ شـەکر کڵـۆی بچـووک بچووکـە لەئەنجامـی قەند شکاندن پەیدادەبوو، هەر کەڵبەشەکرێک یان دووان چای بەدیشلەمەیان پـێ دەخـواردەوە.

**دیشـلەمە:** بـەو جـۆرە چایـە خواردنەوەیـە دەگوتـرا کەبەکەڵبـە (کڵـۆ) شـەکر دەخـوراوە، کڵۆشـەکرەکە لەنـاو دەم دەبـوو چـای بەسـەردەکرا

## • ڕۆناککەرەوەکانی شەو

لەکـۆن دوای دۆزینـەوەی ئاگـر مـرۆڤ یەکەمجـار بەشـەوان لەئەشـکەوتەکان لـەدەوری ئاگری دار دادەنیشـتن هـەم خۆیـان پـێ گـەرم دەکـردەوە، هـەم شـەوان رووناکـی پـێ دەبەخشـین. دوای دۆزینـەوەی نەفـت و داکردنـی رۆنـی ئـاژەڵ و ریشـاڵ ئاگر کردنـەوە و رووناکی شـەوان بـەرەو پێش چوو لەکۆن پێش هاتنی کارەبا لەدەشـتی هەولێـر ماڵـەکان شـەوان بـەم شـێوەیە ڕوونـاک دەکرانـەوە .

١ـ چـرا : قۆدیلکـەی بچـووک پـڕ دەکـرا لەنەفـت فتیلەکـی باریکـی لوولەیـی یـان پـان کـە لەلۆکـە دروسـت کرابـوو نیوەیـان دەخسـتە نـاو قۆدیـە پڕ نەفتەکە و فتیلەکـە لەدەمـی قۆدیلکەکـە بەخورمـا یـان قـوڕ تونـد دەگیـرا فتیلەکـە بەقـەد ٥سـم لـەدەرەوە دەبـوو، سـەری فتیلەکـە نەفتەکـەی هەڵدەمـژی و شـێدار دەبـوو بەنەفت بۆیـە کـە چەرخ یـان شـخاتەیان لـێ دەدا ئاگری پـێ دەبوو، بۆماوەیەکـی زۆر رۆناکـی بـۆ دەور و پشـتی خـۆی دەبـوو بـەس زۆر بەدووکـەڵ بـوو، مـاوە مـاوە دەبووایـە فتیلەکـە ڕابکێشـن بـۆ دەرەوە. پێیـان دەگـۆت چـرای قـۆدی.

٢ـ لامپـا : لەبنێکـی ئەمبـاری شووشــە پێـک دێـت کەهەڵکێـش و داکێشـی پێوەبـوو لەگـەل فتیلـە و شووشـەیەکی بلـووری لەسـەر بـوو، ئەمبارەکـە پـڕ

دەکرا لەنەفت و فتیلەکە هەندێکی لەناو ئەمبارە شووشەکەبوو، هەندێکی لەدەرەوە بوو، بە بلوورە شووشەکە داپۆشرابوو، کاتێ فتیلەکە ئاگری لێ دەدرا شووشەکە بۆ ماوەیەکی زۆر رووناکی دەدا دەوروپشتی، هەندێک لامپا هەبوون ئاوێنەکییان لەپشت بوو، تا رۆناکی زیاتر ببەخشن.

٣ـ فانۆس : سەر و ژێری لە پلێت دروست دەکرێت، ناوەڕاستەکەی شووشەیەکی فانۆسی لەسەرە لەشێوەی جامە، بەس سەر و خواری والآیە، بنەکەی هەڵکێش و داکێشی پێوەیە، فتیلەی لەسەرە بۆ داگیرساندن.

٤ـ لۆکس : هەروەک شێوەی فانۆسە بەلآم تۆڕێکی پێوەیە بۆ رووناکی، شەوقی ڕووناکییەکەی یەکجار زۆرە و پەمپی لێ دەدرێ، لە عەمباری نەفت و پەمپ و دەرزی و شووشە و دەسکێکی تەل پێک دێت تۆڕێکی ئەزبێز بە بنمیچەکەی قایم دەکرێت، کاتێ پەمپی لێ دەدەی نەفتی بۆ دەچێ و ئینجا بەئاگرێک دادەگیرسێ، لەکاتی ئیشکردن دەنگێکی لێوە دێت.

## • جۆرەکانی چەقۆ

**قەڵەمبڕ:** چەقۆییەکی بچووک بوو دەسکێکی داری هەبوو، دەمەکەی دەنووشتاوە دەچۆوە ناو دەسکەکە، زۆرێک لەپیاوان لەگیرفانییان دەنا .

**چەقوو:** لەقەڵەمبڕ گەورەتر بوو، قەبارەی جۆراوجۆر بوو، ژنان بۆ گۆشت و باینجان و تەماتە پارچەکردن بەکاری دەهێنن، دەسکی هەیە دەمەکەی راستە و نانووشتێتەوە.

**سیکارد:** لەچەقۆی ئاسایی گەورەتە، بۆ پارچە پارچەکردنی گۆشت بە پشکی گەورە گەورە بەکاردەهات، بۆ لێکردنەوەی پارچە گۆشت لەلاشەی ئاژەڵی سەربڕاو .

**ساتۆر:** لەچەقۆ گەورەترە و دەسکی گەورەیە و دەمەکەی کەمێک پانە و لای کۆتاییەکەی وەک خەنجەر چەماوەتەوە.

**قیمەبڕ: چەپچاغ:** لەسیکارد گەورەترە بۆ بڕین گۆشت لەلاشە و شکاندنی ئێسکی وردی لاشەی ئاژەڵ بەکاردێت.

**بیور:** چەقۆیەکی زۆر گەورەیە و دەمەکەی زۆر پانەو گۆشتفرۆش بەکاری

دەهێنن، بۆ لێکردنەوەی گۆشت بەخێرایی.

**خەنجەر:** چەقۆییەکی گەورەیە دەسکێکی جوان و نەخشێنراوی هەیە پڕ بەناو لەپە و دەمەکەی پتەو و تیژە و چەماوەیە، بۆ شەڕی دەستەویەخە بەکاردێت، خەنجەری کوردی بەناوبانگە،

**حەربە:** چەقۆییەکی تیژ و پتەو بوو لەسەر چەکی کلاشینکۆف دەبەسترا لەلایەن سەربازانەوە بۆ شەڕی دەستەویەخە بەکاردەهات.

**قەمە:** چەقۆییەکی گەورە و دەمەکەی کورتە و کالانی هەیە، لێواری سەرەوەی لووس نییە و بڕاو بڕاوە، شەڕکەران لە بەر پشتێنی خۆیان دەنا، بە قایشێکەوە دەیانبەستا.

**دێوکوژ:** چەقۆیەکی گەورەیە لەشێوەی خەنجەرە بەس دەمەکەی ڕاستە و لێواری خوارەوەی دڕە و بڕاوی وردە.

**چەقۆی ڕاو:** چەقۆییەکی پتەوە و دەمی کورتە لە گەورەیی لە شێوەی خەنجەرە، بەس دەمی کورتە و کیفکی (کالانی) هەیە. بۆ کوشتنەوەی نێچیری ڕاو بەکاردەهات.

**تەورداس:** چەقۆیەکی گەورەبوو دەسک و دەمەکەی هەر ئاسن بوو، گەورەبوو، دەمەکەی وەک داس کەمێک لەڕووی ناوەوە چەمابۆوە، بۆ شکاندنی ئێسک زیاتر بەکاردەهات.

## • ناوی هەندێ ئامرازی دیکە :

١ـ بڕبەند: مەورەد، پارچە ئاسنێکی دڕ (زبر) بوو بۆ تیژکردن و لووسکردنی چەقۆ دەوەداس و تەورداس و دەوەخاکەناس بەکاردەهات. ناڵبەند سمی وڵاغییان پێ ساف دەکرد.

٢ـ درێشە: ئاسنێکی باریکی نووک تیژە ١٠سم درێژ دەبوو، دەسکێکی داری پێوەبوو زیاتر پینەدۆز بەکاری دەهێنن بۆ کونکردنی بن پەرگی کڵاش و کونکردنی قایش و چەرم .

٣ـ شوژن: پارچە تەلێکی زۆر پتەوە سەرێکی کونێکی درێژی هەیە بۆ

داوەبەن تێیەخستن و سەرەکەی دیکەی نووک تیژە، بۆ دروونەوەی فەردە و جەوال و قوماشی ئەستوور بەکاردێت.

٤ـ دەرزی ئەستووران : لەدەرزی ئاسایی گەورەترە و بۆ دروونی لێفە و دۆشەک بەکاردێت.

٥ـ گومگومە: دەفرێکی شێوە مەسینەییە قاوەی تێدا ئامادەدەکرێت.

٦ـ پیشەقان ـ دەوە ئاسنێکی باریکە و تیژە و دەسکێکی درێژی یەک مەتری پێوەیە بۆ کەنگر و کاردی و پیفۆک و قێزبەلە کردن بەکاردێت.

٧ـ لاپووتە: وەک پیشەقانە بەڵام بچووکترە زیاتر جۆتیار بۆ گاسن پاککردنەوە بەکاری دێین لەکاتی جۆتکردن.

٨ـ کەوگیر: ئامرازێکە لە مس یان فافۆن یان دار دروست دەکرێت، دەوەکەی بازنەییە و کون کونە، دەسکێکی درێژی ٣٠ سم هەیە کە هەر لەمادەی خۆیەتی، بۆ تێکردنی چێشتی برنج بەکاردێت.

٩ـ سمتراش: ئامرازێکی ئاسنییە دەمەکەی نیمچە کەوانەییە دەسکێکی داری هەیە بۆ سمتراشینی وڵاغ بەکاردەهات.

١١ـ سیفۆن: بۆڕیەکی لەتەنەکە دروستکراوبوو پەمپێکی لەناودابوو نەفتی پێ دەردەهێنرا .

١٢ـ نار(نال): پارچە ئاسنێکی پتەوبوو لەژێر پێی ڕەشەوڵاغ دەدرا بۆ ئەوەی لەچیاو ڕێگای ناو بەرد بنی پێی ئازاری پێ نەگات و بتوانێت بەئاسانی بڕوات.

١٣ـ ئاون و دەسکە ئاون، بۆ وردکردنی ڕەشکە و قاوە و هەر تۆیەکی تر بێت.

١٤ـ جەو: مقەسێک بوو بۆ بڕینی خوری و موو بوو لەمەڕ و بزن .

١٥ـ تەرازوو: دوو تا بوو بۆ کێشانی شتومەک و مێوە بەکار دەهات.

١٦ـ کوتک: چەکوچێکی دار بوو بۆ کوتانی ساوار زیاتر بەکاردەهات.

## • ئامێرەکانی مۆسیقا

ئـەو ئامێـرە مۆسـیقایانەی کـە لەدەشـتی هەولێـر لـەلای دەشـتەکییەکان لەکۆنـەوە بـەکار دەهـات، لەزۆربـەی ناوچـەی کوردسـتانیش بەکاردەهـات تەنانـەت لەلایـەن میللەتانـی دراوسـێش، بـەڵام ناوچـە بـۆ ناوچـە و شـوێن ناوەکانییـان لەوانەیـە جودابێت. لێرەدا ئـەو چـوار ئامێـرە مۆسـیقایانە دیـاری دەکـەم کـە لەکـۆن بەکارهاتـووە.

١ـ دووزەلـە: ئامێرێـک بـوو بـۆ بەسـتە و شـایی زۆرتـر بەکاردەهـات دەنگـی تیـژە لـە قامیـش دروسـت دەکرێـت ٢٠ـ ٢٥سـم درێـژ دەبێـت شـەش کونـی لەسـەرەوە هەیـە یـەک کونیش لەخـوارێ، بەشـێکی دیکە پێوەی بەنـد دەکرێت پێـێ دەڵێـن پیـک، لەقامیشـی باریکتـرە دەچێتـە نـاو دووزەلـەوە، بچووکـە سـەری دووزە لـە نیـوە بڕینێکـی درێـژی لـێ دەکرێـت تـا هـەوای پێدابکەیـت دەنگی بێت. دوو زەلـە بەدووقامیشـی بەیەکەوەبەسـتوو پێک دەهـات هەریەکـە و پیکێکـی تێدابـوو، پێشـتر لەگونـدەکان لای شـوان و گەنجـان هەبـوو، لەبـەر پشـتی خۆیـان دەنـا، لەکاتـی ئـارەزووی مۆسـیقایان هەبووایـە لێیـان دەدا.

٢ـ شمشـار (شمسـاڵ) لـە قامیشـی ئەسـتوور و گـەورە و تایبـەت دروسـت دەکرائەویـش لـەڕووی سـەرووی ٦ کونـی یـان زیاتـری تێدابـوو، کونێکیـش لەخـوارەوە، هەمـوو شـوانێک شمشـاڵی هەبـوو، لەگـەڵ حەیـران و بەسـتە لێـدەدرا. ئێسـتاش شمشـال بـاوی مـاوە

٣ـ زوڕنا : دەنگی تیژە و وەک دووزەلەیە، بەڵام لەیەک لک پێک دێت، بۆ شـایی و گۆرانـی بەسـتە لێـدەدرا شـایی گـەورە و خانـەدان و دەوڵەمەنـدەکان بەزوڕنا بـوو.

٤ـ دۆر: دەهـۆڵ: ئامێرێکـی خـڕ و بازنەیـی گەورەبـوو دیـوی پێشـەوە و دواوەی لەپێسـتەی ئـاژەڵ دروسـت دەکـرا، بـەدوودار دەنگـی لێوەدەهـات کـە دارێکـی گـەورە لـەڕووی پێشـەوە دەدرا و دارێکـی بچووکـت لـەڕووی دواوەی دەدرا. لەگەڵ زوڕنا بەکاردەهات (دۆروزوڕنا) بەیەکەوە لەشایی و هەڵپەڕکێی

گـەورە بـەکار دەهاتـن . دۆڵ بەتەنیـاش بەکاردەهـات لەشـەوانی ڕەمـەزان بـۆ بەئاگاهێنانـەوە لەپارشـێو، کاتـی خـۆی لەمەیدانـی جەنگەکانیـش بەکاردەهـات
پەندی کوردیش هەیە لەسەر ئامێرە مۆسیقاییەکان :
*//(دەنگی دۆڕێ(دەهۆڵ) لەدوورەوە خۆشە.
سیر بخۆ زوڕنای لێدە.

## • دوعای ژنان

خـوا بەجوانـی خـۆت ببەخشـی، خـوا دەسـت بەبارتـەوە بگـری، بەقوربانـی تـووی دەکـەم، بـە سـی جزمـەی قورئانـێ، خوانەکەرانـێ، خۆرکەچـەرەت لـێ کەوێ، خۆرکت لێ کـەوی، دەک داڕزێی، دەک دافەتێی، دەک ڕاسـت نەبیـەورە، دواتـان بـڕێ، هەنـاوت خرابی،ڕەببـی بنـووی هەرنەسـتییەوە، ڕەببـی خـەوی یەکجارییـت بی،رەببـی بەبـەر گوللـەی جامبێـزاری بکـەوی .رەببـی کـوڕم لەبـەر زگـی داکـت هەرگیرێـی، رەببـی گوللەکـت بەبـەر دەنـدەرەی سـینگت بکـەوی، رەببـی هـەر سـی و دوو ددانـت بکـەوی، رەببـی ئاگرتتـان لەمـارێ بەربی،رەببـی ئاوتـان بەقۆرتـان ئاگـری دابکرێ،ڕەببـی ئەتارتـان لەسـەر پاتـاری نەمینـێ

ڕەبی بەبـەر گوللـەی غەیبێ کـەوی، ڕەبی بەبـەر زیڵـی عەسـکەری کـەوی، سـەرت لەهەشـێ نێن، سـەرت لەقوڕەشـینێ نێن، شـێت وشـوار، شـێت و شـار، عەمـرت نەمینـێ، عەمـری سـەر و گێلاکـت نەمینـێ، ئـەی لـە قوڕێـت نێـم، کۆراییـت گاتـێ، کۆراییـت دایـێ، چـاوت کۆرەبـی، یارەببـی جەرگـت لەسـەر سـێڕێ بسـووتێ، رەببـی ئـەو پارەیـەی بەهەنـاردەی لەپشـت سـەرتی دانێـی، رەببـی مـار بەگەردنـت وەدا، رەببـی هەتـا ئێـوارێ .... مەیتـت بێتـەوە مـارێ، رەببـی جەرگـت کـون کـون بـی، ڕەببـی بکەوییـە بـن تایـەی تورمبێلیـی هـەلا هەلابـی، ڕەببـی لـە ئـاودڕی عەرەبـی ڕەتبـی، قـوڕی کێنـدەر بەسـەر خـۆم داکـەم .

## • جوێنەکان:

پیرەســە، توخمەســە،تۆڕی ،تەرەس،حیــزی حللەی،حەرامزادە،خۆڕی،دێــرچ اک،دێرەبەبا،ســەرت بەقەبــری بابت،ســەگ شیر،سەگباب،سەلکەستوور،ســەی لــە ســەی پاشەکەفتی،ســەی لەبابــێ ســەی، ســەرخڕی دۆبڕ، بەقوربانــی ســەو ســواران بی،حەرامــزادە، کەپــوو بەچرم،قەحپەبــاب، قەحپەشــیر، قەحپــەی موســری، کەونــە قوفــرە، ق ...دۆڵچــە، دێرەبەبــا، قونــدەری پردێ،قوزەلقــورت، قوزەلمیــخ، ســندان،کەرباب، کەربــە ق ... داکــت دابــا، کەرگــێ، کــوڕی کــەرێ، ک.. مــردی، هتــد.......

هەتیمە سە، کوڕی سەی، چەلبەی سەیانی، جاندار، چەتیمەسە.

## • سوێندخواردنەکان

بەوخوایــەی کەمــە، خواعالیمــە، بەوخالقــەی کەمــە، بــەو تریســکە ڕۆژەی، بەوئاگــرەی کەمــە، بەڕەبیــل عالەمیــن، بــە محەمەدەلمســتەفا، قورعــان بەحەقــت بەســاحێبت، بەفەخــری عالــەم، بەکائینــات، قەســەم بەڕەبلعالمیــن، قەســەم بەوخوایــەی لەســەر ســەرمانە، بەغەوســی مــار لەبەغدایــێ، یــان بەغەوســی گەیلانــی، بەگــۆڕی بابــم یــان داکــم یــان ....، بەوحەراریــەی کــە لــە حەجێــم هینایــە، بــەو حەراریــەی لەســەرمە، بــەو زاتــەی، بەونانــەی، بەمەرقــەدی شــێخ ســالحی کاریتــان، بەســوڵتان عــەوڵای عارەبی، بەمەرقــەدی شــێخ جامــی، بــە ئیمامــی ڕەببانــی.

## • وشە نمایش و شیرنەکانی ژنان لۆ کەسە عەزیزەکانییان

مارەبابەکــەم، بەراگێــڕت بــم، بەقوربانــت بــم، مەرگــم پێــش مەرگــت کــەوی، لــە دەوری ســەرت گەڕێــم، یاخــوا مەرگــت نەبینم، ئەمــن لەپێــش تــوو بمــرم، لەجێــی ســۆتیانم، بــاب و باپیرم، رۆناکــی مارێم، ڕۆناکی چــاوم، چرای دیوەخانێــم، بەنــدی هەنــاوم، جــەرگ و هەنــاوم، جەرگــی جەرگەکــەم، کــزەی جەرگــم، عەمــرت درێژبــی، بابەکــەی بابــم، داکــێ داکــم بــی.








www.facebook.com/AbasNQ




قرش




INDIA
ANNA
1
1946










تەرازوو
Abas nadr


پەرەمێز
Abas Nadr





عباس نادر


سیفۆن
Abas nadr






کوتک
بۆ ساوار کوتان
Abas Nadr


تەرازوو


جەو
Abas nadr


قەڵەم بڕ


ساتۆر
Abas Nadr


قیمەبڕ
چەپچاغ

# بەشی چوارەم
# باری خوێندەواری و ڕۆشنبیری

## • قوتابخانەکان لەدەشتی هەولێر ساڵی ١٩٥٤

بەپێی نوسراوێکی وەقائعی عێراقی ژمارە ٣٤٤٤ لە ٥-٨-١٩٥٤ ناوی ئەو قوتابخانانەی هەولێری تێدایە لەوانەش هی دەشتی هەولێر بە قەزای مەخمور و ناحیەی قوشتەپەشەوە، کە دەرماڵەی سەدا دەی مووچەی بنەڕەتی بۆ مامۆستاکانیان خەرج بکرێ، واتە لەو کات قوتابخانە تەنها لەو گوندانە هەبوونە لە دەشتی هەولێر. قوتابخانەکانی ناحیەی قوشتەپە (قورشاغلو، سۆربەش ،دووگردکان، گردعازەبان، دۆرەبەکرە ،گردمەلا، قەشقە، مورتکەی گەورە ، گەڕەشێخان ، سووریژە ، سیاو ، پیرداود ، خەزنە ، قوشتەپە ، ماجیداوە ، ئۆمەراوە ) ، بەحرکە و گردجۆتیاریش کەسەر بەقەزای هەولێربوونە ، لەناحیەی شەمامکیش گوێڕ و عەوێنە قوتابخانەی لێبووە، لەکەندێناوەش (دیبەگە، سەربەشاخ، سەرگەڕان، عاڵلا (عەزیزیە) پەڕکانە ، باقرت




## • هەندێ لە شاعیر و نووسەرانی ناوچەکە

### ١- بێ دڵ ١٩٢٦ - ١٩٨٦

ناوی مەلا عەبدوڵلای کوڕی مەلا محەمەدە ناسراوبووە بە مەلا عەبدوڵلای شەنەغە، لە ساڵی ١٩٢٦ لە گوندی قەپران (قەپڵان)ی سەر بەناحیەی دیبەگە لەدایک بووە، هەر لە منداڵییەوە بابی ناردوویەتیە بەر خوێندنی ئاینی لە حوجرەی مزگەفتەکان خوێندوویەتی تا لەساڵی ١٩٥٧ لەسەر دەستی مەلاسمایلی دیبەگە ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە.

لەساڵی ١٩٦٠حکومەتی کۆماری دەورەیەکی بۆ مەلا ئاینییەکان کردەوە، دوای خولەکە کران بەمامۆستای سەرەتایی ، مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا یەکێک بووە لەوانەی چووە خولەکە بوو مامۆستای سەرەتایی،ئیتر لە هەندێ گوندی کوردستان وانەی بە قوتابییان گوتووتەوە وەک لەگوندی کۆڕەشەلەو خەرابە و شەنەغە.. دوایی لەناو شاری هەولێر لەقوتابخانەی هەژاری سەرەتایی وانەی گوتووەتەوە.لە ٢١/٢/١٩٨٦ کۆچی دوایی کردووە. لەسەرەتای ساڵی شەشتەکان خولیای هۆنراوە نووسینی هەبووە، بەنازناوی بێ دڵ هۆنراوەی نووسیوە ، هۆنراوەی نیشتیمانی و غەزەلی نووسیوە، لەدوای خۆی کورێکی دیوانەکەی بۆ چاپ کردووە. نموونە لە هۆنراوەکانی:

ئەو نیشتیمانەی من هەمە ....بێ شک لە عالەم یەکەمە
هەندە بەپیت و بەرهەمە ..... چەندی باسی کەم هەرکەمە
نموونەیەکی دیکە
مافی ئافرەتان قسەی بەتاڵ بوو
هەموو مافێکییان ژوورەوەی ماڵ بوو
زۆر ناڕەوابوو ئافرەت بخوێنێ
یا لەماڵ دەربچێ یەکێ بدوێنێ
ئەوا ئێستاکە بەیاسای میری
بەهۆی خەبات و بەهەوڵی ژیری
مافی ڕەوایان ئەوا پێدرا
کوڕو کچ هەردووک وەک خوشک و برا
شیعرێکی دیکەی
خۆزگە شەوگارێ لەگەڵ یار ساڵ ئەبوو
دەست لەسەر مل یان لیمۆی کاڵ ئەبوو
یا سکاڵای دڵ ئەبوو یان پێکەنیین
یا مژینی لێو و کوڵمی ئاڵ ئەبوو



## ٢. موخلیس ١٩١٠ –١٩٨٥

ناوی خەلیل کوڕی رەسول کوڕی مستەفایە لە عەشرەتی سنجاوییە ، لەساڵی ١٩١٠ لە گوندی شۆڕەزەردتکەی سەر بەناحیەی دیبەگە لەدایک بووە، لەتەمەنی پێنج ساڵی باوکی مردووە، مامی بردوویەتی لای خۆیان لەگوندی دووسەرە و بەخێوی کردوون ، لەمنداڵییەوە چۆتە بەرخوێندنی ئاینی لەزۆر گوندان خوێندوویەتی ، لەساڵی ١٩٤٣ ـ ١٩٤٤ لەسەردەستی مەلاسالحی کۆزەپانکە ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە. دوایی گەڕاوەتەوە گوندی دووسەرە لەجێی مامی بۆتە مەلای گوندی دووسەرە لەساڵی ١٩٨٥ کۆچی دوایی دەکات و لەگردی پیرداود دەنێژرێ.

لەدوای خۆی دیوانێکی چاپی هەیە بەناوی دیوانی باخی لاوان

شاعیر دەڵێ :

کوردم و سنجاوییە تیرەم لەسەنعەتدا مەلام<br>
نیشتمانمانە عێراق و شاری هەولێرە لیوام

یان گوتوویەتی :

خانووەکانی دووسەرە نادەم بەقەسری شارەکان<br>
ڕووت و قووتی وێندەرێ نادەم بە بازرگانەکان

یان بۆ خۆشەویستی میللەت گوتوویەتی :

چم لەقەومێکە نەزانی تاج بنێتە سەری خۆی<br>
بەسیەتی هەستی بنۆرتە قامەتوو سێنەری خۆی<br>
بالەتۆقی سەری جەوهەر بچکێ تابنی پێی<br>
سوودی کانی کە نەزانی قیمەتی جەوهەری خۆی.

بۆ ناعەدالەتیش گوتوویەتی :

تالەمەیدانی عەدالەت سەربەشیری نەپەڕی

سەربەخۆ داناکەوی کەس ڕۆژو شەو هەردەپەڕی
چەندی دەنگ هەردەینی ئەو ئیشانە سووکینە مەکەن
کەس دەڵێ گێی لێ نیە یا لەکەری یا لە کەڕی.



**٣ـ دەشتی ١٩٠٩ـ ١٩٥٧**

ناوی خدر کوڕی ئەحمەد کوڕی عەلییە لەعەشیرەتی نانەکەلییە،لەساڵی ١٩٠٩ لەگوندی مەلاکاغەی سەر بەناحیەی دیبەگە لەخێزانێکی جووتیار لەدایک بووە، لەمنداڵیەوە ماڵیان هاتۆتە هەولێر و چۆتە بەرخوێندن لە حوجرەی مزگەوتی هەندێ لەگوند و شارۆچکەکانی هەولێری خوێندووە ، دواجار لەسەر دەستی مەلا عەبدوڵڵای بێتواتەیی ئیجازەی دوازدەعیلمی وەرگرتووە و ئینجا هاوسەرگیری کردووە، لەسەرەتا لەگوندی دارەبەنی ڕۆژئاوای هەولێر مەلایەتی کردووە ، دوایی گوندی گردەچاڵ ئینجا گوندی خەرابەدراو ، لەساڵی ١٩٥٧ بەنەخۆشی دڵ کۆچی دوایی کردووە. ئەوەی شایانی باسە دەشتی شاعیر باوکی کەریم دەشتی شاعیرە.

دەشتی هەر لە سەرەتای گەنجییەوە گرنگی بەشیعر داوە مەولوود نامەی بەکوردی نووسیوە، نموونەی شعری دڵداری:

سوبحەینێ هیجرانی تۆ ئەمڕۆ کە دەری بوو
وەک ڕەوزەی سینەی سەدەفیی تۆ خەبەری بوو
بولبول لەفیغان و دڵی بێ کەس لە جەفادا
فەسڵێ کەئیرەم خونچەیی بێ خەندە دەری بوو
لەشیعری نیشتیمانی
بۆ نیگبەتی ئەم میللەتە بێ جانە دڵی من
بۆ میللەتی ئازوردە لەزەلیانە دڵی من

بۆ حیددەتی ئەم کوردە لەترسانە دڵی من
بۆ زیللەتی ئەم کوردە لەگریانە دڵی من
کوردینە وەرن شەربەتی ڕێکی بەدەما کەن
ئەم موڵکە لەدەست عالەمی بێگانە ڕەها کەن



**٤. عاجز ١٩٢٩-١٩٦٧**

ناوی عەبدوڵڵای کوڕی مەلا محەمەدی حوسێن بەرزنجی یە ، لەساڵی ١٩٢٩ لە گوندی چل هەوێزەی سەر بەناحیەی دیبەگە لە دایک بووە، خوێندنی لە حوجرەی مزگەفت تەواو کردووە، لەگوندەکانی خۆشناوەتی و ڕواندز خوێندوویەتی ، ئیجازەی مەلایەتی لە مزگەوتی حاجی قادر دەباغ لەهەولێر وەرگرتووە، لەزۆرێک لە گوندەکانی کوردستان پێش نوێژی و مەلایەتی کردووە، لەکۆتایی ژیانی بۆتە مامۆستا لە وەزارەتی ئەوقاف، لەپڕ تووشی نەخۆشی دەبێت و بەماوەیەکی کەم کۆچی دوایی دەکات، لە ڕێکەوتی٢-٥-١٩٦٧لە هەولێر بە خاک سپێردرا.

شیعری غەزەلی عاجز

شۆخەکەی بێ ڕەحم و ئینساف قاتیلی جانم وەرە
باعیسی گومڕاهی روح و شێخی سەنعانم وەرە
دڵ هەمیشە ئینتیزاری لوتف و ئینعامی تووە
دەردەمەندی قامەتی تۆم چاو بە گریانم وەرە
(عاجز)م ڕووحی رەوانم ، پڕ لەئێشە جەرگ و دڵ
تۆی تەبیبم زوو لەبۆ دەرمانی دەردانم وەرە

لەشعرێکی دیکە دەڵێ :

چەند ڕۆژە لەبەر فیکری تۆ داماوە دڵی من
بێ خواردن و خەو و زەرد و زەبوون ماوە دڵی من

بەو داوە کە زوڵفی تووە گیراوە دڵی من
بەو تیرە کە چاوی تووە کوژراوە دڵی من
ئیمشەو لە خەوما دڵبەری شەنگم کەرەمی کرد
تەشریفی کە هات بۆ دڵی تەنگم نیعەمی کرد
ئیمڕۆکە بە مەغرووری فەرەنگم ئەلەمی کرد
بەم حاڵەتە دوو ڕەنگییە فەوتاوە دڵی من
عاجز وەک مەلایەک گرنگی داوە بە شیعری ئاینی
ئەی سەیدی سەرداری من
ئەی مەحرەمی ئەسراری من
ئەی ئەحمەدی موختاری من
سەڵات لەسەر توو یاری من



**٥- بێبەش ١٩٣٢ ـ ١٩٩٨**

ناوی مەسعود کوڕی مەلا عەبدوڵڵای شەنەغەیە لەهۆزی سیانە ،لەساڵی ١٩٣٢ لەدایک بووە، خوێندنی فەقێیاتی لای باوکی خوێندووە لەهەولێر ، بۆتە مەلا لە هەولێر ، هەر زوو پەیوەندی بەهێز دەکات بەشاعیران و ڕۆشنبیران ،لە ٢٥/ ٥/ ١٩٩٨ لەهەولێر کۆچی دوایی دەکات.

شاعیر دەڵێ :


مەرد بە نامەرد ڕێی بکەوێ گەر بۆی نەکا پیی مەردییە
مەردیش بەمەرد ڕێی بکەوێ گەر بۆی نەکا نامەردییە

لەشعری دڵداری دەڵێت :

لە عەشقی تۆ ئەزانم من نەجاتم
مەحاڵە تاوەکوو مابی حەیاتم
بە داوی زوڵفی هارووتت بەقوربان

دڵم بەندە هەتا وەختی مەماتم
لە شعری نیشتیمانی دا دەڵێ:
کوردی بۆ حاشا دەکەی دایم لەقەوم و خوێش و کار
کوردی بۆ کورد نیم ئەڵێی ئەگریت ڕێگای چەوت و خوار
لەشیعرێکی دیکەی دەڵێت:
کەس بە کورد ناوەستێ تەنیا خائینانی کورد نەبێ
لێکی ناکات دۆست و دوژمن تاکو ئەستۆی ورد نەبێ
بێبەش شعری هەجووشی هەبووە
حاجی حیزبابی تەرەس گەوادی کۆنە دوودەکی
حاجی ڕاستم پێ بڵێ حیزی لەکی یان باڵەکی
بۆم بەدەرکەوت مەزهەب و ئایین و دینت پارەیە
لازمە بتکەن بە تەمسیل کا حەمە و حاجی مەکی

**٦- مەدحەت بێ خەو**



مامۆستا مەدحەت باوکی ناوی خدرە کوڕی عەبدوڵلایە لەهۆزی سیانە لەبنەچەدا خەڵکی گوندی جاستانی سەر بەناحیەی دیبەگەی(ئیستا سەربەناحیەی سەرگەڕانە)، لەساڵی ١٩٣١ لە مەخموور لەدایک بووە، لەبەر ئەوەی باوکی پۆلیس بووە ، هەمیشە بەگوێرەی وەزیفەی باوکی شوێنی دانیشتنییان لە گۆڕان دا بووە، دوای مەخموور چوونەتە هەولێر و باتاس و رواندز و گەلالە دواییش بۆ دیبەگە ، بۆماوەی ١٢ ساڵ ماڵییان لەدیبەگە بووە.

چونکە گوندەکەیان جاستان سەر بەدیبەگە دیبەگە بووە و خۆشی زۆربەی ژیانی گەنجێتی لە دیبەگە بردۆتە سەر ، بۆیە سۆزی زۆری بۆ دیبەگە هەیە کەلە دوو شیعردا هۆنیتیەوە ، یەکیان بە ناوی داودەڕەش و

ئەوی دیکە بەناوی چەند یادێکی وەفاداریی منداڵییم لەدیبەگە.

مامۆستا کە لەپۆلی پێنجی سەرەتایی بووە، بەهرەی شعری لەلا گەلاڵەبووە، لەکۆتایی چلەکان لەتەمەنی سەرەتای گەنجێتی کاریگەر بووە بە بیروڕای شوعیەت و کاری بۆ کردوون ، بۆیە لە ١٩٥٣/٧/١٦ لەیادی ٧ ساڵەی مانگرتنەکەی گاورباخ لە کەرکوک بەشداری لەخۆپیشاندانێک کردووە و لە لایەن پۆلیسەوە گیراوە و دوایی بە ٦ مانگ حوکم دراوە ، لەناو زیندانی ئاشنایەتی پەیداکردووە لەگەل ئەو جووتیارانەی دەشتی هەولێر کە لەسەر ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٥٣ زیندانی کرابوون. هەرلە زیندانیش هۆنراوەیەکی بۆ هۆنیونەتەوە. پشتگیری لەداواکانی کردوون و لەزیندان تووشی ئازار و ئەشکەنجە بووە لەسەر مافییان.

دوای ئازادکردنی لەزیندان لەساڵی ١٩٥٤ هاتۆتەوە دیبەگە دوکانێکی داناوە ، دوایی کاتێ ڕێکخراوی WHOی کەرکوک هاتوونەتە دیبەگە مامۆستا مەدحەتی شاعیر لایان دامەزراوە وەک سەرۆکی تیم لەگوندەکانی کەندێناوە و قەراج گەڕاوە بۆ ڕشاندنی ماڵەکان ، دوایی گوازراوەتەوە بۆ شەقڵاوە و دوایی کەرکوک .

لەساڵی ١٩٥٨ وەک فەرمانبەری تەندروستی دامەزراوە لە نەخۆشخانەی بلێ، دوایی گوێزراوەتەوە شارۆچکەی کۆیە ، ئینجا هەولێر ، تا ١٠/١٠/ ١٩٨٧ خۆی خانەنشین کردووە. دوای ڕاپەڕین هەندێ لە هەندێ کاری حوکمی خزمەتی کردووە .

مامۆستا لەسەردەمی پاشایەتی ٣ جار گیراوە و لەسەردەمی بەعسیش زۆر تەنگی پێ هەڵچنراوە و هەڕەشەی لێکراوە سێ جاریش دەستگیرکراوە،بەڵام کۆڵی نەداوە و تەسلیمییان نەبووە. هەر لەساڵی ١٩٧٠ ەوە ئەندام بووە لەیەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر.

مامۆستا ئەندام بووە لەیەکێتی ڕۆشنبیرانی کورد لقی هەولێر تا ئێستا

بەدەیـان خـەڵات و ڕێزلێنانـی وەرگرتـووە، خاوەنـی ٧ کۆمەڵـە شـیعرە و بڵاوی کردوونەتـەوە لـەو دوایـەدا سـاڵی ٢٠١٧ هەمـوو کۆمەڵـە شیعرەکانی لـە پەڕتوکێـک بەنـاوی دیوانـی بێخـەو کـە چاپـی دووەمـە بڵاوکردۆتـەوە. مامۆسـتا زۆرێـک لەشـعرەکانی کراونەتـە گۆرانـی لەلایـەن گۆرانـی بێـژان عەلی مـەردان و فوئاد ئەحمـەد و تاهیر تۆفیق و ڕەسـول گـەردی و خـەلیل وەنـدی ، یەحیـا مەرجـان ، عەبدوڵـلا دڵسـۆزو قـادر کابـان ... هتـد

چەنـدیـن هۆنراوەشـی کراونەتـە سـروود وەک ئێمـە پێشـمەرگەیین هەتـا ماوییـن لـە ژیـن و کـە لەسـاڵی ١٩٦١ ەوە وەک مارشـی رادیـۆی دەنگـی کوردسـتان دانـدرا ، هەروەهـا سـێ چـوار سـروودی تـری هەیـە کـەوەک مـارش بـۆ ئافرەتـان و قوتابییـان و وەرزش داندرا. یەکـەم شـعری مامۆسـتا مەدحـەت بێخـەو لـە ١٩٥٣/٨/٢٨ لـە بەندیخانـەی کەرکـوک نووسـراوە بـۆ ڕاپەڕینـی جوتیارانـی دەشـتی هەولێـری سـاڵی ١٩٥٣ .

لە دوای ستەمی زۆری خوێنمژان
هەستی جووتیاری دەشت هاتە کوڵان
دژی ڕەفتاری زۆرداری بەدکار
ڕاپەڕی چینی ڕەنجبەر و جووتیار
بۆ مافی ژین و یەکسانی و دادی
بۆ سەرفرازی خۆشی و ئازادی



**٧- حوسێن سەعاتچی: ١٩٢٤-١٩٩٣**

نـاوی مەولـود سـۆفی ئەمینـە لەسـاڵی ١٩٢٤ لەگونـدی سیرمەی سـەر بـە مەخمـوور لەدایک بـووە، بـۆ خوێندنی فەقێیاتـی دەچێتـە گونـدی چەغەمیـرەی سـەر بەناحیـەی کەندێنـاوە لای مـەلای ڕەش دەخوێنـێ ، دوایـی دەچێتـە

گوندی عەوێنە و گردەسۆر و مەخموور لای مەلا محەمەد لەک زیاتر خوێندنی ئاینی دەخوێنێ . لەساڵی ١٩٤٨ دەبێتە مەلا لەگوندی سۆفی سمایل ، پاشان دێتە گوندی گاوەرە ، لەساڵی ١٩٦٣ ماڵی دێتە مەخموور، لە ١٩٩٣/٩/٢٦ لەهەولێر کۆچی دوایی دەکات ، ئەوەش پارچەیەکە لە هۆنراوەی مامۆستا مەلاحوسێن سەعاتچی:

وەرە با تێر تەماشاکەم ، نەوەک مەرگم ببینی گیانە
لەبەر موژگانی چاوی تۆ دڵی من کەوتە کێوانە
لەسەد جێ کون بووە جەرگم بە تیری مەستی چاوی تۆ
بۆیە لێرە دەسوورێتن بەبێ باڵ هەروەک پەروانە
لەسەر ڕێگا لەبەحری غەم کە من دەرچووم وا ماوم
لەمەوجی خوێن و فرمێسکان گوڵی من وا لەفەوتانە

**٨- هەوایی: ١٨٦٤-١٩٢٢**

ناوی مەلا محەمەد کوڕی مەلا ئەحمەدی مەنتکە ، لەساڵی ١٨٦٤ لەگوندی دووشیوانی سەر بە ناحیەی قوشتەپە لەدایک بووە، لەمنداڵییەوە چۆتە بەرخوێندن لە مزگەوتەکان لە کۆیەو شەقڵاوە دوایی لەسەر دەستی مەلا فەندی ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە ، یەکەمجاریش لەگوندی ترپەسپیانی دەشتی هەولێر بۆتە مەلا ، دوایی چۆتە گوندی گرد مەلا، لەدوا تەمەنی چۆتە مەخموور ، لەساڵی ١٩٢٢ کۆچی دوایی کردووە. ئەوەش پارچەیەک لەهۆنراوەی:

گوتم ڕووت سورمەی ساغە ......گوتی وسکت بە یاساغە
گوتەم سینەت ، گوتی باغ...... گوتم مەمکت ،گوتی لیمۆ
گوتم ڕووت نوورە یا نازە ...... گوتی فانۆسی جەببارە
گوتم دڵ بۆت بریندارە........ گوتی بەس بێ قسەی بەدرۆ



## ٩- عەلی فەتاح ئاغە دزەیی ١٩٢٨- ١٩٩٢

لەساڵی ١٩٢٨ لەگوندی دووگردکانی سەر بە قوشتەپە لەدایک بووە ، دواییماڵیان چۆتە گوندی دووسەرە ، لەمنداڵی چۆتە لای مەلا موخلیسی شاعیر خوێندوویەتی ، بۆیە زۆر کاریگەری لەسەری هەبووە، دوایی چۆتە گوندی قازیخانە پۆلی یەکی سەرەتایی تەواوکردووە، لەهەولێر قۆناغی سەرەتایی تەواوکردووە، لەساڵی ١٩٤٨ قۆناغی ئامادەیی تەواوکردووە ، لەساڵی ١٩٤٩ لەسەر جموجۆڵی سیاسی سێ ساڵ زیندانی کراوە ، لەسالی ١٩٥٨ بڕوانامەی لەکۆلیجی ماف بەدەستهێناوە، لەزۆرێک لەشار و شارۆچکەکانی عێراق و کوردستان وەک مووچەخۆری میری کاری کردووە ، بۆتە قایمقام لە شارباژێر و دەربەندیخان، لەساڵی ١٩٧٤ چۆتە ناو ڕیزی شۆڕشی کوردستانەوە ، لەساڵی ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە و حکومەت دووری خستۆتەوە بۆ ناسریە ، لەساڵی ١٩٨٣ خۆی خانەنشینکردووە،لەساڵی ١٩٩٢ کۆچی دوایی کردووە. ئەوەش کۆپلەیەک لەهۆنراوەی:

هەموو ڕۆژێکی بەهاران ..... کە تاو تاو دەبارێ باران
کەدەردەکەوێ شۆخ و شەنگ .....جوان بووکی ژێر ئاڵای حەوت ڕەنگ
سەیری دەکەم مەست و دڵشاد..... پەرواز دەکات گیانی ئازاد
دەمەوێ وەک جاری جاران....... راکەم تەڕم بکات باران
ئەی کەسک و سۆرەکەی بەهار.... بەبیرت دێ دەهات بەغار
منداڵێکی تەمەن هەشت نۆساڵ.... مەستی نەشئەی خەون و خەیاڵ
ئیشتاش ئەو دڵە منداڵە هەر ......بیری نەکردووە دەردی سەر


## ١٠- عوسمان حەسەن ڕەسول ١٩٤٣ - ١٩٩٧

لەساڵی ١٩٤٣ لە گوندی کەپەنک ڕەشی سەر بەناحیەی دیبەگە لەدایک بووە، هەر زوو بابی کۆچی دوایی کردووە و لەبەر ئەوە لەساڵی ١٩٥٠

ماڵیان هاتۆتە هەولێر، بە منداڵی چۆتە خوێندن ، توانیویەتی خوێندن تەواو بکات و ببێتە مامۆستا ، لەبەر زیرەکی لەساڵی ١٩٦٥ کراوەتە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی نموونەیی هەولێر. دوایی زۆری هەوڵ داوە کۆلیج تەواو بکات ، لەبەر باری سیاسی تاکو ساڵی ١٩٧٦ کۆلیجی یاسای تەواو کردووە، بۆتە پارێزەر تاکو ساڵی ١٩٨٦ ، لەدوای ڕاپەڕین بۆتە ڕاوێژکاری یاسایی لەئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ، لە١٩٩٧/٦/٢٧ کۆچی دوایی کرد. ئەوەش کۆپلەیەک لەهۆنراوەی:

خەم بەخەندەی گوت تەماشا .... عەرشی بەلقیسم هەیە
بۆ تەنینی تۆڕی خەم........ بێ شومار ڕیسم هەیە
بۆ فریودانی هەژاران ..... ئەقڵی ئیبلیسم هەیە

## ١١- عەزیزی مەلا ڕەش



ناوی عەزیز مەلا ئەحمەد رەحیمە ، باوکی بە مەلای ڕەش بەناو بانگە لەساڵی ١٩٣٦لەگوندی چەغەمیرەی سەر بەناحیەی دیبەگە لەدایک بووە، لە منداڵیەوە لە حوجرەی مزگەفت لای باوکی خوێندوویەتی ، لەساڵی ١٩٥٩ بە بڕیارێکی عەبدولکەریم قاسم مەلاکان خولێکی پەروەردەییان بۆ کراوە ، دوای خولەکە بوون بە مامۆستای سەرەتایی، عەزیزی مەلاڕەشیش چووە ئەو خولە و بوو بەمامۆستای سەرەتایی، لەساڵی ١٩٧٩ یەکەم بەرهەمی خۆی بڵاوکردۆتەوە بە ناوی پشیلۆکە کەکۆمەڵە شعرێکی منداڵان بووە، لەدوای ئەوە کۆمەڵێک ڕۆمانی نووسیوە و بڵاوی کردوونەتەوە ، تا ئێستا بیست بەرهەمی بڵاوکراوەی هەیە ، وەک ڕۆمانی کوێخا سێوێ و خاک و چەوسانەوە ، غەوارە ، حزبی کەران ، خاک و کێشەی مان، لەگەڵ کۆمەڵێ چیرۆک بەتایبەت بۆ منداڵان وەک بۆرە و گورگ و بزن و تۆبەی گورگ مەرگە،گورزگورزانێ .......

مامۆستا عەزیزی مەلا رەش لە نووسینی ڕۆمانەکانی زۆر وشە کۆنەکانی ناوچەی دەشتی هەولێر بەکاردەهێنێ کورد گوتەنی کرمانجیانی دەنووسێت و نووسینەکانی تام و چێژێکی تایبەتی خۆی هەیە ، مامۆستا ئێستا لەهەولێر دەژی و هیوای لەش ساخی و تەمەن درێژی بۆ دەخوازیین.

زیاتر لەوە کۆمەڵێ شاعیر و نووسەر و روناکبیر لە ناوچەکە ژیاوە وەک شاعیر عەبدوڵلا پەشێو هی گوندی بێرکۆت بووە، حەمە ساڵح فەرهادی نووسەرە، د. عەبدوڵلا غەفور، کاوە نادر، نافع ئیسماعیل، مومتاز حەیدەری و فوئاد ئەحمەد گورانییێژ، تەنیا عارەب عوسمان، قادر زیرەک، شێروان بێرکۆتی.

## • هەندێ لە خۆشنووسانی ناوچەکە

لە پەرتووکی كنوز الكرد في الخزائن دار المخطوطات العراقية کە بەڕێز محەمەد عەلی قەرەداغی کۆ و ئامادەی کردووە، چەند ناوێکی خۆشنووس و مەلاکانی دیبەگە و گوندەکانی کەندێناوەم کەوتە بەر چاو ، کەهەندێکییان هی زیاتر لە ٢٠٠ ساڵ پێش ئێستایە، کەئەو کات نووسینەوەی پەرتوک و شعر بەدەست کارێکی ئاسایی بوو لەلایەن مەلاو خۆشنووسەکانەوە.ئەو پەرتووکە بەدەست نووسراوانە لەخانەی دەستنووسەکانی عێراق لە بەغدا پارێزراوە. منیش وا لەخوارەوە ئاماژەیان پێ دەدەم.

١ـ پەرتووکی سكرة التخيك : کە ژمارەی پاراستنی ١٨٠٦٠ ، ناوی نووسەرەکەش دیارنەکراوە ،ناسخەکە (واتە ئەو کەسەی نووسیویەتیەوە) ناوی محەمەد ئیسماعیل کەوری شێخانی لە گوندی دیبەگە بووە . دیارە ئەو کاتە پێش ساڵی ١٩٢٧ بووە، بۆیە دیبەگە بەگوند نووسراوە.

٢ـ الفرائد في العقائد النودهي ، (ناسخ)نووسینەوەی محەمەدئەمین

دووشـیوانی لەگونـدی دیبەگـەوە ، سـاڵی ١٣٠٤ کۆچـی کەدەکاتـە سـالی ١٨٨٧ ی زاینــی.

٣ـ تشریح الافلاک ، بە ژمارە ١١٨٨٣ ، نووسـەرەکەی دیار نییە ، ساڵی نووسینەوەشــی دیــار نییــە ، بــەس خۆشنووســەکە نــاوی عەبدولعەزیــز کوڕی مـەلا حەمەدەمینە کە لەگوندی چەغەمیرە بووە ، لە خزمـەت مـەلا ئەحمـەد ئەلبانی بـووە.

٤ـ ذات الشــفا : بــە ژمــارە ١٦٨٨٢/١ ، نووســەرەکەی دیــار نییــە خۆشنووسـەکەی نـاوی عەلـی حەسـەن رەسـول ە لەساڵی ١٣٣١ ی کۆچـی لەدارەخورمـا نووسـیویەتی کەدەکاتـە سـاڵی ١٩١٢ ی زاینــی .

٥- گلنبـوي برهــان، بەژمــارە ٣٥٣٨٥ خۆشنووســەکە نــاوی ســەعید عەبدوڵلایــە لــە گونـدی شـۆڕەزەرتکە، نووسـینەوەی لەسـاڵی ١٣٣٤ ی کۆچـی بــووە بەرانبــەر ١٩١٦ی زاینییــە

٦ـ سـعدینی ؛ بـە ژمـارە ٨٢٣٢ لەلایـەن خۆشـنووس سلێمان نووسـراوە لەگوندی کەپەنک ڕەش لە ساڵی ١٢١٥ی کۆچی بەرانبەر بە ١٨٠٠ی زاینی.

جگـە لـەوە ناوچەکـە بەدەیـان مامۆسـتای ئاینـی بەتوانـای لـێ هەبـووە، کــە لەرۆژگارێـک منداڵێـان فێـرە خوێنـدەواری دەکـرد، وەک مامۆسـتا مەلاسـالحی کۆزەپانکەیی ، مەلای ڕەش ، مـەلا محەمـەدی قەپران شێروانی ، مەلاعومـەر مەولود دیبەگەیی ، مەلاسمایلی دیبەگە و مـەلا سـەلیمی دیبەگە و مەلاسـالحی مەخمـوور ومەلافەتاحی مەخمووری و مەلاقـادری بندیـان و مەلائەحمـەدی خدرجیجـە و مەلازایـەری دێمـەکاری ومـەلا کەریمـی جـوکل و مەلاعومـەری شـێروانی و مـەلا ئەبوبەکـری دووگردکانـی و مەلاتاهێـری کەنـداری و مــەلا عەلــی قۆڕیتــان و مــەلا ســەید محەمــەدی پیــرداودی و مـەلا یەحیـا بۆتانـی و مـەلا عومـەری مەرزانـی و مەلاتاهێـری سـەرگەڕان و مــەلا ئیسـماعیل نانەکەلـی و مــەلا عەبدوڵـلا عەوێنەیـی و مــەلا عەبدوڵـلا هەرەشــەمی......

# بەشی پێنجەم
# کاری کشتوکاڵی

## • زاراوەی پەیوەست بە شێوەی خاک و جۆرەکانی

**سۆرک:** بریتییە لەو زەوییانەی رەنگی خۆڵەکەی سوورە ، زۆر بەپیت نییە بۆ گەنم و جۆ.

**قەسپۆک:** بریتییە لەزەوییەکی ڕەق و لیچ کێڵانی زەحمەتە، لە کاتی کێڵان سەلکەخۆڵی گەورەی لێ پەیدادەبێ.دەکەوێتە چینی خوارەوەی خاک ، بەپیت نییە بۆ کشتوکاڵکردن .

**تەمۆخ:** دەمارە زەوییە ، خاکەکەی لمی نیشتووە وەک بەردی لێهاتووە.

**تاقران:** زەوییەک ڕاست بێت.

**چەقێن:** بەو زەوییانە دەگوترێ کە خۆڵ و بەردی تێدا بە تێکەڵاوی هەیە ، بۆ چاندنی کشتوکاڵ باش نییە ، زیاتر بۆ دار و درەخت چاندن باشە.

**قومەران** : (قومەڵان))حاویە (زەوی لماوی نزیک رووبار و دەم ئاوەکانە، بۆ شینایی بەتایبەتی شفتی زۆرباشە.

**حاوییە:** خاکێکی ئاوگرە ، زەوی لێواری زێیەکانە هەم نەرمە و هەم ئاویشی هەیە بۆ چاندنی کشتوکاڵ بەسوودە ، ئەو وشەیە لەوانەیە لە ئاوییە هاتبێ ، ئاوییە ..هاوییە ....حاوییە.

**ڕەشان (ڕەشەعەرد):** بریتییە لەو زەوییەی رەنگی بەلای ڕەش دا دەڕوانێ، بەپیت و بەرەکەتە و بۆ کشتوکاڵ زۆر باشە.

**پشتاو: (دێمەکار):** بەو زەوی و ناوچانە دەگوترێ کە بۆچاندنی بەروبوومەکانیان لەگەنم و جۆ پشت بەئاوی باران دەبەستێ.

**بەراو:** زەوییەک کەبەهۆی ئاوی جۆگە و کانی و ڕووبار ئاو بدرێ. پشت بە باران نەبەستێ بۆ کشتوکاڵ.

**قوناو :** بەو زەویە دەگوترێ لایەکی ئاوی هەبێ ، بەربەستەک لەپشتی

ئاوەکە دروست دەکرێ تا ئاوەکە پەنگاوە بخوات وبەزەویەکە بڵاوبێتەوە و خاکەکە شێداربکات.جار هەیە هەندێک ئاو دەچێتە ناو زەوییەکی دیکە.

**قوڕەبەگ:** زەوییەکە هەمیشە شێداری هەیە بۆ چاندنی دانەوێڵەی وەک گەنم و جۆ باش نییە، زیاتر دەوەنی (کفر)ی لێ شین دەبێ.

**زەنەک:** بەوخاکە دەگوترێ لەبەهار و زستان ئاوی زۆر بەسەردا دەڕوات و لێی کۆدەبێتەوە، بەهاوین شێدارییەکەی تەواو دادەبەزێ.

**چەولک:** وەک دەوزێیەکان تەنها چەگل و بەردە ، بۆ کشتوکاڵ نابێ تەنها شفتی و گندۆرەیان لێ دەکرد ئەویش بە چاڵکردن و تێکردنی زبڵی کۆن لەناو چاڵەکە و دوایی تۆ شفتی و گندۆرەیان لەناو دەچاند.

**گرەبەرد:** بەو زەوییە دەگوترێ چەگل و خۆڵی زۆرتێدایە و بۆ کشتوکاڵ بێ کەڵکە.

**کەچایی:** زەوییەکی ڕاستە بەڵام لەڕێڕەودا خوارە .

**بستی :** گردی بەرز لەناو چییا ، بەرزاییە پان و فراوانەکانی پێش لووتکە چیاکان

**تاقان :** زەوییەک بەرزایی و نزمایی تێدابێ لەدەشتاییەک

**هەرەت(هەرەت وپەرەت) :** بریتییە لەوزەوییانەی بڵند و نەویاتی هەیە و کەند و کۆسپییان تێدایە و بەپێچ و پەناشن .بۆ کشتوکاڵ باش نییە. لەبناری شاخ و زوورگەکان هەیە زیاتر بۆ لەوەڕگا دەشێت.

**گەروو:** جێگایەکی بڵندایية رووی پێشەوەی دیارنییە تانەچییە سەری .

**سەیناغ :** بەو زەوییەی نزیک ماڵان دەگوترا کە راست و نەرم بوو ئاوی بارانیشی باش لێ کۆدەبۆوە

**نەورگە:** بەو زەوییە دەگوترێ کە لەچاو ئاستی رووی زەوییەکانی دەور و پشتی نزمترە و ئاوی بارانی زیاتر دەمژی.

**نەورایی:** زەوی نزم خۆڵەکەشی نەرم بێ (نزمایی) هەر وەک نەورگەیە

**نەرمان (نەرمەعەرد) :** زەوییەکی نەرم و خۆڵە وردە.

**کلکە مەقری :** بەزەویەک دەگووترێ کەوتبێتە نێوان کەندەکە یان دۆڵەکە عەردەکەی لەشێوەی کلکە مەقلی لێکردییە لە بنەڕەتدا شوێنەکە جێی دوو سێ ڕبە زیاتر نییە .

**دڕووگە:** بەو زەوییانە دەگوترێت لەنزیک ماڵانن ، ئاوی باران دڕیویەتی

**ڕفۆک:** خاکێک خۆڵەکەی زۆر نەرم و ورد بێ و بەپیت بێت ، هیچ کەستەکی تێدانەبێت.

## • زاراوەی تایبەت بە زەوی کێڵان

**بەیار:** بریتییە لەو خاکەی کە ١-٢ ساڵ نەکێڵرابێ و هیچ دانەوێڵەیەکی لێ نەچێنرابێ.

**بەیاربڕ:** بەو خاکە دەگوترێ کە پێشتر بەیارە و دوایی یەک گاسنی لێ دەدرێت

**شۆ:** بەو زەوییە دەگوترێ یەکجار کێڵرابێ ، ئەویش لەبەهارێ

**وەرد:** بەو زەوییە دەگوترێ کەدوو جار کێڵرابێ ، لەدوو کاتی جیاواز ، یەکەمجار شۆ بووە یان لەسەرەتای بەهارێ دەکێڵدرێ، دوایی لەکۆتایی نیسان و سەرەتای مایس کێڵانی دووەمی بۆ بکرێ..

**سێ گاسن :** بریتییە لەو خاکەی کە وەردە واتە دووکێڵانی بۆکرایە و کێڵانی سێهەمیشی لەپایزێ بۆ دەکرێت ، واتە سێ جار گاسن کێڵاویەتی بەباشترین خاک دادەنرێت بۆ چاندن.

**ڕەشکێر(ڕەشەکێڵ) :** ئەو وەردەی باران لێی نەدابێت.

**سپیکێر (سپیکێڵ):** ئەو وەردەی باران لێیدابێت.

**خرتە (خرتەوپرتە):**خاکێک پەرێزبێ بەوشکی پێش باران بارین بکێڵرێت(یەکەم کێڵان لەپایز)

**گەردووەرد :** کێڵانی دووەم لەپایزێ ، کاتێ نمەبارانی یەکەم باری پەرێز یان بەیار بکێڵن و تۆی بکەن.

**هیشکەهەرقەن:** زەوییەک بکێڵدرێت هێشتا بارانی ئەوساڵی پێ نەکەوتبێت.

**قوڕکێڵ:** زەوییەک شێدار بێت لەکاتی کێڵان گڵمتی لێ پەیدابێت.

**سەرسەدە:** درێژی هێڵی جووتکردنە ،بەرایی ئەوشوێنەی جووتیار جووتەکەی لێ دەست پێ دەکات ، تا ئەو شوێنەی هۆوی لێدەداتەوە.

**هۆودانەوە :** شوێنی تەواوبوونی هێڵە جووتێک.

**تخوب: تخوم:** سنوور،بۆ جیاکردنەوەی پارچەیەک زەوی لەگەڵ پارچەیەکی دیکە.

## • زاراوەی تایبەت بە شێوازی چاندن:

**هیشکاوز:** چاندنی گەنم و جۆ لەخاکێک هێشتا باران نەباری بێ.

**تەڕاوز:** چاندنی گەنم و جۆ لەدوای باران بارینێکی باش .

**پایزە جۆت :** تۆکردنی زەوی لەوەردێ بەپایزێ.

**ناوبەرە:** جار هەیە جووتیار زەویەکەی بەپارچە پارچە دەکێڵێت و تۆ دەدات، جاری یەکەم پارچەیەک دەکێڵێت و تۆ دەدات ، دوایی چین بەچین ئەوانی تر دەکێڵێت تا لەگەڵ پارچەی یەکەم لێکی دەدات.

**لات:** دابڕینی ٧-٨ شەقاو بەلای پانی بەهێڵەکی ڕاست ، بۆ تۆکردن ، جووتیار هەرجارەک بەپانی ٧-٨ شەقاو تۆدان دەکات تاکۆتایی زەویەکە ، واتە لاتێکی زەوی تۆکرد ، دوایی دێتەوە لاتێکی تر تۆ دەکات تا کۆتایی بەهەموو زەوییەکە دەهێنێ.لات دووجار تۆ دەوەشێنرێت، جارێک لەسەرڕا بۆ خوارێ دەچێت، جارەکیش لەخوارێ دێتەوە بۆ سەرڕا.

**چاربیستان:** زەوی شێداری دەو زێیێ لەمانگی ٨ تۆی شفتی و گندۆرەیان لێ دەچاند.

## • زاراوەکانی تایبەت بە زەوی شین بوو

**قەرسیل:** بەوپارچە زەوییەی ناومالان دەگوترێ کە جۆی لێ چێندراوە

و بەسەوزی(بەساوایی) کار و بەرخی لێ دەلەوەڕێنن. پانتاییەکەی ٢.١ دۆنم دەبێت.

**شکارتە:** بریتیە لەپارچە زەوییەک کە ئاغە و خاوەن زەوییە دەوڵەمەندەکان دەیاندا بەشوان و سەپان و جووتیاری لای خۆیان، یان هەژارێک یان بێوەژنێک تاکوو گەنم و جۆی لێ بچێنێ، عادەتەن پارچە زەوییەکەش ڕووبەرەکەی بچووکە و لەدەوری نیوعەلبە گەنمێک دەبوو.

**کارتە: بنکارتە** : ئەو پارچە زەویەی گەنمی لێ چاندراوە و مەڕومالآت بەساوایی لەسەری دەلەوەڕێن ، دوایی سەوزدەبێتەوە.

**بنە:** بنکارتە.

**تەبارە:** بەو پارچە زەوییە بەگەنم و جۆ چێندراوە دەگوترێ، گەنم و جۆکە پێگەیشتبێ و بەرەو زەردو وشک بوون چووبێ، هێشتا نەدوورابێتەوە.

**پەرێز:** بەو زەویە دەگوترا دوای دروێنە قەسەر و پاشماوەی دەغڵ ودانی تێدا دەماوە ، قەدەکانی گەنم بەرزیان هەر ١٥- ٢٠سم دەبێ ، مەڕو مالآتی تێ دەکەن بۆ لەوەڕاندن.

**خێڵۆک:** بریتییە لەوزەویەی تۆوی گەنم و جۆیەکەی نەدووراوەتەوە، جا چ تەزرە لێی دابێ و هەموو کەوتبێتە سەرزەوییەکە ، یاخود زۆر کورتە بالآیە بەکەڵکی دروێنە نایەت. نای دوورنەوە و تۆوەکەی پەرتەکەنەو یان لێی دەگەڕێن، بۆ ساڵی داهاتوو دووبارە سەوزبێتەوە .


**خۆڕسک:** زەوییەک بێ ئەوەی تۆ درابێت ، گەنم و جۆی تێدا شین ببێتەوە ، تۆیەکان هی ساڵی پێشوو بن ، هی وەرینی کاتی دروێنەی پێشوو بن.

**هات:** واتە بڕی بەرهەمەکە زۆرە ، کاتێ باران زۆر دەباری و کەش و هەوا بۆ گەنم و جۆیە چێندراوەکە زۆردەبێ ، بەرهەمیش زۆر دەبێ، دەڵێن ئەوساڵ ساڵەکەی هاتە.

**بەبرشت :** بەبڕ ،بە بەرهەم ، گەنم و جۆییەک بڕی زۆر بێت.

**گەبەرگەبەر:** قان قان عەرد شین ببێ

## • کەرە ستەکانی جۆتکردن (هەوجاڕ)




کەرەسـتەی جووتکـردن و کێڵانـی زەوی لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم و تـا ناوەڕاستەکەشـی بەهـۆی ئامێرێکـی سـادە بـووە کـە لەلایـەن دوو ئاژەڵـەوە چ گـوێ درێـژ بوایـە یـان ئێسـتر ، لەناوچـە چیاکانیـش بـە گا دەکێڵـدرا ، لێـرەدا بەشـەکانی ئـەو ئامـرازە کۆنـە دیـاری دەکـەم و زاراوەکانیـش تۆماردەکـەم تاکـو نـەوەی ئێسـتا و داهاتـوو پێـی ئاشـنابن.

**١/ هەوجـاڕ:** دارێکـی درێـژ بـوو زۆربـەی کات لوولەیـی بـوو ،سـەرێکی خـوار ببـۆوە و گاسـنی تێدەخـرا . هەوجـاڕ لـەم بەشـانە پێـک دێـت:

أ- قونکە هەوجاڕ، بەشی کۆتایی هەوجارە وەک دووفاقە لاربۆتەوە

ب- زمانە یان دوندە بەشی هەرە دواوەی هەوجارە و گاسنی پێوە بەند دەکرێت..

ج- قەرۆمـە : پشـتەوەی هەوجـارە و ئـەو شـوێنەیە کەجووتیـار پێـی دەخاتـە سـەری بـۆ هۆدانـەوە .

د- دەسـتەندوو : دارێکـی لوولەکییـە و لەقونکـی هەوجـاڕ بڵنـد بۆتـەوە ، مەترێـک درێـژ دەبـێ .

ه- دەسـتە مستە(داردەسـتە): پەلەدارێکـە لەشـێوەی دەسـکی خەنجـەرە، لـەلای سـەرەوەی دەسـتەندوو دەبەسـترێ ، جووتیـار لەکاتـی جۆتکـردن دەسـتێ پێـوە دەگـرێ.

و- کوپە : جێگەی زمانەی هەوجارە.

پ/ باسـکە هەوجـار: بەشـێکی درێـژی هەوجـارە بەهـۆی خەپەوە(قەفیـز)

بەمژانـەوە گرێـدراوە درێـژی تـا یـەک مەتـر دەبـێ .

**٢/ گاسـن:** پارچـە ئاسـنێکی شـێوە سێگۆشـەی نـووک تیـژە دەخـرا نـاو زمانـەی هەوجـار تونـد دەبەسـترا ، هەبـووە یـەک گاسـن بـوو ، یـان دووگاسـن یـان سـێ گاسن.گاسـن ئەگـەر بەڕاستی زەوی بکێڵێ پێی دەڵێن گاسنەکەی نۆمـار بکـە. ئەگـەر بـەلاری زەوی بکێڵی دەڵێن گاسنەکەی ڕشت بکـە

أ- نـووک: تیـژە وەک چەقـۆ بـەزەوی دا دەچێتـە خـوارێ تـا هەڵـیدڕێ و بیکێڵـێ.

ب- پەڕ: ئەولا و ئەولای گاسنەکەیە خەتی جۆتکردن فراوان دەکات.

**٣/ مژانـە:** دارێکـە دەبێتـە تەواوکـەری هەوجـاڕ تـا١- ١,٥ م درێـژ دەبـێ، سـەرەکی بەهەوجـاڕەوە دەبەسـترێتەوە و سـەرەکەی تـری بـە نیـر دەبەسـترێتەوە .

أ- خەپـە (قەفیـز): پەلەدارێکـە یـان دووانـە وەک بورغـی وان ، هەوجـاڕ و مژانـەی پێکـەوە دەبەسـتێت.

ب- کرمۆکـە: پەلەدارێکـی بچووکـە لەسـەری خەپـەوە دەدرێـت ، هەتـا خەپـە لەکونەکـە نەچێتـە خـوارێ.

ج- سـەرەمژانکە: پەلەدارێکـە دەخرێتـە نـاو کونـی مژانـەوە لەگـەڵ زەنگوڵـەی لێکییـان دەبەسـتی ، پـاش ئـەوەی سـەری مژانـە دەخرێتـە نـاو نیرەوە(بۆسـە).

**٤/ نیـر:** یـان دار نیـر :دارێکـی لوولەیـی راسـتە مەترێـک تـا مەتـرو نیوێـک درێـژە ، تیرەکـەی نزیکـەی ٢٠ سـم دەبـێ ، دەخرێتـە سـەر ملـی ئاژەڵـی جووتکـەرەوە ، لـەم سـەر و لەوسـەر چـوار کونـی تێدایـە، هـەر کونێـک دارێکی ٣٠-٤٠ سـم تـێ دەخـرا بـۆ ئـەوەی لەسـەر ملـی وڵاغەکـە دابنـرێ، لەناوەڕاسـتی زەنگوڵەیەکـی پێـوە دەبەسـترێ بـۆ بەسـتانەوەی مژانـەی هەوجـاڕ، نیـر لـەم بەشـانە پێـک دێـت

ا- دارکراوە: بریتییە لەچوار دار ٣٠-٤٠ سم درێژ هەر یەکەی دەخرێتە ناو کونێکی دار نیرەوە ،

ب- دارخەزنە: دوو پەلەداری بچوکە، لەناوەندی دارنیردا هەن ١٠ سم نێوانییان دەبێ ، تا هیرتە بەولاو بەولای دا نەچێت.

ج- هیرتە: پارچە قایشێکە لەنێوان هەردوو دارخەزنەدایەو بە دارنیردا شۆڕبۆتەوە ، زەنگوڵەی پێ لە تیرەکەدا قایم دەکرێت.

د- زەنگورە (زەنگوڵە): قەفیزێکە لەدار دروستکراوە ، بەهیرتەوە شۆڕبۆتەوە تاکو سەری مژانەی بەناودا بچێ..

هـ- بەربۆسە: (بەرنیرە): پەلەدارێکی پانە بەقەد دوو پەنجە دەبێ ، لەناوەڕاستی نیر دەدرێ ، سەرەمژانەی پێ ڕاگیر دەکرێ.

و- بەنکراوە: بەنێک یان پەتێکە دوو دارکلاوەی پێوە بەند دەکرێ.

**٥- لاپووتە (دارجۆت):** وەک پیشەقان وایە ،بەڵام دەوە ئاسنەکەی باریکتر و لووسە بۆ خاوێنکردنەوەی گاسن بەکاردەهات.لەدووبەش پێک دێت:

ا- دەسکە لاپووتە دارێکی باریک و لوولەییە مەترێک دەبێ.

ب- دەوە لاپووتە: دەوێکی ئاسنی باریک و لووس بووە دەسکە لاپووتەی پێوەیە، بۆ خاوێنکردنەوەی گاسن بەکاردەهات.

**٦- بنمل:** پارچە جلێکە یان چەند قەدە لبادێکی پێکەوە لوولدارەوە و دووراوە و دەخرێتە سەر ملی ئاژەڵەکان تاکو ملیان بریندار نەبێ ، بۆ کاتی جووت و جەنجەڕ و عەرەبانەش بەکار دەهات.


**٧- کۆپەران :** لبادێکی لوولدراوی یەک مەتر درێژە، بەقایش یان مشەما داپۆشراو بوو، شێوەی چەماوەیی وەردەگرێ کاتێ دەخرا سەر بنملی ملی ئاژەڵەکە سەرەکانی بۆیەک دەهێنراوەو توند بە بەنقادەیەک لەپشت نیر دەبەسترا.کۆپەران لە دوو بەش پێک دێ:

**ا- بارێنە:** بریتییە لە لباد یان گوشی خڕکراوە و لوولکراوە کە بەکیفکێکی قایش داپۆشراوە .بەشێوەی بازنەیی چەماوە دەخرا سەر بنمل و بن کۆپەڵانی.

**ب- فڕفڕۆکـە:** دوو پەلـەداری بچووکـی، شـێوە گزمۆکـن، هەریەکێکییـان بەخرێنەمـوو تونـد لەوسـەرو لەوسـەری بارێنـە دەبەسـترێ.

**جۆرک:** توورەکەی تایبەت بەوڵاخە ئالیکی تێدەکرا بۆ وڵاخ و لەسەری دەبەسترا

## • ئامرازەکانی دروێنە




**داس:** ئامرازێکی ئاسنی دەم چەماوەیـە وەک نیوەبازنـە ، دەمـی تێژبـوو وەک چەقـۆ دانەوێڵـەی وەک گەنـم و جـۆو برنجـی پـێ دەدووراوە.

**داسـولکە:** وەکـو داس وابـوو بـەس گچکەبـوو ، گیـاو گوڵـی پـێ دەدووراوە.

**قەرانـگ:** وەک داس بـوو بـەڵام دەمـی تیـژ نەبـوو مەلـۆ و سـواڵەی پـێ خڕدەکـراوە.

**قەینـاخ:** چـوار تەنەکـەی لوولەیـی لەشـێوەی پلـی پەنجـە بـوون ، دروێنەکـەر لەپەنجەکانـی دەکـرد تاکـوو ئـازاری نەبێـت.

**هەسـان:** جـۆرە بەردێکـی چیایـی مەیلـەو کەسـک بـوو بـۆ دەم تێژکردنـەوەی داس و چەقـۆ بـەکار دەهـات.

**کەلەشـاخ:** قۆچـی بـەران و گا بەهـۆی ئاگـرەوە ناوەکـەی بەتـاڵ دەکـرا دوایـی پڕ دەکـرا لـە ڕۆن سـەپان دەمـی داسـی پـێ چـەور دەکـرد.

**سـەرکراو:** کڵاوێکـی لەلبـاد دروسـتکراو بـوو وەک شـەپقەی ئەوڕپییـان بـوو سـەپان دەیخسـتە سـەر سـەری لێواری هەبوو هەتـا لەگەرمـای هەتـاو بیپارێـزێ.

## • زاراوەکانی پەیوەست بەدرویێنە

**بەر:بـەرە دورنـە:** درویێنەکردنـی بەشـێکی تەبـارەی دەغـڵ بەپێـی توانـای سـەپانەکان.کە سـەرپاڵە دیـاری دەکات.

**بـەرداس:** ئـەو دەغـڵ و دانـەی کاتـی درویێنـەی هاتبـێ و دەوی داسـی ببیـڕی و بدرویێتـەوە.

**دورنەی بەکرەیی:** سەپانەکان ، بەیانی زوو ، هێشتا شەو دەما دەڕۆیشتن بـۆ نـاو پەرێـزی بـۆ دورنەکـردن ، لەگـەڵ خۆیـان چەنـد کونـدە ئاوەکییـان دەبرد ، لەپەرێزێ نوێژی سبەینێیان دەکرد، دەستییان بە دورنـەی دەکرد هەتـا چێشـتانێ. ئەگـەر سـەپانەک نەخـۆش بووایـە و تاقەتـی دورنـەی نەبووایـە ، سـبەینەکەی لەپـاش سـەپانان بەدرەنگـەوە هەڵدەسـتا بەهێنانـی دۆدانـە دۆیـەک لەماڵێ خـاوەن پەرێز (ئاغـە) و مـاڵ بەماڵـی سـەپانان دەگـەڕا هەریەکـە و بەشـی سـەپانی خـۆی لەقەسـپ و پیـاز و خورمـا و دانـدۆک و هـەر پێخورەکـی دیکـە هەبووایـە دەیاندایێ تـا بـۆ سـەپانەکان بباتـە پەرێـزێ، کوندەیـان دەدایێ لەکاتـی نەمانـی ئـاوی خواردنـەوە بچـی ئاوییـان بـۆ بێنـێ. سـەپانەکان سـبەینە زووەکـەی داسـەکانییان بەبـەردی هەسـانی دەسـوی تـا تیـژ بێتـەوە .

**سـەرپارە (سـەرپاڵە):** واتـە سـەرۆکی تیـم لـەلای ڕاسـت دەوەسـتا و سـەپانەکانی تریـش بەرێـز دەوەسـتان ئـەو سـەپانەی لـە کۆتایـی ڕێزەکـە بووایـە پێیـان دەگـوت (قـاڕە) دەسـتییان بەدرویێنەدەکـرد هەتـا دووبەرییـان دەدووریـەوە ، دوایێ پشوویەکییان دەدا پێیان دەگۆت (پشـی جغارەخواردنێ) لەدواییـدا دەسـتییان پـێ دەکـردەوە هەتـا چێشـتانێ.

چێشتان (چێشتاو) واتە تاسبەینەکی درەنگ دوای سەعات هەشتی ئێستا دەکات.

گیشـەکەر(تێلەکێش) کـە دەبـووە چێشـتان دۆی لەگـەر خـۆی دەهینا قەسپ و پیـاز و دۆی دەدانـی ، دۆیـان لەنـاو کۆتکـی دەخـواردەوە.

کۆتـک: جامەکـی گەورەبـوو لـەداری دروسـت کرابـوو. هەرکۆتکـەک دۆ

بۆ چوار سـەپانان بـوو چـوار مراکـی داری دەخـرا نـاوی بـۆ دۆ خواردنـەوە .دوای حەسـانەوە و نانخواردنـی چێشـتانێ دەسـتییان بەدوورنەکـردن دەکـردەوە، بەگۆرانـی گوتـن ، دەشـبووایە شـایەرێکی(گۆرانی بێژێکـی) باشـییان لەگـەڵ بووایـە لەکاتـی دوورنەکـردن ، ژمـارەی سـەپانەکان لـە ١٨ تـا ٢٠ کـەس دەبـوون ، دوورنەکردنی بەکرەیی بەگۆرانـی گوتـن بـوو لەگـەڵ ئـاوازی دوورنەکـە گۆرانییـان دەگـوت. سـەپانەکانیش لـەدوای شـایەرەکە دەیانگوتـەوە، گۆرانییەکـەش بـەو دێـرە دەسـتی پـێ دەکـرد :

هەدروونـە دروونـە ..... دەسـکێ داسـم بەڕوونـە ، زۆرجاریـش بـۆ گاڵتەئامێـزی دەیانگـوت :گیشـەکەر فێـرە قوونـە.

**دورنـە بـەگاز :** بریتـی بـوو لـەو جـۆرە دروێنـەی کـە٣.٢ سـەپان بەبـێ گۆرانـی دروێنە یان خەتە دروێنەکییان دەکرد ، پشتیان ڕاست نەدەکردەوە، هەتـا خەتـە دروێنەکەیـان تـەواو دەکـرد.

**گاز:** هێڵێکـی راسـت لەلایـەن سـەرپاڵە دەدووریێتـەوە و دای دەبـڕێ .بەچەنـد بەرێـک دەبڕدرێتـەوە.

**سـوارە : سـواڵە:** ئـەو قامکـە گەنـم و جۆیـە دوراوانـەی لەنـاو دەسـت و پەنجـەی سـەپانی دا کـە پـڕ بەقامکـی سـەپانییە و دوایـی دایدەنێتـە سـەرزەوی.

**مـەرۆ :** مەڵـۆ ، چەنـد سـواڵەیەک لەسـەر یـەک دادەندرێـن پێیـان دەڵێـن مـەرۆ (مەڵـۆ)

**شـارە :** چەنـد مەرۆیەکیـش کۆدەکرێنـەوە لەسـەر یـەک دادەندرێـن وەک باوەشـێک دەبـی پێـی دەڵێـن شـارە یـان شـارا

**گەلاوێـژ:** چەنـد شـارەیەک لەسـەریەک بەڕاسـت و چـەپ پێچەوانـەی یـەک دادەندرێـن. بـۆ گەنـم دەبـێ.

**گیشە:** چەند شارەیەک لەسەریەک بەڕاستی دادەندرا. بۆ جۆ دەبێ.

**گیشـەکەر:** بەوئافرەتـەی دەگوتـرا لـەدوای ٤-٥ سـەپانان بـوو سـواڵەی خڕدەکـردەوە.

**تێلەکێش:** بەو ئافرەتەی دەگوترا کەگیشەی بەپشتی خۆی دادەدا و دەیهێناوە سەرجۆخینێ

**وشی: هێشوو:** ئەو قلە گەنمە نەدووراوانەی لەدوای سەپانی بەجێماون.

**داوەر:** ئەو کەلە دەغڵانەی دروێنە نەکرابن.

**دەستەڕنە :** ساڵ هەبوو باران کەم دەباری گەنم و جۆ باڵایان زۆرکورت بوو کەمیش شین دەبوون ، جووتیار ناچار دەبوو بەدەستی بیرنی و بەخاو وخیزانەوە دەستە ڕنەیان دەکرد تا گەنم و جۆوەکەیان بەخەسار نەچی.

**دەست هەرقەنە:** ڕووەکەکەیان بەڕەگەوە هەڵدەکەناند.زیاتر جۆ ئەگەر باڵای نەبووایە بەدەست هەرقەنەی کۆیان دەکردەوە.

**بەرکۆت:** ئەو جووتیارانەی پێش دروێنەکردن باراشییان نەدەما، دەچوون لەو قانە زەویانەی گەنم و جۆ زەرد دەبوون ،دروێنەیان دەکرد و وشکیان دەکردەوە و دەیانکوتا و دەیانبردە ئاشی دەیانکردە ئارد بۆ پێویستی رۆژانەیان ، بەڵام دوایێ دەبووایە ئەندازەی گەنم و جۆیە دووراوەکەی بە خاوەن دەغل بگۆتایە تا لە جیاتی هەقەکەی لێی بکوژێت.

**قەلەخەرمان:** گەنمی رەشگوڵ لەکاتی قۆناغی شیری هەندێکییان دروێنەدەکرد و دەیانکردە گورزە گورزە گوڵەکانییان لەسەر ئاگر دادەنا تا ببرژایە دوایی دەنکەکانییان لەقرچکەکان دەردەهێناو دەیانکوتا و دەیانکردە شیو و دەیانخوارد.

**قەسەر : کڵووش (سرووت):** بریتییە لەقەد و گەڵای گەنم و جۆ دوای دروێنە لەسەر زەویی دەمێننەوە.

**قاڕە:** بەو سەپانە دەگوترێت کە لەلای چەپ دروێنە دەکات.

**قۆپەن:** ئەو کۆمەڵە گەنم و جۆیە رواوەیە کەبەچڕی لەنزیک یەک رواون.

**شــەرت:** گرێبەســتی نێــوان ســەپان وخــاوەن زەوییــە لەیەکەمیــن رۆژی دوورنــەی جــۆوە دەســت پــێ دەکات تاکــوو دەغڵــودان بــە تــەواوی بەنێــو دەهێنرێــت، دواکاری ســەپان ســواقدانی لــەودەو خانــووی کای خــاوەن دەغڵەکەیــە. بەرانبــەر بــە بیســتێکی دەغــل ودانەکــە.

**شــەرتی هــەرات:** تــەواو بوونــی مــاوەی کارکردنــی ڕێنجبــەر لــەلای ئاغەکــەی (خــاوەن کارەکــەی).


**شەرتی زستانە:** هەشت مانگە و لەسەرەتای مانگی ئەیلوول دەست پێ دەکات ، تاکو کۆتایی مانگی نیسان. زیاتر بۆ جۆتیارییە و کاری کێڵان دەکەن.

**شــەرتی هاوینــە:** چــوار مانگــە لەســەرەتای مانگــی ئایــار دەســت پــێ دەکات ، تــا کۆتایــی ئــاب ، زیاتــر بــۆ ســەپانییە.

**زبــارە:** ئەگــەر جووتیارێــک نەخــۆش بوایــە یــان دروێنــەی پــاش بکەوتایــە رۆژێــک پیاوانــی گونــد کۆدەبوونــەوە و بەکۆمەکــی دروێنەیــان بــۆ دەکــرد و ژنانیــش یارمەتییــان دەدەن.

**گەوز:** دروێنەی گەنم و جۆ لە لایەن سەپانەوە یەک بەدەوی داسێ

## • شەغرە و بەشەکانی




ئامرازێــک بــوو لەشــێوەی پەیــژەی ژمــارە ٨ ی عەرەبــی ،درێــژی ٢-٣ مەتــر دەبوو، قرشــە و دەغڵ ودانــی دروێنەکــراوی پــێ دەگوازراوە لــە پەرێــزێ بــۆ ســەر جۆخینــان ، بەهــۆی

گـوێ درێـژەوە یـان بەهـۆی ئێسـترەوە ،.وەلـەم بەشـانە پێـک دەهـات:

**١ـ شەپکەشـەغرە:** بـەو چـوار دارە درێـژە دەگوتـرا کـەوەک ژمـارە ٨ ی عەرەبـی بـوون.

**٢ـ ناوتیرە:** داری هەتا یـەک مەتـر درێژ بـوون لەنێوان هـەردوو شـەپکە شـەغرەکان دەنـران تاکـوو پێکـەوە ببەسـترێن ژمارەیـان شـەش دار دەبـوو سێیانیان لـەولا سـێیەکەی تـر لەلاکـەی تـر.

**٣ـ گرگرە :** دارێکـی یـەک مەتـری خڕبـوو لەسـەرووی لووتکەکـە لەنێـوان هـەردوو شـەپکە شـەغرەکە دەنـران ، توانـای جولەکردنییـان هەبـووە .

**٤ـ داربەستەک :** دووداری باریک بـوون هـەر یەکێ لـەولا و لـەولا بـوون ، لـەلای گرگرەوە شـۆڕدەکراوە قرشـەکەی پـێ تونـد دەکـرا.

**٥ـ زەنگـورە:** پەتێکـی پتـەوی چەماوەیـە لەشـێوەی هێلکەیـی بـوو بەگرگـراوە دەبەسـتراو لەخـوارەوەش گوریسـێکی درێـژی پێوەبەنـدە

**٦ـ قادە:** دارێکی باریکی لـە داربـەڕوو دروسـتکراوبوو ، نیمچەکەوانەیـی بـوو لەهـەردوو لای شـەغرە دادەنـدرا و بەبەنقـادە (گوریـس) دەبەسـتراوە تاکـو قرشـەیەکی زۆر لەشـەغرەکە ببەسترێـت.


**٧ـ بەنقادە:** گوریسـێکی ٣ مەتـری دەبـوو قـادەی پـی دەبەسـتراوە لەکاتـی شـەغرە .

**٨ـ گوریسـی شـەغرە:** گوریسـێکی پتـەو بـوو لەمـووی بزنـێ یـان هـەر مادەیەکی پتەو دروسـتکرابوو ٧ـ٦ مەتـر دەبـوو، قرشـەی دانەوێڵەکـەی سـەر شـەغرەکەی پـێ تونـد دەکـرا.

**٩ـ شـاگرد ئۆغـلان:** دارێکـی ٣٠سـم دەبـوو سـەرێکی دوو لـک بـوو بـە گوریسـی شـەغرەی بەستراپۆوە،سەرەکیشـی لەنـاو ناوتیـرە دەنـدرا .

**١٠ـ تەپان:** کورتانێکی پتەو و گەورەتر بوو لـە هـی ئاسایی دەخـرا سـەر پشـتی کـەر زیاتـر لەکاتـی هێنانـەوەی شـەغرە.پێش و پاشـی کورتانەکـەی وەک شـوورەیەک بڵندایییەکـی هەبـوو، هەتـا شـەغرەکە نەکەوێت.

## • جەنجەڕ و بەشەکانی:



جەنجەڕ ئامێرێک بوو بۆ کوتانی قرشە ( گەنم و جۆی بەقەسەڵەوە) بەکاردەهات تاکوو دانی گەنم و جۆکە (تۆوەکە) لە قەپێلک بێنتە دەرەوە و قەسەڵەکەشی دەکوتا و وردی دەکرد دەیکردە کا ، ئەوکردارە لەدەشتی هەولێر لە سەرەتای مانگی حوزەیران تاکۆتایی تەمووز بەردەوام دەبوو ، چونکە کارێکی بەورد و کاتی دەویست ، ئەوئامێری جەنجەڕە بەهۆی مژانەوە لە دوو گوێدرێژ یان ئێستر دەخرا و لەبەیانیەوە تا ئێوارە بەسەر گیشەکان دادەسووڕاوە تا تەواو وردی دەکرد. لێرەدا باسی بەشەکانی ئامێری جەنجەڕ دەکەین.

١ ـ **حوشترۆکە:** دارێکی چەند پارچەبوو لەشێوەی لەشی حوشتر بوو لەولاوئەولای جەنجەڕەکە دەبەسترا.

٢ـ **شێرۆکە:** رووی پێشەوەی حوشترۆکەکە بوو

٣ ـ **تیرەی حوشترۆکە** : دارێکی پتەوی لوولەیی بوو هەردوو لای حوشترۆکەی لە رووی پشتەوە بەیەکەوە دەبەستا

٤ـ **باڵتە:**دوو تایەی لوولەیی نزیکەی مەترێک درێژبوون یەکیان لەپێشەوە یەکیان لەدوواوە بەحوشترۆکەوە بەند دەکران.لەدارە لوولەییەکە چەندین دەوەئاسنی تیژ هەبوون لەشێوەی چەقۆ بۆ وردکردنی قرشەکان بەکار دەهات.

٥ ـ **تۆپ:** تەنها بە دارە لوولەکەی باڵتە دەگوترا .

**٦ـ تـۆق:** پارچەتەنەکەیەکـی (مســەیب)بوو لەوســەر و لەوســەری باڵتــە بەشـێوەی بازنەیـی دەبەسـترا .

**٧ ـ چەقوو:** کۆمەڵێ پارچە ئاسنی پتەو بوو بەباڵتەوە بەندبوو.

**٨ـ کلچـوک:** دارێکـی یـان پارچـە ئاسـنێکی پتـەوی لوولەیـی بچـووک بـوو لەناوەنـدی دار باڵتـە بـوو دەچـووە نـاو کلدانـەوە .

**٩ ـ کلـدان:** کونێـک بـوو لەحوشـترۆکەداهەبوو کلچوکـی باڵتـەی دەچـووە نـاوێ ، دەبوایـە بەمـووی کارێ و چەوربکرابوایـە تـا باڵتەکـە توانـەی خولانــەوەی هەبوایــە .

**١٠ـ شـووتک:** چـوار زیـادە داربـوون لەسـەر قوونـی حوشـترۆکە بـوون لەنـاو بنـە قوونـی دەهاتتـە دەرێ.

**١١ـ کارەمـوو:** مـووی کاری سـاوایە خـاوەن جەنجـەڕ مووەکانـی دەکـردە چەند بەشـێک، هـەر بەشـەی لەگەڵ پارچە بەزێک تێکەڵ دەکرد و دەیخستە ناو کلچووکـی جەنجـەڕەوە ، تـا باڵتـەی جەنجەڕەکە بەنەرمی بسووڕێتەوە.

**١١ـ بنەقـوون:** دوو شــەپکە داربـوون بەدرێـژی نێوانـی حوشـترۆکەکان، لــەلای ســەرەوە بەنـد دەکـران کەسـێک لەسـەری دادەنیشـت تاقورسـایی هەبـێ بـۆ وردکـردن و ئاژەڵەکانیـش لێبخـوڕێ.

**١٢ـ دەفـە:** دوو شـەپکە داری پـان بـوون لـەرووی پـاش و پێشـی نێـوان هـەردوو حوشـترۆکەکان دەبەسـترا تـا قەسـەڵ و گیشـەکان پـەرت و بـڵاو نەبـن.

**١٣ـ دارئەقرەبـە :** دارێکـی لوولەیـی بـوو پتـەو بـوو، لـەڕووی پێشــەوە هــەردوو لای حوشـترۆکەی پێـوە بەیـەک دەبەسـترا.

**١٤ـ زمانــە ئەقرەبـە:** کۆتاییەکـەی داری ئەقرەبـە بـوو هەندێـک باریکتربـوو دەچـووە نـاو کونـی دارئەقرەبـەی حوشـترۆکە

**١٥ـ کونـی دارئەقرەبـە:** کونێـک بـوو لـە دارحوشـترۆکە هەبـوو زمانـەی

دار ئەقرەبـەی دەچـووە نـاوێ .

**١٦. ئەقرەبــە:** کونێـک بـوو لەناوەنـدی دار ئەقرەبـە بـوو ، مژانـە و دار ئەقرەبـەی بەیەکـەوە دەگەیانـد.

**١٧. بازنــەی ئەقرەبـە:** ئاسـنێکی چەمـاوەی بازنەیـی بـوو دار ئەقرەبـە و مانـەی پێکـەوە دەبەسـتا.

**١٨. مژانە:** دارێکی درێژبوو جەنجەڕەکەی پێ لە ئاژەڵەکان دەبەسترا.

**١٩. کونــی مژانــە:** سـێ کـون بـوون لەسـەر مژانـە تـا زمانـە و نیـری پێوەبەنـد بکـەن.

**٢٠. سـەرەژانە :** داری باریکـی لوولەیـی بـوون وەک قەفیزبـوون دەخـرا کونـی مانـە و کونـی کونـی نیـرەوە .

نیـر و کۆپەرانـی سـەرملی ئاژەلەکانیـش لەبەشـی ئامێرەکانـی جووتکـردن باسـمان کـردوون.

**٢١. چانچانۆکـە:** بڕێـک کەبـەر یـان پارچـە پلێتەکـی تەنـک لـەدوای جەنجـەڕی وەدەخـرا لەکاتـی هـوردە کوتیـو تـا ڕاسـت بـی.

گێرە و جەنجەڕ بەلای راست دا دەسووڕێتەوە.

## • زاراوەی دیکە پەیوەست بە قرشەکوتان

**چـان :** پێـش پەیدابـوون و بەکارهێنانـی جەنجـەڕ بـۆ وردکردنـی قرشـە و لێک جوداکردنـەوەی کا و دانەوێڵەکـە ، جووتیـار چەنـد چینێـک لـە کەبـەرو سـوڕناتکی لەسـەر یەکـدی دادەنـا بەمەرجێـک کەبەرەکـە لـە چینـی بنـەوە بێـت، لـە لێـواری قرشـەکە دادەنـاو سـێ داریـان لـە کەبـەر و سـوڕناتکەکە دێخسـت و یەکیـان لەوسـەری یەکـی دی لەسـەرەکەی دیکـە و یەکیشـییان لەناوەڕاسـتی ئـەوەی ناوەڕاسـتی بەگوریسـێک لەناوەنـدی نیرەکـە دەبەسـترا، دوو گوریسـی دیکـە هەریەکـە سـەرێکییان لـەدوو دارەکـەی

ئەوســەر و ئەوســەری دەبەســترا دوو ســەرەکەی دیکــە لەوســەر و ئــەو ســەری نیرەکــە دەبەســتراوە، ئینجــا بــەدوو ولاغ یــان گوێدرێــژ بــەدەوری قرشــەکە دەیسـوڕاندەوە هەتـا تـەواو دانەوێڵـەو کایەکـە لێک جـودا دەبۆوە.

**بنــە:** بــەو ولاغــەی یــان گایــەی دەگوترێــت دەکەوێتــە لای نــاوەوەی جۆخینەکــە

**سەرە:** بەو ولاغە دەگوترێت دەکەوێتە لای دەرەوەی جۆخینەکە.

**گێـرە:** بریتییــە لــەوکارەی کــە جووتیــار کۆمەڵــێ ولاخ یــان گوێدرێــژی دەهینــا بەگوریــس بەیەکیانیــەوەی دەبەســت تــا قرشــەی جۆخینەکــەی قەبەیــی کــەم ببێتــەوە و کەمێکیــش دان و قرشــەکان لێــک جوودابینــەوە، ئــەوکارە پێــش کــرداری جەنجەڕکــردن بوو.واتــە دوو ســێ ئــاژەڵ بەســەر قرشــەکەدا دەســووڕانەوە بــۆ وردکردنــی . پێش پەیدابوونــی جەنجــەڕ، زۆر لەکۆنــەوە، تەنهــا بەگێــرە گەنمیــان لــە نــاو قەپێلکــی جودادەکــردەوە.

پــاش ئــەوەی قرشــە دەهێنرێتــەوە ســەر جۆخیــن (خەرمــان) ، دوای گێـرە ، شیشــێکی درێــژ یــان دارێکــی درێــژ لــە ناوەنــدی قۆمەتــە قرشــەکە دەکوتــرا پێیــان دەگــوت داررەنــدە و زەنگوڵێکــی پێوەبــوو، پەتێکــی پێــوە دەبەســترا ، پەتەکــە درێــژ بــوو تالێــواری قرشــەکە دەبــوو، کــە ئاژەڵــی پێــوە دەبەســترا، ئینجــا لێــوارەی بــۆ دەکــرێ واتــە هەنــدێ قرشــە کــە بەقــەد پانــی جەنجەڕەکــە بــوو ، ئەســتوورایی ٣٠ ســم بــوو ، ئینجــا جەنجــەڕی لــێ دادەبەســترا بــە ئاژەڵــەوە ئەویــش یــان بــە دوو گوێدرێــژە یــان ئێســترێک، جەنجەڕەکــە دەبــێ کەســێک لەســەری دابنیشــی تــا قورســایی هەبێــت قرشــەکە لــە گــەڵ ســووڕانەوە ورد بــکات.

**قرشــە:** بریتییــە لــەو گیشــە کۆکراوانــەی وەک قۆمــەت خڕکراونەتــەوە و کــە گەنمەکــە لەنــاو قەپێلکــی دایــە و قەدوگەلاکانیشــی پێوەیــە.

**ڕەندەی جۆخینی:** بریتییە لە دەورەی جۆخینی دەورەی قرشەکە.

**دارڕەنـدە :نـاودار:** دارجۆخیـن (سـتووندەک) ئـەو دارە درێژەیـە کـە لـە ناوەنـدی قۆمەتـە قرشـەکەی دادەنـدرا توند لەزەویـدا دەچەقێنـدرا.

**قرشــەکوت: قرشەشــکێن:** بریتییــە لــە گێــڕان و ســوڕانەوەی جەنجــەڕ بەســەر قرشــەدا وەک قۆناغــی یەکەمــە.

**هوردەکـوت:** کردارێکـە دوای هوردکردنـی قرشـە و هەڵدانـەوەی هـوردە دەسـت پـێ دەکات ، بـە پێچەوانـەی کاری پێشـووە، لـەلای ڕۆخـەوە وردەکـە دەدرێتـەوە بـەر جەنجـەڕ ، تـا وردتربێت، ئینجـا بۆ لای چاوە هەڵدەدرێتـەوە، ئامـادە دەکـرێ بـۆ شـەنەبا.

**تارمــە:** بریتییــە لــە کۆکردنــەوەی هوردەکــوت (کا و دانەوێڵەکــە) هەڵدەگێڕدرێتـەوە بـەلای دەرەوە بەمەرجێک ڕووی لە با بێت ،بۆ ئـەوەی لـە کاتـی شـەنەبا گەنـم و کایەکـە لـە یەکـدی جـودا بکرێتـەوە ، بـە نزیکـی مەترێـک تـا دوومەتـر لـە دووری تارمەکـە هەنـدێ بەردییـان دادەنـا لـەلای بایەکە بۆ گێڕانـەوەی کایەکـە، تـا زۆر بـڵاو نەبێتـەوە، بە کۆکردنـەوەی ئـەو کایـەش دەگوتـرا تارمــەی کا.

**پەڕەنـاو:** وەرگێـڕان و سـەراوبنکردنی قرشـەی پێش جەنجـەر لـەو کاتـەی جەنجـەر دەسـووڕێتەوە.

**شــەنەبا :** پـاش هـوردە کـوت تارمـە شــەنەبا دەکـرا بـە شـەنەی دار بـۆ جیاکردنــەوەی گەنـم و کایەکـە لەیـەک .

**شــەنەی ئاســن :** بـۆ قرشـەکوت کـردن بەکاردەهـات. زیاتـر ٤ لـک بـوو، لکەکانـی لێـک دووربـوون.

**شەنەی دار:** بۆ شەنەبا بەکاردەهات ٧ لک بوو لکەکانی لێک نزیک بوو

**کـوزر:** پاشـماوەی ئـەو گوڵـە گەنمانەیـە کـە بـاش لـە قەپێلکـی دەرنەهاتیـە ، کەسـێک لەکاتـی شـەنە بـا ئـەو کوزرانـەی بـە گێسـک کۆدەکـردەوە و دوایـی بــە کوتــک یــان داری ئەســتوور وردییــان دەکرد.دوایــی هەرچینــەک وردە

کـوت کـرا لایەدرێتـە لێـوار و پێـی دەڵێـن (تارمـە ) ئینجـا کـە تەواوبـوو ئامادەدەبێـت بـۆ شـەنەبا .

**بەربا:** هوردەی کا لەگەڵ شەنەبا دەڕۆیی

**بێرەبـا :** بـە بێڵـی دار دەکـرا بۆخاوێنکردنـەوەی تـۆوی گەنـم یـان جـۆ دەکـرێ لەکـوزر و قەڵـت

**قەڵت :** ئەوبەرگەی کەتۆوی گەنمی لەناودایە.

**قرچغ :** برژانگی گەنم و جۆ پێش دروێنە.

**زەنگوڵـە :** قەفیزەیەک بوو لـەداری شوولی پتـەو دروستدەکرا بەچەماوەیی لەشێوەی هێلکەیی یان لەتەلی ئەستوور بەشێوەی بازنەیی بە دار ڕەندەی دەبەسترا بەشێوەیەک بۆشایی هەبێ بۆ سوڕانەوەی.

**بەسـتەک :** پەتەکـی گوریسـی درێـژ بـوو سـەرێکی لەزەنگوڵـەی داڕەنـدەی وەدەبەسترا ، سەرەکەی تری لـە سـەری گوێدرێژ یان ئێسترەکان دەبەسترا..

**ڕەوسـە:** کۆمەڵـە گەنمێکی بەقۆمـەت قۆمـەت دوای خاوێنکردنـەوە دانرابـن لەسـەر جۆخینـان. لەپاش شـەنەبا کاودان لێک جـودا دەکرێتـەوە ئـەو گەنـم و جۆیـەی وەک کۆمـەڵ وەک قۆمـەت دەبـوون پێیـان دەگـوت ڕەوسـە.

**ڕۆخە:** بریتییە لە لێواری دەرەوەی قرشەی کوتراوی بن جەنجەڕ

**هــەراش:** بـەو قەســەڵ وپــووش وپــەڵاش و وردە قامیـش و کەبەرانــە دەگوتـرێ کەکاتــێ ســەری خانــوو بەقــووڕ دەگــرن لەســەر شــەقڵە و کاریتــەکان ئــەو هەراشــە دادەنێــن.

**پشـتی :** بریتییـە لـەو پـووش و قەسـەڵ و کەبەرانـەی کـەژن لەدەشـت کۆیـان دەکـردەوە و بەگوریـس تونـد دەیانبەسـت ، لەپشـتی خۆیـان دەکـرد و دەیانهێنـاوە ماڵـەوە بـۆ سـووتان.

**کا:** کوتراوی قەسەڵی دانەوێڵە وەک گەنم و جۆ

**کێشـە:** بریتیـە لـە کـرداری هێنانـەوەی کاو قەسـەڵ، هێنانـەوەی قەسـەڵ

لەنـاو پەرێـز یـان کا لەجۆخینـێ بـۆ نـاو کادیـن و لـەودەی.

**چاوە:** دیوی ناوەوەی هوردەکوتی جەنجەری

## • تەرزەکانی گەنم

**گەنمی ڕەشگوڵ :** گەنمێکی درشـت بـوو واتـە بـۆ سـاوار و گەنمەکوتـای دەبـوو، برژانگـی گوڵەکـەی ڕەش بـوو، زیاتـر لـەزەوی نەرمایـی بڕشـتی بـاش بـوو.

**گەنمی سۆرگوڵ**: گوڵەکەی سووربوو .

**قەندەهـاری**: سـابربەگ: گەنمێکی وردە و نانـی لـێ دەکرا ، بـاڵای بـەرزە و زوو دەشـکایەوە ، نەخۆشـی ژەنگـی تـووش دەبـوو ،بەرهەمهێنانـی مـام ناوەنـد بـوو، لەخـواروو و ناوەڕاسـتی عێـراق زۆر دەچێنـرا پێیـان دەگـوت سـابربەگ. قەدەکـەی پتـەو بـوو دەیانکـردە گێسـک لـەزەوی زوورگیـش بـاش شـین دەبـوو.

**مەکسـیپاک:** گەنمێکـی دووڕەگـەو لەتەرزێکـی مەکسـیکی و پاکسـتانی بەرهەمهێنـراوە، لەسـەرەتای هەفتـاکان هێنراوەتـە کوردسـتان،باڵای مـام ناوەندبـوو، بەرگـەی شـکانەوە دەگـرێ، کـەم تووشـی نەخۆشـی ژەنـگ دەبوو،، گوڵ و برژانگی سـووربوو ، دەنکی تۆوەکەی زەرد یان سـووربوو، هەریـەک گـوڵ ١٩ گوڵۆچکـەی هەیـە و هـەر گوڵۆچکەیەکیـش ٤-٥ دەنکـی تێدایـە ، کەواتـە بەرهەمـی زۆر دەبـوو ، بـۆ نانکـردن دەشـیا.

**حومێرە:** گەنمێکی درشتە و ڕەنگی دەنکەکەی سۆرە.بۆ ساوار دەبوو.

**هەڕەمە:** بەو گەنمە دەگوترا کەتێکەڵاوبوو لەکۆمەڵێ تەرز.

**گەنمە حۆلە :** لەڕەشگوڵ گەورەتربوو.

**مـزاش:** بەگەنـم و جـۆی تێکـەڵاو دەگوتـرا، کـە خـاوەن ئـاش لـە جیاتـی کـرێ وەری دەگـرت.

**گەنمی یقەدڕاو:** جۆرە گەنمێکە لەشێوەی قەندەهاری بوو،بەڵام هێڵی ناوسکی دەنکەکە کەمێک کراوەتەوە ، لەدوای ساڵی ١٩٥٠ هێنراوەتە دەشتی هەولێر ، کەگوڵەکەی وشک دەبۆوە ڕەنگی سپی دەبوو ، باش نانی لێ نەدەهات، لەکاتی نانکردن ، ژن زۆر پێوەی ماندوو دەبوون، هەربۆیەش ئەو ناوەیان لێناوە ، چونکە دەگوترا ژن لە ماندوویێتییان ئێخەی خۆیان دادڕی.

**گەنمی گوڵ ڕووت:** گەنمێکی وردبوو بۆ نانی دەبوو ، گوڵەکانی برژانگی نەبوو قەپێلکی تەنک بوو ، بەخۆشی ناسک بوو ، لەکاتی دروێنە تۆوی هەڵدەوەری ، نانی باش لێ نەدەهات.

**دوودانە:** بەو جۆرە گەنمەی دەڵێن کە تێکەڵە لەدوو تەرز بوو، ژن بۆ چێشت لێنان بەکاریان دەهێنا، وەک ساوەر و گەنمە کوتا، دەڵێت گەنمەکوتایەکەم دوودانەیە. گەنمی کۆن پەسندتر بوو لە گەنمی نوێ و چونکە شێداری کەمتربوو.

## • دەورکردنەوەی گەنم و جۆ

بە حسابی جووتیارانی دەشتی هەولێر

پێشتر بچوکترین پێوەری گەنم پێیان دەگوت ڕوبە ،گەورەترینیش پێیان دەگوت عەربە (عەلبە) ،لەو نێوەندەش پێوەرێکی تر هەبوو پێیان دەگوت قەزناغ.

یەک عەلبە ٣٢ روبە بوو واتە ٨ قەزناغ

هەر یەک قەزناغیش ٤ روبە بوو

ئەو کەسەی گەنمی دەپیوا پێیان دەگوت کەیار (کیال کەعەرەبییە)

کاتێ گەنمەکەی دەور دەکردەوە بە گۆرانی ژمارەکانی دەگوت بۆ نموونە روبەی یەکەمی پڕ دەکردو بەدار روبەی سەری راست دەکرد و دەیگووت :

یێک بابم یێک یێک یێک......لە شەیتانی بشکێ نێک ... نێکی لێ ببتە سێ پێک
دوو بابـم دوو دوو دوو...... خـوا یەکـە و نابێ بـە دوو .... بەرەکـەت بـی لەکنەتـوو ... لەشـەیتانی ڕەش بـی ڕوو، لێـی بشـکێ نێـک و ئەسـتوو
سـێ بابـم سـێ سـێ سـێ ..... بەرەکـەت بکەوتـە ڕەوسـێ ، خـوا بـداو پێغەمبـەر بنووسـێ ... حەسـوود هەنـاوی بپسـێ
چـار بابـم چـار .... خـوا بنێـرێ لەهـەر چـار کەنـار ... لۆخاتـری هەرچـار یـاری نـازدار ... پڕ ببێ چـار و عەمبـار
............ ئیتـر بـەم شـێوەیە تـا دەگەیشـتە ١٣ بـەڵام نەیـان دەگـوت سـێزدە چونکـە لـە کـوردەواری ژمارەیەکـی دمـۆر بـوو بۆیـە دەیانگـووت زیـادە ، کاتـێ دەگەیشـتنە ٢٠ دەیانگـوت داریـە ، دارییـە واتـە ٥ قەزنـاخ، لـەو کاتـە یەکێـک لەسـەپانەکان بـە چەقـۆ خەتـی لـە کلکـە شـەنەی دەکـرد، پـاش تەواوبـوون خەتەکانـی کلکـە شـەنەیان دەژمـارد .

## • شەقرچی: شەقڵچی

شـەقر (شـەقڵ)پارچە دارێکـی تەخـت بـوو لەشـێوەیماڵنجـی داری لەبـغ چیـان بـوو، بـەس گەورەبـوو ، بەقـەد ٣سـم ئەسـتوور دەبـوو ، ٣٠سـم درێـژ دەبـوو، ٢٠ سـم پـان دەبـوو ، دەسـکێکی هەبـوو بـۆ گرتـن هـەر شـەقلێک نەخشـی تایبەتـی خـۆی لەسـەر هەڵدەکەنـدرا وەک مـۆری ئێسـتا. شـەقڵ بەکاردەهـات بـۆ نیشـانکردنی ڕەوسـەی گەنـم و جـۆ تاکـوو لێـی نەدزرێـت. هـەر گوندێـک و ئاغەیـەک و کوێخادییـەک شـەقڵی تایبـەت بەخۆیـان هەبـوو.
شـەقڵچی: ئـەو کەسـەبوو کەشـەقڵەکەی لەدەسـت دابـوو ، نیشـانی لەسـەر ڕەوسـەی گەنـم و جۆیـان دەکـرد ، هەمـوو ئێوارەیـەک شـەقڵچی ڕەوسـەی گەنمەکانـی نیشـان دەکـرد بەهـۆی ئـەو شـەقڵە، سـبەینان شـەقڵچی یـان خاوەنەکـەی دەهـات بزانێـت وێنـە و نیشـانەی شـەقڵەکە شـکایە یـان وەک

خـۆی ماوە.هـەر گونـدەک شـەقڵچی خـۆی هەبـوو سـەرکارێکی هەبـوو ، کەسێکیش هەبوو پێیان دەگوت نازیل کاری حسابکردنی گەنم وجۆیەکەی دەکرد بۆ ئاغە یان بۆ حکومەتی دەنووسی ، تاکوو بەگوێرەی داهاتەکە باج (سـەرانە) بدەن.

**کاتێ گەنـم ئامادەدەکرێ بـۆ سـاوار و بـرووش و پیرخەنـی وگەنمـە کوتـاو دەبێ:**

١- یەکەمجار بژاربکرێ لە تۆوی گژوگیای وەک زیوان و ڕەش رەشۆک و گلێرە جۆو و وردەبەردو هەر تۆوێکی دیکەی نامۆ . بەبێژینگ .

٢- ئەگەر بۆ مەبەستی ساوار و پیرخەنی و ئاردەساواربێ ، پێویستە بکوڵێنرێ وەک دانوو ، وشک بکرێتەوە .

٣- پـاش وشـککردنەوە پێـش ئـەوەی بەدەسـتاڕ بهـاڕدرێ، پێویسـتە بەکوتـک یـان داری مەتـرەق و بەرچیـغ بکوترێـت ، پێشـتر گـەر گەنمـە دانووە ئامادەکراوەکە بۆ ساوار زۆربووایە ، کوڕانی گوند کۆدەبوونـەوە بەکۆمـەڵ بەکوتـک دەیانکوتـاوە ، لەکاتـی کوتـان کەمێـک ئاوییـان پێدادەکـرد بـۆ شـێداربوون تاکـوو پەلکی(توێکڵـی) گەنمەکـە لێببێتـەوە. ئەگـەر کەمیـش بوایـە لەنـاو فەردەیەکییـان دەکـرد بـە بەرچیغـان لێیـان دەدا پـاش کەمێـک تەڕکـردن، لەکاتـی کوتـان بەکوتـک یەکێـک گۆرانـی دەگـوت لەسـەر ئـاوازی کوتانەکـە و ئەوانـی دیکـە لەدوایـان دەگێـڕاوە، وەک :

ئەو ساوارە ... گەنمی پارە ... یاللا یاڵڵا ....
باشی بکووتن ... کابان هارە یاڵڵا یاڵڵا
بەوکانییەکەی ... لەچیغلۆکی ....
بەخۆم لێمدا ... بەنینۆکی ....

کێ ئاو لێبرد .... یار عەیشۆکێ... یاڵلا یاڵلا
بەو کانییەکەی .... لەزیخماری ...
بەخۆم لێمدا .... بەگۆپاری ....
کێ ئاو لێبرد .... کیژێ خاری .... یاڵلا یاڵلا
کیژ هەرکیژی ..... دیبەگەیە .....
بسک سۆری....... بەخەنەیە ........
ئەگەر نەمرین ..... هەر لۆمەیە ..... یاڵلا یاڵلا
هەتیمەک بووم ..... لەکاروانی ....
بەجێمابووم ..... لەکاروانی .... دیتم زەرییەک ..... لەبەرنانی ....
هتد.........................

٤ـ پاش کوتانی بەدەستاڕ، ژن دەبوایە بیهاڕن ، ئینجا لەبێژینگییان دەدا و بەبایان دەکرد ، لەکاتی بەبا کردنەکە ، کەپەکەکە دەڕۆیشت کەزۆر سووک بوو لەکێشدا.

دوایی لە هێڵەگی دەدرا تا ساوارە درشتەکە بمێنتەوە و وردە بێتە خوارەوە کەدەکرا پیر خەنی ،ئینجا پیرخەنییەکەش لە هێڵەگی زۆر هورد دەدرا تا پیرخەنییەکە بمێنتەوە و ئاردەساوارەکە بێتە خوارەوە .

ساوار ...... دوایی پیرخەنی ..... دوایی ئاردەساوار

ساوار بۆ پڵاو و شلەساوار بەگۆشت وساوار بەتەماتە و ساوار بەکەنگر و ساوار بەتۆڵکە و ... بەکاردەهات .

پیرخەنی ، خواردنێکی نەرم و وردە وەک شلەساوار لێ دەنرا زیار کەسانی بەتەمەنی پیر و بێ ددان پێیان خۆش بوو بیخۆن .ئاردەساوار بەپیازەوە دەکرا بە ئەستوورک و بەتەندوور دەبرژێندرا .

٥ـ بڕووش گەنمی ئاسایی درشت بوو وەک ڕەشگوڵ ، دوای بارکردن

و خاوێنکردنـەوە و شووشـتنی ،کەمێک دەکوتـرا تـا پەلکەکـەی لـێ ببێتـەوە و دوایـی بـە دەسـتارِ دەهـارِدرا واتـە نەدەکوڵێنـدرا ، بـرِووش بـۆ کفتـە بەکاریـان دەهێنـا .

٦ـ گەنمـە کوتـراو . ئەویـش گەنمـی درشـتی وەک رِەشـگوڵ بـوو پـاش بژارکـردن و خاوێنکرنـەوە و شووشـتنی ، بـە بەردەجۆنـی دەکوتـرا لەنـاو جۆنـی دا و وەک پـلاو و گەنـم بـەکاردی لـێ دەنـرا .

**ئـاش:** کارخانەیەکـی بچـوک بـوو بـۆ هارِینـی دانەوێڵـە دەبـوو ، وەک گەنـم و جـۆ جـا چ بکرابووایـە ئـارد یـان بـرِووش ، گەنمەکوڵاوەکـە دەکـرا و سـاوار.

**ئاشەوان:** ئەو کەسەبوو کەهەڵدەستا بەئیشکردن بە مەکینەی ئاشەکە و سەرپەرشتی وردکردنی گەنم و جۆکەی دەکرد بۆ بوونە ئارد .

**بـاراش:** بریتییە لـەو گەنمـەی لـە ئاشـی ورد دەکـراو لـێ دەکـرا دەبـووە ئـارد بـۆ نـان کـردن.

**بەرکـۆت:** یەکـەم باراشـی جووتیـاری کـە لەگەنـم و جـۆی بەدەسـت دەهـات ، هێشـتا گەنمەکـەی یـان جۆوەکـەی نەدووریبـووەوە ، بـەڵام زەردبیـوو ، دەچـوو بایـی باراشـەکی دروێنـەی دەکـرد و هـووردی دەکـرد و دانەوێڵەکـەی دەبـردە ئاشـی دەیکـردە ئـارد.

**مـزاش :** واتـە هەقـە ئـاش لـەدوو وشـە پێکهاتـووە (مزـئاش ) مـز واتـە هـەق، ئـاش کارخانەکەیـە ، هەمیشـە پێشـتر لەجیاتـی هەقـی ئاشـەکە برِێـک دانەوێڵـە وەردەگیـرا ئیتـر ئـەو هەمـوو جـۆرە گەنمـەی وەردەگیـرا لەجیاتـی هەقەکـە ، لەلایـەن ئاشـەوانەوە تێکـەڵ دەکـرا بۆیـە بـەو جـۆرە تێکەڵـە گەنمەشـییان دەگـوت مـزاش.

**ئاشوەستا:** بەو وەستایە دەگوترا کە لە ئاشی دەزانی.

## • هەڵگرەکانی دانەوێڵە:

**فـەردەی داخ شـین:** دوو هێڵـی شـین بـەولا و بـەولای داهاتبـوو ، گەنـم و جۆیـان تـێ دەکـرد ، ٨٠ کگـم گەنمـی دەگـرت.

**فــەردەی داخ ســۆر:** لــە فــەردەی داخ شــین گەورەتربوو،خەتــی ســوور بەنــاوی دادەهــات، بۆهەمــان مەبەســتی ســەروو، ١٢ربــەی دەگــرت.

**جــوار : جــواڵ :** لەخــوری یــان مــووی بەتەونــی دروســت دەکــرا بــۆ تێکردنــی گەنــم و جــۆ بەکاردەهــات .

**خــرار :** هەنــدەی فــەردەی داخ ســۆر دەبــوو لەمــووی بزنــی دروســت دەکــرا بــۆ تێکردنــی گەنــم و جــۆی بەکاردەهــات

**شـەڵتە :** لەمـووی بـزن دروسـت دەکـرا، بەقـەد دووخـراری دەبـوو کایـان تـێ دەکـرد و دەیانگواسـتەوە. لەشـێوەی تـۆری ماسـی بـوو بـەس کەلینـەکان گەورەتـرن لەداوەمـووی ئەسـتوور دروسـت دەکـرا ،

**شلیف:** چـوار یان سـێ گوشـی خـەت سـۆرییان لێک دەدا بـۆ گواسـتنەوەی کا بـەکار دەهـات .

**ڕەشـکە:** لەمـووی بزنـی دروسـت دەکـرا بـەلام کونەکانـی شـاش نەبـوون وەک تـۆڕی ماسـی .بـۆ گواسـتنەوەی کا بەکاردەهـات.

**تێرکــە:** دوو فــەردەی داخ ســۆر یــان دووجوارییــان لێــک دەدا، ناوەندەکەیــان هەڵدەزڕانــد لەســەر پشــتی کەرێیــان دادەنــا، گەنــم یــان خۆڵیـان پـێ دەگوازتـەوە ، هـەش بـوو لەمشـەمای دروسـت دەکـرا ئاوییـان پـێ دەگوازتــەوە بــۆ مــاڵان.

**خورچــەک:** وەک تێرکــە بــوو بــەڵام لەجیاتــی لەناوەنــدێ بەئاســۆیی هەڵبــدرێ ، بــە ســتوونی هەڵێیــان دەدرێ.لەهەنــدێ شــوێن پێیــان گوتــووە غــار.

**عەمبــار:** وەک هــۆدەی خانــوو لەنــاو حەوشــەیماڵــەوە دروســت دەکــرا

لەسـەر چـوار پێچـکان، تـا مشـک و جـورج پیـی نەگـەن ، گەنمییـان تـێ دەکـرد .

**چـاڵ**: قۆرتـی گـەورەی بازنەیـی بـوو قـووڵ دەکـرا تیرەکـەی تـا ٢ م دەبوو قووڵـی ٢-٣م دەبوو ١٠-٥٠ عەلبـەی تـێ دەکرا. زیاتـر لەپێش مـاڵ و لەگۆڕەپانـی نزیک مـاڵ دەبوو، ژێـری بـەکا رووپۆش دەکرا و لێواریشـی هـەر بـە کا پۆشـەر دەکـرا و گەنمـی تـێ دەکـرا سـەرییان بـەکا و قەسـەڵ دادەپۆشـی و دوایـی چینـەک قوڕییـان لەسـەردادەنا.

**شـارا:** کاتـێ گەنـم لەچـاڵ دەکـرا سـەرەتا چینـەک کایـان لەبنـی چاڵەکـە دادەنـا ،ئینجـا بەئەسـتوورایی پێنـج پەنجـەی کایـان لـە لێـواری چاڵەکـەی دادەنـاو ئینجـا گەنمییـان ڕوودەکـرد بـە هەمـان ئەسـتوورایی .

**کەنـدوو:** کۆگایەکـی بچـووک بـوو لەقـوڕ دروسـت دەکـرا ، چـوار پێچکـەی هەبـوو لێـواری هەبـوو ، کونـی گـەورەی لەسـەرەوە هەبـوو، کونـی بچووکیشـی لەخـوارەوە هەبـوو، زەخیرەیـان تـێ دەکـرد وەک سـاوار و گەنمـە کوتـاو بـڕووش و گەنـم .....

**لـەودە:** خانووێکـی درێژووکانـی بـوو واتـە لاکێشـەیی بـوو دیـوارە درێـژەکان هـەر دوو مەترێـک بەرزدەکرانـەوە ، بـەڵام هـەردوو دیـواری ئەوسـەر و ئەوسـەری واتـە لایـە پانـەکان تـا سـێ مەتـر بـەرز دەکرانـەوە و لەشـێوەی خانـووی جزیـری بـوو ، پڕییـان دەکـرد لـە کا و سـەرییان بەقەسـەڵ و قـوڕ دەگـرت و عادەتـەن لەنزیـک مـاڵ دروسـت دەکـرا واتـە لـەدەرەوەی حەوشـە،

**کادیـن:** خانووێکـی گەورەبـوو زیاتـر لەنـاو حەوشـەی مـاڵان دروسـت دەکـرا سـەری خانووەکـە نـەواو بـە کاریتـە و شـەقڵە دەگیـرا و کایـان تـێ دەکـرد بـۆ کاتـی پێویسـت.

## • زاراوەکانی پەیوەست بە نانکردن

**تەشت:** ئامانێکی خڕی تەنەکەیە کەمێک قوڵە و لێواری هەیە ، هەویرییان لەناودا دەشێلا.

**کەور: کەوڵ:** پارچە پێستەیەکی پان بوو و ئاردی نانکردنی لەسەر ڕوودەکرا ، بەڵام بەو دوایە لەدووبەش دروست دەکرا بەشی ژێرەوەی گوشی نایلۆن بوو ، بەشی سەرەوەی قوماشی خام بوو.

**فەرشە: پنە:** سێ پێیەکی بازنەیی پانە پێشتر لە گەچ دروست دەکرا، ئێستا لەدار دروست دەکرێ. نانی لەسەر پان دەکرێتەوە .

**سێر: سێڵ : ساج:** پارچە پلێتەکی بازنەیی پشت کووڕە نانی لەسەر دەبرژێنرێ

**تیرۆگ:** دارێکی باریکی لوولەیی یەک مەتری ، نانی پێ پان دەکرێتەوە لەسەر فەرشەی، کاتی خۆی زیاتر دۆمەکان دروستیان دەکرد لەداری سێو.

**ناوبرێشک:** دارێک بوو لەشێوەی شمشێر ، نانی پێ هەڵوگێڕ دەکرا. ئەویش زیاتر دۆمەکان دروستییان دەکرد لەداری ئەسپیندار.

**قۆرتان ئاگر:** چاڵێک بوو سێڵی لەسەر دادەندرا و ئاگرییان تێدا دەکردەوە.

**دووکەرکێش:** دووکەڵکێش :پارچە تەنەکەیەکی لوولەیی درێژبوو دووکەلی ئاگرەکەی پێ دەچووە دەرەوە بەقۆرتان ئاگرەکەوە بەندبوو.

**شیشکە :** پارچە شیشەکی یەک مەتری باریک بوو ئاگرەکەیان پێ خۆش دەکرد.

**کوچک :** ئەو سێ بەردەبوو کە سێڵەکەیان لەسەر دادەنا ، گەر قۆرتان ئاگرەکە چاڵ نەبووایە.

**ئاگرودوو:** واتە ئاگرەکە و قشپل و مادە سووتێنەرەکان.

**قشپل:** پاشەڕۆژی مەڕو بزن کەوشک دەکراوە و بۆ سووتان بەکار دەهات.

**قەسەر: قەسەڵ :** پاشماوەی قەدی گەنم و جۆ کە بۆ سووتان بەکار دەهات.

**مشکی :** خۆڵەمێش ، پاشماوەی قەسەڵ و قشپڵی سووتاوە.

**بەرچاوگە:** ئەو چەنگە قەسەڵەبوو ئاگرییان پێ خۆش دەکرد

**هەویر:** ئارد و ئاو و خوێ تێکەڵ دەکرا و دەشێلرا.

**هەویرترش:** پارچە هەویری ڕۆژەکی پێشتر لەشوێنەکی فێنک هەڵدەگیرا دوایی لەگەڵ هەویرە نوێیەکە تێکەڵ دەکرا تا هەویر نوێیەکە باش بترشێ، لەجیاتی خومرەی ئێستا بەکاردەهات.

**ئەنگوتک:** تۆپەڵە هەویرێکی خڕە بۆیەک نان یان یەک ئەستوورک دەبێ.

**سەرنان:** پارچە پەڕۆیەکی بازنەیی بوو لەقەبارەی نانی تیری گەورەتر بوو ، بەسەر نانەکان دادەدرا بۆ خاوێن ڕاگرتنی و ڕەق نەبوونی.

**دەستەوا:** بەو ئاوەی دەگوترا کە ژن لەکاتی هەویر شێلان دەستی خۆیان پێ تەڕدەکرد.

**بابۆرە:** لەفە تێکردنی پێخۆرەک لەناونانی و ئینجا لوولدانی نانەکە بەدرێژی.

**پارووە نان:** (پارەنان) لوولدانی هەندێک نانی تیری و خواردنی.

**نانی تیری:** ئەو نانە گەورە و تەنکەیە کەلەسەر سێڵی نانی دەبرژێندرێ، زیاتر ناوچەکانی هەولێر دەیکەن.

**نۆردیە نان:** بریتییە لە چەند نانەکی تیری لەسەر یەک دادەندرێ بە نووشتاوەیی لەسەریەک و دانانی لەناو جۆرکی نانی .

**جۆرکی نانی:** جۆرکێک بوو لەقوماش دروست دەکرا شوان نانی لەناو دادەنا و هەڵدەگرت.

**سەبەتەی نان:** سەبەتەیەک بوو لە قەدی گەنم و جۆ زیاتر دروست دەکرا نانی لەسەر دادەندرا،

**نانی مەزرەقە:** نانێک کە جارێکی تر لەدوای برژان سووردەکراوە تا رەق بی و هەڵدەگیرا بۆماوەیەکی زۆر دەماوەو تێک نەدەچوو.

**نانی بەپفکە:** ئەو نانەی پفکە و بلۆقەی زۆر بکات.

**ئەستووک: ئەستوورک:** ئەنگوتکە هەویرێکی گەورەتر بوو لەهی نانی ، وەک نانی پان دەکراوە و لەسەر سێڵێ دەبرژێنرا ، دوو بەقەد نانی ئەستووربوو. زیاتر پیاوەکان و کورە گەنجەکان دەیانخوارد.

## • پێخۆری سبەینان

**ناسکەنان:** جۆرە خواردنێکی سبەینانە ، لەئەستوورکی (کولێرە) گەنمی گەرمی سەر سێڵێ هەندێک بەڕۆن چەور دەکرێ .هەندێک جار لەکاتی خواردن شەکری بەسەر دا دەکەن

**هەرمیشک:** ئەستووکی گەرمی سبەینان کەلەسەر سێڵێ دەهێنرێتە خوارێ هورد دەکراو رۆنی بەسەردادەکراو لەگەڵ چای دەخورا.

**شلکێنە:** هەویری گەنم بەشلی دەخرێتە سەر سێرێ نانی و دەبرژێنرێت و دوایی شەکری بەسەردادەکرا و دەخورا.

**لۆرکە:** خواردنێک بوو لەئارد و رۆن دروست دەکرا ، زیاتر دەدرا بەو ژنانەی کەتازە منداڵییان دەبوو تا شیرییان زۆر ببێ.

**ناوسێری:** ئەستوورکێکە لەڕۆن سوور دەکراوە ، لەناو تاوەی

**ئەستوورکە بەتەندوور:** ئەستوورکەکی خڕ بوو بە تەندووری قوڕێ سووردەکراوە و دەبرژێنرا .

**ئەستوورکە بەڕوون:** ئەستوورکی گەورەبوو لەسەرسێڵێ دادەندرا بەکەوچکی رۆنیان بەسەر دادەکرد.

**ئەستوورکە بەشەکر:** ئەستوورکەک بوو لەسەرسێڵێ شەکر و رۆنییان بەسەردادەکرد.

**ئەسـتوورکە بەئاردەسـاوار:** ئەسـتوورکەک بـوو بەئـاردی سـاواری تێکـەڵ بەئـاردی گەنمـی دروسـت دەکـرا و بەتەنـدووری وەدەنـرا و دەبرژێنـرا..

**ئەســتوورکە بەپەنیـر:** ئەســتوورکەک بــوو لەسەرســێڵێ بەگەرمــی پەنیرییـان لەنـاو دەکـرد.

**ئەسـتوورکە بەکونجـی:** ئەسـتوورکەکی گـەورەی سـەر سـێڵێ کونجییـان بەسـەردا روودەکـرد.

لەگەڵ ماست و پەنیر و لۆر و فرۆ و روونی مەڕی و هێلکەی مریشکی کوردی.

## • برنج چاندن

کاتـی خـۆی بـە هـۆی بوونـی کارێـز و کانیـاو ئـاوی جـۆگا لەهەنـدێ گونـدی دەشـتی هەولێـر برنـج چێنـراوە وەک لـە تـووڕەق و باغلومنـارە و تەنـدوورە و دهێمـات و سـەعداوە و عارەبکەنـد ، بـەڵام ئێسـتا لەبـەر کەمـی ئـاوی ژێـر زەوی لـە دەشـتی هەولێـر برنـج چانـدن نەمـاوە .

تۆ(دەنکـی) برنـج ٢-٣ رۆژ لەنـاو ئـاوێ دادەنـدرا واتـە دەخوسـێنرا ، ئینجـا لەچارۆگیـان دەکرد و یـەک لەنـاو زەوییەکـەی بـوو پێـی وەدەکرد جا چ بەهێل بووایـە یـان دوکان واتـە گـۆل ، زیاتریـش گـۆل بـوو ، کەتـۆی برنجەکـەی لـێ دەبـڕا ، ئەوانـی تـر بۆیـان دەهێنـا تـا شـوێنی چاندنەکـەی لـێ ون نەبـێ .

**برنج:**

هـەروەک گەنـم دروێنەدەکـرا بـەڵام کاتەکـەی جیـاواز بـووە چونکـە برنـج بەروبوومێکـی هاوینییـە لەکۆتایـی ئـادار دەچێنـرێ و لەسـەرەتای پایـز دەدروێتـەوە( تشـرینی یەکـەم ) کـە دەدروێتـەوە گوڵەکانـی سـوور دەبـن بـەڵام قـەد و لاسـکی سـەوزایەتی دەمێنـێ. بەشـەڵتەی دەیانهێنـاوە جۆخینـان.

برنـج بەبازنەیـی کۆدەکـراوە، هەتـا بەرزاییەکـی مەتـری پێـی دەگوتـرا ڕەنـدە، ، ئەمجـارە رەندەیەکـی تـر لەبـۆ دەرەوەی بازنەکـە دادەنـدرا بەمشـێوەیە برنجـە درواوەکـە دەکـرا چەنـد ڕەندەیـەک.

**گێرەی برنج :** بە کەر و ولاخی دەیان کوتا ، دەگوترا برنجەکە کوتراوە لەگوندی تووڕەق و دەوروبەری بەهاوینان برنج و کونجی و لۆکەش دەچێندرا.

**ڕەندە:** لەسەر جۆخینێ ئەو گیشە برنجە دروێنەکراوەنەیە کە بە بازنەیی کۆدەکرانەوە و تا گێرە بکرێ .

**جۆخین:** هەموو ڕەندەکان جۆخین پێک دەهێنن.

**کەردوو:** ئامێرێکە دەمێکی ئاسنی کەمێ پانە و چەماوەیە دوو دەسکی بەپەتی پێوە بەستراوە جۆگەی پێ دروست دەکرێ.

**بەرمەبرنج:** بەو برنجە دەگوترا کەدوای گێرەکردنی برنج و لادانی پووشە سووکەکان دەماوە.واتا قرشەی کوتراوی برنجە

**قوڕەبرنج:** بریتی بوو لەتێکردنی ئاو لەزەوییەکان ، تادەبووە قوڕ و لیتاو ، دوایی دەکرا گۆلە برنج و کەردووییان بۆ دەکرد.

**بەراو :** لەپاش قوڕە برنجی گاگەل زەوییەکەیان دەشێلا،بەتێرئاوی .

**قوناو :** بەو ئاوە دەگوترا کەلەهەموو دێراوەکان زیاد دەبوو دەهات لە لایەکی کۆدەبۆوە و شینایی پێ ئاو دەدرا .

**قونکە :** ئەو خاڵەی کە ئاوەکەی لە گۆشەیەکی لێ کۆدەبۆوە .

**دۆریخە :** بریتی بوو لەو جۆگە ئاوەی کە لە گۆلێک ئاو زیاد دەبوو بەودۆریخەیە (جۆگەیە)ئاویان بۆ گۆلەکەی دیکە دەنارد.

**جەوان :** بەوکەسانە دەگوترا کەئیشییان لەچاندن و پەروەردەکردن برنج دەکرد، وەک هاوبەش دەبوون، لە ٨ بەشان بەشەک لەبەرهەمەکەیان وەردەگرت.

**باشجەوان :** برا گەورەی جەوانان بوو ، واتە سەرپاڵەیان بوو.

## • دارودرختەکان:

**١- دارەبـەن:** درەختێکـی زۆر بـاوی چیاکانـی کوردسـتانە، لەقەرەچـوغ مـاوە تـا ئێسـتا لـە گەلـی ئازیکەنـد و بنـاری قەرەچـوغ ی لای گونـدی مەلاکاغـە و کەپەنـک رەشـی، لەبەهـار قـەزوان دەگـرێ و هەروەهـا لـە قـەدی درەختەکـەی دەتوانـرێ بنێشـت بەرهـەم بهێنـرێ.

**٢- دارهەنجیـر:** درەختێکـی گـەڵا هەڵوەریـوە لەخێزانـی لاسـتیکیەکانە ،بۆیـە قەدەکـەی توانـای نوشـتانەوە و سـوڕانی هەیـە ، بەرگـەی سـەرمای زسـتانی بەهێـز ناگرێـت ، بۆیـە چیـای قەرەچـوغ بـۆی گونجـاوە چونکـە زسـتانی سـارد نیـە و هاوینـی گەرمـە ، هەروەهـا پێویسـتی بەخاکـی لاوازی جیرِی هەیـە کـە کاربۆناتـی کالسـیومی تێدابـێ ، گەڵاکانـی گـەورە و زبـرن و لێوارەکانـی هەڵبـڕدراون ، بەرەکانـی لەکۆتایـی هاویـن و سـەرەتای پایـز پـێ دەگات ، گوڵەکانـی بەهـۆی مێرووەکـی تایبەتـەوە دەپیتێنـرێ .بەرِێـگای قەڵـەم و شـیلە و کوشـەکردن و موتربـە زۆر دەکـرێ .

**٣- شەواشـینک:** دەوەنێکـە لەچیـای قەرەچـوغ و چیاکانـی کوردسـتان هەیـە ـ بـاڵای ناگاتـە ٢ مەتـر ،بەهـۆی تـۆو بەجوداکردنـەوە زۆردەکرێـن کەمێـک بۆنـدارە ،قەدەکـەی سـەوز و لوولەییـە و باریکـە ،بـەڵام بەهێـزە، گەڵاکانـی وردن ، قـەد و گـەڵای لەلایـەن ئاژەڵانـەوە دەخورێـن و دەشسـووتێنرێن، لـە ئـادار تـا مانگـی ئایـار گـوڵ دەکات ، گوڵەکانـی سـپی یـان پەمەیەکـی کاڵـن، لـە حوزەیـران تـا ئـاب تـۆ دەگـرێ ، تۆوەکانـی دانـە دانـەن بەقـەد پەرسـیرەیەک دەبـن سـەرەتا بەرگیـان سـەوزە و نەرمـن دوایـی لەمانگـی تشـرینی یەکـەم توێکڵەکـە ڕەق و دەمـی دەکرێتـەوە تـۆوی دەخـورێ، بەبەرەکـەی دەگوتـرێ بەدەمچـە ، وەک باوییەکـی بچووکـە و تامـی تاڵە،خواردنـی بەسـوودە بـۆ هێنانەخـوارەوەی گوشـاری خوێـن و شـەکرەو چـەوری.

**٤ـ بەرالـووک: بەلالـوک:** دەوەنێکـی سروشـتی چیاکانـی کوردسـتانە بـەرزی هـەر ١-٢ م دەبـێ قەدەکانـی دڕکداریەکـی هەیـە گەڵاکانـی بچوکـن هێلکەییـن لێـوار مشـارین واتـە ددانـدارن ، هەروەهـا گەڵاهەڵوەریـون ، گوڵیـان سـپی ٥ کۆپەڕەیـە ، ناوەکـەی سـورێکی پەمبەییـە، لەبەهـار گـوڵ دەکات لـە هاوین و سـەرەتای پایز بـەر دەگرێ، بەرەکـەی سـەرەتا سـەوزە و خڕە هەندی لۆبیایـەک دەبێ ، دوایی رەنگی دەگۆردێ بۆ سوور و زەرد و رەش ناوەکـەی شـیرینە و دەخـورێ ، بەبەرەکـەی دەگوتـرێ حەلگـە

**٥ـ داری قەرەقـاج (دارکـەژۆک):** دارێکـی خۆڕسـکی پاقلەییـە، زۆر بـەرز نابێتـەوە، بۆنـی ناخۆشـە، ماڵاتیش گـەڵاو بەرەکـەی ناخـوات، بەرەکـەی وەک پاقلـە کەلووییـە، جـۆرە لۆکەکـی تێدایـە، ژن دەیرێسـن جـۆرە قوماشـێکی لـێ دروسـت دەکـرا پێیـان دەگـۆت کـەژۆک.

**٦ـ کفـر:** (تێـروو) دەوەنێکـی خۆڕسـکی ئاوییـە ، واتـە لـەزەوی نزیـک ئـاوەکان دەڕوێـت، زۆر بـەرز نابێـت، بۆنـی گرانـە ، بـەری هەیـە ماڵاتیـش نایخـوات، بـۆ سـووتان و هەراشـی سـەرخانی بەکاردێـت.

**٧ـگەز:** دارێکی جوانی گەڵاباریک و نووک تیژە، دارێکی بەتەمەنە لە لێواری زێ و زەوییـە شـێدارەکانی ناوچـە گەرمـەکان زۆر دەڕوێت، گەڵاکـەی بەتەڕیـش دەسـووتێ، ڕەگەکـەی زۆر بەقوڵایـی زەویـدا دەچێتـە خـوار، باڵای ١٠ ـ١٥ مەتـر دەبێت، بێجگـە لـە حوشـتر ئاژەڵـی دیکـە حـەز بـە خواردنـی ناکـەن.

## • لە ڕووەکە خۆڕسکەکانی ناوچەکە

**١ـ دۆمبـەران: دۆمبـەڵان:** جۆرێکـە لـە کـەڕوو، لەبەهـاران لـە ژێـر خـاک بەسروشـتی دەڕوێ ، بەتایبەتـی لـەزوورگ و تەلانـی ناوچـە گەرمیانیـەکان هەروەهـا لـە بیابـان ئەویـش لـەدوای بـاران باریـن بەبـڕی ١٥ سـم زیاتـر ، لەقەبـارە و رەنـگ جیـاوازن هەیانـە بەقـەد دەنکـە ترێیـەک دەبـن هەشـیانە

بەقەد پرتەقاڵێک دەبێ ، رەنگی لە نێوان سپی تا رەشە ، هی کوردستان رەنگیان قاوەیەکی مەیلەو خورماییە. دۆمبەڵان دەوڵەمەندە بەمادە خۆراکییەکانی وەک پرۆتین و کاربوهیدرات و چەوری و ڤیتامینات .

سوودی بۆ لەش زۆرە ئاوی دۆمبەڵان لەگەڵ کل تێکەڵ بکرێ لەناو چاو بکرێ چاو بەتین دەکات ، هەروەها ئاوەکەی بۆ نەخۆشی تراخۆما چاکە .

لەکوردستان دوای خاوێنکردنەوەی دۆمبەڵان بەجوانی دەکرێ ورد بکرێ و لە رۆن سووربکرێتەوە ، یان ورد بکرێ و لەگەڵ ساوار بکرێتە چێشت وەک ساوار بەدۆمبەڵان ، یان زەردبکرێ دوای وەک گۆشتاو لێبنرێ .

**٢. کوارگ (قارچک):** یەکێکە لەکەڕووە بەناوبانگەکان کە لەزۆربەی جیهان بڵاوە ، زیاد لە ٥٠٠٠ جۆری هەیە ، لەکوردستان چوار جۆری زۆر لێ بڵاوە ، دوو جۆریشی بۆ خواردن دەشێ . لەکۆتایی زستان و سەرەتای بەهار لەناوچە شێدارە و خاکە بەپیتەکان پەیدادەبن .

کوارگ ،لەقەدێکی کورت و کڵاوێک پێک دێت لەگەڵ دەزوولە کەڕوو کە کوارگەکە لەزەوی دەچەسپێنی ، خانەکانی بەدیوارەخانە دەورەدراوە، خانەکانی بەپێچەوانەی رووەک سەوزەپلاستیدی تێدانیە ، بۆیە لەجیهانی رووەکی ئەژمێرناکرێ ، بەڵکوو سەر بەجیهانی کەڕووەکانە ، ئەگەرچی وەک رووەک دەبێ لەخاک یان ناوەندێکی تایبەتی زۆربوون پەروەردەبکرێ ، مادام سەوزەپلاستیدی تێدانیە کەواتەناتوانێ خۆراک بۆخۆی دروست بکات ، بەڵکوو خۆراک لەمادە ئۆرگانیە شیبووەکان وەردەگرێ ، بەهۆی دەزوولە کەڕووەوە.کوارگ بەهۆی سپۆڕەوە زۆردەبێت کەلەسەر زۆرێک لە ریشووەکانی ژێرەوەی کڵاوە هەیە.

**٣. قوڕادە:** کەوەری کێوی، رووەکێکی گیاییە لە خێزانی زەنبەقیە ، لە خواردن لە پیاز نزیکە شێوەی لە کەوەریماڵی دەچێت ،لە زۆربەی وڵاتان خۆڕسک شین دەبێت ، لەکوردستان لە بەهاران لە دوای نەورۆز شین دەبێ تا کۆتایی

نیسان گوڵ دەگرێ گوڵەکانی سپی یان پەمبەی کاڵ ، ئەو مێش هەنگوینەی شیلەی گوڵی قوڕادە بکاتە هەنگوین هەنگوینەکەی بە بەها دەبێت تەنها ئەوە نەبێ تۆزێ لە خواردندا گەرم دەبێ و لە ژێر زەوی سەلک دەکات وەک پیاز بەڵام بچووکە، هەروەها یەک قەدی سەرەکی هەیە٦-٧ گەڵا هەڵدەگرێ کە گەڵاکان وەک کەوەر درێژو تۆزێ پانن ، گەڵاو قەد و سەلکی پیازەکەی دەخورێ ، کرمکوژ و هەرس ڕەوان و میزهێنەرەو بۆ کەم خوێنیش سوودی هەیە بەوەی خرۆکە سوورەکان زیاد و چالاک دەکات، لە ناو کوردەواری لە کۆنەوە قوڕادە لە گەڵ ساوار و تۆلکە ماست وەکوو سەوزە دەخورێ.

**٤- پیفۆک (پیشۆک):** رووەکێکی سروشتی پیازی خۆڕسکە لەزوورگ و تەلان و بەرزاییەکان شین دەبێ، لەمانگی شوبات تا ئادار گەشەی دەردەکەوێ، گەڵاکانی باریک و سەوزن و هێڵی سپی لەناوداهەیە وقەدیان پیازیە لەناوخاکدایە چینێکی ریشاڵی ڕەنگ زەردی خورمایی بەرەکە دادەپۆشێ ، رەگی ریشاڵیە ، بەرەکەی قەدێکی خڕە و سپیە و خواردنی خۆشە. لەناوەڕاستی پایز کۆمەڵێ گوڵی سپی لەشێوەی زەعفەران دەردەکات، بێ بۆنە.

بەرەکەی لەسەرەتای بەهار لەژێر زەوی پێ دەگات کەبەقەدی ژێر زەوی دادەنرێت، بەرێکی سپی شیرین و شیریە ، وەک پیاز بە شانەی تۆڕی رەنگ خورمایی داپۆشراوە ، ١٠-١٥ سم لەژێر زەویدادەبێت ، بە پیشەقان بەهاران مێرد منداڵ و کچان دەیکەن ،گەڵاکانی باریک و سەوزن لەسەر زەوین هێلی سپی باریکی تێدان ، لەپایزدا گوڵی سپی دەکات گوڵەکانی لەو پایزەدا لەدەشتی هەولێر لەزوورگ و تەلان و چیای قەرەچوغ کە وەرزی بێ گوڵییە ، ئەو رووەکە گوڵ دەکات بەڵام بۆنی زۆر نییە ، لەناو جووتیارانی دەشتی هەولێر وا باوە هەر کاتێک پیفۆک گوڵی کرد مامز (ئاسک)بێچووەکەی لەشیر دادەبڕێت.

**٥ـ قێزبەلـە:** رووەکێکـی سروشـتیە خۆڕسـک شـین دەبـێ لـەزوورگ و تـەلان و بەرزاییـەکان ، لەمانگی شوبات تا ئادار گەشـەی دەردەکـەوێ ، ٣-٤ گـەڵا ی هەیـە و گەڵاکانـی سـەوز و لێـوار مشـارین و لاسـکێک هەڵگرتـوون ، قەدیـان کورتـە و ڕەگـی گرۆییـە و پـاش سـپیکردن دەخـورێ و تامێکـی خۆشـی هەیـە ، زۆرکەسـیش هەیـە گەڵاکانیشـی پـاش بەئاوخاوێنکردنـەوە دەیخـۆن.

**٦ـ حوشترالوک:** لەخێزانی پاقلەییەکانە ، بەتەمەنە و قەدێکی باریکی هەیە گەڵاکانـی گـۆڕاون بـۆ درک ،گوڵیکـی بچوکـی پەمبـەی تـۆخ دەگرێـت، بـەرزی رووەکەکـە ٣٠ـ٤٠ سـم ، لەبەهـار لەسـەر کۆنـە ڕەگـی ژێـر زەوێ دووبـارە دەڕوێتـەوە لەهاویـن تاسـەرەتای پایـز گەشـەی دەبێـت ، دوای ئـەوە بـەرەو وشـک بـوون دەچێـت ، لەزسـتان قـەد و گـەڵای وشـک دەبێـت. حوشـتر بـە سـەوزی و وشـکی دەیخـوات، لەناوچـە گەرمـەکان زۆر دەڕوێت، مەڕومـاڵات نایخـوات ، کەوشـک بـۆوە بـۆ سـووتان بەکاردێـت . پێشـتر لـەرۆژە گەرمەکانـی هاویـن لەبـەر پەنجەرەیـان دادەنـاو ئاوییـان پێدادەکـرد ، کـە هـەوا لێـی دەدا وەک فێنککـەرەوە ژوورەکـەی کەمێـک فێنـک دەکـردەوە.

**٧ـ زەرەند:گوژاڵـک:** ڕووەکێکـی بەتەمەنـی خشـۆکە، قەدەکـەی هەتـا ٢م درێـژ دەبێـت، بەرەکـەی لـە شـێوەی کاڵەکێکـی بچووکـە ، بـەڵام زۆر تاڵـە ،لـە کۆتایـی هاویـن پـێ دەگات، لەزسـتان وشـک دەبێـت، گەڵاکانـی هێلکەیـی وسێگۆشـەییەو بـەش بەشـە، لەهاویـن وپایـز گـوڵ دەکات و گوڵـی ڕەنگیـان سـپی و زەردە. بۆ لـەوەڕ نابێـت ، بـەر و تۆوەکانیشـی تاڵـن بـۆ چارەسـەری نەخۆشـی شـەکرە دەخورێـت.

**٨ـ کاردی: کاردوو:** لەبەهـاران لـە زوورگ و چیـاو بەرزاییـەکان خۆڕسـک شـین دەبـێ ، باڵای کورتـە ، بنکی گرۆییـە ، قـەدی لەژێـر زەوییـە ، دووگـەڵای سـەوز لەسـەر زەوی دەردەچوێنـێ ، ئەوهـا بیخـۆی زۆر تیـژە زمـان دەبـڕێ

و دەسووتێنێ ، بەڵام دەیکوڵێنن و شەکری تێ دەکەن تیژییەکەی نامێنێ ، بەزەردکراوی دەخورێ ، لەگەڵ گەنمە کوتای لێ دەنرێ پێی دەڵێن گەنم بەکاردی ، تەرزی زۆر هەیە بەڵام هەندێ تەرزی ناخورێ.

**٩. کەنگر:** ڕووەکێکی خۆڕسکە و بەهاران لەچیاو زوورگ و بەرزایەکان شین دەبێ ، گەڵای دڕکاوین قەدی دەخورێ ، دەکرێتە چێشت ، وەک ساوار بەکەنگر ، کەنگر و رۆن ، کەنگر و هێلکە (کەنگر ماسی) تەنانەت شلەی کەنگریش لێ دەنرێ.کە تازە شین دەبێ ئاژەڵ دەیخوات ، بەڵام کەپیر دەبێت تەنانەت ئاژەڵیش نایخوات جگە لەگوێدرێژ نەبێ ، کەنگر کەپیر دەبێ پێی دەڵێن قەنگەراشک ، بۆ هیچ بەکار نایەت تەنها وەک هەراش نەبێ لەسەرووی خانوو دادەنرێ دوایی قوڕەپەستی دەکەن ، کەپیر بوو تۆو دەکات پێی دەرێن دەندەرۆشک (سی سی) ، تۆوەکەی وەک تۆخم (چەرەزات) دەخورێ و بەنرخیشە ، کەنگر سوودی بۆ تەندروستی مرۆڤ زۆرە و لای کورد بەخۆراکیکی خۆش و پەسند دانراوە.

**١٠. قەلۆغان (چاوبازە):** رووەکێکی وەرزی زستانەیە سەر بەخێزانی ئاوێتەییە ، رووەکێکی گەڵا پانە و زیاتر لەناو کێڵگەی گەنم و جۆ بەدەردەکەوێت ، بە تۆو زۆر دەبێ ،لەسەرەتای بەهار گەشەی بەدەردەکەوێ ، تا سەرەتای هاوین وشک دەبێ ، باڵای بەرزدەبێت ١٢٠-١٥٠ سم ، لەبنکەوە ٦-٨ لق دەردەکات ، گەڵاکانی سادەن و درێژکۆڵەن بەڵام هەڵپچڕاون ودڕکاوین بەقەد و گەڵاو گوڵەوە دڕکاوین ،قەدی سپی دەکرێ و دەخورێ ،گوڵەکەی بەرزدەبێتەوە بۆ لوتکە و ڕەنگێکی ئەرخەوانی هەیە دوایی هەر یەک گوڵ نزیکەی ١٠٠٠ تۆو دەگرێ و ساڵێکی تر لەگەڵ باران بارین و شێداری دەڕوێنەوە.

**١١. پەڕەسپیلکە:** ڕووەکێکی گیایی گەڵاباریکی زستانەیە ، لەخێزانی

گەنم و جۆیە، لەشێوەی قەد و گەڵایدا زۆر لە گەنم و جۆ دەچێت، لەناو کێڵگەی گەنم و جۆ زۆر دەڕوێت، ڕەگی ڕیشاڵییە و قەدێکی وەستاوی هەیە تا زیاتر لە مەترێک بەرزدەبێتەوەو گەڵای باریک و شریتییە ، لەناو کێڵگەی گەنم و جۆ وەک بژار دەردەکەوێت.

**١٢- پشیلۆکە:** ڕووەکێکی سروشتیە لە زۆربەی وڵاتان خۆڕسک شین دەبێت ، باڵاکەی ٣٠ سم دەبێ ،گەڵاکانی هەڵبڕاوە و کۆتایی گەڵاکەی وەک کەوانە ، گوڵەکەی زەردە و لە مانگی تەموز و ئاب گوڵ دەکات ، بەرەکەی شێوەیەکی خڕە و بە تووکێکی باریکی نەرم داپۆشیوە لەگەڵ با دەچێت بە ئاسماندا و پێی دەڵێن پشیلۆکە چونکە وەک تووکی پشیلە وایە ، کە تۆوەکەی هەڵگرتووە و بەو هۆیەشەوە تۆوەکە بڵاو دەبێتەوە . زیاتر لەدەو رووبار و جۆگان شین دەبێ .

**١٣- سلقۆکە:** بەهۆی تۆوە زۆر دەبێ ، بەخۆڕسک لە پێ دەشتەکانی کوردستان بەبەهاران دەڕوێ ، گەڵاکانی سەوزن ، نزیکەی ٤٠-٥٠سم بەرزدەبێتەوە، گوڵەکانی هێشووین ، تۆوەکانی وردن.

**١٤- تۆڵکە :** ڕووەکێکی گیایی بەهارییە لەخێزانی تۆڵکەییەکانە گەڵاو قەدە ناسکەکەی دەخورێت ، وەک چێشت بەساوار بەتۆڵەکە ، بەزەردکراوی، بە ڕۆنی. بەبرژاندن لەسەر سێڵ....

**١٥- لاولاوەی خۆڕسک**: ڕووەکێکی خشۆکە بەبەهاران لەپێ دەشت و زوورگ و چیاکان دەڕوێ ، بەهۆی تۆو زۆر دەبێ ، قەدەکەی باریکە تا ٣ م بەسەر زەویدا دەکشێ ، گەڵاکانی شێوەی دڵیان هەیە کۆتاییەکەی نووکی تیژە وەک ڕمە ، ، گوڵی سپی و پەمبەیی دەردەکات ، بێ بۆنە ، تۆوی لەناو کەبسول دایە ٢-٣ دەنکە تێدایە و ڕەنگی ڕەشە، هەر ڕووەکێک لەوانەیە ٢٠٠-٦٠٠ دەنکە تۆو بکات . تۆوەکانی توانای زیندوێتیان هەیە تاکوو ٢٠ ساڵ ، بەرگەی وشکی و بێ ئاوی دەگرێ .

**١٦. ســورناتک:** ڕووەکێکــی دەوەنــی خۆڕســکە لەکۆتایــی وەرزی بەهــار لەنــاو وەرد و شــۆییان شــین دەبــی ، ڕەنگــی قــەد و گەڵاکانــی ســووریکی خەنەییــە، گوڵێکــی زەردی بچــووک لــە مانگــی ٦–٨ دەگــرێ، لەســەرەتای تەمەنی ناسک و سوێرە ، مەڕومالآت دەیخۆن ، بەڵام خراپە چونکە سەر و چــاو و گوانــی مــەڕ هەمــوو دەکاتــە بریــن ، ئاژەڵەکــەش لــە حەژمەتــان دەوی لەنــاو برینەکــە دەنــاو دەیخورانــد و گەورەتــری دەکــرد. ، برینەکانــی شیری وشــک دەکات، خــاوەن مــەڕ بەخــوێ و کــەرە و تەنــی تیمــاری دەکات بــەڵام بەزەحمــەت چــاک دەبێتەجــار هەبــووە گوانیشــی نابــووت دەبــوو، ئــەو ســاڵی شــیری نەدەبــوو، شــوانی بــاش مەڕومالآتــی لەکاتــی تــازە شــینبوونی ســورناتک نەدەبــردە نــاو وەرد و شــۆیان و دووری دەخســتنەوە، هەروەهاســورناتک بــۆ ســووتان بەکاردەهێنــرێ .

**١٧. لغــور: گورۆکــە : چۆغــان :**ڕووەکێکــی خۆڕســکە لەچیــای قەرەچــوغ هەیــە ، نازانــم لەچیاکانــی تــر چــۆن هەیــە و بــە چ ناوێکــە، بــاڵای ١٥–٢٠ ســم دەبــێ، گوڵێکــی زەرد یــان شــینی بچووکــی بــێ بــۆن دەگــرێ، لەبەهــاران بەتۆپــەڵ گــوڵ دەگــرێ، قــەدی ژێــر زەوی هەیــە کەپێــی دەڵێــن گــرۆ، لەپەتاتــەی ئاســایی گەورەتــرە، قــەد و گەڵایــان وشــک دەکــردەوە و دەیانکوتــا لەســەرەندیان دەدا واتــە دەیانبێــژت ، وەک تایتــی بەکارییــان دەهێنــا بــۆ جــل شوشــتن. کەفــی دەکــرد و ئــاوە کەفاوەکــەی جۆبڕکــەی لەنــاو دەبــرد.

**١٨. ترشــۆکە:** ڕووەکێکــی بەتەمەنــی بــاڵا کورتــە ١٠–٤٠ ســم بەرزدەبــێ لــەدەو جۆگاو خاکــی شــێدار شــین دەبێت ،گەڵاکانــی پــان و ســەوز و ترشــن، نــاو گەڵاکــە بۆشــە و ئــاوی تێدا کۆدەبێتــەوە و ئاوەکــەی دەخورێتــەوەو تامــی ترشــێتی دەدات ، لــە مانگــی شــوبات تــا نیســان گــوڵ دەکات گوڵــی ســوورەو وەک پۆپیتــەی کەڵەبــاب تــۆوی تێدایــە لــەوەرزی بەهــار لەچیــاو بەرزاییــەکان خۆڕســک دەڕوێ و گــەڵاو قــەدە ناســکەکانی دەخورێت.بەســوودە بــۆ لــەش.

**١٩. حاجیلە : بابونج:** ڕووەکێکی گوڵداری خۆڕسکە لەسەرەتای بەهار لەزوورگ و تەلان و چیاو پێ دەشتەکان شین دەبی ، بالآی ٥٠-٨٠سم بەرز دەبێ ، گوڵێک دەگری کۆپەڕەکانی سپیین ، ناوەکەی زەردە ، بۆنی زۆر نییە، خەڵک بۆ زۆر کار سوودی لێ وەردەگرن ، گوڵەکەی کۆ دەکەنەوە و وشکی دەکەن یان بەتەڕی لەناو ئاوی دەکەن و دەیکوڵێنن ، دوایی دەیپارزنن ئاوەکە دەخۆنەوە بۆچارەسەری سک ئێشە باشە و ئافرەتان وەک شامپۆ سەری پێ دەشۆن پرچییان نەرم و خاو دەکاتەوە.

**٢٠. مسکارا:** ئەو رووەکە جۆرە پیازێکی سروشتییە لەسەرەتای بەهارلەچیاو دەشتەکانی کوردستان دەڕوێ ، لەچیای قەرەچوغ زۆرم دیوە و وێنەم گرتووە ، بەس ناوی کوردییەکەی نازانم ،خۆی پیازێکی زستانەیە رەنگی شین و سپی هەیە هەر ٢٥-٣٠سم بەرز دەبێتەوە. بۆ ئارایشگای ئافرەتان بەکاردێ.

**٢١. گوڵە خەزێمە:** گوڵێکی بەهاریە لەپێ دەشت و بەرزاییەکانی کوردستان خۆڕسک دەڕوێ ، لەخێزانی گوڵی هەمیشە بەهارەیە ، گوڵێکی زەردی بچووک دەکات .

**٢٢. گوڵە نەورۆز:** گوڵێکی سپییە و پیازی زستانەیە سەرەتای مانگی ئادار لەپێ دەشت و زوورگ و چیاکان دەروێ لەکوردستان بەرزییەکەی هەر ٥-١٠سم دەبێ ، گەڵاکانی درێژ و لووسە وەک گەڵای تیولب وایە ، گوڵی سپی و زەردی هەیە بەس سپییەکەی زۆر دەڕوێ و شەش گەڵای کۆپەڕەیی هەیە .

**٢٣. بڕەسۆرە:** ڕووەکێکی دەوەنییە تا زیاتر لەمەترێک بەرزدەبێتەوە ، دەکرێتە گەسک و لەناو لانکی منداڵییان دادەنا تا نەرمی بنوێنێ ، زوو ئاگر دەگرێت.

**٢٤. برا گەزە: گەزگەزۆک :** براگەزنە، زڕەگەزنە، زیزڕەگەزگەسک، رووەکێکی گیاییە و تا ٤٠ سم بەرز دەبێ ، گەڵاکانی دڕ و زبرن بۆ

پێســت هەســتیارە.

**٢٥. سوســن:** ڕووەکێکــی پیازیــی گوڵــدارە لــە کوردســتان، لــە بەهــاردا خۆڕسک شـین دەبێ، گوڵەکەی بۆنی کەمـە یـان نییـە، ڕەنگی وەنەوشـەییە. لەمـاڵان بـە پیازۆکـە دەچێنـرێ.

**٢٦. شـیر کەتـک:** ئـەو ڕووەکـە وەک گیایـە لەدەشـتی هەولێـر لـە نـاو وەردان لەسـەرەتای بەهـارێ، زۆر شین دەبێ ، کاتێ گەڵای لێ دەکەیتەوە یـان لقـی قـوت دەکەیـت ماددەیەکـی شـیری لـێ دەردەچێت.دەڵێـن بـۆ سـارێژبوونی برینـان باشـە.

**٢٧. هەپـۆک:** ڕووەکێکـی گوڵـدارە و هـەر ١٠ سـم بـەرز دەبێتـەوە ، لەبەهـار لەچیـای قەرەچـوغ شـین دەبـێ و گەڵاکانـی وەک زارگەزەویـن وگوڵـی وەنەوشـەیین لەشـێوەی هێشـوون و شـۆڕبوونەتەوە، بەرەکـەی وەک ترێیـە و دەخـورێ تامـی خۆشـە.

**٢٨. مێلاقە:لالـە: تیولـب:** ڕووەکێکی پیازیە لەچیاو بەرزاییەکانی کوردستان خۆڕسک شین دەبێ ، بـەرزی ٢٠-٣٠سم دەبێ ، بەهـاران لەمانگی ئادار گـوڵ دەکات، لەکوردسـتان زیاتـر گوڵەکانـی ڕەنگـی سـوورن بـەڵام زەردی پرتەقاڵیشـی هەیـە.

**٢٩. خڕنـووک:** ڕووەکێکـی پاقلەیـی تەمەنـدارە ، گەڵاکانـی دڕکـدارە و قـەدی پتـەوە و بەرێکـی لەشـێوەی گورچیلـە دەگـرێ، لەهاویـن مانگـی ٧-٩ بەردەگـرێ، بەبەرەکـەش دەگوتـرێ خڕنووک و دەخـورێ بـەڵام تفتـە ، گـەر بەرەکـە وشـک بـێ ئەویـش دەخـورێ و پێـی دەڵێـن مەحچەچـە. سـاڵانە لەشـوێنی خـۆی دەڕوێتـەوە.

**٣٠. قنجیلە:**(گیابرژێوە) لەبەهار شین دەبێت ، گەڵای وەک تەڕەتوولەیە ، دەخورێت.

**٣١. گیامامـزە:** لەبەهـاران شـین دەبێـت ، لەکاتـی دروێنـەی گەنـم و جـۆ گـوڵ دەکات گوڵەکـەی وەنەوشـەییە و بۆنـی خۆشـە لەنـاو شـیوی کفتـە دەکرێـت ، سـاڵانە لەسـەر ڕەگـی خـۆی دەڕوێتـەوە.

**٣٢- گۆگەم:** ڕووەکێکە زیاتر لەزەوی بەیار شین دەبێت، ، گوڵێکی زەرد دەگرێت، ڕەگەکەی گرۆییە و خڕ و ئەستوورە و بۆ سووتان دەبێت .

**٣٣- بزن ترێنە:** ڕووەکێکی پیازی بەهارییە لەکەوەر دەچێت ،

**٣٤- تالیشک:** (چەقچەق) ڕووەکێکی بەهارییە و گەڵای وەک خاسە و بەکاهووی کێوی دەچێت، گەڵاکەی باڵندە بەتایبەتی کەو زۆری دەخوات ، خواردنی گەڵاکەی بۆ مرۆڤیش باشە لەڕووی تەندروستییەوە.، ڕەگی تاڵیشک دەکرێتە قاوە و وەک قاوە دەخورێتەوە و تاڵە، کاتی خۆی پێش دۆزینەوەی قاوەی ئەسیوپی قاوەی تاڵیشکی کوردی بەناوبانگ بووە.

**٣٥- گۆرمزە:** ڕووەکێکی بەهارییە گەڵاکانی دڕکاوین ، گوڵی وەنەوشەیی دەگرێت ، وەک تۆڵکە دەکوڵێنرێت و دەخورێت.ساڵانە لەسەر ڕەگەکەی شین دەبێتەوە.

**٣٦- سێبسکۆکە:** ڕووەکێکی پیازی بەهارییە سێ گەڵا دەردەکات ، وەک گەڵای قوڕادەیە بەڵام کەمێک پانترە، دەخرێتە ناو شێوی ساوار و دەخورێت.

**٣٧- زارگەزەوی:** ڕووەکێکی بەهارییە و گرۆی هەیە وەک پەتاتەیە ، گرۆکەی لەقوڵایی زەوی دایە و دەخورێت ، گەڵاکانی ورد و باریکن .

**٣٨- شیلمشاق:** ڕووەکێکی بەهاری پیازییە گەڵای وەک قوڕادەیە و پانترە، دەخورێت.

**٣٩- غەردارە:** وەک تووڕۆکەو خەرتەلەیە بەڵام گەڵای پانترە و نێرکەکەی دەخورێت.

**٤٠- تووڕۆکە:**ڕووەکێکی بەهارییەو گەڵای وەک تووڕەو نێرک و گەڵاکەی دەخورێت

**٤١- قەمیش (قامیش):** ڕووەکێکی خۆڕسکی بەتەمەنی گەڵاباریکە ، قەدەکەی بەرزدەبێتەوە تا ٣ مەتر زیاتریش ، لەدەو رووبار و کانی و کەندە ئاوە پیسەکان شین دەبێت.

**دووتێبینی :**

١/ رووەکــی خۆڕســک لەوانەیــە لەهەنــدێ ناوچــەو شــوێنی دیکــەی نــاوی دیکــەی هەبــێ ، ئەمــن بــەو ناوانــە نووســیومن کــە لەبنــزاری دەشــتی هەولێــر گــۆ دەکــرێ.

٢/ ناوچــەی دەشــتی هەولێــر لــە رووی کــەش و هــەواوە بەگەرمییــان دادەنــرێ ، بۆیــە هەنــدێ گــوڵ و ڕووەک و دار و درەختــی تــر هــەن لەناوچــە شــاخاوی و فێنــک و ســاردەکان لێرەدا ناوییــان نەهاتــووە. چونکــە لەدەشــتی هەولێر نیــن، لێرەدا کۆتایی دەهێنم بە باسکردنی ڕووەکەکان، ئەوانــەی دیکە مــاون تەنهــا ناوییــان دەهێنــم ، چونکــە ڕەشنووســێکی خۆمــم لەبەردەســت دایــە دەمــەوێ رووەکــە خۆڕســکەکانی دەشــتی هەولێــر لــە دووتوێــی پەڕتوکێــک چــاپ بکــەم ، لێرەدا تەنهــا نــاوی هەندێکــی دیکــە دەنووســم ، چونکــە زۆرن.

کەبەر(شــەفەڵە) – جاتــرە – بۆنخۆشــکە – شــەکرۆکە – برایــم بۆگەنــی – بەیبــوون – پاقلەمارانــە – تەقتەقۆکــە ، جۆویلکــە – گەنمۆکــە – گیاگەنمــە – چــەودەر – کەرخنکێنــە – پووشەســۆرە – چەورۆکــە – دۆبەســەرە – دڕکــە زەردە – ددانەســە ـ دانەقەتــێ – خەرتەلــە – کوریکــەزەردە – گیــا خــەزەر۔ شــاپڕ – سۆتکە – ســوارەدڕە – ســەعاتۆکە – ڕازیانــە– قاپشــینکە – شاترەشــینە– قونجڕکــە – کرتــی– کنێــرە –کەربەشــە– کەربەســە ـ کــوزەرە– گلێخــە – مقەســۆکە –گورەنیســان– گیاحوســێنە –گاگــرۆ – گیــا قەنەفــرە – گــێ بەلــە– گــێ بەرخــە– گیارەکێــش – گورەخەزێمــە – هێــرۆ– هەرەباچکــە – هەپــۆک، گیاخــوری – کەپرۆکــە– گیاپەنیرۆکــە– گیادۆغــەوا– گیاقەیتــەران –زەل – گــورە مــرۆر– –قەپقەپــۆک ـ نووســەنەک – دڕکەســە– گیاگورگــە – فریــز – داروجــان – گیاخنکێنــە – زیــوان– رەش ڕەشــۆک – مێکــووک – کلکەپشــیلە– ســێپەڕە – رپینــە – خەرتــان.

## • هەندێ ئامرازی پەیوەند بە کشتوکاڵ

**خاکەنـاس:** (خاکەنـاز) (بێـڵ) ئامرازێکـی ئاسـنی پتـەوی سێگۆشـەیە دەوەکـەی تیـژە و کونێکی هەیـە دەسـکێکی تێدەخرێـت دەسـکەکە زیـاد لـە مەتـر و نیوێـک دەبێـت ، خاکەنـاز بـۆ هەڵکەندنـی زەوی نەرمـان و جۆگـە کـردن بەکاردێـت.

**پێمـەڕە:** پارچـە ئاسنێکی پتـەوی نـووک تیـژە شـێوەی لەخاکەنـاز نزیکـە ، بـەڵام شـێوەی سێگۆشـەیەکی نـووک تیـژە ، دەسـکێکی درێـژی وەک دەسـکە خاکەنـازی پێوەیـە و دارێکـی کونـی پێوەیـە بـۆ پـێ گیرکـردن ، زەوی پـێ هەڵدەکەندرێـت.

**ئەسـپەرە:** پارچـە دارێکـی ٥ سـم پـان دەبێـت لـە پێمـەڕە دەخرێـت ، پێـی لەسـەر دادەنرێـت تـا زیاتـر زەوی بەقوڵـی بکێڵێـت.

**قەزمە:قازمـە: پـاچ :** ئامرازێکـی ئاسـنی پتـەوی دووسـەرە سـەرێکی پـان و تیـژە ، سـەرەکەی دیکـەی باریـک و تیـژە نزیکـەی ٥٠تـا٦٠ سـم درێـژ دەبێ لەناوەڕاستی کونێکی تێدایە دەسکە دارێکی پتەوی تێ دەخرێت. بۆ هەڵکەندنـی زەوی رەقـەڵان بەکاردێـت.

**قورینـگ: قوڵینـگ:** ئامرازێکـی تـری زەوی هەڵکەندنـە بـۆ بیرلێـدان بـەکار دێت سـەرێکی پانـە و سـەرێکی تـری زۆر تیـژ و پتـەوە لەشـێوەی قەزمەیـە بـەڵام زۆر بچووکتـرە.

**تەوشـی: تەپشی:تەشـوێ:** ئاسنێکی پتـەوی دەو تیـژە ١٢.١٠سـم درێـژە و ٥ سـم پـان دەبێـت کونێکی هەیـە دەسـکی تێـوە دەخرێـت دەسـکەکەی ١٥ سـم درێـژ دەبێ بـۆ بـژار و بنکۆڵکـردن بەکاردێـت.

**تـەور:** ئامرازێکـی دار بڕەوەیـە، دەوێکـی ئاسـنی پتـەو و تیـژی هەیـە دەسـکێکی داری پێوەیـە.

**تـەورداس:** ئامرازێکـی ئاسـنی پتـەوە دەسکەکەشـی ئاسـنە و دەوەکـەی

نیمچەکەوانەییــە و تیــژە بــۆ دار بڕینــەوە بەکاردێــت.

**بژاربــڕ:** پارچــە ئاســنێکی پتــەوی دەم تیــژە ٥ســم پــان دەبــێ ، ســەرێکی وەک کلکــە و دەچێتــە نــاو دەســکەدارێکەوە ، ســەرەکەی تــری پــان و تیــژە گیــای پــێ بــژار دەکــرێ و زەوی پــێ بنکــۆڵ دەکرێــت.

**قــاو:** بریتــی بــوو لەپارچــە پەڕۆیەکــی کــۆن دەیانخســتە نــاو ئــاوی مشــکی (خۆڵەمێش) دوایــی وشــکییان دەکــردەوە کاتێــک تroوســکەی چــەرخ یــان ئاگــری پــێ بکەوتایــە، یەکســەر ئاگــری دەگــرت و بــەکار دەهــات بــۆ کردنــەوەی ئاگــری گــەورە.

**ســیرمە:** چەرمــی چێڵ و گا وشــک دەکــراوە و دوایــی بــۆ قایــش و بنچنــی کڵاش و کورتانــی وڵاخ و بــۆ قایمکردنــی نووکــە شــەنە بەکاردەهــات.

ئــەو ئامرازانــە کاتــی خــۆی زیاتــر دۆمــەکان دروســتییان دەکــرد و بەنــاو گونــد و شــارۆچکەکان دا دەیانگێــڕا و دەیانفرۆشــت.

**ســـەرەند:** ئامرازێکــی خــڕی شــێوەی وەک تەشــت بــوو لێوارەکــەی چەماوەتــەوە و بەیــەک گەینــراون و زیاتــر لەدارســێو دروســت دەکــرا، ناوەندەکــەی لــەداوی پێســتە دروســت دەکرا وەک تــۆڕی کونیلــەدار کونــەکان درشــت بــوو، ئــەو جــۆرە ئامــرازە بــۆ بێژتنــی بەردوچکــە لــە دانەوێڵــەی وەک گەنــم و جــۆ ، بەردووچکــەکان لەکۆتایــی لەنــاو ســەرەندەکان دەمانــەوە و دەنکــە گەنمەکانیــش دەچوونــە خــوارەوە

**بێژینگ:** کونیلەکانی نیو بە قەد سەرەندە بۆ جوداکردنەوە و خاوێنکردنەوەی گەنم و جۆ و دانەوێڵەی لەو شێوەیە لە وردە دانەویلەو خۆڵ.

**هێــرەگ** :(هێڵــەگ) وەک بێژینــگ وایــە بــەس کونیلەکانــی زۆر لــە بێژینــگ بچووکتــرە ، خۆشــی بچووکتــرە و لەتــۆڕی تەلــدار دروســت دەکرێــت. بــۆ بێشــتنی ئــاردی ئاســایی بــەکاردێ تــا هــەر شــتی نامــۆ لەنــاو ئاردەکەبــێ جودابکرێتــەوە.

**تافتــە :** وەک هێڵەگــە ، بــەس کونەکانــی زۆر بچووکــە لــە قوماشــێکی کــون کونــی ورد دروســت دەکــرێ ، بــۆ بێشــتنی ئــارد دەبــی کەکاتــێ کــرم و ئەســپێ لێــی دابــێ و بــۆ ســپیکردنیش دەبــێ کەپــەک دەگێڕێتــەوە.

**گێشــکە:** بریتییــە لەکــرداری خاوێنکردنــەوەی گەنــم و جــۆ و ســاوار لــەو پــووش و کا و کۆتــەی کەلەنــاوی دایــە بــە هــۆی بێژینــگ. کــە بەجوولــەی نیــو بازنەیــی دەبێــت بەهــۆی دەســتەوە، لەئەنجامــدا شــتە ســووکەکان ســەردەکەون بەدەســت فــڕێ دەدرێــن.

**تەتەرەکــردن:** بەکــرداری جوداکردنــەوەی بەردوچکــە لــە گەنــم و جــۆ دەگووتــرا.

**خاپــەرۆک:** پاشــماوەی وردی جۆخینییــە ، کــە لــە کاتــی ســەرەندکردن لەنــاوی دەمــاوە.

**ســەرکۆت:** بــەو کاو کۆتــەی دەگوتــرا لــە کاتــی لــە بێژینگــدان ، دەکەوێتــە لای ســەرەوە.

**سەرهێر:** بەو بڕووشە دەگووترێت کە بەهۆی دەستاڕەوە لێ دەکرا.

**دانــوو:** بریتییــە لەگەنمــی درشــتی وەک ڕەشــگوڵ کــەدوای خاوێنکردنــەوە و شووشــتن بەئــاوی خاوێــن لەنــاو مەنجەڵــی گــەورە دادەنــرا و بڕێکــی بــاش ئاوییــان تــێ دەکرد و ئینجا دەکوڵێنرا ، دوایی لەســەر بان ، قوماشــی گەورەیان ڕادەخســت و گەنمــە کوڵاوەکەیــان هەڵدەڕشــت و هەڵدەخســت بــۆ مــاوەی چەنــد ڕۆژێــک تاکــوو تــەواو ڕەق دەبــوو ، رۆژانــەش چەنــد جــار ئافرەتــان دەســتیان لەنــاو گەنمــە کوڵاوەکــە دەگێڕا و ســەرەو بنییــان دەکــرد، تاهەمــوو بــەر هەتــاو بکەون.دانــوو زیاتــر لەهاوینــان و ســەرەتای پایــز دەکوڵێنــرا ، هەمــوو گوندەکانــی دەشــتی هەولێــر ســاڵانە لەهاویــن بەشــە گەنمــی خۆیــان دەکــردە دانــوو، تــا ســاوار و هەڕشــتە و پیرخەنییــان هەبــێ. دانــوو دوایــی ئــەوەی تــەواو دەکوڵا ، منداڵانــی گــەڕەک جــام و قاپییــان دەبــرد بەشــی خۆیــان

لـە ئافرەتـە دانـوو کولێنەکـە وەردەگـرت ، ماڵەکـە خۆشـییان تـا دانووەکـە ڕەق دەبـوو ڕۆژانـە لێیـان دەخـوارد ئەویـش لەنـاو قاپییـان دەکـرد و خوێیـان پـێ دادەکـرد و بەچـای دەیانخـوارد وەک بەرچایـی یـان وەک ژەمێکـی خـواردن.

**موشـتاخ :** پارچـە عەردێکـی ٥×٥ م جـوان بەقوڕێکـی سـۆری پـڕکای گەنـم سـواقی دەدەن گەنمـی کـوڵای سـاواری لەسـەر هەڵدەخـەن تـا وشـک ببێتـەوە ، دوایـش کـە کـرا بەسـاوار دیسـان ساوارەکەی لەسـەر هەڵدێخـن .

**دەسـتاڕ:** دوو بـەردی بازنەیـی پـان بـوو یەکیـان بندەسـتاڕ بـوو ئـەوی دیکـە سەردەسـتاڕ، سەردەسـتاڕ لەسـەر بـن دەسـتاڕ دادەنـدرا ناوەنـدی سەردەستاڕ کونێکی بازنەیی تێدابـوو بـۆ ئـەوەی گەنمی کـوڵاوی (دانـوو) ی تێبکـەن .هەروەهـا سەردەسـتاڕ دەسـکێکی داری لـۆ دروسـتکرابوو پێیـان دەگـوت دەسکەدەسـتاڕ ، بەهـۆی ئـەو دەسـکەوە سەردەسـتاڕیان دەسـوڕاند لەئەنجامـدا گەنمەکـە ورد دەبـوو ، دەبـووە سـاوار . ئافرەتـان ئـەو کارەیـان ئەنجـام دەدا.

**جۆنـی:** بەردێکـی گـەورەی چیایـی بـوو لەشـێوە خـڕ یـان چوارگۆشـەبوو بەرزیەکـەی ٤٠-٥٠سـم دەبـوو و پانییەکەی٤٠سـم دەبـوو، ناوەڕاسـتی قـوڵ دەکرا بە ٢٠-٣٠سم.

**دەسـکەجۆنی :** بەردەزوورگەکـی شـێوە لوولەیـی بـوو ٣٠-٤٠ سـم درێـژ دەبـوو بـەکار دەهـات بـۆ کوتانـی گەنـم .

جۆنـی کاتـی خـۆی لەگونـدەکان لـە زۆربـەی ماڵـەکان هەبـوو ، لەلایـەن ئافرەتانـەوە بەکاردەهـات بـۆ کوتانـی گەنمـی تـەرز درشـت تـا ببێتـە گەنمەکوتـراو (گەنمەکوتـا)، ئەویـش بەتێکردنـی چەنگێـک لەگەنمەکـە و ئینجـا ئـاو تێکردنـی لـە قۆڵتەکـە بەشـێوەیەک گەنمەکـە تـەواو شـێداربێ، بـەوەش قەپێلکـی (توێکڵی)گەنمەکـە لـێ دەبـۆوەو دەبـووە گەنمەکوتـاو، هەروەهـا بـۆ برنجیـش بەکاردەهـات .

**تەنـدوور :** بەشـێوەیەکی بازنەیـی لوولەیـی لەقـوڕ دروسـت دەکـرا

بـەرزی مەترێـک یـان زیاتـر بـوو ،بـۆ برژاندنـی ئەسـتوورکە بەتەنـدوور، هـی دەشـتی هەولێـر تەنـدوور لەسـەر زەوی بـوو.

**ئـاون (هـاون):** ئاسـنێکی خـڕی درێژکۆلانـەی لوولەکـی بـوو ، نـاوی چـاڵ بـوو بیبـەر و تـۆی بچووکـی لەنـاو دەکوتـرا .

**دەسـکەهاون:** دەسـکە ئاسـنێکی لوولەیـی درێژکۆڵەبـوو ١٥ سـم درێـژ دەبـوو ، شـتی پـێ دەکوتـرا.

**سـەبەتە:** لـە قەسـەری گەنـم و جـۆی دروسـت دەکـرا بەنایلـۆن دەیـان پێچـاوە و شـێوەکی بازنەیـی دروسـت دەکـرا بـۆ نـان لەسـەر دانـان، یـان بەشـێوەی بەلـەم دروسـت دەکـرا بـۆ منـداڵ لەنـاو دانـان.

- **چەند زاراوەیەکی دیکە پەیوەست بەبەرهەمی رووەکی**

**ئاومـارک: ئاومـاڵک :** ئـەو پـووش و پەڵاشـەی ئـاوی جۆگـە و بـاران هێنابـی و خسـتبییە لایەکییـەوە.

**ئاوگـەز:** بـەو میـوە دەگوترێـت کەلەنـاو بـاردا گوشـرابێ و لایەکـی بۆگـەن ببێـت.

**جۆمـار: جۆمـارک: جۆمـاڵ:** خاوێنکردنـەوەی جۆگـەی ئاودێـری کەبـۆ کشـتوکاڵ بەکاردەهێنرێـت.

**کارک: کاڵـک :** میـوەی پێنەگەیشـتوو وەک دەڵێـن کارکـە تەماتـە ، کارکـە گنـدۆرە...

**خرچە:** جۆرێک بووە لە گندۆرە.

**باتسکە:** جۆرە هەنجیرەکی خراپە.

**باقۆ:** هەنجیـر کەتـازە بـەر دەگریـت ، دوایـی پێـی دەڵێـن کارکـە هەنجیـر ، کەتـەواو پێگەیشـت پێـی دەڵێـن هەنجیـری پێگەیـی.

**پاسـکە:** بـەو چاڵـە دەگوترێـت کـە بیسـتانەوان لەنـاو بیسـتانەکەی لێـی دەدات و خـۆی تێـدا دەشـارتەوە تـا بیسـتانەکەی بپارێـزی.

**ڕەوگە:** ئەو هەنجیرانەی زوو پێ دەگەن

**ڕشانەوە:** ترێ کاتەک گوڵ دەکات بەردەگرێ بەرەکەی زۆر وردە.

**پەسیرە:** بەرسیلە: بەری ترێ کاتی گۆشتەنی دەبێت بەڵام مزرو ترشە.

**وشی:**هێشوو

**زڕ: زڕەدار:** داری بەرنەگرتوو ، توو هەیە بەرناگرێ بەس سێبەری هەیە.

**خەڕەک:** دەرهێنانی تۆوی لۆکە

**بەلەچک:** گندۆرە دەکرا دوو پارچە وشک دەکراوە و لەزستان لەئاوێ دەکراوە و دەخورا

**شارۆخ:** تەرزێکی تەرۆزییە و گەورەترە لە تەرۆزی ئاسایی.

**کالیار:** تەرزێکی دیکەی تەرۆزییە ، بەس زۆر گەورە و درێژە،درێژیەکەی بۆ نیو مەتر زیاتر دەڕوات.

**دێراو:** جۆگەی ئاو ئەو جۆگانەی ڕوووەکییان لێ دەچێنرێت.

**دەستەک:** بەچوار پێنج دێراوان دەگوترێت دەستەک.

**بەرەجۆ:** بە ٣-٥ دەستەکان دەگوترێت بەرەجۆ.

**قالۆر:قاتۆر:** وشکەبووی نێرکە گیا دڕکاوییەکانە وەک کەنگر و کەربەشە و شەکرۆکە

**قەنگەلاشک (قەلقەلاشک):** بەو دڕک و دارانە دەڵێن کە کاتێ با دەیانهێنێ تێک دەئاڵێن و غلۆرییان دەکاتەوە.

**ڕنک:** نێرکی کەنگر لەبەهار پیر دەبێ و لەهاوین وشک دەبێ.

**دەندەرۆشک:** تۆی کەنگر




www.zorava-sat.com


PHOTO
KURDSAT


پەیجی
عباس نادر
دەستاڕ


جۆنی
جۆنی :
بەردێکی شێوە خڕ یان چوارگۆشەیی بوو پانیەکەی 50 سم دەبوو . بەرزیەکەشی 50سم دەبوو ، لەلای سەرووی لە ناوەڕاستیدا چاڵێک لە بەردەکە دەکرا بەقوڵی 30-35سم ، بە پانی 20-25 سم .
دەسکەجۆنی :
بەردەزورگێکی درێژو لووس کە درێژی مەکەی 30-40سم دەبوو هەردووسەری بارێکو مەیلەوتیژە.
جۆنی بەکاردەهێنرا بۆ کوتانت گەنم کەوەک گەنمە کوتاو ، کەلوایی بۆ خواردن بە چێشت لێنان سوودی لێوەردەگیرا ، ئەویش بەهۆی تێکردنی گەنمی تەرز درشت وەک ڕەشگۆڵ لەناو چاڵی جۆنیەکەو ئینجا شێدارکردنی گەنمەکە بەوەی هەندێ ئاوی پێدا بپرژێنرێ دوای بۆماوەی چەند دەقەیەک بکوترێ بەدەسکە جۆنیەکە تا گەنمەکە توێکڵی هەڵدەدا و توزێ لەقەبارەدا هەڵدەئاوسێ دوای دەری دەهێنن و وشکی دەکەنەوە بۆ چێشت لێنانی وەک گەنم بەکاردێ و یان گەنمەکوتاو وەک پڵاو بەکاردەهێنرێ .
جۆنی
دەسکە جۆنی
https://www.facebook.com/abassh21




قیزبەلە
پەیجی عەباس نادر


قەلوغان
By : Abas Nadr








پیفۆك
Agricultural page
Abbas Nadr








بەلالوک





# بەشی شەشەم
# ئاژەڵداری و پەڕەوڵ

## • کۆریتی مریشک و هەڵهێنانی جووجکەی خۆماڵی

لــە کۆنــەوە لەگوندەکانــی کوردســتان مریشــک بەخێــو دەکــەن، مریشــکی خۆماڵــی هەیــە کــە کوردیــە جۆرەهــای هەیــە وەک مریشــکی مــل رووت (ئەلمــۆدە)و جاقــی و مریشــکە گڤــە و مریشــکە قونــدە و پــێ بەکــورک و ســەربەپۆپیتە.... مریشــک لەکوردەواری ســەرەتا کــورک دەبــێ هێلکــەی بــۆ کۆدەکرێتــەوە، دەبــێ ئــەو هێلکانــە پیتێنراوبــن توانــای هەیــە (١٢ـ ١٥) هێلکــەی لەبــن بێــت، ئیتــر لــەژووری کادیــن یــان کۆڵیــت کــە تایبــەت بەمریشــکە، دادەنرێتــەوە ٢١ رۆژ کڕدەکەوێــت لەســەر هێلکــەکان لــەدوای ٢٠ یــان ٢١ ڕۆژان هێلکــەکان دەتروکێــن جووجکــەی جــوان هەڵدەهێنــن، هەمــوو باڵندەیــەک کەســەرەتا دێتــە ژیانــەوە جوان نیــە دوایی جوان دەبێت، بــەڵام جووجکــە مریشــک هــەر ســاتی هاتنــەدەرەوەی لــە هێلکــە جوانــن. جووجکــە مریشــک تــا ١ مانــگ لەژێــر چاودێــری دایکیــان دەبــن دوایــی بــەرە بــەرە خۆیــان سەربەســت دەکــەن، لــە ٢ـ٤ مانگــی پێــی دەڵێــن فــرۆج، دوایــی ٤ـ٦ مانگــی پێــی دەڵێــن باڕکــە لــەدوای ٦ مانگــی ئەگــەر ڕەگــەزی مــێ بــوو پێــی دەڵێــن مریشــک ئەگــەر نێریــش بووپێــی دەڵێــن کەڵەبــاب (کەڵەشــێر) لــە ٢ســاڵ بەســەرەوە بەمریشــک دەڵێــن ســەرەمر، واتــە کاتــی هاتــووە ســەری مرداربکەیــەوە، یاخــود بەمانــای مریشــکەکە گەورەیــە.

مریشـک لەنـاو کۆڵێت و لەخانـووی کادیـن و شـوێنی نـەرم هێلکـە دەکات، هەنــدێ مریشــک دەبــێ هێلکەیەکــی بــۆ دابنێــی تــا لەگــەڵ ئــەو هێلکەیــە ببینــێ لەســەری کڕدەکــەوێ و هێلکەیەکــی دیکــە دەکات، بــەو هێلکەیــەی بــۆی دادەنێــن یــان ســەلکە پیــازی بۆدادەنێــن پێــی دەڵێــن ڕاوکــە.

جار هەیە مریشک هێلکەی لەماڵی تر لەشوێنی تر دەکات دەڵێن ئەو مریشکە هێلکەی دەدۆڕێنێ و پەسند نییە.

هێلکەی دەڵەمە: توێکڵەکەی نەرم بوو

هێلکەی دووزەردێنە:هێلکەی گەورەبوو دوو زەردێنەی هەبوو

پرپۆرە: ئارد و ئاو تۆزەک بەخەستی تێکەل دەکران دوایی دەدرایە جووجکە.

## • ڕێگاکانی نێچیرگرتن

**فاق:** جۆرە تەڵەیەک بوو بۆ گرتنی کێشکە و باڵندەی بچووک بەکار دەهات.

**تەرە: تەڵە:** ئامرازێکە بۆ گرتنی ئاژەڵی کێوی بەکاردێ، وەک ڕێوی گورگ و ورچ.

**هەرکەو:** تاشەبەردێکی چیایە ناوەڕاستی چاڵە جا چ بە سروشتی یاخود بەدەستکرد، ئاوی بارانی تێدا کۆدەبێتەوە، پەلەوەر و ئاژەڵی کێوی،تەنانەت شوان و ڕێبواریش ئاوی لێ دەخۆنەوە. ڕاوچییەکان خۆیان لەنزیک هەرکەو مەڵاس دەدا، هەرکاتێ ئاژەڵی وەک مامزی بهاتابوونایە سەر ئاوەکە تەقەیان لێدەکردن.

**نالچە:** غەرەک بوو لەبەردی دروست دەکرا، لەنزیک هەرکەو، بۆ خۆ مەڵاس دانی ڕاوچیی تا هەرکاتێ باڵندە و ئاژەڵە کیوییەکان هاتنە سەر هەرکەو ئەوان نیشانییان لێ بگرن وبیانکوژن.

**تۆڕ:** لەمووی بزن دروست دەکرا وەک شەڵتە بوو بەس کونی زۆر بچووکتربوو باڵندەی لێ دەرنەدەهات، باڵندەی وەک ریشۆڵەی پێ دەگیرا.

**داو:** داوە بەنی ئاسایی بۆ گرتنی قەتێ زۆر بەکار دەهات. بەداوی کلکی بارگیریش دەکرا چونکە زۆر بەهێز بوو، سێ داری ڕەنگ خۆڵاوی

لەســەر هێلانەکــە وەک سێگۆشــەیەک دەچەقێنــرا، کــە بــەرزی دارەکان ١٠-١٥ ســم بــێ، ئینجــا داوە بەنەکــە کــە دەبوایــە ڕەنگــی خاکــی بــێ لــەدەوری دارەکان دەئاڵێنــدران، ســەرێکی دەکــرا قوڵفانگــە، ســەرە بەنەکــەی تــری بەنــاو دادەچــوو، بەجۆرێــک تونــد بــەدارەکان وەبنووســایە، ئینجــا ســەرە درێژەکــە دەبــردرا لــە دووری نیــو مەتــر لــە کەســتەکێک دەبەســترا، کاتــی قەتێیەکــە دەهاتــە ســەر هێلانەکــەی کەســەکە لــەدوورەوە یــان بەیانــی زووەکــەی دەهــات دەنگــی لەقەتێیەکــە دەدا هەتــا لەنــاکاو بفــڕێ، یەکســەر یــان ملــی یــان باڵــی پێوەدەبــوو، قەتێــش هەبــوو وریابــوو، لەهێلانەکــەی دووردەکەوتــەوە ئینجــا دەفــڕی.

**تەپکــە:** چاڵێــک دەکــرا و دانــی لەنــاو دادەنــدرا و بەردێکــی پــان و تەنکــی بــە نیمچــە کراوەیــی لەســەر دادەنــدرا، بەدارێکــی باریــک بــە نیمچــە دەم کراوەیــی، داوێــک لــە دارە باریکەکــە دەبەســترا، زیاتــر بــۆ سووســکە دەکــرا هەرکاتێــک سووســکەکە بــۆ دانەکــە بچووبووایــە نــاو چاڵەکــە داوەکەیــان ڕادەکیشــا بەردەکــە بەردەبــۆوە و ســەری چاڵەکــەی دادەخســت و سوێســکەکە دەگیــرا.

**قانگــدان:** زیاتــر بــۆ گرتنــی ڕێــوی بەکاردەهــات، کەڕێوییەکــە دەچــووە نــاو کونــە شــاخەوە، کونەکەیــان پــڕ دەکــرد لەقەســەڵ و داروچکــە و ئاگرییــان تــێ بــەردەدا و دووکــەڵ پەیدادەبــوو، تەنگــی بــە ڕێوییەکــە دەنــا لەبــەر تەنگەنەفەســی ناچــار دەبــوو لەکونەکــەی بێتــە دەرەوە، بەمــەش راوچییەکــە پێشــتر خــۆی مــەڵاس دەبــوو و دەیگــرت یــان تانجییەکــەی تــێ بــەردەدا.

دار لاســتیکیش بــۆ کوشــتنی باڵنــدە بــەکار دەهــات، هەروەهــا ســاچمەش (تاپــڕ)، جگــە لەبەکارهێنانــی تــاژی (تانجی)بــۆ گرتنــی کەروێشــک، بــاز بــۆ گرتنــی کەروێشــک و مامــز و ئاژەڵــی دیکــە.

## • زاراوەکانی پەیوەند بە وڵاخی بەرزە

**ئەسپ:** دایکی ماینەو باوکی ئەسپە، رەگەزی نێرە، لەدوای ٣ ساڵیەوە پێی دەگوترێ ئەسپ. بۆ غارغارێن و سوارچاکی بەکاردێت.

**ماین:** دایکی ماینە و باوکی ئەسپە، رەگەزی مێیە، لە تەمەنی دوای ٣ ساڵیەوە پێی دەگوترێ ماین، دوای چاککردن بە ١٢ مانگ دەزێ،بۆ غارغارێن و سوارچاکی بەکاردێت.

**جوانە ماین:** کەلەدایکی بوو هەتا ساڵ دەسووڕێتەوە، رەگەزەکەی مێیە.

**جوانە ئەسپ:** کەلەدایکی بوو (ماین) هەتا ساڵ دەسووڕێتەوە، رەگەزەکەی نێرە.

**یێختە:** ئەگەر ئەسپ رەسەن نەبوو دەماری نێرایەتی دەپسێنن تاکوو توانای پەڕینی نەبێ و بۆکاری بارهەڵگری بەکاری دەهێنن..

**بارگین: بارگیر:** ئەو ئەسپەی بۆ کاروبار و بارکردن بەکاریان هێناوە، ڕەسەن نەبێ دەیانخەساند و بۆ بار هەڵگرتن بەکارییان دەهێنا.

**باربەر:**هێستر و بارگین وکەر کە بارییان لێ باربکرێت. تەمەنییان لە ٤ ساڵ و زیاترە.

**بەرە:** ئەو قایشە بەگەز و گوڵینگەی کە لە بن گەردەنی وڵاغی سواری لەگەڵ زین دەبەسترێت.

**پارۆ:پاروو:** ئەو قایشەی لەپاشەڵی کەر و ئێستر دەسووڕێتەوە و کورتانی پێ ڕادەگیرێ.

**پاش ئاخوڕ:** پاشماوەی ئالیکی وڵاغ، مەبەست لێی کایە درشتەکەی کە دەمێنێتەوە.

**ڕەهوان:** وڵاخی خۆشڕۆ، واتە رۆینی بەنەرمی نەک بەگورگەلۆقی. دوولاقی پێشەوەی پێکەوە دەبردە پێش، ئینجا دوولاقی دواوە.

**گورگەلۆقــە:** رۆینەکـی ناشـیاوی ولاخ، لاقێکـی پێشـەوەی دەبـردە پێـش ئینجـا لاقەکـەی تـر و دوایـی لاقەکانـی دواوە، سـوار ئەسـپ پـێ بێتاقـەت دەبـوو.

**نــار:** نــاڵ لەپارچــە پلێتەکـی خــڕ دروسـت دەکـراو بەبزمـاری لەپێـی ولاغـی گـەورە دەکوتـرێ چونکـە ولاخ و گـوێ درێـژ یـەک سـمن.

**سم:** بن پێی ولاخ.

**سـندم :** زنجیرەکـی دووسـەر بـوو هـەردوو سـەری کلیلـی بازنەیـی پێوەبـوو هـەردوو پێیەکانـی بەرزەولاخییـان پـێ دەبەسـتەوە، بـۆ زیندانـی مرۆڤیـش بەکاردەهێنـرا.

**پاشکۆ:** لای پاشەوەی زینی ئەسپ.

**تـەس:** وشـەیەکە بـە ولاخـی گـەورە و گـوێ درێـژ دەگوتـرێ بـۆ کشـانەوە بـەرەو دواوە.

**تەویلە:** شوێنی بەخێوکردنی ئەسپ وەک خانووچکەیەکە.

**ئاخـوڕ:** دروسـتکراوێکی باریـک یـان هەرشـتێ کاوجـۆ واتـە ئالیکـی لـێ بدرێتــە ئەســپ.

**تەپـان:** ئـەو ولاخـەی بـۆ شـەغرەکێشـان بەکاردەهـات، جـل و بـن جـل و کورتـان دەکـرا دەیانگـوت ئێسـترەکە تەپـان بکـە.

جوانــوو هــەر لەدایکـی بەربـۆوە دوای چەنـد کاتژمێرێـک بـۆ خـۆی دەڕوات، لەسـێ مانگـی گیـا دەخـوات، بـەڵام تـا شـەش مانگـی شـیری داکـی دەخـوات، تـا ٣ سـالان هـەر بەخێـو دەکـرێ سـواری سـەر پشـتی نابـن چونکـە ئێسـقانەکانی نەرمـن، لەسـاڵی چـوارەم بـاری پـێ هەڵدەگیـرێ و یـان سـواری سـەر پشـتی دەبـن، دەڵێـن پشـتی کرایـە.

**جـۆڕک :** لەملـی ولاغـی دەکـرا و کای تێدەکـرا بـۆ ولاخ، تـا لەڕێـگا لێـی بخـوات.

**ڕێشـمە :** ئـەو پەتـە یـان گوریسـەی لەمـل و لـە دەم وچـاوی ئەسـپ دەبەسـترا و درێژبـوو تـا پێـی ببەسـتنەوە و لەکاتـی ڕۆیشـتن جولـە بـە ئەسـپەکەی بکـەن.

**جەلەکردن:** چەند وڵاغێک بەڕیز لەگەڵ یەک ببەسترێتەوە

**کورتان:پاڵـوو:** لەسـەر پشـتی کـەر و ئێسـتر دادەنـدرا بـۆ ئـەوەی مـرۆڤ لەشـی ئـازار نەخـوات لەکاتـی سـواری سەرپشـتی دەبـوون یـان پشـتی کـەر و ئێسـترەکە برینـدار نەبـێ کاتـێ بارەکـی لـێ بـار دەکرا،کـۆن لـە بـەڕە دروسـت دەکـرا و ناوەخنـی پڕدەکـرا لـە پـووش، لەپێشـەوە بەبەنێـک بەسـنگی هێسـترەکەوە قایـم دەکـرا پێیـان دەگـوت بـەرۆک، لەپشـتەوەش لەبـن کلکـی ئێسـترەکە قایـم دەکـرا پێێـان دەگـوت پاڵـو، لەخـوارووی مورەغـەی پشتیشـی دیسـان قایـم دەکـرا پێیـان دەگـوت سـەرپاڵوو. لەبـن ورگیشـی قاییـم دەکـرا پێێـان دەگـوت تەنگـە، کورتانەکـە بەقایشـێکی وەک چـەرم لـە هێسـترەکە قایـم دەکـرا پێیـان دەگـوت قەیاسـە.

**قۆشقن:** کورتانی ماین و ئەسپ.

**سەرتەنگ :** ئەو گوریسەی کە کورتانی وڵاغی پێ دەبەسترا.

**تەنگە:بن زگ:** ئەو گوریسەی باری وڵاخانی لە بن زگیی وڵاخی پێ دەبەسترێت.

**زیـن:** پارچـە ئاسـنێکی قۆقـز بـوو دەخـرا سـەر پشـتی وڵاغـی لەژێرەکـەی بـە پارچـە لبادێـک داپۆشـرابوو، تـا پشـتی وڵاغەکـە برینـدار نەبێ،ئینجـا پارچـە قایشـەکی پتەویـش لـەڕووی سـەرەوە دەوری دابوو،زۆربـەی جاریـش ئـەو کەسـەی سـواری وڵاغەکە دەبوو پارچـە مافوورێکی ئەسـتوور یـان قوماشـێکی دەخسـتە سـەر زینەکـە تـا ناولینگانـی برینـدار نەبێ.بەگشـتی لـە دووبـەش پێـک دەهـات، بەشـێکی لەچـەرم و تەخـت و لباد، بەشـەکەی دیکـەی لـە ئاسـن.

**خانـەی زینی:**ئـەو جێگایـەی سـوارەکە لەسـەری دادەنیشـی لەکاتـێ وڵاغ زیـن دەکـرێ.

**قەرەپووز:** دارەکە لەپێشەوەی زینی ولآخی بە بزمار دەکوترێت لەزینی ولآخی بەرزدەبۆوە سوار دەستی پێوە دەگرت.

**قاڵتاغ:** قایشی تەنیشتی سەر زینی ولآخی.

**تەنگەبەند:** تەنگەکێش، زینی سەر ولآخی پێ توند دەکرا.

**ڕکێب:ئاوەزەنگ:** پارچەئاسنێک بوو بەقەدی ولآخەکە بەزینی ولآخەکە شۆڕدەبۆوە، سوار پێی لەناو دادەنا بۆ ئەوەی بەئاسانی بچێتە سەر پشتی ولآغەکە. دوو دانە بوو لەولاو لەولای ولآغەکە بوو.

**بەرسینگە:** ئەویش پارچە قایشەکی پتەوی باریک بوو لەڕووی پێشەوەی زینەکە دەهاتە پێش ملی یان سنگی ولآخەکە.

**قەڕاسە:** زنجیرەکی ٣ مەتر درێژبوولەسەر و کەللەی گوێدرێژ دەنرا و سەرێکیشی بە مێخزنجیر بەندە، پێی دەبەستراوە..

**لغاو:** هەیکەلیکی ئاسنی باریک بوو لەسەر و کەلەی ماین دەکرا بەشێکی لەدەوی ئەسپ دەنرا.بۆ ئەوەی کۆنتڕۆڵ بکرێ لەڕۆیشتن. وە.ئاسنەکە لەناو دەمی رەشەولآخ دەبەسترا تا ئالیک نەخوات.

سەرکەلە، لەکەلەی سەری ولآخەکە دەبەسترا لەقایش دروست دەکرا. قامچی پێوەبوو بۆ خێرا ڕۆیشتنی ولآخ بەکار دەهات.

**حیلە :** دەنگی ئەسپ و ماینە

**ڕنەک :** شانەیک بوو لەئاسن دروستکرابوو بە پیستی هێستر و ولآخییان دادەینا تا مێرووی وەک قرنە و کرنوو گەنەی لێببنەوە.

**ڕەوە :** بەکۆمەڵە ئەسپ و ماینێک دەگوترێ کە پێکەوە بلەوەڕێن.

**مەیتەر:** ئەو کەسەبوو کەخزمەتی ئەسپ و ماین و ولآغی گەورەی دەکرد.

**سندم:** پارچە ئاسن و زنجیرێک بوو لەهەردوو پێی پێشەوەی وراخی بەرزە دەکرا و کلیل دەدرا هەتا نەتوانی بڕوات.

**قرتە:** جوانە مایین کە تەمەنی دەبێتە ٣ساڵ.

**نۆما:** ئەسپێک تازە پشتی کرابێ.

**دۆڵچە :** زێی گەورە و فشی وڵاخ و گوێدرێژ.

**جۆتە: جووتکە : لووشکە :** وەشانی هەردوو لاقی دواوە.

**چەمووش:** ئەو وڵاغەی مل نەدات بۆ خاوەنەکەی و جووتکە باوێ و نەهێڵێ باری لێ بنرێت.

ئەسپ دەتوانێ بە پێوە بخەوێ و بەدانیشتنەوەش بخەوێ، کاتێ بەپێوە دەوەستێ هەردوو ئەژنۆی قفل دەبێ و دەخەوێ.

**نەقیزە:** دارێکی بستەک درێژ بووسەرێکی تیژ دەکرا وەک قەڵەم دادەتاشرا بۆ لێخوڕینی ئاژەڵی وەک گوێدرێژ و هێستر و ئەسپ بەکاردەهات، لەدار بەڕالووک و هەنار.... دروست دەکرا.

**قەوچ و قەڕاسە:** زنجیرەکی ئەلقە ئەلقە بوو ٢-٤ مەتر درێژ دەبوو لەملی وڵاخ و گوێدرێژیان دەکرد بۆ بەستنەوە.

**مێخ زنجیر:** ئاسنێکی لەشێوەی مێخ (بزمار)بوو ئەستوور و درێژ بوو ١٥-٢٠سم دەبوو سەری خوارێی نووک تیژ بوو، سەری سەرەوەی ئەلقەی پێوەبوو کندڕ یان قەڕاسەی سەری وڵاخییان لێ دەبەستەوە، تا نەڕوات

**زەنگورۆکە:** زەنگوڵی بچکۆلانە بوو بە ڕێشمەی وڵاخی دەبەسترا تا لەکاتی ڕۆیشتن دەنگیان بێ.

**گوریس:** پەتێکی پتەو بوو بۆ بەستنەوەی ئاژەل و ڕەشەوڵاخ و جار هەبوو بۆ مەڕومالات بەستنەوە بەکار دەهات. لە خوری مەڕ و مووی بزنێ دروست دەکرا.

**کندڕ:** وەک گوریسە بەڵام لەخوری و مووی مەڕوبزنی دروست ناکرێ بەڵکوو لە لق و چڵی دار و نایلۆن دروست دەکرێ.

**کەژی:** گوریسە بەشێوەی پان لە خوری دروست دەکرا.

**سنگ:** سومبە دارێکی ٣٠-٤٠سم درێژ و نوک تیژ وەک مێخ بەلام تیرەکەی لە مێخ ئەستوورترە.

**کەرپیلک:** مل و شانی ڕەشەوڵاخ.

**جۆرەکانی ئەسپ :** ئەسپە شێ و کوێتی و کەحێل و بۆرە، مەحلەگ، ماینی کەحلان.عەرەبی، حدوود.

## • ناوی هەندێ ئاژەڵ هەر لەسەرەتای بوونی تا تەمەنی پیری

**هێستر (ئێستر):**

دایکی ماینە و بابی کەرە کە بۆ بار هەڵگرتن زۆر بەکاردێ، خۆی نەزۆکە.ئەگەر نێربوو هێسترە نێرەی پێدەڵێن، ئەگەریش مێ بوو پێی دەڵێن (ماچە).

**گوێدرێژ (کەر)**

**جاشک:** بە بێچووی گوێدرێژ دەگوترێ، کە لەو کاتەی لەدایکی بەردەبێتەوە هەتا لەشیردەبێتەوە، تا تەمەنی دەبێتە یەک ساڵ.

**کۆرەبژ:** بە جاشکی کەر و ماین دەگوترێ کە تەمەنی لە نێوان ١-٢ ساڵە، جا نێر بێ پێی دەڵێن جاشکە نێر، مێبێ پێی دەڵێن جاشکە مێ. هەر بەو جاشکەش دەگوترێ کە لە شیری دایکی بڕابێتەوە، بەلام هەر بەدوایەوەبێ

**ماکەر:** رەگەزی مێی گوێدرێژ لەتەمەنی ٢ساڵیەوە بەسەرەوە.

**نێرەکەر:** ڕەگەزی نێری گوێدرێژە لەتەمەنی ٢ساڵی بەسەرەوە.

**جۆرەکانی کەر:** کەری حەساوی، کەری دێزە، کەرە بۆر

## • ناوی کار و بەرخ هەر لەبوونیانەوە تا تەمەنی پیری

### بزن

لەپایزێ بزن بەتەگە دێت و جووت دەبێت لەکۆتایی زستان دەزێ:

**کار:** هەرلـەو کاتــەی لەدایکـە (بزنەکـە ) بەردەبێتــەوە تـا لــە شــیر دەکرێتــەوە کـە نزیکــەی شــەش مانگــی دەخایەنــێ.

**گیسـک:** لــە ٦ مانگــی تــا یــەک ســالَی تەمەنــی، ئەگــەر مــێ بــوو پێــی دەڵێــت ( گیســکەمێ)، ئەگــەر نێــر بــوو پێــی دەڵێــن ( گیســکەنێر)

**چوشــتیر و کــوور:** کاتــێ تەمەنــی لــە یــەک ســاڵ تــا دەبتــە دوو ســاڵ ئەگـەر مـێ بـوو پێـی دەڵێـن (چوشـتیر) ئەگـەر نێـر بـوو پێـی دەڵێـن (کـوور).

**چوشـتیرەزا:** ئەگـەر تەگـەی خـوارد لـە پایـزێ پێـی دەڵێـن (چوشـتیرەزا)، بــەڵام ئەگــەر نەیخــوارد پێــی دەڵێــن ( بەربــوارد)، وە هەنــدێ جاریــش گیسـکە مـێ تەگـە دەخـوات پێـی دەڵێـن (گیسـکەزا).

**نێــری:** ئەگــەر کــوور ســاڵێکی بەســەر تەمەنــیدا رۆیشــت پێــی دەڵێــن (نێــری). واتــە تەمەنــی ٢ ـ ٣ ســاڵ.

**تەگە:** ساڵێک بەسەر تەمەنی نێریدا بڕوات پێی دەڵێن تەگە.

**بزن:** ساڵێک بەسەر تەمەنی چوشتیرەزا بروات دوای ئەوە پێی دەڵێن بزن.

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ـ٧ ڕۆژی | دوایی تا٦مانگی | ٦مانگ ـ ١ساڵ | ١–٢ ساڵ | ٢–٣ ساڵ | ٣–٤ –٥ ساڵە |
| کارەساوا | کارەمێ | گیسکە مێ | چوشتیر | بزنی بەربوارد | بزنی سێ کاری |
| ١ـ٧رۆژی | دوایی تا ٦مانگی | ٦مانگ–١ساڵ | ١–٢ ساڵ | ٢–٣ساڵ | ٣–٤ –٥ ساڵە |
| کارە ساوا | کارەنێر | گیسکە نیر | کوور | تەگەی خرت | تەگەی یەک قەیرە |

### مەڕ

مەڕیش وەک زۆربــەی ئاژەڵەکانــی تــر لــە٢٠ی تەمــووز مــەڕ تاســەرەتای پایــز لــە دەشــتی هەولێــر بەبــەران دێــت (جــووت دەبێــت)، دوای ٥ مانگــی دەزێــت واتــە لــە کۆتایــی کانوونــی دووەم و ســەرەتای شــوبات دەزێ، ئــەو بێچــووەی دەیبــێ پێــی دەڵێــن بەرخەســاوا.ئەو بەرخــەی لەچلــەی بــزێ پەســندە و دەڵێــن بەرخــی چلەی...وەکــی گوڵلــەی.

**بەرخ:** لە تەمەنی یەک ڕۆژی تا هەفتەکی پێی دەڵێن بەرخەساوا، دوایی تا سێ مانگی پێی دەڵێن بەرخ، هەندێ مەڕداری دەشتی هەولێر تا شەش مانگیش پێی دەڵێن بەرخ ، ئەو خوریەی پێی وەیتی پێی دەڵێن (لوا) کە لەتەمەنی ٦ مانگی لێی دەبڕێتەوە ئەوکاتە هیچی تر پێی ناڵێن بەرخ.

**کاوڕ:** هەندێک لە دوای ٣ مانگی و هەندێکیش لەدوای ٦ مانگی تاکوو یەک ساڵی ، پێی دەڵێن کاوڕ، ئەگەر نێر بوو پێی دەڵێن کاوڕە نێر، ئەگەر مێ بوو پێی دەڵێن کاوڕە مێ.

**شەک و بەردیل:** لە یەک ساڵی تا دوو ساڵێ.

**بەردیل:** کاوڕ ئەگەر مێ بوو ساڵێک بەسەر تەمەنی دارۆیشت پێی دەڵێن (بەردیل)، ئەگەر بەردیل لەپایز بەرانی خوارد و دوایێ زا پێی دەڵێن (بەردیلە زا )، ئەگەر نەزا پێی دەڵێن (بەربوارد )، بەلام جاریش هەیە کاوڕەمێ بە کاوڕی بەرانی دەخوا و پێی دەڵێن (کاوڕەزا). بەلام ئەگەر کاوڕ نێر بوو ئەوە پێی دەڵێن (شەک).

**خرت:** شەک ئەگەر ساڵێکی بەسەرداسووڕایەوە واتە لە تەمەنی دوای دووساڵی تا سێ ساڵی پێی دەڵێن (خرت).

**مەڕ:** دوای تەمەنی ٢ ساڵی بە بەردیلە زا یان بەربوارد دەگوترێ مەڕ.

**قەیرە:** لەدوای تەمەنی ٣ ساڵی بەسەر خرتدا دەگوترێ قەیرە و بەلام لەناو خەڵکی ئاسایی هەر لەدوای ٢ ساڵی بە شەک دەگوترێ بەران، بەلام شوان و پسپۆڕانی ئەو بوارە باش لێکیان دەکەنەوە، بەناوی تایبەتی خۆیان بانگیان دەکەن، وە مەڕ چەند بزێ بەوە دەژمێردرێ بۆ نموونە دەڵێن مەڕی یەک بەرخەزا و دووبەرخەزا.

بەرانیش کەبووە قەیرە بۆنموونە دەڵێن بەران یەک قەیرە و دووقەیرە، واتە ئەوەندە ساڵە بەسەرقەیرەییەکەی دارۆیشتووە.

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١رۆژی - ٧ڕۆژی | تا ٦مانگی | ٦مانگ-١ساڵ | ١-٢ساڵ | ٢-٣ ساڵ | ٣-٤-٥ ساڵە |
| بەرخەساوا | بەرخەمێ | کاوڕەمێ | شەکەمێ(بەردیل) | مەڕی بەربوارد | مەڕی سێ بەرخە. |
| ٧-١ ڕۆژی | دوایی تا٦مانگ | ٦مانگ-١ساڵ | ١-٢ ساڵ | ٢-٣ ساڵ | ٣-٤-٥ ساڵە |
| بەرخەساوا | بەرخەنێر | کاوڕەنێر | شەک | بەرانی خرت | بەرانی یەک قەیرە. |

## • زاراوەکانی پەیوەند بە شوانکارەیی

**شـوانکارە:** بـەو کەسـە دەگوتـرا بەخـۆی و مـاڵ و منداڵـی مـەڕ و ماڵاتـی کەسـێکی دەوڵەمەنـدی بەخێـو دەکـرد لەجیاتـی مانديبوونەکـەی بەپێـی ڕێککەوتنێـک رۆن و خـوری و مـووی بـزن و لـوای بـەرخ و شـیر و ماسـت و پەنیـر و گۆشـتی وەردەگـرت. لەبێچووەکانیـش بەشـی هەبـوو.

**مێگـەل:** بريتييـە لەکۆمەڵـە مـەڕ وماڵاتێـک، پێکـەوە بژیـن و ببرێنـە دەشـت و دەر لـە ٤٠ سـەر کەمتـر نەبـێ.

**کوتە مێگەل:** لە ٤٠ سەر مەڕ وماڵات کەمتربێ.

**چکـۆ:** لەگوندێـک هـەر ماڵێـک چەنـد مەڕێکییـان هەبـێ، هەمـووی کۆدەکەنـەوە، شـوانێکی بـۆ دەگـرن.

**شـوان:** بەوکەسـە دەگوتـرا کـە بـە شـەرت واتـە بەگرێبەسـت لەگـەڵ خـاوەن مەڕەکـە ڕێـک دەکەوتـن، کـە مانگانـە یـان تـا شـەرتی تـەواو دەبـێ خـواردن و جـل و بەرگەکـی بـۆ بـکات، بـەو مەرجـەی شـوانەکەش هەمـوو رۆژێ مەڕەکانـی بۆبباتـە دەرەوە و بيانلەوەڕێنـێ و پارێزگارییـان بـکات.

**شـوانی مێگـەل:** بـەو جـۆرە شـوانانە دەگوتـرێ کـە زیـاد لـە ١٠٠ سـەر مـەڕی لەبەردەسـت بێـت بـۆ لەوەڕانـدن.

**شـوانی کوتەمـەڕ:** شـوانی گەلـە: وەکـوو گاوانـی بـوو لەهەمـوو گوندەکـە ئـەوەی ٢-٣ مـەڕی هەبـوو کـۆی دەکـردەوە و دەبـووە مێگەلـەک و دەیبـردن بـۆ لەوەڕانـدن لەدەشـت و دەر لەبەرانبـەر هـەق وەرگرتنێـک بـۆ هـەر سـەر مـەڕ و بزنێـک.

**لاباسـک:** دوومـاڵ هەریەکـە و هەنـدێ مـەڕ و بـزن و بەرخییـان هەیـە

بەهەردووکییـان کوتـە مێگەلییـان دروسـت دەکـرد، ڕێـک دەکەوتـن کـوڕی یەکێکییـان ببێتـە شـوان و کـوڕی ئـەوی دیکەیـان دەبێتـە بەرخـەوان.

**لێکـدان:** جـۆرە ڕێکەوتنێـک بـوو لەنێـوان دوو خـاوەن مەڕومالاَتـان، یەکییـان ٢٠ سـەری هەبـوو، ئـەوی تـر دووهەنـدی ئـەوی یەکەمـی هەبـوو واتـە چـل سـەر، تێکەڵییـان دەکـرد، بـەلاَم ئـەوەی یەکـەم بەخێـوی دەکـرد، دوایـی ماوەیـەک دەبوونـە نیوەیـی.

**پڕکردنـەوە:** جـۆرە ڕێککەوتنێکـە لەنێـوان دوو کەسـی مـەڕدار، یەکێـک مـەڕەکان دەکـڕێ، ئـەوی دیکـە بەخێوییـان دەکات، لەجیاتـی بەخێوکردنەکـە بەشـی لەمـەڕەکان دەبێـت، هەتـا هەمـوو بەشـەکە پڕدەکاتـەوە.

**شـەرتی شـوانی:** بریتـی بـوو لەگرێبەسـتەکی زارەکـی لەنێـوان خـاوەن مـەڕ و شـوانەکە لـە کۆتایـی زسـتان یـان سـەرەتای بەهـار دەسـتی پـێ دەکرد تادواییـن ڕۆژی پاییز، شـوانەکە هەمـوو کات خەریکی لەوەڕاندن و بەخێوکردنـی مەڕومالاَتەکـە دەبـوو بـۆ خـاوەن مەڕەکـە، لەبەرانبـەر ئـەوەش خـاوەن مەڕومالاَتەکـە شـتی دەدایـی بەگوێـرەی ڕێککەوتنەکـە وەک سـاڵێ جـل وبەرگـەک و خـواردن و پێدانـی پـارە،....

**شـەوین:** لەوەڕاندنـی مـەڕ و مالاَتـە لەشـەو ڕاشـکانەوە (نیوەشـەوە) تـا بەیانـی. لەبەهـاران دەبـێ

**شـیوەخوار:** مێگـەل ڕادانـە بـۆ لەوەڕانـدن لەسـەر لەئێـوارەوە تـا مـاڵ نووسـتنان. لەبەهـاران دەبـێ.

**شـەوبەکێو:** لەوەڕاندنـی مـەڕ لەشـەوان و مانـەوە لەدەشـت و کێـو لەنیـوەی پایـز دەسـتی پـێ دەکـرد تـا زسـتان ٣٠-٤٠ ڕۆژی دەخایانـد.

**کـۆڕ:** بریتـی بـوو لەسـەربەیەککردنی مـەڕو مـالاَت لەئەنجامـی گەرمـای بەتیـن واتـە کۆڕییـان دەبەسـت.

**کۆرگـوان:** بـەو مەڕوبزنانـە دەگوتـرا کەچیلکـەی گوانییـان باریـک و ناڕێـک بـوو، مـەڕدۆش پێـی جاڕس دەبوو.

**کـەل:** جۆرە دەنگێـک بـوو شـوان مەڕومالاتەکانـی لەسـەر ڕاهێنابـوو بـۆ گەڕانـەوە و کۆبوونـەوە لەنزیک شـوان، شـوان ئـەو ڕاهێنانـەی بۆیـە ئەنجـام دەدا گـەر مەڕەکانـی لـێ بزربـوون، یـان دزران بەوجـۆرە دەنگـە بێنـەوە لای.

**لچکـردن:** شـوان مـەڕو مالاتەکانـی لای خـۆی دەسـتەمۆ دەکـرد بەپێدانـی پەلکەنـان و خـوێ و لـەدوای خـۆی بانگـی دەکـردن.

**کەتـرە:** ئاژەڵـی زۆر لاواز و بـێ کەلـک و بـێ هێز.هەرچەنـد ئالیکـی دەخـوارد قەڵـەو نەدەبـوو.

**دووە:** بەرانی قۆڕ، بەرانی گون شۆڕ و گون داچۆڕاو.

**ئەستەویر:** بەو مەڕو بزنانە دەگوترێ کە نازێن، بێچوویان نابێ.

**دابەسـتی:** بـەو گیسـک و کاوڕانـە دەگوتـرا لەماڵـەوە بەخێـو دەکـران و ئالیکیـی باشـییان دەدرایـی بـۆ فرۆشـتن دەبـوون.

**لامـژ:** بـەو کار و بەرخانـە دەگوتـرا جگـە لـە گوانـی دایکییـان گوانـی هیـچ ئاژەڵێکـی دیکەیـان نەدەمـژی.

**مێژگە:**(مێشگە) بەو کارو بەرخانە دەگوترا بێ دایک بوون.

**ئاوشـنگ:** بـەو بـزن و مەڕانـە دەگوتـرێ کـە کارو بەرخییـان نەمابـێ. بـەڵام شـیرییان هەبـێ.

**ئاوگەلـە:** بـەو بـزن و مەڕانـە دەگوتـرێ کـە لـە نـاو مێگەلـی خۆیـان دابـبڕێـن.

**باقـۆ:** بـەو کار و بەرخانـە دەگوتـرێ بەسـاوایی تێـر شـیر ناکرێن،بۆیـە بـاش ناڕسـکێن، کەگـەورەش دەبـن لەکەلـەش بچـووک دەبـن لـە چـاو کارو بەرخـە هاوتەمەنەکانییـان.

**نەبـان:** بەومـەڕ و بزنـەی دەگوتـرا کـە نەیدەهێشـت بێچووەکـەی خـۆی گوانـی بمژێـت.

**بانـۆک:** بـەو کەسـە دەگوتـرێ کەهـاوکاری کار و بەرخـەکان دەکـەن بـۆ ئـەوەی دایکەکانییـان بـوار بـدەن گوانییـان بمـژن.

**لێبـان:** شـلـەیەکی لیچـە بـەکار و بەرخـەوە وەدەبـی لەکاتـی زان، دایکەکـە بەزمـان دەیلێسـتەوە تـا بۆنـی وەربگری.

**بریوان:** لێبان

**دەزبێـن: دەسـتبێن:** بـەو بەنـە دەگوترێـت کـە شـوان لەکاتـی نووسـتنی شـەوبەکێو، سـەرەکییان لەدەسـتی خۆ دەکـرد و سـەرەکەی دیکەیـان لەملـی ئـەو بەرانـەی یـان ئەوتەگەیـە دەکـرد، کەکرابوونـە پێـش مێگـەل، تـا لەکاتـی رۆیشـتنی مێگـەل شـوانەکە بـە ئـاگا بێتـەوە.

**قرقـرە:** وەک زەنگـوڵ بـوو بـەڵام ئاسـنەکەی پلێتێکـی ئەسـتوور بـوو ئاسـنێکی خـڕی لەنـاو دادەنـدرا دەنگێکـی لێوەدەهـات لەکاتـی جولـەی مـەڕ، دەنگـی لەزەنگـوڵ زۆرتربـوو.

**هاوێـر:** لێـک جوداکردنـەوەی مەڕوبـزن لەکۆرپەکانییـان ( کاروبـەرخ) دوای شـیرپێدانییان.

**بزمـووک: بزمـک: بلامـک:** پەلەدارێکـی باریـک و بچووکـە هەردووسـەری کونکـراوە و لـەدەوی کارو بـەرخ دەخـرێ و بەداوێکـی تونـد لەپشـت ملـی دەبەسـترێ، وەک لغـاوە، تاکـوو کاروبەرخەکـە نەتوانـن، گوانـی دایکیـان بمـژن.

**بەرهاوێشـت:** بەومـەڕو بزنانـە دەگوتـرێ کـە کۆرپەکانییـان لەبـار دەچێـت.

**چـڕدۆ:** بـەو بزنانـە دەگوتـرێ کەلەکاتـی دۆشـین دا گوانـی خۆیـان چـڕ دەکـەن و ناهێڵـن شـیری زۆری لـێ بێـت، دەیانەوێـت شـیر بـۆ کۆرپەکانیـان بهێڵنەوە.یـان شـیرەکە لەنـاو گوانیـان دەدزنـەوە.

**حالـۆری:** بـەو بـەران و تەگانـە دەگوتـرێ کەلـەوەرزی جووتبـوون، هـەر بەتەنهـا لەنـاو مێگەلـی خۆیـان ناوەسـتن، بەڵکـوو بـەدوای مـەڕ و بزنـی مێگەلـی تریـش دا دەگەڕێـن بـۆ جووتبـوون. لەئەنجامـی ئـەوە فێـر دەبـن کـە شـوانەکان فێریـان دەکـەن.

**دانپـەڕ:** بـەو ئاژەڵـەی دەگوتـرێ ئەگـەر ڕۆژێـک نەدۆشـرێ، یـان بێچووەکـەی نەیمـژێ گوانـی وشـک دەکات.

**سـاوازێ:** بـەو مـەڕو بزنانـە دەگوتـرێ درەنـگ دەزێـن لەدروێنـەی جـۆ دەزێـن. بـەکارو بەرخەکانییـان دەگوتـرێ کۆرپـە. مـەڕو مـاڵات لەمانگـی تشـرینی دووەم دەسـت بـە زان دەکات.مـەڕ هەیـە یـەک لا گوانـی شـیری دەدات.

**سەرەمەڕ:** مەڕێک دووسک زابێ و لەپێشەوەی مێگەل بڕوات.

**بەرایی کێش:** بەو مەڕ و بزنەی دەڵێن کە لە پێشەوە مێگەلی دەڕوات.

**جـەرەب: جەلـەب:** مێگەلێکـە بـۆ فرۆشـتن ئامادەکـراوە. هەمـوو جـۆرە مـەڕو بزنەکـی تێدایـە قەڵـەو ولاواز، گـەورە و بچـووک.

**دۆبـڕ:** فرۆشـتنی مێگـەل بـە گـەورە و گچکـەوە، خـاوەن مەڕومـاڵات هیـچ بـۆ خـۆی ناهێڵتـەوە واتـە خـۆی دۆبـڕاو دەکات.

**داشت:** مەڕو بزنی مام ناوەند لەباشییە واتە نەخراپە و نەباشە.

**دژاو:** بـەو ئاژەڵـە دەڵێـن بەیـەک بێـن ئـاو نەخواتـەوە، بەڵکـو قومێـک ئـاو لەکۆلـێ دەخواتـەوە و دووردەکەوێتـەوە، جارێکـی دیکـە دێتـەوە بـۆ خواردنـەوە، بەوجـۆرە چەندجارێـک ئـاو دەخواتـەوە.

**مریـاح: میـرە:** بەرخـە نێـر بەبچووکـی لەداکـی دادەبـڕن و لەگـەڵ کـەرێ (گـوێ درێـژ) دایدەنێـن، مەمـەی شـیری لەبـن زگـی کـەر دەبەسـتن و بەهـۆی مەمـەوە شـیر دەدەنـە بەرخەکـەی تـا گـەورە دەبـێ، دوایـی هـەر لەشـوێنی کەرەکـە ئالیک دەدەنـە کاوڕەکـە واتـە تـا تـەواو گەورەدەبـێ هـەر لەگـەڵ کەرەکـەی بەخێـوی دەکـەن و هـەر لەسـاوایش بەرخـە نێرەکـە دەخەسـێنن. ئەگـەر کاوڕەنێـر یـان بـەران خەسـێندرا، شـاخی درێـژ نابێـت و خوریەکەشـی نابڕێتـەوە، دوای شـیردان وخەسـاندن وای لـێ دێ کاوڕەکە کە تەمەنـی گـەورە دەبـێ هـەر متـووی کەرەکـە دەبـێ و کاتـێ دەبتـە بەرانیش هـەر متـووی کەرەکـە دەبێ،ئـەو کارە بـۆ ئەوەیـە مێگەلـە مـەڕ سـەلامەت

بـن و لەشـوانی بـزر نەبـن، چونکـە کەرەکـە ڕێـگای مـاڵ و پاوانەکـەی پـێ دەزانــی و لەشــوانی دوورناکەوێتــەوە، بەرانەکــەش هــەر لەگــەڵ کەرەکــە دەبــێ، مێگەلەکــەش هــەر لەنزیــک بەرانەکــە دەبــن و دوورناکەونــەوە.

**توورەگـە:** جۆرکـەک بـوو لەقوماشـي خـام (چاوپـان) یـان قوماشــی جـاغ دروسـت دەکـرا ، نـان و هێلکـە و خواردنـی پێخورییـان تـێ دەکـرد.

**خێسک:** (خێوسک) ئەوشوێنەی مەڕ و ماڵاتی لێ خوێ دەدرا.

**ژەک:** ئــەو شــیرە خەســتەیە لــەدوای زان بــۆ یەکەمجــار لەمــەڕ و بــزن وەردەگیـرێ.

**فـرۆ:** ئــەو شــیرەی کەیەکەمجــار لــەدوای زان لەمەڕومــاڵات وەردەگیـرێ و کەمێـک گــەرم دەکــرێ و خوێــی پێدادەکــرێ، دەبێتــە ماســتەکی گرمــت گرمــت، زۆر بەتامــە.

**فرچک:** یەکـەم قومـە شیرە کـە دەدرێتـە بـەرخ و کار لەدایکی خۆیـان یـان هـی خۆشییان نەبێت. بۆ منداڵیش هـەر هەمـان مانـای هەیـە.

**نۆماســتانە:** بــەو ماســتە دەڵێــن کــە بۆیەکەمجــار مەڕومــاڵات لــەدوای زان شــیر بــدات و بکرێتــە ماســت، خــاوەن ئاژەڵــەکان بــۆ مــاوەی ٣ ڕۆژ بەخۆڕایــی دەیانــدا بــە دەر و جیــران و ناســیاری نــاو گوندەکەیــان.

**گەرماژۆ:** واتە گەرمای زۆر لەمەڕو ماڵاتەکەی داوە..

**پشــتەک:** هێشــتنەوەی خووریــە لەســەر پشــتی بــەرخ لەکاتــی بڕینــەوە. تاکــوو گەرمــا زۆر کاری تــێ نــەکات.

**سـابڕ:** بـەو مـەڕو بزنـەی دەگوترێت کـە لـە کاتی بڕینـەوە هەمـوو خـوری و مووەکانییان ببڕێتەوە.

**برینگ:** مقەسی بڕینەوە بۆ خوری (جەو)

**برینــگ بــڕ:** (جەوبڕ)بــەو کەســانە دەگوتــرێ کــە بەبرینگەکانــەوە خــوری مــەڕ و بەرخــەکان دەبڕتــەوە

**برینــگ:** بەهــاران کەمــەڕو کاوڕ گیــای زۆر دەبــوو، قەڵــەو دەبــوو،

لەخـوارەوەی خورییەکـەی زێـدە دەکات، خورییـە نوێیەکـە رەنگـی سـپی تـر دەبـێ لەخورییـە کۆنەکـە، واتـە خورییەکـەی دەبێتـە دوو ڕەنـگ.

**گنجی:** بـەو تیسـکە خوریانـەی مـەڕێ دەگوتـرا کـە دەکەوتنـە ژێـر دوونـگ میـز و قشـپلی پێـوە دەنووسـا، ناپەسـندبوو.

**لوا:** ئەو خورییەی یەکەمجار لەبەرخ دەبڕێتەوە.

**ڕوونـگ:** ئـەو خوریـەی لەجـاری دووەم لەبڕینـەوەی مـەڕ بەدەسـت دەکـەوت، تیسـکییان کورتـە و وەک جـاری یەکـەم بـاش نییـە.

**خوری:** ئەو خوریەی لەساڵی سێهەم بەدواوە لەمەڕی دەبڕێتەوە.

**دەسـتپێچ:** ئـەو بـڕە خورییەیـە بـوو کەژنـان لەباسـکی خۆیـان دەئاڵانـد بەشـێوەیەکی باریـک و لـوول دراو وردە وردە لێیـان بەتەشـی دەیانڕێسـت.

**کیفک:** جۆرکێـک بـوو لەقومـاش دروسـت دەکـرا گوانـی مـەڕ و بزنـی پـێ دادەپۆشـرا تـا کارو بەرخـەکان نەتوانـن بیمـژن.

**مـارزا:** بـە پاشـەڕۆی کارو بـەرخ دەگوتـرێ لـەدوای زان، رەنگـی مەیلـە و زەرد دەبـێ. لـەو کاتـەوە کـە بەرخەکـە شـیری دایکـی دەخـوات و گیـای ناخـوات، چونکـە بـەرخ هەتـا گیـا نەخـوات قشـپل نـاکات بەڵکـوو بەهـۆی شـیرەوە پاشـەڕۆیەک دەکات پێـی دەڵێـن مـارزا. ڕەنگـی مەیلـەو زەردە.

**مـردە:** ئـەو زێـدە گۆشـتەیە لـە دوای خۆشـکردن و غاراندنـی پیسـتە پەیدادەبـێ.

**پێخوسـت:** بـەو قەسـەڵ و پـووش و پەڵاشـەی دەگوترێـت لەنـاو پەرێـزێ لەپایـزان بەهـۆی بـاران تەڕدەبـێ، ئـاژەڵ نایخـوات.

**بۆگە:** بەو قەسەڵ و پووشانە دەگوترێت کە تەڕ و شێدارن.

**بۆگەخـۆر:** بـەو مەڕومالاتانـە دەگوترێـت کـە پـووش و پەڵاشـی شـێدار و بۆگـەن دەخـۆن.

**پێخـور:** ئـەو خواردنـەی لەگـەڵ نانـی دەخـورا لەلایـەن شـوان جۆتیـار و سـەپانەوە لەکاتـی کارکـردن وە ماسـت و پەنیـر و قەسـپ و خورمـا...

**گیانێرە:** بەوگییایانە دەگوترێ کە پیر دەبن ئاژەڵ بەزەحمەت دەیخوات.

**بایدۆز: پایدۆس:** گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆی.

**بنەوبارگە:** شوێنەی هەڵدانی ڕەشماڵ لەکاتی کوێستان و گەرمیاندا.

**جەو:** مقەسێک بوو خوری و مووی بزنییان پێ دەبڕی. پێشی دەگوترا هەورینگ.

**جەوبڕ:** ئەو کەسەی هەڵدەستا بە بڕینی مووی بزن و خوری مەڕێ.

**تانۆک:** غەری لەدار دروستکراو بۆ مەڕ تێکردنێ.

**سەپک:** ئەستوورکەک بوو دروستیان دەکرد لە هەویری کەپەکی ئاردی کەمێک ئەستووربوو و کەم دەبرژێنرا و دەدرا بە سەگی شوانان.

**سەرەشوان:** شوانی لێزان و بەتوانا لەپێشەوەی مێگەل دەڕوات.

**دوائاژۆ:دواشوان:** شوانی نەزان و تازەکار،لەدواوەی مێگەل دەڕوات.

**بێر:** ڕێزکردن و ڕاگرتنی مەڕوماڵات بۆ دۆشین.

**بێری:** ئەو کچ و ژنانەی مەرو بزنی دەدۆشن.

**بەردەبێر:** ئەو بەردەی کە سەربێر (شوان) لەکاتی مەڕدۆشین لەسەری دادەنیشێ.

**سەربێر:** ئەوکەسەیە لەسەر بەردەبێر دادەنیشێ و ملی مەڕەکان دەگرێ هەتا بێری بیان دۆشی.

**لابێر:** ئەوکەسانەن لەولا و لەولای ڕیزی مەرەکان دەوەستن بە خۆیان بە داری شووە وە هەتا مەڕەکان لەبێرکردن هەڵنێن.دووداری درێژە

**سەربێر:** ئەو دارە دوولقەی شوان لەکاتی بێرکردن لەسەری دادەنیشێ.

**بنقوون:** بەو پارچە نیودەرەیە دەگوترا کە بێری لەبن قوونی خۆی دادەنا کاتی مەڕدۆشین.

**بەرەکەت:** ئەو قسەیە بێری دەیگۆت کاتێ مەڕی دەدۆشی و تەواو دەبوودەیگۆت بەرەکەت.

**توولە:** سەگێکە لە باڵادا کورتە

**زڕتوولە:** لە لێکدان و جووتبوونی سەگ و توولەی پەیدادەبێت.

**ئاخوڕ:**گۆلێکی دوولاییە و درێژ وباریکە پانی ٥٠ –٦٠ سم دەبێ و لای خـواروو و سەرووشـی دیـوارە و ناوەکـەی چاڵەبـۆ تێکردنـی ئالیـک (کاو و جـۆ) بەکاردێت تـا مـەڕو مـاڵات و گوێدرێـژ، کاو و جـۆی لەنـاو بخۆن.

**کۆل:**(قـەم) پلێتەکی نـاو قۆڵـی درێژ بـوو ٣.٢ مەتـر بـوو لـە بـەردەم بیـری ئـاوێ ئاوییـان تـێ دەکرد بۆ ئاودانـی مـەڕێ.

**کاوێـژ:** دووبـارە جووینـەوەی ئالیکـە لەلایـەن مـەڕ و بزنـەوە کـە پێشـتر خواردوویانـە.

**کەپەن:کەپەنک:** ساقۆی شوانان

**هۆر:هۆڵ:** ئەو شوێنەیە لەزستانان مەڕی لێ دادەکرێ

**کۆز:** ئەو شوێنەیە بەرخی لێ دادەکرێ

**هەوێـز:** شـوێنی حەوانــەوەی مەڕومــاڵات بەشــەو قشـپلەکی زۆری لـە دوا بەجـێ دەمێنـێ،

**ســەرگە:** بـە لای ســەرووی هەوێـزی دەڵێـن، ســەگ هەمیشــە لــەلای ســەرووی هەوێـزی پاســەوانی دەکات، چونکـە گـورگ لــەلای ســەرگە هێـرش دەینــێ.

**بنگە:** لای خوارووی هەوێزە.

**گێسک:** کۆمەڵێک لقی دارگەز بەیەکەوە دەبەستران بۆ ماڵینی هەوێز.

**مێچکـە:** بـەو بەرخانـە دەگوتـرێ کەدایکییـان نەمـاوە و بەدەسـتی شـیری دەدرێتـێ، عادەتـەن ورگـن دەبـن.

**کێومـاک:** واتـە تێکـەڵ بوونـی بـەرخ وکار لەگـەڵ دایکییـان بەشـەو بەکێو، ئـەوەش حەفتـەی یـەک شـەو دەبێ.

**هـاوارە بەلـۆ :** شمشـاڵ لێدانـی شـوانە بـۆ گەڕانـەوەی مەڕەکانـی کاتـی لێـی ون دەبـی.

**بیــژۆک:** بــەو کاوڕانــە دەگوتــرێ کــە بــە بــەران دێــن نەخۆیــان نــە بەرخەکانییــان پەســند نییــن.

**تەڕکردنەوە:** پازدەشەو بەسەر بەهارێ دابچی مەڕ دەبرێتە لەوەڕگا تا گیای سەوز بخوات، ئەوکاتە مەڕ لەزانێ دەبتەوە مەگەر تاقو لۆق مابی.

**زاک و مـاک:** ئـەو زاراوەیـە ئـەو کاتـە بـەکار دەهـات کاتـێ مـەڕ و مـاڵات بە نیوەرۆیـان دەدۆشـرا، دوایـی بـەرخ و کاریـان لەگـەڵ دایکی تێکـەڵ دەکرد و دەیـان بردنـە دەشـت، ئێـوارە پێـش ڕۆژئـاوا دەچـوون بـەرخ و مەڕەکانیـان لێـک جودادەکـردەوە..

**شـریتە:** کاتـێ میگەلـە مـەڕ بـەدوای نێریـی یـان بـەران بـە هێڵێکـی باریـک دەرۆیشـتن، دەیانگـوت مـەڕ شـریتەی کردیـە.

**ڕێچکـە:** کاتـێ میگەلـە مـەڕ بـەدوای نێریـی یـان بـەران بـە هێڵێکـی باریـک دەرۆیشـتن، دەیانگـوت مـەڕ شـریتەی کردیـە

**ڕادان:** شـوان میگەلـە مـەڕ بەپێشـە خـۆی بـدات و لەشـوێنێکەوە بیـان بـات بـۆ شـوێنێکی دیکـە.

**دوودانە:** بەو کارە دەگوترێت، کاتێ مەڕ ڕۆژێ دووجار لەبێر بدرێت.

**دروشــم:** نیشــانکردنی مــەڕ لەلایــەن خاوەنەکانیانــەوە، وەک داخکرنــی گوێییــان بــۆ ناســینەوە.

**پاش بەران:** ئەو مەڕەی دووجار بەبەران بێت.

**پاش تەگە:** ئەو بزنەی دووجار بەتەگە بێت.

**دوڕە:** بـەو بزنـە دەگۆترێـت، لەدووجـۆر بێـت، بزنەکـە جۆرێـک بێـت و تەگەکـە جۆرێکـی دیکەبێـت.

**شیرمەشـک:** مەشـکەکی بچـووک بـوو، کاتــێ لەنــاو لــەوەڕ ئاژەڵییــان دەدۆشی و شیرەکەیان لەو مەشکە بچووکەی دەکرد و دەیانهێناوە ماڵێ.

**پیرەمــەڕ:** تــا شــەش زگان مــەڕ بەجاحێـل حیســابە، ئەگــەردوای ئــەوە مــەڕ ددانــی بکــەوێ بەپیــرە مــەڕ دادەنــدرێ و نــازێ.

**بەرپانەگر:** بەو مەڕانە دەگوترێ کەچەند جار بەبەران دێن.

**بەبا هات:** بۆ سەگ و پشیلە و گورگی دەڵێن ، کاتێ ئارەزووی سێکسییان دەوروژێ.

**بەتەرەب هات:** بۆ گوێ درێژ و رەشەولاخ دەڵێن، کاتێ ئارەزووی سێکسییان دەورووژێ.

**بەکەرهات:** بەکەڵ هات: بۆ چێڵ دەگوترێ، کاتێ ئارەزووی سێکسییان دەورووژێ.

**بەبەران هات:** بۆ مەڕ دەگۆترێ، کاتێ ئارەزووی سێکسییان دەورووژێ.

**بەتەگە هات:** بۆ بزن دەگۆترێ. کاتێ ئارەزووی سێکسییان دەورووژێ.

**بەفار هات: بەفاڵ هات:** بۆ حوشتر، کاتێ ئارەزووی سێکسییان دەورووژێ.

**بەفێ هات:** بۆ تاژی (تانجی)، کاتێ ئارەزووی سێکسییان دەورووژێ.

**ترەکی:** بۆ زانی سەگ و پشیلە و بەرازی دەگوترێ

**زان:** بۆ زانی بێچووبوونی مەڕ و بزن و گا و کەر و مایین بەکاردێ

**قەپۆز:** دەم و لووتی رەشە ولاخی گەورە وەک چێڵ و گا.

**لموز:** دەم و لووتی مەڕ و بزن و سەگ و تاژی و رێوی

**مردار:** بۆ مردنی ئاژەڵی گۆشت حەلاڵ دەگوترێ

**تۆپیو:** بۆ مردنی ئاژەڵی گۆشت حەرام دەگوترێ

**پایزەهەوار:** کە گەلاوێژ هەلات و کەش و هەوا بەرەو ساردی چوو رەشمارنشین بەرەو گوندەکانییان دەگەڕێنەوە، لەدەوروبەری گوندی هەڵدەدەن، هەتا تەواو سەرما دێت، ئەوجا دێنەوە ناو گوندی.

**موو:** هی بزنییە رەشماڵ و جەوارییان لێ دروست دەکرد

**خوری:** هی مەڕییە :مافوور و جاجم و بەرماڵ و دووگورد و گۆرەوییان لێ دروست دەکرد.

**جۆرەکانی مەڕ:**

**مەڕی کەویسار:** مەڕی ڕەنگ شین و سپی تێکەڵ.

**قولەمس:** دەم و چاوی سوورە و خەتی ڕەش یان زەردی تێدایە.

**قولە :** دەم و چاو سوور خورییان رەنگی سپییە.

**سەرڕەش:** سەروچاو و ملی ڕەشە خورییەکەی سپییە.

**بازی:** ئەو مەڕانەی رەنگی پەلەکانی سپییە، لەشی ڕەنگێکی دیکە بێ.

**بەرەک:** مەڕی دوو ڕەنگ وەکو ڕەش و سپی.

**تەبەش:** مەڕی دەم و چاوڕەش و نێوچەوان سپی.

**ڕسەر:** مەڕی دەمو چاو مل شینن، یا زەردن، خورییان سپییە.

**حەمدانی:** مەڕی گوێ پان و درێژ.

**بەل:** ئەو مەڕو بزنەی گوێی لوول بێ.

**کوڕیس:** گوییان مام ناوەندە.

**کەڕە:** مەڕی بێ گوێ. یان گێی گچکەیە.

**ئەبرەش:** مەڕی نێوچەوان سپی

**کەڕین:** مەڕی بەقۆچ

**حەپسە:** دەم و چاوی ڕەشە

**شجێر:** دەم و چاوی ئەولاو ئەولای سۆرە ناوەندی سپییە.

**شجێر غەر:** بەس ناوچەوانی سپییە.

مەڕ ناوی بە دوو وشە دێت رەنگی + جۆری گوێی

وەک مەڕی قولەحەمدانی، کەویساربەل

**جۆرەکانی بزن:**

**گۆردی :** گوێیان گەورە و پانە.

**بەل:** گوییان لوولە.

**قوت:** بزنی گوێ کورت وبچووک.

**مس:** بزن و گیسکی بناگوێ دووڕەنگ.

**کوڕیس:** ئەو بزنانەی قۆچییان نییە.

**کووری :** گیسکی قەڵەو و دابەستی.

نـاوی بـزن ئەویـش لـەدوو وشـە پێـک دێـت جـۆری گـوێ + ڕەنگـی بزنەکـە وەکـوو بزنـی قوتەمـس، یـان گـۆردی پـۆش

## • ناوی پاشەڕۆکانی ئاژەڵ و پەڕەوڵ

**ریخ:** پاشەڕۆی چێڵ

**قشپل:** پاشەڕۆی مەڕو بزن.

**قەرسەقول:** پاشەڕۆی گوێدرێژە

**تەرس:** پاشەڕۆی ولاخ

**سەرگین:** (تەپاڵە) وشکردنەوەی ریخی چێڵ و هەڵگرتنی بۆ زستان

**عۆلە:** پاشەڕۆی حوشترە.

**جیقنە:** بۆ پەلەوەر (پەڕەوڵ) وەک جیقنەی مریشک و قاز و مراوی و کۆتر.

## • دەنگی ئاژەڵ و پەڕەوڵ

**بارە باڕ:** دەنگی کاروبەرخ.

**بۆڕەبـۆڕ: بۆڕانـدن:** بەدەنگـی چێـڵ و گاو گۆلکـی دەگوتـرێ، دەڵێـن چێڵەکـە دەبۆڕێنـێ.

**پـرم پـرم : پرمانـدن :** دەنگـی تەگـە و نێرییـە لەکاتـی پەڕیـن، ئەویـش دەنگـەک لەلووتـی تەگەکـە دێتـەدەرێ زمـان و لێوەکانـی لەگەڵـی لێـک دەدات، دەڵێـن تەگەکـە دەپرمێنـی.

**حەپەحەپ:حەپیـن:** دەنگـی سـەگە کاتـێ دەیـەوێ پڕداتـە مـرۆڤ، یـان کەسـێک بەبەردەمـی دابـڕوات.

**حیلەحیل: حیلاندن :** دەنگی ئەسپ و ماینە، دەڵێن ماینەکە دەحیلێنێ.

**دانـەدۆزە:** بەدەنگی مریشـک دەگوتـرێ کاتـێ بیـەوێ هێلکـەی بکات و بـۆ شـوێنەک بگـەڕێ هێلکـەی لـێ بکات.

**زەڕەزەڕ: زەڕیــن:** دەنگــی گوێدرێــژ بەتایبەتــی نێرەکــەر کەلەهەمــوو کاتێــک بەئاوازێکــی تایبــەت دەنــگ دەردەکا پێــی دەڵێــن زۆڕیــن.

**علو علو:** دەنگی عەلەشیشە (قەلەموون)

**فیشقەفیشق: فیشقاندن :** دەنگی نێرەکەر لەکاتی نزیکبوونەوەیان لە ماکەر.

**قاڕەقــاڕ:** دەنگــی بــزن و مــەڕ لــە کاتــی گــەڕان بــەدوای کۆرپەکانییــان. بەدەنگــی کاروبەرخیــش دەگوتــروێ

**قوڕەقوڕ:** دەنگی سەگە لەکاتی لێدرانی، دەڵێن سەگەکە دەیقۆڕاند

**قووقە قووق: قووقاندن:** دەنگی کەڵەباب (کەڵەشێر)

**قۆڕەقۆڕ:** هەمان شتە، دەڵێن چێڵەکە قۆڕاندی

**قیقەقیـق:** دەنگـی قـازە لەکاتـێ بەکۆمـەڵ شـتێک دەبینـن یـان گیانەوەرێـک بۆیـان دەچـی، دەڵێـن قـازەکان دەسـتیان بـە قیقـە قیقـێ کـرد یـان دەقیقێنـن.

**گاڕەگاڕ:** دەنگی مریشکە لەکاتی هێلکەکردن.

**قاق بەقاق:** خوێندنی کەو

**دوق دوق:** دەنگی مریشک

**بوغەبوغ:** دەنگی کۆتر

**جووکە جووک:** دەنگی چۆلەکە

**قغەقغ:** دەنگی قەتێ

**loورەلــوور: لوورانــدن:** بــە دەنگــی ســەگ و گــورگ دەگوترێــت کاتــێ لەشــەوان هەســت بەبینینــی شــتێکی غەریــب دەکات.

**لووشە لووش: لووشاندن :** دەنگی گوێدرێژە لەکاتی برسیبوون و ماندووبوون.

**مرقــە مرقــە: مرقانــدن :** دەنگــی بەرانــی لەکاتــی پەڕیــن، دەنگــەک لەکونــی لووتــی دێتــە دەرێ، دەڵێــن بــەران دەمرقێنــێ.

**میاوەمیاو:میاو:**دەنگــی پشــیلەیە کاتــێ بانگــی پشــیلەی تــر بــکات، یــان خــۆی پیشــان بــدات.

**نرکــە نــرک: نرکانــدن :** دەنگــی مــەڕو بزنــە لەکاتــی بێچووبــوون واتــە زان،لــەو کاتــە هێــز دەدەنــە خــۆ و دەنرکێنــن

**نووسکە:** دەنگی تاژی (تانجی)

**نووسکە نووسک: نووزە نووز:** دەنگی سەگە لەکاتی برسیبوون و بێ هێزی.

**واک واک : واغ واغ :** دەنگی مراوییە

## • ئەو وشانەی بە ئاژەڵەکان دەگوترێ بۆ مەبەست

**تەس:** بۆ کشانەوەی ولاغ

**تی تی:** بۆ بانگکردنی مریشک و پەلەوەرە تا دانی بدەیێ

**چەغە:** بۆ دەرکردنی سەگە.

**حەچە:** وشەیەکە بۆ لێخوڕینی ئێستر و کەر بەکاردێت

**ختە:** بۆدەرکردن ودەنگدانی پشیلەیە.

**قڕش قڕش:** بۆ بانگکردنی جاشکە.

**کس کس:** بۆ بەشەڕهێنانی سەگە لەگەڵ یەکدی.

**کشە:** بۆ دەنگدان و دەرکردنی مریشک و پەلەوەرە.

**کوچ کووچ:** بۆ بانگکردنی سەگ و گوجیلەیە.

**کوڕی:** بۆ جوانە ماین و جوانە ئەسپ و جاشەکەر بەکار دێت.

**گدی گدی :** بۆ بانگکردنی کارە

**هڕە:** بۆ لێخوڕین و دەرکردنی مەڕە

**هەر تروتکایە :** بەسەگ دەگوترێ، کەبەکڕی پاڵی دابێتەوە و جولەی نەکات.

**هۆش:** بۆ ڕاوەستانی گوێ درێژە.

**وەحە:** وشەیەکە بۆ بۆ لێخوڕین و دەرکردنی چێڵ و گا بەکار دێت.

**یخە:** بۆ لێخوڕین و دەرکردنی بزنە.

## • زەنگوڵ :

زەنگوڵ پارچە ئاسنێکی زیاتر لە مس دروست دەکرا شێوەی لەدەفرێکی باریک دەچوو ناوی چاڵ بوو لەناوەوەی دوو سێ پارچە ئاسنی بچووک لەشێوەی کەلا یان گوللەی بچووکی پێوە لکێنرابوو پێیان دەگوت لاوژۆکە کە بواری جولەی هەبوو کەبەدەورو پشتی خۆی دەکەوتەوە دەنگی لێوە دەهات، ئەو زەنگوڵە سەرەو خوار بە قایشێک یان پەتێکی پتەو لە ملی ئاژەڵ دەکرا بەتایبەتی گوێدرێژ و (تەگە)نێری و بەران، لەناو مێگەلی مەڕ شوان دەبوایە تەگە و بەران و گوێدرێژ زەنگوڵییان بە ملەوە بێت بۆ ئەوەی مەڕەکان بەدوای دەنگەکان بڕۆن و ئەگەر گورگ یان هەر ئاژەڵێکی نامۆ بهاتابووایە ناو مێگەلی کە میگەلەکە دەڕەویەوە زەنگوڵەکە دەنگی دەهات و شوانی لێ بە ئاگا دەهێنا، ئینجا (مار) لەدەنگی زەنگوڵ دوور دەکەوێتەوە.

زەنگوڵ دوو جۆری هەبوو:

١/ زەنگوڵی کراوە: زەنگوڵەکە گەورەبوو، دەوی زۆر کرابۆوە،دەنگیشی گەورەبوو

٢/ قرقرە: بچووکترە لە زەنگوڵ، دەوی کەمتر کرابۆوە و دەنگیشی کەمتر بوو.

لاوژۆکە: ئەو وردە ئاسنانەی لەناو زەنگوڵ دادەندرا لەکاتی جولانەوە دەنگییان دەبەخشی.

* دەڵێن ئەگەر مەڕ لەهاوینان لەناو پەرێزێ پەل و پۆی خۆی هاوێشت واتە درێژکرد و بەپەرت و بڵاوی پاڵیان داوە، ئەوە ساڵی داهاتوو هات دەبێ و باران باش دەباری، ئەگەریش خۆی لوولداو غەرێفکرد واتە لەناو پەرێزێ لەکاتی پالکەوتن هەموولێک نزیک بوون و سەرییان بەیەک کرد، ئەوا ساڵەکەی نەهات دەبێ.

مەڕ هەر لەکاتی زانی هەتا کاتی بێرکردن نادۆشرێ، هەر بەشی بەرخە و بەرخ دەیمژێ.

## • ڕەشماڵ و پاشکۆکانی

**ڕەشمار: رەشماڵ:** چادری مەڕدارانە لەمووی بزنی ڕەش دروست دەکرا، وەک بەڕ.

**کۆرەگە یان ئەستوون:** داری ئەستووربوون لەشێوەی کاریتەی باریک، لە دوو مەتر درێژتربوون، لەژێرەوە لەناوەندی ڕەشماڵەکەی دادەندرا و ڕەشماڵەکەی پێ بڵند دەکرا، هەر ڕەشماڵەی بەگوێرەی درێژی و گەورەیی چەند ئەستووندەکی هەبوو، لەسێ بەسەرەوە تا پێنج و شەش ئەستووند، ئەوەی چەقی ڕەشماڵەکە درێژتربوو لەوەکانی تر ئەوەی کۆتایی کورتربوون.

**چیغ:** بریتیی بوو لە پیکەوە بەستنی کۆمەڵێک قامیشی ئەستوور کە بەرزییەکەیان ١-١,٥ م دەبوو بەهۆی بەنی بەهێزەوە درێژی تا ٤م دەبێ، لەدەوری ڕەشمال دادەندرا وەک دیوار بۆ ڕەشماڵەکە. یان بەهۆی ئەو چیغانەوە حەوشەیەکییان دروست دەکرد کارو بەرخییان تێ دەکرد.

**بەرچیغ:** دارێکی ئەستووربوو سەری خوارەوەی تیژ دەکرا وەک بزمار بەرزی مەترێک تا مەتر و نیوێک دەبوو، لەنیوان هەر ٣-٤م لەچیغ بەرچیغێک لەزەوی توند دەکوترا تا چیغەکان ڕابگرێت.

**کەژی:** جۆرە گوریسەکی رەنگاورەنگ بوو پانیەکەی ٥ ـ ٦ سم دەبوو، درێژییەکەی ٥ ـ ٦م دەبوو بەبەنی ڕەنگاوڕەنگ لەلایەن ژنانەوە دەیانچنی. بەگوڵینگ دەڕازێنرایەوە، بۆبەستنی باری ئێستر و ئەسپ و مایین بەکاردەهات.

**پارژین:** بەو جۆگە دەگوترێت کەدەکەوێتە پشت چیغی ڕەشماڵی بۆ ئەوەی ئاوی بارانی بەناو دابڕوات و نەیەتە ناو ڕەشماڵ.

**کولین:** شوێنەکی لاچەپ بوو لەناو رەشماڵ بەچیغ دەیانگرت و بەرهەمی شیر و پەنیرییان لەناو دا دادەنا.

**کۆتان:** شوێنەک بوو وەک غەر لەزستان لەناو ڕەشماڵ دروست دەکرا بۆ مەڕ.

## • نەخۆشییەکانی ئاژەڵ

مەڕوبزن زیاتر لەیەکەم مانگی هاوین تووشی نەخۆشی دەبی

**گڕکـە:** نەخۆشـییەکی پێسـتییە، پێسـتی مـەڕ و کاوڕەکان ڕەق دەبـێ، و لەشـی دەخورێ.خورییەکـەی دەوەرێنـێ.

**گرووپـی:** نەخۆشـییەکی پێسـتییە ئاژەڵەکـە گـڕوێ دەبـی و دەڕووتێتـەوە لەمـوو.

**گەڕاوێـری:** نەخۆشـییەکە تووشـی مـەڕ دەبێـت، چەنەگـەی ئەسـتوور دەبێـت،

**سـەگبایی:** بـاداری سـەگ: نەخۆشـیەکە بەهـۆی سـەرماوە لەسـەگ دەدات هـەردوو لاقـی دواوە و پاشـەڵی دەکەوێنـێ، لەسـەر لاقـی پێشـەوەی دەوەسـتێ، پاشـەوەی خـۆی لـەدوای خـۆی دەخشـێنێ.

**لەرزەک:** نەخۆشییەکی کوشندەیە، ئاژەڵەکە تووشی لەرزین دەبێ.

**پسـکە:** نەخۆشـییەکی کۆئەندامـی هەرسـە، وەک هەلامـەت وایـە ئـاو لەلووتـی ئاژەڵەکـە ناوەسـتێ، بـۆ چارەسـەری دارپسـکەیان لەملـی ئاژەڵەکـە وەدەکـرد، کـە ڕووەکێکـی سروشـتیە وەک ڕنکـی کەنگـر وایـە.

**باوێتـی:** وەک بـاداری وابـوو لەپەلـی کار و بەرخـی دەدات، شـەلەی دەکات، ئەگـەر لەهەنـاوی بـدات دەیکـوژێ.

**بەلەباقـە:** جـۆرە نەخۆشـییەک بـوو لـە بزنـی دەداو بـزن پێـوەی دەناڵـی و دوایـی پـێ دەمـرد.

**تەبـەق:** جـۆرە نەخۆشـییەکە تووشـی ئـاژەڵ دەبێـت و لەپـەل و پـۆی دەخـات و پـێ دەشـەلی.

**دانکە:دارسکە:** وەک مێکوتەیە

**چاوکوێـری ئـاژەڵ :** ئەگـەر ئـاژەڵ چـاوی تێکبچووایـە و نەیتوانیبووایـە باش ببینی، مەردارەکان دۆ و خوێیان تێکەڵ دەکرد و لەچاوی ئاژەڵەکەیان دەکرد بۆ چاکبوونـەوەی.

**گەنــە:** مشــەخۆرێکە خوێنــی مەڕومــاڵات دەمــژی، لەبــن کلــک و گــوێ و گوانییــان خــۆی حەشــار دەدات.

- پەلکە هەنارییان دەکوتا، لەگەڵ ماست تێکەڵییان دەکرد بەسەر برینی وڵاخی گەورەیان دادەکرد بۆ سارێژبوون.
- ئەگەر وڵاخ ژانی بگری، گوێیان داخ دەکرد.
- بڕووشیان لەسەر برینی ئاژەڵ و وڵاغی دادەنا بۆ سارێژبوون.
- قوڕی پیسێیان لەسەر شوێنی گڕوو دادەنا بۆ چاکبوونەوە.
- ئەگــەر پەلــەوەر لاقــی بشــکی جیقنەیــان لــێ دەدا و بەپەڕۆکــی دەیــان بەســتەوە.
- ئەگــەر لاقــی ئــاژەڵ بشــکابووایە تاڵەبنێشــتییان لــێ دەدا و بەپەڕۆکــی دەیــان بەســتەوە.

جگە لـەوە کۆمەڵێ نەخۆشـی دیکە هەبـووە کە تووشـی ئاژەڵـەکان بـووە وەک: لاڕەشــە، گێــژی، بەرمیــزی، خینمیــزی.

**کەرســمە:** نەخۆشــیەک بــوو لەلووتــی هێســتری دەدا بــەوەی ڕەگێکــی ئەســتوور لەنــاو لووتــی پەیدادەبــوو هەناســە بڕکێــی پــێ دەکــرد، دەهاتــن ئــەو ڕەگــەی نــاو لووتیــان دەبــڕی هێســترەکە چــاک دەبــۆوە.
**لووشــکە**: وڵاخــی گــەورە بــە لاقەکانــی دواوەی نەهێڵــێ کــەس لێــی نزیــک بێتــەوە.

## • بەرهەمەکانی شیر:

**فــرۆ:** کاتــێ مــەڕو بــزن دەزێــن یەکــەم ڕۆژ کــە شــیری لــێ وەردەگیــرێ پەیتــە نابێتــە ماســت بۆیــە کەمێــک خوێــی پێدادەکرێــت و دەکوڵێنرێــت بەبــێ هەوێن،کەمێــک پەیــت دەبــێ،وەک ماســتێکی هەڵبــزڕکاوی لــێ دێــت، خواردنێکــی زۆر خۆشــە بەیانییــان دەخــورێ..

**ماســت:** شــیرەکە تــەواو دەکوڵێنــرێ دوایــی ســارد دەکرێتــەوە تــا شــیرتێن

دەبێ،تاکوو سەرتوێژی لێ پەیدادەبێ، دوایی بەپەنجە یان کلکی مڵاکی کونێک لەسەر توێژەکە دەکرێ و کەوچکێک هەوێنی (ماستی)تێ دەکرێت،ئینجا شیرەکە دەشلەقێنرێ، تا ماستی هەوێنەکە تەواو لەگەڵ شیرەکە تێکەڵ دەبێ،ئینجا سەری مەنجەڵی شیرەکە دادەپۆشین، ئەگەر ساردبوو بەپەڕۆکی ئەستوور سەری دادەپۆشین تا شوێنەکە گەرم بێ، ئەگەر کەش و هەوا گەرم بوو دەیبەنە شوێنەکی فێنک، تا زیاد لە دوو کاتژمێر، دوایی دەبێتە ماست، بەس زیاتر بەئێواران دەیانکرد تابەیانی زوو، بەیانی زوو وەک ماست مامەڵەی پێ دەکرا.

**ماستاو:** لەماست و ئاو دروست دەکرێ

**کەرەودۆ:** ماست بڕی چەند بوو دوو ئەوەندە ئاوی تێ دەکرێت، ئەگەر دنیا گەرم بی ئاوی ساردی تێ دەکرێ، ئەگەر دونیا ساردبی ئاوی شیرتێنی تێ دەکرێت و سەعاتێک لەناومەشکە دەهەژێنرێ، دوایی کەرەکە لە دۆیەکە جوودا دەبێتەوە، هەریەکە و بەجوودا هەڵدەگیرێن. کەرەکە بەتەنیا دەگیرا و خاوێنییان دەکردەوە،دەبووە ڕۆن.

**بەرەمەشکە:** بریتییە لەو کەرەیەی کەلەیەکەم هەژانی مەشکەکە بەرهەم دێت.

**شیر مەشک:** بەو مەشکەیەی دەگوترا کە لەدەشت و دەر دەهەژێندرا.

**پەنیر:** تەنەکەک شیر پیاڵەیەک شیلاوگییان (هەوێنی پەنیر) تێدەکرا کەپێک دەهات لە(شیلکەی وشککراوی گۆلک و دەنکەک قەنەفڵ و دەنکەک شەب ودوودەنک گەنم و تۆی گندۆرە و توێکڵەکی پرتەقاڵ و کە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەناو جامە ئاوەکی شیرتێن کرابن ) ١,٥– ٢ کاتژمێر سەری شیرەکە دادەپۆشرێ،ئینجا خوێی تێ دەکرێ و لەسەر ئاگر دادەندرێ، تا تەواو دەکوڵێ، شیرەکە پەیت دەبێ و دەبێتە گڵمت، ئاوی شیرەکەش جودادەبێتەوە،بەمە دەڵێن (دەرەمە) (دەڵەمە) ئینجا

دەڵمەکـە دەکرێتـە نـاو جۆرکێکـی پـەڕۆی خـام کەلەشـێوەی مەمکـی ئافرەتـە و دەگوشـرێ تـا ئـاوی تـەواوی لـێ دەچۆڕێتـەوە و دەڵەمەکانیـش دەبنـە سـەڵک و شـێوەی خۆیـان وەردەگـرن.

**لـۆر:** بریتییـە لەپاشـماوەی ئـاوە شـیراوەکەی پەنیـر و کۆدەکرێتـەوە لەنـاو دەفرەکـی دەکـەن و هەندێکـی تـر شـیری تـێ دەکـەن و دەیکوڵێنـن، سـەری دادەخـەن، دوای سـاردبوونەوە لەنـاو توورەگـەی دەکـەن و هەڵـی دەواسـن، تـا چـۆڕەی شـیرەکەی لـێ دەبـڕێ، بەبەرهەمهاتـووی ناوتوورەگەکـە دەڵێـن لـۆر، سـبەینان دەخـورێ.

**دانـدۆک:** خۆراکێکـی کۆنـی کوردەواریـە، لـە ماسـت و سـاوار دروسـت دەکـرێ، دوو بـەش سـاوار دەخرێتـە نـاو یـەک بـەش ماسـت، ئینجـا بـاش تێکـەڵ دەکـرێ، واتـە وەک هەویـر تێکـەڵ دەکـرێ ئینجـا ئەنگوتکـی پـان و شـێوە خـڕی لـێ دروسـت دەکـرێ، لەبـەر هەتـاو (تیشـکی خـۆر ) وشـک دەکرێتـەوە، دوایـی لەنـاو قوماشـی خـام یـان کوپـە هەڵدەگیـرا زسـتانان دەخـورا بەوشـکی، دەشـکرا جارێکـی تـر لـە نـاو ئـاو بکرێتـەوە بـۆ ئـەوەی نـەرم بێتـەوە تـا خواردنـی ئاسـان بێـت بەتایبەتـی پیـرە بـێ ددانـەکان بـەو شـێوەیە دەیـان خـوارد، دەشـکرا شـیو (چێشـت)، دەشـکرێ لەجیاتـی ماسـت لـەدۆ و سـاواریش دروسـت بکـرێ.

**کەشـک:** جـۆرە خۆراکێکـە لـە دۆی وشـککراوە دروسـت دەکـرێ. یەکەمجـار دۆیەکـە دەخەیتـە سـەر ئاگـر تـا تـەواو دەکـوڵا و کەفـی دەکات، دوایـی سـاردبوونەوە، کەفەکـەی سـەر دەگـری و دەیخەیـە نـاو جاخێـک و هەڵـی دەواسـی شـەو تـا بەیانـی، دوایـی دەگوشـرێ و دەکرێتـە سـەلک سـەلکی خـڕ وەک گوێزەکـی گەورە،وشـک دەکرێتـەوە و زسـتانان پێـش خـواردن لەنـاو ئـاوی دەکـرێ تـا نـەرم دەبێتـەوە و دەیخـۆن.

**سـەردۆک:** کاتێک رۆن و کـەرە گـەرم دەکرا و دەتوێنرایـەوە، ئـەو کەفـەی

لەسەری پەیدا دەبوو پێیان دەگووت سەرەدۆک.

**شیرێژ:** هەر ئەو دۆیەی بۆ کەشک بەکار دەهات، ئەگەر بکرێتە گلّمت گلّمت پێی دەلێن شیرێژ و دەیخۆن.

## • ئەو بەکارهێنراوانەی لە پێستە دروست دەکران

**مەشکە:** لە پێستەی گا و گۆلک و بزن دروست دەکرا، پاش خاوێنکردن و خۆشکردنی هەردوو سەری دەبەسترا، ماستی لەناو دەهەژێنرا بۆ بەرهەمهێنانی کەرەو ڕۆن بۆ بەکارهێنانی مەشکە دەبێ ئەم بەشانەی هەبێ.

**أ- سێ پێک:** داریکی سێ لکە بەوەستاوی دادەندرا لەخوارێ لکەکان لێک دووردەکەوتنەوە، لەلای سەرەوە بەهۆی گوریسێکەوە پێکەوە دەبەستران.

مەشکە وەک ئاژەڵێک لەسەر پشت هەڵبواسرێ وا دادەندرا هەردوو دەستی و هەردوو لاقی هەریەکەی بەدارێکی نیمچە خڕی درێژ دەبەسترانەوە پێیان دەگۆت لۆرلەپ.

**ب- لۆلەپ : لۆرلەپ :** بریتییە لە دوو داری خڕ و درێژ وەک دار روبەیە ناوەڕاستی هەریەکەیان کونە، داریکی درێژی لەشێوەی خۆیان سەرەکەی دەچیتە هەردوو کونەکەوە، واتە سەریکی بۆ دەستەکانی، سەرەکەی تری بۆ پێیەکانی، بە گوریس بەستراوەتەوە بە هەرسێ سێپێکی مەشکەوە، ئەو دار لۆرەلەپە، مەشکەکەی پێوەبەندە، ژن لەکاتی هەژانی مەشکە دەست بەو داری لۆرەلەپەیە دەگرن.

**جـ - ناودۆک:** بریتی بوو لە دارێک هەردوو دارە لۆرلەپەکەی پیکەوە دەگەیاند بەهۆی کونێک کە لە ناوەڕاستی هەردوو دارەکان هەبوو، ئینجا ماستیان لەناو دەکرد و ژن دەیانهەژاند بۆماوەی نزیکەی کاتژمێرێک پاش بەستنی هەردوو سەری مەشکەکەو جارجار سەری پێشەوە

دەکرێتـەوە و دۆیەکـەی دەرژێنـرا نـاو مەنجەڵـەک دوایـش کەرەکـەی لـێ دەگیـرا.

**کونـدە :** لەپێسـتی بـزن و نێـری و تەگـەی دروسـت دەکـرا، ئـاوی خاوێنـی تـێ دەکـرا بـۆ خواردنـەوە بەکاردەهـات، لەسـەر کوندەڵانـی دادەنـدرا واتـە شـوێنەکە سـێبەر و فێنـک بـێ بەمـەش ئاوەکـەی سـارد دەبـوو.

**هەنبانـە:** لەپێسـتی مـەڕی سـپی دروسـت دەکـرا پـاش خاوێنکردنـەوە و خۆشـکردن وشـک دەبـۆوە، دانەوێڵـەی وەک سـاوار و بڕووشـی تـێ دەکـرا، سـەری تونـد دەبەسـترا.

**هیـزە:** لەپیسـتەی مـەڕو بزنـی دروسـت دەکـرا عادەتـەن بچووکیـش بـوو، ڕۆنییـان تێـدا هەڵدەگـرت.

**جەوەنـد:** وەکـی کونـدەی بـوو لەپێسـتی کار و گیسـکی دروسـت دەکـرا و شـوان بەکاریـان دەهێنا لـۆ ئـاو خواردنـەوەی لەبـن زگـی کەرێیـان دەبەسـت و دەرکەکـی هەبـوو قەمیشـەکییان تـێ دەبەسـت بـۆ ئاوخواردنـەوە.

**دێمکـە:** لـە هـی پێسـتی کاری بچووکییـان دروسـت دەکـرد و لەنـاو خـۆرە سـۆرییان دەنـا هەتـا کلسـی نەگـری، بـۆ ئاوخواردنـەوە بـەکار دەهـات. لەکونـدە بچووکتربـوو، شـوان و سـەپان لەگـەڵ خۆیـان دەبـردە سـەر ئیشـێ لەدەشـت و دەر.بـەو دواییـە لـە مشـەما دروسـت دەکـرا.

**دۆدانـە:** لەپێسـتەی کارو بـەرخ دروسـت دەکـرا لـە دوای غارانـدن و خۆشـکردنی بـە پەلکـە هەنـاری و ئینجـا پاکژکردنـەوەی، دوایـی بنەکەیـان توونـد دەبەسـت و دۆیـان تـێ دەکـرد و سەریشـیان دادەخسـت.

**تازیە:** توورەگە خامێکی گەورەبوو نزیکەی شەش تەنەگە دۆی دەگرت.

**شیرمەشـک: شـیردان:** وەک دۆدان وابـوو، بـەس تەنهـا بـۆ شـیر تێکـردن بەکاردەهێنـرا لەکانـی مـەڕو بـزن دۆشـین دا.

**بنـۆرە:** کونـدە کـە دەدڕا لایـە دڕایەکـەی لـێ دەکەنـەوە، لایـە سـاغەکەی دەکەنـەوە کوندەکـی بچووکتـر بـۆ ئاوخواردنـەوە.

**مەتـارە:** بـەو دوایـە پەیدابـوو لـە پلاسـتیک دروسـت دەکـرا و بـە گـوش دادەپۆشـرا بـۆ ئـاو خـواردن بەکاردەهـات.

## • خواردنە کۆنەکان

**دۆغـەوا:** جـۆرە چێشـتێکە لەنـاو کـوردەواری هەبـوو، لـە کفتـەی بـرووش دروسـت دەکـرێ، نـاوی پـڕ دەکـرێ لەهێلکـەو رۆنـی سـوورەوەکراو و شلەکەشـی لەماسـت یـان دۆ دەبـێ و پیـازی سـوورکراوە لەنـاو ڕۆن. جاترەشـی تـی دەکـرێ بـۆ بۆنخۆشـی.

**دۆینـە:** شـیوەکە (چێشـتە) گەنمەکوتـاوی لەنـاو دۆ یـان ماسـتی شـل دەکـەن، هەندێـک پونگـی تـێ دەکـەن بـۆ بۆنـی خـۆش، رۆن و خوێشـی تـێ دەکـەن تـا تـەواو دەکوڵـێ و دوای دەخـورێ.

**پیرخەنی:** خواردنێکـە لـە وردە سـاواری بـن بێژینگـی سـاواری هـاڕدراوە دروسـت دەکـرێ، وەک شـلە سـاوار لـێ دەنـدرێ، زۆر هـورد و نەرمـە پیـاوی پیـر و بـێ ددان پێـی دەخـورێ، هەربۆیـە ئـەو ناوەشـیان لێنـاوە، یانـی پیـر پێـی خەنـی دەبـن واتـە کەیـف خـۆش دەبـن.

**گەنـم بـەکاردی (کاردی بەتـرش):** شـیوێکی خۆشـە بەهـاران زۆر لـێ دەنـدرێ کـە کاردوو هەیـە، لـەکاردی و گەنمەکوتـاو و سـماق وشـەکر و رۆن و خـوێ و پیـازی سـوورکراوە پێـک دێـت.

**گەنـم بەسـڵق:** دووپـەرداخ گەنـم دەشـۆیتەوە و دەکوڵێنـی خوێـی لـێ دەدەی و ئینجـا ئـاوی تەماتـە و گـەڵای سـڵقی وردکراوی تێ دەکەی و تێکی دەدەیـی و دوایـی دوو کەوچـک ڕۆن بەپیـازەوە لەنـاو مەنجەڵەکـە دەکـەی و لێی دەگەڕێـی تاتـەواو دەکوڵێت.ئینجـا کەمێـک سـماقی تێ دەکـرێ تاتـەواو دەکوڵـێ، دوایـی کـە سـاردبۆوە، دەخرێتـە پێش کەسـەکان بەسـاردی بیخۆن.

**سـاوار بەکەنگـر:** لـە کەنگـرو سـاوار و پیـاز و ڕۆن و خـوێ دروسـت دەکـرێ دوایـی دەکوڵێنـرا، بـۆ خـواردن دەشـێت

**ساوار بەتۆرکە:** هەروەک ساوار بەکەنگر و ساوار بەتەماتەی وایە، لەجیاتی ئەوانی دیکە، رۆن و پیاز و ئاوی تێدەکرێ تولکەکە لەناو ساوەرەکە دەکرێ و دەکولێندرێ.

**پراوساوار:** رۆن و هەرشتە دەقرچێنراوە و ئاوێکی کەمی تێ دەکرا و دوای ساواریشی تێ دەکرا، دەکولێنرا، بەمەرجێک وەک پلاو بێ. دوایی هەبوو لەکاتی خواردن دانانەکە پشکە گۆشتی لەسەر دادەنا.

**مزەورە:** شیوێکە برنج و سلق و تەماتە و بیبەر و خویی تێ دەکەن و دەکولێندرێ

**چەلاو: گۆشتاو:** گۆشتەکە لەسەر ئاگری دادەنێی هەر بەئاوی خۆی بکولێت، هەتا ڕەنگەکەی لەسوورەوە بۆ سپی دەچێت، ئینجا ئاوی تێ دەکەی لەگەڵ کەمێک رۆن، پێش ئەوەی بەتەواوی بکولێ خوێی تێ دەکرێ، لەگەڵ پراو ساوار دادەندرا.

**ساوار بەگۆشت:** وەک پلاو ساوار لێ دەنرا بەبێ هەرشتە، بەلام ئاوی زۆرتر تێ دەکرا،، پشکە گۆشتییان تێ دەکرد، یان گۆشتی مریشکییان تێ دەکرد.

**هەڕشتە:** یەکەمجار هەڕەشتەکەی دەکولێنن بەبوونی ئاو، دوایی دەیپاڵێون و رۆن و پیازی تێ دەکرێ.

**کەنگرو ڕوون** : کەنگر دوای خاوێنکردنەوەی لەناو ڕۆن و پیازی سووردەکراوە و خوێی پێدا دەکرا و دەکولێندرا.

**تۆرکەی سەرسێرێ:** لەسەرەتای بەهارێ، تۆڵکەی ورد و ناسکییان دەکرد و پنچکەکانیان دەبڕی و بەئاوێکی خاوێن دەیانشووشت، وبەتەڕی لەسەر سێلێیان(ساج) دادەنا و خوێیان پێ دادەکرد، تا تەواو دەبرژا ئینجا لەناو قاپییان دەکرد و دەخورا، زۆر تامی خۆش بوو.

**تۆرکەو ڕوون** : تۆرکەی خاوێن و شووراوەیان لەناو ڕۆنی دەنا و دەیانکولاند و دوای کولان و ساردبوونەوە دەیانخوارد.

**تۆرکـەی زەردکـرای:** تۆرکەکـە لەنـاو ئـاو دەکـرا و دەکوڵێـندرا بـێ ئـەوەی ڕۆنـی تـێ بکـەن تەنها خوێیـان تـێ دەکـرد.

**گەنمەکوتـای:** ڕۆن و ئاوەکـەی لەسـەر ئاگـری دادەنێـی هەتـا بەکـوڵ دێ، ئینجـا گەنمەکەکوتاوەکـەی تـێ دەکـەی، هەتـا ئـاوی کـەم دەبێتـەوە، ئینجـا ئاگرەکـەی کـز دەکـرێ، هەتـا وەک پـڵاوی لـێ دێـت.

**ترخێنە:** گەنم و سڵق ودۆ پێکەوە تێکەڵ دەکرێ و دەکوڵێنرێ و بەساردی دەخورێت.

**تەڕەسـاز:** خواردنێکـە وەک تورشـیاتی ئێسـتا لەماڵـەوە ژن دەیانکـرد، پێـک دەهـات لەگەنمەکوتـاو و سـەلک و قـەدی شـێلم و خـوێ و هەویـر. شـێلم بەلاسـک و سـەلکەکەی ورد دەکـرا و لەنـاو خوێـی دەکـرا لەشـەوێ تـا بەیانـی، دوایـی بەئـاو دەشـۆراوە تـا سـوێراتی زۆر نەمێنـێ، ئینجـا گەنمەکوتاویـان دەشووشـتەوە و دەکولانـد، ئینجـا هەویرترشـەکیان لەنـاو تـەواوەک هەویرییـان دادەنـا هەتـا سـێ ڕۆژان هەویرەکـە هەڵدەهـات، دوایـی هەویـر هەڵاتووەکەیـان لەنـاو مەنجەڵێـک ئـاو دادەنـا و تـا نـەرم ببێتـەوە و ئاوەکەیـان دەپارزنـی، شـێلم و گەنمەکوتاوەکەیـان لەنـاو ئـاوی هەویرەکـە دەکـرد و جـوان دایـان دەپۆشـی و لەشـوێنەکی گـەرم دایـان دەنـا، هەتـا شـەش ڕۆژان، دوایـی دەیانخـوارد وەک تورشـیات.

**دۆمبـەران:** کەڕووێکـە لەسـەرەتای بەهـاران لـە زوورگ و تـەلان و چیـا گەرمیانییـەکان دەڕوێ، واتـە لەوخاکانـەی کـە زیخەڵانـن، دۆمبـەڵان وەک پەتاتـە وایـە لەژێـر زەوییـە و دەردەهێنـرێ لەنـاو ئـاو دەکـرێ بۆمـاوەی ٢-٣ سـەعات، چەنـد جـار دەکـرێ ئاوەکـەی بگـۆڕی، ئینجـا دەکـرێ توێکڵـی لێبکرێتـەوە یاخـود سـپی بکـرێ، دوایـی بکرێتـە چەنـد قاژێکـەوە، بەچەنـد ڕێگا بخـورێ.

**دۆمبـەران بـە ڕوون :** دوو کەوچـک ڕۆن لەنـاو پەرداخێـک ئـاو تێکـەڵ بکـە و بیکوڵێنـە ودوایـی دۆمبەڵانـە قاژکراوەکانـی بخـە نـاوی تاتـەواو بکولـێ، دەشـکرێ پیـازی تێبکەی،یاخـود هێلکەشـی تێبکـەی، دوای سـاردبوونەوە دەخـورێ، زۆر بەلەزەتـە.

**ساوار بەدۆمبەران:** دوو کەوچک رۆن لەگەڵ پیازی ورد بکە ناو دەفرێکەوە بیکوڵێنە تاتەواو دەقرچێتەوە، دۆمبەلانە قاژکراوەکانی تێبکە، دووپەرداخ ئاویشی لەسەرکە دووسێ جار تێکی وەردە پاشان دووپەرداخ ساواری تێبکە تاتەواو دەکولێ، دوایی ساردی بکەوە و شیاو دەبێ بۆ خواردن بەنان.

دەشکرێ پلاو ساواری لێبنێی و دۆمبەلانی سوورەوەکراوی ناو رۆنی لەسەر دابنێی.

**قاورمە:** زیاتر گۆشتی بەرخ ورد دەکرێ و بەئاو دەشۆرێتەوە و دەیخەنە ناو مەنجەڵێک بێ ئەوەی ئاوی تێبکەن، هەر بەدونگ و چەوراتی خۆی دەیکوڵێنن، تا سووردەبێتەوە، دوایی دەیهێننە خوارەوە ساردی دەکەنەوە و لەناو کوپە و گۆزەی دەکەن و سەری دادەپۆشن زستانان، دەری دەهێنن دەیخۆن.

**بەربەسێری :** گۆشتی مەڕو بزن زیاتریش بەرخ و کار ورد دەکرا، سێڵیان بەسەرەونخوونی، واتە دیوەقوڵەکەی لەدەرەوەبێ رۆن و پیازیی سەوزیان تێدەکرد و ئاگرییان لەبن دەکردەوە تا ڕوونەکە دەقرچاوە، ئینجا گۆشتەکەیان تێ دەکرد تا تەواو دە برژا، جار هەبوو کەمێک ماستاویشیان تێ دەکرد.

**کسکە:** بەزوو و دوونگ وردەکران و پێکەوە سوور دەکرانەوەو دوایی دەبووە گرمت گرمت، بەنانی دەخورا.

**قاویت: قەرەخەرمان:** گەنمی ڕەشگوڵ و تەرزە درشتەکانی وەک سۆرگوڵیش، بەفەریکی دەدوورایەوە، ئەو فەریکە گەنمانەیان بە ئاگر هەڵدەکروزاند، لەپاشان وشکییان دەکردەوە،بەدەستار دەیانهاڕی، دوایی دەیانبێشت بۆ ئەوەی قرچک و کاری لێ بڕوات ئینجا وەک پلاو ساوار لێیان دەنا و دەخورا.

**چەرخوس:** لەشێوەی قەرەخەرمانە، بەلام بۆ جۆ دەبوو گوڵی جۆی کاتێ شیری ناوی وەک پەنیر دەبوو لێیان دەکردەوە و قرچەکەشیان

لێ دەکردەوە و یان بەئاگر دەیانسووتاند و دوایی بەدەستاڕ دەیانهاڕی دوایی بەبا دەکرا یان لە تەتەڵە دەدرا تا قرچکەکانی بڕوات، هاڕاوەکە لەناو دەفرێک دەکرا و لەگەڵ شیر یان دۆشاو تێکەڵ دەکرا و بە کەوچکان دەخورا.

**سەرهێری:** خواردنێک بوو بەبرووش دروست دەکرا.

**تەڕەحەلوا:** لەئارد و شەکر و ڕۆن و خوێ و ئاو دروست دەکرێ، زیاتر بۆ ژنی تازە منداڵبووە. تاکو شیری زۆربێ و هێزی بێتەوە بەرەخۆی،چوار پەرداخ ئاو لەناو قاپەکی دەکەی و یەک پەرداخ شەکری تێ دەکەی لەگەڵ خوێی بەسەردادەکەی بەڵام نابێ سوێربێ، ئینجا ڕۆن لەناو تاوەیەک سووردەکەیەوە بەئاگر، تا تەواو سوور دەبێتەوە، ئینجا نیو پەرداخ ئاردی تێ دەکەیی و تەواو تێکی دەدەی تا تەواو گەرم دەبێ و ڕەنگی قاوەیی دەبێ، دوایی دایدەگرییە عەردی و کەمێک ساردبۆوە شەکراوەکەی تێ دەکەی و دەیخەیەوە سەر ئاگر، تا دەکوڵێت و دەبێتە حەلوایەکی خۆش، ئینجا دایدەگریە عەردی و سارد دەبێتەوە و دەخورێ، منداڵیش زۆر حەزی لێیە بەتایبەتی بەزستانان دەکرا.

**برێشکە:** خواردنێکی چەرزاتییە، دەنکی گەنم و هەندێ جار تۆی کاڵەکیشیان پێکەوە تێکەڵ دەکرد و لەناو سێری نانی دەیانبرژاند، دوایی برژانی تەواو لەناو جۆرکی پەڕۆییان دەکرد و شەوان دەیانخوارد.

**بەلەچەک:** گندۆرە (کاڵەک) لەناوەندێ دەکرا دووپارچە و لەسەر بان لەبەر هەتاو لەسەر پەڕۆکەکی گەورە ڕادەخرا تا تەواو وشک دەبۆوە، دوایی هەڵیان دەگرت، بۆ زستان کەمێک لەناو ئاوییان دەنا تا نەرم بێتەوە و دەیانخوارد.

**سەیلاو:** قەسپ ناوکی لێ دەهێندرا و گەرم دەکرا، وەک دۆشاوی خورمای لێ دێت، بەڵام پەیتە، واتە خەستە.بەنان دەخورا.

## • تەون و مافور لەکوردەواری

لـە کۆنـدا لـە دەشـتی هەولێـر ژنانـی کـورد لەپاڵ کاری منـاڵ بەخێوکـردن و مـاڵ بەڕێوەبـردن و مـەڕداری و کاری کشـتوکاڵی هەندێکییـان دەسـت ڕەنگینیشـیان هەبـووە لـە تەونـکاری واتـە مافـوور دروسـتکردن. زۆر لـە بنەماڵەکانـی دەشـتی هەولێـر بـۆ بژێـوی ژیـان، ژنانیـان هەمیشـە هـاوکاری پیاوەکانییـان بوونـە لـە بەخێوکردنـی مـاڵ و منداڵ و ئەویش جگە لەهـاوکاری پیشـەی مـەڕداری و کشـتوکاڵی، لەهەمـان کات لـە وەختـە بێکارییـەکان، کاری تەونکارییـان دەکـرد واتـە مافوورییـان دروسـت دەکـرد، عادەتـەن ئـەو ژنانـەی بـەو کارەوەش خەریـک بـوون دەبوایـە دەسـت ڕەنگییـن و هونەروەربـن.

**تـەون:** کارگەیەکـی بچووکـی ناومـاڵان بـوو ژنـان مافـوور و بەڕییـان پـێ دروسـت دەکـرد.

**مافوور:** قالیچە، ڕاخەرێکی درێژ بوو لە ٣-٤ تاکو ٥ مەتریش دروست دەکرا. بۆ ڕاخستنی لە ماڵ و دیوەخانەکان بوو، بۆ دانیشتن و نووستن لەسەری.

**سەرەناز:** بەو مافوورە دەگوترا کە لەسێ بەر واتە لە ٣ مەتر زیاتر بوو.

**سمتەک:** دوو داری ستوونی پان و پتـەو بـوو ٢ مەتـر زیاتـر بەرزدەبوو، هـەردوو سـەرەکانییان بـە گوێچکـە بـوون یـان بلێیـن هەڵبـڕاو بـوون بـۆ خسـتنە سـەری داری سـەرەتان و بنەتـان.

**بنەتـان:** دارێکـی لوولەیـی بـوو درێژییەکـەی ٢م دەبـوو هـەر سـەرەی دەچـووە نـاو گوێچکەکانـی هـەر دوو داری سمتەکەکە لـەڕووی خـوارەوە. بەنـی هـەرزارەی پێـوە دەبەسـتراوە.

**سـەرەتان:** هـەروەک بنەتانـە بـەڵام لـەلای سـەرووی بەهـەردوو گوێچکـەی سـمتەک تونـد دەبەسـترا.بەنی هـەرزارەی پێـوە دەسـووڕاوە، لەگـەڵ بنەتان،بەدیـوی پێشـەوە و دواوە خولـی دەخـواردەوە.

**هـەرزارە:** ئـەو دارە پانانەیـە لەکاتـی تەونکـردن لەسـەری دادەنیشـی،وەک کورسـی بەکاردەهـات.

**زەمۆمـە:** دارەکـی نـوک تیـژ بـوو کـە دوای بەسـتنی ڕایـەڵ بەسـەرەتان و بنەتانـەوە لـەلای سـەرووی بنەتـان لەکونـی گوێـی سـمتەک دەکوتـرا تـا ڕایەڵەکـە توند و تـۆڵ بـێ.

**مێـراب:** نەخشـێکی نـاو مافـوور بـوو ڕەنگـی سـپی بـوو چـوار پەنجـە پـان دەبـوو لـە دیـوی نـاوەوەی لێـواری بـوو بەهـەر چـوار لای نەخشـەکە دادەهـات وەک چوارچێـوەی نەخشـەکەبوو

**فرێتـە:** ئـەو داوە بەنەیـە کەلـەدەوری کارگـەی تەونەکـە خولـی دەخـواردەوە بـەدەوری سـەرەتان و بنەتانی.، نەخشـی مافوورەکـەی لەسـەر دروسـت دەکـرێ. واتـە ئـەو بەنەیـە کەدەکـرا ڕایـەڵ بـۆ مافوورکـردن.

**گـورد:** دارێکـی لوولەیـی بـوو لەسـەرەوە نەخشـە و چنینەکـە بەسـەر هـەردوو سـمتەکەکە دەبەسـترێ.

**دەسکە گـورد:** دارێکـی پتـەوی بچووکـە شـێوەی لاکێشـەیی ئەسـتوور و کورتـە دوو دانـەن لەنێـوان گـورد و سـمتەک دادەنـدران.

**داوەگـورد:** داوەکـە لەگـورد دەئاڵێنـدرێ و پەیوەسـت دەبـێ بـە ڕایەڵـی مافوورەکـە.

**قەمیـش (قامیـش):** لەسـەرەوەی دارگـوردە و لەخـوار نەزانمەیـە (کیسـرە) دەکەوێتـە نێـوان ڕایەڵـی گـورد و ڕایەڵـی شـێرەوە بەنـاو داوی مافـوورەکان دادەڕوات.بۆ لێک جوداکردنـەوەی داوەکان مـاوە مـاوە جولـەی پـێ دەکـرێ. بەهـۆی ئـەو قامیشـە تیـز و فیـزی ڕایەڵـەکان دادەبەزێنتـە خـوارەوە.

**کیسـرە (نەزانمـە):** پەتێکـە لەسـەرووی داوەگوردەوەیـە، کـە لـە کاتـی مافوورکـردن جـۆت جـۆت قورفەیـان لـێ دەدا.

**گلۆرەبەند:** داوێکی ئەستووربوو گلۆرە بەنەکانی لێ دەبەسترا.

**گلـۆرە:** داوی کۆکـراوەی ڕەنـگاو ڕەنگـە بەشـێوەی تـۆپ خڕدەکـراوە، بـۆ چنیـن بەکاردەهـات.

**ڕایەڵ:** داوێکی پتەوە بەناو داوی فرێتەکاندا دەڕوات.

**پیشـک:** کەرەســتەیەکی وەک شــانەیە دەســکێکی پتــەوی پێوەیــە بەنــاو ڕایەڵــی چنینەکــە تونــد دادەکوتــرا.

**ڕنـۆک:** ئامرازێکــە لــە ئاســن دروســت دەکــرا، ســێ لکــە بـۆ توندکردنــی داوی نەخشــەکان بــەکار دەهــات.

**مووس، قەڵەمبڕ:** بۆ بڕینی گوفکی نەخشەکان بەکاردەهات.

**تێوەرێخ:** داوێکە بەناو ڕایەڵەکانی تەون دادەڕوا بە پیشک دەکوترێت

● **تەشی ڕێستن:**

جۆرێـک بـوو لـە پیشــەی تایبەتــی ئافرەتــان، خــوری مــەڕێ و مــووی بزنییــان دەڕێســت بـۆ کاری تەونــکاری و قومــاش چنیــن.

**تەشـی:** ئامرازێک بـوو بۆ ڕێتنی مـووی بزن و خـوری مـەڕێ بەکاردەهێنرا، کلکەکـی درێـژی باریـک و لوولەیـی بـوو٤٠ سـم دەبـوو، سـەرەتەشـی شـێوەی بازنەیـی تەختەیـی بـوو تیرەکـەی ٥ سـم دەبـوو داریکـی بازنەیـی پێوەبـوو ناوەنــدی ســەرکە تەشــیەکە تێلەکــی باریکــە ســەرچەماوەی لەشــێوەی نیشــانەی پرســیاری پێوەبووپێیــان دەگــووت چــزوە.

**ڕوونـگ:** جۆرێکـە لەخـوری لەئاژەڵـی دابەسـتی وەردەگیـرێ. خورییـەکان تیسـکییان کورتـە و ناکرێنـە هەمووشـتێک، بـۆ گوریـس بەکاردەهـات، لەگـەڵ کارەمــووش دەڕێســتراو دەکــرا بــەن و بەنقادەیــان لــێ دروســت دەکــرد، بەنــدروو و بەنکــراوە.

**لوا:** خوری بەرخی یەک ساڵانەیە. لبادییان لي دروست دەکرد

**بەن:** بریتی بوو لە موو و خوری دەڕێسران

**ڕیس:** بریتی بوو لە بەنێکی زۆری ڕێسراو لەمووی بزن.

**دەسـتپێچ :** بریتییـە لـەو خورییانـەی باریککراونەتـەوە و لوولـدراون، ژنـان هەندێ لـە باسـکی خۆییان دەئاڵێنن، سـەرێکی کـە ڕێسـراوە بەتەشـییەکەوەیە و بەرەبـەرە لێـی دەڕێسـرێت.

**خاوک:** بریتی بوو لە خوری مەڕێ پاش شوشتنەوە یەکجار دەڕێسرا

**پەشتەک:** خاوکە بۆ جاری دووەم دەڕێسراوە، زۆر کشت دەکرا و بۆ بەنی بەرماڵی نوێژ و جاجم بەکاردەهێنرا.

**ماشەر:** بەو بەنەی دەگوترا کەژن بە دانیشتنەوە لەهەردوو لا ڕانی خۆیان دەئالاند. دوایی دەیانکردە گلۆرەبەن.

**ئەستووران:** بەنی ئەستووربوو بۆ جواڵ و بەڕە بەکاردەهات.

**بەڕە:** لەبەنی خوری دروست دەکرێ بەڵام ڕستنەکەی ئەستووربوو.

**جاجم:** جۆرە پێخەوێک بوو لەلای جۆلا لە خوری و مووی بزن بەنەخش و نیگار دروست دەکرا، بەڵام ڕستنەکەی باریکتربوو لە بەنی بەڕەی، پاش ئەوەی لەڕەنگی دەنران، لەکاتی نووستن بەخۆیان دادەدا، گەرم بوو بۆ زستانان.

**بەرمار(بەرماڵ):** لە خوری و دەزوو بەنەخشی تایبەت دەچنرا.

**پەڕک:** داوە بەنی بادراو بۆ چنینی کڵاش بەکار دێت.

**شەپاندن:** کاتێ خوری تەڕدەکرێ بەئاو و بەداری شوولک لێی دەدرێ تا هەم خاوێن بێ و هەم خاوبێتەوە.

## • سراو (بیری ئاوێ)

**دۆراب**

لەکۆن لە گوندەکان ئاوی خواردنەوە بۆ مرۆڤ و ئاژەڵ لە ئاوی ژێرزەوی دابین دەکرا ، بەتایبەتی لەگوندە دەشتاوییەکان بیر لێدەدرا ، ئاوەکە بە هۆی دەولک وبەکرە و گوریس و ئاژەڵ دەردەهێنرا ، سەری بیرەکە بە خشت و قوڕ بەشێوەی بازنەیەکی دەم کراوە بەخشت و قوڕ بەرزدەکراوە تا مەترێک ئینجا لەدوولای بەرانبەری یەک دیوارەکە، داری بەکرەکە لەسەردیوارەکە جێگیردەکرا بەمەرجێ بەکرەکە بسوڕێتەوە بەئاسانی ، ئینجا دەولکێک کە زیاتر

لـە قایـش دروسـت دەكـرا لـە شـێوەی سـەتڵ لەچـوار لا دەسـكی قایشـی بـۆ دەكـرا سـەری ئەودەسـكانە پێكـەوە گرێدرابـوون ، دوایـي بەگوریسـی پتـەو سـەرێكی لـێ توندەكـرا و دەبوایـە درێـژی گورسـیەكە بەگوێـرەی قوڵـی بیرەكـە زیاتربوایـە ، ئینجـا سـەرەكەی دیكـەی گوریسـەكە لـە تەنگـەی كەرەكـە یـان ئێسـترەكە تونـد دەبەسـترا ، منداڵێـك یـان مێـرد منداڵێـك لەسـەر پشـتی كـەرە دەبـوو، هەچـەی لەكەرەكـە بكردایـە، كەرەكـە بـۆ خـۆی دەڕۆی تـا ئـەو ئافرەتـەی لەبـەردەم بیرەكـە ئـاوی دەویسـت دەیگـوت یاڵـڵا ، یەكسـەر كەرەكـە دەگـەڕاوە ، جاریـش هەبـوو ، كەرەكـە مـەودای دووری خـۆی دەزانـی بـۆ خـۆی دەگەڕایـەوە ، لەوكاتـە دەولكەكـە پـڕ ئـاو دەبـوو دەهاتـە سـەرەوە ئینجـا ئاوبەرەكـە بەتاڵـی دەكـرد جـا چ لەكۆلـی ئاوێـی مـەڕی دەكـرد یـان لەجـەڕە و بەرمیلـی سەرشـان وپشـتی دەكـرد.

**قانات:** بـەو دوودیوارەی بەرانبـەر یـەك دەگوتـرا لـە سـەربیر دروسـت دەكرا لەمەترێـك زیاتـر بـەرز دەكـرا لای سـەرووی تەسـك و قووچـەك دەكـراوە، هەروەهـا لای سـەرووی لەنـاوەوە بـۆش دەكـرا بـۆ دانانـی بەكرە(گرگـرە).

**كەرووكە :** بەدیواری پشت بیرێ دەگوترا نزم تر بوو لەتەنیشتەكانی،

**بەربیـر:** پێشـی بیرێیە.دارەكـی درێـژە، ئەوسـەر و ئەوسـەری دەچتـە ناوقاناتـێ، ئاوكێـش دەسـتەكی پێـوە دەگـری.

**بەربیـر:** بـەو ژنـە یـان زەلامـەی لەپێـش بیرەكـەی دەوەسـتا و دەولكـی ئاوێـی بەپـڕی وەردەگـرت.

**گرگـرە : بەكـرە:** شـێوەكی لوولەیـی هەبـوو لەچەنـد شـەپكە دارێـك دروسـتكرابوو دوو گێـی درێـژی هەبـوو دەچـووە نـاو سیوسـیوەی و كـە گوریسـی لەسـەر دەڕۆیشـت دەخـولاوە،

**سیوسـیوە:** ئەوكونـەی لەنـاو هـەردوولای دیـواری قەناتـێ دەكـرا داری گرگـرەی دەچـووە نـاوێ.

**کنـدڕ:** گوریسـی درێـژ و پتـەو کـە سـەرێکی بەدەولکـەوە بەسـترابوو، سـەرەکەی تـری لەتەنگـەی کـەر و ئەسـپی دەبەسـترا ئـاوی پـێ ڕادەکێشـرا. بەتـۆپ دەپێـورا تۆپـی ١٨ باڵـی مـرۆڤ بـوو.

**دەولـک**: لەشـێوەی زەمبیلـی خۆڵـێ بـوو چـوار قولفـی هەبـوو، پێشـتر لەمەشـکەی دروسـت دەکـرا لـەدوای چلـەکان لەلاسـتیک دروسـت دەکـرا، دوودارى راسـت وچـەپ لەسـەری بـوو بەقولفانگەکانـەوە بەسـترابوون پێیـان دەگـوت پەلەدەولـک، سـەرێکی گوریسـەکەی پێوەبـوو، گـەورە و گچکەیـی جودابـوو هەبـوو نیوتەنەکـە ئـاوی دەگـرت، هـەش بـوو دوو تەنەکـە.

**پەلەدەولـک:** دوودارى کـورت و پتـەو بـوون بەتیـزو فیـزی بەدەولکەکـەوە بەسـترابوون.

**دۆرابچـی:** ئەوکەسـەی سـواری وڵاخەکـە دەبـوو تـا ئـاوی بیـرێ ڕابکێشـێ.

**جـەڕە:** گۆزەیەکـی گەورەبـوو لەقـوڕی سـوورەکراو دروسـت دەکـرا، بنکـی بچـووک بـوو سـکی فـراوان بـوو سـەری بچـووک بـوو دوو دەسـکی بچووکـی لەکـن ملـی هەبـوو، ئاوییـان لـە سـەربیران پـێ دەهێنـا، شـەوان ئاوییـان تـێ دەکـرد بـۆ ساردبوون.

**جەلحـە:** جـۆرە گۆزەیـەک بـوو ملـی درێژبـوو وەکـو گـۆزە وابـوو ئـاوی خواردنـەوەی تـێ دەکـرا، لەجـەڕەی بچـووک تربـوو، لەشـەربەش گەورەتربـوو دەیانبـردە پەرێـزێ بـۆ ئـاو خواردنـەوەی.

**شـەربە:** لەجەلعـەی بچووکتربـوو، ئاوییـان تـێ دەکـرد بـۆ سـاردبوون، لەسـەربنکەی دەوەسـتا.

**کوپـە:** گەورەبـوو لەقـوڕی سـوورەوەکراو دروسـت دەبـوو لـە مـاڵ لەسـەر سـێ پایەکـی تایبەتـی خـۆی هەبـوو دادەنـدرا، ئاوییـان تـێ دەکـرد زیـاد لـە ٥٠ لیتـر ئـاوی دەگـرت، قەبـارە گـەورە و بچووکـی هەبـوو، سـەرێکی لەسـەر دادەنـدرا پێیـان دەگـوت دەرخونـە.

**بەرمیل:** لەپلێتی ئەستوور دروست دەکرا، لوولەیی بوو وەک بەرمیلی نەوتی بەڵام زۆر زۆر بچووکتر بوو.

**تەنەکە:** تەنەکەی رۆنی ییان سەریان هەڵدەگرت و ئاوییان پێ دەهێنا.

**تێرکە:** لەمشەمای دروست دەکرا،لەسەر پشتی کەرییان دادەنا لەسەر هەردوولای دەبوو، ئاوییان پێ دەکێشاوە، بۆ شوێنی مەبەست.

## • باڵندەکان

**قەتێ:** لەقەبارەی سوێسکە دەبێ و ڕەنگی زەرد و خاڵی ڕەش رەشی تێدایە، لەکاتی دروێنەی جۆ پەیدادەبن، هێلانە لەناو تەبارەی گەنم و جۆ دەکەن و ٢-٣ هێلکەی دەکەن نێرومێیان جودایە، هەردووکیان بەنۆرە لەسەر هێلکەکان کڕدەکەون گۆشتیان دەخورێ، بەبێچووەکانیان دەگوترا فەرەقەتێ، لەکۆتایی هاوین بە ڕەوە کۆچ دەکەن و لەناوەڕاستی بەهار لە (نیسان) دەگەڕێنەوە ناوچە گەرمیانییەکان، بەداخەوە ئێستا زۆر کەم بووەتەوە. بەکۆمەڵ ڕەو دەکەن و دەفڕن وەک پەلەهەور دەبن لە ئاسمان لەکاتی فڕین و ڕۆیشتن دەنگێکییان لێوە دێت، وەک دوو پیتی قغ قغ دەری دەبڕن.

**سووسکە: سوێسکە:** باڵندەیەکە لەخێزانی پۆڕە، لەقەبارەدا وەک کۆترە و لەشێوە و ڕەنگی وەکو کەوە کەمێک بۆرترە بەڵام لەقەبارە لەکەو بچوکترە، تەمەنی ٣-٥ ساڵ دەبێت، خواردنییان گیاوگۆڵ و تۆی ڕووەکە و لەگەڵ کرم و مێرووی بچووک، هێلانە لەناو گژوگیا و سەوازایی پەنا بەردان دروست دەکات، توانای خۆگونجاندنی هەیە لەگەڵ ژینگە، لەمانگی شوبات جووت دەبن لەبەهاردا هێلکە دەکەن، ١٧-١٨ - ٢٤ هێلکە دەکەن وەکو کەو،ڕەنگی هێلکەکان شینێکی مەیلە و سەوزە، بە ٢٣-٢٥ رۆژ دەترووکێن، زیاتر لە هاوین لە کاتی دروێنەی گەنم بێچووەکانییان پەیدادەبن، ساڵێ یەکجار

جووت دەبێت و هێلکە دەکات، لەجێگای نیمچە شاخاوی و زوورگ و تەلانان دەژیین. گۆشتیان زۆر پەسندە و دەخورێ.نێرە و مێیەیان بەزەحمەت لێک جوودادەکرێنەوە.

سوێسکەی نێر دووهێڵی ڕەشی ئاشکرا لەسەرچاوی بۆلای پشتی سەری درێژدەبێتەوە، لەلای دواوەی قاچی نینۆکەک درێژبۆتەوە.

سوێسکەی مێ: هێلی وردی هەیە و دەندووکی لەکەو نزیکە و بەڵام بچووکترە، دەندووک و نینۆکی پێیەکانی ڕەنگییان سوورە.

سووسکەی ڕەش بەدرێژایی زێی گەورە زۆرە، بەڵام سووسکەی گچکە لەزوورگ و گردە نزمەکان هەیە.بەداو و بە تەپکە ڕاو دەکرێن.

**کەو:** باڵندەیەکی بەناوبانگی کوردستانە لەدەشتی هەولێر لەچیای قەرەچووغ هەیەو ناسراون بە کەوی دڕ واتا ئازا، ڕەنگی بۆرە و سەری هێڵی ڕەشی تێدایە و دەندووکی ڕەنگی سوورە، دەنگی خۆشە بەقاق بەقاق دەخوێنن،لەبەهار هێلکە دەکەن تا ٢٤ هێلکە دادەنێن، بەبێچووەکانییان دەگووترێ فەرخەکەو هەر لەهێلکە هاتنە دەرەوە دەست بەخواردن دەکەن و زۆر تیژوو و خێرا دەڕۆن.

**پۆڕ:** لەخێزانی کەو و سووسکەیە وەک سووسکەیە بەڵام گەورەترە،لەکۆتریش گەورەترە و ڕەنگی بۆر و ڕەشە و کەمەک زەردیشی بە تێکەڵاوی تێدایە، پێی سوورە،لەنزیک ئاوی کانیاو و شینایيان دەژی.گۆشتی دەخورێ. گۆشت و هێلکەی بەسوودە بۆ لەشی مرۆڤ، لەگردە بەرزەکان زۆرە، لەبەهار جووت دەبن، دوای ٢٣ ڕۆژ هێلکەکان دەترووکێن،

زاوزێی پۆڕ بەجووتە نییە، بەڵکوو هەر نێرەک لەگەڵ ٣ تا ٧ مێ جووت دەبێت، بێچووەکان تا ٢ هەفتە لەگەڵ دایکییان دەبن دوایی دەفڕن، ١٠-١٤ کم توانای فڕینی هەیە.

**هەوێردە:** باڵندەیەکی بچوکە لە پۆلی مریشکە، دەتوانی بفڕێت و لەهاوینان دێتە ناوچە فێنکەکانی ئەورپا و ئاسیا، لەزستان دەچێتە ناوچە گەرمەکانی

وەک ئەفریقا، لەکوردستان بڵاوە بەتایبەت لە بەهاران. مێیەی هەوێردە لەگەڵ چەند نێرەیەک جووت دەبێت و دەژییێت، لەشوێنەکەی خۆی مێیەکان ململانێ لەگەڵ یەک دەکەن، کە هێلکە دادەنێت، نێر و مێ پێکەوە هێلانە دروست دەکەن، مێیە ١٢ هێلکە دادەنێت، بەڵام تەنها نێرەکان کڕ دەبن لەسەر هێلکەکان، دوای ١٢ ڕۆژ و زیاتریش هێلکەکان دەترووکێن، بێچووەکان دوای دوو هەفتە لەژیانیان دەتوانن بفڕن. ٣ـ ٥ ساڵ تەمەن دەبەنە سەر.

**توڕلی:** ڕەنگی بۆرە و لەکۆتر گەورەترە ملی درێژە و لاقی گەورەن،لەناو دەغل و وەردان دەژییێن، گۆشتیان دەخورێ، کاتێ دەخوێنێ وەک بڵێی دەڵێ توڕلی توڕلی....

**چرگ: چرک:** جۆرە باڵندەیەکی گەورەیە و لەشێوەی عەلەشیش خۆی گڤ دەکات و توانای فڕینی هەیە، ڕەنگی بۆرە و خاڵی تێدایە، لەوەرزی بەهاران پەیدادەبێ، گۆشتیان دەخورێ.هێلکەشی بەقەدەر هێلکەی عەلەشیش دەبی. لەناو کێڵگەی گەنم و جۆو دانەوێڵەی دیکە هێلانە دەکات.

**تیترواسک:** باڵندەیەکی ڕەنگ شینە و کەمێک لەکۆتر گەورەترە و قاچ و دندووکی درێژە و لەدەشت و دەر دەژی، لەشوێنی بەرد و قومەڵان هێلانە دەکات، کەبەسەر ئاوەدانی دادەڕوات، دەزریکێنێ و دەنگی زریکاندنەکەی جاڕسە، باڵندەکی بێ زیانە.

**باز :** باڵندەیەکی بەهێزی گۆشتخۆرە، نێچیری زۆر لەخۆی گەورەتر ڕاو دەکات، وەک کەروێشک و مامز، تەنهاش دەسکوژی خۆی دەخوات. ڕاوچییەکان بۆ ڕاوکردن بەخێوی دەکەن.

**کۆلارە:** باڵندەکی بەهێزە، لە ناوچە گەرمەکان دەژی، جووجکە و مریشک و کۆتر دەفڕێنێ و دەیانخوات، مشکیش دەخوات، باڵندەیەکە لەکاتی ئاگر کەوتنەوە لە کێڵگە و دارستانەکان ئاگر دەگوازێتەوە بۆ ئەوەی گیانەوەرە بچووەکەکان لەکونەکانییان بێنە دەرەوە و بیانخوات.

نێرە و مێیەی کۆلارە کە بوونە هاوجووتی یەک تا کۆتایی ژیانییان هەر

پێکەوە دەبن، هێلانە لە شوێنی بەرز لەسەر درەختی گەورە دادەنێن، بە بەردی داپۆشراو بە پووش هێلانە دروست دەکەن، مێیەی کۆلارە ٢-٤هێلکە دادەنێت، دوای ٣٠ رۆژ زیاتر کەهێلکەکان تroوکان، بێچووەکان زوو فێرە باڵەفرە دەبن.

**کوندەبەبۆ:** واتە بایەقوش،باڵندەیەکی ڕەنگ بۆرە و لە کۆتر گەورەترە و چاوی زۆر گەورە و جوانە، دندووک و ملی کورتن،لەدەرەوەی ئاوەدانی دەژی، چۆلەکە و مشک و جورج دەخوات، بەباڵندەیەکی شووم ناسراوە و گەر بخوێنێ، خەڵک دەترسێن، دەڵێن وێرانییەکی لەگەڵ خۆی هێناوە. بەشەو چالاکە، ٧-٢ هێلکە دادەنێت، بەس مێیە لەسەری کڕ دەکەوێ، لەسەر قەدی دار و درەخت و لەناو شاخ هێلکە دادەنێت.

**باشووکە:** جۆرێکە لەباز، باڵندەیەکی ڕەنگ ڕەش و سپیە، هەندەی کۆترەکی دەبێ و زۆر خێرایە لەفڕین، دەندووکی وەکوو قولابی چەماوەتەوە و دەنگی بەهێزە و باڵندەی بچووک لەدەنگەکەی دەترسن، چۆلەکە و قەتێ و کەو و سوێسکەی دەخوات.

**سیسارکە کەچەر:** باڵندەیەکی گەورەیە و سەری کەچەڵە و شێوەی ناشیرینە، بۆ خۆی ڕاوێ ناکات، بەڵکوو بەس گۆشتی کەلاکی مردوو دەخوات.

**خەرتەل: داراش:** باڵندەیەکی گەورەیە، خۆی ڕاوێ ناکات لەسەر کەلاکی تۆپیو دەژی، کەلاکی کەر و ماڵاتی تۆپیو دەخوات.

**قەرەباچکە : قەلەباچکە :** لەکۆتر گەورەترە، رەنگی ڕەش و سپی تێکەڵە، باڵندەکی زیرەکە.

**قەلەرەش:** لەکۆتر گەورەترە و رەگی رەشە بەڵام هێڵێکی قاوەیی زەرد یان بوندقی لەسەری باڵەکانی هەیە بەکۆمەڵ دەژیین. دەنگێکییان لێوە دێت، بە شووم دادەنرێن، لەناوەڕاستی وەرزی پایزان و پێش زستانان لە ناو وەرد و شۆیان زۆر کۆدەبنەوە.قەلەڕەشکە یەکێکە لەباڵندە هەرە زیرەکەکان توانای بیرکردنەوەی سەیری هەیە، توانای ناسینەوەی روخساری مرۆڤی

هەیە بۆ ماوەیەکی زۆر، دیاری بۆ ئەو مرۆڤانە دەهێنێت کە یارمەتییان دابێت، تەمەنیان تا ٤٠ساڵ زیاتر دەڕوات، جەستەی مردوو ناخۆن، جگە لە هەندێکییان نەبێت، گەر قەلەڕەشێک نەخۆش بکەوێت و بمرێت، بە کۆمەڵ لەسەری کۆدەبنەوە و دوایی بەخۆڵ و پووش و پەلاش دایدەپۆشن و ماتەمینی بۆ دەگێڕن، قیڕەقیڕ دەکەن، ٣.٢ رۆژ لەنزیک مردووەکە بەکۆمەڵ دەمێننەوە و هیچ خۆراک ناخۆن،٤.٣ هێلکە دەکات، مێروو و دانەوێڵە دەخوات، قەلی بەهاران جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ هی پایزان، هی بەهاران هێندە زیرەکن، دۆمبەلان لە بن عەردی دەردەهێنن و گیاوگۆل دەخۆن.

**حاجی لەقلەق:** باڵندەیەکی گەورەیە و لاقی درێژ و باریکن، باڵەکانی ڕەشە و بن سک و ملی شینن، ئەوانی تری سپیین، دەندووکی زۆر درێژە، لەناو ئاوەدانی و شوێنی بڵند هێلانە دەکات، وەک منارەی مزگەوتەکان و قولغە بەرزەکانی خانووی سەرگرد و تەلانەکان،لەبەهاران پەیدادەبێ وهێلکەی گەورەیە و ٣.٢ هێلکە دەکات،مار و ماسی و بۆق و مارمیلۆق دەخوات، لای خەڵکی کوردستان وەک باڵندەیەکی جوان و بێ گوناح سەیر دەکرێ گۆشتی ناخۆن و ئازاری نادەن. لەمانگی شوبات بەڕەوە دێنە کوردستان، دوایی نێر و مێ پێکەوە دەژین و هێلانە دادەنێن، لەمانگی ئاب کۆچ دەکەن

**کێشکە:** سواندووکە (چۆلەکە) باڵندەیەکی گچکەی ڕەنگ بۆرە و نێرە و مێیەی دیارن، هەندێکییانماڵین لەکونە دیوار و بن سواندووکان هێلانە دەکەن، هەندێکیشیان لەدەشت و دەر هێلانە دەکەن، خەڵکێک هەیە بەهی دەشت دەڵێن کێشکە و بەهی ناو ماڵان دەڵێن سواندووکە، بەلام هەردووکییان یەکن، ئەوەنەبێ هی ناو ماڵان گەورەترن، چونکە خۆراکییان باشتر دەستەکەوێ، بەکۆمەڵ کۆدەبنەوە و دەجریوێنن.گۆشتیان دەخورێ.

**سۆفە قیتە:** وەک چۆلەکەیە و ڕەنگی بۆرە، کەمێک لە قەبارەدا گەورەترە و پۆپیتەی هەیە (کلاوەی هەیە)لەنزیک ماڵان دەژی، کاتی دروێنەی جۆ

هێلکە لەناو دەغڵ و دان وتەبارەی گەنم و جۆی دەکەن. نزیک جادەو ڕێ ڕۆیشتنان زۆر دەنیشن، تاک تاک دەبینرێن، تانزیکییان نەبیەوە نافڕن، بە باڵندەیەکی هێڕو وڕ ناسراون، گۆشتییان دەخورێ، منداڵ و هەرزەکار بەدارلاستیک دەیانکوشتن.

**بوغازە:** کەمێک لە سۆفە قیتەی گەورەترە و لە هەمان کەش و هەواو شوێن دەژیین، گۆشتی دەخورێ.

**جورە:** لە سۆفە قیتە بچوکترە و لەنزیک ماڵان دەژی لەدەم جۆگەی ئاو زۆر دەبینرێن، گۆشتی دەخورێ.

**هەوێردە:** باڵندەیەکی دەشت و دەرە، لەقەبارەدا وەک قەتێ دەبی، یان کەمێک بچووکترە، ڕۆژانە هێلکە دەکات، گۆشتی دەخورێ، ئێستا لەماڵان بەخێو دەکرێ، یان لە پەلەوەرگای تایبەت بەکۆمەڵ بەخێو دەکرێ، هێلکەی دەخورێ، سوودی تەندروستی هەیە، گۆشتی دەخورێ..

**پۆپیتە سلێمانە:** باڵندەیەکی جوانە و کڵاوێکی لەسەرە و ڕەنگاو ڕەنگە، لەقەبارەدا لەکوختی تەواو بچووکترە، لەدەشت و دەر دەژی وگۆشتی ناخورێ، لای خەڵک بەباڵندەیەکی پیرۆز و گوناح ناسراوە.

**ڕەنگارە : ڕەنگاڵە:** باڵندەیەکی ڕەنگاو ڕەنگی جوانە، لەقەبارەدا لە پۆپیتە سلێمانە گەورەترە، لەدەشت و دەر دەژی، و لەناو کەنداڵان هێلانە دەکات و هێلکە دادەنێ، مێش هەنگوین دەخوات و زیانی زۆر بە هەنگ دەگەیەنێت.

**ڕەشەوێرە : ریشۆڵە:** باڵندەیەکی کۆچەری نیوە گۆی باکووری زەوییە لەقەبارەدا بچووکە، ڕەنگ ڕەشی خاڵی سپی زۆرە، لەدەشت و دەر دەژی پایزان لەکاتی جووتکردن لەکوردستان پەیدادەبن، بەکۆمەڵ بەدوای تراکتۆر و لەناو زەوی کێڵراو و تۆدراو دەبن، بەدوای تۆوی گەنم و جۆ و کرمی زەوی دا دەگەڕێن تابیانخۆن. لەبەهاران و هاوینان کۆچ دەکەن تا ئێستاش ماون، گۆشتیان دەخورێ.

لەسەرمادا دەندووکیان ڕەش دەبێ، لەهاوین و کاتی گەرم دەندووکییان

زەرد دەبێت، ڕەنگی هێلکەیان شینی ئاسمانی یان سپیە، ٤ـ ٦ هێلکە دەکەن نێرەکان پووش و پەلاش دەکێشنەوە، مێیەکان بەشێوەیەکی ئەندازەیی هێلانە دەکەن لەسەر درەخت و ناو دیوار، تەنها مێیەکان لەسەر هێلکە کڕ دەکەون،دوای ١٢ ڕۆژ هێلکەکان دەتروکێن، نێرە و مێیە خزمەتی بێچووەکانییان دەکەن، بۆ ماوەی ٣ هەفتە بەخێوییان دەکەن دوای ئەوەی فێرە باڵەفڕە دەبن، ئیدی بۆ خۆیان ئازاد دەبن، لەخۆژیاندن، لاسایی دەنگ دەکەنەوە، وەک لاسایی هەندێ دەنگی مرۆڤ و هۆڕینی ئۆتۆمبێل.

**پەڕەسێلکە:** باڵندەیەکی بچووکە وەک چۆلەکە، باڵەکانی ڕەشن و بن سکیان سپیە و کلکیان وەک مەقەسە،لەبەهاران زۆر پەیدادەبن، لەناو ماڵان دەژیین، تەنانەت هێلانە لەناو خانووی ژوورەوەی ماڵان دەکەن،چلیکەدار و قوڕی خەستی جۆگاکان دەکەن بەهێلانە، گۆشتیان ناخورێ، چونکە خەڵک بەباڵندەیەکی پیرۆزی دەزانن.

**بارانبرە:** لەپەڕەسێلکە گەورەترە، ڕەنگی ڕەشێکی بۆرە یان کاڵە، لەدیواری خانووی بەرز لەناو ئاوەدانی هێلانە دەکەن،ئێواران پێش ڕۆژئاوابوون زۆر لە ئاسماندا باڵەفڕەی دەکەن، لەناوەڕاستی بەهار پەیدادەبن، دەڵێن کە ئەو باڵندەیە هات باران نابارێ، بۆیە ناوەکەشی لەوەوە هاتووە.

**شوان هەر خەڵەتێنە:** باڵندەیەکی ڕەنگ بۆرەلەقەبارەدا لە قەتییەک بچوکترە هەتا لێی نزیک نەبیەوە نافڕێ، کەفڕیش چەند مەترێک دەفڕی و دەنیشتەوە، ئیدی کەسەکان یان شوانەکان ماندوو دەکاتن، بۆیەش ئەو ناوەی لێنراوە.

**قوڵتە:** باڵندەیەکی بچووکە لەقەبارەدا وەک سۆفە قیتە دەبێ، هێلانەی لەناو ڕەوەزە شاخان دروست دەکات، هێلانەی زۆر پتەوە لەقوڕو بنیشتی دارەبەن دروست دەکات، خەڵک ڕاوییان ناکەن و گۆشتییان ناخۆن، کاتێ لەئاسمان دەفڕێ یان لە قوتکە شاخان دەنیشێ، زۆر دەجریوێنێ و لەکاتی جریواندن و خوێندن کلکییان بادەدەن، ئێستاش لە چیای قەرەچوغ زۆرە.

خواردنیان کرم و تۆوی گیا و گوێز بادەم و ناوکی میوەی وشکە، درێژی قوڵت ٢٠.١٠ سم دەبێت، کێشی ١٠. ٤٧ گم دەبێت، لەبەهار ٥.٤ هێلکە دەکات لە ١٨.١٢ ڕۆژ هێلکەکان دەترووکێن، بەکۆمەڵ دەژیین، ٤.٣ هەفتە لەلایەن دایک و باوکیەوە خۆراکییان دەدرێتێ،دوای باڵەفڕە،خۆیان خۆراک پەیدا دەکەن، تەمەنیان ٣.٢ ساڵە.

**شەمشەمەکوێرە: شەمشەمە کوێر:** باڵندەکی شیردەرە، بەشەوان لەئاسمان دەفڕێ، تووکی پێوەنییە، دەندووکی نییە، بەڵام ددانی لەناو دەم دا هەیە، هێلکە ناکات، بێچووی دەبێ و مەمکی هەیە و شیری دەداتێ، لەئەشکەوت و کونە شاخی بەرز و لەئاوەدانیش دەژی.

**مراوی :** وەک مراوی ماڵانە بەڵام کەمێ بچووکترە و توانای فڕینی زۆری هەیە.

**سۆنە:** وەک مراویی کێوییە بەڵام ڕەنگی سوورە.

**قازوقورینگ:** قازی کیویین نزیک کانیاو ودەوئاوەکان دەبینران و کەمێک ملیان لە قاز درێژترە

**سۆنە:** ڕەنگی مەیلە و سۆرە هەندێ مراوییەکی دەبێ، گۆشتی دەخورێ.

قاز و قولێنگ و مراوی و سۆنە زیاتر حەزییان لەدەو ئاوێیە.

**مریشکە ڕەشە:** لەشێوەی مریشکی خۆمانەیە و بەڵام بچوکترە و قاچیشی درێژە و توانای فڕینی ئاسایی هەیە.

**ماسیگرە:** باڵندەیەکە سپی و ڕەشە، لەنزیک رووباران دەژی، ماسی ورد دەخوات.

**کۆترە کیوی:** لەکۆتری خۆمانە کەمێک گەورەترن، لەدەشت و دەر دەژیین ڕەنگیان ڕەساسیە و سەربالێیان شینە، دەندوکیان گەورەیە و پێیان رووتە واتە تووکی پێوە نییە، گۆشتیان دەخورێ، وەک کۆتری ئاسایی دووهێلکە دەکەن، هەیانە تێکەڵ بە کۆتری خۆمانە دەبن و ماڵی دەبن، بەڕەوە (کۆمەڵ)دەژین، هێلانە لەقەد شاخ و درزی کەندەڵانان دەکەن.

**کوختی:** لەکۆتر بچووکترن، رەنگییان رەساسیەکی مەیلەو شینە، هێڵێکی ڕەش بەسەر پشتی ملییان داهاتووە، زۆر وریا نیینە، بەباڵندەکی هێڕ دەناسرێن، پێشتر لەدەرەوەی ماڵان دەژیان لەسەر دارتەل زۆر هێلانەیان دەکرد، مێیەکەی دوو هێلکە دەکاتن رەنگیان سپییە، دوای ١٣-١٤ رۆژان دەترووکێت، کەتەمەنی بێچووەکان دەگاتە ٢٠ رۆژ تەواو تووکییان لێ دێت و دەتوانن بفڕن، ئێستا لەناو ماڵان زۆر بڵاوبوونە و هێلانە دەکەن، دانەوێڵە و گیا دەخۆن، کەم خەڵک هەیە گۆشتیان بخوات.

جگە لەوانەش هەندێ باڵندەی دیکە هەن وەک عەبارە و قاژقاژە....

**لەماڵانیش**

مریشک و عەلەشیش و قاز و مراوی، کۆترو کەمێکیش چینوماچین بەخێودەکران و تا ئێستاش لەگوندەکان هەر ماون و زانیاری دەربارەیان ئاشکراو بڵاوە.

**ئاژەڵە کێوییەکانی ناوچەکە**

**١/ گورگ:** گیانەوەرێکی گۆشتخۆری کەڵبەداری کێوییە، نێر و مێ و بێچووەکانی بەکۆمەڵ دەژین، مێیەکانییان شەڕانگێزترە لە نێرەکانییان، بەتایبەت لەکاتی هەبوونی بێچوودا، لە شوبات و ئادار دەست بەجووتبوون دەکان دوای ٦٣ رۆژ مێیەی دەزێ، ٣-٨ بێچووی دەبێ، گورگ هەستی بۆنی زۆر بەهێزە، سەد بەقەد هەستی مرۆڤ زۆرترە، لەدووری ٢ کم هەست بەبوونی مرۆڤ دەکات، زیاتر مەڕ و ماڵات دەخوات.

**٢/ ریوی:** ئاژەڵێکی شیردەرە و لەخێزانی سەگ و گورگە، بینینی زۆر بەهێزە و زۆر تیژ رەویشە.بەکۆمەڵ دەژین، گەر لەدەشت و دەر بێت تەمەنی ٣ ساڵ دەبێ، بەلام لەناو باخچەی ئاژەڵان تا ١٠ ساڵ دەژین، بۆ ڕاوکردن بەشەو دەردەچێ، گوێی زۆر سووکە، دەنگی زۆری هەیە بۆ پەیوەندکردنی بە ڕێویەکانی تر، لە شوبات و ئادار دەست بەجووت بوون دەکان بە ٥٣ رۆژ مێیەی دەزێ ٢-٧ بێچووی دەبێ.

**٣. توورگ: چەقەڵ:** شێوەی وەک ڕێویە بەڵام بچووکترە  و گوێی درێژترە،وەک ڕێوی فێڵبازە و مریشک و جووجەڵە دەخۆن.ئاو کەم دەخوات.

**٤. کەمتیار:** ئاژەڵێکی کێوییەشێوەی لە سەگ نزیکە بەڵام گەورەترە، کلکی کورتە و بچووکە و سەری خڕە، دڕندەیە، هەندێک گۆشتی دەخۆن و هەندێکیش پێیان خراپە، بەکۆمەڵ دەژین، کەلاکی مردارەوەبوو دەخۆن. مێیەکانیان ٥. ٦ بێچووی دەبێ.

**٥. مامز:** ئاژەلیکی شیردەرە لەخێزانی بزنە، گیاخۆرە و گۆشتی دەخورێ و زۆر پەسندە، زیاتر لەپێدەشتەکان دەژین بەڕەوە دەژین، هەمیشە دەبنە نێچیری گورگ و ئاژەلە درندەکانی تر.

**٦. کێروشک : کەروێشک:** ئاژەڵێکی شیردەری بچووکە و هەیانە ماڵین و هەشیانە کێوین،گیاخۆرن، گۆشتیان لای موسڵمانی سونە دەخورێ، بێچووی زۆرییان دەبێ ٥-٧ بێچوویان دەبێ.

**٧. سیخور:** ئاژەڵێکی کێوییە و لەجیاو زوورگەکان دەژی بچووکە بەڵام لە کەروێشک گەورەترە،لەشی تیغێکی تیژی پێوەیە، گۆشتی دەخورێ.

**٨. ژوشک : ژوژک:** گیانەوەرێکی کێویی بچووکە هەموو لەشی تیغێکی دڕکاوی پێوەیە لەکاتی خۆپاراستن لە دوژمن خۆی لوول دەدات و وەک تۆپێکی دڕکاوی لێ دێت، گۆشتی دەخورێ، دەڵێن بۆ هەندێ نەخۆشی باشە وەک باداری.لەسەر مێروو و ئاژەڵی بچووک دەژییت،لەدەشت کون لێ دەدات یان لە ئەشکەفت دەژی، لەناو کونی گیانەوەری دیکەش دەژی.

**بەراز:** بەرازیش هەبووە لەدەو زێی گچکە و گەورە.لەناو دارەچڕ و قامیشەڵەکان

**٩. بزن مژک: بزنمشک: بزن مژ:** گیانەوەرێکە لەشێوەی مارمیلۆکی گەورەیە، بەقەد کەروێشکەکی دەبێ،گوانی بزنان دەمژی، گۆشتی ناخورێ.

**١٠- ئەو گیانەوەرانەش هەبوونە:** شەوگەرد و مار و دووپشک، مارمیلۆق، پیسپیسۆک، قومقومۆک لەپیسپیسۆک گەورەترە، خەمەگڕوو، لەوانەی تر

گەورەترە، ڕەنگییان بۆرە، هەشە سەوزە زیاتر لەچیای هەیە،بەسەر پێستت بکەوی هەستیاری پەیدادەکات، بەهاوین لەبن بەردێ خۆی دەداتە بەرخۆرێ. تەمەنی ٦ـ٥ ساڵ دەبێ. مارەزیو(هەزارپێ)، جورج، جورجە کۆرە، مشک، هێلکە شەیتانۆکە (قوقع)، کرمە لیقە.

**لە گیانەوری ماڵی:** کەرویێشک و بزن و مەڕ و چێڵ لە پێناوی گۆشتەکەیان بەخێو دەکران، گوێ درێژ و ئەسپ و ماین و ئێستر بۆ بار هەڵگرتن و کارکردن بەخێو دەکران.

## • ناوی مێرووەکان

**١ـ مێش هەنگین: هەنگ:** مێرووەکی کۆمەڵایەتی سوودبەخشە لەکۆنەوە خەڵک بەخێوی کردووە بۆ بەدەستخستنی هەنگوین، لە شاخ و دارستانەکانیش هەبووە.

**٢ـ زەنگەزۆرە (زەگەسۆرە) زەردەواڵە:** مێرووەکی کۆمەڵایەتییە، هیچ سوودی دیاریکراوی بۆ مرۆڤ نییە، زیان بەمێشەهەنگوین دەدات و بەپێستی مرۆڤ وەبدات ئەستوور و هەڵی دەئاوسێنێ.

**٣ـ زەرگەتە:** وەک زەردەواڵەیە و بچوک و باریکترە و زۆربەیان بەکۆمەڵ دەژین لە ناو گڵ و لەدیوار بەگڵ ماڵ دروست دەکەن بەمرۆڤ وەدەدەن.

**٤ـ مۆرانە:** مێرووی بچووکن بەکۆمەڵ دەژیین لەسەر داری وشک دەژیین و زیان بەداری ناو ماڵ و بە پێخەف دەگەیەنن.

**٥ـ زیکزیکە:** مێرووەکی باڵدارە و لەسەر مێو درەخت دەژین و دەنگێکی زۆر دەردەکەن لەماڵ لەسەر ڕووەکەکان دەژیین.

**٦ـ فسۆک (پیرێژنۆکە)** مێرووەکی نێچیرگرە، لەسەر زەوی نەرمانی سەر ڕێگای مێرووەکان چاڵ لێ دەدات و خۆی لێ دەشارێتەوە، هەرمێرووەک بکەوێتە ناوچاڵەکە لەلایەن پیرێژنۆکە دەبتە نێچیر و دەخورێت.

**٧ـ تەیارۆکە (سەرتەشی):** مێرووەکی باڵدارە لەسەر گۆماو و ڕووەکەکان دەژییت.

**٨. کرمەلیقـە:** گیانەوەرێکی کرمییە لەشوێنی شیدار لەکاتی بەهار زۆرتر بەدەردەکەوێت، بەری گوڵ و رووەک دەخوات.
**٩. هێلکەشـەیتانۆکە:** (ڕوون دز) (گوێچکەماسی) گیانەوەرێکی رووەک خۆرە، لەناو باغ و باخچەکان زۆرە لەکاتی شێداری زیاتر بەدەردەکەون.
**١٠. قـازی بـازاڕ:** مێرووەکە لەخێزانی قالۆنچەکانە لەسەر پاشماوەی ڕووەک دەژییت لەناو کێڵگەی گەنم و جۆ بەدەردەکەوێت.
**١١. مێرووستان: مێروولـە:** بەکۆمەڵ دەژیین لەسەر کاربۆهیدرات وەک شەکرو سلیلۆز، هی ماڵان بچووکە، هی کێڵگەکان گەورەترن.
**١٢. گێرکە:** بەکۆمەڵ دەژیین لەسەر شیرناتی لەماڵان زۆرن.
**١٣. کلـۆ (کوللـە):** لەسەر ڕووەک دەژییت دەفڕن گەورە و بچووکییان هەیە و ڕەنگییان بۆرە یان سەوزە، عەرەب دەیخۆن.
مێرووەکانی تر وەک مێش و پێشکە(مێشوولە)، قالۆچە، سیسرکە، مێشە سەیانە، تەیارۆکە، داپیرۆکە، تەونۆکە... ئەوانە باون تا ئێستا زۆربەی زانیارییە گشتییەکانیان دیارن.
**مێرووی زێروو:** مێرووەکە لەناو ئاوی کانی و دەراو دەژی ئەگەر بچێتە قورگی مرۆڤ قورگی مرۆڤ زیانی پێ دەگەیەنێ.
**جۆبرکـە:** مێروولەکی گەورەیە بە قەدەر دوو پشک دەبی لەژێر زەوی رەگی رووەک دەخوات.
**کوزبڕکە:** وەک دوو پشکە بە مرۆڤ وەنادات ڕەنگی زەردە ڕەگی رووەک دەخوات.
**تەپۆ:** مێشوولەکی گەورە بوو
**پەپوولـە:** پەروانەی بەرچرا.

## • هەندێ زاراوەی پەیوەند بەژیانی گوندنشینان

**سێکوچکە:** دانانی سێبەردی ئاسایی بوون بە سێکووچکانی دادەندران ناوییان پڕ دەکرد لەدارو پووش و پەلاش و ئاگرییان لەناو دەکردەوە و مەنجەڵییان لەسەر دادەنا.

**دەستشۆر:** قاپێکی گەورەبوو بەقەدەر سێنیەکی بازنەیی دەبوو بۆ ناوی چاڵ بوو لەدوای نانخواردن دەبرا پێش میوانی دەستی خۆی لەناو بشوات.

**شینەتیغ:** خەنجەری کوردی

**خەنجەری دەبان:** جۆرە خەنجەرێکی کوردییە.

**ئەستێرک:** دیوارێکی بەرزی یەک مەتری لەناو ژووریماڵەوە لەلای بنەبانێ دروست دەکرا، سەری بە قامیش و شەقڵەی و حەسیری دەگیرا، بەکاریان دەهێنا بۆ دانانی نوینی ماڵێ لەسەر ئەستێرکەکە و لایەکیشیان بەکاردێنا بۆ هەنبانەی پڕ لەساوار و بڕوش و گەنمە کوتاو.

**کەندوو:** عەنبارۆچکەیەکی چوارگۆشە یان لاکێشە بوو بەرزی تا یەک مەترو نیو دەبوو پانییەکەشی ١-٢ م دەبوو،لە قوڕەسۆری تێر کا دروست دەکرا لەژووری ماڵ دادەنرا و پڕ گەنم دەکرا. یان ئاردییان تێ دەکرد، لەلای خوارەوە دەرچەیەکی تێدابوو بە پەڕۆک دەیانگرت، هەرکاتێ پێویستیان بە ئاردەکە هەبووایە دەرچەکەیان دەکردەوە.

**کوندەلان:** شوێنەک کەپری لێ دەکرا و بەرزاییەکیان بەدیوار بۆ دەکرد و سەری هەردوو دیواریان دەگەیاندەوە یەک و پووش و پەلاشیان لەسەر دادەنا ئینجا چەند کوندەیەکی پڕ ئاویان لەسەر دادەنا بەو مەرجەی هەتاو لەشوێنەکەی نەدات.

**کەپر:** یان لەسێ دیوار دروست دەکرا و لایەکی بەکراوەیی دەهێڵرایەوە لەنزیک جۆخین و قەرسیلان دروست دەکرا، یان لەناو بیستان دروست دەکرا بەچوار داری ئەستوور بەستوونی دادەندرا و سەری بەحەسیرو هەراش و کەبەر ڕێژدەکرا.

**تەرازوو:** لە کۆن کێشانی شتو مەک بەتایبەتی میوە بەو جۆرە تەرازووانە دەکرا،کە دوو سینی خڕی ناو قووڵ بوون بە سێ بەن بە دارێکی ڕاست لەهەردوو سەری دارەکە بەسترابوون لەناوەراستی دارەکە پەتێکی کورت هەبوو بۆ بەیەکسانی گرتنی. لە لایەکی سێنیەکە کێشەکە دادەندرا زیاتر بەرد بوو لە جیاتی کیلۆ لە سێنیەکەی تر تەماتە یان گەنم دادەندرا ئینجا ناوەڕاستی دارەکە بەرز رادەگیرا کاتێ لەهەوادا هەردوو کێشەکە یەکسانبوون واتە کێشەکە تەواوە.

**بەردەسێر:** پارچەپلێتەک بوو دووبست درێژ و ٢٠-٤٠سم پان بوو لەسەر دوو کوچکە ئاگرییان دادەنا، کایان لەبن دەناو ئاگرییان لەبن دەکردەوە.

**بەردەستێ:** (بەرد+ئەستێ): بۆ ئاگرکردنەوە بەکاردەهات، لەجیاتی شخاتە و چەرخ، بەردەکە رەق وروون بوو، ئەستێیەکە پارچەئاسنیکی پۆلابوو شێوەی بازنەیی بوو.

**دەرخوونە:** چەند شەپکە دارێکی پان بەشێوەی بازنەیی لەلای دارتاش دروست دەکرا بۆ سەر پۆشکردنی مەنجەڵ و کوپەی ئاوێ

**پیشەقان:** پارچە ئاسنێکی پان و کەمێ تیژ بوو درێژی ١٠سم ێک دەبوو دەسکەکی داری درێژی هەبوو بەکاردێت بۆ هەڵکەندنی ئەو ڕووەکانەی بەرەکەیان لەژێر خاک بووە، وەک پیخۆک و قێزبەلە و زارگەزەوی..

**باگوردان:** لەبەردێکی لوولەکی کەمێک درێژو قورس پێک دەهات ، لەرووی ئاسۆییەوە ناوەندی بەردەکە کون بوو تەلێکی پتەوی درێژییان تێدەخست و لەدەرەوە وەک دەسک بۆیەکییان دەهێناوە و پێکەوە سەری تەلەکانییان توند بەیەکەوە دەبەست ، ساڵانە کاتی باران بارین لەسە بانی قوڕی دەیانگێڕا تا کون و درزی بانی خانووەکان نەهێڵێ.


**تێلەکە:** قەسەڵ و دارو دوو کە ژن بە پشتی لە دەرێ دەیانهیناوە ماڵێ بە پشتی خۆیان دادەدا








باگوردان
باگوردان










مەشکە : لە پێستی بزن و گوێلک دروست دەکرێ , لەسەر سێ لولەک (دار) ماستیلەناو دەهەژێنرێ
دۆ و کەرەی لێ دروست دەبێ .
کوندە: لە پێستی بزن دروست دەکرا ,ئاوی خواردنی تێ دەکرا ئاوی سارد دەکرد , چەند کوندەیەک
لەسەر بلندایەک دادەندرا و سەری وەک سابات دادەپۆشرا پێیان دەگوت کوندەلان .
هەنبانە : لە پێستی مەری سپی دروست دەکرا , بۆ هەلگرتنی دانەوێلەی وشک بەکاردەهێنرا
https://www.facebook.com/abassh21


لەتمکە




کەو


کوندەبۆ



قەلەڕەش


حاجی لەقلەق


ڕەنگارە


هەندێ گیانەوەری کێوی دەشتی کەندێناوە
ڕێوی
www.facebook.com/AbasNQ
چەقەڵ "توورگ
ژوژك
ئاسك -مامز
گورگ


پۆپیتە سلێمانە
عەباس نادر


باشووکە
Abas Nadr


تیترواسک


ڕەشوێرە
عەباس نادر


کەروێشک


کۆترە کیوی


کوختی


قوڵت


قەتێ
القطامي


سۆفە قیتە

# بەشی حەفتەم
# کشتوکاڵناسی و کەشوهەوا

شتێکی بەڵگە نەویستە،ئەو زانستەی کە ئێستا ئێمە لە هەموو بوارەکانی ژیان سوودی لێ وەردەگرین، بەرهەمی رۆژێک و ساڵێک و یاخود هی تەنیا کۆمەڵە مرۆڤێک نیە، بەڵکو دەتوانین بڵێین بەرهەمی هەزاران ساڵە و هی گشت مرۆڤایەتیشە، گەلی کوردستانیش ساڵانێکی لە مێژە لە زێدەکەی خۆی خەریکی کاری کشتوکاڵیە و بەکۆنترین گەلیش دادەنرێ کە مامەڵەی لەگەڵ بەروبوومی گەنم و جۆ دا کردووە، دۆزراوەکانی گوندی چەرمۆش باشترین بەڵگەیە بۆ قسەکانمان.

لە دوای رووخانی ئیمپراتۆریەتی (ماد) گەلی کورد بووە نەتەوەیەکی بێ قەوارە و زۆرێک لە ئازادییە نەتەوەییەکانی لێ زەفتکراو، ژێردەستە بوو،هەر بۆیەش وەک گەلێکی ستەملێکراو، داگیرکەران بوارییان پێ نەداون هەنگاوی پێشکەوتن بهاوێن و بەزمانی خۆیان بخوێنن و بنووسن و مێژووی خۆیان بنووسنەوە،هەمیشە کوردستانیش کراوەتە گۆڕەپانی شەڕ و شەڕیش تەنهاماڵوێرانی و کاولکاری بەدوادا هاتووە، لەگەل ئەو هەموو کۆسپ و تەگەرەیەی لەپێش گەلەکەشمان بووە بەڵام لە زۆر بواری ژیان ئاستی هۆشیاریان بەرزبووە، بەتایبەتی لە بواری کشتوکاڵدا، هەموو ئەو زانیاریانەش کە لە باب وباپیرانمان بۆمان ماوەتەوە بەشێوەی قسەی دەماودەم بووە، واتە دەخرێتە خانەی فۆلکلۆرەوە، قسەیەکی نەستەقیش هەیە دەڵێ، ئەو میللەتەی نەخوێندەوارە لە فۆلکلۆردا دەوڵەمەندە، هەر بۆیەش ئێمەی کورد لە رووی فۆلکلۆرەوە زۆر دەوڵەمەندین.

ئەوەی لێرەدا ئێمە دەمانەوێ ئاماژە پێبکەین کشتوکاڵناسیە لە کۆمەڵگای کۆنی کوردەواریدا، بەتایبەت لەدەشتی هەولێر، چونکە زۆرێک لەزانیارییەکان بە بنزاری دەشتەکیانە گوتراوە و زیاتر مۆری

ئـەو ناوچەیـەی پێوەیـە، هەرچەنـدە لەوانەشـە هەمـان زانیـاری مـەڕداری و رووەکزانـی و کەشناسـی لەناوچەکانـی دیکـەش هـەر هەمـان شـێوەبن یـان لێـک نزیـک بـن، وەک پێشـتر گوتمـان کـورد لەگـەڵ بەرەبەیانـی مێـژوو خـۆی بـەکاری کشـتوکاڵی ئاشـنا کردووە،چونکـە ژینگەکـەی زۆر لەباربـووە بـۆ کشـتوکاڵ و مـەڕداری، بـەڵام زانیاریـەکان بـە دەم بۆمـان بەجـێ مـاوە نـەک بـە نووسـین، جـا چ خـۆی لـە پەنـدی پێشـینان دابێـت یـان هۆنـراوەی فۆلکلـۆری یـان قسـەی نەسـتەق یـان قسـەی دەمـاودەم و حیسـابگرتنەوە.......

کشـتوکاڵ لەوڵاتـی کـوردان هـەر لـە بەرەبەیانی مێژووەوە، گرنگی پێدراوە، ئەویـش لەبـەر دووهـۆکار، یەکـەم پێویسـتیەکی بژێـوی ژیانـی مرۆڤـەکان بـووەو دووەمیـش ژینگەکـەی لـەرووی ئاووهـەوا و خـاک لەباربـووە، بۆیـە زۆر گرنگییـان پێـداوە و هەوڵییـان داوە زانیارییـەکان کۆکەنـەوە و لـە کـۆڕو کۆبەنـدەکان گوتوویانەتـەوە وەک ئەمانـەی خوارەوە:ئەوانـەی خـوارەوە زیاتـر پەیوەسـتە بەدەشـتە گەرمەسـێرەکانی باشـووری کوردسـتان وەک دەشـتاییەکانی هەولێـر، لەناوچـە کوێسـتانەکان جوداییەکـی هەیـە.

١ـ لە ١٨ی ئاداریێ..... مەلەک دێنە خواریێ...... دەنگ دەکەن لەبواریێ

واتـە لـە ١٨ ی ئـاداری هەمـوو سـاڵێک کـەش و هـەوا تـەواو دەگـۆڕدرێ و بەهـار پەیدادەبـێ ئـەوە لەدەشـتە گەرمەسـێرەکان.

٢ـ لە١٨ی ئاداریێ.....بەفربکەوێ هەتا گێی داریێ..... نامینێ هەتا ئێواریێ

واتـە لەبـەر گـەرم بوونـی کـەش و هـەوا لـە دوای ١٨ ی ئـاداریێ بەفـر ئەگـەر زۆریـش ببـاری هـەر ئـەو رۆژی دەتوێتـەوە.

٣ـ کوریکی گاگرۆ....... بەهاری هینا بە درۆ... نەماست دەبی نەفرۆ

گاگرۆ گوڵێکی خۆڕسکە لەسـەرەتای مانگی ئـادار شـین دەبێ، زۆرکـەس پێـی هەڵدەخەڵەتـێ وادەزانـی کـە بـە گـوڵ پەیدابووە،مانـای بەهـار هاتـووە، بـەڵام بەهـار هێشـتا دەیمینـێ.

٤ـ ئادار ناچی بێ دۆ..... نیسان ناچی بێ جۆ

لەناوەڕاستی ئاداریَ بەدواوە مەڕ دەدۆشریَ و دۆی دەبی، لە نیوەی دووەمی نیسانیش لەدەشتی هەولێر بەتایبەتی کەندێناوە و قەراج جۆ زەرد دەبیَ و درویَنەی دەست پیَ دەکات.

٥ـ لە ١٨ی نیسانیَ...... گیشە لەعەردی کلۆ لەعاسمانیَ

واتە لە ١٨ی نیسان جۆ زەرد و وشک دەبوو سەپان دەستییان بە درویَنە دەکرد. مێروولەش لەسووڕی سڕبوون دەهاتنە دەریَ و دەستیان بە جولە و چالاکی دەکرد، کلۆ(کوللە) ش پێشتر زۆربووە و زیانی بەدەغڵ و دان گەیاندووە..

٦ـ ئەگەر ئادار نەینی خەتەریَ.... نیسان نەینی زەرەریَ.....چەنگی دەستی دەبێتە باری کەریَ

واتە ئەگەر لە ئادار باران باش بباریَ و لەنیسان نەخۆشی و تەزرە لە گەنم و جۆ نەدات، هەر چەنگە گەنمێکی چێنراو سەد بەقەد خۆی بەرهەم دیَنیَ.

٧ـ یەک لە ئاداریَ دوو لەنیسانیَ....نایگۆڕمەوە بەمورکی خوراسانیَ

واتە پاش شینبوونی دەغڵ و دان و پەڵەی پایزە، گەنم و جۆ پێویستیان بەبارانەکی باشی ئادار و دوو بارانی باشی نیسان هەیە، گەر ئەو سیَ بارانە بەباشی بباری بڕی بەرهەم زۆر دەبێت.

٨ـ ئادار... مەشکە لەدار.... لێرە نا لەژەنگار

لەمانگی ئادار هەرچۆنێک بیَ مەڕ شیری دەبی و دۆ پەیدادەبیَ و مەشکە دەست بە هەژانیَ دەکریَ ئەگەر لەدەشتی هەولێریش نەبیَ ئەوە لە(ژەنگار) شەنگالیَ دەبی

٩ـ پەرەکەت..... جۆخین کەت

واتە ئەگەر باران باش بباری وپەڵەی پایز بکەویَت و زەوی تەواو تێر ئاوبی لەپایزیَ، ئەوا جووتیار دڵنیا دەبوو لەوەی کە دانەویڵەکەی بەرهەمی دەبیَ ئینجا زۆر و کەم.

١٠- ساری خوبزەلهەوایێ.... گەنم زۆرترە لەکایێ

ئـەو سـاڵەی بـاران کـەم دەبـارێ، بـەڵام بەهـاران بـای فێنـک و نیمچـە شـێدار زۆربـی گەنـم دانـی پـڕ دەبـوو بـەڵام بەژنـی کـەم دەبـوو، واتـە قەسـەری کـەم دەبـوو بـەس دانـی زۆر دەبـوو.

١١ - ساری بەتەم..... هەرمەگرە خەم

ساری بەمژ... بگرەو بکوژ

واتـە ئـەو سـاڵەی زسـتان و سـەرەتای بەهـاری تـەم وتومـان بـێ و زۆربـێ، ئـەوا زەوی ئـاوی بـاش دەمـژی و شـێدار دەبـی و گیاوگـۆڵ و دەغڵ ودانیش تێر ئاو دەبن و بەرهـەم زۆر دەبی و جووتیار هیچ خەمێ ناخـوات لەپاشـەڕۆژی بەرهەمەکـەی.

بەڵام ئەگەر تۆزوبا و مژ بوو ئەوا دەغڵ و دان و گیاوگۆڵ زیانییان پێ دەگات، جووتیـار هیچـی نایەتـە بەردەسـتی بۆیـە دەبوایـە بـۆ بژێـوی ژیانـی دەسـتیان ببردە بۆ کاری دیکە، لـەو پەنـدەدا مەبەسـتی شـەڕ و تاڵانییە

١٢- سێ شت خۆشە بەساردی.... فرۆ و ماست وکاردی

فـرۆ و ماسـت بەرهەمـی ئاژەڵـی شـیردارن گـەرم دەکرێـن بـەڵام دەبوایـە ساردبێتەوە ئینجـا دەخـورا، هەروەهـا کاردیـش کـە ڕووەکێکـی سروشـتییە، کەبەگەنمەکوتـراوی لـێ دەنـرا بەسـاردی خۆشـە.

١٣- کەنگر و دۆ........ بەوەعدی خۆ

واتـە کەنگـر لەکاتێـک پەیـدا دەبـی و ماسـتیش لـە کاتێکـی تـر، ئـەوە وەک پەندیـش دەگوترێ،واتـە هـەر ئیشـە و لـە وەختـی خـۆی بکـە.

١٤- قرشە بۆشە.... کوڕوکاران کەیفیان خۆشە.

قرشـە واتـە ئـەو بەرهەمـە دووراوەی گەنـم و جۆیـە کاتـێ زۆربـی، کـوڕو کاڵ دڵیـان خـۆش دەبـێ چونکـە دەبێتـە هـات.

١٥- لۆقان باوێ... نۆکان باوێ.

کاتـی خـۆی نیسـک و نـۆک لەدەشـتی هەولێـر دەچێنـرا، ئیسـتا نەمـاوە،

یان کەم بووە، جا دووری نێوان نۆک و نۆک دەبوایە مەترێک بێ واتە هەنگاوێکی گەورەبێ.نۆک بەروبوومێکی دێمەکارییە هێندە پێویستی لە ئاو نییە

١٦-نۆک دەرێ ئەگەر لەبەر چاو و زاران نەبی، هەتا جۆتیار دەچتە ئەوسەری شین دەبم واتە نۆک زوو شین دەبی هەرچاندت و رۆژەک دوورۆژ پاشتر شین دەبێ.

١٧- شەڕ لە شۆیێ...... نەک لە تۆیێ.

شۆ بریتیە لەو زەویەی لەسەرەتای ساڵ یان لە پایز یەکەم کێڵانی تێدادەکرێ، دوای ئەوە دانەوێڵەکەی لێ دەچێنرێ، (تۆ )واتە ئەوکاتەی بەرووبوومەکە کۆدەکرێتەوە. ئەو پەندە بۆ کاری رۆژانە گوتراوە،واتە ئەگەر مرۆڤ لەکاتی کارکردن و سەودایی،باهەر لەسەرەتاوە کار و بەڵێنەکان ساغ بکاتەوە نەک لە کۆتایی، چونکە ئەو کاتە لەوانەیە کێشە دروست بێ.

١٨- گیا ئەوەیە بەدەوی بزن خۆش بێت.

واتە هەر گیایەک ئاژەڵ بیخوات و بەدەمی خۆش بی ئەو گیایە بەسوودە.

١٩- ماستی پایزان بدە عەزیزان.

لە پایزدا چونکە گیاو لەوەڕ کەم دەبێتەوە، وە مەڕ و ماڵاتیش شیریان کەم دەبێت، بۆیە ماستیان کەم دەبێت، هەمیشە شتی کەم هەبوو و بەس دەدرێتە خۆشەویست و ئازیزان.

٢٠- باران بباری ئاشیان دەگەڕێ....... باران نەبارێ جۆتیان دەگەڕێ.

واتە بەهۆی باران و ئاوی زۆر ئاشی ئاو بەکار دەخرێ، بەڵام جووتکردن ئەوکاتە دەکرێ کە هەوا خۆشبیت و زەوی تەڕ نەبێت. ئەو پەندە بۆ گوزارشت لە کاری کۆمەڵایەتی دێت، کە ئەو کەسانەی دەوڵەمەند و خاوەن سەرمایە و پێگەن، لەهەر حاڵێک بێت ئیش وکاریان

دەسـوڕێ، قـەت بەرژەوەندیـان ناکەوێتـە مەترسـیەوە.

٢١- هەر لاتێک و وڵاتێک.

لات واتـە هێڵـی جووتکـردن، هـەر هێڵـی جووتکـردن لای جووتیـاری کـورد وەک وڵاتێـک بـووە، خۆشیویسـتووە و بەتـەواوی گرنگـی پێـداوە و. بەمانایەکـی تریـش ئەگـەر گرنگـی بـە لاتێکـی زەوی بـدەی ئـەوە لەوانەیـە وڵاتێـک ئـاوەدان بکاتـەوە بـە هەبوونـی بەروبـووم.

٢٢- جووتیار عەردناسە، سارناس نییە.

واتـە جووتیـار دەزانـی زەوییەکـەی چەنـد بەپیتـە و بـۆ چاندنـی چ جـۆرە بەروبوومێـک باشــە، بــەڵام ناتوانــێ پێشــبینی کەشــوهەوای ســاڵ بــکات و بزانـێ سـاڵەکە چـۆن دەبـی؟!.

٢٣- شۆ مەیکە بە تۆ.... ئەگەر کردت بەتۆ..... بیکە بە جۆ

شـۆ ئـەو زەویەیـە هەمـوو سـاڵێ دەچێنـرێ، بـێ ئـەوەی ببێتـە بەیـار تەنهـا دوای دروێنـەی هاویـن یـەک کێڵانـی بـۆ دەکـرا و لـە پایـز دەچێنـدراوە واتـە زەوی شـۆ بـاش نیـە بیچێنی لـە چـاو وەرد بـەڵام ئەگـەر هـەر چاندیشـت بیکـە بـە جـۆ، چونکـە جـۆ پێویسـتی بـە زەوی کەمتـر پیـت هەیـە لـە چـاو گەنـم.

٢٤- شۆ بە شۆ...... گلێخە بە بنەتۆ.

واتــە ئەگــەر گەنمــان لــە نــاو زەوی شــۆ چانــد ئــەوە بەرهەمــی کــەم دەبێت،ئەگــەر بنەتــۆی خــۆی بکاتــەوە و پــڕ دەبێــت لــە تــۆوی گیــای زیانبەخشــی وەک گلێخــە.

٢٥- وەرد..... لەسەر بەرد....... ساحێبی ناکا نامەرد.

وەرد ئــەو زەویەیــە ســاڵێک بــە بەیــاری ماوەتــەو دووجــار لــە پێــش وەرزی چانـدن کێڵانـی بـۆ کـراوە، واتـە لـە پایـز و بەهـاری سـاڵی پێشـوو کێڵانـی بـۆ دەکـرێ، ئینجـا لـە کاتـی چاندنیـش دەکێڵرێتـەوە، بەمـە زەویەکـە گژوگیــای زیانبەخشــی کــەم دەبێــت و بەپیــت و بەرەکــەت دەبیــت لــە بەرئــەوەی کراوەتــە بەیــار و مانــدووی حەســاوەتەوە، بۆیــە گوتوویانــە

ئەگــەر زەوی وەرد بکەیتــە گەنــم و جــۆ ئــەوا بەرهەمــی زۆردەبێــت و خاوەنــی قازانــج دەکات.

٢٦- دۆ زۆرە...... کەشک بۆرە.

کەشک بریتیە لە خواردنێکی کۆنی کوردەواری، لە دەنکە گوێز گەورەترە لە دۆی وشک کراوە دروست دەکرێ، کەواتە هەر ساڵێک دۆ زۆربی کەشکیش زۆربووە.

٢٧- بەرەبەرە....... ماست دەبی بەکەرە.

مانــای ماســت دەبــێ بەکــەرە بــە هێواشــی، ئــەوە وەک پەندیــش بــۆ کاری کۆمەڵایەتــی بەکاردێــت.

٢٨- ئەرێ ڕاستە..... کەرە لە ماستە.

نەوەڵڵا درۆیە..... کەرە لە دۆیە.

کــەرە واتــە چــەوری نــاو ماســت،پاش ئــەوەی ماســتەکە لــە نــاو مەشــکە دەهەژێنــدرێ، دۆ و کــەرەی لــێ پەیدادەبــی.

٢٩- مار بەدۆیە....... دۆش تام سۆیە.

واتــە ئــەو ماڵــەی دۆی زۆرە و دۆیەکەشــیان تــام ســۆی لــێ دێــت، دۆی تــام ســۆ خۆشــە و پەســندە.

٣٠- ئەگەر بزنم نەدیتبی لە پەرێزێ..... خۆ قشپلم دیتیە لە هەوێزێ.

بــزن لــە نــاو پەرێــزێ لــە خەڵکــی گونــدی دوورە، بــەڵام هەوێــز لــە نــاو گوندیــە هەمــوو کەســی گونــد دەیبینــی، ئــەوەش پەنــدە.

٣١- ئەگەر هەور رۆیی لۆ بادینان...... بڕۆ کونە کادینان.

ئەگەر هەور ڕۆیی لۆ شارەزوور..... بڕۆ لۆ ڕێی دوور.

واتە ئەگــەر هــەور بــۆ باکووری رۆژئــاوا رۆیشــت، ئــەوا بارانــی بــە خــوڕم دەینــی، بــەڵام ئەگــەر بــۆ باشــووری ڕۆژهــەڵات ڕۆیــی ئــەوا بــارن بشــبارێ جێــگای مەترســی نیــە، ئــەو پەنــدە بــۆ دەشــتی هەولێــر دەبێــت.

٣٢- پێروو ئاوابوو.....نیسک ساوابوو.

پێـروو و تـەرازوو دوو ئەسـتێرەنە لـە کن یـەک، پێـروو لەگـەڵ تـەرازوو ناوییـان زۆر بەیەکـەوە دێـت چونکـە لـە تـەک ٣ ئەسـتێرەکەی تـەرازوون وەک دەڵێـن پێـروو و تـەرازوو، واتـە کاتـێ پێـروو بـزر دەبێـت، نیسـک تـازە چێنـراوەو چەکـەرە دەکات، مامـز و بزنـە کێـوی جـووت دەبـن.

٣٣- گیا حوسێنە......چۆڕ چۆڕی لێ بستێنە.

گیاحوسـێنە گیایەکـی خۆڕسـکی بچووکـە، کەلەسـەرەتای بەهـار شـین دەبـێ و مەڕومـاڵات دەیخـوات، ئەوکاتـە دەکـرێ، مـەڕ و بـزن بدۆشـرێ، چونکـە گیایەکـە شـیر زۆر دەبەخشـێتە لەشـی ئاژەڵـەکان.

٣٤- وەردی کەستەک.... بەرخی پشتەک.

وەردی بەکەسـتەک باشـە چونکـە هەواگۆڕکێـی بـاش دەبێـت، بەرخـی بەپشـتەکیش ئـەو بەرخەیـە کـە لـوای سەرپشـتی نابڕێتـەوە، چونکـە لەنـاو هەمـوو بەرخـەکان بـە باشـە جوداکرایتـەوە.

٣٥- لەدورنەی پەرێزت پاک بێ..... لەکن گەوران زمانت چاک بی.

سـەپانی بـاش ئەوەیـە لەکاتـی دروێنـە هیـچ قلـە گەنمێـک لـەدوای خـۆی نەهێڵتـەوە و بەخاوێنـی بیدووڕێتـەوە، پێشـتر گوتراویشـە لـەلای گـەورەکان (ئاغـە و کوێخـوا و سـەرەک عەشـیرەتەکان ئـەو جووتیـارە باشـە کەقسـەی خـراپ لەسـەر هاوڕێکانـی نـەکات و دووڕوونەبێـت).

٣٦- نانت جۆبی..... خوڵقت گەنم بی.

واتـە گـەر نانـت بـۆ مێـوان خـراپ بێـت و هەژارانـە لەپێشـی دابنێـی، بـەڵام رووت خـۆش بـی و بەزەردەخەنـە و پێکەنیـن قسـەی لەگـەڵ مێوانـت بکەیـت. چونکـە جـۆ ڕەشـە نیشـانەی دڵنەچوونییـە و گەنمیـش زەردە و جوانـە.

٣٧- نانت جۆبی...منەتی کەست لەسەرنەبێ.

واتـە لەماڵـی خـۆت هەژارانـە بـژی و، چیـت هەیـە ئـەوە بخـۆ و بەکاربینـە، بـەس خـۆت منەتبـاری کـەس مەکـە.

٣٨- ڕەشـەمە ڕەش دەکا ڕووان... بەتـاردەکا چـار و کەنـدووان.... بەشـەڕ

دێنی بووک و خەسووان.

ڕەشـەمە دوامانگـی زسـتانە زۆر سـاردە، هەندێـک دەڵێـن لـەو مانگـەدا ڕەگـەزی مـێ ڕەنگـی ڕووخسـارییان بـەرە و ڕەشـی دەچـێ، جووتبوونـی زۆرێـک لـە گیانـەوەرەکان لـەو مانگـەدا دەبـی بەتایبەتـی پشـیلە، لەبـەر سـەرمای توونديـش خەڵـک پێشـتر ئـەو دانەوێڵەیـەی لـە چاڵەکانـی مـاڵ و کەنـدووەکان، ئەمبارییـان کردبـوو لەسـەرمان هیـچ نییـە بیخـۆن ناچـارن دەریبهێنـن و بیخـۆن، جاریـش هەبـووە لەبـەر نەمانـی دانەوێڵـەی وەک سـاوار و بـڕووش و گەنمەکوتـراو، بـووک و خەسـوو بەشـەڕ هاتـوون و دەمەدەمییـان لـێ پەیدابـووە.

٣٩. گیا لەچۆکان دەئارێ..... دادەپۆشـێ دەوری ڕەشـمارێ. واتـە لـە دوای ٨ی ئاداری گیا باش شـین دەبێ.

٤٠- هـەر کـە پایـز دەسـت پـێ دەکات زەوی ڕۆژ بـەڕۆژ شـێدار دەبێـت، عـەرد شل و نەرم دەبێت،هەندێ ڕووەک لەسەر بنجی خۆیان،شین دەبنەوە بەبێ باران وەک گلێخە لەمانگی ١٠ بێ بارانیش لە لەناو وەرد و شۆیان شین دەبێتەوە.

- **مانگە کوردییەکان :**

کـورد نـاوی زۆربـەی مانگەکانـی سـاڵی لەسـەر بنچینـەی کشـتوکاڵی ناونـاوە، هەرمانگێکیـش جـۆرە کارێکـی کشـتوکاڵی تیـادا برەوبـووە، یـان گۆڕانـکاری لەکـەش و هەواکـەی، بۆنموونـە

**١- نـەورۆز،** یەکـەم مانگـی کوردییـە و یەکـەم مانگـی بەهاریشـە، نـەورۆز واتـە ڕۆژی نـوێ لـەو مانگـەدا بەفـر دەتوێتـەوە و سروشـت دەبوژێتـەوە، گیاوگـۆڵ و گـوڵ وگوڵـزار دەردەکەون،درەخـت دەسـت بـە گەڵادەرکـردن دەکاتەوە،لەدەشـتی هەولێـر زیاتـر بەئـادار ناودێـر کراوە،واتـە مانگـی ئاو+دار کە لـە ٢١-٣ تاکو ٢٠-٤ی مانگی زاینی دەسـت پێدەکات ٣١ ڕۆژە، بۆیـە پێـی دەگوتـرێ ئادار لـەو مانگـە ئـاو و دار زۆر دەبێـت، یـان دار ئـاوی لـە نـاو زۆردەبێـت و جوولـە دەکات،هەروەهـا لـە هەنـدێ شـوێن بـە مانگـی

ئـادار دەگوتـرێ خاکەلێـو (ئاخەلێـو)، چونکـە لـەو مانگـەدا ئـاژەڵ لێـوی بـە خاکـدا دەخشـێنێ بـۆ لـەوەڕ..

**٢- گـوڵان**، دووەم مانگـی کوردییـە کـە لـە ٢١-٤ تاکـو٢١-٥ دەبێـت و ٣١ ڕۆژە، لــەو مانگــەدا گــوڵ زۆر دەبێــت، لەهەنــدێ شــوێن بانەمەڕیشــی پــێ دەڵێـن.

**٣- جـۆزەردان** سـێیەم مانگـی کوردییە،لـە ٢٢-٥ تاکـو٢١-٦ دەبێـت، ٣١ ڕۆژە، لـەو مانگـەدا جـۆ زەرددەبێـت و دروێنـەی دەکرێـت. لەهەنـدێ شـوێن بـاران بڕانیشـی پـێ دەگوتـرێ.

**٤- پووشـپەڕ** چـوارەم مانگـی کوردییـە :کـە لـە٢٢-٦ تاکـو ٢٣-٧ دەبێـت، ٣١ ڕۆژە واتـە لـەو مانگـەدا گیا وشـک دەبـێ و دەبێتـە پـووش پـەرش و بـڵاو دەبێتـەوە لـە وشـکیان دەپـەڕێ.

**٥- جۆخینـان (خـەرمانـان ):** پێنجـەم مانگـی کوردییـە: کەلـە ٢١-٧ تـا٢٠-٨ دەبێ،لەومانگـەدا بەروبـووم کۆدەکرێتـەوە لـە جۆخیـن

**٦- گەلاوێـژ:** شەشـەم مانگـی کوردییـە: کـە لـە ٢١-٨ تاکـو ٢٠-٩ لـەو مانگـەدا ئەسـتێرەی گەلاوێـژ هەڵـدێ، لەگـەڵ هەڵاتنـی گەلاوێـژ چلـەی هاویـن کۆتایـی دێ و زەویـش شـێداری بەخۆیـەوە دەهێڵتـەوە.

**٧- ڕەزبـەر:** کـە لـە٢١-٩ تاکـو ٢٠-١٠ دەبێت،واتـە ڕەز و میوەجاتەکانـی هاوینـی بـەری دەگرێ.یەکـەم مانگـی پایـزە.

**٨- گەڵاڕێـزان:** کـە لـە٢١-١٠ تاکـو ٢٠-١١ دەبێـت، گـەڵای دارودرەختـە هەڵوەریـەکان هەڵـدەوەرێ.

**٩- سەرماوەز:** کە لە ٢١-١١ تاکو ٢٠-١٢ دەخایەنێت، ئاووهەوا سارد دەبێت.

**١٠- بەفرانبار:** کە لە ٢١-١٢ تاکو ٢٠-١ ی زاینی دەخایەنێ کە بەفر دەبارێ.

**١١- ڕێبەنـدان:** کەلـە ٢١-١ تاکـو ٢٠-٢ دەخایەنێـت لەبـەر زۆری بەفـر و بـاران لـە چیـاکان ڕێگاکان دەگیرێـت.

**١٢- ڕەشـەمێ :** کـە لـە ٢١-٢ تاکـو ٢٠-٣ ی زاینـی دەخایەنـێ، ٢٩

رۆژە، لێرەدا گیانەوەری مێ بەرەوکاری جووتبوون دەچێ بەتایبەت پشیلە شەوان دەنگییان دێ و رەش هەڵدەگەڕێ. کاتی خۆی باپیرانمان گوتوویانە:

ڕەشەمە رەش دەکات ڕووان..... بەتار دەکات ئاردی هەنبانە و کەندووان.... بەشەڕ دەینی بووک و خەسووان.

لێردە دەبینین ناوی مانگەکان بەکوردی ناونراون وگوێرەی کاری رۆژانەشیان ناوەکەیان وەرگرتووە.

تێبینی بە حسابی دەشتی هەولێر کەندێناوە و قەراج و شەمامک و موڵکیە بەهار لە ١٤ی ئادار دەست پێ دەکات واتە ٨ رۆژ لەپێش ناوچەکانی دیکە، چونکە دەشتی هەولێر ناوچەکی دەشتە و زوو گەرما دێت، واتە هەموو وەرزەکان ٨ رۆژ زوو تر دێت.

- **وەرزەکان**

بەپێی حیسابی دەشتی هەولێر بەتایبەتی کەندێناوە و قەراج هەندەک پیی دەڵێن حیسابی (رۆمی شەرقی) یەکەم رۆژی وەرزەکان لەڕێکەوتی ١٣ی مانگە ئینگلیزییەکان دەست پێ دەکات و لە ١٢ ش کۆتایی دێت وەک:

وەرزی بەهار لە ٣/١٣ ی هەموو ساڵێک دەست پێ دەکات تاکوو ٦/١٢ی هەموو ساڵێک واتە بەهار ٩٢ رۆژە

وەرزی هاوین لە ٦/١٣ ی هەموو ساڵێک دەست پێ دەکات تاکوو ٩/١٢ ی هەموو ساڵێک واتە هاوین ٩٢ رۆژە

وەرزی پاییز لە ٩/١٣ی هەموو ساڵێک دەست پێ دەکات تاکوو ١٢/١٢ ی هەموو ساڵێک واتە پایز ٩١ رۆژە

وەرزی زستان لە ١٢/١٣ی هەموو ساڵێک دەست پێ دەکات تاکوو٣/١٢ی هەموو ساڵێک واتە زستان ٩٠ رۆژە

کۆی رۆژەکان دەکاتە ٣٦٥ رۆژ و دانێک واتە چارەگێک لە چوارساڵان دەکاتە ٣٦٦ رۆژە

**حیسابی چلەی زستانێ :**

زستان لە دەشتێ لە ١٢.١٣ ی هەموو ساڵێ دەست پێ دەکات، دوای ٢٥ ڕۆژ دەبێتە چلە، چلەی زستانێ چل ڕۆژە، چلە واتە ساردترین چل ڕۆژی زستانێ لەدەشتێ لە ١.٨ی ساڵ دەست پێدەکات تاکو ١٦ .٢، ئینجا ٢٥ ڕۆژی تر زستان دەمێنێ واتە تا ١٤ .٣ هەر زستان حیسابە، لەدەشتێ لە٣.١٣ ەوە دەبتە بەهار واتە ٢٥+٤٠+٢٥ = ٩٠ ڕۆژ

**حیسابی چلەی هاوینێ :**

لە ٧/١٠ دەست پێ دەکات لە ٨/١٨ کۆتایی دێت.

٢٦ ڕۆژ لەهاوین بڕوات دەکەوینە ناو هاوین، ٢٦ ڕۆژیش هاوین مابێ چلە کۆتایی دێت واتە ٢٦+٤٠+٢٦= ٩٢ ڕوژ

هەندێک دەڵێن دوو چلەی هاوین هەیە چلەی گەورە و چلەی گچکە، چلەی گەورە وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێ دا، چلەی گچکەش لە ٦/٢٤ دەست پێ دەکات لە ٨/٢ کۆتایی دێت.

- **حیسابی هەفتەکانی زستانێ لە دەشتی هەولێر***

هەر لەکۆنەوە خەڵکی کوردستان گرنگییان داوە بە کەش و هەوا، چونکە پێویستییەکی ڕۆژانەیان بووە بۆ کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری. هەر میللەتە و تەنانەت هەر ناوچەیەکیش حیسابی ڕۆژە ساردییەکانی زستانی خۆی هەیە، لە عێراق عەرەب حیسابی هەفتەی زستانی تایبەت بەخۆی هەیە پێی دەڵێن مربعانییە، ئێزدی

**حسابی کوردەواری لە دوو مانگی زستانێ**

| ناوی هەفتە | ڕۆژی دەستپێکردنی | ڕۆژی کۆتاهاتنی | ماوە | کاریگەری | By Abas Nadr |
|---|---|---|---|---|---|
| بەند | ١/١٤ | ١/٢٠ | ٧ ڕۆژ | ئاو دەییەستێ | سەرەتای حسابگرتنەوە |
| بەندرخە | ١/٢١ | ١/٢٧ | ٧ ڕۆژ | ئاو دەییەستێ | |
| مێرەم | ١/٢٨ | ٢/٣ | ٧ ڕۆژ | ئاوی دەمەیێنێ | |
| ئۆغەن | ٢/٤ | ٢/١٠ | ٧ ڕۆژ | شەختەی دەشکێنێ | |
| پیت | ٢/١١ | ٢/١٧ | ٧ ڕۆژ | کەش و هەوا ئاڵۆزدەبێ پەنگرەی هەوا | |
| پاڵۆز | ٢/١٨ | ٢/٢٤ | ٧ ڕۆژ | کەش و هەوا ئاڵۆزدەبێ پەنگرەی ئاو | |
| خدر | ٢/٢٥ | ٣/٣ | ٧ ڕۆژ | پەنگرەی عەرد | ئەگەر شوبات ٢٩ ڕۆژبوو ئەوا ڕۆژێک دەچێتە پێش |
| ئەلیاس | ٣/٤ | ٣/١٠ | ٧ ڕۆژ | ئەلیاس ساربووخەلاس | دژی وساردی کەش وهەوا کۆتایی دێ |
| پیرێژن | ٣/١١ | ٣/١٧ | ٧ ڕۆژ | | |

حیسـابی خـۆی هەیـە و هەنـدێ ڕێ و ڕەسـمی ئاینیشـی لەگـەڵ دەکـەن ، لەسـلێمانی و گەرمیانیـش حیسـابی تایبـەت دەگرنـەوە، وەک حیسـابی کەلیخـان و شـێخ حەسـەنی گڵـەزەرد و گەرمیـان، دەشـتی هەولێریـش هـەر لەکۆنـەوە حیسـابی تایبـەت بەخۆیـان هەبـووە لەبـەر جودایـی کـەش و هـەوا.

حیسـابی دەشـتی هەولێـر ناسـراوە کـە ٩ هەفتـە لەخـۆ دەگـری و ٦ یـان دەکەونـە چلـەی زسـتانێ، هـەروەک لەوێنەیەکـی خشـتەیی دیاریـم کـردووە. ئـەو حیسـابانەش دوو هەفتـە دوو هەفتـە پێکـەوە ناوییـان گوتـراوە، کـە لـە ١٤-١ی دەسـت پـێ دەکات و تاکـوو ١ -٣، سـەرەتای هەمـوو هەفتـەکان لەنیـوەی شـەوەکان دەسـت پـی دەکات و دوای هەفـت ڕۆژ لەنیـوەی شـەوەکان کۆتایـی دێـت، زسـتان لـە ١/١٣ دەسـت پێ دەکات بەگوێـرەی حیسـابی دەشـتی کەندێنـاوە و قـەراج بـەڵام دەشـتی موڵکیـە و شـەمامک و بەسـەرەوە لـە ١/١٤ حیسـابی بۆدەکـەن، دەکـرێ ڕۆژێـک بەگوێـرەی خشـتەکە ببرێتـە پێـش. هەفتـەکان بـەم شـێوە ڕیزبەندکـراون:

**بەند و بەندرخە:** ساردترین دووهەفتەی زستانن.

**١-بەنـد:** لەشـەوی ١٥/١٤-١ دەسـت پێ دەکات واتـە لـە ڕێکەوتـی ١٤-١ تاکـو ٢٠-١واتـە کـە لـە ٢٤ی بەفرانبـارەوە دەسـت پـێ دەکات تاکـو٣٠ی بەفرانبـار، کاتـێ بەنـد دەسـت پـێ دەکات، چـوار هەفتەیـە زسـتان دەسـتی پێکـردووە و یەکـەم هەفتـەی چلەیـە بـۆ دەشـتی هەولێـر، هەفتەیەکـی زۆر سـاردە. ناوەکەشـی لـە خۆیـەوە دیارە.ئەگـەر لەهەفتـەی بەنـد شـەوان سـاماڵ بیت ئـەوە ئـاوی سـەرواڵا دەیبەسـتێ و دەبێتـە شـەختە.

**٢-بەندرخـە:** ٢١-١ تاکـو ٢٧-١ واتـە ١ ڕێبەنـدان تاکـو ٧ ی ڕێبەنـدان، ئـەوەش هەفتەکـی زۆر سـاردە، بەقسـەی کاک نافـع کاکـە نـاوی لـەوەی هاتـووە بەند+بەرخـە دوایـی بـۆ ئاسـانی زمـان بۆتـە بەندرخـە، واتـە بـەرخ لەسـەرمان لەسـکی دایکـی دەمـرێ.

لــە بەندرخــە دەڵێــن بیســت و یەکــی گۆرانــێ، هێنــدە ســارد دەبــێ بۆیــە باپیرانمــان گوتوویانــە :

بیست و یەکەرەی گۆرانی... کەری بردە سەرکانی....کورتانی هیناوە بەشانی

واتە کەرەکەی لەسەرمان تۆپیو و ناچار بەس کورتانەکەی هێناوەتەوە ماڵ

یان گوتوویانە لەبیست و یەکەرەی گۆرانی...... بزن لەسەر کاری نابانی.

واتەهێندە سارد دەبێ بزن لەسەرمان ناتوانێ بۆکارەکەی ڕابوەستێ شیری بمژێ.

کانوونان..... کەپوو پیسترە لەقونان

لەبیستی کانوونێ..... کەپوو پیسترە لەقونێ

رۆژەکم مابێ لەکانوونا.... لێت دەکەمە بەفروبا....بەزت لەقونێ دەکەمە کا

شــەوی ٢٢/٢١ی کانوونــی دووەم ســەرماترین شــەوی زســتانە بەشــەوی برایمــی مەلازێندینــان ناســراوە

**مێرەم و ئۆغەن:** مێرەم دەمەیێنێ، ئۆغەن دەشکێنێ.

**٣- مێرەم:** ٢٨-١ تاکوو ٣-٢ واتە لە ٨ی ڕێبەندان تاکو ١٤ی ڕێبەندان

کەش و هەوا خۆش دەبێ و دوایی لەپڕێک سەرمای توند پەیدا دەبێتەوە، گوایە مێرەم ژنی ئۆغەن بووە لەرۆژێک سەرەتا خۆش بووە، چۆتە دەرەوە بۆ کۆڵێ و دوایی سەرمای بەسەر داهاتووە و لەدەشت مردووە.

**٤- ئۆغـەن**: لـە ٤-٢ تاکوو ١٠-٢ دەست پێ دەکات واتـە لـە ١٥ی ڕێبەنـدان تاکو ٢١ی ڕێبەنـدان

لــە ئۆغــەن کەمێــک ئاوهــەوا باشــتر دەبــێ دەڵێــن شــەختەی دەشــکێنێ. گوایــە ئۆغــەن پیــاوی مێــرەم بــووە لــەکاروان گەڕاوەتــەوە و خەبــەری مردنــی ژنەکــەی زانیــوە.

قەرەشــوبات:هەندێ کــەس لەنیــوەی ئۆغــەن و هەمــوو هەفتــەی پیــت و نیــوەی پــارۆزێ دەڵێــن قــەرە شــوبات کەدەکاتــە ١٥ رۆژ، حیســابگرەوە دەڵێن لەقـەرە شـوبات هەنـدێ جـار بـاران کـەم دەبـاری، جووتیـار دەچتـە نـاو دەغلـی دەبینـی عەردەکـەی سـۆر دەچتـەوە لـە وشـکیان دەغـل و دان

کەم شین دەبێت، فەلاح لەترسا ژنی دەناردەوە ماریَ بابی چونکە پێی بەخێو نەدەکرا، بەڵام دوای تەواوبوونی قەرەشوبات واتە دوای ناوەڕاستی هەفتەی پارۆزێ کەباران دەباری، جووتیار گوراحی خۆش دەبوو، دەچوو ژنەکەی دەیناوە و لەگەڵی ئاشت دەبۆوە.

**پیت و پارۆز :** پیت و پارۆز.... سار بوو ئارۆ

**٥- پیت:** ١١-٢ تاکوو ١٧-٢ واتە لە ٢٢ی ڕێبەندان تاکوو ٢٩ ی ڕێبەندان.

لەو هەفتەدا پەنگرەی (پشکۆی)هەوا دەکەوێت واتە هەوا ساردی نامێنیَ و بەرەو گەرمی دەچیَ. کورد دەڵیَ : پیت پیتی کرد.... سار فیتی کرد، یان گوتوویانە لەپیت لەخۆی ڕیت.

**٦- پارۆز:** لە ١٨-٢ تاکو ٢٤-٢ دەست پیَ دەکات واتە لە ٢٩ی ڕیبەندانەوە تاکوو ٦ی ڕەشەمە. لەم هەفتەیە پەنگرەی (پشکۆی) ئاو دەکەوێت واتە ئاوی دەریَ ساردی نامێنیَ.

کورد گوتوویەتی پارۆز.... ساری کرد ئارۆز، لەپارۆز چلەی دەشتی هەولێر کۆتایی دێت. لە ٢١-٢ پێشی دەگوتریَ بیست و یەکەرەی هەرمن هەرمن... ئەوەی لەپاش زستانیَ ماوە خەمییَ من.

**خدر و ئەلیاس:** خدر و ئەلیاس، ساربوو خەلاس یان سارد بوو خەلاس.

ئەو دووهەفتەیە لە دەرەوەی چلەی زستانن و لەناو حەفتەوانەی حیساب گرەوانن.

**٧- خدر:** ٢٥-٢ تاکوو ٣-٣ ئەگەر شوبات ٢٩ ڕۆژبیَ ئەوا دەکاتە ٣.٤، کەدەکاتە ٦ ی ڕەشەمە تاکوو ١٢ ی ڕەشەمە

لەم هەفتەیە پەنگرەی (پشکۆی) عەرد دەکەوی واتە خاک گەرم دەبیَ، بۆیە باپیرانمان گوتوویانە، کەهات خدر... عەرد دەبیَ پەنگر... پەیدا دەبیَ کەنگر.

**٨- ئەلیاس:** لە ٤-٣ تاکوو ١٠-٣ دەست پیَ دەکات، کەدەکاتە ١٣ی ڕەشەمە ٢٠ ی رەشەمە.باپیرانمان گوتوویانە : ئەلیاس... ساری کرد خەلاس.

**٩- سـەرمای پیرێژن:** لـە ١١-٣ تاکـو ١٧ی سـێ دەسـت پـێ دەکات، واتـە ٢١ ی ڕەشـــەمە تاکـو ٢٧ ی ڕەشـــەمە. سـێ ڕۆژی دەکەوێتـە زسـتانێ و چـوار ڕۆژیشـی دەکەوێتـە بەهـاریێ، ئـەو هەفتەیـە کـەش و هـەوا تـەواو خـۆش دەبـێ بـەس بـۆ پیرێژنـان هـەر سـەرما دەمێنـێ چونکـە جەسـتەیان بەرگـری کەمـە.

**بازەبـەران**: لـە ١٨-٣ تاکـو ٢٠-٣ واتـە ٢٨ی رەشـەمە تاکـو ٣٠ رەشـەمە و ئـەو سـێ رۆژە هـەر رۆژەی خـۆر (رۆژ) هەمـوو رۆژێ جێگای ئاوابوونـی خـۆی بەبڕێکـی زۆر دەگـۆڕێ.

بەکۆتایـی هاتنـی بازەبـەران ٣٠ ی رەشـەمە یـان ٢٠-٣ بـۆ ڕۆژی دوایـی ٢١-٣ یان ١ی نـەورۆز زەوی کۆتایی بـە سـووڕانەوەی خـۆی دەهێنـێ بـەدەوری خـۆردا جارێکـی تـر سـەر لەنـوێ لەیەکـەم رۆژی نـەورۆز بەنوێتـی بـەدەوری رۆژ دا دەسـووڕێتەوە لەکەلـووی نەهەنگـەوە دێتـە کەلـووی شـەک.

دوای ٣.٢١ پێنج رۆژی یەکەم پێی دەڵێن (رۆژی تار)

لـەلای کوێسـتانێ ئەگـەر لـەو پێنـج رۆژە بەفـر بباریێ، ئـەو سـاڵە تامـاوەی ١٨ رۆژ کـەش و هـەوا سـارد و دژوار دەبێـت.

ئەگەر لەو پێنج رۆژە باران باری، ئەوساڵە بارانی بەهار زۆر دەبێت.

ئەگـەر لـەو پێنـج رۆژە بەفـر و بـاران هیـچ نەبـوو، ئـەوا ئـەو سـاڵە لەبەهـاریێ دەبێتـە وشـکە سـاڵی.

**ساڵنامەی مانگی (قەمەری)**

ئـەو سـاڵنامەیە پشـت بەسـووڕانی مانـگ بـەدەوری زەوی دەبەسـتێ، کـە سـاڵ بـە ٣٦،٣٥٤ رۆژ دادەنـێ، کـە ١٢ مانگـە و هـەر مانگـەش یـان ٢٩ رۆژە یـان ٣٠ رۆژە،

کەخولـی مانگـی تـەواو بـە رووکـەش ٥٣،٢٩ رۆژە، جیـاوازی نێـوان سـاڵنامەی مانگـی (قەمـەری) و هەتـاوی، ٨٨،١٠ رۆژە، بۆیـە لەگـەڵ یـەک هاوڕێـک نابـن، واتـە سـاڵنامەی مانگـی نزیکـەی ١١ رۆژی کەمتـرە لـە

سـاڵنامەی هەتـاوی.

سـاڵنامەی مانگـی لەلایـەن گەلێـک میللەتـان بەکارهاتـووە، وەک چیـن و هینـد و عیبرییـەکان و عـەرەب، لای عـەرەب ئێسـتا بەسـاڵی کۆچی(هجـری) ناودەبـرێ، پێشـتریش ڕۆمانـەکان لەپێـش زاییـن بەچەندیـن سـەدە بەکارییـان هێنـاوە.

لەکوردسـتان لەبـەر ئاینـی ئیسـلام گرنگـی بـە سـاڵنامەی مانگـی دراوە، لەهەنـدێ بـواری کشـتوکاڵ و ژیانـی ڕۆژانەیـان سـوودییان لـێ وەرگرتـووە.

مانـگ لەسـەرەتاوە، واتـە لـە یەکـی مانگـەوە لـەلای ڕۆژئـاواوە دەردەکـەوێ، ڕۆژ بـەڕۆژ خـۆی بـە ڕووبـەری گەورەتـر پیشـان دەدات، تـا دەگاتـە نیـوەی مانـگ واتـە ١٥ ی مانـگ، کەدەگاتـە گەورەتریـن ڕووبـەر پێـی دەڵێـن مانـگ جۆخینـەی (خـەرمانـە)ی داوە، ڕۆژانـە ١٥-٢٠ دەقیقـە زووتـر هەڵدێـت، دوای ١٥ ی مانـگ ڕۆژ بـەڕۆژ بچـووک دەبێتـەوە، ئەوجـارە لەڕۆژهەڵاتـەوە هەڵدێـت، تـا کۆتایـی مانگەکـە ئینجـا دووبـارە هەمـان دیـاردە دووبـارە دەبێتـەوە،

کاتـی خـۆی لـەدوای ٢٠ ی مانگـی (قەمـەری) خەڵـک کاری نهێنـی شـەوانەیان ئەنجـام دەدا وەک دزی و تۆڵەسـەندنەوە، چونکـە لـەدوای ٢٠ ی مانگەکـە شـەو تاریک دەبوو، بۆ نموونـە گـەر لـە ٢٠ ی مانگـی قەمـەری مانـگ لـە کاتژمێـر ٨ ی ئێـوارە هەڵبـێ ئـەوا لـە ٢١ی مانـگ دوای ١٥-٢٠ دەقـە درەنگتـر هەڵدێت.ئیتـر هـەر شـەوەی ١٥ دەقیقـە درەنگتـر هەڵـدێ، تـاوای لـێ دێت نیـوە شـەو زۆر تاریـک دەبـوو، بۆیـە ئـەو کەسـانەی لـە ٢٠ ی مانـگ کاری دزی و هێـرش بردنییـان بـۆ سـەر مـاڵ و شـوێنان دەکـرد، زۆر بوێرییـان تێـدا دەبـوو، بـۆ نموونـە کـورد لـە کۆنـەوە گوتوویانـە

بیستی پڕ..... دزی کەردڕ

دیـارە لـە کۆنـەوە دزی کـەردڕ، بەناوبانـگ بوونـە لەبـەر ڕووناکـی مانـگ دزی و زەلامییـان دەکوشـت.

بیست و یەکە.......چاوم یەکە

واتــە تەنهــا خــۆم دەچــم و چــاوم دەگــرم یــان لەگــەڵ خۆشەویســترین کەســی خــۆم دەچــم بــۆ کارە نهێنییەکانــی شــەو.

بیست و دوو.... ئەمن و توو

واتە دەتوانم لەگەل هەر کەسێکی تر بچم کاری نهێنی شەو ئەنجام بدەم.

بیست و سێ...... شەلەش دێ

واتـە لـە بیسـت و سـێی مانگـێ، شـەو هێنـدە تاریک دەبێ پیاوی شـەلەش دەتوانێ بێت بۆ کاری دزی و پیاوکوشتن و تۆڵەسـەندنەوە.

## • ئەستێرە ناسی لە کوردەواری لە بواری کشتوکاڵی

لــە بەرەبەیانــی مێــژووەوە مــرۆڤ هەوڵــی داوە نهێنیەکانــی دەور و پشــتی خــۆی بزانــێ و بــۆ بەرژەوەنــدی خــۆی ســوودی لــێ وەربگــری، ئەستێرەناســیش زانســتێکە گرنگیەکــی زۆری هەبــووە بەتایبەتــی لــە کۆنــدا. لــەلای کوردیــش گرنگــی پێــدراوە بــۆ کاری بەخێوکردنــی ئــاژەڵ و کاری کشــتوکاڵی بــۆ نموونــە :

**١. ئەستیرەی پێروو؛(ثریا)**

لــە هەنــدێ شــوێن پێــی دەڵێــن (کــۆ) کۆمەڵــە ئەســتێرەیەکن لەشــێوەی هێشــوون ژمارەیــان زۆرە بــەڵام تەنهــا ٧ دانەیــان بەچــاو دەبینرێــن، لــە ناوەڕاســتی مانگــی تشــرینی یەکــەم (١٠) بەدیاردەکەوێــت، بــە مانگێــک و حەفــت ڕۆژ پێــش تــەرازوو هەڵدێــت، بەدەرکەوتنــی ئەســتێرەی پێــروو، واتــە کەوتووینەتــە نــاو پایــزێ، پایزیــش لــە کوردســتان ســەرەتای چاندنــی بەرووبوومــە زســتانیەکانە، بــاران باریــن دەســت پــێ دەکات، جووتیــاری کــورد دەســت بــە کێڵانــی زەوی دەکات. گــەر تیشــکی ئەســتێرەی پێــروو لــە ئــاژەڵ بــدات بەتایبــەت ئێســتر و ئەســپ و مایــن زیــان بەچــاوی دەگەیەنێت، تانەیــەک لەســەرچاوی پەیدادەبێــت.

پێـروو لەناوەڕاسـتی پایـز (تشـرینی یەکـەم) تـا سـەرەتای زسـتان بەچـاو دەبینرێـت، لەسـەرەتای زسـتان واتـە شـەوی ٢٥/٢٤ـ ١٢ ماوەیـەک نامێنـێ و بەرچـاو ناکەوێـت پێـی دەڵێـن پێـروو ئاوابوو،لـە کاتـی ئاوابوونـی ئەسـتێرەی پێـروو ئاژەڵـی کێـوی جـووت دەبـن.وەک مامـز و بزنـە کێـوی، نیسـک گـەر بچێنرێت تازە چەکەرەدەکات و ساوا دەبێت، بۆیە دەڵێن: پێروو ئاوابوو...... نیسک ساوابوو

بـەڵام جارێکـی دیکـە لـە ئـادار بەدەردەکەوێتـەوە، تاسـەرەتای مانگـی شـەش بـە چـاوان دەبینرێـت، مـاوە مـاوە لـەڕووی بینینـەوە دەکەوێتـە نزیـک مانـگ. ئەسـتێرەوانەکان ٣ـ٦ـ٢٠٢١ دانایـە رۆژی دیارکەوتنـی پێـروو لەبەهـار.

لەحەیرانیـش نـاوی پێـروو هاتـووە، وەک دەڵێن:حەیـران دەرێـم ئەسـتێرەکم لـێ هـەرات لـەلای ئێمەنـێ، پێـروو هەراتـن تـەرازوو ناگەنـێ

**٢ـ ئەستێرەی تـەرازوو:** (المیـزان) دەکەوێتـە لای نیـوە گـۆی باشـوور، نزیـک لەهێڵـی کەمەرەیـی بـە حەفتـەم بـورج دادەنرێـت لـە ١٢ بورجەکـەی ئاسـمان، ٩/٢٣ هەتـا ٢١ـ١٠ بـە بورجـی تـەرازوو دادەنرێـت، لـە دوای ٧/٢١ هەڵدێـت، ئەسـتێرەکانی بەشـەوان زۆر پرشـنگدار نیـن، دوای دەرکەوتنـی پێـروو بەدەردەکەوێـت، تـەرازوو گـەر هەڵهـات، بیـدات لەسـەگ و تـاژی تووشـی گەڕییـان دەکات، بۆیـە حەفـت رۆژی یەکەمـی دوای هەڵاتنـی تـەرازوو سـەگ و تـاژی لـەژوورەوە دەکـران نـەوەک زیانییـان پـێ بـگات.

لەکۆنـەوە خەلکـی کوردسـتان ئەسـتێرەی(کەڵووی) تەرازوویـان ناسـیوە، لەدەشـتی هەولێـر لەحەیرانـدا نـاوی هاتـووە، وەک گوتـراوە، حەیـران دەرێـم ئەسـتێرەکم لـێ هـەرات لـەلای ئێمەنـێ، پێـروو هەراتـن تـەرازوو ناگەنـێ.

گوتراوە تەرازوو بدیترێ.... رەز بەری دەخورێ

هـەر رەزی ترێیـەک لـەدوای هەڵاتنـی تـەرازوو پـاش مانگەکـی (٣٠ رۆژی) ترێیەکـەی ڕەش دەبێـت.

**٣- ئەستێرەی گەلاوێژ** (الشعری الیماني) یەکێکە لە ئەستێرە گەورە و پرشنگدارەکان لەقەبارەدا دوو ئەوەندەی خۆر زیاترە، رووناکییەکەشی ٢٦ جار لە هی خۆر زیاترە، بەلام چونکە زۆر دوورە نزیکەی ٩ ساڵی رووناکی لێمانەوە دوورە بۆیە زۆر هەستی پێ ناکەین. ئەستێرەی گەلاوێژ لەگەڵ کۆتایی هاتنی چلەی هاوین لەئاسمان بەدیار دەکەوێت لە کاتژمێر ٤:٣٠ی بەیانیان لەلای رۆژهەلات وەک ئەستێرەیەکی گەش، تا مانگی ئادار بەئاسانی دەبینرێت. لە ٨-١٨ گەلاوێژ بە جوانی دەبینرێت.

هەر لەکۆنەوە جووتیار و مەڕدارانی کورد گرنگییان بە دەرکەوتنی ئەو ئەستێرەیە داوە، چونکە لەگەڵ هەلاتنی ئەوە کەش و هەوا فێنک دەبێت، بەتایبەت شەوان فێنک دەبێت، زەوی شێداری ئاو زۆرتر ڕادەگرێت، ئەو دارو درەختانەی گەلایان بەهاوین هەلوەریوە، لەمەودوا گەلایان چرۆی دەردەکاتەوە. دار ئەگەر بەهاوین بەئاسانی توێکلی لێ دەبۆوە، لەمەودوا بەزەحمەتر لێ دەبێتەوە. لەمەودوا قامیش گوڵ دەکات. لەمەودوا دارودرەخت ئاودانییان کەمتر دەوێت.

لەمەودوا ترێ تامی شیرنتر دەبێت بۆیە گوتوویانە

دوای گەلاوێژ ترێ.... بەتامتر دەخورێ

یان گۆتیتیان کە گەلاوێژ هەرات لەشەوێ.... دەست ببە لۆ ناو پەلکە مێوێ

لە دوای هەلاتنی گەلاوێژ حاجی لەقلەق و پەڕەسێلکە لەکوردستان کۆچ دەکەن بەرەو باشوور، پۆپیتەسلێمانەش لەکوردستان پەیدادەبێت، لەمەودوا شەوان مەڕ کۆڕی دەبەستن واتە شەوان لەبۆ بن پاڵی یەک دێن و لەسەرمان سەر بۆلای یەک دەهێنن.

گەلاوێژ کە لە بورج هەڵدێت، زیان بە ئەسپ و ماین دەگەیەنێت، تووشی نەخۆشی (سەگ با)ی دەکات، وەک شەلەل وایە، زۆر جار دەبێتە هۆی تۆپینی، بۆیە لەحەفت رۆژی یەکەم جل لەبەر بارگیر دەکرێت تا زیانی پێ نەگات.

هەندێـک بـە گەلاوێـژ دەڵێـن کاروان کـوژە، چونکـە،وەک ئەسـتێرەی بەیانە،خەڵک فریـوی پـێ دەخـۆن وادەزانـن بەیانـی نزیـک بۆتـەوە و کاروان سـەرییان پـێ دەشـێوێ، بۆیـە پێـی دەڵێـن کاروان کـوژە..

**٤ـ ئەسـتێرەی کاروان کـوژە:** سـێ کاتژمێـر پێـش ئەسـتێرەی بەیـان بەدەردەکەوێت، کاروانچی جار هەیە بەهەڵە بەناوی دەرکەوتنی ئەستێرەی بەیـان دەسـتییان بەرۆیشـتن دەکـرد و جـار هەبـوو سـێ کاتژمێـر رۆیشـتن تووشـی مەترسـی دەکـردن.

**٥ـ ئەسـتێرەی رۆژێ (بەیان)زوهـرە، ڤینـۆس:** دووەمیـن هەسـارەی کۆمەڵـەی خـۆرە لەشـێوە و قەبـارەدا لـەزەوی دەچێت، بـەڵام زۆر نزیکتـرە لـە خـۆر، پلـەی گەرمـای زۆربـەرزە نزیکـەی ٤٤٩س، لـە کاتـی دوای رۆژئـاوا و پێـش رۆژهــەڵات بەدەردەکەوێـت، بـۆ ماوەیەکـی کـەم کاتـێ بەدەریـش دەکەوێـت زۆر پرشـنگدار دەبێـت، کاتـی خـۆی کاروانچـی بەکارییـان دەهێنـا بـۆ رۆیشـتن، چونکـە دەیانزانـی دوای کەمێکـی دیکـە دونیـا روونـاک دەبێت.

لە گۆرانی و هۆنراوەی فۆلکلۆری ناوییان هێناوە وەک

چاوت ئەستێرەی رۆژێ، هەڵدێ لە بێژینگ بەسەری

یـان : چـاوت ئەسـتێرەی رۆژێ هەریـان دێنـی جـار وبـار..... کیـژێ بینـە ماچـت کـەم لەجیاتـی جـارێ سـەدجار

**٦ـ ئەسـتێرەی جـەدی؛** لـەلای باکـوور هەڵدێت، لەتاقـی ئاسـمان دەوەسـتێ و هەمـوو شـەوان بەدیاردەکەوێـت زۆر گـەش نیـە.

**٧ـ ئەسـتێرەی سـیوەیل:** کاتـی بەدیارکەوتنـی ئـەو ئەسـتێرەیەش سـەرەتای پایـزە و پەیامـی پایـز دەهێنـێ و قامیـش گـوڵ دەکات. لـە خـوارووی رۆژئـاوا بەدەردەکەوێـت.

هەمـوو ئەسـتێرەکان لـە سـەرووی گـۆی زەوی بەدەردەکـەون و بـەرەو باشـوور ئاوادەبـن، تەنهـا ئەسـتێرەی سـیوەیل نەبـێ بـە پێچەوانەیـە

## • ناوی (با)یەکان

**١. بای وادە:** بایەکە ١٨ رۆژ بمێنی بۆ نەورۆز(لەڕەشەمە دێت) لە باکووری رۆژئاوا وە هەڵدەکا و بەفر دەتوێنێتەوە.

**٢. بای وەشت:** بایەکی سووکە لەباشووری رۆژهەڵات هەڵدەکات، بارانی بەدوای خۆ دێنێ.

**٣. بای نەسیم (کزەبا):** زۆر بێهێزە و سەرەتای بەیانیان هەڵدەکا یان سەرەتای ئێوارە.

**٤. بای سەبا:** لەرۆژهەڵاتەوە دێت بۆ رۆژئاوا، بایەکی فێنک و نەرمە. تەنها بەهاران، لە بەیانییان هەڵدەکات.

**٥. بای شەماڵ:** بایەکی فێنکە لە بەیانیان دێت، لەرۆژهەڵات بۆ رۆژئاوا هەڵدەکات، جار هەیە عەسرانی هاوینانیش هەڵدەکات و جووتیار شەنەبای لەبەر دەکات. کاتی خۆی لە گۆرانی ئاماژە بە بای شەماڵ کراوە وەک حەسەن زیرەک دەڵێ:

یاخوا هەڵکەی بای شەماڵ بیدا لەچیخ و رەشماڵێ سا دەرکەوێ وردە خاڵێ

**٦. بای هوڕە (گڕە) :** بایەکی ناسازی گەرمە لە ٤ی تەمووز تاکوو ٢٤ی ئاب بەردەوام دەبی واتە زیاد لە ٥٠ رۆژ بەردەوام دەبێ دەکەوێتە ناو چلەی هاوین، زۆر گەرمە بۆیە ئەگەر لە بەری میوە بدات ئەوا زیانی پێدەگەیەنی، تەنانەت لە ئادەمیزادیش بدات تووشی سەر ئێشەی دەکات و مرۆڤ دەکەوێنی، وەک دەڵێن هوڕە لێی داوە، واتە وڕی کردووە.

**٧. بای ڕێژنە:** هەر بای هوڕەیە بەس بەزستان هەڵدەکات لاو نیو دێت، لەلای قیبلە هەڵدەکات، نیشانەی باران بارینە.

**٨. بای گاسن فرۆش:** بەو بایە دەگوترێ کە لە پایز لە لای رۆژهەڵاتەوە دێ، نیشانەی کەم بارانی ساڵە و بارانی پێ نییە. جووتیار بەو بایە وای دەزانی باران دەبارێ، بەڵام دوایی نەدەباری و بێ ئومێد دەبوو، جووتیاردەچوو گاسنەکەی دەفرۆشت.

**٩ـرەشەبا:** بای بەهێز کە دارو دەوەن لە بنەوە هەڵدەتەکێنی و زیان

بەخشــە، زســتانان هەڵــدەکات.

**١٠- تۆزوبا:** بایەکی بەهێزە تـۆزو خۆڵی لەگـەڵ خـۆی دەهێنـێ لەباشـوور و ڕۆژئـاوا دێت لەبیابانـەوە دێت بەهاوین و پایز.

**١١- بـای شـەوێ:** بـەو کزە بایـە فێنکـەی هاوینـان دەگوتـرێ کـە بـە شـەو هەڵـدەکات.

**١٢- بـای دارئـاوس:** لەکۆتایـی ڕۆژەکانـی مانگـی ڕەشــەمە لـە خـوارووی ڕۆژئـاواوە هەڵدەکات، چرۆی دارەکان دەپشکوێت، بایەکی شـێدار و کەمێک گەرمـە.

**١٣- بـای پێش بارانـێ:** بایەکـە لەپێـش بـاران دێـت، زیاتـر گەواڵـەی لەگـەڵ دایـە.

**١٤- بـای نـاو بارانـێ:** جـار هەیـە هـەم بـاران دەبـارێ، هـەم بایەکی بەهێزی لەگەڵدایە.

**١٥- گەردەلوول:** بایەکی بەهێزە بـە هاویـن و پایز لەڕۆژهـەڵات بۆ ڕۆژئـاوا دێت، بایەکی وشکە تۆزوخۆڵ لەگەڵ خۆی دێنێ.

## • چەند وشە و زاراوەیەک پەیوەست بە باران و پەڵە

بـاران دیاردەیەکی سروشـتییە لەئەنجامـی بەهەڵـمێن بوونـی ئـاوی دەریـا و کیشـوەرەکان بـۆ بەرگـە هـەوای ئاسـمان و دوایـی چـڕ بوونـەوە لـە دۆخـی گازیـەوە دەبێتـە شـلە ئینجـا نیمچەبەسـتوو دوای دادەبارێتـەوە سـەرزەوی، بـاران جـۆری زۆرە: مـن ئـەو وشـە و زاراوانـەم نووسـیە زیاتـر لـە ناوچـەی دەشـتەکیەکانی هەولێر بـەکار دێـت، لەوانەیـە هەندێ لەو زاراوانـە لەناوچەکانی دیکـە ش بەهەمـان شـێوە بگوترێـن و لەوانەشـە بەشـێوازی تـر بێنـە گـۆ.

**جۆرەکانی باران:**

**١- پرووشـکە بـاران :** ئـەو بارانـەی بەشـێوەی پرووشـک (پرژانـدن) بـۆ کاتێکی کـەم لـە شـوێنێکی دیاریکـراو دەبـارێ، جـار هەیـە دڵۆپـی بارانەکـە گەورەشـە. زیاتـر ئـەو جـۆرە بارانـە بـای لەگەڵـە و هەورەکـە پچڕپچڕە.

**٢.نمە باران:** بارانێکی نەرمە بۆ ماوەیەک بەشێوەی دڵۆپی بچووک دەبارێ. هەورەکەی گشتگیرە و سپییە

**٣.خونە خون :** بارانێکی نەرمە دەمەک دەباری و دەمەک ناباری ئەو جۆرە بارانەش زیاتر هەوری گشتگیرە بەس هەورەکە سپیەو بڵندە.

**٤. بارانی بەڕێژنە:** بارانێکی بەهێز دادەباری بەس ماوەکەی زۆر درێژ نابێ و هەورەکەی ڕەش و نەوییەو بەگەواڵەیە.

**٥. بارانی بەلێزمە:** بارانێکی بەهێزە بۆماوەیەکی باش دەبارێ کەندوجۆم پڕ ئاو دەکات هەوری ڕەشە و نەویە و بەگەواڵەیە.

**٦. بارانی بەخوڕ:** بارانێکی بەگەواڵەیە و هەوری ڕەشە و زۆر دەباری لەماوەیەکی کەم زیاد لە پێشبینی کراو دەباری و کەند و جۆم ئاوی لەخۆی زیاتر بەناو دادەڕوات و لافاو دروست دەکات.

**٧. بارانی پەرە: پەڵە:** بارانێکی نەرمە و بۆماوەی نزیکەی٤٨ سەعات زۆر بەنەرمی دەباری و جار جاریش دەوەستی، هەوری سپییە و بێ گەواڵەیە، زیاتر لەناوەندی پایز و لەسەرەتای بەهار دەباری.

**٨. بارانی سەربەکراوە:** بارانێکی خۆشە دڵۆپەی گەورەیە کە بەرزەوی ناو ئاو دەکەوێت هەڵدەپژێت و کڵاوە دروست دەکات.

**جۆرەکانی پەڵە:**

**پەرە: پەڵە:** واتە خواردنی ئاوی باران لەلایەن زەوییەوە بەشێوەیەکی تێر و پڕ بەمەرجێ ڕووەک بۆماوەی وەرزی پایز و زستان بتوانێت ئاوی پێویستی بەدەستبکەوێت لەخاکەکە. دوو جۆرە پەڵە هەیە لەرووی کاتەوە:

**١. پەرەی پایزێ** کەلەناوەڕاستی پایزێ واتە لە لە نیوەی یەکەمی مانگی تشرینی یەکەم بۆ ناوەڕاستی مانگی تشرینی دووەم بارانە بەتێروتەسەلی بەنەرمی ببارێ.

**٢. پەرەی بەهارێ:** لە نەورۆزێ تاناوەڕاستی مانگی نیسان ببارێ،

ئەگەر پەڵەی پایزێ باش بێت، پەڵەی بەهارێ نەش بێ گەنم و جۆو ڕووەک گەشەیان باش دەبێ گەر ماوە ماوە باران لەبەهارێ لێیان بدات.

**جۆرەکانی پەڵە لەرووی چەندێتی باران بارینەوە:**

**١- پەڵەی گاسنی:** پەڵەی گاسنی بەو پەڵەیە دەگوترێت کاتێ جوتیار زەوی دەکێڵا گاسنی کێڵانەکەی هیچ کرەی نەکات واتە هەموو گاسنەکە خۆڵی شێدار بێنتە دەرەوە.

**٢- پەڵەی قەبری:** ئەو پەڵەیە ئاوی باران شۆڕدەبێتەوە بۆ ناو گۆڕی مردووەکان، گۆڕی مردووەکانیش تەڕ دەبێت. پەڵەی قەبری بۆ دەغڵ ودان زۆر لە رادەی پێویست زۆرترە.

**٣- پەڵەی یەعقوباغەی:** بەو پەڵەیە دەگوترێت کاتێ وڵاخ بەناو زەوییدا دەڕوات لەشوێنی پێ (سمی) وڵاخەکە ئاو کۆببێتەوە. یان مەسینە و گۆزەی ئاوێ لە بەر باران پڕ ببێت. پەرەی یەعقوباغەی بۆ دەغڵ ودان باشە.

**٤- گەندە پەڵە:** بەو پەڵەیە دەگوترێت کەباران باری بێت بەڵام زەویی تێر نەکردبێت، بۆگەشەی بەردەوامی دەغڵ ودان.

**جۆرەکانی تری بارین:**

**١- تەزرە:** بارینی دلۆپە ئاوی بەستووە بەشێوەیەکی دەنک کە لەدەنکە نۆکی گەورەترە و تا بەقەدەر کەلابەردەکی.

**٢- بەفر:** بارینی دلۆپە ئاوی بەستووە بەشێوەی بەستوو، بەس بەستنێکی سەرەتایە و نەرمە.

**٣- کرێوە:** بارینی بەفرە لەگەڵ هەبوونی بایەکی بەهێز.

**٤شرێوە: شڵێوە**: بەکرمانجی سەروو پێی دەڵێن لیلاڤ: بارینی بەفر و باران پێکەوە.

**٥- خووس(خوسار):** (زوقم)بەستنی ئاوی سەر زەویی و ناو گیاوگۆڵ لەئەنجامی نزمبوونەوەی پلەی گەرما لەکاتی بوونی ئاسمانێکی سایەقە. کاتێ بەیانی دێ و هەتاو پەیدادەبی خووسەکە دەتاوێتەوە.

**٦- خوناو:** کۆبوونەوەی دلۆپەی ئاو لەسەر گەڵا و شینایی لەکاتی بەیانییان تا تەواو خۆر هەڵدێت.

**٧- شەختە:** بەستنی چینی سەرەوەی ئاوە لەناو گۆماو و جۆگەکان وەک شێوەی ئاوێنەیەکی لێ دێت.

٨- **جلیت:چلوورە:** ئاوی بەستوو لەدەم سولاوکە بەبەستووی شۆڕ دەبووەوە.

٩ـ **بنگر:** نەبەفرە و نەبارانە و نەتەزرەیە.

## • ناوی ڕێگاکان:

**باریکەڕێ**: ڕێی باریک و درێژە بۆ کەر و کاروان و پیادە بەکاردەهات.

**کۆرەڕێ:** بریتییە لەو ڕێگایانەی جارجار بۆکاتی پێویست هاتووچۆیان لەسەربوو، جارجاریش بزردەبوو.

**پیادەڕێ:** ڕێیەکی باریک و تەنگە تەنها یەک کەس دەتوانی پێیدا بڕوات لەناو چیاکان.

**توولەڕێ:** ڕێیەکی زۆر باریک.

**لاڕێ:** ڕێیەکی لاچەپ.

**ڕاستەڕێ:** ڕێیەکی ڕاست.

**کەونەڕێ:** ڕێیەکی کۆن کەئێستا خەڵک کەم پێدابڕوات.

**گەریەڕێ:** ڕۆیشتن بەناو گەلی بەناو دۆڵی چیاکان.

**بزنەڕێ:** ڕێی سەختی ناو چیا کەتەنها بزن دەتوانێ پێیدا بڕوات.

**عارەبەڕێ:** ڕێی باریک بوو لەکەندێناوەی هەبوو لەخوار خدرجە و لاوەری لەبۆ لای چەغەمیرەی دەچوو لە شەمامکیش هەیە دیارە کاتی خۆی عەرەب پێیدا ڕۆیشتوون.

**جادەی بەردێ:** ئەو جادەیەی بەرد ڕێژکرابوو بۆ موسل و کەرکووک کە بەدیبەگەی دادەهات

**سەرەڕێ:** سەرە ڕێگا

**ڕکەڕێ:** ڕێیەکە بۆ هەورازی چیا و بڵندایی دەڕوات، بەڵام زۆر ناخۆش و ڕکە

**ڕێوان:** پاسەوانی ڕێگا

**دووڕیان:** بەوشوێنە دەگوترێ کەڕێگاکە تێیدا دەبتە دوو ڕێگا.

**سێ ڕیان:** بەو شوێنە دەگوترێ کەڕێگاکە تیایدا دەبتە سێ ڕێگا.

**چوارڕیان:** بەوشوێنە دەگوترێ کەڕێگاکە دەبتە چوار ڕێگا.

# بەشی هەشتەم
# ئەدەبی فۆلکلۆری

## • لاوک و حەیران

### لاوک:

لاوک سۆزێکی دەنگی تایبەتە بەشێوەی هۆنراوەی ئازاد ، زیاتریش پەیوەستە بەداستان و ئازایاتی و شەڕ و بەرگریی و چیرۆکی ئاشقان ، لاوک زیاتر کوردانی شێوەزاری کرمانجی ژووروو دەیڵێن و مۆرکی ئەوانی پێوەیە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دەشتەکییەکانی هەولێر لەبەر هاوسنوورییان لەگەڵ کوردانی کرمانجی ژووروو، هەندێک لە هۆزەکانی دەشتی هەولێر لەبنەچەدا کرمانجی ژووروون ، بۆیە لاوک گوتن لەناو دەشتەکییەکانی دەشتی هەولێر زۆر باو بووە، کەسانێکی زۆریش خولیای گوتنی بوونە ، لەناو دیوەخانی سەرۆک هۆزەکانیش زۆر گوتراوە و ڕێگاشی پێدراوە ، لەبەر ئەوەی زۆرێک لە لاوک باسی ئازایەتی و بەرگری کوردانی کردووە لەشەرە چارەنووس سازەکانییان ، وەک لاوکی شێخ مەحموود و گەنج خەلیلی کاوێس ئاغای، بەڵام شەڕی شاخۆران، ناکەم ناکەم .... هتد، ئەو لاوکانە لەسەر زاری لاوک بێژانی دەشتی هەولێر گوتراون زیاتر بەشێوەزاری دەشتەکیان تێکەڵ بە کرمانجی خواروو بووە ، ئەمن لێرەدا چەند لاوکێکم لە خوالیخۆشبوو مام چاوشین ئەمین ئەحمەد بندیان وەرگرتووە کە دانیشتووی گوندی سۆربەشی خدری بووە، وەک نموونەیەک لەفۆلکلۆری ناوچەکە ، ئەگینا لاوکی زۆر هەن ، کە لەسەر زاری لاوکبێژانی ناوچەکە گۆتراوە، وەک حەسەن حەیران و لاوکی خانەسۆران.

**لاوکی خانەسۆران***

بەرێ خۆ نادەمە خانە سۆران خانە سۆران وابدارە
ئەتوو نەدیتیە برەکێ سوارێ مێمەد و ڕەشکۆکیان
وا دگەڕێن لبنانێ خانە سۆران بەقەلەور و نەرمە غارە
سەیدێ سێ جارا گازدکا کوڕێ من میراغا
دەست دە قوتە ڕمێ دارێ عەینەلیێ
چ جاران تەخسیر مەکە بە کوشتنێ بنەمارێ عەنتەر ئاغەیێ
کەچی سمکۆ برایێ موسێ گورگی تەرلانەی سواران
بەرێ خۆ نادەمە خانە سۆران خانەسۆران وا ببڕە
ئەتوو نەدیتیە برەکێ سوارێ مێمەد و ڕەشکۆکیانە
عەبدۆیان و مرۆیان وا دگەڕێن لبنانێ خانەسۆران بەقەلەور و بەتەگبیرە
سەیدێ سێ جاران گازدکا کوڕێ من میراغا
دەست دە قوتە ڕمێ دارێ عەینەلیێ
چ جاران تەخسیر مەکە بە کوشتنێ بنەمارێ عەنتەر ئاغەیێ
کەچی سمکۆ برایێ موسێ بنەما بەسەرێ خانەسۆران بێ و ببنە میرە
کەچکێ سێ دەنکە کرە گازێ ئەحمەدێ ئامۆزا ئەگەر دەست هاریان
شیرن نەکە ژنێ دەیەت لە مارەبابان لێو و غیرەت نینە وابە یەخسیرە .

**لاوکی ئاوی شەتێ موسرێ ****

ئاوێ شەتێ موسرێ لەمن و لە دۆتمامێ من دێ و دەشەربەتە
منێ دۆتمامێ خۆ دەدیت ، دۆتمامێ من ڕەوقێ نەدەتە
حەز لێکرنێ هەموو خەرکی عادەتە
حەزلێکرنێ من و دۆتمامێ من لجزیرێ بۆتان بوویتە عادەت و عیبرەتە.

---

* مام چاوشین ئەمین بندیان سۆربەشی لەشەوی ١٩٨٤/٩/٧ لە دیبەگە
** مام چاوشین ئەمین لە ڕێکەوتی ١٩٨٤/٩/٧ دیبەگە

ئاوێ شەتێ موسرێ لە من و لە دۆتمامێ من دێ و دەمەزنە
دەستێ دۆتمامێ من بە کلیل و بازنە
رۆژێ سێ جار بێمە داخوازێ دۆتمامێ خۆ
ترسێ کەم مامێ من
دۆتمامێ من نەدا بە من
ترسێ کەم بێتە قەترێ روحێ من .

**لاوکی ئەمان عەیشێ ***
ئەمان عەیشێ گوندێ مارێ بابێ توو سێ کانی لێنە
یەکیان سوورە یەکیان شیرنە تالعێ من و عەیشێ یەکیان تارە
کورۆ لاوۆ ئەمن لە شەوێ سێ بارێ نیوە شەوێ بێمە توافێ
بەژنێ عەیشێ
جانێ ئەتوو نەزانی ئەوسار سەرێ سێ سارە مریدێ
مارێ شێخ مستەفامە تو خۆ ڕا تۆبەکارم
هاتم هاتم عەیشێ بەخۆم وەزم
سەرێ مەمکێ عەیشێ دگفت و بدانێ خۆ دگەزم
ئەگەر سەرێ مەمکێ عەیشێ کول بوو خەمێ مەخۆ
بەخۆم حەکیمم بەخۆم دختۆرم هەربەخۆم وەزم
ئەمان عەیشێ توو عەیشانی
سۆران گرتیە سەروو کانی
لەناو زێڕان توو مەرجانی
ژ خێرێ داک و بابێ تە کەرەمکە بێمە خانی
بەژنێ عەیشێ بەژنێ منە

---

* مام چاوشین ئەمین لە ڕێکەوتی ١٩٨٤/٩/٧ دیبەگە

لێڤیَ برندکە بێمە بنە
بە عەینیَ ڕامووسانیَ سەروو ملە
بێمە مرازیَ بەژنیَ عەیشیَ
جانیَ هەزار و پێنج سەد گورسیَ

**حەیران**

کە دەڵێی دەشتەکییەکانی هەولێر ، واتە حەیران ، حەیران ، لەگەڵ روحی دەشتەکییەکان تێکەڵە، قەراج و کەندێناوە ، بەمەڵبەندی حەیران دادەندرێن ، حەیرانیش زیاتر جۆرە سۆزێکی دەنگییە بە هۆنراوەیەکی پەخشانی دەگوترێت، جۆرێکە لە مەقامی بەیات ،حەیران هۆنراوەی کورت کورتە ، سەربەند و ناوبەند و دوابەندی هەیە، زیاتر سۆزدارییە و هەستی پیاوانە بۆ کچ و ژنانی جوان و پەیوەست بە دڵی خۆیان ، لەگەڵ ئەوەش حەیران هەیە بۆ غەریبایەتی ، بەسەر جوگرافیای مەفتەن دادەگوترێت ، حەیرانیش هەیە ئاینییە، هەشە مێژووییە بەسەر رووداوی شەڕ و جوامێری و لاوچاکی دەگوترێت ، حەیران دوو جۆری هەیە حەیرانی مەجلیسی (دیوەخانی) کە بە نەرمی و لەسەرخۆ دەگوترێت، حەیرانیش هەیە پێی دەڵێن چیایی، کە بەدەنگێکی بەرزتر دەگوترێت، حەیران هەرچەندە مەڵبەندی سەرهەڵدانی بۆدەشتی هەولێر بەگشتی و قەراج و کەندێناوە بەتایبەت دەگەڕێتەوە ، لەگەڵ ئەوەش پەلی هاوێشتییە بۆ ناوچەکانی دیکەی کوردستان ناوچەی کۆیێ و خۆشناوەتی و رۆیشتووە بۆ باڵەکایەتی و پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی موکریان . حەیران بێژی زۆر بەناوبانگ لەدەشتی هەولێر پەیدابوون ، وەک حەسن حەیران، خدر حەیران، عوسمان حەیران، عومەر گاوەرەیی، خورشید فەقێ عەزیز شەنەغەیی، خدر گردکراوی، جەمیلی عەلی ئاغای دزەیی، سمایل گردە سۆری، حوسێنی عەلی ئاغای دزەیی، دەروێش عومەر شێخ شەروانی،

حەمـەد بەگی، دەروێش خەلیل رۆژبەیانی، رەسـول گـەردی، خـدر خەرابـە دراوەیـی، عوسـمان هەمەوەنـدی، پلـە فاتـم بندیـان، خەجیّ ئەحمـەد مـروەت، عەلـی گردەشـینەیی، درەویـّش برایمـی لهێبـان، غەفـور شـۆڕە زەردتکەیـی مسـتەفا حەسـەن خەزنەیـی، مسـتەفا کـۆر، محەمـەد بەربـار، بەگمـە سـۆر، حاجـی یاسـین پیـرداودی، محەمـەد ئۆمەراوەیـی، مسـتەفا قەراجـی، محێدیـن شـێروانی و زۆرانـی دیکـە... لێـرەدا هەندێکییـان دەناسـێنین.

**محمد گۆران**

محەمـەد گـۆران حەیـران بێـژ و لاوک بێژێکـی بەتوانـاو نیشـتیمانپەوەر و کوردسـتانی بـووە ، هەمیشـە لـە لاوکەکانـی باسـی شـەڕە بەرگرییەکانـی هێـزی پێشـمەرگەی کـردووە و قارەمانێتـی خەڵـک و پێشـمەرگەی بـەلاوک ئاوازانـدووە، وەک شـەڕی شـاخۆران کـە کاتـی خـۆی نەبەردییەکـی گەورەبـووە کەهێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان کردوویەتـی لەبەرانبـەر هێـزی سـەربازی عێراقـی، بـەڵام ئـەوەی مـن مەبەسـتمە حەیـران زیاتـر بـۆ پیاهەڵدانـی جوانـی ئافـرەت و بـۆ غەریبـی و بـۆ دڵـداری گوتـراوە، کەچـی لـەم حەیرانـەدا محەمـەد گـۆران حەیرانێکـی نیشـتمانی دەڵێـت و باسـی کارەسـاتێکی دڵتەزێـن دەکات کەکاتـی خـۆی لەمانگـی حوزەیرانـی سـاڵی ١٩٦٣ حـەرەس قەومـی بەتایبـەت شـێخ حەنەشـی تـەی بەرانبـەر بـە کـورد کـردی لـە گونـدی تەلەلخێم ی سـەر بـە دەشـتی کەندێناوە ، کـە چەکدارانـی شـێخ حەنـەش بـە دڕندانـە هێرشـییان بۆ ئـەو گونـدە بـرد و چـوار کەسـییان شـەهید کـرد و یەکیـش بەبرینـداری گیـرا و دوایـی شـەهیدییان کـرد ، کـە لەوانـە دوو بـرا شـەهیدبوونە بـە نـاوی ئەنـوەر و تایـەر، حەیـران بێـژ ناوییـان دەهێنـیّ. ئـەوەش تێکسـتی حەیرانەکەیـە.

ئۆی ئۆی ئۆی ئۆی ئای ئای ئۆی ئۆی ئۆی..

ئەوجـا ئەوەتانیّ دەرێـم براینـە برادەرینـە ئەمـن بەدەشـتی هەولێـری کەتیمـە

، لــە مــن بەدوونــە ، دیســانەکی شــێخ حەنەشــی دەیگــۆت ، کــوڕی مــن حەمــادی ئەمــن شــەڕەکی دەکــەم لەگــەر فەتــاح ئاغایــێ شــەڕەکی دەکــەم لەگــەر کوردانــە لەبــۆت نەمینێــم .

ئەوجا ئەمن دەرێم ئەوە شەڕییان دەخستەوە دەرکێ سەمامکێ کلکەیێ قەرەچوغی لەکانی وەکازەی خۆمان زەوییێ عارەب کوژرای ئاقاری میلی هۆرتی ، سەر زەوییێ کەندێناوەی گردی کراوڕەشی ئاقاری سێ چارەی ئەمن دەرێم بەینی هەدوو تەلەل خێمان شەڕەکی گەلەک گرانە لەبۆت بمینێم .

ئۆی ئۆی ئۆی........ بەرانەکینێ ئەمن سەد حەیفم دەمینێ لەمنی غەریبێ لەمنی خانە وێرانێ ، دەیانکوشت تایەر و ئەنوەر هەردووکییان برانە ، لە پێش دیوەخانێ کێخوا سلێمانی ، فرت و هۆڕی تڕومبێلان ، چاوەکەم ئەوە لەناو کۆرانان دەبووە شین و گریانە ، لەمارێ مەیتان شین و گریانە گەلەک بێ مراز و ئۆی ئۆی ... بێ خودانە.

ئۆی ئۆی ......... ئەوجە دەرێم مەیتی تایەر و ئەنوەری سێ مانگان لەقەبرستانی عارەبان دانا، ئەنگۆ نازانن پێشمەرگەی کوردستان لە من غەریبێ تەگبیرو مشاوەرەی خۆ کردیە.ئەوجا ئەوەتانێ دەرێم عەسکەرێ کوردستانییان لەدەوری قەبرستانێ فرقە فرقە کردیە ، مەیتێ تایەر و ئەنوەرییان لە قەبرستانێ عارەبان دەکێشی دەیانهیناوە لەبەینی هەردوو تەلەل خێمان کێلێ وانییان برند کرد چاوەکەم قەبرییان لەدەستیە. دەبا ئێواران و سبەینان بێنەوە سەرێ یەکییان خالیسەیە ، ئەوی دییان مریەمە سێەمیشییان چاوەکەم دەرێم سافییەیە.

**عوسمان حەیران**

ناوی عوسمان خدر جرجیسە لەساڵی ١٩١٧ لە گوندی چەغەمیرە سەر بە کەندێناوە لەدایک بووە، بابی هونەرمەند عارەب عوسمانە ، تاکوو تەمەنی

منداڵێکـی هــەراش لەچەغەمیـرە دەبـن ، بـەڵام بەهـۆی ناکۆکییـان لەگـەڵ ئاغـای گونـدی ماڵیـان باردەکاتـە گونـدی شـێخ شـێروانی ، دوایـی دێنـە نـاو هەولێر، لەهەولێر کرێکاری دەکات بـەلام بەداخـەوە ١٩٦٨/٧/٦ لەلایـەن چەند کەسـێکەوە دەکوژرێـت.

عوسـمان حەیـران هــەر لەتەمەنـی منداڵییـەوە تـا مردنـی دەیـان حەیـران و لاوک و بەسـتەی بەدەنگـە زوڵاڵەکـەی گوتـووە، یەکـێ لـە حەیرانەکانـی :

ئەوڕۆکە بەوێ سبیانێ چەندی گازدەکەم دەرێم لەقەرەقازی دووڕیانێ

ئەمن سەردەمەکی ڕاوکەربووم دەگەڕام لەڕاوێ

کارمازەکـم هەردەسـتاند بەویـێ سبیانەسـاردەی ، ئـەوا دەرێـم جۆتـە تاژییەکانـی قـورە بۆشـینکەم بەردانـێ

وەکی دەڕوا لەبەر عەوەت عەوەتێ دایمە سواران

لەبەر چەپرە کوتانێ سواران.لەبەر نووسکە نووسکێ تاژییان

لەبەر قاژەیێ بڕنۆیان لەوبەر لەوبەری بەستۆڕەیێ گۆرانان

ئەمـان تاژییـان گەلـە دەو سـاردن لـە عاردییـان دەدا لەنـاو ئاقـاری کاولـە خاروانـێ.

**حەسەن حەیران**

نـاوی حەسـەن قـادر خەلیلـە لەسـاڵی ١٩٣٧ لـە گونـدی تەلەلخێمـی گـەورەی کەندێنـاوە چـاوی بەژیـان هەڵهێنـاوە، لـە منداڵیـەوە لـەدوای کۆچـی باوکـی خەریکـی کاری جوتیـاری بووە،هەسـتی بەچەوسـاندنەوەی گەلەکـەی کـردووە، لەسـاڵی ١٩٦٢ بۆتـە پێشـمەرگە، کەسـێکی ئازابـووە هـەر زوو بووەتـە سـەرپەل ، دوایـی دەبێتـە سـەرلق ،لەسـاڵی ١٩٧٥ ئـاوارەی ئێـران دەبێت ، بـەڵام بەداخـەوە لـە ١٩٨٤/٧/١٦ لەنێـوان شـاری ورمـێ و نەغـەدە بەکارەسـاتی ئۆتۆمبێـل گیانـی سپارد.حەسـەن حەیـران دەنگێکـی زوڵاڵـی هەبـوو، هـەم لـە حەیـران هـەم لـەلاوک و هـەم لـە ژەنینـی نـای و شمشـاڵ.

یەکێ لـە حەیرانەکانـی:
ئـۆف دەرێـم بابـە ئـەورۆ بەویـێ هێـوارێ چەنـدی گازدەکـەم دەرێـم زێیـێ
بادینـان لـە مـن دێ و دەسـافێ
شـەپۆرێ خـۆی دەداتـەوە لـە جسـری کەرەکـێ لـە حاویـێ مـەلا عومـەر و
چەمـە دووبـزان گوێـڕ و زمـارە و زمـاران هەمـوو دانیێ هێـواران گەلـە بەنـاز
پـاری دەداتـە گردەکـەی کاولـە کوشـافێ.
دەبـا سـینگ و مەمکـێ ئـەوێ غـەداری غـەدارداک لـە بـۆ مـن بمینـێ بـە
گومبەتەکـەی سـوڵتان عـەولای عارەبی، وەکـی هەمـوو فەسـلی دەرەبـواران
جاحێرەکانـی در بەخـەم لەبـۆ خـۆ گەلـە بەدرەکـی غەمبـار لـێ دەکەنـەوە
زیارەتـە لەگـەر تەوافـێ .

**خدر حەیران**

نـاوی خـدر عەبـاس یەعقـوب ە لەسـاڵی ١٩٢٦ لـە گونـدی شـۆڕەزەردکەی کەندێنـاوە لـە خێزانێکـی هـەژار لەدایـک بـووە، لەبـەر هـەژاری لەیـەک شـوێن نەگیرسـاوەتەوە ، زیاتـر جێگۆڕکێـی ماڵـی لەنێـوان گونـدی چەغەمیـرە و ئازیکەنـد بـووە، لەسـاڵی ١٩٧٠ ماڵـی هاتۆتـە هەولێـر و لەسـاڵی ١٩٩٥ ماڵئاوایـی لەژیـان کـردووە.
دەنگی خـۆش بـووە ، زۆر حـەزی لەحەیـران گوتـن بـووە و چەنـد بەسـتەیەکی شاییشـی هەیە، لـە حەیرانەکانـی زۆر جـوان وەسـفی شـوێن و جوانـی ئافرەت دەکات و لـە بەسـتەیەکیش نـاوی زۆربـەی گوندەکانـی کەندێنـاوە و شـەمامک و قەراجێ دەینێ.
لەسـەرەتای ژیانـی هەولـی داوە بچێتـە ئێزگـەی کـوردی بەغـدا گۆرانـی بڵێت ، جارێـک بەهـۆی عەلـی مەردانـەوە ، جارێـک بەهـۆی رەسـول گەردییـەوە، بـەلام خزمـە نزیکەکانـی سـەرکۆنەیان کـردووە ، ئەویـش بەنابەدڵـی وازی هێنـاوە . خـۆی گوتوویەتـی سـێ بەکـرەم (کاسـێت) تۆمـار کـردووە ، یەکییـان

لەبــازاڕ هەیــە ، دووەکــەی دیکــە شەخســین لای هەنــدێ بــرادەر هەبــووە.
نموونەیــەک لەحەیرانــی
حەیــران دەمگــۆ بــەوڕۆ هێــواریێ چەنــدم گاز دەکــرد دیســان دەرێــم :لــە ئازیکەنــدی بندیانــان، بابــە شــەرتە لەبەینــی مــن و بەژنــێ باریــک ئەوســار بــەو پایــزە ســاردەی ئەمــن کەپرەکــی بکــەم لــۆ ئــەو زالــم بابــەی ، دەمگــۆ دیواری دەکــەم بەسۆتکەی ، مارنجی لەخەنــەی ، شــەقرەی لەسەندەلووســی ، کاریتــەی لەخاســە ڕەنگــێ ، ســواندەی بەقەنەفریێ، هەراشــی دەکــەم لــۆ بەژنــێ باریــک لــۆ دوو چــاویێ ئەســمەریێ ،بــە ســۆرە گــور و بەڕەشــە ڕەحانــان .
دەوجــا دەمگــۆتــە بــرادەران خــەویێ کەپــریێ کەینــێ خۆشــە لەگــە ناســک بــەدەن و ڕوو بەخــار و چــاو بەدەرمانان. ئــەوەل مانگــێ پایــزێ وەختــی مــار لەدەرێــن لەبــەر شــەوبای شــەویێ کزەی شــەماریێ بورجــی ئەســتێران مانــگ لەچــاردەی لەگــەر ئــەو زالــم بابــەی گەلــە خەمگیــرە
دەمگــۆ شــەو لــە ســێ بــاریێ نیوە شــەویێ لەســەر کەپــریێ خــەو گەلــە خۆشــە لەبــە بۆنــی قەنەفــر و مەرحەمــان تکــە تکــەی گــواریێ دەنگــی ماچــان ئــەدی نــەم دەگــۆ بــڕوا بەســەر مــارە بێگانــان.

**بەستەکی خدر حەیرانی**

برام سەریێ من دێشێ دەردیێ لەدرم وەی وەیە
سبەینەکی سەحەری فکرم چەغەمیرەیە
خۆم لە چیای ئاودیو دەبووم گەیمە خدرجیجەیە
دیتم شاییەک دەگەڕێ لەکنم وابی گەمەیە
توورە تووڕی شمشاران، تووڕ تووڕەی دێوەرەیە
برادەر دەهاتنە پێشم ئەوە خدر شاێرە
کاکە فەرموو دابەزە دەمەکی لادە ئێرە
دوو ڕۆژە شایی دەکەین چەند دەکەین نابین تێرە
بەمنییان دەگۆت خدرە

هەر شاییەکی توو نەیکەی لەکنمان وابی غەدرە
هێ برام سەریێ من دێشێ دەردێ لەدرم گرانە
ئێوەڵلام لۆ خدرجەی جێیێ کیژ و کارانە
ئەو خەفەتە دەمکوژی بێ شاێر و شوعرانە
ئەمن وا بەندی دەرێم شاێر وا راوەستانە
شاێر خدر مەجیدە ئەوییان لەکن زۆرزانە
تەسبێحەکم وەردەگرت دەستم کرد بەبەندانە
شاییەکم دادەبەستا سۆر دەکرا لەکیژانە
ئارەقەی کیژ و کوڕان گەییە بنی پێیانە
بۆنی قەنەفران دەڕوات چ بکەم کۆران کۆرانە
پیرێژن هاتنە دەرێ ییک یێکە لەمارانە
خوشکینە بابگەینە ئەو داوەت و دیلانە
ئەو شاییرە سەربەستە لەکێ هات بەو نیوڕانە
ئەو شاییە لۆیێ خۆشە خزمی سێ چار گوندانە
دێمەکار و خدرجە ئازیکەند لەگەردانە


...............

لە گوندان کێندەر خۆشە خزمینە سۆفی سمایل
یارێ بە ماچەک و دوو چاوڕەش لێت نابم قایل
سۆفی سمایلم زۆر خۆشە گوندی ئاغە کەللەیە
دەستم کردە گۆتنێ دەستم لە کەلەمچەیە
سواری جێبەکی دەبووم هاتم لۆ دیبەگەیە
داکی کیژان ئیخبار کرد ئەمنیان برد لۆ قشرەیە
حاکم ئیفادەی پرسیم دەرێ کوڕم
مەحکومی مادەت سەت و سێزدەیە
حاکم لۆ حوکمم دەکەی بێ خەتاو بی حوججەیە
کتابەکم دەنووسی لۆ عامی دیبەگەیە
کیژ ئیزرابییان لۆ کردم گرتییان دەرکی قشرەیە

ئەگەر لۆمان بەر نەدەی دەکەین موزاهەرەیە
عافەریم لە بۆ کیژان ئەمنییان دەکرد تەبریەیە
تیلاکێ خۆم خوار دەکرد هاتم لۆ چایخانەیە
لەگەر کیژان دانیشتم گۆتییان بڕۆ لێرەیە
ئەمە تاقیبمان کردیە ئیخبارت لە دوو هەیە

**چەند وردە حەیرانێک**

من لێرەدا چەند وردە حەیرانێکم کۆکردۆتەوە ، تێدا هەیە خەڵکی دیکەش بە هەندێ وشەی جیاواز تر گوتبییان ، من زۆرم کۆنەکردۆتەوە ، بەڵکوو بەس وەک نموونە کەمێکم لەگوڵی حەیران لەناو باغی فۆلکلۆردا چنیوە.



ئەو وردە حەیرانانەم لە مام نادری بابم گوێ لێووە*

١- حەیران دەرێم بەورۆ سبیانی چەندی گازدەکەم دەرێم لۆم برێنە زوورگەزراوی خۆمان لەگەرم یاربی.....
سەلام سەدجار لەقەرەچوغی سەرێ خۆی نەوی کات با دەشێ قەراجم لێ دیاربی. (یان بەژنێ نازدار حەیرانم لێ دیاربی)

٢- حەیران بەویێ هێواری چەندی گازدەکەم و گازدەکەم دەرێم دەردم دوو دەردە ..
یەکییان هی تایە ئەوی دییان هی گەردنێ زەردە...

* ناوی نادر قادر حسن خەڵکی دیبگە بووە لە ساڵی ١٩٢٧، لە گوندی قەرە چناغە لە دایک بووە، هەر لە منداڵییەوە باوکی لە ژیان نەماوە خۆی وەک برا گەورە سەرپەرشتی خوشک و براکانی کردووە. ماوەیەک ڕێنجبەری و شوانکاری و چایچێتی و دواییش دوکانداری تا لە کۆڕەو لە ١٩٩١/٤/٧ بەهۆی بۆدوومان شەهید کرا

کێـژ دەرێ کـوره هەتیـم حەیـران ئەگـەر ئەمنـت دەوێ وەره بمخـوازه بەمـارێ دنیایـێ ، یانەکـوو دەسـتانم لـێ بـەرده .

٣- حەیران دەرێم بەوڕۆ هێوارێ چەندی گازدەکەم دەرێم قەراجۆک لە غێمێ..
لەبرندانم وەرێ لەنویانت دێمێ ...
ڕەببی گوارەت پیرۆزبی لەگەر خەزێمێ ......
لەبەر لۆمەیێ عالەمێ و قسەیێ بەدکاران نەتگەیشتمێ دوو قسانت برێمێ .

٤- حەیران دەرێم لەسەر بەدەنێ ...
پەرچەمت زەرده مەینێ لەخەنێ ....
ئەمـن دەرێمـە بەژنـێ باریـک و زەندەیـێ بەبـازن ، دوو چاویـێ ڕەشـکۆکە ئەگـە ئەمـن مـردم جۆتـە شـەمامە شـەمامە زەردەی باغـەرێ مارویـێران لەدەسـت کـەس مەنـێ.

٥- کاکە ئەمن بەوڕۆ سبیانێ چەندی گازدەکەم دەرێم حەیران حەیرانە
سنگی سپییە باغەری دوکانە
فرمێسکی چاوی سێ ڕێزکاروان کاروانە
ئەوجـا ئەمـن دەرێـم حـەز لێکـردن گەلـە خۆشـە بەویـێ بـوارێ ، بـەرام چ بکـەم دەسـت لێک بـەردان دەردەکی گەلـە گرانـە .

٦- حەیران دەرێم لەسەر سەربەنێ .....
جغاران پێکە بەلێوت وەنێ....
ئەوجـا ئەمـن دەرێـم حەیرانەکـەی مـن کارمامـزە دەلـەوەڕا لەبـن داری شـەکرانێ ،،،
ئەمن لۆخۆم ڕاوکەربووم لەڕاوێ تێم بەردەدا دووتاژی گێ بەریشەرۆکە لە عەردییان دەدا لەبن گۆمەتەکەی مێرەمـە دیانـێ.

٧- حەیـران دەرێـم لەگەروگولـی ..... چوومـە قەسـەران لـە بـۆ کاولـی.....
خۆزیا ئەمن دوو ماچم قەردبا لەیارێ ، یەکیان لەکراوەی چۆکی ، ئەوی دییـان لەقۆرتـێ ملـی.

**ئەو حەیرانەش کەوەک پەند دەگوترا لە حاجی ئامینی داپیرم گێ لێ بووە**

٨- حەیران دەرێم تنێ بەتنێ ......قەسری شەمامکێ کەلەنی کەتنێ .....

ژنی بەمارەو تەراق هیچ ڕیی ناچنێ

**وردە حەیران:***

• ئەوجا دەرێم دەبا ئەمن باجگری ماچان بامایە، لەسەر بیرێ مەحمود سەنای ، لەبن داری شەکرانێ ، لەسەر رێیی کۆچ و کۆچباران لەگەریێ عەلی بەگیی لەسەر پردێ ڕواندزێ ، لەبن قەرەڕەشمار و تاوری

ئەوجا دەرێم ئەنگۆ بەچاویێ من برۆننێ ئەوا گەوارەکی دەهینا چەند رەشی تاری ، تەڕی دەکردەوە دەشتێ کاولە قەراجی هەری دەڕێشتەوە بەسەر کاولە ئاقاری .

• حەیران دەریم دونێ هێواری بەدرەنگەوە دەگەیشتمە پلکە پێناوێ

گۆتم بینە ماچکەم خاریێ گەردەنێ چەرخێ رووەمەتێ چ بکەم بۆنی حەیرانت لێ دێ .

• حەیران دەرێم لەگردەچاری ... شەدەت پیرۆزبی لەگەر هیزاری ...لەمن وابی دۆستی نەمزانی کەونە یاری

• حەیران دەرێم لەبرایمەلەکی.... کەوێت پیرۆزبی لەگەر کورتەکی .....

لەمن وابی یاری خۆمی نەمزانی دۆستی خەرکی

• حەیران دەرێم دەشتی قەراجی لە من دیمە .... ئەولایەم عارەبە ئەولایەم دۆمە

سەبارەت بەنازدار حەیرانێ ، سەری چەند سارانە بە غەریبی لێمە

لەپاش حەیرانێ ئەمن دەچمە لاسۆری ئەنگۆ قەت مەمکەن لۆمە

---

* ئەو وردە حەیرانانەم لە دەرویش تاهێری جاستانی وەرگرتییە لە ناو کاسێتێکی دەنگی لە سەرەتای سالآنی هەشتاکان لە دوکانی جەلالی عەزیزاغا

## • هۆنراوە و بەستەی فۆلکلۆری

### هۆنراوەیەکی فۆلکلۆری لەسەر شێخ مەحمودی نەمر*

لە ٢٣-٨-١٩٢١ ئینگلیز راپرسیەکی گاڵتەجاری ئەنجام داوە بۆ پێوەلکاندنی باشووری کوردستان بە مەملەکەتی عێراق و دەنگدان بە مەلیک فەیسەڵ، ئەو کات راوەرگرتن تەنها لە سەرۆک عەشیرەت و ئاغەکان بووە ، لە دەشتی هەولێر ئاغەکانی دزەیی لەسەردەمی عوسمانی، تاکو ساڵی ١٩٥٨، خاوەن دەسەڵاتی ناوچەکە بوونە ، بەگوێرەی ئەو بەندانە ئاغەکانی دزەیی، هەموویان (مۆرییان)دەنگیان داوەتە مەلیک فێسەڵ تەنها خورشیدی بایزی و موشیری برایم ئاغەی نەبێت. ئەو هۆنراوە و بەستەیە بە زمانێکی سادەی ئەو کات لەسەر زاری بەند بێژەکانی دەشتی هەولێر گوتراوە.. دیار نییە کێ خاوەنیەتی ئەوەش بەندی هۆنراوەکەیە:

مەلیک فێسەر مەلیکە دادەنیشت لە بەغدایێ .... خۆی کردە ردێن سپی چەند گەڕا لە دنیایێ
ئینگلیز پارەی گەلەکە ئەو تەماعی دەدایێ.... کوردستان گەلەک زۆرە بە من نایەتە رایێ
وێروەی قەسری ئەفەندی عالەم هاتە بەرایێ....لێی کردە باو و باران کەس زەینی خۆی نەدایێ
خدر و حەسەن و حوسێن لەگەر حەسەنی یایێ....هەر چاری خەرات کردن یەک و عەبای دەدایێ
خورشید و موشیر یەکبوون ئەو تەماعی دەدایێ....شێخ مەحمودمان دەوێتن بە مەلیکی دنیایێ
مەلیک فێسەر وەی زانی گەڕاوە لۆ بەغدایێ....تورمبێلی لێ ئاگردا بەنزینی بەر دەدایێ
کوردستان گەلەک زۆرە بە من نایەتە ڕایێ

### بابی بابم شێخ مەحمود**

بابی بابم شێخ مەحمود لەگەر دەزگای داتنایە .... پایتەختی لەسلێمانی خیوەتی لێ هەردایە
حەمەی سەید سەمەدی عەسکەری تەعلیم دایە .... لە عەسکەری ڕاخوڕی سونگی تاق ڕاوەستایە
بەعام سپێران لێ دەن سبەی حەرب و غەزایە .... پێنج سەد فەلەی تایەری لەکەرکوک بەڕێکرایە

* مام چاوشین ئەمین لە ١٩٨٤/١٢/٣ دیبەگە

**مام چاوشین ئەمین ئەحمەد بندیان سۆربەشی لە ١٩٨٧/١٢/٢٦ لە هەولێر

سێ سەدمان لێ تۆپاندن دووسەد بەدیل گیرایە .... جەنابی شێخ مەحمودی بە مەلیک داندرایە
بابی بابم شێخ مەحمود بەخۆو بە ئامۆزا ....لۆی هات نۆ تابوور عەسکەر بە تۆپ و مەتەرلۆزا
شێخ مەحمود قوماندارێ دنیا نابێ ئارۆزا
شێخ مەحمود شێخە شێخی جاحێرە ....ڕدێنی تراشێ هێشتی سمێرە
لە چیایێ هەورێ لێبدەن سپێرە ....قاقەز دەنێرێ هیمداد بێتە ئێرە
شێخ مەحمود شێخە شێخی بە نوورە ....قاقەزی دەنارد لۆ مار مدوورە
یاخوداو پێغەمبەر بدەی دەستوورە

**دەچمە سەر کەلێوانێ***

شەڕی یەکەمی جیهانی، لەساڵی ١٩١٤ ی زاینی دەستی پێکرد و لەساڵی ١٩١٨ کۆتایی هات ،ئەوکات باشووری کوردستان کە پێی دەگوترا ویلایەتی موسڵ لەژێر دەستی عوسمانیەکان بوو، سوپای بەریتانیا لە بەسرەوە شەڕی عوسمانییەکانی کرد تا گەیشتە شەڕگات بە هێز گرتی . لەشەڕگات شەر بەردەوام بوو، شەڕێکی گەورە لە (کەلێوان) لەنزیک شەڕگاتی خواروی موسڵ روویدا ، ئەو هۆنراوە فۆلکلۆریە باسی ئەو شەڕە دەکات کە چۆن دوو ئەفسەری پلە بەرزی سوپای عوسمانی خۆیان بە ئینگلیز فرۆشتووە و شەڕییان نەکردووە و کەناوییان ئەنور بەگ و خەلیل بەگ بووەو لەناویاندا حاجی برایمە فەندی سەرپەرشتیکاری هێزەکە شەڕێکی باشی کردووە و بەندبێژ بەسەر ئازایەتییەکەیان دا گوتووە:

دەچمە سەر کەلێوانێ کەلێوانم بەبییە....تێیدا نۆ تابوور عەسکەر عەسکەری عوسمانلییە
عەسکەر خۆی دا لە سامی باش چاوش عوسمانلییە....ئەنوەر بەگ و خلیل بەگ شتاق ئیمانیان نییە
شفتیەکی زێڕیان لۆهات بەرتیلیان وەرگرتییە

* مام چاوشین ئەمین لە ١٩٨٧/١٢/٢٦ لە دیبەگە.

دەچتە سەریێ تۆپچیان دەمانچەی لە دەستییە...لە عەسکەری راخوڕی هەتا چۆکیان بەستییە
تۆپانم لۆ ئاگردەن چ بکەم هیمدادم نییە
دەچمە سەر کەلێوانێ کەلێوانم چەند قۆرە....تێیدا نۆ تابور عەسکەر عەسکەری عەنەدۆرە
ئەنوەربەگ و خەلیل بەگ هەردوو شەیتانی کۆرە....شفتیەکی زێڕیان لۆهات بەغدایان دا لە تۆرە
ئەو حاجی برایمە فەندێ سوارە لە ئەسپی بۆرە....دەستە سەریێ تۆپچیان دەمانچەی ناکا نۆرە
تۆپانم لۆ ئاگردەن غایەنم ببی کۆرە....دەچمە سەر کەلێوانێ کەلێوانم بەدارە
تێیدا نۆ تابور عەسکەر عەسکەری ئارەمانە....عەسکەر خۆیدا لەسامێ باش چاوش قانون زانە
ئەنوەر بەگ و خەلیل بەگ کافری بێ ئیمانە....شفتیەکی زێڕیان لۆهات بەغدایان لەڕهێن دانە

**بەستەیەک لەسەر عبدالکریم قاسم**

ئـەو بەسـتـەیە لەسـەر شۆڕشـی چـواردەی تەمـوزی سـاڵی ١٩٥٨، کاتـێ عەبدولکەریـم قاسـم شۆڕشـی دژی سیسـتـەمی پاشـایەتی ئەنجـام داوە ، زۆرێـک لەجووتیـارو هەژارانـی ئـەو سـەردەم خۆشـحاڵبوون بەلەناوچوونـی ڕژێمـی دەربەگایەتـی پاشـایەتی، دەشـتی هەولێـر لـەو سـەردەم زۆربەیـان لایەنگـری شۆڕشـی ١٤ی تەمووزبـوون زۆریـان بەسـتەو مەقـام و هوتـاف لەخۆشەویسـتیان بەسـەر کەریـم قاسـم داگۆتیـە منیـش ئـەو بەسـتەیەم بەدەنـگ وەرگتـووە، بەندبێژەکـە نـاوی بەکـر شـێخەیە خەڵکـی گونـدی شـێخ شـەروانی شـەمامکە،

کاکە سەرێ من دێشی ، دەردێ لەدرم بەبرینە
هێ برام وا لە بەغدایێ ، کاکە گور پشکفتینە
لەناو گور و رەیحانان گورەک سەری دەردینا
ناوی کەریم قاسمە خوایە لێمان مەستینە
لەجلولای بەڕێکەت ناوی خودای دەهینا
گازی عەسکەرانی کرد یەک یەکەی دەردەهینا
با بەسەر بەغدا دادەین بگرین جێگا و نشینە
لۆ سەر قەسرێ دەردەچوو عەبدولئیلای دەردینا

به تیغەکی پڕ جەوهەر بەسەر دری دادینا
نوری مشەوەش بوو فکری هەراتنی هینا
گازی کردە خێزانی ئەو عەبایەم لۆ بینا
لەماریَ دەچووە دەریَ دەیگرت جادەی ڕەنگینە
عەبدولکەریم گەیشتیَ دنیای بەسەر وێک هینا
دەیگرت قۆری بڕیەوە زمانی دەردەهینا
چەند برای داک و بابی کافر لەمەت کوشتینە
یەک یەک پیاوی مەت دەگرت نینۆکت دەردەهینا
دەتگرت و نەفیت دەکرد دەتگۆت ئەوە شوعینە
یاکەریم و یا سەتار یا موحەمەدی نازدار
حەیا لە بۆ عوسمانی ، عەدلی عومەری دیار
عەلیت کردە شێری خۆ ساحێب قوە و زولفەقار
خوایە لێمان نەستینی عەبدولکەریمی نازدار
بەندی تریبیان زۆر بەسەر داگوتووە: وەک دیوەخانیَ شەعبییە .... هەراشی پەلکە بییە .... دیواری بەخشتییە

**حەیفم لۆ کەندێناویَ**

کەندێناوە ئەو دەشتە دلڕفێنەی نێو باوەشی زوورگەی زوورگەزراو و چیای قەرەچووغە ، والەئامێزی خۆیان گرتووە ستەمە هیچ رۆژگارێک بتوانێت لە بازووی جووتیارە ڕاپەڕیوەکانی دەشتی هەولێری دابڕێت . کەندێناوە ناوچەیەکە لەگەڵ بەرەبەیانی شارستانیەت ئاوەدانی تێدابووە ، ئێستاش کۆمەڵیَ شوێنەوار و پاشماوەی کۆنی تێدا ماوە کە هەندێکیان بۆ سەردەمانی ئاشووری و میدی و ساسانی و ئیسلامی و بابانی و پاشای کۆرەشی تێدایە هەر لە گردی سەلکان و گردی ئێسکان و گۆمیَ مەنجەران و سەنگەران و بازاڕگە بێژینگ بەسەر و گۆڕستانە کۆنەکان . ئەو ناوچەیە لەوەتەی وەک بەشێک لە کوردستانی باشوور لکێنراوە بە


حکومەتی عێراقی لەلایەن رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی جێگای چاو تێبڕین بووە بۆیە زۆر جار هەوڵی بەتەعریبکردنی دراوە لەبەر ئەوەی ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بەسامانی نەوت کە ئێستاکە زیاد لە ٣٠٠ بیری نەوتی تێدایە، کاتی خۆی عەرەبەکانی جزیرەی موسڵ و تکریت زۆر جار بۆ لەوەڕگا هاتوون و ویستوویانە بۆ هەمیشەیی تێیدا بمێننەوە یاخوود لەسەر لەوڕ لەگەڵ خێلە کوردەکان بەشەرهاتوون، بەڵام خێڵ و گوندنشینەکانی کورد بواریان پێنەداون ، لەساڵی ١٩٦٣ لەسەردەمی هاتنی حەرەس قەومی ناوچەکە بەبەر شالاوی تەعریب و ڕاگواستن و گرتن و کوشتن کەوتوون ، وەلەساڵی ١٩٧٦ دووبارە زیاد لە ٢٣ گوندی لێدابڕاو خرایە سەر کەرکوک و دووئوردووگای گەورەی بۆ عەرەبە بەدووەکانی لێکرایەوە کوردیشی لێ دەرکراو رەوانەی هەولێرکران ، وەلەساڵی ١٩٨٦ -١٩٨٨ بەیەکجاری هەموو گوندەکانی بە ناحیەی دیبەگەشەوە لە کوردان چۆلکران و دوای عەرەبی بەدووی تێدا نیشتەجێکرا، تا روخانی رژێمی سەدام دووبارە عەرەبەکان هەلاتن و کوردان چوونەوە زێدی باب و باپیریان .

جووتیارانی ئەوناوچەیە پشتیان بە چاندنی گەنم و جۆ بەستبوو بەهۆی بارانەوە لەگەڵ بەخێو کردنی مەڕومالات ، جا بۆیە کاتێ بارانکەم باریوە و نەهات بووە گرانی لەناویان بڵاوبۆتەوە و ناچاربوونە کۆچ بکەن بۆناوچەکانی دەوروپشتیان وەک ناوچەی خۆشناوەتی و پشدەر و رواندز و ژەنگار زرارەتی.... جا بۆیە لەناو پەند و بەیت و حەیرانەو هۆنراوە فۆلکلۆریەکانیان رەنگی داوەتەوە .

لێرەدا من پارچەهۆنراوەیەکی فۆلکلۆری بڵاودەکەمەوە، کە بەچواروەرزی ساڵەکەدا گوتراوە لەکاتی نەبوونی باران و کۆچ و کۆچبارکردنی خەلکی کەندێناوە بۆ دەرەوەی ناوچەکەیان لەپێناوی پارووی نان و ژیان ، وە من ئەو هۆنراوە (بەیتە) فۆلکلۆریەم لە

خوالێخۆشبوو مام چاوشین ئەمین ئەحمەد بندیانم وەرگرتووە لە شەوی ١٨/١٩ – ١١-١٩٨٣ کە خەڵکی گوندی سۆربەشی خدری بوو. وەهەر لێرەدا پێشکەشی ڕۆحی ئەودەکەم چونکە هەگبەیەکی زۆری هۆنراوە و بەیت و گۆرانی کوردی دەشتی هەولێری بۆ من بەجێهێشت. منیش بە ئامانەتەوە پاراستوومن و ماوە ماوەش بڵاوم کردونەتەوە. مام چاوشین لە ساڵی ١٩١٨ لە گوندی سۆربەشی خدری لە دایک بووە، لە ١٩٩٩/١١/٢٨ کۆچی دوایی کردووە.

لێرەشدا دەشبێ ئاماژە بەوە بکەم کە پێشتر ئەو نووسینە لە ژمارە ٦ی ڕۆژنامەی ڕێگای ڕەنجدەران لە ٢٢-٩-١٩٩٨ بە ناوی بابی شیرنێ بڵاوم کردۆتەوە .




**حەیفم لۆ کەندێناوێ**

**هاوین**

کاکە سەرم جەند دێشێ دەنگم دێ لە برینێ .... حەیفم لۆ کەندێناوێ چۆل بوو بەوییێ هاوینێ
خێلی دزەییان ڕۆین لەبۆ وراتی دووینێ .... کۆچ و کۆچبار ڕێکەتن نەهاتی دابەزینێ
فیتەی شوانانی نەما بچن لەبۆ شەوینێ .... ناسکەبێری خلاس بوون برۆن لۆ مەڕدۆشینێ
کەندێناوەم چۆل بووە بۆنی دێتن لە خینێ .... دەستی یارێ خۆم دەگرت بەوڕۆژی مەرگ و ژینێ
گۆتم بینە ماچت کەم کیژەکەی شۆڕهەمینێ

**پایز**

کاکە سەرم چەند دێشێ ناو درم دەکزکزێ .... حەیفم لۆ کەندێناوێ چۆل بوو بەوییێ پایزێ
خێلی دزەییان ڕۆین لەبۆ وراتی رواندزێ .... ڕێیێ قوشتەپەیان گرت ئاودیبوون لە کەردزێ
کەندێناوەم چۆل بووە هەر لەو زێ تا ئەو زێ .... حەیفم لۆ قەرەچوغی لۆ جێراوگەی مامزێ
دەغرودانیان لۆ نەهات ئاگرەک بەربووە ڕەزێ

## زستان

کاکە سەرم چەند دێشێ هێ برام ئەوڕۆ سبیانێ .... حەیفم لۆ کەندێناوێ چۆل بوو بەوێێ جستانێ
خێلی دزەییان ڕۆیین لە بۆ وراتی کیستانێ .... جادەڕێ بەتارنابن سێ ڕۆژ هەتا نیوڕانێ
تۆز لە حەردی برند بوو دەگری بەری عاسمانێ .... قەت چاو چاوی نەدەدیت لەبەر تەم و تومانێ
هاتن گەشتنە هەولێرێ دونێ سەر لە سبیانێ .... مافور و بەڕیان فرۆشت بەڕوپیەی هندستانێ
ئەو قەومی ناو هەولێرێی هەمووهینا هەژانێ .... قەراج و کەندێناوەم چۆل بوو بەوێێ زەمانێ
ماستی کرمانجان بڕا هەتاکوو چەند دەورانێ .... لەهەولێرێ چوومە دەر ئۆقرەم هاتبووە بڕانێ
تاوەکی سەرم برندکرد چاوم کەت بەحەیرانێ .... دەستمان کردە ملی یەک چاومان پڕبووە گریانێ
خەنەی لەدەستان نەما لەبەر زولف بادانێ .... دەستم لەناو دەستی نا هەتاکوو کەس نەزانێ
تۆزەک درم فەڕاح بوو بەدیتنی چاوجوانێ

## بەهار

کاکە سەرم چەن دێشێ دەردێ لەدرم دەنارێ .... حەیفم لۆ کەندێناوێ چۆل بوو بەوێێ بوارێ
خێلی دزەییان ڕۆیین لە بۆ وراتی ژەنگارێ .... جادەڕێ بەتار نابن سێ رۆژ هەتاهێوارێ
هەناسەی کیژوکاران دێتن وەک بای شەمارێ .... حیلەی ئەسپان وادێتن لەسەرجادەی کەندارێ
چارۆگ شێلوو چاویان شوشت لەسەر جۆگەی حەسارێ .... لەدێبەگەی ڕۆیشتم دوونێ دانی هێوارێ
گەیمە راستی گوێڕی چاوم کەت بەحەیرانێ .... دەستمان لە ملی یەکدی کرد دەستی کرد بەگریانێ
یەخەو دوگمەی دەترازاند دەستی برد لۆ گیرفانێ .... خەناوکەی لۆ دەردەینام جۆتە لەگەر کلدانێ
گۆتی هانی بتدەمێ بەرام کاکم نەزانێ .... ترسێکەم نەت بینمەوە هەتاکوو سار جستانێ
مەرەق دام دەگریتن دەکەومە نەخۆشخانێ .... ئەوەی دەرێ شایەرم بابێ ئەوبەندەی دانێ
ئەوەی دەرێ شوعرامە با لۆم بێتە مەیدانێ .... وەکی منی لێ قەوماو خەرکی بینتە هەژانێ

## لۆم برێنە برادەران*

لۆم برێنە برادەران دەمەک بێنە سەرینێ .... لۆم برێنە سووکەژنان لۆم بکەن گەرمەشینێ
جوابێ یارم هاتەسەر ئەو برندی چاو سەقەر .... ساغ و سەلیم دەچمە دەر

*چاوشین ئەمین ئەحمەد ، کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەم ١٥-٥-١٩٨٤. دیبەگە

ساغ و سەلیم لە گیانی ..... کاک عەلی بەردەشانی
لۆم گازکەنە لوقمانی .... لوقمان چی لێ نەزانی
کەوێی لۆ یارم دەدرووم .... لە خەزێنەی سوڵتانی
لەخەزێنەی وەزیری ..... قیمەتی گەلەک زۆرە
قیمەتی کیسەی مۆرە .... لەکن نەفامان زۆرە
قوتنی جافاز و زمرووت ..... دڕ و مەرجان و یاقووت
بەربەتەیە هەیت و هووت .... لەهەنیەی دەیگوت بەجووت
ئەغرەبیان تورکیان دەگووت
ئەمن و عەلی برابووین .... چەند لەدنیا گەڕابووین
خۆش و زەوق و دیلانێ .... سەربەدراو دادەڕژانێ
چاو کارمامزی بەڕیایێ .... رووگەی کەتە زێبارێ
پۆشی لەسەر کەمەرێ .... ریش دەکاتن جۆلانێ
گوارە و خەزێمێ یارێ .... ئەوا خۆی دا لە سوانێ
هێ براینە گێ و لە من بێ .... هێ گەلی کوڕو کاران
حەیات ئاوڕی لێوەدام .... بردمی واقی حەفت ساران
راموسان لە کێ خۆشە .... لەناو چیغ و ڕەشمارێ
چیغ و رەشمار و چادر، بزرە لە بۆ ئێوارێ
قورینگەکم چاو پێ کەت ، لەدەو شینێ زێبارێ
گریانم بە جۆش دەهات ، فرمێسکم دێتە خوارێ
وەک جۆگەلەی رووبارێ
وەک جۆگەلەی رووباران، ئاوەدان هەردوو مەمکان
دراوبێ بەردەشانی ، دراو بێ بەردەشانی
یارم هەستا لە خەوێ ، ڕاوەستا لەسەر بانی
کلی دەکرد لە چاوان ، وەسمەی نا لە گیرفانی
لەوێ رۆژێ خوای دانا ، لۆ عەلی بەردەشانی.

## دەشتێ قەراج *

دەشتێ قەراجم دایم تاراوە .... چەندمان لێ دەچاند ڕەیحانەی ساوە
سۆرکۆک مامز بوو لە بڕیم گێڕاوە
دەشتێ قەراجم بەبرندو نەوی .... خوایە هاوارە خەندەک بی نەوی
حەیران مامزە لێی بەسەرکەوی
دەشتێ قەراجم وێران بێ وێران .... قورکی گەردنێ جێیێ سمێران
دووماچمان لێستاند بەفرٍ و فێران
دەشتێ قەراجم بەر لە مەخمووری .... دوو کچی جاحێر لەبەر مافووری
نەخشیان دەکرد لە تێڕ و تووری
دەشتێ قەراجم شینی بە شینی .... گوارەی یار زێڕە ئاورینگان دینی
کوڕ لە بەندێدا کیژ چوو ببینی .... سۆرکۆک کرمانجە سەد ئاغەن دینی

## دیاربەکر**

دیاربەکر عەردی قۆرە .... لێم چاند شەترە گندۆرە
لۆ خاتری بابان کۆرە
دیاربەکر عەردی ڕەشە .... لێم چاند شەترە بنەوشە
لۆ خاتری سنگ بە نەخشە
دیاربەکر عەردی پانە .... لێم چاند شەترە رەیحانە
لۆ خاتری ئەو کیژە جوانە
دیاربەکر عەردی خاسە .... لێم چاند شەترە ڕێواسە
لۆ خاتری کیژ مەیاسە
دیاربەکر عەردی شینە .... لێم چاند شەترە هەرمینە
لۆ خاتری شۆڕ هەمینە

---

*چاوشین ئەمین ئەحمەد سۆربەشی لە ۲۱-۱-۱۹۸۱   لە دیبەگە
** مام چاوشین ئەمین ئەحمەد سۆربەشی لە ۷-۹-۱۹۸٤

## کاکه سەریێ من دێشی *

کاکه سەرێ من دێشێ دەردێ لەدرم گرانه .... بابچین لەبۆ دیبەگەی به قشرەو دوکانه
ئەوکانیێ داودەڕەشی جێیێ شەدەشلانه .... دانی هێواران بچین هەر به گەمه و سەیرانه
زەرد و سۆر تێکەربوونه دنیا ئاخر زەمانه .... بابچین لەبۆ سۆربەشی جێ مەفتەنی خۆمانه
عەشقی کیژەکی لێدام ماریان لەناو مارانه .... ئەو خەناوکەی له ملی به قەنەفر و مەرجانه
یار له گوندی هاتەدەر لەگەر ڕەوێ کیژانه .... پارێزێ خۆم لێ دەستاند لەکەندێ سێ گۆمانه
کاکه سەرم چەن دێشی دەردێ لەدرم بەبرینه .... ماجید و مەلاقەره گوندی مەلا فەندینه
کیژیان گەلەک جوانه کوڕیان بەدری من نینه .... دەچمه هێلەوه ڕەنگینی شایەکم دابەستینه
ئاورم لەملان دەداوه بەهیۆکم لەدەستینه .... دەچمه باغی بابی توو به هەنارو هەرمینه
دەچمه سەر قەرەچوغی به مامز و به کیوینه .... دەچمه شۆڕێ لاکەچەی به قورینگ و مراوینه

## هانایێت وەبەر دەبەم**

هانایەت وەبەردەبەم دووەمین وەبەر سوبحانی .... ئەشقی کیژەکی لێدام بێری برایم ڕەحمانی
چ جوانی ئەوهام نەدیت لەوێ دەوری زەمانی .... کەمەرەکی لۆ دینم لەشآری سولەیمانی
بەپەنجەکی بەخەنه شەتاندی له نێکانی .... بیست پاکەت زنجیری زێر پیرۆزەی له مەرجانی
چەند قاش و ئەنگوستیله دایه داد و فیغانی .... بیست جۆت دلبنجی عەجەم جۆتەک بازنی کیستانی
چار دەستەوانەی کۆیێ کارەبای کرمەشانی .... سنگ بەفری گۆڕه دێرێ مەمکی وەکی فنجانێ
سنجاقەکی له زیێ قولابی لەسەرشانی .... پێنج لیرەی زەردی دێنی بیفرۆشی بەهەرزانی
کەس وەکی من ناگەڕێ ببینتەوه مەمکانی .... سنگی کێلی نەخشایه گەردن وەک زەعفەرانی
هێ برۆی خەتی قەرەمێ چاو ئەستێرەی بەیانی .... گوارەکی شەش گۆی له گێ دەستووری دزەییانی
حوڕیەتی لەسەر لێدا لەگەر ئاگر بارانی .... پۆیلەو تاسەی تێکەر بوون لەگەر پاشه سەرانی
حەفت ساران حەزم لێکرد ئەوجا دایکی دەیزانی.
هانایێت وەبەردەبەم خالق تووی له قەرارێ .... ئەشقی کیژەکی لێدام زستان گەییه بوارێ

---

*مام چاوشین ئەمین ئەحمەد سۆربەشی
** مام چاوشین ئەمین ئەحمەد سۆربەشی له ١٩٨٠/٥/١٥ دیبەگه

ئەو بەمنی دەگوت لاوە ئەمنیش پێم دەگوت یاریێ.
چاوت چاوی بازانە هێ بژانگت پەڕی کەوێ .... مەڕ چ دەکا لۆ بەرخێ هەندە یارم خۆش دەوێ
سۆل و مەحسی لە پێیان دەچووە خوار لۆ رووباریێ .... قورپی مەنجەری دیاربوو لەسەر گێ و گواریێ
لە جۆمیلکان لێ نانێ دەچتە خوار لۆ روباریێ .... تۆق و تەلەسم و بەڕیەت لەسەردا دێتە خواریێ
تەعجوبیم لەسنگی ما بێدار دەگری هەناریێ .... خاری گەردنی هووردە دەستم کردە ژماریێ
دەستم کردە ئاوازێ میسلی کەوی بواریێ
بەوخالقەی کەم لەڕۆژێ بەو کابەی ناوی دینم .... لەپێش یاریێ راوەستام بەژن و بارای ببینم
وەک بولبولی خۆش ئاواز بەندانت لۆ دەخینم .... تۆق و تەلەسمە و لولە و سنجاقان دەترازینم
ئەو شەمامەی باغەریێ لۆ دەستی خۆمی دینم .... ئەوشۆ هەتا سبیانێ یاری خۆم دەگەوزینم
چی دیشم لە مست نایێ ئاخانی لۆ هەردینم

## گۆوەند / شایی چۆپەیی*

یار هات لەبۆ گۆوەندێ خالّق چەند خان و مانە .... گۆتم دەزانن کێیە ؟ دەرێن لەگەورەکانە
لێف و دۆشەک و بن سەر ڕایەخن لە هۆدانە .... دانیشت بە گۆریەی چەلین ڕاما لە پەنجەرانە
ئێوارە مەغریب داهات دەبووە باو و بارانە .... فەقیرەک بووم ڕێم دوورە بەخۆم لێی بووم مێوانە
خودا وا رەزای لێ بوو دەستم گەییە مەمکانە .... یاریێ هەستە بابڕۆین رووبکەینە ئەو شاخانە
بچینە کن سواراغەی سەرکردەی بلباسانە .... بچینە کن سەیدەحمەدی لەعلەغێری ئەسل جێی عارەبانە
ڕەشمار لە کێ هەردەدران لەسەر غەرییێ مەرزانە .... بەکوتکەکی دارمەرحەم دەکوتی چیغ و چەرانە
چەند شیرین دێو و دەچی گەرم دەکا کوتانە .... پاشۆلی خۆی هەردەکات تێ بەردەدات بەرخانە
لەگەردنی قورینگە لە ڕۆینی هەمێدانە .... قۆندەرەکی تەلەفۆن دەکا بەسەر پەنجانە
ناوەخنی قۆندەرەی ئارمووشی هندستانە .... پەنجەی چەند نەرم و شلە سپیە وەک پەمۆدانە
نینۆکی وا دەبریقێ ئاوێنەی عەتارانە .... ڕەش بوو لەبەر دەرمانی لەخەنەی عەجەمانە
سوبحانەللا چەند سۆرە وەک دندوکی کەوانە .... خوایە نەمرم ئەوشۆکە هەتا دەبتە بەیانە

* مام چاوشین ئەمین ئەحمەد ١٥-٥-١٩٨٠ دیبەگە

گەردنێ خۆم ئازادکەم بەو گەلی برادەرانە .... نەوەک دریان هێشابێ ئەو دەر و جیرانانە
سبیانێ بەیانیدا دەگەڕام وەک شێتانە .... مارەک وا لەسەر پەڕێ لەگەر بابم برانە
لەگەر یارێ روونیشتم بابکەین بەعسی مەمکانە .... زولفی یارم ڕاکێشا هەر بەگەمە و سەیرانە
نیو وەقەم یەخستە بەر شەش پاکەتی کارخانە .... بێتن کیژێ غدێری یەک لە نوورەدینیانە
یەک بێتن لەو وجاغانە لەناو عەجەمستانە .... چارشەو پێشەی لەخۆدا پشتی بەشارستانە
هەرحەفتی ڕێکدی کەوتن بابڕۆین لە بۆ تارانە .... تۆرەکی دروست بکەن لۆ بەژنی لەعلی خانە
هەزار بێری بەدەفتەر بپێچن بە سیمانە .... تۆڕ لەسەر شلکەی ڕانی گورینگ لەسەر چۆکانە
یار هات لەبۆ گۆوەندێ یاللا خۆشکەین سەیرانە

## دەک نەمینێم*

دەک نەمینێم نەمینێم دەک نەمینێم هەروایێ .... سنگت قەسری ئەفەندیان لێمکرد کەیف و سەفایێ
سنگت سێنی مەجلیسان مەمکی تووم پیارەی چایێ .... رۆینت رۆینی کۆتران چاو کارمامزی بەڕیایێ
من چەندی چاو دەگێڕم جارەک لۆ ژوانم نایێ .... بەژنێ یارم قەراتە قەت لۆ دەستی من نایێ
شێت و شەیدا و سەحرابووم دەگەڕام لە دونیایێ .... شێت و شەیداو دەگەڕام خەرکی گۆتیان هەتیمە
نان و شیویان لۆ دەینام لە کنیان وابی برسیمە ....عالەمێ مەمکەن لۆمە من عەشقی ئیلاهیمە

## چەندم گۆت خانم**

چەندم گۆت خانم خانم بابچین لۆ گورچنینێ .... ئەو کانیێ داودەرەشی گەردەن درێژی هاتینێ
دانی هێواران خۆشەو سەیرانە و بابچینێ .... روومەت شووشەی گوراوێ بسکی تۆم شوشەی خینێ
خۆزیا ئەمن ماچگربام لە باخچەی نازەنینێ .... نەخۆشەکی گرانم کەتیمە ناو نوینی
لۆم گاسی یارێ بکەن لەسەرم بکاتن شینێ .... گاسی فەقێیان بکەن لۆم بخینن یاسینێ

---

* مام چاوشین ئەمین ئەحمەد سۆربەشی

** مام چاوشین ئەمین ئەحمەد سۆربەشی

## ناوی بێریم*

ناوی بێریم ستیە .... چارۆگ کەتان سپیە
مەمکی وەکی هەرمیە .... هەموو رۆژ دەستی دەمێ
لە بۆ من بێ قەیدیە
ناوی بێریم حەلیمە .... کراس و کەوێ بەسیمە
مێردی ناوی سەلیمە .... شەوەک نووستن لەگەری
لۆ تاداران حەکیمە
ناوی بێریم نەخشینە .... جوانی وەک خۆی قەت نینە
ماچی لێوی ئەو کچە .... ئاوی حەیات و ژینە
ناوی بێریم حەنیفە .... کراسی بەرت قەدیفە
مێردت ناوی شەریفە
ناوی بێریم سۆتەیە .... سنگ و مەمکی لۆکەیە
ماریان وا لە دۆمەیە .... ئەگەر نەمرین لۆ مەیە
ناوی بێریم مامزە .... نازانم لۆ عادزە
شەوقی وەک جاران نیە .... لەبەرچاوم زۆر کزە
ناوی بێریم خەزارە .... عومری هەر پازدە سارە
مەیلی ئەو کیژەی لۆمن .... لەسارێ هەر یەکجارە
ناوی بێریم هەیبەتە .... وەک بەردی بەقیمەتە
ئەگەر هیچ لۆمەی بکەم .... لێم دەبیتە غەیبەتە
ناوی بێریم زارێیە .... کیژە گەورەی مارێیە

* ئەکرەم سۆربەشی ٢١ـ ١ ـ ١٩٨١ دیبەگە

## ڕەیحانە ڕەشە/ لە شایی سێپێی دەگوترا*

ڕەیحانە ڕەشەی بنی لە گۆمە .... یارەکم گرتیە لە سونعی خۆمە
بابی ئاغەیە و داکیشی دۆمە
ڕەیحانە ڕەشەی بنی لە بۆشە .... یارەکم گرتیە لە سونعی شووشە
داکی پێناوە و بابیشی تووشە
ڕەیحانە ڕەشەی شین بوو لە ئاوێ ...... یارەکم گرتیە پێناوی ناوێ
هەموو ئێواران لۆی دەچمە ڕاوێ.
ڕەیحانە ڕەشەی شین بوو لە گۆڕێ .... یارەکم گرتیە لە گەڕەسۆرێ
یاحوسێنی غازی دری نەگۆڕێ
ڕەیحانە ڕەشەی شین بوو لەڕێیێ .... یارەکم گرتیە ئەلەو گوندێیێ
مەمکی زۆر توونده وەکی هەرمێیێ
ڕەیحانە ڕەشەی شین بوو لە وەردێ .... یارەکم گرتیە لەدەستم هەردێ
ڕەیحانە ڕەشەی شین بوو لە قورتێ.... یارەکم گرتیە لە میری هۆرتێ
ڕەیحانە ڕەشەی شین بوو لە خۆڕا .... بەهەزار بەدکار درت نەگۆڕا

## بەو شێخەکەی **

بەو شێخەکەی لە مەخبەرێ .... دەبا لێمدەن بە خەنجەرێ
تەرخ ناکەم ڕێی قەمتەرێ .... تا ماچ نەکەم زەرد ئەسمەرێ
بەو شێخەکەی ناو قەبرانە .... دوو پەلکە و سێ قەیتانە
مەمکت وەعدەی دەست لێدانە .... وەختە بمرم لە داخانە
بەو شێخەکەی توو دەبینی .... بە قەنارەی بمخنکینی .... تەرخ ناکەم ڕێی پیرزینی
بەو شێخەکەی کەوێی مۆرە .... لەسەرم دا پاشای کورە .... دەست هەرناگرم لەو گورە سۆرە

---

* اکرم سۆربەشی ، لە ڕێکەوتی ٢١-١-١٩٨١ لە دیبەگە
** ئەکرەم سۆربەشی ، لە ڕێکەوتی ٢١-١-١٩٨١ لە دیبەگە

## نازدار و نازدار *

نازدار و نازدار نازدارت کردم .... بستەک مندواربووم گەورۆنەت کردم
بە شووشەی گوراوێ بەخێوت کردم .... بەقسەی عالەمێ لەبیرت کردم
نازدار و نازدار نازدارم شووشە .... توو سەری بابت لە کنم روونیشە
بامەمکان بگرم دەستم بێ ئیشە
نازدار و نازدار نازدارێ بابی .... کۆترە باریکەی بار بە شۆڕابی
لە دڵم یەقینە تۆ لۆ من نابی
نازدار و نازدار نازدارێ داکی .... گەردن برندکە بۆنکەم خەناوکێ
لە پاش نازدارێ بمنێن لە خاکی
نازدار و نازدار نازدار قورمزی .... دایک ئێرمەنی باب رەواندوزی
نازدار لەسەر چ لە من عەدزی
نازدار و نازدار نازدار هەروایێ .... لۆ خاتری گوارەی چوومە بەغدایێ
دامە لەیلایێ لۆم بێتە ڕایێ
نازدار و نازدار نازدار بوارە .... دوو ماچی دامێ ئەو گێ بە گوارە
لەبەر ئەو ماچە هەناسەم سوارە
نازدار و نازدار نازدار هاوینە .... دوو ماچی دامێ ئەو شۆڕ هەمینە
لەدوای ئەو ماچە لێم چوو بە قینە
نازدار و نازدار نازدار پایزە .... دوو ماچی دامێ ئەو کچە رواندزە
گەردنی درێژە چاو کارمامزە
نازدار و نازدار نازدار زستانە .... دوو ماچی دامێ ئەو کچە جوانە
رۆژێ دوو جاران لۆم لە ژوانە

---

* ئەکرەم سۆربەشی ، لە رێکەوتی ٢١-١-١٩٨١ لە دیبەگە

## هەی بێری/ لەسەر ئاوازی تەمبۆلێ تێدا لە گازێ (دروونە)*

هەی بێری بێری بێریێ گچکۆکە .... سەر بەهێزاری مل بە کرمۆکە
لە عەردی مەنێ پێیێ نەرمۆکە .... سۆرە گوری باخان رەیحان کەپرۆکە
دونێ نەمدیتی ناژیم ئەورۆکە .... مارێ بابی توو لە چیای دهۆکە
بێری مەڕ زۆران ناوی فاتمۆکە
هەی بێری بێری بێریێ خەلەکان .... دەچیە شیر مەشکێ هەرکە بەلەکان
مارێ بابی تووم لە جدیدەی لەکان .... مەڕی بابی تووم بردی کۆپەکان
خۆزگە ماچگربام لە چاو بەرەکان
هەی بێری بێری بێر لە چیایە .... بە پێش بێریان کەت فاتمی مەلایە
سەر بێریەی دانا لە ناو گیایە .... فاتم دەگریێ شوانە کوژرایە
خۆی لەبۆ شوانەی لە قوڕێ نایە .... لەوی زیاتر کەس دەنگی نایە
مەڕی بابی تووم بەبێ شوان مایە
هەی بێری بێری بێر لەبەر ماران .... دەستە شیر مەشکێ کابانێ جاران
پردێ ڕواندزێم لەسەر سێداران
هەی بێری بێری بێریێ مە چارن .... عەیشێ و فاتم و بەسێ و خەزارن
یەخە بە دوگمە و ڕوویان بەخارن .... باغەرێ بێریان پڕ لە هەنارن
هەی بێری بێری مە سێنە .... سەر بەهێزارن مل بە کوێنە
خەرجێ وان بێریان بە من بسپێرە
گەنمە بواران گەنمە بواران .... یاحوسێنێ غازی دارە بزماران
خۆزیا ماچگربام لە کیژ و کاران

---

* ئەکرەم سۆربەشی ٢١. ١. ١٩٨١ لە دیبەگە

**لێ دینێ/** ئەم هۆنراوە فۆلکلۆریە وەک گۆرانی دەگوترێ لەشایی سووسکەیی*

لێ دینێ وای لێ دینێ وای دینێ .... دینا من
دینێ دینمە و لە هەولێرێ .... خاتوونێ زەریا من
کێ منی کوشت رۆینی مێرێ .... های لێ دینێ دینا من
بریا دینێ دینا تووبام .... وای لێ دینێ دینا من
یان دەسرۆکەی دەستی تووبام .... لێ دینێ دینا من
یان برادەرێ براکەی توو بام .... لێ دینێ دینا من
دین دینێ شێخ وەسانان وای لێ دینێ دینا من
کیژ دەچن لە بۆ قەزوانان .... لێ دینێ دینا من
کوڕ دەکاتن ڕاموسانان .... لێ دینێ دینا من
دین دینا عەنبەر عیسا .... لێ دینێ دینا من
کلدان و کۆفینێ سیسا .... لێ دینێ دینا من
حاجی چوون لۆ مەدینێ .... لێ دینێ دینا من
ئەمن و یارم دەچینێ .... لێ دینێ دینا من
بە پێش ماریان دارابردم .... وای لێ دینێ دینا من
خار لە روویێ بانگی کردم .... لێ دینێ دینا من
جۆتە ماچی خەرات کردم .... لێ دینێ دینا من
تەعجوبی مام لۆ نەمردم .... خاتوونێ زەریا من
کیژ کیژی دیبەگەیە .... لێ دینێ دینامن
پەرچەم سۆری بەخەنەیە .... لێ دینێ دینامن
ئەگەر نەمرین هەر لۆ مەیە .... لێ دینا دینامن

**بەو کانییەکەی/** لە ساوار کوتانێ دەگوترا **

بەوکانییەکەی لە چیغلۆکێ .... بەخۆم لێمدا بە نینۆکێ
کێ ئاو لێ برد یار عەیشۆکێ

بەو کانییەکەی لە کەنداری .... بەخۆم لێمدابەگۆپاری
کێ ئاو لێ برد کیژێ خاری
بەو کانییەکەی لەبەر ماران.... بەخۆم لێمدابەکوڕوکاران
لەبۆ خاتری کەونە یاران
بەو کانییەکەی لە زیخمارێ .... بەخۆم لێمدا بە ئێوارێ
کێ ئاو لێ برد یار خەزارێ
بەو کانییەکەی لە نەرمانێ .... بەخۆم لێمدابەنیوڕانێ
کێ ئاو لێ برد یار سوڵتانێ
بەو کانییەکەی لە دەربەندێ .... بەخۆم لێم دا لە دەو کەندێ
کێ ئاو لێ برد کیژێ مەندێ
بەو کانییەکەی لە دەو بیرێ .... بە خۆم لێم دا بە تەگبیرێ
لۆ خاتری ئەو سنگ بە لیرێ
بەو کانییەکەی لە ناو بەردان .... بەخۆم لێم دا بەسەد دەردان
لۆ گەوزینی کیژێ بامەندان
بەو کانییەکەی نزیک ماران .... بەخۆم لێم دا بەسێ ساران
لۆ خاتری هەموو ئاشق و یاران
بەو کانییەکەی لە ناو زوورگی .... بەخۆم لێم دا بەقورینگی
کێ ئاو لێ برد بە چەلەنگی
بەو کانییەکەی لە دیبەگەی .... بەخۆم لێم دا بەتەنەگەی
کێ ئاو لێ برد شۆخ و شەنگەی

*، ** ئـەو دوو هۆنـراوە و بەسـتەیەم لەهـەردوو کۆچکـردووان مـام چاوشـین ئەمیـن بندیـان و ئەکـرەم سۆربەشـی وەرگرتـووە، لـە ١٩٨١.١.٢١ ، بەهاوبەشـی ئـەو بەندەکـی لـۆ دەگۆتـم ئـەوی دیکـە بەندێکـی تـر ، یـان یەکێکییـان دوو سـێ بەنـدی دەگـووت ، ئـەوی دیکـە بەنـدی دیکـەی بەبیـر دەهاتـەوە و لـۆی تـەواو دەکـرد.

## لەگەر توومە*

لەگەر توومە ئەرێ یارێ .... چاوان مەشۆ لە رووبارێ
گێ زەردترن لە گوارێ .... لێت تێکدەچن خەتوخارێ
هەوری و هیزار لە ملان دارێ
لەگەر توومە هەمین هایێ .... بەژنت بیرێ خانەقایێ
دووشت خۆ شە لە دنیایێ .... ئیمان و چاوی لەیلایێ
لەگەر توومە لەگەرێتە .... گەردن مامزی بەقەرێتە
ئاقرداربووم لۆت بووم شێتە
لەگەرتوومە توو برێ بەرێ .... نیوە شەوێ وەرە دەرێ
پێکڕا دەچینە سەفەرێ .... با مێردە گولەت چاوی دەرێ
بزەڕیتن وەکی کەرێ
لەگەر توومە توو برێ باشە .... کەوێی بەرت ساف قوماشە
بەسەد لیرەی بێ بەلاشە
لەگەر توومە پەرچەم سۆرێ .... مانگێ جارەک وەرە کۆرێ
خەتابارنیم لێم مەتۆرێ
لەگەر توومە هۆ نازدارێ .... ئاگادار بە لە بەدکارێ
با چیدی پێمان هەر نەکارێ
لەگەر توومە هۆ نارینێ .... بەو نیوە شەوەی هاوینێ
ماچت شیرنە وەک هەنگینێ

---

* ئەکرەم سۆربەشی لە ٢١ -١- ١٩٨١ لەدیبەگە

## یان هەر لەسەر نزمی شایی سێپێی

مانگەشەو خۆشە هۆبە بەهۆبە .... ماچکردن خۆشە نۆبە بە نۆبە
بیست سار دەروێش بم دەشکێنم تۆبە
مانگەشەو خۆشە دەیدا لە حەوشە .... ماچی کیژۆران بە پیوە خۆشە
مانگە شەو خۆشە بدا لەپەرێزێ .... کیژان ماچ بکەی پڕ بە ئامێزێ
دوو کەو لەقەفەز گفت و گۆیانە .... باسی عاشقی من و تۆیانە

## گەوهەرێ*

گەوهەرێ گیان گەوهەرێ .... باریکێ زەرد ئەسمەرێ
لە دیبەگەم زانیە .... برنج ئالیکی کەرێ
گەوهەر کیژە پاشایە .... شەدەی لە ملان ئارایە
چاوانی لە کل نایە .... بسکانی خەنە دایە
گەوهەر کیژە مەلایە .... لە کۆشکێ ڕاوەستایە
ناوی وەک ئایەتی خوای .... هەمزەو فەتحەی تێدایە
گەوهەر کیژە جیرانە .... وەکی کچە میرانە
لۆیە ئەوم خۆش دەوێ .... داییم لەسەر بیرانە
گەوهەر کیژە ئەفەندیە .... لێوشیرن وەک قەندیە
ئەوکیژە جوانیەکەی خۆی .... لەپەری خوای ستاندیە
گەوهەر کیژە کرمانجە .... لەسەری دایە تانجە
وەک تاوسی یەزیدیەکان .... دەڕواتن دەکا لەنجە
گەوهەر کیژە جۆتیارە .... لەجوانی ڕا دا دیارە
لەنگۆی هیچ ناشارمەوە .... مەخسەدم کیژە خارە

---

* مام نادر قادر (باوکم) لە ١٩٨٢/٣/١٢ لە دیبەگە

گەوهەر کیژە سەپانە .... یاری منە چەند زەمانە
چەندمان دەستبازی کردیە .... لە ناو لەودەی خۆمانە
گەوهەر کیژە شوانە .... داییم لۆمن لە ژوانە
دونێ کە نەخۆش کەتم .... یارم مرد لە سووانە
گەوهەر کیژە گاوانە .... سنگی وەکی پاوانە
وەختە واز لەمن بینی .... لەبەر کوڕو کارانە
گەوهەر کیژی گوندانە .... مەمکی وەکی فنجانە
ئەو حەیفە ئەمن دەکوژی .... لەسەر هەزار نزمانە
گەوهەر کیژی هەولێرە .... جۆتە گوارەکەی زێڕە
لەشتەکی بترسێتن .... هاواردەکا وەی شێرە
گەوهەر کیژە مەکتەبلیە .... سپیە وەک بەداملیە
دەزانن کەینێ جوانە .... وەکی جانتای لە ملیە
گەوهەرێ گیان گەوهەرێ .... سنگت پەڕی دەفتەرێ
بەخۆم سەعیم لێکردیە .... لەکن دەرکەی قەمتەرێ

## هەی دنیایێ*

هەی دنیایێ دنیایێ .... بێ شەرتێ بێ بەقایێ
بێ قەولێ بێ وەفایێ
سنگت دەرێی دوکانە .... مەمکت پیارەی چایێ
رۆژێ سێ جار نەتبینم .... بەبێ تۆ سەبرم نایێ
هەی دنیایێ دنیایێ .... لەو دونیایەی بە هەیبەت
سنگت دەرێی دوکانە .... مەمکت بەردی بە قیمەت
سی شەوی رەمەزانی .... فەرزە لەسەر ئۆمەتێ

---

*مام نادر قادری بابم لە ٦-٦-١٩٧٩ لە دیبەگە

لەو دونیایەی لۆم نەبی .... چت لێ بکەم لۆ قیامەتێ
سی شەوی رەمەزانی .... فەرزە ئۆمەت بیگری
لەو دونیایەم لۆ نەبی .... چت لێ بکەم لەبن گری
وەک پوشی لە پەنکان .... تەڕاییم لێ بڕایە
وەک گیای لە قەد کەنداران .... دەستم لە خۆ بەردایە

## بایێ شەمار*

بایێ شەمارێ بوارێ .... دەیدا لەچیغ و رەشمارێ
خەوخۆشەلەگەرخەزارێ
بایێ شەمارێ هاوینێ .... دەیداتن لەکێلەشینێ
خەوخۆشە لەگەر هەمینێ
بایێ شەمارێ پایزێ .... دەیدا لەسەر دارەگیزێ
خەوخۆشە لەگەر مامزێ
بایێ شەمارێ زستانێ .... دەیدا لە سەری کیستانێ
خەوخۆشەلەگەرگوستانێ

## بەستەیەک لەسەر دیبەگە، لەسەرئاوازی شایی و هەڵپەڕینی چۆپەیی**

دیبەگەی سرێماناغەی لەسەر هەموو گوندانە .... ئەو کانیێ داودەڕەشی جێیێ کیژ و کارانە
کەندێ کاریتان خۆشە کۆرکەر کۆرییان لێ دانە .... ئەو ڕێیێ سۆفی سمایلی ئەو بەر ئەوبەر پاوانە
مەحتێ دووقورینگان دەکەن یەکییان گەلە جوانە .... شابسکی دێتە خوارێ بەسەر گۆیێ مەمکانە
سنگی چەندە سپییە مەمکی دەرێ فنجانە .... ماچی کیژۆران خۆشە شەکری زاری کوڕانە

---

* مام نادر قادری بابم لە ٥-٤-١٩٨٧ لە دیبەگە
** مام نادری بابم ، دیبەگە

## دەچمە سەرچیای زرگیزێ*

دەچمە سەرچیای زرگیزێ درمەفتەنێ ببینێ... هەناسەکم هەرکێشا برۆنە دووکەرە شینێ
چوومە گوندێ غەریبیان یار مایە بە حەزینی ... بابێ شەمار وادێتن جوابی کیژەم لۆ دینی
دەنگەک وا لە گێم دێتن وەک کەوی لۆم دەخینی ... دەرێ لاوۆ وەرەوە عالەم هاتینە خوازبینی
ئەگەر چارەکی نەکەی ، چ جاری دیم نابینی
دەچمە دەشتێ قەراجێ بەناوی ڕاوشکاری... یارێ من کارمامزە دەگەڕا لە ئاقاری
وەکی تەمەشای دەکەم ، جوانترە لە کیژە شاری...خەناوکەکم لۆ کڕی ، دونێکە لەبازاڕی
وەکی دامە مامزۆکی ، پەڕی گرت لەگەر باری...دەچمە دەشتێ قەراجێ ، ئەوسار سەری بوارێ
وەکی تەمەشام کردێ، شۆڕبۆوە لۆ ئاقاری...دەست و چاوێ خۆی دەشوشت لەسەر جۆگەی حەسارێ

## چاوت ئەستێرە**

چاوت ئەستێرەی جەددی ، پێی دەرێن گەلاوێژە .... یان بەگەرم بکەوە ، یاخود لێرە بمنێژە
چاوت ئەستێرەی جەددی پێی دەڵێن کاروان کوژە .... یان بەگەرم بکەوە ، یاخو لێرە بمکوژە
کلێ لەچاوان مەکە ، لێت دەبتە بارگرانی .... دەرمانان لەخۆ مەدە هێ کچێ لە خۆڕا جوانی
کچە کرمانجم ناوێ ، رەش بوونە لەبەر هەتاوێ .... کچە هەولێریم دەوێ دەکەن سۆر و سپیاوێ

---

* ئەو بەندەم لە مام نادری بابم گێ لێبووە لەشەوی ٢٢/٢٣-١٢- ١٩٨٥ لە دیبەگە، ئەویش گۆتی لە مام فەقێ عەوڵای دیبەگەی گێم لێ بووە.
** ئەو بەندەم لە مام نادری بابم وەرگرتییە لە ٢-١٢-١٩٨٦ – دیبەگە.

## ئای کودەری*

ئای کودەری کودەری .... بای لێدەدا دەلەری
یار لەماریێ هاتەدەر .... بەهەنجەتی کەنگری
هێ لاوۆ ماندی نەبی .... بیژی خەرکی کێندەری
لەبن چاوێ دەمرۆنتێ .... لەخۆی کردم مشتەری
خۆمن یەخسیرەک نیمە .... کەوتمە کاولە مەعمەری
خەریتەم جەللاتینە تفەنگم لە ملییە .... هەروا دەنگم هەردەدا لە زاریێ گەرییە
کیژان سوعالیان دەکرد کورە لۆ دیارنییە .... تخوا لە کورەی گەڕێن مەرەقی زۆر گرتییە

## فاتمێ زالمێ / بۆ شایی سووسکەیی دەبێت **

فاتمێ زالمێ هەکەنگی هەتا کەنگی
فاتمێ زالمێ مەمکت سێوی حەفت ڕەنگێ
فاتمێ زاڵمی لەخڕییان نایەنە چەنگی
فاتمێ زالمێ هەر ئەورۆ ئەورۆ
فاتمێ زالمێ دونێ دانی نیوەڕۆ
فاتمێ زالمێ مەچووە کۆریێ ناو ڕەزی
فاتمێ زالمێ گەرمایە و مێش دەتگەزی
فاتمێ زالمێ چەندم گۆت دیسان دیسان
فاتمێ زالمێ مەمکت سێوی هیندستان
فاتمێ زالمێ لەخڕییان نایەنە دەستان

---

* ئەو پارچە هۆنراوەیەم لە جوانەمەرگ کاوێسی برام وەرگرتیە، ئەویش لە مام نامقی مام ڕەشیدی دیبەگەی وەرگرتبوو نووسیبوویەوە ،

** حاجی مەولود عەزیز عەیشۆک دیبەگەیی

**ڕۆژەک لەڕۆژان/** بۆ شایی سێ پێیی *

ڕۆژەک لەڕۆژان سەرلەسبیانێ .... یارم ڕاوەستا لە زار هەیوانێ
بەدووچاوی ڕەش دەیکرد گریانێ .... بە سنگی سپی دەیکرد کوتانێ
لۆچ دەگرییێ هۆ کیژە جوانێ .... چ کراسم نیە پێی بکەم دیلانێ

**وردە بەندی فۆلکلۆری***

- ڕوومەت زەردو سۆر کوریکە لەبوارێ .... ئارەقی ناو مەمکان وەک ئاو دێتەخوارێ
- ئێرە و دیبەگە جانە و تیکالۆ .... هیچ خاڵم نەدیت وێنەی خاڵی تۆ
- بۆیە خۆشم دەوێ جادەی بەرسەرا .... پێی دا دەڕواتن ئامینە و زارا
- تەمبۆڵێ پێدا هەی پێدا و پێدا .... شاری ڕواندزێم سەد عەسکەر تێدا
- هەی کەژێ عەمرم کەژێ .... مەمکت وەک ئاو دەهەژێ
- ئێرە قەت بەجێ نایەلم .... تالەسەرت خوێنم نەڕژێ
- کورە مەکە داکم دیارە .... کورە مەکە مار لەسەر مارە
- بەو شێخەکەی لەمەنداوێ .... دەڕواتن پەلاران داوێ .... دۆستی گرتیە و ئەمنی ناوێ
- یەتیمەک بووم لەمەنداوێ .... کاکە سوورەی لەخۆشاوێ
- ئەوڕۆ ڕاوکەر دینە ڕاوێ .... عەلی قوتار کەن لەداوێ
- مەستی هەی مەستی .... هەنارەو لەسەر دەستی
- ئەو کچەم لۆیێ خۆش دەوێ .... لەشەو ڕاوان ناوەستێ

* ئەو بەستەیەم لەناوەڕاستی حەفتاکان لە خوالێخۆشبوو حاجی مەولود حاجی عەزیز دیبەگەیی گوێ لێ بووە.
** ئەو چەند دێرە هۆنراوە فۆلکلۆریەم لە دەروێش تاهێر جاستانی سیان (تایەرە شێت) گوێ لێبووە کە کەسێک بوو لە ناوەڕاستی سالانی حەفتاکان لە دیبەگە بوو ، ژن و مالی نەبوو ، خوالێ خۆشبوو حاجی جەعفەر محمود سێودین دوکانێکی دابوێ بۆ خۆی تیا دەژیا ، دەروێش تاهێر مەجلیسی خۆش بوو، زانیاری باشی هەبوو لەسەر ئەدەبیاتی کوردی و فۆلکلۆری ، شعری شاعرە کۆنەکانی وەک شێخ رەزا و صافی و نالی زۆر لەبەر بوو ، جگە لە بەسەرهات و قسەی نەستەقی زۆر لابوو.

- هەتیم مەکە خەیاران بەو حارەی لۆ توو نابم .... پاشی نوێژی عیشایێ دەمەک وەرە کن بابم
- دوو قسانی لەگەر بکە هی سێیەم ئەمنت لابم .... ئەگەر ئەمنی نەدایێ گەوادە و لەکنی نابم

## هاتیە لە لای*

هاتیە لەلای سەردەشتێ .... تۆ گەز حەریر لە پشتێ
تێی هەردەن لە گولەی سەگباب .... گورگ بیخوا لە دەشتێ
هاتیە لەلای هەولێرێ .... چاوانم لێ دەگێڕێ
لۆخۆم کیژەی دەخوازم .... بەهەزار لیرەی زێڕێ
هاتیە لەلای مەخموورێ .... بارم بەلام دا بووری
ئیشارەتم دەداتێ .... وەڵڵا بە دوور بە دووری
هاتیە لەلای دیبەگەی .... بڕۆنتە ئەو شۆخ و شەنگیەی
لەو درێژییەو لەو ڕەنگەی .... لەو قیمەت و لەو سەنگەی
هاتیە لەلای ئەو دیوی .... جوانە وەک مامزە کیوی
هێ کچێ بینە ماچت کەم .... چەند عەیامە نەمدیوی
هاتیە لەلای ئەوجادەی .... سپیە هەروەک شەحادەی
گۆتم کیژێ زۆر جوانی .... ئەگەر زولفانت بادەی
هاتیە لەلای خزمانی .... بڕۆننە سەیرو نزمانی
بەچاوان پێم دەرێتن .... کورە زۆر بەستەزمانی
هاتم لەلای پردێیە .... هەگبەکم لیرە پێیە
باداکم پێ نەزانی .... لۆ داخوازی ژنێیە

## کیژ هەر کیژی **

کیژ هەرکیژی دیبەگەیە .... بسک سۆری بەخەنەیە
سینگییان پانە لۆ گەمەیە .... ئەگەر نەمرین هەر لۆمەیە
کیژ هەر کیژی دێمەکاری .... قوتکە قوتکی بن دیواری

---

* خاتوو گەرحە بندیان لە ٢-٢-١٩٨٦ لە دیبەگە
** خاتوو گەرحە بندیان لە ٢-٢-١٩٨٦ لە دیبەگە

ماچیان دەدا پڕ بەزاری .... لەبۆ کوڕە مام و خاری
کیژ هەر کیژی عاڵڵایە .... رەنگییان زەردە وەک حەلوایە
لەجوانیان وەک چرایە
کیژ هەرکیژی بندیانانە .... جرجە کۆرەی تەلانانە
ئەگەر نەمریین لۆ خۆمانە
کیژ هەر کیژی سۆفی سمایل .... هەمووی بەزریزە و حەمایل
بەماچەکی نابن قایل
کیژ هەرکیژی لهێبانە .... سینگ سندوقی کتێبانە
چاو گچکۆکەی روومەت پانە .... گەردەن کێلی رکێبانە

## بوکانێ *

لەکاتی بوک گواستنەوە کچان و ژنان کۆدەبوونەوە و گۆرانیان دەگۆت ، بەتایبەتی لە دەشتی هەولێر ئەو گۆرانیە (بوکانێ) زۆر باوبوو
بوکانە بوکانە بوکێ .... بوکمان گەلەک جوانە بوکێ
بە مۆری و مەرجانە بوکێ .... کەسک و سۆر لە ملانە بوکێ
پەنجەی لە خەنانە بوکێ .... قابیل بە کوڕمانە بوکێ
داکی لە جلکانە بوکێ .... ماریان بێ کابانە بوکێ
ئەو هاتەم پایزە بوکێ .... گەنم و جۆ فریزە بوکێ
بوک لە داکێ زیزە بوکێ
ئەوهاتەم بوارە بوکێ .... گەنم و جۆ سوارە بوکێ
داکێ بوکێم هارە بوکێ
رێیێ موسرێم دەرزی بوکێ .... زاوا پێی دابەزی بوکێ
هینای سەر و کەزی بوکێ
رێیێ موسرێم تاتە بوکێ .... زاوا پێی داهاتە بوکێ

* خاتوو گەرحە بندیان لە ٢-٢-١٩٨٦ لە دیبەگە

هینای شەش خەراتە بوکێ
دەرزی و ئەنگوستیلە بوکێ .... هەمووم دا بەرتیلە بوکێ
هێشتا نا قاییلە بوکێ
دەست و دەستەوانە بوکێ .... هەمووم دا لە ژوانە بوکێ
هێشتا سەر گرانە بوکێ
بەردە وەی بەبەردە بوکێ .... دەلالێ بە بەردە بوکێ
گەردەن سوسنی زەردە بوکێ .... لێت پیرۆزبێ پەردە بوکێ
بەئاوا بە ئاوا بوکێ .... ئازیکەند بە ئاوا بوکێ
پیرۆزت بێ زاوا بوکێ
گوربام لە گورە سۆرێ بوکێ .... بمچینن لە خۆرێ بوکێ
مەم دەنە خۆخۆرێ بوکێ
گوربام لە گورە زەردێ بوکێ .... بمچینن لە وەردێ بوکێ
مەمدەنە نامەردێ بوکێ
گوربام لە گورەشینێ بوکێ .... بمچینن لە هینێ بوکێ
مەمدەنە بێ دینێ بوکێ
ماینێ بوکێم سۆرە بوکێ .... سەرزینەی گۆر گۆرە بوکێ
قۆناغ گەڕەسۆرە بوکێ
ماینێ بوکێم ڕەشە بوکێ .... سەرزین خونچەی گەشە بوکێ
قۆناغ گەڕەبەشە بوکێ
ماینێ بوکێم بۆزە بوکێ .... بردیان هۆز بە هۆزە بوکێ
قوڕ بەسەر ئامۆزە بوکێ
ماینێ بوکێم جوانە بوکێ .... سەرزینی کەتانە بوکێ
قۆناغمان قەپرانە بوکێ
ماینی بوکێم شێیە بوکێ .... زینی زەردی لێیە بوکێ
زاوا چاوی لێیە بوکێ
کانیەک لە چیای دەربوو بوکێ .... بە بن شوقەی وەربوو بوکێ
جلکێ بوکێم تەڕبوو بوکێ

جلکێ زاواو بوکان بوکێ .... سۆر دەچی لە کوریکان بوکێ
بەسۆتکە و رازیانە بوکێ .... پەلکی غەردارە بوکێ
ئەوەی تۆ دەیخوازی بوکێ .... هێشتاکە مندارە بوکێ
بەسۆتکە و ڕازیانە بوکێ .... پەلکی گندۆرە بوکێ
ئەوەی تۆ دەیخوازی بوکێ .... لەکنە مە زۆر زۆرە بوکێ

## لەگوندان کێندەرخۆشە *

لە گوندان کێندەر خۆشە دیبەگە لە نەرمانی .... دوو کوری قازیاغی تێدا ناترسێن لە کارخانی
لە گوندیان دەردەکردن گەوادی مل ژنانی...........
لە گوندان کێندەر خۆشە دیبەگەی سرێمانی .... قۆندەرەی زاق وزرۆقی دەگری پێی وپاش پانی
چاوێ وەستایی کۆرەبی لەگەر دەرزی و دورمانی .... کیژێ بینە ماچتکە م چاو کار لۆ هە ندە جوانی
دیبەگەم دیبەگەیە گوندێ حەسەن ئاغەیە .... دیبەگە م لوێێ خۆشە کارغەزالی زۆرهەیە
وە کی پێرو هەراتن غەزال دەکە ن گەمەیە
چوومە سە ر زوورگە زراوی چەند بە زوورگ وتەلانە .... شۆربوومەوە دیبەگەی شارەکی ئاوەدانە
قاڕەی کار وبەرخان دێ دەرێی ئاخر زەمانە .... لە جادەی پیاسەم دەکرد ئەوبەر ئەوبەر دوکانە
کانیەکەی داودەرەشی جێیێ شەدەشلانە .... بیری حاجی خدری جێیێ چارۆگ زەردانە
ئاوی کاریتان گەرمە کۆرکەر کۆریان لێدانە .... دیبەگەم زۆر مەشوورە کیژوکاریان جوانە
جاحێریان زۆر درتەڕن هەردەم لە شاییدانە .... کوڕیان زۆر خیندەوارن دەچن لۆ قوتابخانە
دیبەگە لۆیێ خۆشە بەکۆڕو دیوەخانە .... مەجلیسیان دادەبەستا ئەختیاری زاناودانە
دەچمە کن حسن ئاغەی پیاوەکی خانەدانە .... گۆتم هانام لۆ هینای دەردم گەلە گرانە
ئەشقی کیژەکی بوویمە ماریان لە کاریتانە .... بابی گەڵەک عینادە نامداتێ بێ ئیمانە
ئەگەر لۆم عیلاج نەکەی خۆم دەکوژم بەو قورئانە ....
لە دیبەگەی باردەکەم خۆ مرکی بابم نیە
دەچمە مەعمەرئۆمەران دەرێن گوندێ سعدیە .... وەکی دێمە وێندەرێ شاییەکەم دابستیە
وەکی لە شاییم دەدا هەمینم لە دەستیە .... بەژنی گەلەک شلکە هەر دەرێی شۆرەبیە
تیلاکی گەلەک خوارە هەوری لە ملان کەتیە .... گەردەن قەندێ شەکری مامزەکی لێنەخشیە

---

*خاتوو مەها دزەیی دیبەگەیی  لە ٢٠٢٠.٥.١٢

لە ناو ئاغە و کرمانجان قەت کیژی وام نەدیتیە
لە گوندان کێندەر خۆشە دیبەگەم زۆر بەناوە .... گوندی حەسەناغەیە هەمووی جۆت و بەراوە
لەسەر سەکووم ڕادەبوارد هەمووی جاعێر و لاوە .... دەنگە دەنگی ئەختیاران زرەی فنجان و قاوە
چوومە ماریَ یاری خۆم بستەک پێشی رۆژئاوا .... لبادێکی ڕاییخست بالیفێکی پارداوە
گۆتی فەرموو دانیشە، هەتیمی بەرەک چاوە .... یارم خولق و خۆی نەبوو کردیە دۆو دۆشاوە
بێ عیلاج و بێ مەفەڕ لۆ ماریَ بامدەداوە .... تیرەکی لەجەرگم دا لێی دەکردمە تیراوە
پیرێژنەک بە منی دەگۆت رۆرە ڕەنگت گۆڕاوە .... داپیرە لە من گەڕێ تازە کارم تەواوە

## هانای بەبەر خوای دەبەم *

هانای بەبەر خوای دەبەم دووەمین بەبەر سوبحانی .... لامدا لەبۆ دیبەگەی سبەینەکی بەیانی
تاقمە کوڕەک ڕێککەتین چووینە سەر قەبرستانی .... تۆق لە ئاسمان هاتەخوار کەتە ملی شەیتانی
مارەکمان چەند شیرین دیت کۆشکەکییان لەسەربانی .... کیژەکییان لەحەوشەی بوو وەسفی ناکریَ لەجوانی
بەژنی گەلەک شلک بوو وەکی دارحەیزەرانی .... خشل و زێڕی لەخۆدابوو دەستووری دزەییانی
هیزارەکی لەسەری هەوری کەتبووە سەرشانی .... بسکی گەلە درێژبوو کەتبووە سەرشلکەی ڕانی
سینگ دۆشەکی دەوڵەتی ڕاییخن لۆ میوانی .... چاو ئەستێرەی سیوەیلی دایم لەناو هەورانی
ئاگری لەجەرگی بەردام ئەو دوو برۆی قەیتانی .... خەریتەم لەخۆ بەستا دەستم کردە کارخانی
گۆتم وەرە بابرۆین دەمەک پێشی بەیانی .... دەچیینە کن عەلیاغەی کوڕەزای کاکەخانی
شاییەکی دابەستایە هەر لۆ کەیف و سەیرانی .... هەر لەگۆمی مارەوشان هەتا دار دێدەوانی
چەند شاعیر خڕبوونە بولبولی کوردستانی

## خانم شل و مل**

خانم شل و مل شەو دێمە پارت .... دەگرم شەمامان دەژمێرم خارت
خاری گەردەنت سی و هەشت و نۆ .... هیچ خارم نەدیت چەشنی خاری تۆ

* مەهادزەیی لە ٨-٥-٢٠٢٠ هەولێر
** ئەو چەند پارچە هۆنراوە فۆلکلۆرییەم لە خاتوونێکی دیبەگەیی وەرگرتووە ،لەرۆژی ٢٢/ ٦ /٢٠٢٠ لەدیدارێکی تایبەت

هەر لە دیبەگە جانە و تیکالۆ
خانم شل و مل کیژە گەردیە .... سنگی دۆشەکە مەمکی هەرمییە
وەرە بەر ماریێ کەس لە ماریێ نییە
خانم شل ومل کیژۆرە سیانە .... سینگی دۆشەکە مەمکی فنجانە
وەرە بەر ماریێ مار بێ کابانە
* لەبنەوار و لەبنەوار ر دونێ رۆیشت کۆچ و بار
کۆچی کێ بوو کۆچی یار .... لێم گێڕاوە بازن و گوار
بازن و گوارە و پرپرە .... هەوکی بە قەنەفرە
کیژ دەڕۆن باریان گورە
* دەک نەمینێم نەمینێم .... چەندجاری ناوت دینم
دەکولێتەوە برینم
چەند برینی کەون و نوو .... هەمووم لێهاتن بە سوو
سەبارەت بە چاوی توو
مانگ لە عاسمان ڕاوەستایە .... چەند ئەستێران دەوریان دایە
یاری خۆمە و لێم تۆرایە
مانگ لە عاسمان بیست و سێیە .... لەسەر سنگت ئەلف و بێیە
نەم خیندیەو دەرسم پێیە
چاو دەگێڕم نابینم کەس .... گریانم دێ بەدر و هەوەس
یاری خۆمە و نایدەم بەکەس
چاو دەگێڕم لە حەساران .... پرسیار دەکەم لەدەراران
دیار نییە لەیلێ جاران
لە سلێمانی بەڕێکەتم .... لەگورەزەردان بەدەرکەتم
بەدوو کۆچی یارێ کەتم .... یارم نەدیت نەخۆش کەتم

## کاکە سەریێ من دێشێ *

کاکە سەری من دێشی دەردی لەدرم بەبرینە .... دەچمە بستێی شاقازی ئەوبەر ئەو بەر کانینە
دەراوێ گردە سۆری دوو قورینگی لێ نیشتینە.... دەستم دەدا تفەنگێ نیشانەم لێ گرتینە
وەکی تەمەشام دەکرد لەتالحێ من فڕینە ....
بەخورامی شەمامان بم سرپبوون لەبەر شەوایێ.... گەردەن ماینێ مەمەندی بەخۆم تەرم دەدایێ
سینگ قەسرێ ئەفەندی لێبکەن کەیف و سەفایێ.... حەفت ساران لەدووی گەڕام تازەم هینایتە ڕایێ
پێم گۆت لەبۆ ماچەکێ پرسی دەکرد بەدایێ.... چاوێ داکی کۆرەبی چونکو چ ڕێی نەدایێ....
گرانەتاو سێبەڕۆ لەسەری کەن دەعوایێ....
یار لەمارێ هاتەدەر شەوقی دەدا ئۆمەتێ .... زوڵف و پەرجەم هاتنەخوار بەسەر چەرخێ ڕوومەتێ
دوگمەو گوارەو هەیتوو هووت تێکرا غرمژیان کەتێ .... لەچاوان دەرێ بازی لەڕۆینێ دەرێی قەتێ
سی شەوی ڕەمەزانێ فەرزە لەسەر ئۆمەتێ .... لەدنیایێ لۆم نەبووی چت لێبکەم لەقیامەتێ
هانایێ بەبەر خوای دەبەم دوومین بەبەر پێغەمبەر .... ئەشقی دوو گوری سۆرم جۆت پەرچەمیان وا لەسەر
لەئاهوو نزاو ونوورم دەسووتا مەرگەو پشدەر .... وەکی خودا نەینووسی چبکا عەبدی قەلەندەر
یار لە ماران هاتەدەر شەوقی دا وەک ئاگری .... زولف و پەرجەم هاتنەخوار بەسەر ڕومەتی گوری
دنیای هەراسان کردیە بەبۆنێ قەنەفری .... لەجوانی دەرێ بازی لەڕۆینێ وەک کۆتری
سی شەوێ ڕەمەزانێ فەرزە ئۆمەت بیگری .... لەدنیایی لۆم نەبووی چت لێ کەم لە قەبری

## هێ برام**

هێ برام سەریێ من دێشێ دەردێ لە درم گرانە.... دەچمە دەشتێ قەراجێ چەند خۆش و ئاوەدانە
دەچمە برایم باولی ئەسل گوندی خۆمانە .... لەو گوندانەی قەراجێ شارەزام لە هەمووانە
ناچمە قەبری سەیدی ئەو گوندی عارەبانە .... تەلمەتار و دینگاوە هەردوو گوندی سیانانە
جوکوژ و غەرابە سیاو شارەزام نیە لەوانە .... دەچم لەبۆ دووسەرەی گوندی مامەسێنیانە

---

* ئەو چەند پارچە هۆنراوە فۆلکلۆرییەم لە خاتوونێکی دیبەگەیی وەرگرتووە ،لەرۆژی ٢٢/ ٦ /٢٠٢٠ لەدیدارێک لۆی گۆتم

** هەمزە عەولا بندیان ٢٠٢٠/١/٤

هاتمەوە لۆ لاسۆری ئەو گوندی برباسانە .... کودیلە و گردەڕەشە هەردووک بەرانبەرمانە
قوچەسپیلکە و گردەبۆر هەردوو گوندی سیانانە .... ناتانم چیتکە بڕۆم ئەولا هی عارەبانە
هاتمەوە برایم باولی چەند خۆش و ئاوەدانە .... ئاووهەوای ئەو گوندەی سوندێ دەخۆی دەرمانە
ئەوجارەش ئاوەدان بێ لۆ خاتری ئەو خزمانە

## لۆت نەمام*

لۆت نەمام و لۆت نەمام لۆت نەمامە ئامینێ .... ئەوڕۆ لۆ چ عادز بووی بە دایم دادەمینێ
نەتگۆت ئەدی دەتخوازم وا گەشتینە هاوینێ .... تخوا سەبرم لێ بگرە باهەرگرم جۆخینێ
گەنم و جۆی هەڕاج دەکەم لەبۆ نەختێ ئامینێ .... مەڕو ماری دەفرۆشم لە بۆ نەختێ ئامینێ
لۆت نەمام و لۆت نەمام لۆت نەمامە چەند جوانی .... کراس و کەوێت لەبەرکە بەخوا گەلەک پێ جوانی
تخودا لەبەر درێ من جارەک وەرە کۆرانێ ....
لۆت نەمام و لۆت نەمام لۆت نەمامە بەس بەخۆم .... ئەگەر لێرانە بڕۆی ئەمنیش لە دوو توو دەڕۆم

## مەحتێ یارێ**

لۆت دەکەم مەحتی یارێ لۆت دەکەم مەحتی یارێ .... ئەوڕۆکە تەواو نابێ ، سبەی هەتا ئێوارێ
کاکە یارم وا رۆیی دەرێی پشتی شکایە .... سینگی لیسی کۆتران جیقنەی لەسەر ڕژایە
خیوەتەکی لەبەردا پێنج سەد پینەی تێدایە .... وەکی تەماشای دەکەم دەرێی داکی ویم گایە
بەژنی چەندە برندە هورگ پاری پێدایە .... سوندەکی گەورە دەخۆم دوو گوجیلەی تێدایە
پەرچەمی بنە کفرە ، بزن دەوریان لێ دایە .... گێی مراکی سەپانان هێستر لەقەی لێنایە
چاو قۆدیلکەی دۆشاوی، مێشان دەورەی لێدایە .... دەو قاپێلکەی ئاگری ، هەموو رۆخی سووتایە
کەپووی هێلانە قولتە ، تارە بنیشتی دەردایە .... لچ کراشی پەڕۆین ، حەفت تیرەی لێ پسایە
ددان شەنەی حەفت لکە ،بەسیرمەی خاوکرایە .... کەزی کلکی کارێیە ، لەریخێ وەردرایە
پەرچەم پەلکی کفرێیە ، بزنان دەورەی لیدایە .... ڕوومەت پەلکە شفتییە ، مریشکان دندووک لێدایە
مەمکی دۆدانەی دۆیە ، دۆی لەناو کزکزایە .... دەستی دەرێی تیرۆگە ، لەسەر فەرشەی گەڕایە
لنگی داری تەندوورە ، لەدووکەرێ خنکایە .... چارۆگ پزدانی کەرێ ، لە لاقانی ئارایە
قوونی قۆتەرەی ئاشی ، تەورە و پستەی پسایە.... وەستا برایم کۆرەبی ، حەفت عەربەی زەرەر دایە

---

* هەمزە عەولا بندیان ٢٠٢٠/١/٤
** بەستەیەکی کۆنی فۆلکلۆرییە

## بەستە و مەقامی توورگ*

چەقەل گیانداریێکی شیردەرە لە تیرەی سەگ و ڕێوی و گورگە. چەقەڵ لە گورگ بچووکترە و زۆر بە ڕێوی ئەچێت و هەموو کەس ڕێوی و چەقەڵ لەیەک جیا ناکەنەوە.چەقەڵ هەر وەک گورگ و ڕێوی لە ناو کونەشاخ و لە کونی ناو زەوی دەژیی. گیانداریێکی شەرمن و ترسنۆکە.ئەو بەستەیە لەمنداڵییەوە بەکاسێت گوێم لیّ بووە و زۆر کەسیش بۆ گاڵتەو قۆشمەیی دەیانگوت ،

دەی دەی دەی دەی دەی وەی وەی وەی وەی وەی

توورگە توورگە هیّ برام لەبەر توورگی شین.... کەس ناوێری لۆی بچین .... بوویتە گورگی دەو بەخین

تەها ڕەشکەی عەوێنە .... توورگی گرت بە پژدێنە .... سەگباب دەبی خنکێنە

لەولا ڕادیّ سوڵتانە .... چارۆگەی لەسەر شانە .... بە توورگی کرد جۆلانە

مام رەسووکەی لەدێیە .... کارک و گۆریەی لەپێیە

دوو گووجیلەی پووزەی پێیە .... دەریّ توورگ لەکێیە

توورگ خودا بتگری .... ڕێیێ باریک دەگری .... لۆ کن حاجی قادری

حاجی قادر قەلەندەر .... چاوی بەتوورگی دەکەت .... سەد مەڕی دا لەدەفتەر .... نەوەک توورگ بێتە دەر

هیّ برام لەبابی غوربەت ، کاکە لەبابی غوربەت .... چاوی بەتوورگی دەکەت .... حەفت ڕۆژان ناوکی دەکەت

حەمە دەریّ ئەی فاتم .... بەپێش قەرات داهاتم .... تووشی دوو توورگان هاتم ... بەپێی ماینیّ هەراتم

بەسیّ دەریّ قەت کەسیّ .... بەس بکە هوردە فسیّ .... پیاو لەتوورگان ناترسیّ

بەسیّ دەریّ ئەی حەوە ....لەدیوانیّ وەرەوە .... لەدیار کۆزیّ وەرکەوە ... دەست بدە ئەو دوو دەوە

لەگەر تاژییان بڕەوە .... لەگەر سەیان بحەوە .... ئەلحان توورگ دێتەوە

سوندیّ دەخۆم بەکابە .... ئەو حاجییەی لێرە لابە .... سوندیّ دەخۆم بەکابە .... توورگ مریشکیّ مە نابە

توورگ واهاتوو چووە .... هەریاندا بەر ڕمبازان.... خۆی لە کولانکان ئاواکرد چووە خانییّ کۆتر و قازان

دەی دەی دەیە وەی وەی وەیە وەیە .... هاتیە عەزیز وسووە .... لەدەستی دەستەن دووە

ئەی توورگ کێوە چووە .... چاوی بەتوورگی دەکەت .... ڕانکی پڕکرد لە گووە

حەمەد مێردی ڕەحانیّ .... کیری وەک پیشەقانیّ .... غاری دا ناو گاڕانیّ .... جاشکی دینا سەیرانیّ

---

* محەمەد گۆران بەستەکەی گۆتیە ، مامۆستا ستار مستەفا بەرزەواری بۆی ناردوومە .هەروەها عوسمان حەیرانیش گوتووتیەوە.

تووڕگ هاتنە سەیرانێ
هەتووڕگە تووڕگە .... هێ برام لەبەر تووڕگی شین .... کەس ناوێری لۆی بچین .... بوویتە گورگی دەو بەخین
تووڕگ تووڕگی عەزەیە .... ددانی دەرێی شەلفەیە .... دای لە عەمەراغەیە
حەمە ئاغەی شێخ شەروانی ..... خۆی دەنا لەدوور خانی .... دای دوو کاوڕ و بەرانی .... دەیدا مەلا عوسمانی
نووشتەکی لەبۆ بکا .... بەس تووڕگ پێی نەزانی ....
هەتووڕگە تووڕگە .... هێ برام لەبەر تووڕگی شین
کەس ناوێرین لۆی بچین .... بوویتە گورگی دەو بەخین.... لەپیرداودی بەرێکەت .... لەدووسەرەی لایدایە
لایدا حوجرەی فەقێیان ..... قەمتەرە پێوە درایە .... هاتە دیوانی گەورە .... کوو زەندەقییان ڕژایە
قەمتەرەیان پێوەدایە ....... لەچکی کەوێی دڕایە .... بەقاندرمان هەرگەڕا .... دۆخینی لێ پسایە
هێ برام لەبەر تووڕگی شین .... دنیای لەزەواق نایە.... عالەم لەدووی هەستایە
دەی دەی دەی دەی دەیە وەی وەی وەی وەیە
هاتیە ڕەسوور مام شێخە .... دووبەردی لەگونان بێخە .... شیرو هۆڕی پێ بێخە .... جێی لۆ تووڕگان ڕابێخە

## دەمەتەقێی نێوان داک و کیژ*

مارێ تەنکەی لەقەد گردی .... جەڕەی پڕبوو داینا عەردی
داکی گۆتی ماچییان کردی
کیژ:
بەپێش مارییان داڕابردم .... لەدوور کوڕەک گاسی کردم
جەڕەم خوار بوو لۆی ڕاست کردم .... سەیان دڕبوو لێی پاس کردم
دەستی ڕاستی لەملی کردم .... بەدەستی چەپ مەمکی گرتم
بەزۆرداری ماچی کردم
داک:
ئەرێ کیژم چەند عەییاری .... شەقت نەکەی وەک خەیاری
کیژ ماچ ناکرێن بەزۆرداری

---

* بەستەکی فۆلکلۆرییە

کیژ:
ئەریَ دایە مەمکە لۆمە .... ئەو هەتیمە جەرگی خۆمە
داک :
ئەریَ کیژم ناتکەم لۆمە .... پرچم سپییەو پشتم کۆمە
ئەو فێرانە لەمەڕ خۆمە
لەگەر بابت جاروباربووم ....لۆجاحێران تەبەرابووم
کیژ: ئەتوو شیشی من کەبابم .... ئەمن لە تۆ چێتر نابم

## هەتیمەک بووم لەکاروانی*

کەچەر:
هەتیمەک بووم لەکاروانی .... بەجێمابووم لەکاروانی
دیتم زەرییەک لەبەرنانی .... لامدا مارییان لەبۆ نانی
گۆتی کەچەر بگرە نانی .... گۆتم زەری ناگرم نانی
هەتا نەکەم ڕامووسانی .... سەد حاشابیَ لەکاروانی
زەری:
گۆتی کەچەر ئۆغرت خێرە .... چار برام هەنە وەکوو شێرە
گاسییان دەکەم بێنە ئێرە .... بەخەنجەران بتکەن گێرە
خۆت بەگۆڕستانی بسپێرە
کەچەر:
گۆتم زەری نارۆم لێرە .... هەتا ماچت نەکەم تێرە
زەری:
بیژی کەچەر چەند زۆرەوی .... مستەکت دەم لەبەر دەوی

---

* بەستەیەکی فۆلکلۆرییە

زار و زمانت پێکدی کەوی .... سەرت بروا قالبت کەوی
ئەتوو کەچەر چت لێم دەوێ
کەچەر:
وەڵلا زەری نارۆم لێرە .... هەتا ماچت نەکەم تێرە
زەری:
دەبمە کۆتر کۆتری سپییە .... دەچمە بن پەڕی هەورییە
ئەتوو کەچەر دەردت چییە
کەچەر:
تۆ کۆتری من کۆلارە .... پەڕوبارم شەست هەزارە
لەبن هەورت دێنمە خوارە .... بەمامۆستای دەتکەم مارە
زەری:
کوڕە کەچەر ئەمن مارم .... مارەکی حەفت سەری هارم
کەچەر:
ئەتوو ماری ئەمن شەهێنم .... لەبن عەردی دەرت دینم
لەکن مەلای دتگەوزینم
زەری:
هەتیم کەچەر من قەراتم .... کەس بەردەکی لێ نەبزافتم
کەچەر:
تۆ قەراتی من لەشکرم .... حەفت ساران دەورت دەگرم
یان دەتگرم یان دەمرم
زەری:
هەتیم کەچەر وەرە پارم .... گوو بەڕیشی مام و خارم
لەورۆکەوە لەبۆت یارم

## شایی دورنەی*

کاکە سەرم چەند دێشێ ، دەردێ لەدرم کەسەرە .... هێ برام سەرم چەند دێشی دەردێ لەدرم کەسەرە

دەچمە سەرچیای قەرەچوغ سەر هەتاو بن سێبەرە .... لەو خەندەکی خەلیفەی هۆبە ئەو بەر ئەوبەرە

دووکیژی گوارە زێڕین لە ماران هاتنە دەرە .... دوو تەیری شاپەڕ سپی لەسەرییان کرد سێبەرە

ئەو تەیرانە بناسن ، یەک بازە و یەک سەقەرە .... ناوی کیژان بزانن ئەسمەر و خاتوو پەرە

ئەنگوستیلەی دەستێ وان زێڕ و دوڕ و گەوهەرە .... یارم لەشەنەغەیە و باریکە و رەش ئەسمەرە

## مەشکە هەژاندن

لەکۆنەوە مەشکە هەژاندن تێکەڵ بە گۆرانی و جوانی ئافرەت کراوە، ئافرەتان لەکاتی مەشکە هەژاندن گۆرانییان لەگەڵ دەگوت ، وەک ئەو بەندانەی خوارەوە:

مەشکم مەشکی مانگایە .... دەیژێنم لەو بێڵایە

ئەوڕۆکە دەنگی نایە

مەشکم مەشکی مانگا قوڵە .... دەنگی دێ وەک زەنگوڵە

بۆخۆم ئەو کچەم بەدڵە

مەشکم مەشکی گامێشێ .... چەندم شان و قوڵ دێشێ

عەزاب روحم دەکێشی

## چەند بەستەی فۆلکلۆری زیاتر لە تەمەنی منداڵی و هەرزەکاری باوبوو و دەگۆترا خۆم لە بەرم کردبوو.

ئاوی بەلوعە

تازە هاتبوو ئاوی بەلوعە .... پێم گوت بۆ ماچێ گوتی مەمنوعە

تازە هاتبوو ئاو لۆ مەخمووری .... پێم گوت بۆ ماچێ گوتیی زۆر دووری

---

* ڤدیۆک بەناوی (دانیشتنێکی کۆنی مالی مام سابیر بەحرکەیی)ە ، مامۆستا بورهان حاجی سمایل مەلاقەرەیی بۆی ناردووم.

تازە هاتبوو ئاوو کارەبا .... بەکنم دارِۆیی نەیگۆت مەرحەبا

تازە هاتبوو قەمەرەی لادا .... لە قەرەبارغی خۆمم پێ دادا

تازە پەیدابوو قەمەرەی تەکسی .... مۆدیلی گۆڕی بەکراسی مەکسی

ئەو هۆنراوەیەم لە منداڵان گوێ لێبووە بە تایبەتی کچ لەکاتی یاریکردن بەکۆمەڵ دادەنیشتن بەچەپڵە لێدان دەیانگوت .

قەمەرەک وادێ

قەمەرەک وادێ سوکانی شینە .... کاکمی تێدایە ناوی یاسینە

قەمەرەک وادێ سوکان قەدیفە .... کاکمی تێدایە ناوی شەریفە

قەمەرەک وادێ سوکانی زەردە .... کاکمی تێدایە ناوی ئەحمەدە

قەمەرەک وادێ بە دیدە دیدە .... کاکمی تێدایە ناوی مەغدیدە

قەمەرەکدا دێ لەڕێی هەولێرێ .... کاکمی تێدایە چاوان دەگێڕێ

قەمەرەک وادێ لەڕێی مەخموری .... کاکم تێ دیارە لەدوور بەدووری

قەمەرەک وادێ پشتی لە تۆزە .... کاکمی تێدایە زۆر جوان و قۆزە

قەمەرەک وادێ سۆرەکی تاری .... کاکمی تێدایە هاتەوە لە شاری

قەمەرەک وادێ گەشتەوە مارێ .... کاکمی تێدایە لێ دێتە خوارێ

ئەو هۆنراوەیەم تەنها لەیەک کەس گوێ لێ نەبووە ، بەڵکو لە زۆر کۆڕی شایی و سەیران و بەزم بە گۆرانی گوتراوە منیش هەرکۆم کردۆتەوە و وا زۆربووە زیاتر لەسەر ئاوازی گۆرانی ( دووسەر لەسەر سەرینێ) گوتراوە

قەراتی هەولێر

قەراتی هەولێر بنی لەبۆشە .... ماچی ئەلمۆدان بەپێوە خۆشە

قەراتی هەولێر سی مەتر بەرزە .... ماچی ئەلمۆدان بێ ترس و لەرزە

قەراتی هەولێر بەمەترو گەزە .... ماچی ئەو کیژە لەبۆمن فەرزە

قەراتی هەولێر پشتی لە چیایە .... ماچی ئەلمۆدان دەرێی حەلوایە

قەراتی هەولێر روو لە بازاڕی .... کرمانج جوانترن لە کیژە شاری

قەراتی هەولێر روو لە سەفینی .... کۆترە باریکەی لە چیای دەخینی

قەراتی هەولێر روو لە مەفتەنێ .... خوایە ئەو کچەم کەینێ دەدەنێ

قەراتی هەولێر نیوەی ڕوخایە .... لە جلکی دیارە کیژە پاشایە

قەراتی هەولێر لولە لولەیە .... لەسەر ماچێکی شەڕە گوللەیە

قەراتی هەولێر ڕوو لە دەشتێیە .... ئەوکیژە جوانە هی بە هەشتێیە

قەراتی هەولێر ڕووی لە خۆمانە .... ئەو کیژە جوانە زۆر خان و مانە

قەراتی هەولێر ڕوو لە ئاقاری .... ئەوکچە کرمانجە لۆم دێتە شاری

قەراتی هەولێر برند و خڕە ............ مەمکی ئەو کیژەی وەک تۆپە قوڕە

قەراتی هەولێر چاردەوری کەسکە .... کراسی ئەو کیژە کن مەمکی تەسکە

قەراتی هەولێر یاخوا ئاوابێ .... مەمکی ئەو کیژە هەروا ساوابێ

**ئەو هۆنراوەیەم لەمنداڵی بە گۆرانی گوێ لێبووە و دوایی نووسیومەتەوە**

بەهارم لێ شادییە .......... ئەو بەزمە ئازادییە

ئەورۆ رۆژی سەیرانە .......... هەڵپەڕکێ و گۆرانییە

ماینەکی ئینگلیزی لەگەڵ دوو ئێسقی شێوان

تفەنگەکی برنۆبێ هێوارێ نزیک شێوان

هەڵی دەگرم و دەڕۆم دەچمە ناو عەجەمستان

چەقلە و پەقلەی لۆ دەرێم بە زمانی جولەکەکان

قیرسی کافر دەبم دەچمە سەر دینەکەی وان

**ئەو هۆنراوەیەم لەمنداڵی بە گۆرانی گوێ لێبووە و دوایی نووسیومەتەوە**

شاییەکم دابەستییە .......... لە پێش مارێ لەعلییە

لەعلی لۆچ دەگرییێ ......... خۆ بابت نەمردییە

بابت وا لە شەرێیە ............ تفەنگی لە دەستییە

کاکت چویتە ناو خزمان......... دەگەڕێ لە ژنییە

ئەتوو ماچەکم بدێ ............ هیچ کەس عەلاقەی نییە

هەرکەسێ بەدکارمان بێ .... گووی دەکەم لەڕدێنییە
شاییەکم دابەستایە ........ لەپێش مارێ لەیلایە
لەیلا لۆ چ دەگرییێ .......... خۆبابت نەکوژرایە
بابت وا لەناو شاری ......... دۆخینی لێ پسایە
مندار کەتینە دووی .......... زەلهۆ زەلهۆی لە دوایە

لە منداڵی کچان یان خوشکی گەورەی ماڵ ئەو گۆرانیەی بۆ منداڵی لە خۆی بچوکتر دەگوت تاکو گریانی نەمێنێ و کرِبێتەوە و بنوێ ، یان کیژە پارچەرەکان لەناو خۆیان بەئاواز و چەپڵەلێدان دەیانگوت ، هەرچەندە هۆنراوەکە بەئاوازێک دەگوترا بەڵام وشەکانی جۆرێک لە ترس و دڵەڕاوکێ و ناخۆشی تێدایە .

## فاتەکە مەگری

فاتەکە مەگری مەگری ......... پێکرِا دەچینە قەبری
قەبر تەنگ و تارە ............... پڕ لە مشک و مارە
مشک و مار حەزیایە ........... خۆی لە ڕمبێ دایە
ڕمبێ هووکە هووکە ........... بردیان جۆتە بووکە
جۆتە بووکی میری ............ بردیان بە یەخسیری
یەخسیری قەراتێ ............. دوو دەسرۆکم داتێ
دەسرۆکێ هەورییە ............ لە ملانم پێچییە
برینی گامێشێ ................. بەردان دەقەرێشێ
بەردی ئەولای ماران ............ پێدادێ دەسماران
دەسمارت پیرۆزبی .......... لەهێسترەکی بۆزبی

## وردە حەیران و بەستە بۆ توانج و پێکەنین

داوای لێبوردن دەکەم کەهەندێ وشەی ناشیاوی تێدایە ، بەڵام ئەوە فۆلکلۆرە دەبێ وەک خۆی بنووسرێتەوە

حەیران حەمەدە .... خۆم لەملان مەدە .... یارێ توو نیمە ئەزیەتم مەدە
حەیران دەرێم شەڕە لە زوورگەزراوی .... چرم تێکەربوو لەگەر لیکاوی
حەیران لەتیتێ .... کیژێ ئەو زەمانەی روویان ڕەش بێ هی منییان کەویتێ .... هەرچی کەلانگوچکی سپی بی تەماعیان دەچیتێ
حەیران حەمەدان .... لەکەند و لەندان .... کیرێ فەقیران بەقونێ دەورەمەندان
حەیران لەتەم لەتەمبەکونی .... نەئەمە کرمانجین نە ئەتووش مەزنی .... بەران تارمەییەکی لەبەرچاوی دوژمنی.
قاز و قورینگ و مراوی .... هەرسێکییان تەیری ئاوی .... گۆشتییان دەخورێ بەخاوی
کیژۆرێ دێرێ .... نانی پانکەوە لەسەر سێرێ .... کوڕی بێوەژنان لێت نەکەن فێرێ
گەورە کیژان .... لەشەرمی ڕووان .... ماچییان دەدا لەبن کەندووان
لەسەر کانیێ شەمامێ .... پیربووی یەکت نەدامێ
مەمیلە مەمانی مەمۆ .... وەللا بابە خۆشت گۆ
هی خۆمە و نایدەم بەتۆ .... وەللا بابە خۆشت گۆ
کیرێ من بەقونێ تۆ .... وەڵلا بابە خۆشت گۆ

## سەردولکە وشیوەن

لە کۆمەڵگای کوردەواری کاتێ کەسێکی عەزیز لەماڵێک دەمرێ ئینجا گەربە کارەسات و گەنجی بی ، ئیدی ژنانی خزم و دۆستی بەستەی بەسەر داهەڵدەڵێن و بەمستان لەسنگی خۆیان دەدەن ، کاتێ ماندوو دەبن ئەو ژنەی دەنگی خۆشە و یان سەرەژنی ماڵە مردووەکەیە سەردولکەی بەسەر مردووەکەی دادەڵێت. سەردولکەش لەشێوەی مقاماتە و لەحەیرانی نزیکە. باسی جوانی و باشی و کارەکانی دەکات ، کەمێک کێش و سەروای دەداتە قسەکانی و بەئاوازێکی تایبەت دەیڵێ و ژنانی دەورویشتیشی لەگەر هەر وەستانی ژنە سەردولکە بێژەکەی دەکورکێنەوە واتە دەگرییێن.

ئەو هوردە هۆنراوانەم لە شیرنێ داکم وەرگرتووە ، کەزیاتر بۆ مردووی کوڕ و پیاو لە

شینێ دەگوتران:
فلان مردییە بەدەردان .... کەس نییە لۆی بچتە بەردان
فلان مردییە بەتایێ .... کەس گریانی لۆنایێ
یان
دوکانێ دوکانێ ڕەش بپۆشن .... ڕانک و چۆغەرەی نەفرۆشن
شە و سابوونی نەفرۆشن .... کراسی سپی نەفرۆشن
پڗدێنی رەش بفرۆشن
ئەو دوو دێرەش خاتوو ڕێزان عوسمان یەعقوب لە کۆمێنت زیادی کرد
لۆم برێنە زێڕینگران دوکانی خۆیان داپۆشن
لە دوای پەنجە ی ( مردی) ئە لقەو زنجیر نە فرۆشن
ئەو هۆنراوەش هەروا
کەسم نما مارە میرێ .... کەسم نما دەرکەی گیرێ
کەسم نەما ژن یەخسیرێ
کەسم نما هانی و مانی .... پەردەم هەربەست لە کتانی
بووک ئەوەتا ، زاوا کانی
کەسم نما کوڕی پلکێ .... کەسم نما دەستم بشکێ
کەسم نما لەهەنیشکێ
کەسم نما کەسی خۆمە .... کەسم نما مەمکەن لۆمە
کەسم نما مێردی خۆمە

## شین و شەپۆڕ (شیوەن)

هەر میللەتێک کەلتووری تایبەتی خۆی هەیە ، کوردیش لەکاتی مردنی کەسێک ژنەکان لەماڵی مردووەکە کۆدەبنەوە و لەخۆ دەدەن و دەچریکێنن زۆر جار وشەی کەسم نما و کۆرەبم و بابەڕۆ و برا ڕۆ و دایەڕۆ و خوشکە جوانەکەم ڕۆ ، دێتە بەرگوێیان ، بەپەنجەکانییان رووی خۆیان دەڕنن ، پرچیان دەڕنن ، کۆمەڵە دەکەن لەشێوەی بازنە

، بەمستەکۆڵەی لەسنگی خۆیان دەدەن و گۆرانی شینێ دەڵێن ، وەک ئەو بەندانەی خوارەوە ، یەکێک گۆرانییەکە دەڵێ و ئەوانی تریش لەسنگی خۆیان دەدەن و دەڵێنەوە، تا تەواو ماندوو دەبن و کۆڵی خۆیان دادەڕێژن و کەمێک کفت دەبن .

ئەو بەندانەی شیوەنم لە خاتوونێکی شارۆچکەی دیبەگەوە بۆ هاتووە تا بڵاوی بکەمەوە ، بۆ ئەوەی لەفەوتان ڕزگار بێت ، چونکە بەرە بەرە کەلتوورە کۆنەکە کاڵ دەبێتەوە و زۆر داب و نەریت هەیە نامێنێت.

## دیوان ودیوەخانێ

دیوان ودیوە خانێ .... کانی لاوێ دیوانێ.

دیوەخان چاکرا دوونێ .... شانەشین چاکرا دوونێ

هەراش لەگورێ زەیتوونێ .... برێنە خانم و خاتوونێ

نەمان لاوی قنوونێ

دیوەخان چاکرا پێرێ .... شانەشین چاکرا پێرێ

هەراش لەگوڵی کنێرێ .... ئاغە یادت بەخێرێ

دیواخانێ سپیە .... شانەشینێ سپیە

هەراش لەپەلکە بییە .... بەقەنەفە و کورسییە

بالیفی کورکە سپیە .... بەتوولەو بەتاژییە

بەگوراوێم رشاندیە .... ئاغە تێیدا نووستیە

دەرێن ئاغە مردیە .... خزمان بەعام تازییە

دیوەخانی چارگۆشە .... شانەشینی چارگۆشە

هەراش پەلکە بنەوشە .... بەرایخ وسەرپۆشە

دەرێن ئاغە نەخۆشە .... خزمان بە عام پەرۆشە

دیوەخان لەچیاییە .... شانەشین لەچیاییە

هەراش پەلکە گیاییە .... پەنجەرەی بەروەو بایە

بەلۆکس و لامپایە لەناو خزمان هەرایە .... دەرێن ئاغە نەمایە

دیوەخانەی لەبرندی .... شانەشینەی لەبرندی
هەراش پەلکی گیابەندی .... قاوەی بکوتن بەتووندی
ئاغە چۆل مەکە گوندی
دیوەخان لەدەو ئاوێ .... شانەشین لەدەوئاوێ
هەراش لەگوری لاو لاوێ .... دەرشێنم بەگوراوێ
ئاغەی ببەنە ناوێ
دیوەخان لەدەو ڕێیە .... شانەشین لەدەورێیە
هەراشەی پەلکە بێیە .... بالیف کورکە قەتییە
ئاغە لەسەفەرێیە
دیوەخان سەر هەورازە .... شانەشین سەر هەورازە
هەراش بەگورە نازنازە .... بالیفیی کورکەقازە
بەفەرش وسەرە نازە .... بەشاهین و بەبازە
غولامان گازە گازە .... دنیا لە ئاغەی ترازە
دیوەخان خڕو خڕە .... شانەشین خڕو خڕە
هەراشەی پەلکە گورە .... هەر چار دەورەی ئاخوڕە
ئاغەمان تازە کوڕە
دیوەخانی لەتیشی .... شانەشینی لەتیشی
هەراش پەلکی قەمیشی
لۆ ئاغەی نیک بەریشی .... دەمەک لەناو دانیشی
دیوەخان بنووە عەردە .... شانەشین بنووە عەردە
بەپەنجەرەو بەپەردە .... لەرایخان کەت گەردە
لێمانچوون ئاغەی مەردە
چووم دیوانی ببینم .... شانەشینی ببینم
بەگوراویی دەرشینم .... ئاغەی لەناو دەنوینم
چووم دیوانێ ببێرم .... شانەشینێ ببێرم
بەخزمانی دەسپێرم .... ئاغە لەکێت وەشێرم

## لۆم برێنە داکی سینەمێ*

لۆم بریێنە داکی سینەمێ دەڵێن سینەم نەخۆشە
لۆم برێنە کاکی سینەمێ زینکا بۆرەی بڕەخشە
بچتە کن وەستاکاران ببڕن کێلێ بەنەخشە
ئامانەت شاهی ماران نەخوا دوو چاوێ رەشە
لۆم برێنە داکی سینەمێ دەڵێن سینەم بێ حارە
لۆم بڕێنە کاکی سینەمێ زینکا بۆرەی حەدارە
بچتە کن وەستاکاران ببڕن کێلێ بەخارە
ئامانەتت بێ شای ماران نەخوا دووچاوێ کارە
لۆم برێنە داکی سینەمێ دەرێن سینەم مردیە
لۆم برێنە کاکی سینەمێ زینکا بۆرەی بەحریە
بچتە کن وەستاکاران ببڕن کێلێ سپیە
ئامانت شاهی ماران نەخوا سەرو کەزیە
لۆم برێنە داکی سینەمێ سینەم ناچتە پێ کۆزێ
سارەکەی هیشکە سارە پەرچەمی دەگری تۆزێ
لۆم برێنە داکی سینەمێ سینەم ناچتە خرنووکان
سارەکەی هشکە سارە دڕکی دەچت نینۆکان

* ئەو چەند دێرە هۆنراوەشم لەخاتوونێکی دیبەگەیەوە وەرگرتووە، کە لە شینێ بۆ ژن و کچی مردوو گۆترایە

## ڕەزاشا

ڕەزاشــا شــای ئێــران بــوو لەســاڵی ١٩٢٥ خزمەتــی ســەربازی الزامــی (تجنیــد) بەیاســاکرد ، دەبوایــە هــەر هاووڵاتییەکــی ئێرانــی گەیشــتە تەمەنــی ٢١ ســال بۆمــاوەی دووســاڵ خزمەتــی ســەربازی بــکات لەســەردەمی محمــد ڕەزاشــای کوڕیشــی ، ئافرەتیــش دەبوایــە ســەربازی بــکات بــەڵام لەســەردەمی کۆمــاری ئیســلامی ئێرانــی هــەر هاووڵاتییەکــی ڕەگــەزی نێــر لەتەمەنــی ١٨ ســاڵی دەبــێ بــۆ مــاوەی ١٨ مانــگ ســەربازی بــکات.

ئــەوەی قســەی ئێمــە لەســەرییەتی لــەدوای ســاڵی ١٩٢٥ بەســەربازیکردن بــووە زۆرە ملــێ خەڵکــی ئێــران پێیــان ناخــۆش بــووە، بەتایبــەت کــورد کەخۆیــان پــێ چەوســاوە بــووە و دەولەتــی ئێرانییــان پــێ زاڵــم بــووە، حەزییــان لــە بەســەربازی بــوون نەکــردووە و هۆنــراوە و گۆرانییــان بەســەردا هەڵگوتــووە، بەتایبــەت لەکاتــی شــەڕی دووەمــی جیهانــی . پــێ دەچــێ ئــەو هۆنراوەیــە گوترابــێ، چونکــە ڕەزا شــا وەک دەوڵەتــی ئێــران چووبــووە نــاو میحــوەری ئەڵمانیــا و ئیتاڵیــا و ژاپــۆن ، ئینگلیــز و ســۆڤیەت هێرشــییان بــۆ دەوڵەتــی ئێــران هێنــا و خەڵکیــش لەکاتــێ شــەڕ حــەز بــە ســەربازی ناکــەن و بکوژرێــن ، بۆیــە هۆنــراوەو گۆرانییــان گوتــووە.

لەکاتــی شــەڕی ئێــراق و ئێــران کاتــێ ســەدام حوســێن بــەزۆر خەڵکــی دەکــردە عەسکەری ئیجبــاری ، بابــم (مــام نــادر) یــادی بەخێــر ئــەو شــعرەی ئەوەنــدە لەبیربــوو بــۆی گوتــم ، ئــەو پارچــە هۆنراوەیــە بەگۆڕانــکاری هەنــدێ وشــە هونەرمەنــد محمــدی مامڵــێ یــادی بەخێــر بەگۆرانیــش گوتوویەتــی.

یاخوا ڕەزاشا تەختت وەرگەڕێ .... دوو کوڕم بەخێوکرد بەشیری مەڕێ

ڕەزاشا بردی لە بۆ ناو شەڕێ

یاخوا ڕەزاشا بەردت لێ باری .... دوو کوڕم بەخێوکرد بە قەندی شاری

ڕەزاشا بردی لەبۆ ئیجباری

یاخوا ڕەزاشا دووکوڕت بمری .... کێ بوو ئیجباری لە کوردی بگرێ

## لاواندنەوە و کڕکردنەوەی منداڵ

لەنـاو کـوردا هـەر لەکۆنـەوە منـداڵ لەنـاو لانکـەدا گەورەکـراوە و دایـکان گۆرانیـان بـۆ گووتـوون ، تاکو منداڵـەکان گریانیـان نەمێنـێ و بنـوون ، لەوانەشـە زۆرجـار ئاهـو خەمـی خۆیـان بەهـۆی منداڵەکەیـەوە هەڵڕشـتبێ .

ئـەو چەنـد بەیتـە فۆلکلۆریـەم لـە (شـیرین تەهـا) دایکـی کۆچکـردووم گـوێ لێبـووە کـە بـۆ بـرا و برازاکانمـی گوتـووە . هەندێکـی خـۆی ڕێکـی خسـتوون چونکـە توانـای هەبـوو وشــە ڕێکبێخــی لــە لاواندنــەوەی منــداڵ و شــیوەن و تازیــەدا . لەوانەشــە هەندێکـی لەخەڵکانـی پێـش خـۆی گـوێ لـێ ببـێ. هەندێـک لـەو دێڕانـە بـە ئاوازێـک دەگوتــرا لــەو کاتــەی منداڵەکــەی هەڵدەپەڕانــد ، یــان لــەو کاتــەی لەنــاو لانکــێ دەیهەژانــد.

دەکاتن گمە گمی .... لە بۆ پلکی بەگمی

دەکاتن گارە گاری .... لە بۆ پلکی خەزاری

*******************

کورە بەبە .... شەکرو شەبە .... زوو گەورەبە

باوکە ڕەشە .... دووگوری گەشە .... بۆنی خۆشە

..............................................

حاکم بەوەزیرەوە .... پۆلیس بەمودیرەوە

خۆشناو بە ئەمیرەوە.......

خەسرۆ بە ڕەسوورەوە .... هادی بە موشیرەوە

برایم بە قورشیدەوە .... بابم بە باپیرەوە

داکم بە داپیرەوە .... هەمووت بێن بە پیرەوە

لەبەرت مرم بەرۆکێ .... ماستە لە مەنجەرۆکێ .... مێوانە لە داکۆکێ

لەبەرت مرم بەرۆکە .... ماستە لەمەنجەرۆکە .... مێوانە لە پلکۆکە

لەبەرت مرم لەبەری .... ئاوی دەینا بەکەری .... لۆ دایکە قەلەندەری

لەبەرت مرم هەندیشی .... تۆز لەبارای دەنیشی

بەخۆی جوانە خوشکیشی ، یان کاکیشی یان بابیشی...

لەبەرت مرم هەندەیە .... کەرەبابی قوندەیە .... میوانی مارێ مەیە

ئەو دێڕانەشم لە ئەکاونتی خۆم بە کۆمێنت بۆ هاتووە لەلایان هاوڕێکانم.
لەبەرت مرم بەراتێ .... دەگری دەوری قەراتێ .... خزمەتێ مامی دەکات .... هەتا کیژی بداتێ
لەبەرت مرم لەبەرە .... هەتاو نییە سێبەرە .... ئەو کوڕە فێرە باغەرە
لەبەرت مرم لەولایە .... جوانە خێری خودایە .... ئەو کوڕە حاکمی بەغدایە
لەبەرت مرم لەبۆیە .... زێڕی دەدووری لەبرۆیە .... ئەو کوڕە حاکمە لە کۆیە
لەبەرت مرم هانیە ..... ڕەیحانی دەوری کانییە .... عەزیزی باوانییە
دیسان دیسان .... گورە نیسان .... دانیشت لە مەجریسان
هۆی هۆی لاوە .... گای لەجۆتی دەیناوە .... داکی ماندی حەساوە.
هەندیە مەندیە .... بڕنۆی لەخۆی بەستییە .... سەنییە و مرکییەی کردییە .... چ ژنی بەدری خۆی نییە
خوایە بدەی مرازم ..... حەفت ژنی لۆ بخوازم

**ئەو دێڕانەی خوارەوەشم لەئافرەتێکی دیکەی دیبەگەی وەرگرتووە ، بەسوپاسەوە**

کورم کورێنی دەکا .... کەپری لەڕێی کانی دەکا
گازی کیژێ گوندی دەکا .... ئەوەی جوانبی ماچیان دەکا
هەی لە ڕاوێ لەڕاوێ .... کورم دەچیتە ڕاوێ
قەتێی دەگری بەداوێ .... لۆداکی لێدەنێ بەپراوێ
پلکی نەخوا بەر داوێ
هەیی لەغەرێ لەغەرێ .... کوری من لەناو غەرێ
لەناو دڕوداوەرێ .... سەت سواری لەبەرهەرێ
لەبەری بمرم بەرۆکە .... ماستە لەمەنجەڵۆکە
مێوانە لەپلکوو کە .... لوی لێدەنێ لۆلکووکە
دەخوا بە ئەنگووستۆکە
خوایە لەمنی نەستینی .... بەقودیلکۆکان ئاوێ بینی
لەسەر قەبرم برژێنی .... پێچکووکان لێ بخشێنی
لە بەری بمرم لەبەری .... ئاوێ دەینی بە کەری
لۆ داکە قەڵەندەری
لە بەری بمرم هەندیە .... نانی لۆ پاران بردیە

لە ڕێیَ گورگان خواردیە
لە بەری بمرم هەندیە .... بڕنۆی لەخۆی بەستیە
ڕێی لە مامی گرتیە .... کیژەکی لێ ستاندیە
لەبەری بمرم هەندیشی .... تۆز لە بەژنی دەنیشی
بەخویَ جوانە بابیشی .... کەس ناگاتە خاریشی
لەبەری بمرم هەنگاریَ .... مێوژە رەشەی عەمباریَ
داکی دەخوات لە ماریَ
کەرە ک هات وبارەک هات .... کەر شەکرە بار نەبات
لەسەر چاوی داکی هات
کەرەک هاتیە باری پیَ .... کەر شەکرە بار تریَ
لەسەر چاوی داکی بیَ
یاڕەبی خوایە نوور لێی وەشیَ .... بەگزادەیە لە ژنە رەشیَ
یارەبی خوایە نوور بباری .... بزن رەشە سپی یە کاری
یارەبی بباری نوور لە جۆمیَ .... بەگزادەیە لە ژنە دۆمیَ
ئەگەر منداڵەکە کیژ بووایە کەهەڵییان دەپەڕاند ئەو گۆرانییەیان بۆ دەگوت:
کیژم جوانە چی دەویَ .... کۆشکی بەرەو بای دەویَ
کوڕی میر و شێخی دەویَ
بسکی شێیە گە بە گە .... نایدەمە حاکمی بەبە
پارەیی زۆرە زووی دەبە
بسکی جوانە بە قۆنگریَ .... نایدەمە حاکمی موسریَ
گەرمایە لە ڕییَ دەکووریَ
دەیدەمە عەباسییان .... داینین لە سەر کورسیان
بژمێری مەجیدییان
ئەگەر بیدەم بەسیَ یان .... جواب دەچی لۆدیَ یان
کیژیان بردم بەپیَ یان
ئەگەر بیدەم بە چاران .... جواب دەچی لۆ خاران
کیژیان بردم بە تاران

ئەگەر بیدەم بە شەشی .... سەر بە سەر رادەوەستی
کیژە هەولێریم ناوێ .... لەبەر سۆر سپیاوێ
کیژە کرمانجم ناوێ .... رەش بووە لەبە هەتاوێ
کیژە بەگزادەم دەوێ .... شیرنە وەکوو قەنداوێ
کیژم جوانە بەهەل هەلە .... لە دووی هاتن میر ئاودەلە
پێشکێشی ماینێ گێ بەلە .... نەختەکەشی سەت مێگەلە
کاتێ منداڵ ددانی دێت ئەوەیان بۆ دەگۆت
ددان هاتن دووسێ .... نانمان نەما لە کاسێ
داکی دەرێ قەت کەسێ .... بابی دەرێ مەترسێ
گەنمان زۆرە لە رەوسێ
ددان هاتن سێ وچار .... گەنمان نەما لە حەمبار
داکی دەرێ ئەی هاوار .... بابی دەرێ مەیکە گارەگار
جواب دەنێرم لۆ مارەخار .... لۆم بنێرن گەنمێ پار

## کۆڕ و گەمە قسەی ناو منداڵان

١ـ ئەگـەر منداڵـەک سـەری کەچـەل بوایـە و بهاتابوایـە نـاو کۆمەڵـەی منـداڵان ، منـداڵ گەمەیـان پـێ دەکـرد و ئـەو گۆرانییەیـان بەسـەر دا دەگـۆت ، منداڵەکەیـان غەمبـار دەکـرد.

کەچەر کەچەر قاقا .... پڕی سەری سماقا .... دندووک لەگووی ڕاکە
کەچەر بەئاوێ دا چوو .... پیستەی سەری لەگەر چوو
قونکە تەرۆزی تاربوو .... کەچەر لەوێ مردار بوو

٢ـ ئەگـەر منداڵـەک درۆی بکردایـە ، یـان بیانویسـتایە بەدرۆزنـی دەربینـن ، پێیـان دەگـوت : درۆزن .... کلکـە بـزن

٣ـ جـار هەبـوو کۆمەڵـە منـدارەک گەمەیـان دەکـرد لەجێیەکـی بڵنـد خۆیـان فـرێ دەدا خـوارێ ، یـان لەسـەر چاڵێـک قۆرتێـک پازیـان دەدا ، ئـەوەی نەوێرابووایـە گەمەکـەی بـکات ئـەو گۆرانیەیـان بەسـەر دادەگـۆت.

نەوێر نەوێرۆکێ .... ژنێ برایمۆکێ .... دەرپێ بەخێنۆکێ

٤ـ جـار هەبـوو لەکاتـی خڕبوونـەوەی منـداڵ لەگـەڵ یـەک یەکـەک فـس یـان تـڕی بکردابووایـە ، ئـەوا ئـەو گۆرانیەیـان بەسـەر دادەگـۆت و منداڵەکەیـان تـوورە دەکـرد یـان بەسـەرخۆیان دادەشـکاندەوە. دەیانگـۆت

تڕکەن تڕکەن لەخۆچوو

یان فسکەن فسکەن لەخۆچوو

دووسواری لەدووچوو

یەک حەمەدان ، یەک رەمەزان

ڕمییان چەقان ، چوونە مەیدان

داکی خۆیان دا بەر بەردان

٥ـ لەکاتـی کۆمەڵـێ منـداڵ دادەنیشـتین بـە نارێکـی هەندێـک لـە پێشـەوە و هەندێـک لەپشـتت و لەتەنیشـتت بـۆ گاڵتـە ئـەو هۆنـراوە گاڵتـە ئامێزییـە دەگوتـرا، ئـەوەی منداڵێکی بزێو بووایە و منداڵی لەهەرچوار دەورەی لـەلا دابنیشتابوونایە ، بـەو قسـانە مندارەکانـی لـەلای خـۆی دەردەکـرد.

لەپێشم .... تێت هەرکێشم

لەپاشم .... لنگەکراشم

لەناوەندێ .... گووی کەندێ

لەپەرگەی .... ژنێ دەرکەی

یان : دانیشتی .... قوون قەرەشتی

بەپێوە .... عینگی تێوە

لەپارم .... ژنێ خارم

٦ـ ئـەو گۆرانییـە زیاتـر لەنـاو کیـژان باوبـوو ، ئەگـەر کیـژەک کۆرەبووایـە ، ئـەوا بـەو چەنـد وشـەیە غەمبارییـان دەکـرد ، جـار هەبـوو دەبـووە شـەڕە تیتـک.

کۆرەی بەلاچاوەکی ... دەتدەمە خۆشناوەکی ... بەفرە دۆشاوەکی

٧ـ وەختی خـۆی منداڵ سـەری بەمووسـی دەتراشـرا بـەس قاقۆلەکییان لەسـەر نێوچەوانی بـۆ دەهێشـتنەوە، بـەڵام هەبـوو هەمـوو سـەری دەتراشـی و دەیکـردە کودیلـە ، ئەوجـا منداڵـی دیکـە گەمەیـان پـێ دەکـرد چونکـە لەچـاو ئـەوان نامـۆ بـوو. پێیـان دەگـوت:

سەرتراشای...... ژنێ پاشای

٨ـ کیـژ و کـوڕ کـە منداڵـن پێکـەوە گەمەیـان دەکـرد ، بـەڵام کاتـێ باهێـزە دەبـوون ، واتـە خۆیـان دەناسـی لـەرووی تەواوبوونـی حـەزی کـچ و کـوڕی ، دەبوایـە لێکتـر جووداببوایانـەوە، بەڵام کوڕ هەبوو هـەر حـەزی لێبوو بچتەوە نـاو کچـە هاوتەمەنەکانی ، وە بـە پێچەوانـەوەش کچ هەبوو دەچووەوە نـاو کوڕە هاوتەمەنەکانی ئینجا بەگۆتنی ئـەو گۆرانیـە ئاگادارییـان دەکـردەوە کـە عەیبـە لەناومـان گەمـە بکـەی .

کیژ لەناو کوڕان .... باب قالۆچان

یان کوڕ لەناو کیژان باب قالۆچان

٩ـ ئەگـەر هەرزەکارێکـی کـوڕ حـەزی لەنـاو کچـان بووایـە و لەگـەڵ وان گەمـەی بکردایـە و لەمەجلیسـی وان دابنیشـتایە پێیـان دەگـۆت ژنانـی ئـەو قسەشـییان بـۆ دەگـۆت : ژنانـی .... جووجکـەی دەخـوات بەنانـی

١٠ـ ئەگـەر کۆمەڵـە منداڵـەک پێکـەوە بوونایـە منداڵێکـی شـەلەیان بدیتبووایـە ، یـان لەناوییـان بووایـەو بیانویسـتایە دەری بکـەن و تـووڕەی بکـەن ئـەو گۆرانییەیـان پـێ هەڵدەگـۆت . بـن دیـوار و بـن دیـوار ... یەکـی شـەلەی قـوون خـوار

١١ـ شـەوانی هاوینـان زیاتـر منداڵـی گـەڕەک دوای نانخـواردن یـان درەنگانـی شـەوان ،سـەرەتا یـەک دووەک دەگەڕان لەنـاو کۆڵانـان بـۆ کۆکردنـەوەی منداڵـە هاوتەمەنەکانی خۆیـان لەگـەڕەک ئـەو دێرەیـان بـە ئـاوازەوە دەگـووت.

هەستن هەستن لەخەوێ .... وەرنە گەمانی شەوێ

١٢ـ کاتـی خـۆی ئەوانـەی بـەرۆژی دەبـوون نیەتییـان دەهێنـا بەخـوا و پێغەمبـەرێ کەسـبەینێ بـەرۆژی دەبـی، بـەس ئـەوەی بەیانـی نەیویسـتایە بـەرۆژی بـی ئـەو جـۆرە نیەتـەی دەهینـا.

نیەتی دەینم گورگانی .... سبەینێ هەستمەوە سەر تەشتێ نانی

یان دەیانگۆت : نیەتم وایە قنجی قنجی

سبەینێ هەستمەوە سەر تەشتی برنجی

١٣ـ کاتێـک کۆمەڵـە منداڵێـک پێکـەوە خڕببوونایـەوە ،ئەگـەر یەکەکـی بەسـتەزمانییان لەنـاو دابووایـە بیانویسـتایە پێـی ڕابوێـرن ، یەکـەک دەسـتی بـە بەسـەرهاتی دەکـرد و دەیگـۆت : کاکـە قەتێیەکـم هەبـوو قەتێـم لـێ بزربـوو ، ئـەولا قەتـێ ، ئـەولا قەتـێ ئـەولا قەتـێ ،قەتـێ دیـار نەبـوو، مەبەسـت لـە ئەولاقەتـێ، واتـە ئـەو لاقـەی منـت

تـێ بـی .
١٤ـ لە منداڵی کاتەک حاجی لەقلەقمان دەدیت ئەو شعرەمان بە گۆرانی دەگوت
حاجی لەقلەق مار هات ....ماری ژەنگ و ژار هات
فاتم بە ڕۆرۆ هات .... عەیشێ بە قیتار هات
١٥ـ ئەگـەر کوڕەکـی هـەرزەکار و لەشـێوە ناشـیرین وازیـی لـە کچـە هـاو تەمەنەکانـی خـۆی نەهێنابووایـوە و داوای دڵـداری لـێ بکردابوونایـەو هیـچ کچێکیـش روویـان نەدابووایـێ ، ئـەوا کیـژەکان ئـەو دێـرە شـعرەیان بـۆ دەگـووت تاوازییـان لـێ بێنـێ .
ناشیرنی ناڕەزا.... لەکیژان بوویە قەزا.
١٦ـ جـار هەبـوو ئەگـەر چەنـد منداڵـی گـەورە پێکـەوە دابنیشـتابوونایە پێکـەوە ، یـەک لـەو منداڵانـەی یـان پیاوێـک رووی لەمنداڵێکی فەقیرۆکـەی دەم چەفت دەکرد ، دەیگۆت پرسـیارەکت لـێ دەکـەم ئەگـەر زانیت چـت دەوێ دەت دەمـێ یـان فـلان شـتت دەدەمـێ ، منداڵەکـەش لەخـۆش شـتەکەی دەیگـوت بلـێ ، کابـراش دەیگۆت ئاڵتـان ماڵتـان.. زاوای خارتـان ، هاتـە مارتـان ، چـی دەدەیـێ ، مندارەکـەش زەحمـەت بـوو بزانـی نەیدەزانـی دوایـێ پێـی پێدەکەنیـن ، دەیانگـۆت داکتـی دەدەینـێ .
١٧ـ کاتـەک دایـک یـان هـەر کەسـێک منداڵێکـی شـیرەخۆرەیان لەشـوێنەکی بڵنـد دادەنـا ، دایکەکـە یـان کەسـەکە دەیگـۆت .... بەبـە لـە قەراتـێ .... کـەس دەسـتی ناگاتـێ ، یـان بەبـە لەقەراتـێ.... فـلان لـە گواتـێ.
١٨ـ پەڕەسێلکە دەرێ :

ئاوی دەینم لە مەدینێ .... قوڕی دەینم لە قوڕەشینێ
ئەوی هێلانەم لێ تێک دەدا .... یاخوا خێر لە خۆی نەبینێ

١٩ـ گەمەی قسەکردن :
لەکاتـی منداڵـی هەنـدێ وشـە هەبـوو گـەر منداڵـەک بیگوتایـە ، منداڵـی تـر وەک شـعر قسـەکییان پـێ دەگـوت و بـۆ گەمەکـردن بـوو. نموونـە گـەر بیگوتایـە :
بابە : شەڕەکەرەبابە
دایە : شەڕە گایە
مامە : شیوتان بێ تامە
خارە : سەتان هارە

پلە : ماستەکەتان شلە

کاکە: ئەوەی بگرە و ڕاکە

تەشت : قوونت قەرەشت

دەرزی : لەسەر گووی بلەرزی

مەلا.... گون دەستکەلا

شێخە: دووبەردی لەگونی بێخە

مامۆستا: کەرەکەت وەستا

ئەفەندی .... شەبەقەی ترت بەچەندی

بوکێ .... قوز خڕنوکێ

چۆنی : مۆنی

داوەشێی: وەکی کفتەی هەروەشێی

کەلۆسی ... مامەلۆسی

مارت بەقوڕێ نەگیرێ، بەس کندڕ و دەولکت بکەوتە بیرێ

حەمە ئیشەکەی مەکە گەمە .... کات زۆرە و جۆت کەمە

حەمە .... دەستت لەمە .... هەتا رۆژی چارشەمە

ئەحمەدە .... لەژنێ مەدە .... ژن زیز دەبی .... گۆلک بەماری وەردەبی ... ترش و ساوار تێکەردەبی.

کوڕم کوڕم ڕەحمانە .... سەرگەورەی کەپووپانە .... چیشت لەناو ژنانە

عوسمانە .... چەکوچ و پلایز و سپانە .... ئیش وکارت قوندانە

عوسە پسە .... جۆڕکە فسە

بلە .... کەرتە جلە

عەزە .... سەرەکەم لۆ بگەزە

نوورە .... سەرکەتوورە .... سەی مەخموورە

قالەقوڕاوی .... هێلکەمراوی .... جیقنەی بەلاچاوی

عەباسە .... لەکۆرانان چ باسە .... سەرگرتن و قەڕاسە

عەباسە .... خیندن بەسە

کانەبی .... داوەدەزیت بەقونێ وەبی

یاسینە .... قونت بەکیرم دابینە

باپیرە .... گون هەنجیرە .... ئەمنت لەبیرە

دۆم و قەرەج فسیان کرد

هەولێریان. بۆگەنی کرد

لۆری .... کێشکە چاوت هەرکۆری

ساقیت .... کراو قیت

تایە .... لا قوونەکت سوتایە

مۆز .... دەدەمە پیاوەکی قۆز

عەزیمە .... کراسی بەرت بەسیمە .... مێردیشت ناوی سەلیمە

مەدینە .... کراسی بەرت زۆرشینە .... مێردیشت ناوی یاسینە

پەریزادە .... کراسی بەرت شەعادە .... قیچەک قونت لۆم بادە

هەمینە .... وەرە بابت ببینە ... لەگەرە من بیَ دینە

عالییە .... ترش و برنج و بامییە .... ژنیَ قایمقامیە

جەمیلە .... قونت بوویتە خڕیلە

هەولێری .... بەمریشکە کورکی ناوێری

وەرە بن دار هەناریَ .... دەتگێم هەتا هێواریَ

وەرە بن داریَ هەنجیری .... دەتگێم هەتاکوو پیری

وەرە بن دار زەیتوونی .... دەتگێم هەتا بخینی

دید دید .... مام مەغدید .... ئەو کیژە جوانەت لە کیَ دیت

دیبەگە خۆش دیبەگە ..... دوازدە بزن سێزدە تەگە .... چاردە شوان ،پازدە سەگە

توور هەر تووری کاریتانە .... سەلک گەورەی پەلک پانە .... لۆ پیاوی پیر پڕ دەرمانە

کوڕۆکە ... شەروار شینی پەڕۆکە ... ئەدی ماچییان نەکردی ئەوڕۆکە

کوڕانی .... شەڕوار شینی چۆغانی .... ئەدی نەیانگای لەخانی

کورم .... تێت دەبرم .... دەمانچە قوتەت لۆ دەکرم

وەرە خواریَ لە گردی ....شەروارەکەت ئاوبردی

گاندەر لەتەلانی ..... قوز دۆڵچەی دەرمانی

سەگ وەڕی ..... بووک دەرپەڕی

ناوت چییە : عەبدوڵڵا

ئیشت چییە : بەڕەڵڵا

خۆدرۆی ناکەی : ناوەڵڵا

ئی کیندەرێی : ئی عاڵڵا

دەچییە حەجێ : ئیشاڵڵا

عارەب عێنی .... گووی دەکوورێنی ..... لۆ ڕدێنی

قول ئەعوز و بیرەبی ناسی ... دەستم دا خاکەناسی .... کەتمە دوو حاجی عەباسی ...

هەتا حەسەن برباسی

یەمنەعونەلماعونە .... بینەقالبەک سابوونە .... لۆ مامۆستایەکی گەلەک دژوونە .

تەبەت یەدا ، مارەکی ڕەش بەقوونێت وەدا

اهدینا .... هێلکەی بینە .... لۆ مامۆستای بکورینە

هی سپی بینە هی ڕەش نا... هی قەرەو بینە هی لەڕ نا

إنە کان توابە .... مریشکە ڕەشە سەوابە .... لۆ مامۆستای کەبابە

وەتەوەلا .... بوم بەمەلا

تبت یدا : زەنگەزۆرە بەقوونێت وەدا

لێش: لەبەر مێش

لیمازا : لەبەر خورمای تازە

هذا هو : دەوت بەگووە

دەبێژم دەبێژم .... حەمەی کیر درێژم .... پانۆرەت بەدرێژم

هەپلیپان و مەپلیپان .... گیایەک شین بوو پەلک پان .... قوز ئاغەیە و کیر سەپان

هەنوونێ و مەنوونێ .... جۆتە گونی منت بەقوونێ .... ئەوڕۆت پێ خۆشە یان دونێ

ئەسمەر یارانم .... کیرگۆپارانم .... ڕات دەمارانم

قەمەرە و لۆری و دەبابە .... فلان فیسار سەگبابە

وەتس یوڕ نێم .... مای نێم ئیس لەکونێت نێم

وەتس یوڕنێم .... سەرکە زوڕنات لەقونێ نێم

های یان بای .... تێمنای

## مەیل مەیلانێ:

مەیـل مەیلانــێ ، واتــە مەتــەڵ ، کاتــێ کۆمەڵــێ کــەس کۆدەبوونــەوە و بــۆ بردنــە ســەری کات ، بەتایبەتــی شــەوانی زســتان کــە درێــژە ، دەســتییان بــە مەیــل مەیلانــێ دەکــرد ، دەتوانییــن بڵێیــن مەیـل مەیلانــێ ، وەرزشـیکی مێشـکە ، هەوڵـت پـێ دەدات کەخانەکانــی مێشـک بەکاربهێنــی و تووشــی نەخۆشــی لــە بیرکردنــەوە نەبــی .

مەیــل مەیلانــێ ، یــەک کــەس مەیلەکــی دەگــوت ، لەدەوروپشــتەکەی دەپرســی بزانــن کــێ دەزانــی ، ئەوانیـش بیرییـان دەکـردەوە و ئـەوەی بیزانیبوایـە دەیگـوت ، ئینجـا نۆبـەی ئـەو بـوو پرسـیاڕ بکـە و مەیـل بپرسـێ ، ئەگـەر نەیانزانیبوایـە ، دەیانگـوت هــەرت دەم پەلــت دەم ... لەگــووی مــام ئەحمەدییــت وەردەم ... دەرگات لەســەر ســواق دەم ... لۆنارێــی فــڵان شــتە ...

لەکوردەواری مەتـەڵ زۆرە و بەگوێرەی ناوچەکانیش وشـە دەربڕینـەکان جیاوازن ، لێرەدا مـن چەپکـێ لەمەیل مـەیلانێم هەڵبژاردییـە وەک بیرهێنانـەوە

- سێ لنگ لەعەردی ، چارلنگ لەحەوای. (مەشکە و سێ پێک)
- بیبینی لەبەری ناکەی ، لەبەری کەی نایبینی . (کفنە)
- مامەکم هەیە لەدەشتێ ، خەنجەرەکی لەپشتێ . (دووپشک)
- ئەولای دیوار ، ئەولای دیوار ، تێیدایە سەیەکی هار. (دەم و زمان)
- ئەولای دار و ئەولای دار تێیدایە دووسەی هار . (جەنجەڕ)
- ئەوە چییە دۆستی خۆتە و دوژمنی خۆتە و هەر لەخۆتە . (زمان)
- نانە خۆرەی پێنج ئەنگوستە . (مرۆڤ)
- بەتەڕی تێی دەنێم ، بەهیشکی دەری دێنم . (نان ، ئەستوورکی بەتەندوور)
- لەدوازدەی یەکییان حەرامە . (مانگەکانی سال)
- بەسێ برایان دۆخینەکییان هەیە . (سێ پێی مەشکە)
- لەناو تەیران ، شیردەرە . (شەمشەمە کۆرە)
- نەپێی هەیە نەپانی ، بەخۆی دەچتە سەرخانی . (دووکەڵ)
- سەری دەبڕی لۆی دەگری (پیاز)
- بنوێ گایە ، هەستێ چیایە (ڕەشماڵ)

• زگی بەرخە ، پشتی کارە ، کلکی مەقەسە ،سەری مارە (پەڕەسپیلکە)
• دارەک هەیە لەناو ئاوێ ، پێنج لکان داوێ، سێی لەبەرسێبەرێ دووی لەبەرهەتاوێ، (پێنج فەرزەی نوێژێ)
• ئەوڕۆ چوومە دەشتێ ، دەعبایەکم گەیشتێ ، قوز لەبن کلکی گون لەسەرپشتێ. (ماین وڕاوچی)
• بەدینت بەئیمانت ، بەکونەڕەشەی ناولینگانت ، زاوای خارت هاتە مارت ، چی دەدەیێ ، دەکات (باوکت و دایکتی دەدەیتێ)
• خوشکی خارتە و پلکت نییە ، (دایکە)
• کەسکە سەیدنییە ، سپییە حاجی نییە ، پرچی هەیە و دەروێش نییە . (تەڕەپیاز)
• دوازدە کووزە گندۆرەی سار، یەکی حەرامە و ١١ی حەرار (مانگی رەمەزان و ١٢مانگ)
• سەربانێکە و بن بانێکە چوار مەڕو شوانێکە (لەپ و پەنجەکانی دەست)
• سەری یەکە و بنی دوو ، بەقوونی باب و باپیرت داچوو . (شەرواڵ)
• مەیلەکم هەیە مەیلانی ، لەناو بوخچەی سوبحانی ، خودانەبی کەس نازانی. (منداڵی سکی دایک)
• بەجاحێری سپییە ، بەپیری ڕەشە (ترێ)
• حاری دەگری دەروێش نییە، دەڕشێتەوە سەرخۆش نییە، دەچیتە کونان مار نیە، گەورە دەبی دار نیە. (کیر)
• خەنجەری لێ دەی کون نابێ ، ئاوی پێ داکەی تەڕنابێ . (سێبەر)
• سێ پێنج پازدە دووحەڤدە سێ بیست دەکا چەند ؟ (بیست)
• نیوەی هەزاری چارسەد و بیست پێنجە ؟!! وەیە ؟! (وەیە) ٤٠٠+(٥×٢٠)
• دارێکە دوازدە لکە ، هەر لکەی سی پەلکە ، هەرپەلکەی نیوەی ڕەشەو نیوەی سپیلکە . ( ١٢مانگی ساڵ و سی ڕۆژی مانگ و شەو و ڕۆژ).
• هەر دەڕۆیت و نایگەیتێ. (سێبەر)
• ماینەشێیە ، لەحەوشێیە ، دەحیلێنێ ئاوی پێیە . (هەورو بروسکە و باران)
• هەناسەی بخوا دەژی ، ئاوی بخواتەوە دەمری . ( ئاگر)

• سپیە و پانە ، سێ مەمکی لە بنانە . (فەرشە، پنە)
• بەخاوێنـی ناخـورێ ، بەپیسـی دەخـورێ . (پیـس و چەپەڵـی پێسـتی لـەش وسـەر)
• هـەر لێرە هەتـا مەککـە هەمـووی بەردیلـی چاوبەرەکـە ، ئـاوس نییـە و گوانیـش دەکا(کیژ)
• نەپای هەیە و نەپانی بەهەموو ماران دەزانی (دەستاڕ)
• بەڕۆژ دەرێی خاتوونە ، بەشەو دەرێی مەیموونە . (نوین و ئەستێرک)
• مامەکم هەیە لەدەشتێ ، سێ سەد تیری لەپشتێ . (سیخوڕ یاخود ژووشک)
• دادە ناکـەم بابـم ناکەم،هـەردوو لاقـی لەحەواکـەم، زیـڕ و هـۆڕی پـێ پەیداکەم(شـەغرە).
* لە بنی دارە سەری گۆڕەپانە سەر سەری گۆچانە (تەشی).
* پەپکەی بەقونجی عەبای نارنجی (تەماتە).
* هەندوکە بەدەندوکە لەناو ماڵان دەلێی بووکە (سەماوەر).
* مامە پیری بەلنگەکی دەچیتە شەڕی گوندەکی (گۆپاڵ)
* حوشتر حایە....لە حەوایە....دایم کشتە...کون لە پشتە... (ڕەشماڵ)
• کاچوومادان مەعنای چییە (کا ڕۆیشت دانەکە ماوە)
• ماتەڕەونیینە مەعنای چییە مانای (چما تەڕە(میوە)تان نییە ؟)
• خوشـکەکەتان ژنـی کامتانـە ؟ واتـە خوشـکە کەتـان (کەنـاوی ژنەکەیـە) ژنـی کامتانـە.
• خـاوەن ماڵێـک نانـی نیوەڕانێـی دا بەمیوانەکـەی ، دوای نانخـواردن و ئیسـراحەت میوانەکـە ڕۆیـی ،میوانەکـە گوتـی مـارت ئاوانەبـی ، خـاوەن مارەکـەش گوتـی خـوات لەگـەر نەبـی ، مەسـەلەکە ئەوەیـە هەردووکییـان ناوییـان نەبـی بـوو .
• پاشـایەک بەشـەو خـۆی کـردە فەقیـر و لەمـاڵان گـەڕا ، لەدەرکەکـی دا ، کیژەکی جاحێر دەرکەی کردەوە ، پاشا پێی گۆت کێتان لەمارێیە؟ کیژە گۆتی کەسـمان لەمـارێ نییـە ، پاشـا گۆتـی ئـەدی بابـت؟
کیژەکـە گۆتـی بابـم چـووە دووی بکاتـە یـەک واتـە (دووشـەڕواڵی بکاتـە یـەک شـەڕواڵ).

ئەدی داکت چوویتە کێ ، گۆتی یەکی بکاتە دوو (داکی مامان بوو چووبووە مامانی).
ئەدی برات :گوتی برام چووە دۆستەکی بکاتە دوژمن (داوای قەرز لەدۆستەکی بکاتەوە ، ئەویش نایداتەوە و لێک عادز دەبن).

## • دەو تەتەرەکردن و لێ تێکچوون

یەکێک لە گەمە و کات بەسەربردنی گەنجانی کوڕ زیاتر لەشەوانی زستان لەماڵێک کۆدەبوونەوە و دادەنیشتن ، دەستیان بەو یاریە دەکرد بۆ کات بەسەربردن ، یەکێک بەوانی تری دەگوت کێ دەزانی شەش جاران لەسەر یەک بێ راوەستان ئەو ڕستەیە بڵێتەوە و بێ ئەوەی لێی تێک بچی ، ئینجا ڕستەکە پڕی وشەی لێک چوو بوو، زۆربەی ئەوانەی لەوێ بوون خۆیان تاقی دەکردەوە، زۆربەشییان هەڵەیان دەکرد و لێییان تێک دەچوو. ئینجا دەبووە پێکەنین ، جاریش هەبوو گوتنەوەی ڕستەکە لەسەریەک شەش جار دەبووە هی ئەوەی جوێن بەخۆ بدات .
پێنج جار هەتا شەش جاران ئەو ڕستانە بڵێوە.
* شلەساوار سێ شلەساوار
* پیرێژنە گوزەرد ، گوزەردەم بەدەوت ، دەوت بەگووزەردەم .
*ڕیوییە لەڕە ، گۆشتی تەڕە ، زۆر بەدفەڕە
* ڕەجەبە رووتە لەسەر لەپت ڕیم ، رەجەبە رووتە لەسەر ڕەپم ڕیی.
* شکم جا
* پەنجەم بەپتت ، پتت بەپەنجەم
* شەش تەشت مزاش ، مشت مزاش.
* هڕە مەڕێ ، لەسەر لێوی ڕێیێ مەلەوەڕێ.
* چوومە سەر تووێ ، قەپم دا لەتووێ ، چەنگم دا لە مووێ ، لەقەم دا لەگووێ.
* چوومە سەردارەکی، سێ سنگم بڕی بەجارەکی، دووم کوتا کایێ ، یەکم دادایێ.
* .لەپێش مارێ سەڕەشی شەڕە سەیە،
* ئاشی سووسێ سووتا بەشەوی سێشەمێ.

* لێو تەڕەدونە بی تەڕە شینە.
* کاردی شین کڵاشی بەن.
* هۆشوانی مەڕ لەوەڕێن ئەو مەڕە لەڕە لەولا ڕێیە بلەوەڕێنە.
* شـێخ شـێمحەمەدی شەمشـوولەی بـە شـەوی شـەموو، شێسـت و شـەش شەمشـەمەکۆرەی کوشـت.
* سـێ قەرتـارە بـە ئـاوێ داهـات، یـەک گـوو، یـەک مـوو، یـەک تـوو، لـە گـوی بـەزم، لـە مـووی بـەزم، تـووی دەگـەزم
* قوڕی کۆڕێ کەر تێ قڕ بوو

## • یارییە فۆلکلۆرییەکانی کوردەواری

### ١ - یاریی کوڕانە

**١- شێروخەتانێ:**

گەمـەک بـوو زیاتـر پەیوەسـت بـوو بەکـوڕان ، پـارەی ئاسـنی زەمانـی کەریـم قاسـم و تـا سـەردەمی سـەرەتای ڕاپەڕیـن ، لایەکـی (وێنـەی کۆمـاری یـان دارخورمـای لەسـەربووە ، ئـەوا بەشـێر دەخوێنـراوە)، ڕووەکـەی تـر کـە نووسـینی بەهـای فلسـەکە بـوو ئـەوا بـە خـەت دەخوێنـراوە، ئینجـا وەختـی خـۆی بـە ٥ یـان ١٠ یـان ٢٥ ، یـان ٥٠ ، یـان ١٠٠ فلسـی دەکـرا ، بـەو دوایـە ، بـە ٢٥٠ یـان ٥٠٠ یـان ١٠٠٠ فلسـی دەکـرا ، پێشـتر یەکێـک دەیگـوت مـن فـڵان رووم دەوێ ئـەوەی تـر پارەئاسـنەکەی لەسـەر هـەر دوو پەنجـەی گـەورە و شـایەدمان دادەنـا و فڕێـی دەدا ئاسـمان ، لـێ دەگـەڕدرا بکەوێتـە سـەرزەوی ، بـەچ ڕووەک بووایـە ، ئەگـەر وەک داوای کەسـی یەکـەم بکەوتایـە مانـای بردیـەوە ، ئەگـەر نـا مانـای دۆڕانـدی ، ئیتـر لەسـەر پـارە بووایـە یـان هەرشـتێک ، جاریـش هەبـوو ، ئەوپـارە هەڵدانەیـان بـۆ ئەوەبـوو لەیاریـەک کـێ یەکـەم کـەس دەسـت پـێ بـکات.


**٢- تەڕوهیشکانێ:**

هـەروەک شـێر و خەتانـێ بـوو ، بـەڵام لەجیاتـی پـارەی ئاسـن ، بەردێکـی تاسـولقەی پـان و خـڕ و بچووکییـان دەهێنـا دیوێکییـان بەتـف تـەڕ دەکـرد وەک

ڕووی شـێرەکە وابـوو ، ئیتـر یەکێکییـان داوای ڕووە تەڕەکـەی دەکـرد ، ئیتـر لەکاتـی هەڵـدان و کەوتنـەوەی لـەزەوی گـەر داواکـەی بهاتابوایـە دی کەواتـە بـراوە دەبـوو ، ئەوانـی تـر دۆڕاو دەبـوون.

یـاری تـەڕ و هیشـکانێ و شـێر و خەتانـێ ، زیاتـر بـۆ دوو تیـپ بـوو ، تـا بزانـن کێ سـەرەتا یارییەکـە بـکات ، لـە تۆپـی پێـی نێـو دەوڵەتیـش دەکرێـت.

**٣- داردوولقانێ:**



دارێکـی بچووکـی پتـەوی دوولـک لەدرەخـت دەکـراوە یـان لای دارتـاش دروسـت دەکـرا ، بەمەرجـێ دارە دوولکەکـە لەژێـرەوە لکـەکان پێـک وەنووسـابن لەسـەرەوە لێکتـر دوورخرابنـەوە ، دوو لاسـتیکی چـوپ زیاتـر هـی پایسـکلییان بەدرێـژی ٢٠ سـم لەهـەر لکێـک تاکێکییـان تێدەخسـت ، هـەردوو سـەرەکەی دیکـە بـە هـۆی قایشـێکەوە پێیـان دەگـوت هەنبانـە پێکـەوە دەگەیشـتن ، بـەردی بچـووک لەنـاو هەنبانەکـە دەنـدرا و بەدەسـتێک هـەردوو لاسـتیکەکە تونـد رادەکشـرا و بەدەسـتەکەی تـر دوولکەکـە دەگیـرا و دوایـی دەسـتی سـەر لاسـتیکەکە بـەر دەدرا ، تاکـوو بەردەکـە بـڕوات ، هەمیشـە بـۆ شـەڕکردن یـان بـۆ کوشـتنی باڵنـدە بـەکار دەهـات.

**٤- بەردەقانێ:**



وەک دارلاسـتیک بـۆ شـەڕکردن بـەکار دەهـات ، دوو پەتـی درێـژ هەریەکەیـان ٤٠-٥٠ سـم دەبـوو ، لەناوەنـدێ بەهـۆی قایشـێکی پتـەو پـان یـان بـە چنیـن دروسـت دەکـرا هـەردوو پەتەکـە هەریەکـە و سـەرێکییان بـە پارچـە چنینـە پانەکـەوە توونـد دەبەسـترا و بـەردی گەورەتـر لەهـی دارلاسـتیکی لەنـاو دەنـراو بەهـۆی پەتەکانـەوە رادەوەشـێنرا ، ١٠٠ مەترێـک دەرۆیشـت

**٥- کەللایانێ (هەڵماتێن)**



یارییەکـی کوڕانـە و گەنجانەیـە ، هەتـا پێنـج کـەس دەتوانـن یـاری بکـەن ، جـۆری زۆرە ، بـەس ئـەوەی لەدەشـتی کەندێنـاوە بـڵاو بـوو ، مـن لەسـەردەمی منداڵـی کردوومـە ،

بەو شێوەیە بوو ،هەر منداڵەو کەللایەکی خۆی بەڕێز دادەنا وەک تاکە، ئینجا لە دووری ٣ مەترێک چاڵێکی بچووکییان دەکرد پێیان دەگۆت شار ، هەر یەکە و دەسکەلای خۆی هەبوو ، هەبوو دەستکەلاکەی بەرد بوو ، پۆزی لێ دەدا، لەنزیک تاکەکان هەر یەکە و کەلای خۆی هەڵدەهاویشت بۆ ناو چاڵەکە هی کێ بکەتابوایە ناو چاڵەکە ئەوە لەڕیزبەندی دەبووە مەلا یان کێ نزیکترین بووایە لەچاڵەکە واتە شارەکە مەلابوو ، ئەوەی دیکەش بەگوێرەی دوور و نزیکییان ریز بەند دەکران : مەلا ، پاشا ، سێتیر ، چارتیر ، قاڕە.ئیتر مەلا لەلێواری شارەکە (چاڵەکە) ، بە پلی (پەنجەی شایەدمانی لەسەر دۆرەدرێژەی دادەنا) تەکانی بە کەلایەکە دەدا ، بەرەو تاکەکانی کەبەڕێز دانراون ، گەر لەهەر کەلایەکی بدابوایە بۆ خۆی هەڵی دەگرت ، ئینجا ئەوانی تر بەڕێزبەندیەکە یارییان دەکرد ، دوایی مەلا بۆ جاری دووەم دەستی بەیارییەکە دەکرد بە پلی دەسکەلاکەی رووە و تاکەکان دەهاوێشت و بەکام تاکەی بکەتابوایە هەڵی دەگرت و لە گەڵ یاریکەرەکانی تریش کەلای یەکتریان دەکوشت ، تا یەکێک دەیتوانی هەموو تاکە و یان بە دەسکەلای خۆی لە دەسکەلای ئەوانی تری دەدا دەیانگۆت کوشتم ، گەر بەتاکەکانیش بکە تابوایە دەیگوت خواردم . براوە دەبووە مەلا و ئەوانی تریش هەریەکە و لە ریزبەندییەکە پلەک دەهاتنە پێش . جار هەبوو لەسەر پارەی ئاسن دەکرا درهەم واتە ٥٠ فلسی و ١٠٠ فلسی و بەودوایە لەسەر دیناری ئاسن دەکرا ، هەریەکە لەجیاتی دانانی کەللا ، پارەی ئاسنییان دادەنا، جۆری زۆرە بەگوێرەی ناوچەکان.

**٦- کێلەبەردانێ:**

یارییەکی گەنجانی نێرینەیە، یاریکەرەکان دەبێ دوو تیپ بن هەر تیپەی لە ٣ تا ٤ کەس بن هەر تیپەی ٤ بەردی بڵند و گەورە دادەنێن لەشێوەی کێلی گۆڕ ، بەردێکی گەورە لەپێشەوە دادەنێن پێی دەڵێن مەلا ، سێ بەردی تر لەدواوە دەئەنێن دووریان نیو مەتربی لەیەک ئەوەی دوای مەلای پێی دەڵێن پاش مەلا ، یەکی تر لەدەستەراستی پاش مەلا و یەکی تر لەدەستە چەپی پاش مەلا ، تیپەکەی تریش بەهەمان شێوە ، دووری نێوان کێلە بەردی هەردوولایان ١٠تا ١٤ مەتر بێ ، ئینجا تەڕوهیشکانی دەکەن کامە تیپ

سەرەتا دەست بەیارییەکە بکات، هەر یاریکەرێ ٣ بەردان دەهاوێ تاکوو لەکێلی تیپی بەرانبەری بدات ، ئینجا هاوڕیکانی تری ، تا هەرچوار کێلە بەردەکە بەردەدەنەوە ، هەرتیپەک توانی هەر چوار کێلەبەردی بەرانبەرەکەی بەرداتەوە ، ئەوا براوە دەبێ.

**٧- یەک بازی:**

ئەو یاریە زیاتر هەرزەکار و گەنجان دەیکەن ، زیاتر لەکاتی بەهاران، وەختی سەیرانێ ، لەشوێنەکی نەرمایی ، کەزیاتر لماوی و خۆڵ بێ هێڵێکی راست دەکێشن و هەر یەکە و بەغاردان دێن لەسەر هێڵەکە پازدەدەن بزانن یەکەم کەوتنی پێیان لەزەوی چەند بێ دووری نێوان هێڵە ڕاستەکە و شوێنی کەوتنی پێیان دەپێون بەپێ ، بزانن کێ زۆرترین پازی داوە.

**٨- سێبازی:**

یارییەکی گەنجانەو کوڕانەیە ، لە پێنج تا هەشت کەس پێک دێت ، یەکێک دەبێتە وەستا ، وەستاش بەتەڕ و هیشکانێ دەبێتێ ، لەشوێنێکی زەوی نەرمان ئەنجام دەدرێ ، وەستا سێ بازی گچکە داوێت ، نیشانەیەک بۆ پێی وەستاکە دادەنێن وەک بەرد بێ یان پەڕۆ ، ئینجا وەستا سێ بازی مام ناوەند ، دیسان نیشانی بۆ دادەنێن ، دوایی سێ بازی گەورە و نیشانی بۆ دادەنێن ، ئەوانی تریش لەدوای وەستا بازەکان ئەنجام دەدەن ، ئەوانەی نەیانتوانی بازەکەیان بگاتە بازی وەستا ، ئەوا بەدۆڕاو و تێکەوت دەژمێردرێ و دەبێ خۆی نەوی بکات ،واتە دانەوێ، دانەوانیش بریتیە لە چەمانەوەی کەسەکە و پشتی رووی لەئاسمان دەبێ و دەستەکانی لەسەر کڵاوەی چۆکی دەبێ ، ئیتر وەستا و ئەوانەی سەرکەوتوون ، بەسەر دانەویەکە پاز دەدەن ، ئەوانەی نەشیان توانی پاز بدەن ، دەبێ بێنە ڕیزی دانەویەکە و خۆ دانەوێنن ، هەموویان بەسەریان داپازدەدەن ، تاکوو ماندوو دەبن .

**٩- جگ جگانێ :**

جگ ئەو بەستەرە ئێسکەیە لەنێوان لاق و ڕانی ئاژەڵ دایە بە ڕووی پشتەوە ، کاتی خۆی کەئاژەڵ دەکوژراوە ، منداڵ ئەو پارچە ئێسکەیان کۆدەکردەوە ، گۆشتەکەیان بەجوانی لێ دەکردەوە و خاوێنییان دەکردەوە ، شێوەیەکی

لاکێشـەیی هەیـە ، وەک شـخاتە ، یارییـان پـێ دەکـرد ، هـەر منداڵـەو دەسـکە جگەکـی باشـی بـۆ خـۆی دیاری دەکـرد ، ئـەو دیـو و ئـەو دیـوی بـە سـوژنێک یـان شـتێکی تیـژ کـون دەکـرد و پارچـە ئاسـنێکی پێـوە گیردەکـرد تـا لەکاتـی هاوێشـتن بـڕ بـکات ، چونکـە بـۆ خـۆی کێشـی کەمـە و سـووکە ، لەکاتـی یـاری بەنەرمـی فڕێـی دەدا سـەرزەوی ، ئەگـەر بـەلای ئەسـتوونی بوەسـتایە ئـەوە دەیانگـۆت میـر واتـە کەسـەکە بردیـەوە ، منداڵـی تـر دەبوایـە جگەکـی بدابوایـە . جۆرێکـی تـر یـاری جگانـێ هەبـوو لەنـاو عەرەبانیش دەکرا ، منـداڵ بازنەیەکییـان دروسـت دەکـرد ، هـەر منداڵـە و جگەکـی خـۆی بەوەسـتاوی لەنـاو بازنەکـە دادەنـا ، لـەدووری پێنـچ مەترێـک هێڵێکـی راسـتییان بەرانبـەر بەهێڵـە بازنەییەکـە دەکێشـا ، ئینجـا بەتەڕوهیشـکانێ یەکـەم و دووەم دیـاری دەکـرا کـە کـێ سـەرەتا دەسـت بەیارییەکـە بـکات ،دەسـکە جگەکـەی خـۆی لەسـەر هێڵـە ڕاسـتەکە دەهاوێشـت بـۆ جگەکانـی نـاو بازنـە چەنـد جگـی فـڕێ بدابوایـە دەرەوەی بازنەکـە ئەوەنـدەی بـۆ خـۆ هەڵدەگـرت ، تـا کـەلا پەیدابـوو جگانـێ بـاو بـوو پـاش دەرکەوتنـی کـەلا جگانـێ بـەرەو ونبـوون چـوو.

**١٠- هەلیکانێ :**

هەلیک: دارێکی لوولەکی ئەستووربوو درێژی تا ٥٠سم درێژ دەبوو

پەلیـک: دارێکـی لوولەکـی باریکتـر بـوو لـە هەلیـک ، ١٠سـم درێـژ دەبـوو هەردووسـەری وەک قەڵـەم تیـژ دەکـرا

زیاتر منداڵی کوڕ و گەنجانی نێرینە ئەو یارییەیان دەکرد .

چاڵێکی باریک لێ دەدرا ، شوێنەکە پێی دەگوترا شـار ، پەلیکەکە نیوەی لەنـاو چـاڵ دەبوو ، نیوەی لـەدەرەوە دەبوو ئاراستەی دەرەوەی بەگۆشـەی ٣٠ پلەیەک لەئاسـمان بـوو، ئیتـر کـێ بەتـەڕ و هیشـکانێ ببوایـە یەکـەم دەسـتی بەیارییەکـە دەکـرد ئـەوەی تـر بەخـۆو دارە هەلیکـە ئەسـتوورەکەی لەبەرانبـەری دەبـوو ، یـان داری پـێ نەبـوو بەدەسـتی دەیگرتـەوە ، یاریکەرەکـە بـەدارە هەلیکەکـە بەنەرمـی لـە سـەری پەلیکەکـەی دەدا و کـە پەلیکەکـە نیـو مەترێـک بـەرز دەبـۆوە ، ئینجـا یاریکەرەکـە تـا هێـزی تیابـوو بـەدارە هەلیکەکـەوە لـە پەلیکەکـەی دەدا تـا زۆرتریـن مـاوە بـڕوات ، بەرانبەرەکـەی هەولـی دەدا بەدارەکـەی دەسـتی

بیگەڕێنتــەوە دواوە ، گــەر نەیتوانیبوایــە ، ئــەوا دەبوایــە پەلیکەکــە بگەڕێنتــەوە رووە و شــارەکە ، چەنــد لەشــارەکە دووربووایــە بــە دارە هەلیکەکــە دەپێــوراو دەخــرا ســەر حیســابی یاریکەرەکــە ، ئیتــا بــەم شــێوەیە شــوێنەکەیا جێگۆڕکــێ دەکرد و خاڵییان تۆمار دەکرد ، سێ جار یاری براوەی دەستنیشان دەکرد.

**١١- تیلکە مەسووسانێ:**

یارییەکــی کوڕانــەی تەمــەن ٨ - ١٢ ســاڵانەبوو ، یەکێــک خــۆی تەرخــان دەکــرد چاوییان دەبەستەوە ، ئەوانی دیکە دەهاتن تیلکییان (بز)یان پێوە دەکرد ،ئەگەر منداڵــە چاوبەســتراوەکە بیتوانەیــە هــەر منداڵێــک بگرێــت ، ئــەوا چــاوی خــۆی دەکردەوە و چاوی گیراوەکەی دەبەست و بەردەوام دەبوون لەیاریکردنەکە .

**١٢- هێستره شەلانێ :**

چەنــد منداڵێکــی کــوڕ هێڵێکــی راســتییان دەکێشــا و دیوارێــک یــان عامودێــک یــان شتێکییان دەکردە شارگە ، لەسەر پێی چەپە یان ڕاستە بەتەنیا دەوەستان و پێییەکەی دیکەیان بۆلای پشتەوە دەنووشاتندەوە و بەدەستی توند دەیانگرت و پێکەوە لەسەر یەک پێ غارییان دەدا لۆ لای شارگەکە و دەگەڕانەوە شوێنی خۆیــان کــێ یەکــەم بووایــە ئــەو بــراوە بــوو. جاریــش هەبــوو ئــەو کەســانەی یارییــان نەدەکرد دەیانگوتــە یاریکەرەکــەی هێسترەشــەلە ... بەقولــە قولــە
کێوە دەچی ... درکت لە پێ ڕادەچی

**١٣ - حەمامۆکێ یان گۆمبەتانێ:**

ئــەوەش هــی منداڵــی خــوار دەســاڵی بــوو ، دەبوونــە دوو تیــپ تیپــی ٣ کــەس دەبــوون ، تیپەکییــان لەنــاو زیخــێ گومەتییــان دروســت دەکــرد، تیپەکــەی تــر بەســەرییان دادەدان و لێیــان تێــک دەدان و ئەوانــی خــاوەن گومەتــەکان بەخــۆڵ و زیــخ داکۆکییــان دەکــرد ، پاشــان تیپەکــەی تــر گۆمەتییــان دروســت دەکــرد و ئــەوی تــر دەبوونــە هێــرش بــەر ، بــەو شــێوەیە چەنــد جارێــک یارییــان دەکــرد...

**١٤- هۆپ هۆپ:**

کاتــێ دوو کۆمەڵــە منــداڵ وەک دوو تیــپ یارییــان بکردایــە ســەرداری هــەردوو تیپەکــە لــەدووری دووســێ مەترێــک لەبەرانبــەر یــەک دەوەســتان یەکەکیــش خیتەکــی ئاســۆیی لەنێوانییــان دەکێشــا ، ســەرداری یەکــەم ســێ پێــی دەپیــوا

بەرەو سەرداری بەرانبەری بەس لەکاتی پێوانی پێیەکان لەپێی یەکەم دەیگۆت هۆپ هۆپ قەرەتۆپ، هاتم یەک هاتم دوو هاتم سێ ...دەماری قونت بپسێ .

ئینجا سەرداری دووەم بەهەمان شێوە سێ پێی دەپیوا هەمان قسەی دەگۆت ، هەتا ئەو سەردارەی لەکۆتایی کەمترین سێ پێ یان دوو پێ یان یەک پێی ماوەی لۆ دەماوە ، ئەو براوە بوو ، دەستی بەیارییەکە دەکرد ، ئەو جۆرە یارییە تەنها بۆ دیاریکردنی کامە تیپ یەکەمجار یاری بکات ، هەروەکوو تەڕوهیشکانێ بوو.

هەر ئەو یاریە بەنەوعەکی تریش دەگۆترا لەکاتی پێوانی سێ پێ بەرانبەر بەیەک

سەرداری یەکەم دەیگۆت:

ئەمن لەوبەری زێ ..... .ئەتوو لەوبەری زێ

لەملت دەکەم زریزێ ..... دەتگێم هەتا پایزێ

سەرداری دووەمیش سێ پێی دەپیواو دەیگۆت

هەرت دەگرم دات دەنێم ..... لەناو جۆڕکێ کات دەنێم

هەتا دەمرم تێت دەنێم .

**١٥- خینی ژن و مێردان**

ئەگەر دوو منداڵ بکەوتانایە ڕکە لەگەڵ یەک و لێکترییان قبوڵ نەکردایە بەرانبەر یەک بوەستابوونایە ، منداڵێکی تر خیتەکی (هێڵەکی) لە نێوانییان دەکێشا پێیان دەگوت خیتی ژن و مێردان ، ئەو منداڵەی زۆر شەڕاوی و چەتوون بووایە بەپێڵاوی خیتەکەی ڕەش دەکردەوە و دەیگوت ژنم پڕ بەگونم ..... مێردی هەقیت هەر ئەمنم.

ئیدی منداڵەکەی دیکە توورەدەبوو بەو قسەیە گەر توانای شەڕی هەبویا لەمنداڵەکەی دەدا و منداڵەکانی دیکەش تەمەشایان دەکردن و بەفیتوهۆڕ زیاتر بەشەڕیان دەهێنان ، گەر منداڵەکەش توانای بەرەنگاربوونەوەی نەبووایە دەگریا و ناو منداڵەکانی بەجێ دەهێشت، ئەوانیش بۆ زیاتر توورە کردنی دەیانگۆت نەوێر نەوێرۆکێ ....ژنێ برایمۆکێ.

**١٦- گێفرکانێ**

کوڕێکی جاحێڵی گەورە یان پیاوێک لەناو کۆمەڵە منداڵێک دەستی بە فڕێدانی خواردنێک دەکرد ، وەک نەعناع یان شەکرۆکە ، قلەکی فرێ دەدا هەموو مندارەکان غارییان دەدا لۆ هەڵگرتنەوەی خواردنەکە ئەوەی زووترین کەس هەری بگرتایەوە ، دەبووایە بەغاردانە بێتەوە لای کابرای جاحێڵ دەستی لەلەشی بدات ئجا خواردنە شەکرۆکە دەبووە بەشی ، بەڵام هەر لەوکاتەی شەکرۆکەکەی هەڵدەگرتەوە تادەگەیشتە لای جاحێڵە خاوەن شەکرۆکەکە منداڵەکان گێیان ڕادەکێشا ، جار هەبوو گێ ڕاکێشەنەکە خواردنەکەی لێ دەکردە قوزەلقورت.

**١٧- گوریس ڕاکێشانێ**

زیاتر یاری کوڕانەی گەنج و پیاوانەیە ، گوریسێکی پتەوی ٤ مەترییان دەهێنا، کەسەکان دەبوونە دووتیپ هەر تیپەی ٣ تا ٤ کەس دەبوون ، لەناوەندی گوریسەکە هێڵیکییان لەسەر زەوی بەئاسۆیی دەکێشا ، گوریسەکەیەن لە ئاستی توانای دەستیانەوە بەبڵندی دەگرت ، هەر تیپە و هەر یەکەی بەهەردوو دەستی گوریسەکەیان دەگرت وبەهەموو هێز و توانایانەوە هەوڵی ڕاکێشانی تیپەکەی تری دەدا ، تا بۆ لای خۆیان ڕاکێسابووایە ، ئەوەی لە هێڵەکە بپەڕیبووایەوە بەدۆڕاو دەژمێردرا ، یارییەکی وەرزشی جەستەییە.

**١٨- تۆپانێ**

تۆپی پێ زیاتر کوڕانە بوو ، لەدوای سالانی چل و پەنجاکانی سەدەی بیست لە گوندەکان بڵاوبۆوە ، دوو تیپ بەشدار دەبوون هەر تیپە و ١١ کەس بوون ، بەڵام دەشکرا کەمتر بن زۆر جار لە یاری گەڕەکانێ ٧ کەس بووینە یان ٨ یان ٩ کەس ، ، وا بزانم هەموو خوێنەرێکیش یاری تۆپی پێ دەزانێ و زانیاری لەسەر هەیە.

یاری تۆپی باسکە ، هەمان شت وەک تۆپی پێ لەدوای سالی چل و پەنجاکان لەگوندەکان بلاو بۆوە پاش پەیدابوونی قوتابخانە و مامۆستاکان لەوەرزشدا فێرییان دەکردن منداڵ و گەنجانیش دوای دەوامیش هەر یارییان دەکرد ، دوو تیپە و هەر تیپەی لە شەش کەس پێک دێت و تۆپەکە بەدەستی بۆ

بەرانبەرەکەی دەهاوێت ، ئەویش یارییەکی هاوچەرخە و بەردەوامە

**١٩- پەلارانێ:**

بەبەرد پەلارییان دەهاوێشت بزانن لە نیشانەکە دەدەن ، یان کێ پەلاری زیاتر دەروات.

**٢٠- ترومبیلۆکانێ:**

منداڵان ترومبێلییان لە تەل دروست دەکرد و پێشبڕکێیان پێ دەکرد

**٢١- رسمانێ:**

یارییەکی منداڵی بچووک بوو لەدوای ساڵانی حەفتاکان پەیدابوو ، وەک قومار یارییان بە رەسم دەکرد ، رەسمەکان وەک یەک بوون یان لەشێوەدا یان لەژمارەدا لێک نزیک و و وەک یەک بوون ، ئیدی یاریان دەکرد ئەوەی وێنەکەی یەکەمجار فڕێ دەدا بە رووی وێنەکەوە گەر هی دووەم وەک هی یەکەم بووایە ئەوە دەیبردەوە و وێنەی کەسەکەی دیکەشی بۆ خۆ دەبرد .

**٢٢ – حەفت بەردانێ :**

حەفت بەردی بچوکی پانییان لەسەر یەک دادەنا ، ئیدی لەدووری پێنج شەش مەتر تۆپەکی گچکەیان تێ دەگرت ، بزانن کێ دەتوانی بەردەکان بپێکێ و بەربداتە خوارێ..

**٢٣- گێشمانە گێش**

یارییەکە گەورە لەگەڵ منداڵ دەیکەت ، گەورەکە گوێی منداڵەکە ڕادەکێشێت ، بەهەردوو پەنجەی گەورە و شایەدمان ، بە منداڵەکە دەڵێ :گێشمانە گێش ... منداڵەکە بۆ ئەوەی رزگاری بێ دەبێ بڵێ گێی فەقیران ڕامەکێش

ئەگەر نەیزانی ئەوە گەورەکە پێی دەڵێ لەبۆخوارێ ڕایکێشم یان بۆ سەرێ ، گەر منداڵەکە ، کامەی گوت ، بڵێین گوتی بۆ لای خوارێ ، کەسەکە بەتوندی بۆ لای خوارێی ڕادەکێشێ ، ئەوجارە دیسان پێی دەڵێتەوە بۆ خوارەوە یان بۆ سەرەوەی ڕاکێشم ، منداڵەکە بۆ ئەوەی ڕزگاری بێ ، بەپێچەوانەی جاری تر دەڵێت بۆ سەرەوە ، ئیدی بەردەوام گوێی ڕادەکێشرێ ، تا بەخۆی دەڵێت گێی فەقیران ڕامەکێش ، یان کەسێک هاوکاری دەکات و پێی دەڵێت وابڵێ.

### ٢٤- بابت سەری بەبن کراوی کەتیە

جار هەبووە ، منداڵ چوویتە ناو پیاوان بەدوای باوکی دا گەڕاوە ، پرسیویەتی کوا بابم ، ئەوانیش هەر بۆ گاڵتە و بزانن منداڵەکە چەند زیرەکە گوتوویان ، کورە نەتزانییە بابت سەری بەبن کراوی کەتیە ، ئیدی گەر منداڵەکە زیرەک بیت فشەی بەوەڵامەکە دەهات و دەیگۆت ئەنگۆش سەرتان بەبن کراوی کەتیە ، ئەگەر نەشی زانیبوایە و دەگریا لۆ بابی و دەیگۆت کوو وایە لە کێندەر سەری بەبن کراوی کەتیە ، ئینجا یان یەکەک کرِی دەکردەوە و پێی دەگوت کورِم هەموومان سەرمان بەبن کراوی کەتیە ، ئەدی کراو و جەمەدانی لەسەرِی نانێین ، یان مندارەکە بەغاردان دەچۆوە لای دایکی و دایکی دەیگوت بۆ دەگرییی ئەویش مەسەلەکەی پێ دەگۆت ، داکی کرِی دەکردەوە ، دەیگوت کورِم مەگریێ ، ئەوەی بەتووشی گۆتیە سەری بەبن کراوی کەتیە ئەدی بابت کراوی لەسەر نییە،. ئیدی منداڵەکە بۆ جارێکی تر تێ دەگەیشت بەو قسەیە نەدەگریا.

### ٢٥- کەرەکم بارکردیە

کاتێ کۆمەڵێک منداڵ کۆدەبوونەوە ، منداڵە بزێوەکان دەچن پارچە کاغەزێک یان پەڕەمووچەک یان زەنگەسۆرەیەک کەچزووەکەیان دەرهینابێ یان هەرشتەکی بچوک و سووکیان لەسەر منداڵێکی دەمچەفت دادەنا و دەیگوت : کەرەکم بارکردییە ... .ئاگای لەخۆ نییە

ئیتر هەر منداڵە و دەستی بەسەری خۆی و بەپشتی خۆی دادەینا نەوەک شتەک بەوی وەبی ، ئەوەی پەڕەمووچی مریشک یان پارچە کاغەزی لەسەربووایە پێی پێ دەکەنیین ، جار هەبوو منداڵەکە لە شەرمان دەگریا.

### ٢٦- پشقاقەز (کۆلارە):

لە کاغەزو پوشکە دروستیان دەکرد داوەکی درێژیان تێ دەخست لە شوێنی بڵند هەڵیان دەدا بۆ ئاسمان.

**٢٧- کراوپشت قونانێ :**

کۆمەڵێ منداڵ بەبازنەیی دادەنیشتن کەسێک دەبووە سەردار کڵاوێک (یان دەستەسرێک) خۆی زیاتر پەڕۆکێکیان دادەنا ، سەرێکی دەکرا گرێی گەورە لەناو دەستی بوو ، بەپشتیان دادەسوڕاوە بەخێرایی ، هەوڵی دەدا دەستەسرەکە یان کڵاوەکە لەپشت قونی یەکێک دابنێ و هەستی پێ نەکات ، گەر کەسەکە زانی ، کراوەکە هەڵدەگرێت و دەکەوتە دوای سەردارەکە ، سەردارەکەش رادەکات و هەوڵ دەدات لەشوێنی ئەو دابنیشێ ، گەر توانی لەشوێنی کەسەکە دابنیشی هیچ لێدانی بەرنەکەوت ، مانای بردیەوە ، ئینجارە کەسەکەی تر هەمان حاڵەت لەگەڵ ئەوانی تر دووبارە دەکاتەوە.

## • یاری کیژانە (کچانە)

**١- گورگ و بەرخانێ (دوونگە بەرخانێ)**

منداڵەک خۆی دەکردە گورگ و کیهان لەهەمووان گەورەتریش بووایە خۆی دەکردە داپیرە ئەگەر کچ بووایە ، ئەگەر کوریش بووایە خۆی دەکردە باپیرە و دەبووە شوان ، هەموو منداڵەکانی دیکە بەڕیزە پشتی یەکییان دەگرت و یەکەم منداڵی پێشەوەش پشتی شوانی دەگرت

شوانەکە دەیگوت دەچمە داران ، ئەوانیش دەیانگۆت دێم دێم

داپیرەی شوان دەیگۆت ئاخر گورگ دەتانخوات ، منداڵەکان دەیانگوت پەلکەنانی دەدەینێ.

داپیرە دەیگوت: دڕک لەپێتان ڕادەچی ، منداڵەکان دەیانگوت کاڵەی ئاسن لە پێ دەکەین

لەو کاتە داپیرە وا خۆی نیشان دەدا دەچووە داران ، گورگەکەش خۆی مەڵاس دەدات پڕ دادەتە بەرخەکی ، ئەوانیش بەریز خۆیان لەپشت داپیرەی دەنێن و پەلکە نانی بۆ گورگەکەی داوێن، بەڵام گورگ وازییان لێناهێنێ داوای دوونگی بەرخێ دەکات ، بەڵام داپیرە دەیانپارێزێ مەگەر بەرخەک لەریزێ بچتە دەرێ گورگ دەیگری و دەیخوات.

**٢- حێلانێ**

کۆمەڵە کچێکی پارچەرە دەستییان لەملی یەک دەکرد بەشێوەی نیمچە بازنە وەک

هەڵپەڕکێ ، یەکێکییان گۆرانییەکەی دەگوت ئەوانی دیکەش دەیانگێڕاوە.
هەچەرمە چەرمە چەرمە .... حێلانێ
حەز لەبووکێ خۆ شەرمە .... حێلانێ
بووکم دیت حەللارم دیت .... حێلانێ
لەگەر وسسە لارم دیت .... حێلانێ
وسووە لاری سەرگردی .... حێلانێ
چەندم دەیناو دەبردی .... حێلانێ
لەبرای خۆم مارەکردی .... حێلانێ
مارەمارە هەربەزی .... حێلانێ
دەست بەسنجاق و دەرزی .... حێلانێ

**٣- هەلی کسە**

یارییەکی کچانەبوو ، دووکیژ لەبەرانبەر یەک ڕادەوەستان و هەردوو دەستییان لە ناوقەدییان دەنا و بەرانبەر یەک هەڵدەپەڕین و ئەو وشانەیان دەگووت :
هەلی کسە ... ئەمن و ئایش
هەلی کسە ... دەرپێ قایش
هەلی کسە .... دەتبەزێنم
هەلی کسە ... لۆ برامت دینم
ئیتر بەردەوام بوون تا یەکەکییان لە وشەکان هەڵەی دەکرد یان ماندوو دەبوو، ئەو دەدۆڕا.

**٤- تیرۆگێ**

گەمەکی کیژان بوو دوو کیژ وەک هەڵپەڕکێ دەستیان لەسەر ملی یەک دادەناو دەسووڕانەوە و ئەو گۆرانییەیان یەکیان دەیگوت :
تیرۆگێ ... ئەوی دیکە دەیگۆت : ئەسمەر بەچاوی چارۆگێ

**٥- قاقایانێ (هەڵماقۆ)**

یارییەکی زیاتر کیژانە بوو پێنج بەردی چەگل (چەو)ی لووس کەمێک خڕیان دەهێنا ، دوو کەس بەرانبەر یەک دەیانکرد ، دوای تەڕ و هیشکانێ ئینجا یەکەم کەس دەستی پێ دەکرد ، هەر پێنج بەردی فڕێ دەدا سەر زەوی ، بەردێکی

دەکردە دەسکەبەرد و بەدەستی ڕاست دەسکەبەردەکەی کەمێک بۆ ئاسمانی هەڵدەدا و بەردێکی سەرزەویشی لەگەڵ هەڵدەگرت ، ئیتر هەر جارە و بەردێک تا هەر چوار بەردی هەڵدەگرت ، لەهەرجارەش دەبوایە لەگەڵ هەڵگرتنی بەردی سەرزەویەکە یەکسەر بەردە هەڵدراوەکەش بگرێتەوە، جاری دووەم هەمان شت بەس هەر جارەی دووبەردی زەوی هەڵدەگرت ، جاری سێیەم دیسان دەسکەبەردەکەی هەڵدەدا و بەردێکی زەوی دەبرد و دوایی دووبارە بەس سێ بەردەماوەکەی هەڵدەگرت ، جاری چوارەم لەگەڵ هەڵدانی دەسکەبەردەکەی دەبوایە هەرچوار بەردەکەی سەرزەوی بەیەکجار هەڵبگرێت.

گەر هەڵەی بکردایە و بەردە هەڵدراوەکەی پێ نەگیرابوایەوە ، یان لەهەمان کات بەردی سەرزەوی هەڵنەگرتایە ئەوە دەبوو نۆرە بداتە بەرانبەرەکەی، گەر هیچ هەڵەی نەکردابوایە بەردەوام دەبوو ، ئەوجارە قۆناغی دووەم دەستی پێ دەکرد ، دەستی چەپەی لەسەر زەوی دادەنا ئینجا پەنجەکانی بەرز دەکردەوە و وەک چەماوەی دەبوو و نێوانی پەنجەی گەورە و شایەدمان وەک دەروازەی لێ دەهات، ئینجا هەر پێنج بەردی فڕێ دەداد پێش دەروازەی پەنجەکانی و دەسکەبەردی هەڵدەگرت و دیسان هەڵیدەدا ئاسمان و لەگەل هەر هەڵدانێک دەبوایە بەردێک بەناو دەروازەکە دابڕواتە ژوورەوە و لەهەمان کات بەردە هەڵدراوەکە هەڵگرێتەوە ، تاهەر چوار بەردی بەدەروازەکە تێپەڕ دەکرد ، کێ بیتوانیبوایە یەکەمجار تەواوی بکات ، ئەو براوەبوو ، براوەش نوقورچەی لە دۆڕاوەکە دەدا یان پلی لەگوپی دۆڕاو دەدا.

**٦- مۆریانێ(مێروانێ)**

دوو کچ یان سێ مۆریانێیان دەکرد ، دەبوایە مۆریان هەبێ، قۆرتەکی خڕیان لێ دەدا(چاڵ)لەدووری مەترێک یان زیاتر لە قۆرتەکە هێڵەکییان دەکێشا، هەریەکە و چەند مۆریەک گریمان یەکەی ٤ مۆریان دادەنا ، ئیدی تەڕوهیشکانێ یان شێروخەتانێیان لەسەر یەکەم و دووەم و سێیەم دەکرد، هی یەکەم دەبوایە نوکی پەنجەی گەورە لەپشت مۆریەکە دابنێ و بەپەنجەی شادە جولە بەپەنجەی گەورە بکات تا مێرووەکە بجولێت و بەرەو قۆرتەکە بچێت ، دوای ئەو یاریکەری دووەم دەیکرد هەرکەسەک چەند مێروو بخاتە ناو قۆرتەکەوە ئەوەندەی بۆ خۆ هەڵدەگرت.

**٧- ساپ ساپانێ:**

یارییەکی کچانە بوو ، لاکێشەکی گەورەیان دروست دەکرد ، ئینجا بەتەباشیر یان گەر شوێنەکە خۆڵی ئاسایی بوایە ، ئەوا هێڵییان دەکێشا و لاکێشەکەیان دەکرد بە شەش خانەی وەکوو یەک بەردێکی تەنک یان پارچە تاسولقەکییان دەهێنا بۆ یاریکردنەکە ، تاسولقەکەیان لەخانەی یەکەم دادەنا و کچەکە پێی چەپەی بەرز دەکرد و بەپێی راست واتە لەسەر یەک پێ جولەی دەکرد پارچە بەردەکەی بەپێ لەخانەی یەک بۆ دوو دەبرد ئینجا بۆ سێیەم تا شەشەم ، دوایی دەهاتەوە پارچە بەردەکەی فڕێ دەدا ناو خانەی دووەم و بەیەک پێ خانە بەخانە دەڕۆیشت تا بەردەکەی بەهەموو خانەکان دادەبرد ، ئینجا خانەی سێیەم دوایی چوارەم و پێنجەم و شەشەم ، کاتێکی خۆشیان پێ دەبردەسەر و هەم جۆرێک لە وەرزشیش بوو.

**٨- بووکۆکانێ**

یارییەکی کچانەی منداڵ بوو ، کچەکان کۆمەڵێ بووکییان کۆدەکردەوە و لەسەر زەوییەکماڵیان دروست دەکرد و وەک یاری بوکێکییان دەبردە ماڵی بووکێکی تر و میوانداریییان دەکرد .

لەوانەیە زۆر یاری دیکە مابن ، یان من لەبیرم نەمابێ ، یان لەو ناوچەیەی من تێیدا ژیاوم نەبێتن ، لەناوچەی دیکە کرابێ ، یان شێوازی یارییەکان جوودایيان هەبێ.

**٩- بازباۆکێ یان گوریسانێ**

یاریەکی زیاتر کچانەیە ، دوو کچ هەریەکە و سەری گوریسێک دەگرێت وبڵند و نەوی دەکات و دەیجولێنێ ، کچی سێیەم لەسەری پازدەدات. یان کچێک بەتەنیا حەبلێک لەباڵای خۆی درێژتر بەدەستەوە دەگری هەر سەرەی لەدەستەکی بەسەر سەری خۆی دادەسوڕێنێ و لەبنەوەش لەسەری پاز دەدات.

## • یارییە فۆلکلۆرییەکانی تێکەڵاوی کچانە و کوڕانە

**١- بووکە بە بارانە**

یارییەکی تێکەڵاوی نیوان کیژ و کوڕانە، ئەگەر ساڵێک باران نەباریبوایە و درەنگی پێبچووبووایە ، منداڵان کۆدەبوونەوە دارێکییان وەک خاچ دروست دەکرد و بە جلی کچانە دایان دەپۆشی و یەکێک بەدەستییەوە دەگرت و ئەوانی دیکە بەدوایەوەبوون

و زیاتیش بەشەو ماڵ بەماڵ دەگەڕان و لەدەرگایان دەدا ، لەکاتی گەڕانەکە گۆرانییان دەگوت

بووکە بەبارانە .......ئاوی بن دەغڵانە .......سەعاتی جارانە

ئینجا دەیانگوت:

هەیاران و مەیاران........یاخوا بیکاتە باران .....بۆ فەقیر و هەژاران

لەدەرگەی هەرماڵێکییان بدابوایە ماڵەکە شیرناتی وەک خورما و قسەپ و مێوژییان دەدانێ ، بەو ئومێدەی باران بباری.

**٢ حندرحۆپ**

ئەم یارییە هی منداڵی تەمەن ٨ تا ١٢ساڵانە بەتێکەڵاوی کچان و کوڕان یان یەک رەگەز دەیکەن ، دەبنە دووتیپ هەر تیپەی ٢ تا ٣ کەس دەبن ، ، پێویستیان بە کاریتەیەکی درێژی ٣ تا ٤ مەتری هەیە یان بۆڕییەکی درێژ ناوەندی کاریتە یان بۆڕییەکە لەسەر بەرزاییەک بی تا کاریتەکە بڵند و نەوی بێت ، ئینجا هەر تیپە و لەسەر سەری کۆتایی کاریتەکە بەڕیز دادەنیشن ، لایەک خۆیان قورس دەکەن لاکەی تر کێشییان سووک دەکەن تا بەرز ببنەوە ، ئەو لایەی بەرز دەبێتەوە دەڵێن حندر حۆپ ، ئەوانەی تر دەڵێن بارتان چییە ، ئەوانەی بەرانبەرییان دەرێن نیسک و نۆک ، ئیدی لایەک خۆی بەرز دەبێتەوە و لایەکەی تر نەوی دەبیت ، تاماندوو دەبن بەو شێوەیە یاری دەکەن .

**٣ ـ فڕی فڕی قەل فڕی**

ئەوەش یارییەکی تێکەڵی کچ و کوڕانەیە و منداڵی تەمەن ٨ تا ١٢ ساڵ دەبێت ،هەمووی بە بازنەیی دادەنیشن یان لەنزیک یەک دادەنیشن ، یەکێک دەبێتە سەردار لەبەرانبەرییان دادەنیشێ ، دەڵێ فڕی فڕی قەل فڕی هەموو وەک سەردارەکە دەڵێنەوە ، ئیدی بەو شێوەیە ناوی باڵندەکان دەڵێت فڕی فڕی کۆتر فڕی هەموو دەڵێنەوە ، بەڵام لەبەینی چەند جارێک ناوی شتێک دەڵێت کەباڵندە نەبێت ، وەک فڕی فڕی تەل فڕی هەر منداڵێک بڵێتەوە بەدۆڕاو هەژمار دەکرێ و دەڵێن ئەتوو خلچای بڕۆ دەرێ ، ئیدی بەردەوام دەبن هەتا زیرەکترین کەس دەمێنتەوە کەهەڵە نەکات ، ئەو یارییە بۆ بەهێزکردنی مێشکی منداڵ و وردی لە گوێراگرتن پیشان دەدات.

**٤. دەچیە بەر مەڕی**

ئەو یارییە لەنێوان دوو منداڵ دەبێ لەبەرانبەر یەک دادەنیشن ، یەکییان بەوی دیکە دەڵێت ، دەچییە بەر مەڕی ، ئەوی دیکە دەڵێت ئا یان بەرێ

ئەوی یەکەم دەڵێت ،نانی لۆ شوانی دەبەی ، ئەوی دووەم دەڵێت بەرێ یان ئا

ئەوی یەکەم دەرێ لەگورگی چاوسۆر ناترسی ، ئەوی دووەم دەرێ نا یان نەخێر

منداڵی یەکەم لەپڕ هەردوو پەنجەی شایەدمان و دۆرەدرێژەی لەبۆ چاوی منداری دووەم ڕەوان دەکات ، بەدەنگی بڵند و ناخۆش دەڵێ هووو

ئەگەر منداڵەکەی دووەم چاوی چوقاند و ڕاچلەکی بەترسنۆک دادەندرێ

ئینجا بەپێچەوانە یاریەکە دەکەنەوە . بزانن کامەیان زۆرتر ترسا ئەوە پێک پێدەکەنن..

**٥- علوربلورتەکامە:**

کۆمەڵێ منداڵی کچ و کوڕی تەمەن گچکە دادەنیشتن پێیێ خۆیان بە درێژی ریز دەکرد ، ئینجا یەکەکییان بەپەنجەی شایەدمان ئەو گۆرانییەی دەگوت لەگەر هەر وشەیەک ، پەنجەی لەلاقی یەکێک دەدا ، لەکام لاق گۆرانییەکە تەواو ببوایە ،بیگوتایە هەگرە ئەتوو، واتە ئەو دۆڕاندی و دەردەکرا . گۆرانیەکەش بەم شێوەیە بوو:

علوور ، بەلوور ، تەکامە

زەرد و سۆر و شەمامە

ئارنجی ، بن بارنجی

عەیشێ مامان...لەخۆشناوان

دەگری چاوان

چاوێ بەگوو.... پێم تێڕاچوو

هەگرە ئەتوو

**٦- هەڕێوی ڕێوی :**

کۆمەڵێ کچ و کوڕی منداڵ دەستی یەکییان بەدووری لەیەک دەگرت و تا دەبوونە بازنەیەک و دەسووڕانەوە و یەکێکییان ئەو گۆرانییەی دەگوت و ئەوانی دیکە بەتێکرا دەیانگۆت.... هێ ، زۆرجار لەقوتابخانە مامۆستا لەڕیزی بەیانییان منداڵێکی

دەردەهێنا و هەمان گۆرانی دەگۆت وقوتابییەکانی تر بەکۆمەڵ دەیانگۆت هێ ، جۆرێک لەوزە و چالاکی پێ دەبەخشین.

هەڕیوی ڕیوی ....... هێ

ڕیوی بێ ئیمان .......هێ

شەریکی شەیتان .... هێ

کاغەز دەنووسم ..... هێ

بەخینی مێشێ ...... هێ

دەیدەم بە شەمار ..... هێ

لەبۆی بهینێ ....... هێ

هیچ جێت نەیەشێ .... هێ

**٧- چاوشیلکانێ**

کۆمەڵێ منداڵ کۆدەبوونەوە جار هەبوو بەشەوان دەکرا ، یەکێک پشتی لەپاش دەکرد و چاویخۆی دەگرت ،ئەوانی تر زۆر بەخێرایی خۆیان لەپەناوپەسیوان ، دەشاردەوە ،شوێنی منداڵەکە چاوگیراوەکە دەکرا شار، ئینجا کەسە چاو قوچاوەکە دەیگوت بێم چەند جارێک وای دەگۆت تا ئەوانی تر تەواو خۆیان بزردەکرد ئینجا یەکێک لەخۆشاردراوەکان دەیگوت وەرە، کەسەکە چاوی دەکردەوە و بەدوای هاوڕێکانی دادەگەڕا، هەر کەسێکی بدیتابویایە هەوڵی دەدا بیگری یان دەستی پێ بکەوێ گەر وای بکردایە کەسەکە بەدۆڕاو دەژمێردرا ، ئیدی بەدوای ئەوانی تریش دەگەڕا، ئەوانەی خۆیان شاردبۆوە ، هەوڵییان دەدا دوای ئاشکرابوونییان زوو خۆیان بگەینە شار و دەست لەدیواری شار بگرن ئەو کات پارێزراو دەبوون ، ئەگینا کەسەکەی بەدوایان دەگەڕا گەر بیدۆزیبوونایەوە لێی دەدان

**٨-پشتەڕەقان**

دوو منداڵی پارچەرە ، ئینجا کوڕبوونایە یان کچ ، زۆریش دووکچ دەبوون پشتی خۆیان بەیەکەوە دەنووساند قۆڵیان لەناو قۆڵی یەک دەنا بە نۆرە بەهۆی پشتیانەوە یەکدییان بڵند دەکرد و یەکەکییان دەیگوت :

پشتە ڕەقە ........ بەتەق تەقە

داکت چی بووە .... کوڕەکی بووە

ناوی چیە ؟
ئیتر هەر کەسەو ناوێکی بەدڵی خۆی دەگوت
هەر جارەو یەک ئەوەی تر بەپشتاوپشتی بلند دەکات

## • یاریی گەوران:

### ١-کەرەمستانێ:

یارییەکی کۆنی گوندەکانی کوردستانە بەشەوانی زستان گەنجان و پیاوان ئەنجامی دەدەن ، تائێستاش بەردەوامی ماوە ، بەڵام ئێستا هەندێک کردوویانە بە سێنیانی، لەدەشتی هەولێر ٩ کڵاو دادەندرا بەسێ ڕێزان هەر ڕێزەی سێ کڵاو ، دەبوونە دوو تیپ هەر تیپەی چوار پێنج کەس دەبن ، لەگەڵ هەبوونی ئەنگوستیلەیەک ، سەرەتا یەکێک ئەنگوستیلەکەی لەبەینی دوو کڵاو دەشاردەوە ، ئەگەر لای بەرانبەر یەکەم هەڵبژاردن بیدیتایەوە ، ئەوا دەستی بە یارییەکە دەکرد ، یاریەکەش لەهەر تیپەی یەکێک وەستا بوو ، وەستا هەڵدەستا بەشاردنەوەی ئەنگوستیلەکە لەناو یەکێ لەو ٩ کڵاوە، ئینجا تیپی بەرانبەر لەگەڵ یەک ڕاوێژییان دەکرد و سەر وەستا هەڵدەستا بە دۆزینەوەی بەگوێرەی تێڕامانی پێشتری بۆ دەستی سەر وەستای بەرانبەرەکەی ، هەر شاردنەوەیەک دە خاڵی لەسەرە بە سەد خاڵیش براوە و دۆڕاو دیاردەدەن . دەستە گور هەیە ، واتە ئەو کڵاوەی ئەنگوستیلەکەی تێدا شاردراوەتەوە ، کە وەستا گوتی دەستە گوڵ گۆڵ تیایدا بوو واتە براوەیە ، بۆشی هەیە تا شەش کڵاوان فت بکات و واتە بە مانای هیچی تیانییە،بەڵام دەبێ لە سێ کڵاوەکەی ئاخری دیاری بکات کامە تیایەتی ، لەهەر ناوچەیەکی کوردستان کەمێک جیاوازی هەیەلەچاو ناوچەیەکی دیکە.

### ٢- دامە :

یارییەکی زۆر باوە تائێستاش دەکرێ ژیرییەکی زۆری دەوێ و وەک یاری شەترەنج بیرت فراوان دەکات و وەرزشی مێشکە، ئێستاش لە پەنا دیواری مزگەوتەکان لەلادێکان و لەگەڕەکە میللیەکان پیاوان ئەنجامی دەدەن .
شەپکە دارێکی معاکسی پان یان کارتۆنێکی چوار گۆشە دەهێنن ، ٨ هێڵی ئاسۆیی دەکێشرێ و ٨ هێڵی تری ستوونی هێڵە ئاسۆییەکان دەبڕێت ، بەمەرجێ ٤ خانەی

چوارگۆشـەی وەکـوو یەکـی لـێ دەربچـێ ، ئینجـا هـەر یەکـە و لەریـزە ئاسـۆیەکەی دووەم و سـێیەم ، یـەک بـەردی خـۆی لەخانـەکان دادەنـێ و وای لـێ دێـت ، بـەردی هـەردوو لایـان دوو ریـز بۆشـاییان لەنێـوان دەبـێ ، ئینجـا یاریکـەری یەکـەم دەسـت دەکات بەجولانـی بەردێکـی پێشـەوە ، هـەر بـەردە و توانـای هەیـە بجولـێ بـۆ لای پێشـەوەی خـۆی و هـەردوو تەنیشـتەکانی لـە کاتێـک لای چـۆل بێـت ، ئەگـەر بەردێکـی یاریکەرێـک ببیتـە دراوسـێی بەردێکـی بەرانبەرەکـەی و پشـتی بـەرد نەبێـت ئـەوە دەخورێـت و هەڵدەگیرێـت ، هـەردوو یاریکـەر هـەوڵ دەدەن ئاغـە بکـەن ئاغـەش واتـە گەیشـتن بەخانـەی دواوە ، چونکـە ئاغـە توانـای جولانـی بـۆ هـەر سـێ لاکـەی خـۆی هەیە بەدرێژایی هـەر هەشـت خانـە، کێ لەکۆتایی بـەردی بەرانبەرەکـەی خـوارد ئـەوە بـراوە دەبێـت.

**٣- سێڕسکانێ**

یارییەکـی زیاتـر هـی نێرینانـە گەنـج و تەنانـەت پیـاوی گـەورەش دەیکـەن ، چوارگۆشـەیەکی گـەورە لەسـەر زەوی ، یـان لەسـەر کارتۆنێـک دروسـت دەکـەن ، نیشـانەی کـۆ (زائـد ) لەنـاو چـوار گۆشـەکە دروسـت دەکـەن بەمەرجـێ هـەر چـوار هێڵـی کۆیەکـە لەنـاوەوە بگاتـە چوارچێوەی چوارگۆشـەکە، ئینجـا هـەر یـاری کەرێـک سـێ بـەرد لەدەسـتییان دەبـێ ، بـەڵام شـێوەی بـەردی هەریەکەیـان دەبـێ جودابـێ لـەوی دیکـە ، چ لەڕەنـگ یـان لـە شـێوە، یـان لەجـۆری بـەرد ، جـار هەیـە بەدەنکـە نـۆک یـان فاسـۆلیا یـان دەنکـە خورمـا دەکـەن ، لەسـەرەتا یـاری کـەری یەکـەم یەکـەم بـەرد دادەنـێ ، ئینجـا یـاری کـەری دووەم بـەم شـێوەیە دوایی بەردەکانییـان دەجولێنن ، کـێ توانـی بەردەکانـی خـۆی ڕێـز بـکات ئـەوا بـراوە دەبێـت.

**٤- نۆڕسکانێ**

ئـەو یارییـە زیاتـر پیـاو و گەنجـی گـەورە دەیکـەن ، چونکـە زیرەکییەکـی دەوێـت ، یاریەکـە یـان لەسـەر زەوی یـان کارتـۆن یـان پارچـە دارێکـی معاکسـی چوارگۆشـە بەکاردێنـن ، سـێ چوارگۆشـەی بچـوک لەنـاوەوە ، ئینجـا گەورەتـر ، ئینجـا زۆر گەورەتـر دروسـت دەکـەن چوارگۆشـەکان بەگوێـرەی گچکـە و گەورەییـان لەنـاو یەکتـرن هەمووشـیان بەهێـڵ لەناوەراسـتی دەگەیەنرێنـە یـەک ، هـەر یاریکەرێـک نـۆ بـەردی بەدەسـتەوە دەبێـت، یاریکـەری یەکـەم بـەردی یەکـەم دادەنـێ ، ئینجـا هـی

دووەم دایدەنێ ، تـا هـەر یەکـە و نۆ بـەردی خۆی دادەنێ ، بێ ئـەوەی لەریز یـەک بـن، دوایـی یاریکـەری یەکـەم دەسـت بەجولـەی بەردێـک دەکات بـۆ ئـەوەی سـێ بـەردی بکەوێتـە ریزێکـەوە و بەبـراوە حسـاب دەبـی و لەگـەڵ هـەر ریزێکدا بەردێکـی بەرانبەرەکـەی هەڵدەگـری.

**٥- قاشوانێ**

گەمـەی گـەورە و جاحێـلان بـوو ، دەبوونـە دووتیـپ وەک تۆپـی پـێ ، هەریەکـە و کورتەگۆپاڵێکی پێ بوو بەسـەر و خواری دەیانگرت، تۆپێکی بچوکیشیان لەبەردەست دەبـوو خـڕ بـوو زیاترناوەکـەی بەردبـوو یـان گەچێکـی خـڕ بوو،بـەڵام بەلبـادی دەیانـدووری ، خڕییان دەکرد ، پێیان دەگوت گۆ ، سـەر و قۆرتیـان لـێ دەدا ، هـەر تیپـە و دەیویسـت گۆیەکـە بـە قونکـی گۆپاڵەکـەی بخاتـە نـاو چاڵـی بەرانبەرەکـەی ، کاتێ گۆیەکـە دەخـرا نـاو چاڵەکـە دەیانگـوت هـۆل ، وەک یـاری هۆکـی ئەورپییەکانـە.

**٦- کۆسە بەبا**

ئـەو یارییـە زیاتـر کوڕانـی گەنـج دەیکـەن ، هەمـان شـت کەسـاڵێک بـاران نابـاری و درەنگـی پـێ دەچـێ ، کـوڕ وکاڵ خڕدەبوونـەوە و یەکێکییـان دەمووچـاوی خـۆی بـە تەنـی رەش دەکـرد و جلێکـی نایلـۆن ، یـان نایلۆنەکـی بەسـەر خـۆی دادا و دارێکـی پتـەو وەک تۆپـزی بەدەسـتەوە دەگـرت و بەکۆڵانـان دەدارۆیـن ، هەرکەسـێکی بکەوتایـە پێـش بـۆی دەچـوو و دەیترسـاند و لـەدەرگای ماڵانیـان دەدا و کەسـی ماڵەکـە دەچـووە سـەربانەکە ئـاوی پێدادەکـرد و هەنـدێ شـیرناتی وەک خورمـا یـان مێـوژ یـان گەنـم .... بەسـەر کەسـەکەی دا فـرێ دەدا بـەو ئومێـدەی بـاران ببـاری.

**٧- شەڕەگاڕان :**

سـاڵێک گـەر نەهاتبوایـە و کاتـی بـاران باریـن دوابکەوتایـە ، ئـەوا کۆمەڵـێ ژن و زەلامـی بەتوانـای گوندێک ڕێـک دەکەوتـن ، بچـن گاڕانـی گوندێکـی تـر بدزن و بهێنـن بـۆ نـاو گونـدی خۆیـان ، ئیـدی خەڵکـی ئـەو گونـدی کـە گاڕانییـان لـێ بردرابـوو ، بەهانـای گاوانـی دەچـوون و هەوڵییـان دەدا گاڕانەکـەی بگێڕنـەوە ، ئیدی شـەڕ رووی دەدا و لێکییـان دەدا ، ئەگـەر بتواندرابوایـە گاڕانەکـە بـدزرێ و ببرێتـە گوندەکـەی تـر ، واتـە بـاران دەبـاری.

**٨- یاری دیتنەوەی چوونە گژ کەرێ**

کاتی خۆی گەر بیانویستایە بەپیاوێک یان گەنجێکی فەقیرحاڵ رابوێرن کۆمەڵێک گەنج و پیاو کۆدەبوونەوە دەیانگۆتە کەسە نەزان و فەقیرحاڵەکەی ئەوە لۆ کەرت گایە ، ئەویش شەرمی دەکرد و زوو سوندی دەخوارد کەشتی وای نەکردیە ، یان دەیگۆت بەخۆتان گایتتان بە ملە من دادەینن، دەیانگۆت وەرە با تاقیبکەینەوە بزانیین کێ گایتی ، جامە ئاوەکی گەورەیان دەیینا هەندێک کای وردییان تێ دەکرد ، دەیانگۆت وەرە پلی پەنجەی شادومانت باوێ ناوی ئەگەر کای پێوەنووسا مانای ئیشت لەگەل کەرێ کردووە ، ئەویش پلی پەنجەی کەدەهاوێشتە ناوئاو و کایەکەی ، کای پێوە دەنووسا،مانای کردوویەتی، ئەوانی دیکە پێی پێ دەکەنین ، دەیان گۆت وەرە لۆمان بلێ چۆنت و لەکوێ کردووتە ، ئەگەر کردبایی و فەقیرۆکە بووایە تەسلیم دەبوو و دەیگێڕاوە ئەگەریش نا تووڕەدەبوو دەیگۆت بوختانم پێ دەکەن وەرن ئەنگۆش خۆتان تاقی بکەنەوە ، ئەوانیش بێ ئەوەی کابرا هەستی پێ بکات ، پەنجەی شایەدمانییان لەناو گێی خۆ وەردەدا هەتا چەور بێ ، یان لەپەنایی رۆنیان دانابوو پەنجەیان چەور دکرد و لەناو ئاو و کایەکەی دەنا ئیوان هیچی پێ وەنەدەنووسا ، ئیتر دەبووە پێکەنین

**٩- غارغارێن :(قۆشمانێ)**

بەسـواری ئەسـپ و مایـن و جـار هەبـوو بـە گوێدرێژیـش ، پێشـبڕکێیان دەکـرد بەسـواری ، کەخـۆی جۆرێکـە لـەوەرزش ، ئێسـتاش خەڵکێـک هەیـە ئـەو خولیایـەی هـەر هەیـە.

**١٠- نیشانەشکێنی**

بـە تفەنـگ بەتایبەتـی برنـۆ نیشـانەیان لەشـتێ دەگـرت ، بزانـن کـێ نیشـانەی ڕاسـتە ، کەسـان هەبوونـە نیشـانەیان هێنـدە ڕاسـت بـووە ، لەجـەڕەی سەرشـانی ئافرەتییـان داوە لەدووریەکـی گونجـاو.

**١١- قومارانێ :**

لەسـەرەتای سـەدەی بیسـت لەوانەشـە لەگـەڵ هاتنـی ئینگلیـز یـاری قومارکـردن پەیدابـوو لـە نادییـەکان لەدیوەخانـەکان یـان لـە مـاڵان ، جـا چ یـاری کاغـەزی بیسـت و یەکانـێ بـێ ، یـان کۆنـکان ... لەسـەر پـارە یـان لەسـەر خـواردن دەکـرا . یـان هـەر بـۆ خۆشـی لەسـەر هیـچ دەکـرا.

**١٢- زۆرانبازی:**

زۆرانـێ لـە نێـوان دوو کـەس دەکرا نابووایـە دەسـت بووەشـێنن ، تەنهـا کـێ بیتوانـی بووایـە ئـەوی دیکـە لـە زەوی بـدات بـە بـراوە دەژمێـردرا.

**١٣ – مەلەوانی :**

لەدەشتی هەولێر لەبەهـاران هەندێ گۆمـاو هەبـوون تـەواوەک ئـاوی تێدا کۆدەبۆوە ، منداڵان دەچوون مەلەوانییـان لەنـاو دەکرد ، یـان گوندەکانـی دەوروپشـتی زێـی گچکە و گـەورە لـە زێیـێ مەلەیـان دەکرد. ئـەوەش لەخۆیدا وەرزشـێک بـووە.

**١٤- راوکردن :**

راوە کەروێشـک و مامـز و ڕێـوی ، بـە تـاژی (تانجـی) و سـوار ئەسـپی دەچوونـە بنـاری زوورگ و چیـای قەرەچـوغ ، بـەدوای گیانـەوەرە کێوییـەکان دەگـەڕان ، تـام و چێژەکییـان لـێ وەردەگـرت . یـان سـاچمەیان پـێ بـوو بـۆ راوە سوێسـکە و کـەو و کەروێشـک ..... یـان تفەنـگ بـۆ کوشـتنی رێـوی و گـورگ و سـیخوڕ و ...

**١٥-  راوە باڵندە بەداو**

راوی باڵندە کێوییـەکان دەکرا بـە داو و تەپکـە و بەفـاق وەک سوێسـکە و کـەو و پـۆڕ و قەتـێ و ریشـۆڵە و کێشـکە ......

**١٦- راوە ژووژک**

شـەوانی هاویـن و بەهـار و شـەوە سـاماڵەکان گەنجـان ئەگـەر کەسـێکی فەقیرحـاڵ و نەشـارەزایان بکەوتایـە بەردەسـت چەنـد گەنجێـک خـڕ دەبوونـەوە دەیانگـۆت دەچینـە راوە ژووژک ، ئەتـۆش لەگەڵمـان وەرە ، ئێمـە بـە دار و بـەرد لەبنـی تەنەکـەی دەدەیـن ، ئەتـۆش گوشـێک بگـرە دەسـت و دەرگای واڵا بکـە ژووژکـەکان کەهاتـن تـۆ بیـان خـە نـاو گوشـەکە ئیتـر ئـەوان لەشـوێنێک دادەنیشـتن خۆیـان لـە کابـرا دەشـاردەوە هـەر لـە تەنەکەیـان دەدا و کابـرای نەشـارەزاش هـەر چـاوەڕێ دەبـوو ژووژک بێتـە بەرچـاوی و بیخاتـە نـاو گوشـەوە تابەیانـی بـەو شـێوەیە بەکابرایـان ڕادەبـوارد.

**١٧. قاوقاوانێ**

یارییەکـی کوڕانـەی گـەوران بـوو ،بـە ٦ تـا ٨ کـەس دەکـرا ، دەبوونـە دووتیـپ ، پـاش تەڕوهیشـکانی ، یـان هـۆپ هۆپانـێ ، کام سـەردار بیدۆڕاندبووایـە ، تیپەکـەی خۆیـان لەسـەر هـەردوو پـێ و هـەردوو دەسـت دەنووشـتاندەوە ، دەبووایـە کڵاویشـییان لەسـەربووایە ، تیپەکـەی تـر بەدەورییـان دادەگـەڕان دەیانویسـت کڵاوی لەسـەر

یەکێکییـان بڕفێنـن ، ئەوانـی تریـش بـە لەقـە بەرگرییـان دەکـرد ، ئەگـەر هەریەکێـک لەنووشـتاوەکان لەققـەی لـە یەکێـک لەکەسـەکانی تیپەکـەی تـری بدابووایـە ، ئـەوا ئـەو تیپـە هەڵدەسـتانەوە و تیپەکـەی تـر دەبووایـە خـۆ بنووشـتێننەوە،ئەگەر یەکێک کڵاوی سـەر نووشـتاوەکانی ببردابووایـە ئـەوا دەیگوت قـاو وە غـاری دەدا بـۆ ئـەو شـوێنەی کەپێشـتر وەکـوو شـارگە دیارییـان کردبـوو زیاتـر دیـوار دەکـرا شـارگە و عادەتـەن ٥٠ مەترێـک لەشـوێنی یارییەکـە دووربـوو ، ئیـدی ئـەوەی کڵاوەکـەی ڕفانـدووە غـاری دەدا و ئەوانـەی خۆیـان نووشـتاندبۆوە دەکەوتنـە دوای تـا بیگـرن و کڵاوەکـەی لـێ بسـتێننەوە ، ئەگـەر کڵاوەکـەی لـێ بسـتێننەوە ئـەوا تیپەکـە دەبووایـە بچـن لەشـوێنی ئـەوان خـۆ بنووشـتێنەوە و سـەر لەنـوێ یاریەکـە بکەنەوە،ئەگـەر نەشـییان گرتایـە ئـەوا رای دەکـرد و دەشـیتوانی کڵاوەکـە بداتـە هاوڕێکانـی تـری تـا دەیانگەیانـدە شـارگە ، لـەوێ تیپـە دۆڕاوەکـە دەبووایـە تیپـە براوەکـە هـەر یەکـە و یـەک کـەس بەکـۆڵ هەڵبگـرێ و بیانهێننـەوە شـوێنی یاریەکـە و تیپـە دۆڕاوەکـە خـۆ بنووشـتێننەوە جارێکـی دیکـە یـاری بکەنـەوە.

### ١٨. خەجەڕۆ پینەو پەڕۆ

ئـەو یارییـە زیاتـر بەشـەوان دەکـرێ ، کۆمەڵـێ منـدال لـە ٨ هەتـا زیاتـر بـەس دەبـێ ژمارەکـە دابـەش بـن بـۆ دوو بەشـی یەکسـان ، هـەر تیپـەی سـەردارەکی هەڵدەبژێـرێ ، ئـەو دوو سـەردارە بەرانبـەر بەیـەک دەبـن یـان تەڕوهیشـکانێ دەکـەن ، یـان هـۆپ هـۆپ قەرەتۆپـی دەکـەن ، بزانـن کـێ بـراوە دەبێـت ، ئـەو سـەردارەی تێکەوتووبێـت ، هاوڕێکانـی دادەنیشـن و پشـتییان لەیـەک دەکـەن ، سـەردارە براوەکـەش چـاوی سـەردارەدۆڕاوەکە دەگـرێ و دەڵـێ

قەرە قەرە قەرە یەک .....قەرە قەرە قەرە دوو

قەرە قەرە قەرە سێ ...... خۆتان بکەنە داو و دەرزی

هاوڕێی سەردارە براوەکە دەچن خۆ دەشارنەوە لەپەنا دیوار و شتان

ئینجـا سـەردارە براوەکـە چـاوی سـەردارە دۆراوەکـە بـەردەدات و پێکـەوە بەدوایـی خۆشـاردووەکان دەگەڕێـن سـەردارە دۆراوەکـە دەچێتـە هەرشـوێنێ سـەردارە براوەکـە دەبـێ لەگەڵـی یـان لـەدوای بـڕوات ،سـەردارە دۆراوەکـە گومانـی لەهەرشـوێنێ هەبـێ

دەڵێت تاوە ، سەرداره براوەکە دەڵێ تاو نییە ، واتە لێرە نین ....ئیدی بەو شێوەیە ئەگەر شوێنەکەی دۆزینەوە ئەوا دەبێ ئەوجارە تیپەکەی تر دابنیشن و تیپی دووەم خۆ بشارنەوە، ئەگەر نەشی دیتنەوە ئەوا تیپەخۆشاردراوەکە هێرش دەبەن بۆ تیپە دانیشتووەکە بەچەپەرۆکان لێیان دەدەن ، ئەوانەی دانیشتووشن هاوار بۆ سەردارەکەیان دەکەن تا بیان پارێزی ، بەدەنگی بڵند دەڵێن خەجەڕۆ پینەوپەڕۆ . ئیدی سەردارەکە کەگوێی لەهاواری هاوڕێکانی دەبێ بەغاردان دەگەڕێتەوە لایان و داکۆکییان لێ دەکات پەتێک یان پەڕۆیەکی درێژ سەرێکی لەدەستی دانیشتووەکان دەبێ و سەرێکی لەدەست سەردارەکەیان دەبێ و هەوڵ دەدات لەقە لەوانە بدات کە بەدەست چەپەرۆک لەدانیشتووەکان دەدات ، گەر لەقەی لەهەریەک لەهێرش بەرەکان دا ئەوا تیپەکان جێگەکانیان دەگۆڕنەوە ئەوانەی دانیشتوونە هەڵدەستنەوە و خۆدەشارنەوە ، ئەوانەی جاری تر خۆیان شاردبۆوە دادەنیشن و ئیدی یاریەکە وا بەردەوام دەبێت تا ماندوو دەبن .

**١٩- ئەزە وەزە**

یارییەکی زیاتر گەنجانە و کوڕانەیە ، دووکەس بیانەوێت ئەو کەسانەی دانیشتوون تێیان نەگەن ئەوە بە زمانی ئەزە وەزەی قسە دەکەن وشەکان پیت پیت دەکەن هەر پیتەک وشەی ئەزەی بۆ زیاد دەکەن بابڵێن لەجیاتی بڵێت دەچمە هەولێر دەڵێ دەزە ئەزە چەزە مەزە ئەزە هەزە ئەزە وەزە لەزە یزە ڕەزە ئەزە ، ئەوانەی لەوێن زۆر تێیان ناگەن بەڵام دووکەسەکە زۆر باش لەیەک دەگەن چونکە خۆیان فێرە ئەو زمانەکردووە. جار هەیە بەو زمانە جوێن و گاڵتە بە دانیشتوەکان دەکەن و دەبتە پێکەنین.








هه ریوی ریوی هێی













راديو الرابعة



## • دروشم و هوتافەکانی کۆن

ئـەو دروشـم و هوتافانـە هەندێکییـان مەغـزای سیاسـی قوڵیـان هەیـە، هەندێکییـان بەزمانێکـی بـازاڕی و هەرزەکارانـە گوتـراوە، یـان دژ بەلایەنـەک و حزبێکـی سیاسـیە، مـن وەک مێـژوو نووسـیومەتەوە، یـان وەرمگرتـووە، لـەو پۆسـتەدا هیـچ مەبەسـتێکی دیکـەم نییـە، هیـوادارم هەمـوو خوێنەرێـک بەدڵـی فراوانـەوە وەریبگـرێ وەک مێـژوو و ئەدەبیاتـی فۆلکلـۆری نـەک وەک تانـە و تەشـەر، لەگـەڵ ڕێـزم بـۆ هەمـوو لایـەک.

ئەو دروشم و شعرانەی لەسەردەمی پاشایاتی دەگۆترا:

سەربەستی .... عەبا و پێچە هەربستی

نائیبمان ناوێ گەنم دابکات .... میللەتی برسیش هەر هاوار بکات

ئەو هوتافانەی لە سەردەمی عبدالکریم قاسمی گوتراوە:

بژی گەل هێزی گەل .... حوکمڕانێتی بۆ گەل

بژی گەل هێزی گەل .... مام ڕەحمان و شێخەشەل

ئەوە چییە لەمستم .... کلکی ئاغەی دەبەستم

ئەوە چییە لەقۆرم .... چاوی ئاغەی دەکۆرم

ئێرە نیە و چیغلۆکە .... عەبدولکەریم نەینۆکە

چیتان دەوێ ئەی شوعی .... ئیعدامی عومەر عەلی

چیتان دەوێ شوعیەکان .... ئیعدامی ئاغەیەکان

شەعبی کەریم کار دەکات .... ئاغە لێرە باردەکات

نوری سەعیدی دمبک چی .... لۆ بویە لای هەرچی و پەرجی

کێتان دەوی بۆ گوو رێژ .... نوری سەعیدی کەپوو درێژ

چیتان دەوی ئەی بەزاز .... ئیعدامی سەعید قەزاز

چیتان دەوی ئەی بەنە .... ئیعدامی خەلیل کەنە

بندیوارو بندیوار .... عەمرت نەمینێ شەعبی پار

عەبدولکەریم قاسم .... سێ سارە بێ کراسم

زەعیم ئێمە پۆلیسین .... بۆ جمهوریەت موخلیسین

زەعیم ئێمە فەللاحین .... بۆ جمهوریەت سیلاحین

کریم کریم لیلئەمام .... دیموقراتی وەسەلام
کەریم کەریم لیلئەمام .... دوومەترەق و سێ زەلام
عبدالکریم قاسم .... بگرە یەخەی کراسم .... هەتا مردن دەتناسم
چیتان دەوێ خوشکەکان .... کراسی سۆر و مێردی جوان

**ئەو هوتاف و دروشمانە لەدوای بەیاننامەی ١١ ی ئاداری ١٩٧٠ گوتراوە**

برنۆ رەقەم حەڤدەیە.... نیشانەی پێشمەرگەیە
بەهێزی برنۆ لەشان .... رزگار دەکەین کوردستان
بە لوولەی برنۆی پارتی .... وەرمانگرت حوکمی زاتی
چرا لەسەر چرایە.... کوردو عەرەب برایە
بن قەرات و بن قەرات .... شێمە هەرێ و فارس هات
بژی بابی ئیدریسی .... لەسەر تەختی رەئیسی
عەردی بەش کرد بەگوریسی
بژی بابی لوقمانی .... شەش خەریتەی لەشانی
گرتی شاری سلێمانی
کێ بوو خۆی کردە شەکر .... ئەحمەد حەسەن لبەکر
کێ بوو خۆی کردە دەرمان .... مەلا مستەفای بارزان
ئەوە هاتە خوار دووکورە سۆرانی .... کلێتە لەسەر برنۆ لەشانی
پێشمەرگەی بەهەڵمەتین .... ساوارخۆری میللەتین
ئێمە کوردین کوردمان .... دەوێ مەلا نەبی نامانەوێ

**ئەو هوتافانە لەدوای شۆرشی نوێ گوتراوە**

بۆری لەسەر بۆرییە .... سەدام حسین خۆرپە
حسک وشوعی و قیادە.... رەنجی کوردییان بەبادە
بژی هیزی پێشمەرگە.... سەدام نزیکە مەرگە
یەکێتی نیشتیمانی .... درکە بۆ دوژمنانی
بمری سەدامی فاشی .... بەخۆیی تولە و جاشی

دیناری دەکەینە خوردە.... سەدام قۆندەرەی کوردە
لەکاتی مفاوەزاتی یەکێتی
لە بەغدایێ دەخۆمەوە .... لە بالیسان دەڕشێمەوە
حوکمی زاتی بە کێرمەوە .... من کوردم و ناتوێمەوە
یەکێتی مە و نابەزم .... سۆپەر نەبی نایدزم
مام جەلال لاقم تەزی .... نامانەوێ لامەرکەزی

**ئەو هوتافانە لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دەگوترا.**

نەسەدام و نەبەرە .... تەحالف ئەتوو وەرە.
ماست و پەنیر و کەرە .... نەسەدام و نەبەرە.
بمری بەرەی گاز فرۆش .... بژی بژی سەرۆک بۆش.
تا مام چووە لای بۆش .... ئازووقەیان هەموو فرۆش.
تا مەسعود چووە لای سەدام .... پارتی زۆر سەرەک جاشی کردە ئەندام.
پارتیمە پارتیمە.... بەقوشتەپەی ڕازیمە.
بەرە بەرە ڕابەرە .... هەر بەرە دزیکەرە.
شەهیدانی عەوینە .... خوینتان لەسەر یوئێنە.
بۆش بۆش .... برنج خۆش.
تەیارەی حاجی بۆشی .... سەدام کونجی دەفرۆشی.

**لەکاتی هەڵبژاردنی ١٩٩٢**

حوکم زاتی درۆیە .... ئاواتمان سەربەخۆیە.
پێشمەرگەکانی بەرە .... حەزیان لەسواری کەرە.
چیتان دەوێ ئەی میللەت .... نەمانی دیکتاتۆریەت.
فیدرال و حوکمی زاتی .... سەربەخۆیی لە جیاتی
نامانەوێ وتوویژ .... لەگەڵ سەدامی خوینڕێژ

## • ئەو دوو وشە ئاوەڵناوە جودایانەی پێکەوە دەگوترێن هەمان مانای یەک وشەکە دەدەن

لچک و لێو، بەزم و ڕەزم، بگرەو بینە، بینەو بەردە، باقوبریق، بنوبۆتک، بڕوبزگوڕ، پچکوپەلار، پڕوپیرێژن، پسکەپسک، تاقولۆق، تفتوتار،تەپوتۆز، تەڕوبڕ، تەقەوڕەقە تێروپڕ، تێروتەسەل، توندوتۆر، توندوتیژ، تێکەولێکە،،تاژی و توولە، چاووزار،چیاو چۆل، جڕت و فرت، نەرم ونیان، نەرم ونۆر، خان ومان، خواروخێچ، خاوێن وباوێن، دەنگە دەنگ، داقاودەق، دنیاوبنیا،داروبار،دەستوبرد، دەشت ودەر، ڕاستودروست، ڕێک وپێک، ڕمبوهۆڕ، ڕەشوڕووت، ڕەشوپش، ڕەقوتەق، ڕەنگوبۆ، زیڕوزیو. ڕێشکەوپێشکە،زارومار، زاق وزریق، زۆروزەوەند، هاشوهوش .

ساردوسڕ، ساغوسەلیم، سەروبن، سەروبەر، سەروسەکوت،سەرولمووز، سەروتیلاک، سەروکۆکر، سەوسوار، سەگ و سوار، سووکوچرووک، سیکەوگورگە، سۆروسپی، سۆرە وتۆرە، شۆخوشەنگ، شەنگوشۆڕ، شریقوهۆڕ، شلوخاو. شلومل، شەلم کوێرم، شێتووێت، شەقوپەق، شەگەومەگە، شلوشۆق، شێتوهار، شێتوشوور، شینوواوەیلا، شینوڕۆڕۆ. شینوشەپۆڕ، شاخوداخ، شێخومشایخ، شڕوشپڕێو، فڕان فڕان، فسکەفس، قوڕقەپ، قاتوقڕی، کتومت، کتوکۆر، کەڕوکوند، کەچە و مەچە، کەڕ و کوند، کەل وکرۆم، کەموکورت، کاوکۆتەر، کەفوکۆر، کپ و مات، کەشوکوش، کێشمەکێش، گێژووێژ، گران و سەنگین، گەرم و گوڕ، گیاوگۆر، گاوگۆلک، لەرزوتا، لەڕولاواز، لاق و لەتەر، هاتوهاوار، هاشوهوش، هێنومنهێن، هەراوهۆریا، هەرچیوپەرچی، هەڕوگیڤ، هورتک و پورتک، هێڕوهوڕ . هیشک وبرینگ . مورک ومار.خڕوپڕ، لاروپت، قڕوقەپۆز، ئارۆز و پارۆز، خۆڕی و تۆڕی، پۆشتەوپەرداخ، ڕێژە و پێژە، تێکە و لێکە، پووش و پەراش، کۆروکانی، پینەوپەڕۆ، گردوگۆ، گەجەر و گوجەر، سەرکە و بنکە، قاپ و قاچاغ، قەوچ قەڕاسە، زاک و ماک، ماش و برنج، مارومێرد، کۆچ و کۆچبار، خانی و بەرە، چیاو چۆل، دەشت و دەر، شەڕ و دڕ،تیک و دورمان، تەفر و توونا .

## • دەنگەکان:

دووشەی هاوشێوەی یەک کەهەمان مانای دەنگێک دەدات

باعە باعی مەڕوبزنی، قاڕەقاڕی کاروبەرخی، بۆڕە بۆڕی چێڕێ، زەڕەزەڕی کەرێ لوورە لووری گورگی، حەپەحەپی سەیان، حیلە حیلەی ئەسپان، قاسپەقاسپی کەوی بوغەبوغی کۆتری، گمەگمی کۆتری، فڕەفڕی تەیران (کۆتری)، گاڕەگاڕی مریشکی بەهێلکە، دوقەدوقی مریشکی، قوقەقوقی کەرەبابی، قیڕەقیڕی قاز، میاوەمیاوی پشیلەی، جریوە جریوی کێشکەی، جووکە جووکی فەرخە کێشکان، دەنگەدەنگی منداران، هەراوهۆریای خەڵکی، دەوەدەوی یەختیاران، بەردەق بەردەقی ژنان، بۆرەبۆری پێرەمێردان، برقەبرقی ئاوکوڵانێ، پرخەپرخی خەو، پرتەپرتی (چرا و فانۆسی)، پسەپسی ژنان، ترپە ترپی دری، تەپەتەپی پێ، تەقەتەقی دەرکەی،ترقەترقی ئاسنی، کوتە کوتی بەردی، چەکوچی ، جریوە جریوی ئەستێران، جیڕەجیڕی دەرکەی، سیڕەسیڕی دەرکەی، جیڕەجیڕی ددانی، چەقەچەقی ددانی، چەقەچەقی ژنان، چریک و هۆڕی درۆپەی، چپە چپی قسەی، چزەچزی گۆشتی، خشەخشی ماری، زیقە زیقی منداران، زاق و زریقی منداران، زیکە زیکی پێراوی، زیڕەزیڕی منداران، شەپەشەپی ئاوێ، شوڕە شوڕی ئاوێ، قرچەقرچی روونی، قیژو هۆڕی ژنان، قۆڕەقۆڕی زگی، قرەقری جیرانی، فشەفشی خۆهەرکێشی،فسکە فسکی قسان، فنە فنی کەپووی، فینگە فینگی گریانێ، فیتە فیتی شوانان، غەربە غەربی خەرکی، گرمە گرمی گەوارەی، گڤە گڤی بای، مشەمشی کەپووی، نمەنمی بارانێ، نارەناری برینداران، ورشەورشی بای، حریت و هۆڕی پێکەنینی، شرقو هۆڕی برووسکی، خرنگ و هۆڕی بازنی، زریک و هۆڕی گریانێ، قیژەقیژی ژنان،گارەگاری پیاوی، لشمەلشمی کەپووی لەکاتی گریان . لرخەلرخی سینگی، لەوچەلەوچی نانخواردنێ، مرچەمرچی دەمو لچی لەکاتی نانخواردن، هاش وهوشی بای، هۆڕە هۆڕی گریانێ، هۆنە هۆنی فرمێسکی، بۆرە بۆری داک و بابی، منجە منجی خەسووی، نووزە نووزی گریان، فڕە فڕی چایەی، نقەنقی رۆیشتن لەکاتی بارهەڵگرتن. گۆدەگۆدی رۆیشتنی مرۆڤ، زرمەزرمی لێدان لەمرۆڤ . مێچکەمێچکی ماستاوکردن و مامەحەمەیی،نەڕەنەڕی پیاوی توورە(نەرە نەڕی شێرێ).

**بەتەنیا بەکارهێنانی هەندێ وشە کە ئاماژەیە بۆ جۆرە دەنگێک**

تریقـەی پێکەنینـی، پرمـەی گریانـی، زرینگـەی پـارەی ئاسـن (کانـزا)، حریتـەی پێکەنینـێ، خـوڕەی ئـاوێ، شـوڕەی ئـاوێ، ڕمبـەی تۆپـان، ترپـەی پـێ، تەققـەی تفەنگـێ، شـەققەی بار(بـاڵ)، قورپـی گریانـی، قیـژەی منـداری، زرووکـەی ژنـان، زیـڕەی منداران، قورپـی ئـاو کورانـێ، نرکـەی نەخۆشـی، قرچـەی گەرمایـێ نـارە نـاری برینـداران.

## پێوانە جەستەیی و زارەکیەکان:

لـە زۆر کۆنـەوە مـرۆڤ بـۆ کـەل و پـەل و پێویسـتییەکانی ژیانـی هەنـدێ ئەندامـی جەسـتەی خـۆی یـان بچووکتریـن شـتی ئـەو ماددەی بەکارهێنـاوە بـۆ ژمـاردن و پێوانەکـردن، وەک لـەو نموونانـەی خـوارەوە

- مست: بـۆ بـڕە دانەوێڵـە و شـتی دەنکۆڵەیـی بەکاردێت کە بەقـەد یـەک نـاو لەپـی دەسـتە وەک مسـتەک کا و جـۆ و گەنـم و سـاوار.
- چەنـگ: بـۆ بـڕە دانەوێڵـە و شـتی دەنکۆڵەیـی بەکاردێـت کـە بـە قـەد هـەر دوو نـاو لەپـی دەسـتن پێکـەوە. وەک چەنگـەک گەنـم و جـۆ و خـوێ .
- دنک: بچوکتریـن ژماردنـە بـۆ دانەوێڵـەو شـتە دەنکۆڵەییـەکان وەک دەنکە برنـج و سـاوار و گەنـم و لۆبیـا.
- فـڕ: بـۆ پێوانـەی شـلەمەنی خـوراوە بەکاردێـت وەک فـڕە ئـاو و فـڕە دۆشـاو و فـڕە شـەربەت.
- گۆلم: بۆ ئاوخواردنەوە بەکاردێت، گۆلمە ئاو.
- تیلم: بۆ کاغەز و پەڕۆ بەکاردێت وەک تیلمە کاغەز و تیلمە پەڕۆ.
- پارچە: بۆ کاغەز و پەڕۆ و شووشە بەکاردێ، پارچە شووشە، پارچە پەڕۆ.
- کۆش: بـۆ دانەوێڵـە و مێوەجـات و پـارەش بەکاردێت، وەک کۆشـە تـرێ، کۆشـە گەنـم، کۆشـە پـارە .
- فـەردە و کیـس: بـۆ دانەوێڵـە بەکاردێـت، وەک فەردەگەنـم و برنـج و سـاوار و کیسـە نیسـک و کیسـە فاسـۆلیا و لۆبیـا.
- بڕ: بۆ پارە بەکاردێت، بڕە پارە.

- بست: بۆ زەوی بەکاردێت وەک بستە عەرد.
- پەنجە: هەر بۆ ژماردنی درێژی پەڕۆ و قوماش بەکاردێت وەک قوماشەکە پێنج پەنجە کورت بوو.
- قان: بۆ زەوی بەکاردێت وەک قانە عەرد، بۆ کفنیش بەکاردێت .
- پشک: بۆ گۆشت بەکاردێت وەک پشکە گۆشت.
- پشک: بۆ زەوی و میراتیش بەکاردێت، وەک پشکم بەبەر دەکەوێت.
- تلیشەبەرد: بۆ پارچە بەردی باریک و درێژ بەکاردێت، تلیشە بەرد.
- کەرتە: بۆ شاخ و چیا بەکاردێ، کەرتە شاخ و کەرتە چیا.
- کەر(کەل): بۆ قامیش بەکاردێت کەلە قامیشەک.
- پەل: بۆ دار بەکاردێت وەک پەلە دار.
- سەدە: بۆ ڕۆیشتنی ولاغ لەکاتی جووتکردن: وەک سەدە ئێسترەک.
- قینچکە: بۆ پیاز بەکاردێت وەک قینچکەپیاز.
- پنچکە گیا: بۆ گیاو گوڵ بەکاردێت، وەک پنچکە گیا.
- سەرک: سەلک: بۆ بەروبوومی بەسەلک بەکاردێت، وەک سەلکە توور و پیاز.
- باوەش: بۆ گیا و قرشە بەکاردێت، وەک باوەشە گیا یان قرشە.
- پشتی: بۆ قەسەر و دارودوو بەکاردێت وەک پشتیە قەسەر، پشتیەکەبەر.
- پاشۆل: بۆ بۆ بەروبوومی خۆڕسک زیاتر بەکاردێت وەک پاشۆلە تۆرکە، پاشۆلە کاردی.
- بار: بۆ هەڵگرتنی شتێک یان گواستنەوەی، وەک بارە دار.
- دەسک: بۆ گوڵ بەکاردێت وەک دەسکەگور.
- سەبەتە: بۆ میوەجات بەکاردێت وەک سەبەتە ترێ،، سەبەتە هەنار.
- قەرتارە: زیاتر بۆ ترێ بەکاردێت، وەک قەرتارە ترێ.
- زەمبیلە: بۆ سەوزەو میوەجاتی وەک تەماتە و باینجان و پرتەقال .... بەکاردێت، وەک زەمبیلە تەماتە.

## • ئیدیۆم و پەندی پێشینان

ئیدیـۆم: دەربڕینەکـی کورتـە کـە چەنـد وشـەیەکە، پڕمانـا و بەهێـز و خـۆش گفتیشـە، دەچێتـە خانـەی ڕەوانبێژییـەوە، جـار هەیـە وشـەکانی نـاو ئیدیـۆم لەواتـادا جیـاوازە لەگـەڵ هـی فەرهەنگـی . کەدەڵـێ لەچـاوی مـاری ناگەڕێتـەوە بەمانـای ئازایـی و جەسـووری دێـت، زۆربـەی جاریـش وەسـفێکی مەبەسـتەکە دەکات تـا جوانتـر بێتـە بـەر هـزری گوێگرەکـە، وەک دەڵـێ (دەرێـی سـێوێکن بوونەتـە دوولـەت) واتـە دوو کەسـی جوانـن و زۆر پێـک دەچـن.

ئیدیۆم لەزمانی کوردی بەسێ شیوە هەیە:

١ـ تێکچـڕژاو دوو وشـەی بەیەکـەوەن یـەک واتـا دەدەن وەکـوو گژوگیـا، پێـچ وپەنـا .

٢ـ یەکگرتـوو، دوو وشـەن یـەک وەسـفی ئـەوی تـر دەکات وەک زمـان درێـژ، سـەرگەورە، مـل پـان...

٣ـ تێک ئاڵاو ؛ دوو وشـەن تێک ئاڵاون هـەر وشـەیەک ماناياکی خۆی هەیە بەڵام بەیەکـەوە بـن یـەک مانـا و مەبەسـت دەگەیەنـێ وەک چڵکاوخـۆر، بەکرێگیـراو

لێـرەدا مـن کۆمەڵـێ ئیدیەمـی کۆنـی بنـزاری دەشـتی هەولێـر دەنووسـمەوە، کـە هەندێکییـان هێشـتا لەسـەر زاران مـاون، هەندێکیـش لەوانەیـە نـەوەی ئێسـتا مانـای نەزانـێ.

- دەرێی بەرازە غەزریە: زۆر کەلەڕەقە.
- دەرێی مالۆسە: واتە زۆر عیناد و کەلەڕەقە، مالۆس مێیەی بەرازییە.
- دەرێی پەلیکە:لەشی زۆر سووکە.
- دەرێی جووە: زۆر ترسنۆکە.
- دەرێی سەی پێ سووتایە: زۆر گەڕۆکە ئەو ماڵ ئەو ماڵ دەکات و ماندوو نابێت.
- دەرێی سەی هارە: شەڕ بە خەڵک دەفرۆشێت.
- دەرێی سەگسارە: دەڵێی سەگی بەرەڵڵایە.
- دەرێی شەقشەقەیە: زۆر بەخێرای قسەدەکات و بەدەو و زارە.
- دەرێی ئافراتوونە: زۆر بلیمەتە ئەفراتوون، مەبەست ئەفلاتوونە.
- دەرێی مەرحەمە: کەسێکی نەرم و نیانە.

• دەرێی مەڕە مردەیە: زۆر بێ وەیە، بەستەزمانە.
• دەرێی فیلە: زۆر گەورە و گرانە لەلەش و لار.
• دەرێی لبادە: هیچ قسە ناکات.
• دەرێی زەلامی ناوچاوی کەرێیە: ناشیرینە.
• دەرێی سەرو پێچکی چانەکرایە: ناشیرین و نارێکو پێکە.
• دەوەرە چاکەی لەگەر کرمانجی بکە: بەکەسێک دەگوترێت هەست بەچاکەی هاورێکەی نەکات .
• دۆر دڕا تەقەی بڕا: واتە بابەتەکە کۆتایی هات.
• جوانی بێ پەرە: جوانی بێ رکابەر.
• خۆی لەگوورە نابات: واتە خۆی وا پیشان دەدات هیچ ڕووی نەداوە.
• سایلی عالەمێ :وەکوو خەڵک.
• سەرخڕی دۆبڕە: بەکەسێک دەگوترێت نەگبەت بێ، رزق برِبێ.
• سەرقۆزی بن ئارۆزە: بەکەسێک دەگوترێت وا خۆی پیشان دات زاڵە بەسەر ئیش و کار بەڵام لە هەقیقەت کێشەی زۆرە.
• سەرەکی هەیە و هەزار سەودا: واتە ئیش و کاری زۆرە.
• سەری بێ رسق لەبن گرییە: واتە ئەوەی لەژیان دا بژیت دەتوانێ نان بۆ خۆی پەیدا بکات.
• سەری چووە قوڕێ: خراپی لێ قەوما
• سەری هار و ماری تێدایە: بەشتێک دەگوترێ کە جۆرەها شتی لەناو داندرابیت بە تێکەڵاوی.
• .شای بەسەپانی خۆی نازانی: منەتی بەکەس نییە یان هێندە لەخۆی ڕازییە حیساب بۆ گەورەترین کەس ناکات.
• عوزر لە قەباحەتی گەورەترە: بیانۆ هێنانەوەکەت لە کارە خراپەکەت خراپترە.
• کردن هەتا مردن: مرۆڤ هەتا دەمری هەر دەبێ ڕەنج بدات لە پێناوی ژیان.
کۆرە چت دەوێ، دووچاوی ساغ: واتە کەسێک وەک کوێر وابێت و شتێکی چاوەڕواننەکراوی پێ بدەن .
• کا لەکادینێ، جۆش لەجۆخینێ: بۆ گاڵتەی بەیەکەک دەگوترا کە مەسەلەیەک

بگێڕنەوە ئەویش تێ نەگات دەڵێ کا ئەوانیش ئەو قسەیەی پێ دەڵێن.

• کراوی خۆی گرتییە با نەیبات: بەکەسێک دەگوترێ خۆی لە بەڵایان بپارێزێ.

• کەتینە بەینی چاران و ماران: بکەوێتە نێوان دوو وەزعی خراپ.

• کەس گووی بە کراوی توو نەپیوایە: بەیەکێک دەڵێن کەس حیسابی بۆ نەکات و خۆی لە مەوزوعان وەربدات.

• کەس نەبی ڕەجەب سەرپارەبی: بەکەسێک دەڵێن بێ توانابێت و لەشوێنێکی گرنگ داینێن،

• کەشکیش برای دۆیە: بەو کەسانە دەڵێن هەمان سیفاتی خراپی ئەوی دیکەی هەبێ.

• کوچک لەئاگری گەرمترە:ئەو کاتە دەگوترێت کەسی دووری کێشەکە گەرم تر و توندتر قسەبکات لەچاو خاوەن کێشەکە.

• گۆی کەتتە بەر قاشۆی: بەوکەسە دەڵێن بکەوێتە بەر دەستی کەسێک تۆڵەی خۆی لێبکاتەوە.

• ،گیای هینایتە چۆکان: کەسێک کێشەکە زۆر ئاسان بکات، یان زیادەڕۆیی بکات لەقسان، درۆبکات.

• ،لەبێ خەبەران کەشکەک سەلاوات: بەکەسێک دەڵێن ئاگاداری بابەتەکە یان هەواڵەکە نەبێت.

• لەدووچووان مەچوو: بەدوای شتی ڕابڕدوو و ڕۆیشتوو مەکەوە.

• ، لەچاوی ماری ناگەڕێتەوە: واتە زۆر بەجەرگ و ئازایە.

• ،لۆ من هەر بەڕوبەی قەرەتەپەیە: کەسێک وا بەخۆی دەڵێ دەڵێت کە بارودۆخ هەرچەند بگۆری .

• ،لۆ هاری هەر دەباری: کەسێکی زیرەک لەهەموو لایەک باشەی لۆ بێتن.

• وەک عارەبی دەخیلت بم: عەرەب لەکاتی لاوازی خراپ دەپاڕێنەوە. بۆیە وەک عارەبی خۆمت قوربان دەکەم.

• وەکی بەردی قیڕوسیایە: بەو کەسە دەڵێن زۆر کێشەی غەریبی تووش بێتن.

• ئەوە لێ لێ یە لۆلۆ مایە:لەو کاتە دەگوترێت، کەخراپەیەک سەرەتا دەردەکەوێ.

- ،ئێسکی بشکێنی گووی تێدایە: بەکەسێک دەگوترێت زۆر دەغەڵ بێت، واتە لەناخەوە زۆر پیس بێت.
- ئای لەقونێ و ئای لەدۆشاوێ:لەو کاتە دەگوترێت کەسێک هەردوو دەستی گیرابێت یان لەدوولا غەدری لێ بکرێت.
- ،مووەک لەبەرازی بیتەوە: کاتێک دەگوترێت کەسێک شتێکت پێ بدات زۆر دەوڵەمەندبێ یان زۆر پارەی کەسەکەی لابێ.
- ،عومری پیرە کەرەکی مایە: واتە پیربووە، هێندەی نەمایە بمریت.
- ،ملم لۆ توو لەمووەکی باریکترە: واتە بەرانبەر توو هیچ ناڵێم و هەرچیم پێ بفەرمووی قبوڵمە.
- بە حەفت ئاوان شووراتیەوە: بەکەسێک دەڵێن لەکاتی وەسفکردن، کە لە چاو کەسێکی دیکە زۆر باش بێت.
- بووە مەرحەم: نەرم بوو لە هەڵوێست.
- تەگبیرکەری خەرکی، سەرلێشێواوی ماری خۆی: بەکەسێک دەڵێن کێشەی خەڵکی پێ چارەبکرێت، هی ماڵی خۆی نا.
- ، نیسکە بەرو پشتی نییە: دووڕووە.
- جلەکی تەڕکە بەخۆت دادە: تۆ هەر قسە مەکە خەتاباری.
- چاوی چووە تۆقی سەری: پێی ناخۆشە، توورەبوو.
- چاوی دەچتە پشتی سەری: پێی ناخۆشە.
- خەنە زۆربی لەگونان دەدرێ: شتێک بەزیادەوە بەکاربهێنرێت، زۆر لەرادەی خۆی بەکاربهێنرێت.
- خۆ کەنگرە بێ کەسە نین: واتە خۆبێ کەس و کارنین.
- خۆ لە ژنە عەرەبەکەی نین: کاتێک دەگوترێت کەکەسەکە هەست بە نادادگەری بکات.
- خۆ لەزڕداکێ نین: کاتێک دەگوترێت کەکەسەکە هەست بە نادادگەری بکات.
- خۆ لەمە ئاو ناڕواو لەوان خین بڕوا: واتە ئێمەش مرۆڤین خوێنمان لێ بڕوا دەیانکوژینەوە.
- خۆنانت لەسەر سێڕێ نەسووتایە: واتە پەلەی چیتە.

• زۆرو بۆرە: بەشتەک دەگوترێت لە رووی چەندایەتیەوە زۆر بێت بەڵام مەرج نییە چۆنایەتیەکەی باش بێت.

• تێی تەقان: رایکرد، غاری دا، شوێنەکەی بەجێهێشت.

• تەن بەتەن: ئەو کاتە دەگوترێت، کە دوو کەس بەرانبەر یەک زۆرانبازی بکەن، یەک کەس بەرانبەر یەک کەس بێ.

• جێی کارێی نەگرتییە:کاتێک دەگوترێ،کەسێک گوللەیەک، چەقۆیەکی پێبکەوی بەڵام جێگای مەترسی نەبێ.

• جێوبالینگان: شوێنی نووستن کە لە زەوی ڕاخرابێت.

• ڕەدەل و بەدەل: شت گۆڕینەوە.

• زمان پیس: بەکەسێک دەگوترێ زۆر جوێن بدات و جوێنی ناشیرینیش بدات.

• زمان دڕای: بەکەسێک دەگوترێت کە قسەی نێوان خەڵکان بهێنێ و ببات، (دوو زمانی بکات).

• زمان سووتای: کەسێک قسەیەکی دڵی خۆی یان نهێنییەک بەکەسێک بڵێ و دوایی خراپی بەسەر دا بشکێتەوە، دەڵێ بەزمانێ سووتام ئەو قسەیەم لۆ لە کن کرد.

• زیڕەکوشتی: زیڕە لیدرای: وەک وشەکی بڵێی عەمرت نەمێنێ

• سۆرای سبەینێ: ئەو کاتەی ڕۆژ تازە هەڵدێ بەس ڕەنگی سوورە.

• کۆزو شەشە: زۆر باشە.

• گەردی بەیانییان: کازیوە.

• پرچی سپی لەماڵی بابت دەهینیەوە: واتە شووناکەی.

• بسک بەگەردنێ بابەی: بەو منداڵەکچانە دەگوترێت کە زۆر خۆشەویستن لە کن بابیان.

• هڕەی لەبڕەی دەرناکات: واتە هیچ تێناگات.

• قۆرە ساقۆ: بەو کەسە دەڵێن لەماڵەوە لای خێزانەکەی هیچ گوێی لێ نەگیرێ، وەک ئەو قۆڵە ساقۆیەیە کاتێ پیاو ساقۆیەکەی لەسەرشان دادەنێ، قۆڵەکانی هیچ دەستییان تێدا نییە شل و بەتاڵن.

• بن خەلان:هەمان شت بەپیاوی بێ توانا دەڵێن، واتە ڕۆژانە لەماڵێ هەر لە بن خەلان دادەنیشێ هیچ ناکات،

• ئاتاری لەسەر پاتاری نەمایە: وێران بووە.

- ئاگای لەمەحمودی بێ زەواد نییە، ئاگای لە هیچ نییە.
- بەخۆی دارِی: پیسایی بەخۆی داکرد .
- بەکاری خۆی شک دێ: بەهەڵە و خراپەکانی خۆی شک دێ.
- بەهەندی هەر نەگرتییە: گرنگی پێ نەداوە.
- بەدەردی کابرای گۆتەنی: وەکی کابرای کە قسەکەی کرد.
- بەقوونی پشی دەخواتەوە: زۆر دەترسێ و نیگەرانە.
- بۆن درِنی: ئاماژەیە بۆ بۆنی ناخۆشە.
- تانی لەخۆدا: خۆی هاندا بۆ شەرِکردن.
- تفی باوێیە عاسمانێ دەیبەستێ: زۆر ساردە.
- تۆز بەری عاسمانێی گرتییە:قەرەباڵغییە و کەس ئاگای لەکەس نییە.
- پەتکەکی بەرداوە: قسەیەکی نابەجێی کرد.
- پیاوم دەوێ برێ لەل: پیاوم دەوێ قسەکی بکات.
- پرچت بەبرِین بچی: تووشی بەڵابیت.
- گەرما سەری کەچەری دەسوتاند، زۆر گەرما بوو.
- چ لەگۆرِێ نییە: هیچ کێشە نییە.
- چاوی چووە پشتی سەری: زۆر توورِەبوو.
- چاوی پێ هەرنایێ: کەیفی پێ نایێ.
- چینەکی خۆشی پێ کەت: باشیان لێدا، باشیان تێهەڵدا.
- حەزی لەگۆنگرانە: حەزی لەکێشەیە.
- خۆبخورێنە: پارەی بدە.
- تا بن پیلان زەرەرمە: زۆرم زەرەرە.
- تەقەی سەری دێ: گوێ پێ نادا.
- تێی هەرسوو: سواقی بدە.
- خۆگرخاندن: خۆ شاردنەوە لە شتەک.
- خۆی لەسەر قوون رِاناگرێ: ماندووە.
- خۆی لێمان هاوێشتە سەر پشتێ: لێمان بێ منەت بوو.
- خۆی هینا مەلایێ: خۆی نەخۆش هێخست.

- خینی لەبەدەنیدا نمایە: زۆر لاواز بووە.
- خین بەری چاوی گرتییە: توورەیە، بەدوای شەڕێکی گەورە دا دەگەڕێت.
- دارەکی لە روحی دا: بەکەسێک دەگوترێ کە لەلایەن کەسێکەوە زیانێکی گەورەی پێ بگەیەنرێ.
- دارەکی لەتەشکی خۆی دا: بەکەسێک دەگوترێ بۆ کارێک بێت و پێی نەکرێ و بگەڕێتەوە شوێنی خۆی.
- بەرکو خوا گەروێکمان لێ بکاتەوە: دەرگایەکمان لێ بکاتەوە.
- داروبەرد لەدەستی بەدادە دادە: خەڵک لێی بەگلەییە و لێی بێزارن.
- دای وەشێنە: بەتانی و جلی نووستن بەهەوا دابدەی بۆ ئەوەی تۆز و خۆڵی لێ کەم ببێتەوە.
- دایەبەرچەپەرۆکان: بەهەردوو دەستان لێی دا.
- درۆیەکت لێی چاوە: کەسێکی درۆزنە.
- دری لەخۆبۆوە: لەهۆش خۆی چوو.
- تووشی درە کوتەی بووم: دڵم خێرا لێی دا لەئەنجامی هەواڵێکی ناخۆش و کتوپڕ.
- دڕی دا: بەناو قەرەبالغیەکە ئازایانە ڕۆیشت.
- دوایی قوونی رەش و سپی بەدەردەکەوێ: دوایی دەردەکەوێ کێ ڕاستە کێ هەڵەیەیان کێ ئازایە و کێ ترسنۆکە.
- دنیاوبنیای هینایە گۆڕێ: هەموو شتی پەرش و بڵاوکردیتەوە.
- دەرب و دۆب: فرت وفێڵ، حیلە و حەواڵە.
- دەست هەرهینان: دەستکردنەوە لەکاتی شەڕ، دەستوەکەری لەکاتی شەڕ.
- دەستی لێ شووشتیە: بەتەمای نەماوە، هیوای پێ نەماوە.
- دەقارچێنتەوە: شتی لێ کەم دەکاتەوە .
- دووقەدبوویتەوە: نوشتاوەتەوە، بوویتە دووپارچە، لاوازبووە .
- زیرەی دەگەیشتە عاسمانێ: واتە بە دەنگێکی بەرز لەترسان هاواری دەکرد.
- زریکە لەکونێ چاوت دا: چاوت کوێربێ.
- سارە وەخت: تەمەن یەک ساڵ، پارساڵ ئەو وەختە.

- سمێری گورگرەبووە: تووکی لە سمێڵی هاتووە.
- سەرت نەیەشینم: بێزارت نەکەم.
- سەرەدەری لێ دەرناکات: لێی حاڵی نابێ.
- سەری خۆم لۆ کێندەرێ هەرگرم: بۆ کوێ بڕۆم لە خەمان.
- سیرهەنجنییان کرد: زۆرییان لێدا، واتە وەکوو سیری پارچەپارچەیان کرد.
- عەشتەبای خوای نییە: هیچی نییە.
- قەت ڕاستەڕێ نابی: قەت چاک نابێتەوە، قەت ناتوانێ بڕوات.
- قونچکە خانی: خانووێکی بچکۆلانەی خراپ.
- قوون بە گێچەرە: کەسێکی بە کێشەیە.
- قوونی تۆتکەی ناگری: ناتوانێ دابنیشی، زۆر بەجولەیە.
- قیڕەبڕی کرد: کوشتی.
- قڕانتان بەناو وەربی: کەستان نەمێنن.
- کا لۆ ئەو ڕۆژەی: کوا ئەو ڕۆژە بهاتابوایە.
- کراشەی دەکات: زۆربووە.
- کەتتە بن باری خەمێ: تووشی کێشە بووە و خەمی بۆ پەیدابووە.
- کۆروهۆربوویتەوە: وێران بووە، خاپوور بووە.
- گردەبڕ شکا: لەناوەندێ شکا.
- گێلمە گێلمەی نازانی: ئەملا و ئەولای نازانی.
- لاتەرقەوچ: لاتەریب، شتیک کەبە نارێک و پێکی دەرچووبی، قسەی نارێک وپێک.
- لاقی لەدوونایێ: ناتوانێ بڕوا.
- لاقی عاردی ناگری: توانای ڕاوەستانی نییە.
- لاونیو: دانیشتنی بەنارێکی،
- لچی لێ هەرهینا: بەگاڵتە و گەپ دەگوترێ کەسێک بەئیشی کەسێک رازی نەبی.
- لنگاو گۆڕ: بۆ پێڵاو لەپێکردن دەگوترێ کەتاکەو تاک بێ.
- لە حەژمەتان: لەخەفەتان.

• لەبـای غـاریْ: ئەوکاتـە دەگوتـریْ دەڵێـن لەبـای غـاریْ پارەکـەی لەدەسـت فڕانـدم .
• لەبن و بۆتکەوە: لەڕەگ و ریشەوە.
• لەبنی کودی دا: قسەکەی بەزەقی گۆت.
• لەبنـی هینـا: بـەو کەسـە دەگوتـریْ کەپـارەی کەسـێکی نزیکـی بخـوات و بەفیـڕۆی بـدات.
• لەبەردەوی ڕاستبۆوە: بەرەو رووی بۆوە، بەرانگژی بۆوە.
• لەپـەل و پـۆ کەتییـە: لەدەسـت و پـیْ کەوتـووە، بەوکەسـانەش دەگوتـریْ کـە بـاری ئابوورییـان بـەرەو خراپـی چووبـیْ.
• لەتامی بردیتە دەریْ: بێتامی کردییە
• لەتەقەرۆ هاتتە دەریْ: برینەکەی پیستەی زۆر لیْ ببێتەوە.
• لەتەشـکی خـۆی دا: لەچۆکـی خـۆی دا، بەکەسـێک دەگوتـریْ بچتـە لای ناسـیارەکی ئیشـەکی پـیْ بڵـیْ و لـۆی نـەکات، بگەڕێتـەوە بەهەناسەسـاردی.
• لەحـەوای دەیقۆزتـەوە: زۆر حـەز لێبـوون لەشـتێک، دەڵێـن گۆشـتی کـەویْ لەحـەوای دەقۆزنـەوە.
• لەخرتۆرێی وەردا: لەتۆز و خۆڵێی وەردا.
• لەخۆت خەنی: بۆ دڵخۆشی کەسێک دەگوتریْ .
• لەخۆی دەخەفتی: گرنگی بەجوانی و بەخاوێنی خۆی دەدا.
• لەزگە نەتناسمەوە: وەختە نەتناسمەوە.
• لەسەر چینچکان: دانیشتن لەسەر هەردووپیْ، بیْ ئەوەی قونت لەسەر عەردی بی.
• لەسەر دگ دگەیە: لەلێوارییەتی، نزیکە.
• لەسەر گازی پشتیْ راکشابوو: لەسەر پشت بەڕیکی پاڵی دابۆوە.
• لەسەر لاگونەکی پاری دایتەوە: بەیەکیْ دەگۆتریْ لەمەجلیسیْ جوان دانەنیشیْ.
• لەسـەرمانگ و رۆژی خۆیەتـی: لەوەختـی خۆیتـی، بـەو ژنانـە دەگوتـریْ کەوەختـی منداڵبوونیـان بـیْ.
• لەشەرمەترپیان: لەشەرمەزارپیان .
• لەقەدەر خۆی نییە: بەگوێرەی ئەندازەی خۆ نییە.

- لەکۆری کەوە: تەواوی کە، مەیهێڵەوە.
- لەگەر گەردی بەیانییان: بەیانی زوو پێش رۆژهەڵاتن.
- لەودەققەی لێی گەڕێ: بەو شێوەیە لێی گەڕێ.
- لەوگۆڕەی شەڕی پێ فرۆشتم: لەخۆڕا شەڕی پێ فرۆشتم.
- لەئاوێی کرد: بەفیڕۆی دا.
- لەخۆت هەردە: دەستەواژەیەکە، بەمانای بێ منەتم لێت، چ دەکەی بکە.
- کەش و کوشەکییان هەیە،واتە خزمایەتییەکیان هەیە.
- هەزار کەین و بەینییان هەیە: هەزار پەیوەندییان لەمابەینێ هەیە.
- لیری لێهاتییە: واتە خورشتی کەوتە لەشی، لەدڵەڕاوکێدایە.
- مردی سەر دنیایێ: بەنەخۆش دەگوترێ، یان کەسێک لەرووی کۆمەڵایەتییەوە ژیانی ناخۆش بێ.
- هەتا هەنگری هێشا خواردی: زۆری خوارد.
- هەر تەقەی سەری دێ: بێ باکە و گرنگی پێ نادا.
- هەرکشێ سەرێ: هەڵکشێ سەرێ: بۆ سەرەوە بڕۆ، لەکاتی دانیشتن لە ژووری میوانداری بەکاردێ.
- هەرکەس لەمارێ خۆی: هەریەکەمان پەیوەندی بەئیشی خۆیەوە هەبێ، هیچمان لەهیچ.
- هەرهەویلێ: هەمان شتە، وەکو ئەو وایە.
- هەروابێتەوە: لەکاتی قسەکردن بۆ هاتنەوە سەرەتای بابەتێک دەگوترێ.
- هەری بڕی: ڕاوی نا، بەدوای کەوت.
- هەست و خوستی نییە: دەنگی نییە و کپە.
- هەیپای لێکرد: هەستا رۆیشت.
- وەرە بەرێ: لەشەردا دەگوترێ، وەرە بەرانبەرم.
- وەکی سەی لێهاتییە بەهەموو کەسەکی دەوەڕی: زۆر خراپ بووە، قسە بەهەموو کەس دەڵێ.
- تازە بەتازە: لەو کاتە دەگوترێ، کارێک یان قسەیەک بکرێ وەختی بەسەرچووبێ.
- ئەتووی لێ بترازێ: تۆی لێ دەرچێ.

- ئەوی چوو چوو: ئەوەی ڕۆیشت تەواو ڕۆیشت.
- نیوچەوانی بووە سێ بست: تووڕە و نیگەران بوو.
- یەکدی گرتۆتەوە: چاک بۆتەوە، زیاتر بۆ ئێسک شکاندن دەگوترێ.
- پێیەک هێروەتر: بۆ خزمایەتی دەگوترێ واتە کەمەک لێم دوورە،خزمەکی زۆر نزیک نەبێ.
- پڕی ناو زگی قسەیە: زۆری قسە پێیە. ئاوەدانە.
- پشی هەرما: هەناسەی سواربوو.
- پشی هاتەوەبەر: هەناسەکی هاتەوەبەر: دڵی خۆش بووەوە.
- پەنگاوەی خواردووە: ئاوەکە گەڕایەتەوە و کۆبۆتەوە.
- لەسەرڕا پێداوەرەوە: لەسەرەتاوە دەست پێ بکەوە.
- دەوجە وەرە لەگەرەوەی تێکە و فڕکە:ئینجا وەرە لەگەڵ ئەو کەسە هاوڕێتی و مامەڵە بکە؟!
- سەری لێ ئەستووربووە: لێی داخداربووە، تووڕەبووە.
- خوا پێ عالمە لەسەری ناچی: تۆڵەی لێ دەکەمەوە.
- هەناوە کوتەم گرت: هەناوم بەخێرایی لێی دا، لەکاتی شتێکی ترس و لەناکاو.
- فڕی لێ نازانی: هیچی لێ نازانی.
- لەسێباری نیوە شەوێ :لەنیوە شەوێی درەنگ.
- مسی لەسەر بتاوینەوە.: ترساوە.
- مارکاول:وشەیەکە لەهەولێرێ زۆر بەکاردێ بۆ ئاماژەکردن بەوکەسەی قسەی بۆ دەکەی کە بەدبەخت بێ.
- وەتی پار: لەکاتێک دەگوترێ کە کەسەکەکە لەروودانی کێشەیەک نەترسێ، دەڵێ وەتی پار با بدۆڕێنی.
- چ لەگۆڕێ نییە: واتە هیچ کێشە نییە، شتێک رووی نەداوە.
- ئەی قەد کەسێ: دەستەواژەیەکی کورتە بۆ سەرسوڕمان لەشتێک بە بەرانبەرەکەی دەگوترێ.
- شێری یان ریوی: واتە لەکارەکەت سەرکەوتی یان نا

## • هەندێک لە پەندی پێشینان

- ئای زەمانە. ئەمەت کوو کردە هەمبانە.
- ئاردی خۆم بێشتووە، کەپەکی خۆم ڕشتووە.
- ئەوی ئەوڕۆی دا بەدونێ، دارەکی چووە قوونێ.
- ئەوی لەبەر چاوانە، لەبەر درانە.
- ئەگەر ناتخورێ ڕانی .... چت دایە لە نانی شوانی.
- ئەگەر کەر نەهاتە بن باری، باری ببە کن کەرێ.
- نەدی و بدی .... کوڕەکیان بوو .... ناوییان لێنا سەلکە کودی.
- نەدی و بدی .... کوڕەکیان بوو .... کیر و گونییان بڕی.
- دار نیە با نەی هەژاندبێ .... کچ نیە کوڕ نەی گەوزاندبێ.
- داکی دز یان سنگی دەخوا، یان سنگی دەکوتی.
- نەکورت بێ نەدرێژبێ .... کۆرەمستی ئاوڕێژبێ.
- بەشی کابانی یان ڕووڕەشییە یان بێ بەشیە.
- برادەر بگرە بەقەسپێک .... بەری مەدە بەئەسپێک.
- برێشکەی جۆی دەخوا، دەستی بەسابوون دەشوات.
- لۆیە مارێ خۆت خۆشە .... کەس پێت نارێ گونت داپۆشە.
- پاشۆل گەورە .... مار تێکدەرە.
- کێ بە زار و دەوە .... مەزنێ گوندی ئەوە.
- یومە و یابە .... لەکنی یەک حیسابە.
- هەتا سەر بمێنی .... عاجباتییان دەبینێ.
- ماری نەخۆری .... لۆ چەکمەسۆری.
- هەموو دنیا کیربی .... بستەک لەقوونێ من دووربی.
- نیشانەی بارانێ بایە .... نیشانەی مردنێ تایە.
- هۆری هۆری .... هەرهاتەوە سەرهەوارە بۆری.
- هەزارم بمری لەزاوا .... کۆزم پێ نابی ساوا.
- ژنی بەوە سەر خەنجەران، مەیبەوە سەر کەسەران.
- مەکری بێوەژنان .... ریوی دەخاتە کونان.

- لەدورنەی پەرێزت پاک بێ .... لای گەوران زمانت چاک بێ.
- لەمن نەدەن لەبرام بدەن .... وادەزانم لەجۆرکێ کایێ دەدەن.
- سەری گەورە دەورەتە .... پێیێ گەورە نیگبەتە.
- لەبردنێ خاتوونە، لەهینانەوەی مەیموونە.
- کوڕ ئەوەیە کوڕبێ .... لەئاشان نۆبەت بڕبێ.
- کەس لەپڕەک .... نابتە کوڕەک.
- لەگەر عامێ .... بڕۆ شامێ.
- لەپاش ترێ .... خەپشەی بڕێ.
- فەقیر بکۆخی، دۆخینی دەپسێ.
- شایی لۆ دووانە .... گڕ لەهەمووانە.
- شەڕ و تڕ بەدەست پیاوی نییە.
- بێگانە .... یەک مەیدانە.
- هاوینان شل و ملە .... زستانان جوار لەملە.
- دەرزی لەچاوی خەرکی دەبینی، شوژنی لەخۆی نابینی.
- دەست بدە داری .... بکوژە ماری.
- قسەی بکە سەربگری .... روبەی پڕکە بەربگری.
- قسەی شەوێ .... دەڕوا لەگەر خەوێ.
- قون بدە منداری .... زار مەدە منداری.
- فەقیر چاوی هەر لە دۆخینە ... دەورەمەند چاوی هەر لەجۆخینە.
- لەخەرکی عادەتە .... لەمە عیبرەتە.
- بالولی بەغدایێ .... رازی بوو بە کایێ .... کاشییان نەدایێ.
- ماررداری کەری .... ڕەنج بەخەساری.
- زگی برسی .... هیچ ناپرسی.
- زستان یان سەروەشێنە، یان دواوەشێنە.
- ماندی و مردی .... ڕەنج بابردی.
- عەقری منداری .... تڕی کەنداری.
- کەنگرو دۆ .... بەوەعدەی خۆ.

- دۆ زۆرە .... کەشک بۆرە.
- پیاو سەر دەدۆڕێنێ .... بەران قسە نادۆڕێنێ.
- ئەوەی لۆ گووکەری ڕێک دەکەوی .... لۆ ڕاوکەری ڕێک ناکەوی.
- سار بە سار .... خۆزگەم بەپار.
- حەیران و ساوار قەت بیرنابی .... کاروانی ئاشیش قەت تەواو نابی.
- خەیارە لەگوفکی ڕادیارە.
- زستان لۆ یەک رۆژبی، زستانی خۆی دەکات.
- پێش تایێ، بەڕی بەخۆت دادە.
- نەکردی و نەخواردی لە سمێران مەیی.
- هەنجەتی ترِی نانی جۆیە.
- کوتک دەزانی قۆناغ لەکێیە!
- مست لەدرێشەی دەگەڕێتەوە.
- ئەو پرچەم لەبەر هەتاوێ سپی نەکردییە.
- یەک هەنگاو .... دووزەین شەقاو.
- ئەگەر خێری هەبووایە ناوییان لێ دەنا خەیروڵلا.
- مریشک هێلکەش دەکات جیقنەش دەکات.
- نانت جۆبی، خولقت گەنم بی .
- سەر زندی پاشەر مردی.
- کەچاو نەبوو و چاوڕووش نابێ.
- پیاوی قەردار زمانی کورتە.

## • هەندێ پەندی پێشینان و ئیدیەم لەسەر گوندە دەشتەکیەکان.

- ئەگەر خودا بدا دەمێ .... دێرێش دەخەمە سەر هەرشەمێ.
- ئەگەر خودا نەیدا دەمێ .... سندان لەدێرێ ئەوجا لەهەرشەمێ.
- لەبیرەباتێ .... تایەکم لێ بوو یەکی دیشم لێ هاتێ.
- لەبیرەباتێ .... کاروان دوورە و ناتگاتێ.
- لۆ من هەر بەڕوبەی تەق تەقییە.

- سیراوە و ماستاوە .... پیری دەکەنە منداری ساوا.
- ئێرە جاستانە کیستان نییە.
- بوویتە گێرەی ئۆمەرە خێلی قوچی.
- بوویتە فشەی بنەسراوەی.
- دەرێ جاحێری بێریاتییە.
- دەرێی نێرەکەری باشتەپەیە.
- دەرێی پیرە مریشکی خەرابە دراوییە.
- ئەو بنملانە پێک دادە سۆفی سمایل سووتا.
- هەرایە لەهەمزەکۆری.
- هەزار جار بچیە چەغەمیرەی .... ئاخری هەر دێیەوە سەر ئەو بیرەی.

## • ئاژەڵ لە پەند و ئیدیوم دا

- وەکی کەری عوزێر پێغەمبەری زەڕینی هەیە و پەڕینی نییە.
- بەکەرێ ناوەستی پڕ دەداتە کورتانی.
- بەکەرییان گۆت چەند دەڕۆی ، گۆتی نەقیزە دەزانی.
- وەکی کەری دێزە بە مردنی خۆی زەرەری ساحێبی دەوێ.
- پیرە سەی خەسرەت (خەسڵەت)گوجیلە.
- تێڕکەی لەکەرێ کە .... هەردوولای وەکی یەکە.
- لەجێگای هێستری سۆرە .... بەستیانەوە کەرێ کۆرە
- لەبەر گورگی، خۆ مەڕداری تەرک ناکرێ.
- حوشتر باری زێڕبی، خواردنی هەر حوشترالووکە
- دزوماخۆ یەک بن گای لە کولانکەی ئاودیو دەکەن
- کەر لەکێ کەتییەو کوندە لەکێ دڕایە.
- کەربچتە بەغدایێ نابیتە هێستر.
- نێرەکەر هەتا هێوارێ بزەڕی .... دوایێ هەر دەچتەوە سەر سنگ و پەتکی خۆی
- نێرەکەری گون دەستارە .... بوارنەهاتیە چ هارە هارە
- نێرەکەر دەزەڕی .... ماکەر دەتڕی.

- نە مارمان ما نە مایین .... با دەست کەینە کەر گاین.
- نەهێستر دەزێ .... نەخێ شین دەبی.
- کەر لەکێ کەتییە و کوندە لەکێ دڕایە.
- کەر گۆتی بارم دوو قەزناغە ...زەختە گۆتی ئەمن دەیکەمە نیو عەربە.
- کەریشی پێ دەگێ و شەهادەشی پێ دەینی.
- کار بزمۆک بکرێ داکی کیفکی ناوێ.
- گای لەکن کەرێ ببەستیەوە ئەگەر ڕەنگیشی هەرنەگری سوخەتی هەردەگری.
- گا دەیکا و کەر دەیخوا.
- گا بەشەڕ دێن ، مێرووستان دەکەونە بن دەست و پێیان.
- گاڕان بە ڕەوە دەڕۆیی ، پیرێژن لەگۆلکی سۆری دەپێچیەوە.
- گورگە و لەپێستی مەڕدایە.
- گورگ و مەڕ بەیەکەوە ئاودەخۆن.
- گوجیلەی گورگ خنکێن لە دێرە حیزی هەرناکەوی.
- ئەگەر تەشی ڕێس تەشی ڕێس بێ بەکیری بارگیریی بی دەیرێسێ.
- حکومەت کێروشکی بەعارەبانەی دەگری.
- چێر بەدزی کەر دەخوا بەئاشکرا دەزێ.
- چێر گروایە .... کلکی مایە.
- سە لەقەسابخانەی نەتۆپی عومری بەزایەح چووە.
- شایەدی ریوی کلکە .
- سینگ شێری پشت ماکەرە.
- سمۆرە .... لەڕاست عەیبی خۆی کۆرە.
- لەهێستریيان پرسی کێ بابتە ، گۆتی خارم هەسپە.
- وەکی کەری نیوەزەڕم لێ هاتییە.
- مریشک چاو لە قازی بکات، قوونی دەردێ.
- مەڕ بەپێی خۆی ، بزن بەپێی خۆی.
- ماسی گرتن و قون تەڕبوونیان نەگۆتیە !!
- مەیمون لۆخۆی نەبوو ، سۆریکەشی لێهات.

- خوا هەقی بزنی بێ شاخ لە هی بەشاخ دەکاتەوە.
- خوا ئەو خوایەیە ماری دایتە جولەکەی و کیریشی دایتە کەرێ.
- بزن هەجەلی بێ نانی شوانی دەخوات.
- بزن لۆ یەک شەویش بێ جێی خۆی خۆش دەکات.
- ماران گەستی ، لەگوریسی ڕەشبەرەک دەترسێ.
- ماینەکی حدود دەتۆپی ... سەیەکی خۆڕی خەنی دەبی.
- شەرعی ماری بەداری.
- دەست دە داری ... بکوژە ماری.
- سەرچۆپیان دا بە سەگ بۆ لای سەبەتەی نانی رادەکێشا .
- ریوی خۆی بە کونێ وەنەدەچوو ، قانگەلۆشکی لەگەڵ خۆی دەبرد.
- راوی پشیلەی هەتا کادینێیە .
- قسەی بەقسە کەری بکە... باری لەجاش ماکەری بکە.
- قەل بەقەلی گۆت رووت رەش بێ.
- قەل لەچاو کەوی کردەوە .... رۆینی خۆشی لەبیرچووەوە .
- ئەگەر بزنم نەدیتبی لەپەرێزێ .... خۆ قشپلم دیتیە لەهەوێزێ.
- ئەگەر بزن بای دنیات لە قشپلی وەردەدا.
- ئەگەر شێر هەیە ، کەرکەدەنیش هەیە.
- ئەگەر ویستت لەناو سواران دیاربی ، وراغت تێر جۆ کە .
- هێی چەرخ ، کوو ئەمەت کردتە بەرخ.

## • ڕووەک لە پەند و ئیدیەم

- بەسای گورەگەنمەکی سەد گورە زیوان ئاوی دەخۆنەوە.
- تەرۆزی قونکی تاربوو .... کەچەر لەوێ مرداربوو.
- گیای هینایتە چۆکان.
- دەرێی گەنمە حومێرەیە.
- دەرێ نیسکە بەروو پشتی نیە.
- دەزانی کێندەر نیسکان دەینی.

- دەرێی هەنارت لۆ نەخۆشی هینایە.
- دوو گندۆرە بەدەستەکی هەرناگیرێ .
- کا لە کادینێ .... جۆ لەجۆخینێ.
- سیری بخۆ و زۆڕنای لیدە.
- لێمان بوویە هەناری شیرین.
- گندۆرە بە ڕەنگی نیە.
- هەتا گندۆر گندۆر بوو .... خزمێمە گەلەک زۆر بوو گندۆر هاتە بڕانێ .... خزم هاتە قڕانێ.
- ئەتوو سەرکی سیری قونکی پیازی.
- خۆ نان و پیازم لەگەر نەخواردیە.
- ئەتوو گندۆرە خۆری یا بیستانڕن.
- کەنگر و دۆ، بە وادەی خۆی.
- مار رکی لە سیری دەبۆوە سیریش لە دەرکی شین بوو.
- ئارووی یەک بڕکین.
- گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێ.
- مێوژی لەگەردەنی دیارە.
- چ بچینی ئەوەی دەدووریەوە.
- وەکی ژنی سێو لەباغەری.
- نان و پیازی پێ مەخۆن. !
- چاوی دەرێ قلە ترێیە.
- روومەتی دەرێ تۆپەگورە.
- بەژنی دەرێ ڕەشەرەحانە .
- ئاروو بە بڕکەوە جوانە .

## پەند و ئیدیۆم لەسەر حکومەت

- حکومەت کێرووشکی بەعارەبانەی دەگری .
- ماری حکومەتی غەزایە .

- حکومەت داک و بابی نییە.
- سەری گەورە دەوڵەتە.
- حکومەت گێی هەیە چاوی نییە.
- شەڕ لەگەر حوکمەتی ناکرێ.

## • پیاو لە پەند و ئیدیۆم دا

- پیاو سەر دەدۆڕێنێ بەران قسە نادۆڕێنێ.
- پیاوی قەردار زمانی کورتە.
- ئەگەر پیاو مێر بێ شەوی تاریک زۆرە.
- هەیە پیاوە و هەیە میاوە.
- پیرە پیاوی خەسرەت گوجیلە.
- پیاوی دوو ژنە ، جەرگی کون کونە.
- پیاوی دوو ژنە روومەتی گووپنە.
- پیاو یەکجار دەمرێ.
- پیاو ئەو پیاوەیە لەقسەی خۆی نێتە خوارێ.
- ئیش لە پیاوان دەقەومێ.
- پیاوت لەپشت بێ ، با شارەک دوژمنت بێ.
- پیاوی شەرمن شەیەکی دەینی ، بەرام ژنی شەرمن شارەکی دەینی.

## • ژن لە ئیدیەم و پەندی کوردی

- ژنی ژنانە....... داینێ لەدیوەخانە.
- ژن هەیە شەیەکی نایني ... ژنیش هەیە شارەکی دەینی.
- ژن لەپاش سارەکی .. ماین لە پاش مانگەکی مەحتی بکە.
- سێ شت ئاوەدانیین:
- دوو ژن دیوەخانەکە ، دوو عەرەب عوربانەکە ، دووکەر گاڕانەکە.
- ئەو سێ شتە هەریەکەو بەشتێ جوانە :
- بوار بەباران ....گوندبەژنی جوان ....مێگەل بەنێری و بەران.

سێ شت پەسند نین.

- نەساری دوو بوار .... نەکوڕی گێ بەگوار ، نەژنی تیلاک خوار.
- نەنووستنی سەر بەڕ...نەئاگری داری تەڕ....نە ژنی ماران گەڕ.
- نەژنی ماران گەڕ...نەماری لاپەڕ....نەسەی هەلەوەڕ.
- نە پیاوی دووژن ، نە ماری دووکوون.
- مەکری بێوەژنان .... ریوی دەخاتە کونان.
- ژنی شەرمن شارەکی دەینی پیاوی شەرمن شەیەکی نایینی.
- ژن هەیە و ژنۆکەش هەیە.
- ژنەکم هینا ژنانە .... پیستەی کردە هەمبانە.
- ژن بدە بە ژن مردی، گا بدە بە گامردی.
- ژن بێ کەسی هاردەبی، پیاو بێ کەس بی هەژاردەبی.
- ژن و ماریان گۆتییە.
- ژن هەیە مار ئاوادان دەکا، ژن هەیە مار کاوڵ دەکا.
- داکێ ببینە ، دۆتێ بخوازە.
- ژنی خانەدان هینانی گرانە ، راگرتنی ئاسانە.

## • هەندێ ئیدیەم لەسەر ژن

- خۆ لەزڕداکێ نین.
- خۆ لە ژنە عەرەبەکەی نین.
- وەکی ژنی سێو لەباغەری.

## • ئآش لە پەندی پێشینانی کوردەواری

- ئاش لە خەیاڵێک ، ئاشەوان لە خەیاڵێک.
- یان ناچتە ئاشی کەچووە ئاشیش ئاشەوانی دەکوژی.
- لەئاشی زۆری پێ چووە لە ڕییێ پەلە پەلیەتی.
- ئاشی نەزانی خوا دەیگێڕێ.
- سەری ئاشە و قوونی بەرداشە.
- دەرێی ئاشی ئاو لێبڕایە.

- ئاش و تەندوور بەنۆرە.
- تەڕاشی دەکاتە ئاش.
- ئاش دەنگی دێ و ئاردیش دیار نییە.
- باران بی ئاشیان دەگەڕێ ، باران نەبی جۆتیان دەگەڕێ.
- ئاشت بەتاری لێ مەکەن.

## • چاو لەپەندی پێشینان و ئیدیۆم دا

- ئەوی لەبەر چاوانە ، لەبەر درانە.
- کە چاو نەبوو چاوڕووش نابێ.
- کۆرە چت دەوێ ، دوو چاوی ساغ.
- دێرێ چاوم هەر لێتە.
- چیا بەچیا ناگات بەرام چاو بەچاوی دەکەوێتەوە.
- دەو دەخوات چاو شەرمێ دەکات.
- شەرتی جوانی ژن ،چاو و برۆیە.
- چاو بازە و ناگیرێ.
- چاوەک دوژمنی خۆی پێ نەناسی لۆ کۆرەبوونی باشە.
- پووشکەی لەچاوی خەرکی دەبینی ... کاریتەی لەچاوی خۆی نابینی.
- حاجی عەلی چاوت کۆرە شفتیت دا بەگندۆرە گندۆرەش ناوی کلۆرە.
- چاوی چوە پشتی سەری.
- کۆرە هەتا دەمری بەتەمای دوو چاوی ساغە.
- چاوت ببینی گیسکی هەیاسی نابینی بابی ئەلیاسی.
- چاو برسی حەیای نیە.
- چاوی سۆربووە .
- چشتەکت لەچاو دایە.
- چاوی چووە پشتی سەری.
- پشتی سەریشی چاوە.
- چاو بەهیچ پڕنابێتەوە، بەخۆڵ نەبی.

- چاوی لەناموسی خەرکییە.
- کەسێکی چاو لەدەرە.
- بەوی بی چاوی کۆرەبی ، بەس ئەتوو نەبینی.
- دەرێی ئینسانی ناو چاوی کەرێیە.
- چاو پێهەرنەهاتی.
- چاوی لێدا.

## • عەورەت لەپەندی پێشینان و لە ئیدیوم

بـەداوای لێبووردنـەوە ئـەو پەندانـە بـڵاو دەکەمـەوە ، بـەڵام ئـەوە بەشـێکە لەپەنـدی پێشـینان و کاتـی خـۆی بـە ئاماژەپێکردن بـە ئەندامـی هەسـتیار و سێکسـی ئامـاژەی پـێ دراوە ، جار هەیە مەبەستی پەندەکە زۆر ژیرانە و تێڕوانینی قووڵە ، بەڵام ئاماژەکەی بـەوەدراوە، لـەزۆر میللەتانـی دیکـەش ئـەوە هەیـە ، ئاوێنـەی قۆناغێکی کۆمەڵگەشـە.

- ئەوی ئەورۆی دا بەدونێ .... دارەکی چووە قوونێ
- دنیا هەمووی کیر بی .... بستەک لە قونێ من دوور بی
- قون بدە منداری .... زار مەدە منداری
- لەکوردەواری ئەو سێ شتە مەقبول نەبوونە:
- دەورەمەندی دز ، فەقیری بە بوغز، پیری ئاشقە قوز ....
- خوا ئەو خوایەیە ماری دایتە جولەکەی و کیریشی دایتە کەرێ.
- ماسی گرتن و قوون تەڕنەبوونییان نەگۆتییە.
- نێرەکەری گون دەستاڕە .... بوار نەهاتیە چ هاڕە هاڕە.
- هاوینان .... گون شۆڕترە لە کیران.
- وەختی ترێ و هەنجیری .... گون شۆڕترە لەکیری.
- خۆ ئەنگۆ لە کیرێ نین و ئەمن لە قوزێ بم.
- مریشک چاوی لەقاز کرد قوونی دڕا.
- نەدی و بدی .... کورەکیان بوو کیرییان بڕی.
- بزن دایمە قونی لەدەرێیە ، جارەک مەڕ قونی بەدەرکەت لێیان کردە هەڵلا.
- کیر بە پەڕۆییان ئەستوور نابی.

- کیری ئەوڕۆ بە قونێ .سبەینێ.
- تەشی ڕێس تەشی ڕێس بە کیری کەرێش بی دەڕێسی.
- بەسم خرێ و بە قوز خرێ کەلکی شکارتەیان برِی.
- دۆشاو بە گونت لە جێیەکی بێ ئاو.
- ئەوجا وەرە گونی بگرەو دەستنوێژیشت نەشکێ.
- قوونەک فێرە ترِبی ، قەت تەرکی ناکات.
- نە ئەو نان و روونە .... نە ئەو زەبر و قونە.
- کابرا کیری نەبوو ، مەحتی گونی دەکرد.
- گۆتیان مەلا قوونە .... گۆتی شەرتی چوونە.
- ئای لەقوونێ ، ئای لەدۆشاوێ.
- خەنە زۆربی لەگونان دەدرێ.
- دوایی قوونی رەش و سپی بەدەردەکەوێ.
- تووشی گونە ڕەشی خۆی بووە.
- قونی ڕەش کردییە.
- دەرێی قوزەکەمتیار پێیە.
- کە دوو کیر بەشەڕهاتن قونێ خۆت مەخە بەینییان.

## • پەندی پێشینان لەسەر باوبژ

- هەنجەتی ترِی نانی جۆیە.
- بووە ترِی بن گۆمی ، یان وەکی ترِی بن گۆمێی لێهات، یان بووە ترِی ناو شەرواری.
- عەقری منداری، ترِی کەنداری.
- ترِی بە قوونی خۆی ناکات یان ترِی بەقوونی بابی ناکات.
- گیزی بە ترِی دەشکێنی.
- نێرەکەر دەزەرِی ... ماکەر دەترِی.
- قونەک فێرە ترِ بێت ،قەت تەرکی ناکات.
- شەڕ و ترِ بەدەستی پیاوی نییە.

- لەپاش ترێ .... خەمشەی برێ.
- حەمام بە تڕان گەرم نابی.
- تڕی خۆم و سڕی خۆم لەبن تەشکەبەڕی خۆم.
- ئەو بارەی لەمنە لە هێستریش(قاتڕیش ) بی دەتڕی.
- هەتا نەتڕی نازانی قونی لە کوێیە.
- حەسەن گۆتی هەباسە تڕ چی لە تەور داسە.

## • هەندێ ئیدیەم  لەسەر باو بژ

- لە تڕی کەرێ نازانێ.
- کابرایەکی تڕ گەورەیە.
- لەگەر تڕی خۆی بەشەڕ دێ.
- ئیشەکی کەر تڕێنەیە.
- مردی زۆر بشۆی دەتڕی.
- تڕ و سڕی زۆر قایمە.
- لەسەر تڕو فسەکی ڕاوەستایە.
- شەڕی خۆ تڕێن ناکەین.
- قسە ڕەقی تڕ تەبەق.
- تڕی لەقەدەر قونی خۆی ناکات.
- لەهەورازی کەر تڕێنێ.
- کابرایەکی تڕکەنە.

## • مەلا و مزگەفت لە پەند و ئیدیۆم دا

- هەتا مار هەبی مزگەفت بەتارە.
- پارە بدە و مەلا لەمزگەفت دەربکە.
- گۆتیان مەلا قوونە ..... گۆتی شەرتی چوونە.
- مەلاش غەرەت دەکات .
- مەلا چەند ساڵ دەخینی هەتا دەبیتە مەلا ، مەلاژن بە شەوەکی.

- بەتەمای خوای و گۆشت چێری مەلای.
- بە زەڕەی کەرێ باوەڕ دەکا بە بانگی مەلای باوەڕناکا.
- دەرێی مارێ مەلا و مەلاژنە هەندە بەتەکلیفە.

## ● ئاو لە پەند و ئیدیۆم دا

- ئاو و ئاوەدانی
- گەورە ئاوی دەڕژێنێ ، گچکە پێی لێ دەخشێنێ.
- خوایە ئاوەکی بەو ئاگرەی دابکەی .
- ئاو لۆ تارەتی نەبوو و ئاغەزن لۆ خۆشووشتنێی دەویست.
- لەسەر ئاو و ئاگرییە .
- لەگەر ئاوی دەستونوێزی دەڕوات.
- ئاو رۆناکییە.
- ئاو و ئاگر لەکەس نەبی حازر.
- ئاو و ئاگر ئامانییان نییە.
- ئاو لەسەرچاوەوە بۆگەنی بووە.
- دەرێی ئاشی ئاو لێبڕایە ..
- جام کەپڕ ئاو بوو لێی دەڕژێ.
- بەمستە ئاوەکی دەکەویتە مەلە.
- پیاوەتی بە ئاوی حەمامێ دەکات.
- ئاو و ئاو چوو.
- ئاوی زۆر ئاوی کەم دەبا.
- ئاوی بینیە دەستت بشۆ.
- ئاوی لە بێژینگی دەینی.
- ئاو لەجێی لێژ ڕاناوەستی.
- ئاو بتبات لەپردی نامەرد مەپەڕەوە.
- ئاوی سور تێنیتی ناشکێنی.
- ئاوی لەبن کرد.

- ئاو کەڕژا هەرناگیرێتەوە.
- جەڕەی ئاوێ لەڕێی ئاوێ دەشکێ.
- بەرد ماوێ ئەو کانییەی ئاوت لێ خواردەوە.
- ئەو هەویرە ئاوی زۆر دەوێ.
- هەردەستم گورگ دەمخوا، دادەنیشم ئاو دەمبا.

## • وەرزەکانی ساڵ:

- هاوینان ماری فەقیران.
- بەهاوینان شل و ملن ، بەزستانان جۆڕک لەملن.
- زستان زستانی خۆی هەردەکات.
- کەرە مەمرە بوار هات ، کورتانت لۆ لەشارهات.

## • ئەو شتانە لەناو کورد پەسند نین کە وەک پەند گوتراون

- نەشەرع لەگەر مەلایان ، نەعورف لەگەر ئاغەیان.
- نەکابرا لەخینی کوڕی خۆش دەبی .... نەمار لەکلک قوتی خۆی .
- نەلەگەر کێخوای گوندی دەعوا ، نە لەگەر پیرێژنی گوندی بە رجا.
- نەحوکمی حاکم ، نە عەسای زالم.
- نە پیاوی دووژن ، نە ماری دووکوون.
- نە دوومایین لە جۆمەکی ، نە دوو هەوێ لەمارەکی
- نە ئەو نان و ڕوونە ، نە ئەو زەبر و قوونە
- نە زۆرگۆتن ، نە بێ دەنگبوون
- نەداری بێ بەر ، نە گوندی بێ سەر
- نە لەناو مێگەلی بزنان ، نەلەگەر کۆمەری ژنان
- نە مۆنی بن بڕ ، نەسەگی پاش دڕ
- نەهەسپی قولە ، نە سەی توولە
- نە پیاوی کۆرەدێ ، نە سەی شارەدێ
- نەپێراوی تەنگ ....نە خانەی بەجەنگ ...نەمەلای بێ دەنگ

- نەنووستنی سەر بەڕ...نەئاگری داری تەڕ....نە ژنی ماران گەڕ
- نەژنی ماران گەڕ...نەماری لاپەڕ....نەسەی هەلەوەڕ
- نەساری دوو بوار .... نەکوڕی گێ بەگوار ، نەژنی تیلاک خوار
- دەورەمەندی دز ، فەقیری بە بوغز ، پیری ئاشقە قوز
- چریک و هۆڕی درۆپەی ،مش و هۆڕی زڕبابی بینە و نیمەی قەرداری

## • لەکوردەواری زۆرجار نموونەیان بەسێ شت هێناوەتەوە وەک پەند:

- سێ شت خۆشە بە ساردی ........ فرۆ و ماست و کاردی

سێ شت پەسندە لەکوردەواری

منداری چرمن ،جاشکی تووکن ، گۆلکی هورگن

- سێ شت ئاوەدانیین:
- دوو ژن دیوەخانەکە ، دوو عەرەب عوربانەکە ، دووکەر گاڕانەکە.
- ئەو سێ شتە هەریەکەو بەشتێ جوانە :
- بوار بەباران ....گوند بە ژنی جوان ...مێگەل بەنێری و بەران
- زستانان ئاگرو ئەز .... بواران ئەز و پەز ... هاوینان ئەز و ڕەز ... پایزان ئەز و مەرەز

## • هەندێ دەستەواژەی تایبەت :

- ئەو دەست بەو دەستی نەزانی: کەسێک شتێک بە نهێنی بداتە کەسێکی دیکە
- خێی عارەبان رژا : مانای هیچ نییە ، بەمندالان دەگوترێ کاتێک بەردەبنەوە.
- چاوی شەوەی کۆرەبی : مانای بریا بە مندالی بمردابوای، بەمنداری شەوە لۆخۆتی ببردابوایەوە .
- بێ سێ و دوو: واتە یەکسەر ، بێ مشت ومڕ. بێ سێ و دوو بەگەڵم کەوت.
- ئەو حەفت و هەشتەی ناوێ: مشت و مڕ مەکە ،
- باهەشتیش بێتە سەر نۆ : با ئەو زیانەشم پێ بگات ، با هەندێکی دیکەش قەرداربم. با کێشەکە گەورەتر بێ.
- لەخۆت هەردە:ئەو کاتە دەگوترێت، کابرایەک داوای شتێک بکات لەیەکێک ئەوی دیکە نایداتێ پێی دەڵی دەبرۆ لەخۆت هەردە
- هەندەی مەڕێسە: هێندە مەڵێ ، زۆڕەوی مەکە.

## ● ئەو وشەکوردی و عەرەبیانەی پیتێکی جێگۆڕکێی پێکراوە.

هەندێ وشە هەنە لەناو زۆرێک لە کۆمەڵگادا پاش و پێش بەیەکێک لە پیتەکانی دەکرێت ، بەتایبەت لەلایەن نەخوێندەوارەکانی ، کە وەک خۆی ناخوێنرێتەوە ، ئەوە نەک لە زمانی کوردی لە زمانی دیکەش هەن ، زۆرێک لەو وشانەش وشەی بێگانەن بەتایبەت وشەی عەرەبین ، لای نەخوێندەواری کوردی وەک خۆی ناگۆترێ، لێرەدا هەندێکم کۆکردۆتەوە وشە راستەکە و بەهەڵەکە دەنووسم کەزیاتر مۆرکی دەشتی هەولێری پێوەیە ، نەک ناوچە و شێوەزارەکانی دیکە .

| وشە ڕاستەکە | | وشە هەڵەکە |
|---|---|---|
| ................ | | ................ |
| دعوة | ..... | دەوعەت |
| ربع | ..... | روعب |
| تسليم | ..... | تەسمیل |
| رصيف | ..... | رەفیس |
| جمعة | ..... | جوعمە |
| جعفر | ..... | جەفعەر |
| رفعت | ..... | رەعفەت |
| مكتب | ..... | مەتکەب |
| تسبيح | ..... | تەسحێب |
| وضع | ..... | وەعز |
| لعنة | ..... | نەعلەت |
| نەعلە | ..... | لەعلە |
| فقط | ..... | فەتەق |
| قفاز | ..... | فەقاز |
| مستحق | ..... | حەقەمست |
| مدح | ..... | مەحت |

| | | |
|---|---|---|
| نایلون | ..... | لایلون |
| فانیله | ..... | فامیله |
| بەرمیل | ..... | بەمبیل |
| رادیۆ | ..... | رایدۆ ، ڕادوێن |
| خاکەناس | ..... | خاخەناس |
| قۆپچە | ..... | قۆچپە |
| نیوڕان | ..... | نیڕوان |
| دەق | ..... | قەد |
| دەروێش | ..... | دەورێش |
| دیشلەمە | ..... | دیشمەلە |
| ملیۆن | ..... | ملوێن |
| ڕفاندن | ..... | فڕاندن |
| هەوراز | ..... | هەرواز |
| عدنان | ..... | عەدلان |
| یۆنان | ..... | وێنان |
| صمون | ..... | سەبوون |
| جیاواز | ..... | جوابیز |
| نفع | ..... | نەعف |
| برۆنێ | ..... | بنۆڕێ |
| درەوونە | ..... | دورنە؛ دروێنە |

هەندێ وشەی تر هەن لەنێوان شێوەزارەکانی کوردیش لەکاتی گۆتن جێگۆڕکی بەپیتەکانی کراوە ، وەک لە سلێمانی و دەوروپشتی دەڵێن تەرزە ، کەچی هەولێر و دەوروپشتی دەڵێن تەزرە ، یاخود سلێمانی دەڵێت پشقڵ ، هەولێر دەڵێت قشپل ، شێوەزاری کرمانجی سەروو دەڵێن بەرف ، کرمانجی خواروو دەڵێن بەفر.

## • ئەو وشانەی لە گەڵ هاتنی ئینگلیز خۆی خزاندە ناو زمانی کوردی لەباشوور.

هەر داگیرکەرێک لەوڵاتێک حوکم بکات بە شێوەیەکی نائیرادی دێتە ناو زمانە ڕەسەنەکە، کاتێ عەرەب لەدوای هاتنی ئیسلام بۆ خاکی میزۆپۆتامیا و کوردستان بەتایبەت ، چ بەهۆی ئاینەکەوە بێت یان بەهۆی داگیرکاری بێت ، بەسەدان وشەی هاتۆتە ناو زمانی کوردی و فارسی بەتایبەتی وشە ئاینییەکان ، تورکی عوسمانی هەمان شت کاتێ بۆ ٥٠٠ ساڵ حوکمی ناوچەکەیان کردووە، هەندێ وشەیان پەڕیوەتە ناو زمانی کوردی بەتایبەتی وشە فەرمییەکانی ناو دام و دەزگاکان. لەگەڵ ئەوەش نابێ لەبیرمان بچێت ، زۆر وشەی کوردیش هەیە توانیویەتی لەدێر زەمانەوە بچێتە ناو زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی و گەلانی دیکەی ناوچەکە.

ئینگلیزیش بەهەمان شت کە لەساڵی ١٩١٨ ەوە باشووری کوردستانی کەوتە ژێر دەست، کۆمەڵێ وشەی فەرمی و بازاڕی خستە ناو زمانی کوردی ، لەوانەشە هەندێ وشە هەبێ ڕەگەکەی هاوبەش بێت .

نەوەکانی سەردەمی داگیرکاری لەبیریتییان تاکو بەعس لەساڵی ١٩٧٥ قەڵەمڕەوی شاروگوندەکانی بەتەواوی کرد ، ئەو وشە ئینگلیزیانە هەر باوی مابوو ، بەڵام بۆ نەوەی ئەورۆ لەوانەیە شتێکی نامۆ و نەبیستراوبێت.

ئەوەی من مەبەستمە هەندێ وشە لەسەردەمی منداڵی لەباب و باپیرمانەوە گوێمان لێ دەبوو ، یان خۆمان بەکارمان دەهێنا ئێستا ناگوترێت و بەکارناهێنرێت لەناو کۆمەڵگای کوردی لەباشوور بەتایبەت لەناو دەشتەکییانی هەولێر ، کەمن ئەو ماوەیە گرنگی بە تایبەتمەندێتیان دەدەم. نموونە:

- پیپ واتە بەرمیل بەتایبەتی بەرمیلی نەفتێ کە لەئەسڵدا پایپی ئینگلیزییە.
- تورمبیل : ئۆتۆمبیل (ئۆتۆبیس)
- تامپۆن : واتە خۆپێکدادانی ئۆتۆمبێل ئێستا وشەی دعم ی عەرەبی زۆرتر بەکاردێت.
- کۆمپلیت : هەمووی بەتەواوی (خڕی)
- بەربەر: سەرتراش

- گەمە : گێم یاری
- جامبازی : گێمباز
- جیملاستیق: گیم لاستیک
- لامپا: چرا
- تەفنیش : فنش کۆتایی پێهات ، تێک و پێک چوو.
- عەلی کۆپتەر : هەلی کۆپتەر
- لۆری : لۆری
- عەنەتریک : ئلکتریک
- بەنزین : پانزین
- پایدۆز : کۆتاهاتن پایدەیس Paydays
- سینەما: سینەما
- لایت: گلۆپ یان ئەلکتریک
- دکتۆر: پزیشک
- سستەر: پەرستار
- پلیت : بیتاقە
- پاس : تورمبێلی گەورە بۆ گواستنەوەی خەڵک
- تایە: خولخلۆکە
- سویچ: داخستن پلاکی کوژاندنەوە و پێکردن
- گەراج : شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل.
- ئستاپ: ستۆپ: وەستان ، ڕاگرتن
- زۆر وشەی تر وەک: کتری، کامیرە، وایەرمەن ، پۆلیس ، رادیۆ ، تەلەفزیون ، گەنتلمان ، فۆرمان، پلایس ، سپانە، پەمپ ، پلاک، ڕەمپە

## • ناوی ئەندامەکانی لەش لە بن زاری دەشتەکیەکانی هەولێر

بنزاراوەی دەشتی هەولێر دەشتەکییەکان لەرووی وشە و شێوازی گفتوگۆ و زاراوەدا دەچێتە ناو زاراوەی سۆرانی و دواییش کرمانجی خواروو ، من لەو پەڕتوکەدا بەشێکم تایبەتکردووە بە فەرهەنگی وشەکان ، ئەو وشانەی کە لە

بنزاراوەی دەشتی هەولێر دەگوترێ لە بنزاراوە و شێوەزارەکانی دیکە جودایە. جا چ لە گۆڕینی پیتێک بێ یان هەموو وشەکە،(جگە لەگۆڕینی پیتی ڵ بە پیتی ر)بۆیەش دەینووسمەوە، بەرە بەرە هەندێ وشە هەیە بزر دەبێ و لەسەرزاران نامێنێ لەناو ناوچەکە خۆشی، بەتایبەتی ئەو وشەو زاراوانەی بۆ کارێکی کشتوکاڵی و پیشەسازی بەکارهاتووە،

لێرەدا ناوی ئەو ئەندامانەی لەش دەنووسمەوە کە لەزاراوە و بنزاراوەکانی دیکە جودایە .

| بنزاراوەی هەولێری | زاراوەی سۆرانی |
| --- | --- |
| پرچ | قژ |
| بسک | زوڵف |
| پەرچەم (بۆ کچان) | ئەگریجە |
| قاقۆل (بۆکوڕان) | پەرچەم |
| نیوچەوان | نێوچەوان |
| تۆقی سەر | تەپلی سەر |
| برۆ | ئەبرۆ |
| کەپوو | لووت |
| قڕوقەپۆز | دەم و لچ |
| دەو ، زار | دەم |
| ڕوومەت | گۆنا ، کۆڵمە |
| گێ | گوێ |
| ڕدێن | ڕیش |
| قرقرتۆک | قوڕقوڕاگە |
| خنخنۆکە | بیناقاقا |
| بەرغەبابە | بەرچێڵە |
| پیل | قۆڵ |
| هەنیشک | ئانیشک |

| | |
|---|---|
| باسک | باڵ |
| بن هەنگڵ | بن باڵ |
| دەندە(دەندەی سینگ) | قەفەزەی سینگ |
| تریقەی پشتێ | ناوەندی پشتێ |
| جەرگ | جگەر |
| سیپەلاک | سیەکان |
| فاتەڕەشە | سپڵ |
| زگ | سک |
| هورگ | ورگ |
| موسڵدان | میزڵدان |
| تەنگە | کەلەکە |
| قوون | کن، قن ، قنگ ، کۆم |
| چۆک | ئەژنۆ |
| کەفەر، بەلەک | پووز |
| لاق | قاچ |
| لاق و لەتەر | قاچ و قول |
| داو و دەلینگ | قاچ و قول |
| قومپانی | پاژنەپێ |
| گۆزینگ | قولەپێ |
| پێچک | بەلەک |

ناوی پەنجەکانی دەست لەدەشتی هەولێر، کە لە پەنجەی بچووک بۆلای پەنجەی گەورە بیژمێری:

قولینچک ، مامەلینچک . دۆڕەدرێژە ، شادە نوێژە ، ئەسپێ کوژە.

ناوی پەنجەکانی دەست بە بنزاراوەی سلێمانی.

تووتە ، براتووتە، هەڵمەقووتە، دۆشاومژە، ئەسپێ کوژە.

## • ئەو دەستەواژانەی بە ئاماژەدان بەبەشێکی جەستەوە مانەیەک دەبەخشی

ئەفنەس: کەپوو قوت

- بێ قوونەبان: توانای نەبێ خۆی لەسەرقوون دابنیشێنێ، بەکەسی تەمبەڵیش دەگوترێ.
- پێی عەردی ناگرێ : شاگەشکە بووە لە خۆشیان.
- ترِی بەقوونێ خۆی ناکات: روحی گەورەیە ، پێی بەقەد بەڕی خۆی ڕاناکێشێ
- تووزحیز: بێ شکۆ ، بێ غیرەت.
- دوابڕا: بەجوێن دێت واتە دواکەستان بمرێ ، بە ئەندامی زاوزێی ئافرەتیش دەگوترێ دەڵێن دوابڕاکەی ئاگری گرتیە.
- لاق تیرۆگ: بەکەسێک دەگوترێ لاقی باریک بێ وەک تیرۆگی سەرفەرشەی نانی
- زەرد هەرگەڕا: ترسا
- سۆربۆوە: تووڕەبوو.
- ڕەنگی سپی بوو: شەرمی کرد.
- چاولەدەر: بەوپیاوانە دەگوترێ زۆر چاو لە ژنان بگێڕن.
- چاوشۆڕ: بەو کەسانە دەگوترێ شەرمەزاری چاکەی کەسێک بن یان هەڵەیەکی یان کەم وکورتیەکی هەبێ لەبەرانبەر.
- چاوتەنگ : رەزیل و قرقرچۆک.
- چاوبەکل: بەو ژن و پیاوانە دەگوترێ کەچاوی خۆیان بەکل دەنەخشێنن مانای دڵتەڕی دەگەیەنێ ، جاران هەندێک لە پیاوانیش چاوی خۆیان دەنەخشان بەکل ، بۆ تەندروستی چاو باشە.
- چاوژنانی: بەو پیاوانە دەگوترێ چاوی وەک ژنان زۆر بگێڕی بەدوای ژن.
- چاوقایم : شەرم نەکەر.
- چاومۆن : بەکەسێک دەگوترێ کە کەتنەکی کردبێ.
- چاوی چوقاند: ئاماژەدانێکە.
- چاو هەراتی پێ نایێ : حەسوودی پێ دێ ، ئیرەیی پێ دێ.
- چاوی چووە پشتی سەری: زۆر تووڕەبوو.
- چاوی بەرایی نادا: وەک بڵێی دڵێ نایەت.

- چاوی گەلەک قایمە : شەرمی بەخۆی نییە.
- مل پان : بەکەسێک دەگوترێ چاو بپۆشی لەشکۆ و نامووسی خۆی
- ملەستور: بەکەسێکی قەڵەو هەیکەل گەورە دەگوترێ کە کار و کاسبی نەکات .
- ملحیز: کەسێک شکۆشکاندنی خۆی قبوڵ بکات و لەسەر هیچ هەقێکی خۆی بە وەڵام نێت.
- ملهوڕ: کەسێک گوێ بەهیچ نەدات ، یان غەدر بکات.
- مل درێژ: کەسێک ملی یان گەردنی درێژ بێ.
- مل قاز: مل درێژ.
- مل بەراز: بەوکەسەی دەگوترێ ملیان کورت بێ و بەزەحمەت ملییان بسوڕێننەوە
- مل پان: بەو کەسانە دەگوترێ گوێ بە شکۆی خۆیان نادەن لەپێش چاوییان ناموسییان سووک دەکرێ.
- ،سەرپان:ماناکەی وەک خۆیتی.
- سەرگەورە: ماناکەی وەک خۆیتی.
- چوارشانە : کەسێکی گەورەو پان لە شان و شەوکەتدا.
- پشتی شکا: زیانی پێ گەیشت ، بەکەسێک دەگوترێ برایەکی بمرێ.
- چنگی لێدا: بەئەندازەی ناولەپ و پێنج پەنجەکانی دەست شتەکەی برد.
- پشتی تێکرد: فەرامۆشی کرد.
- ڕووی نەدایێ: فەرامۆشی کرد.
- درپیس: بەو کەسانە دەڵێن بەگومان بن لە کچ و خوشک و ژنییان ، ئازادییان پێ نەدەن.
- لچی لێ هەرینا: قسەکەی بەدڵ نەبوو.
- قینچکەتەنگ : بێ ئارام ، کەم تەحەمول.
- زمان پیس: جوێندەر.
- لووتخوار: بەتوانجەوە بەکەسێک دەگوترێ کە عادز ببێ.
- لموز برند: بەتوانجەوە بەکەسێک دەگوترێ کە خۆی بەزل بزانێ.
- زمان درێژ : بەتونجەوە بەکەسێک دەگوترێ زۆر خۆ لە قسان هەڵبقورتێنێ و قسەی زیاد بکات.

- زمـان لـووس: بەتوانجـەوە بەکەسـێک دەگوتـرێ بـە قسـەی خـۆش کاروبـاری خـۆی رایـی بـکات.
- سمێرە خنچکەی هاتێ: بزەی هاتێ.
- سەرڕاست: راستگۆ.
- سەرژنانی: زۆر پەیوەست بی بە ژنان ، گوێڕایەلی ژن بیت.
- ،سەرگران: بەکەسێک دەگوترێ بەشتێک ناڕازی بی.
- ،سەرتیژ:ماناکەی وەک خۆیتی.
- فســەزمان: بەکەســێک دەگوتــرێ نەتوانــێ پیتــی وشــەکان بــاش بگۆیــی وەک پیتـی س بـە ث بگۆیـێ.
- لاروپت: بەقورسی وشەکان بلێتن.
- گێ قیت: بەتوانجەوە بەمندالّ وکوڕی هەرزەکار دەگوترێ کە گێێ بلّند بێ.
- گـێ درێـژ: بەتوانجـەوە بەمنـدالّ وکـوڕی هـەرزەکار دەگوتـرێ کـە گێـی درێـژ بـێ ، یـان کـەم ئاقـلّ بـێ.
- گێ پان: بەتوانجەوە بەمندالّ وکوڕی هەرزەکار دەگوترێ کە گێی پان بێت.
- گێ تەپ: بەکەسێک دەگوترێ گێێ گران بێ درەنگ لەقسان بگات.
- گێ بارەتەیارە : بەتوانجەوە بەمندالّ وکوڕی هەرزەکار دەگوترێ کەگێیەکانی درێژبن.
- گێ گران : بەکەسێک دەگوترێ درەنگ گێی لەقسان بێتن.
- قون سەعات: بەو کەسانە دەگوترێ لەکاتی رۆیشتن قونییان جولەی دەکات.
- پێچکەستوور: پێ گەورە و ئەستوور.
- ناوشان پان: ماناکەی وەک خۆیتی.
- لۆق درێژ: لاق درێژ.
- دەستکورت: هەژار.
- درتوند : بێزار و خەمباری.
- قوون درێژ :ماناکەی وەک خۆیتی.
- قوون شۆڕ: کەسێک شەرواری شۆڕ و شل ببەستی.

- قوون پیس: کەسێک بەکێشە بی وئاژەوەی نابێتەوە
- قوون گران: بەکەسی تەمەبەڵ دەگووترێ ، خاوە خاوەی لەئیشێ بکات.
- زگکورتی : بێ کابان
- زگم سووتا: مندالّم مردووە
- رووگرژ: تورە و منج و مۆڕ
- قوون باگوردان : بەکەسێک دەگوترێ قوونی گەورەبێ و زەخم و قورس بێ
- قون دەستاڕ: بەکەسێک دەگوترێ قونی وەک دەستاڕ خڕ بێ
- قوونەستوور:ماناکەی وەک خۆیتی
- قۆربڕە: کەسێک لە مامەڵە فێڵ و تەڵەکەبازی بکات
- قەپۆز برند: بەفیز
- کاپێلک ستوور: هەمان شت وەک کانێسە ستوورە
- کانێسە ستوور: عیناد و گوێنەگر
- کەپوو بەچرم ؛ لووت بەچڵم
- کەپوو بەرانانی : بەکەسێک دەگوترێ کەپووی درێژ و گەورە و سەرکەپووی چەمابێتەوە وەک قۆچی بەران . ئەو جۆرە کەسانە لە رووی زانستی دەروونییەوە دەڵێن کەسی پێداگر
- کەپوو قەرانگ: کەپووی درێژ و چەماوەبێ.
- چاوبرند: بەکەسێک دەگوترێ گوێی لە سەرفکردنی ماڵی دونیا نەبێ بۆ مێوان و کەس و کار و دۆست.
- چاوحیز: بەکەسێک دەگوترێ چاوی لەناموسی خەڵک بێت. چاو لە ژنان بگێڕێ.
- چاوپان: بەکەسێک دەگوترێ کە کەتنی کردبێ ، کێشەکی گەورەی دروست کردبێ.
- گون شۆڕ: بەپیاوی بەتەمەن دەگوترێ
- لچ شۆڕ: پێش گریانێ
- لموز بلّند: بەفیز
- لێو بەتەتەرە : دەگریێ

## • وەسفی کەسایەتی ناو کۆمەڵگا بەپێی خراپی خوورەوشتی

ئالچاغ : بەکێشە و سەرسەری (تورکییە)

بەجەرگ: ئازا

بێ زاخ : بێ غیرەت.

بێ نموود: بێ شکۆ.

بێ تووک: بێ شکۆ ، بە غەمبار و بێ خولق و خۆش دێت.

بێ یەغبار: بێ بەخت.

بێ عار: بەجوولە و شەراوی.

بێ سەروبەر : کەسێک ئیشوکاری پلتۆخ بی و ئیشی ڕێک و پێک نەبێ لەژیان.

بێ حەشر و نەشر : کەسێک بەکێشە و دۆخە و بەدەنگە دەنگ بی و گوێ نەداتە ئاداب و کەلتوور.

پلتۆخ : پیس و چەپەر لەئیشکردن.

جانگ حیز ، جانگ ژنانی: مل حیز،جانگ حیز: دەم و چاو حیز و مردۆخ.

جاندار : ژاندار : بەکچ و ژنی بێ شەرم و بەجووله دەگوترێ.

جینگز: کەسێک زوو تووڕەبیت و بێ تەحەمول بێ.

چەقاوەسوو: : بێ شەرم.

خۆڕی : خوێڕی.

دبوسی : بەژنێک دەگوترێ ئیشی نارەوا بکات.

دەبەنگ: بێ مێشک ، گێژووێژ.

تام گێل : کەسێک عەقلی کەمێک تەواو نەبێت ، زیرەک نەبێت.

ترۆهات : کەسێکی هیچ و پووچ ، بێ بەها.

تووز حیز: پیاوی بێ شەهامەت.

تۆڕی : خۆڕی ، خوێڕی.

تووک نەرم : بەکەسێک دەگوترێ مساوەمە بکات ، لۆ بەرانبەری دابینی.

زەغەل : تەمبەڵ.

زەنتە : تەمبەڵ.

زڕتەزەلام : زەلامی گەورە.

سورتک : بێ حەیا ، گوێ پێنەدەر.

سەرسەری : بێ رەوشت.

سەرەخۆرە : کەسێکی شووم و کەهاتۆتە بوون کەسێک بەهۆی ئەوەوە مردبێ.

شەللاتی: بێ ڕەوشت و بێ ئسوول و شەڕکەر

شینەزەلام : زەلامی گەورە

شەتەحات: بەکەسێک دەگوترێ قسەی ئاقڵانە نەزانێ

شەتحۆ : (شەحتۆ)کەسێک قسەی شێتانە بکات

شاخاتی : گەواد

لەغوەچی: زۆربڵێ ، ئاژەوەگێڕ بەقسەکردنی زۆر

لەوچە : زۆر بڵێ و درێژدادڕ

لەبلەبان :زۆرزان، زیرەک و فێڵزان (سیاسی و دبلۆماسی)

قورم ساخ : فێڵزان . (تورکییە)

قوفرە: (کەونە قوفرە)بەژنێک دەگوترێ فرت و فێڵ چی بێ و ئیشی ناڕەوا بکات

قینچکە تەنگ: کەسێک زوو لەقسان هەڵبچی ، بەرگەی قسەی بەرانبەری نەگرێت

وجاغ کۆر:کەسێک منداڵی نەبێ ( وجاغ ، ئۆجاغ ، تورکییە)

مالۆس : کەسێکی عیناد و گوێنەدەر بەخەڵک (مالۆس واتە بەرازی مێیە)

مەنگۆز : گەواد و هەمووسووکایەتییەک قبوڵ بکات

ملعندی: بەزۆرداری

ملەوەز : زاڵم ، کەسێک غەدر بکات و سووربێ لەسەر ناهەقی

منجڕ : پێداگر

ملهوڕە : کەسێک گوێ نەداتە قسەی کەس و بەردەوام بێ لەسەر کاری ناهەقی

ملحیز: کەسێک بێ شکۆ بێ و بەرگەی قسەی سووک بگرێ

ملپان : بەکەسی گەواد دەگوترێ

مردۆخ : کەسێک زیرەک نەبێ بۆ ژیانی خۆی

کوشکێش: ماستاوچی ، زمانلووس

کونەبا: درۆزن
کارخانەچی: بەکەسێک دەگوترێ ئیشی قۆڕ و بێ مەعنا بکات
کاسنجی : بەکەسێک دەگوترێ شەللاتی بێ و ئیشی قۆڕ بکات
گەمبۆر: پیرەپیاو کەئیشی قۆڕی کردبێ
گونەگیسک: بەزەلامی بچکۆلە دەگوترێ قوتەبێ
گونەگا: بەمندالّی پارچەرە دەگوترێ کە شێوەی گەورەتربێ لە هاوتەمەنەکانی
هەپرەگون ؛ بێ ئەقل
عولعولی : زیاتر بۆ ژنان دەگوترێ ، کە هەندە رێکوپێک نەبی لەقسەکردن و، قسە هەلّ نەگرێتەوە و دلّی ساف بێ.
چوختی : فێلّزان و بەحیلەوحەوالّ

# بەشی نۆیەم
# فەرهەنگی شێوەزاری دەشتەکیانی هەولێر

## ئا

ئاجەڕات: ئەژداد

ئاخەبان(ئاغەبان):(خانووی شارستانی) بەوخانووانە دەگوترا کە سەربانەکانییان ڕاست بوو، پێچەوانەی خانووی جزیری بوو.

ئارمووش : ئاوریشم

ئاروبۆر: ڕەنگی شفتی کاتێ لەنێوان سپی و سۆری دەبی (پەمبە)

ئاروو : خەیار

ئاگرگرتی : بەو جۆرە ئافرەتانە دەگوترێ کە ئارەزووی سێکسییان زۆرە.

ئالچاغ : کەسیکی بی ئابرووبی سووک و قۆڵبربی. (ترکیە)

ئامێز: باوەش

ئاودڕ: ئەو شوێنەی زەوی ، کە ئاوی بەخوڕمی باران و جۆگە دایدەڕی

ئاودز: برینێک ئاوی چوو بێتە ناوی ، شوێنەک بەهۆوی کونێک یان برینداریەکەوە.

ئاوزێ : ئاوزە: هاوزا : هاوتەمەن فلان ئاوزێ منە

ئاوزینگان : لەگیانەلا ، دوا ساتەکانی ژیان .ئاویلکە.

ئاوقات : پارێزەر

ئاوقەران : هاوتەمەن

ئاوکووف: هاوتەمەن

ئاوگەلە : مەڕو ماڵاتێک لەمێگەلی خۆی دابڕێ.

ئاوەزا (ئاوەزێ): زەوییەکی نەرم و شل و شێداربێت، ئاوی کەمی لێ هەڵبقوڵێ.

ئاوەگر : گلاو

ئاین و ئۆین: بەفێڵ و درۆ و دەلەسەبی .(زیاتر بۆ ژنان بەکاردێ).

## ئە

ئەتوو: تۆ

ئەدی کوو : ئەدی چۆن (ئەی چۆن)

ئەستەویر : بزن و مەڕ سالێک ئاوس نەبێ، لە زان وەستابێت.

ئەستووران : جۆرە بەنێکی ئەستوور بوو بۆ جەواڵ و بەڕە دەڕێسترا

ئەستوورک: لەنانی تیری زۆر بچووکترەو ئەستوورترە، زیاتر شێوەی خڕو بازنەیی هەیە.

ئەستێر: بەو حەوزانە دەگوترێ لەبەردەم ئەو کانیانە دروست دەکرێت کە ئاوییان کەمە ، پێیان دەگوترێت کۆرەکانی.

ئەستێرک: هەرزاڵە، سەکۆی لەقوڕ دروستکراو، یان لەدار دروستکراو بۆ نوین لەسەردانان

ئەسکورد : خوارەوەی مل لەڕووی پشتەوە،ناوەندی شان بەینی شان و ملی.

ئەلعانەکینێ: ئێستا (عەرەبیە) لە الآن وەرگیراوە

ئەمن : من

ئەمە : ئێمە

ئەنگوست : درێژی پێوانەی پەنجەی شایەدمان و گەورە.

ئەنگۆ : ئێوە

ئەوانێهێ: ئاماژەیە بۆ پیشاندان و پێگۆتنی چەند کەسێک کە لێت دووربن

ئەوها : ئاوا

ئەوەتانێ: ئاماژەیە بۆ پیشاندان و پێگۆتنی شتێک لەنزیک

ئەوەتێهێ: ئاماژەیە بۆ پیشاندان و پێگۆتنی شتێک لەدوور

ئەوەنچکۆکە: زۆر بچووک

ئەیرۆ: ئەیەڕۆ ، وشەیەکە بۆ سەرسوڕمان دەگوترێ لەلایەن ئافرەتانەوە

ئۆردی: بارەگای لەشکری سەربازی

ئۆقرە : ئارامگرتن

ئۆین باز : بەکچان دەگۆترێ ، واتە مەکرباز (ئۆین وشەکی تورکییە)

ئۆین: گەمە، ئۆینەکی دیکە بکەین ،واتە گەمەکی تر بکەین ، یان دەڵێ

ئۆینەکـم لـێ بـردەوە.
ئێرێهێ: شوێنەک کەمێک دوور بێ و لێت دیاربێ
ئێستاکەینێ: ئێستا
ئیمەنی: جۆرە پێڵاوێکی ژنان بوو
ئەوێندەرێ: شوێنەک کەمێک دووربێ و دیاربێ.
ئەوێهێ: ئاماژەیە بۆ شتێکی کەمێک دووربێ.

**ب**

بابان کۆر: باوان کوێر ، باوانت کوێربێتەوە .
بابردە: پوش و پەڵاشی بابردوو.
باراش : ئەوگەنمەی دەبرێتە ئاش بۆ هاڕین تابکرێتە نان.
باربەر: بەو وڵاخانە دەگوترێ باریان لێ باردەکرێ، وەک بارگین و ئێستر و کەر
بارق: توومەز ، هەرچۆنەکی بی، عەلەقەن
باڕک: بەڕک : گیرفان
باڕکـە: باڕۆکـە : جوجکـە کـە گەورەدەبـێ ، پێـش ئـەوەی هێلکـە بـکات و ببێتـە مریشـک
بارتەقا: بەقەدەر یەک : بەئەندازەی : هاوشان .
بارکۆرە: بارکۆڵە: بارێکی سووک لەکۆڵ خۆت بدەی
بارگە: بار ، جل و بەرگ و کەرەستەی بارکردوو.
بارەفڕە: باڵەفڕە ، بێچووی باڵندە کاتێ فێرە فڕین دەبێ ، دەڵێن بارەفڕەی دەکات
بازی بەند: وەک بازن بوو ژن لەقۆڵیان هەڵدەکێشا
بازی: رەنگی سپی و رەش بەتێکەڵی لە باڵندە و ئاژەڵ
باژۆ: لێخورە
باژێر: بازاڕ
باس و خواس : هەواڵ ، دەنگوباس
باغـەر : باخـەڵ : پێشـەوەی لەشـی مـرۆڤ. سـنگ و سـکی مـرۆڤ کەجلکـی لەبەربـێ. باخـەڵ جارهەیـە نێـوان کورتـەک و کراسـی دەگرێتەوە.بەگیرفانـی نـاوەوەی چۆغەریـش دەگوترێـت باخـەر.

باقۆ: کار و بەرخی بچوک و گرگن ، منداڵی ساوا کە شیرییان بەدڵ ناکەوێ، کزو نابووت دەبن

باقۆبوون: منداڵ کەگەورەدەبێ و لەخەم دەردەچێ

بالوکە : نەخۆشیەکی ڤایرۆسییە ، هەڵئاوسانی بچووکی خڕە لەسەرووی پەنجەکانی دەست و پێ دێت.

بالۆرە: جۆرە گۆرانییەکە وەک شەڕەجنێوە ژنی کەنگرکەر و شوانی مەڕان بەیەکیان دەگوت.لەکاتێ لەدوورەوە تووشی یەک دەبوون.

بالیف: سەرین

باندڕ: بەو شەقرانە دەگوترا کە زیادەی دەبوو لە گەیشتن بە سەری کاریتە

بانگۆرە : ئەسپێی بچووک . ڕشک کەتازە ببێتە ئەسپێ.

بانگێ: تازیە

باوان : ماڵە باب ماڵە باوک

باوبژ : غازاتی سک ، تڕوفس

باوەگێ: کەسەک تەداخول بەقسەی خەلک بکات و لەناو قسان قسەی خەلک ببڕی.

باول : جانتای لەتەنەکە دروستکراو گەورە و بچووکی هەبوو بۆ تێکردنی جل و بەرگ دەبوو ، بەتایبەت بۆجل و بەرگی بووکێنی.

باوەخوون: یەکەمجار چوونەوەی ژنی شووکردوو بۆ ماڵی باوکی

بایی: بەهای : بەقەد ، نرخی

بچم : سەر و سیما ، شێوە

برک : بورک: هەڵمی گەرمی ، ئەو ژۆرە بڕکی دەدا ، گەرمێکی شێدارە.

بڕک: پنچک : بنەڕووەک ، دەڵێن بڕکی گندۆرەم هەرقەناند.

بڕەک : نەختەک ، کەمێک ، تۆزێک .

بڕوبوزگڕ: بوزگڕ : جل و بەرگی خراپی مرۆڤ

بڕۆدوێ : بڕۆ دوای

بڕۆکەک(بڕکۆکەک) : هەندەک ، کەمێک

بریا : خۆزگە

برێشکە : گەنمی برژاو لەناو سێڵ ، جارهەیە تۆ گندۆرەشی لەگەڵ دەکرێ .
بزر : ون ، گوم
بەرچایی: خواردنی بەیانییان لەگەڵ چا و نان وەک ماست و پەنیر و نۆک ...
بسک: زوڵف
بلح : بەدفەڕ و کەسێک کاری خراپ و ناڕێک بکات.
بلحات : ئیشە بزێوەکانی کەسە بەدفەڕەکە، لەگەڵ ئۆینیش بەکاردێت، دەڵێن ئۆین و بلحاتت زۆرە ، واتە مەکر و فێڵت زۆرە.
بن بێژینگ: ئەو وردە گەنم و جۆیانەی لەدوای لەبێژینگدان دەکەونە خوارەوە.
بن پەڕک: بن پەڕگ: دورمانی ڕیزی بنەوەی کڵاش.
بنپار،بنباڵ: لەنزیک ، لەتەنیشت
بنجل: پارچە لبادێکی بێ کەڵک بوو یان قوماشێکی ئەستووری بێ کەڵک بوو لەسەر پشتی کەر و وڵاغ دادەندرا لەبن کورتانی بۆ ئەوەی کورتان پشتی بریندار نەکات.
بنزار : قسە و نهێنی ناودڵ ، دەڵێن (بابنزاری کیژەی بزانیین داخۆ مێرد بەکوڕمان دەکات)
بنکۆت: بن بێژینگ
بنەبان: لای سەروو ، ژووری سەروو ، ژووری بنەبانێ ، بنەبانی گرتییە ، واتە لای سەرێ دانیشتووە. دانیشتن لەدیوەخان و ژووری میوان لەلای سەرەوە.
بنگەڕ: بن کەندەڵان
بنمیچ: بنی خانوو لەژوورەوە ، سەقف
بنەوان:بەو ئافرەتە دەڵێن کەلەماڵەوە خزمەتی براوبابییان ناسیارێکی وەک مامی دەکات
بنەوبارگە : شوێنی هەڵدانی ڕەشماڵی کۆچەرییان
بنە: بەو گایە یان وڵاغە دەگوترێ کەلەکاتی گێرەکردن دەکەوتە لای چەپی گێرە واتە بەدیوی ناوەوە.
بەبا: ئارەزووی جووتبوونی ئاژەڵی وەک سەگ و پشیلە
بەبەران هاتیە : حەزی جووتبوونی مەڕ

بەشکوو: بەشکی: بەڵکوو
بەپڕەپڕ: بەپەلە، بەخێراییەک هەرهەندە بەئیشەکەت ڕابگەی .
بەتاروعەتار : بۆش ، هیچ تێدانەبوو ، باڕکم بەتاروعەتارە هیچی تێدانییە .
بەتالوکە : بەپەلە و بەماندوویی
بەتفەڕ(بەدفەڕ) : بەدکردار
بەتل: بەش بۆ شەو دەگوترێ ، دوو بەتلی شەو ڕاکشابوو
بەتڵەویس : بەمرۆڤی تێک چەقی و چوار شانە دەگوترێ کە دەعییەی بەخۆبێ. لەبەتلیمۆیسی یۆنانییەوە هاتووە.
بەتەرەب : ئارەزووی ماکەر و ماین بۆ جووتبوون
بەتەگە : ئارەزووی بزن بۆ جووتبوون
بەتەنێ : بەتەنیا
بەتەوسەوە: توانج ، بەتوانجەوە
بەتێڕادیتی : لێی ڕادەبینی
بەجرەجڕ: کارێک زۆر بەزەحمەت بکرێ
بەجەم : کەسێکی پتەوە و بەهێزە
بەدەو وپل: قسەزان
بەدەووزار: قسەزان و زیرەک
بەرانگژ : بەگژداچوون
بەرانەکینێ: بەڵام
بەرایی کێش ، ئەو بەرانەی یان تەگەیەی لەپێش مێگەلە مەڕی دەڕۆیشت
بەربەسێرێ: بەرخ بەسێر، سوورکردنەوەی گۆشت لەناوسێڵ بە دیوی ناوەوەی .
بەربەیار: بەناو بەیار دا ڕۆیشتن ، واتە ڕێگاکەی کورت کردەوە، ڕێ و ڕێ نەڕۆیشت بەڵکوو بەربەیار ملی دایێ.
بەربووک: بەو ئافرەتە دەگوترا کە لە یەکەم ڕۆژی بووک گواستنەوە لەگەڵ بووک دەبوو دەچووە ماڵی زاوا ، هەم بۆ ئاگاداری دەروونی بووک بوو، هەمیش بارودۆخی جووتبوونی لەبووکێ دەگەیاند و تا پەڕۆکی بەخێنی دەیناوە و بەماڵی زاواو و ماڵی باوانی بووکێی پیشان دەدا بۆ پاکی بووک و

پیاوەتـی زاوا ،زیاتـر ناسـیاری ماڵـی بووکـێ بـوو
بەربێنکە: بەرهەڵبێنە بۆ منداڵ
بەرپێنە: پێدانە بەر پێی کەسێک تا بەرببێتەوە
بەرتیـل: پێدانـی پـارە یـان دیاریـی بەکەسـێک لەبەرانبـەر ڕاپەڕاندنـی کارێکـی نـاڕەوا.
بەرچینچکە : نزگرە
بەردەبێر: ئەو بەردەی شوان لەسەری دادەنیشت لەکاتی بێرکردن
بەردەستێ : پارچە بەردێکی لووس بوو لەگەڵ ئاسنێکی پۆڵا ئاگریان پێ پەیدادەکرد.
بەردەستی: کەسێک خزمەتی کەسێک بکات هەموو دەم لەبەدەست ئەو بووەستێ.
بەردەسێری: ئەو بەردانەی لەژێر سێڵ دادەنرێ ، تاکوو ئاگری لەژێردا بکەیتەوە.
بەرزەفت: ناکەوێتە بەردەست ، ناگیرێ ، (مندارەکە زۆر هارە بەرزەفت نابێ).
بەرغەبابـە : بەرچێڵـە: بـەو پێسـت و گۆشـتەی دەگوتـرێ بەرقـورگ دەگـرێ و لەکەسـی قەڵـەو شـۆردەبیتەوە
بەرکۆژە: بەو داوە دەگوترێ کەلەکونی بەریەخەی کراسی ژنان دەنرێ
بەرکی: بەڵکوو
بەرهاوێشـتن :مـەڕ یـان بـزن ، کۆرپەکـەی لەزگـی پێـش وەخـت فـڕێ بـدات ، تەنانـەت بـۆ توانـج بەئافرەتیـش دەگۆتـرێ
بەرەژان: ژانی ژنان پێش منداڵبوونێ
بەرەک: پێستێکی سپی ڕەش ببی
بەرەمەشکە: یەکەم بەری مەشکە کەدەدرێتە دراوسێ و خەڵکی ناسیار و هەژار .
بـەرەواژی: جل لەبەرکـردن بەدیـوی پێچەوانـە ، یـان پێـڵاو لەپێکـردن بەپێچەوانـە ڕاست لەپێی چەپەبکەی .
بەروانکـە: بەرهەڵبێنـە بـۆ منـداڵ، بەروانکـە :پارچـە قوماشـێک بـوو لەبەرۆکـی منداڵـی یـەک سـاڵە و بچوکتـر دەدرا، بـە دوو پارچـە قوماشـی باریک لەپشـتەوەی دەبەسـترا، بـۆ خاویـن ڕاگرتـن لەکاتـی نانخواردنـدا.
بەروباغەر: بەرسینگی ئافرەت
بەروەست : دەرەقەت

بەرۆک : بەشی سینگ تا گەردن . یەخە
بەڕیا : بیابان ، دەشتی چۆل و هۆڵ و گەورە (عربی)
بەزگی دا : کەسێک بەهۆی خەم و خەفەتێکی گەورە گیان لەدەست بدات
بەست : پرد لەسەر چەمێک بێ
بەست: زەویەک کەمێ نزم بێ وردەبەردی تێدابێ ، ئاوێکی تەنکاوی بەسەردا بڕوات.
بەستر پێرار : سێ ساڵ پێش ئێستا.
بەسترپێرێ: سێ ڕۆژ لەمەوپێش
بەستەزمان : فەقیر ، هەژار لە هەلسوکەوتکردن و قسەکردن
بەعەتا: بەخۆڕایی (عەتا ، عطا ، وشەکی عەرەبییە)
بەفار هاتیە : بۆ حوشترە.
بەفێ هاتیە : بۆ تانجی
بەقالۆیەکی : بەماوەکی کەم
بەقونەخشکە: ڕۆیشتن لەسەر قوون بەقوونە قوون.
بەکاوەخۆ: لەسەرەخۆ ، بەهێواشی
بەکەر (بەکەڵ): بۆ چێل دەگوترێ.
بەت: بەد : خراپ
بەڕادان: بەدوورین دانی جل و بەرگ لای بەرگدروو
بەرانپیل: بەرامپیل: پارچە قوماشێکی زیاتر شێوە چوارگۆشەیی و رەش و کەمێک ئەستووربوو ، ژنان لەکاتی ئیشکردن لەخۆیان دەئالآند .
بەرایی: پێشەکی
بەربار: بەو جاشکە کەر و ئێسترانە دەگوترێ کەدوای چوارساڵ بارییان دەخرێتە سەرپشت.
بەرچیغ : خوتورمە
بەرشەق: ڕێگای بەردەم شوێنەک ، ماڵەکەمان بەرشەقی خۆشە بۆ بازاڕ.
بەرکۆت: ژەمێکی ناتەواو ، بەردڵ، خواردنی کەمێک چێشت، هێشتا تەواو لەسەر ئاگر نەهاتیتە خواریێ.
بەڕکێبەکی : بەماوەیەکی کەم .

بەڕووولە: تیژکردنەوەی نووکی گاسن
بەرە: قایشێکە بە گەز و گوڵێنگە دەخرا مل
بەرەدورنــە: بەرەدروونــە: ئــەو پارچــە تەبــارە گەنــم و جۆیــەی ســەرپاڵە جــودای دەکاتــەوە تــا ســەپانەکان بەیەکجــاری بیدوورنــەوە.
بەستۆڕە: چۆمێک یان کەندێکی گەورە کەبەهاوین ئاوی وشک بکات.
بەکاوەخۆ: بەهێواشی ، لەسەرەخۆ
بەکرە: پارچە دارێک بووهەردوو پێچەشەغرەی پێکەوە دەبەستەوە.
بەکــرە: گرگــرە : خلخلۆکــە . کەلەســەر قەناتــی بیرێیــان دادەنــا کاتــێ گوریســییان لەســەری دادەبــرد، دەســوڕاوە بــۆ ئــاو هەڵکێشــان بەکاردەهــات.
بەگوڕ: بە لێزمە ، بەشێوەیەکی زۆر ، باران بەگوڕ دەباری .
بەگوڕ: رۆیشتنێکی بەتوندی و بەخێرایی.
بەلفە : لەقومارکردن بەکاردێ ، کەکەسێک فێڵ بکەن لەکاغەزەکانی ناو دەستیان.
بەلەپێچ : پوزەوانە
بەلـەک: ڕووەکێکی خۆڕسکە لـەدەم ڕووبـار و جۆگـەدا دەڕوێت سـوودی پزیشکی زۆرە (عـرق سـووس)
بەلەک: ماسوولکەی لاق بەلای پشتەوە.
بەلەچــک: میــوەی وشــکراوە ، وەک کاڵــەک کــە وشــک دەکرێتــەوە و لەزســتان دەخورێــت.
بەنقەنق: کارێک زۆر بەزەحمەت بکرێ
بەهەرەداوان:بەهەڵەداوان: کەسێ هەواڵی بەپەلە بهێنێ ، یان هەواڵ بەپەلە ببات.
بەهەشتاوی: بەپەلەرۆیشتن ، بەخیرایی بەلادا تێپەڕبوون
بەیت و بالۆرە: چیرۆک گوتن ، زۆر گوتن ، درێژدادڕی .
بەینەکە: ماوەیەکە
بوار: بەهار
بوزگڕ : جل و بەرگی ژنان هیماڵەوە کۆن بێ
بوغز: ڕق و کینە .
بووز : بەفر.

بۆڕ : چڕ.

بۆرژان : سەرخەوێکی چەند خولەکی.

بۆرەزەلام : پیاوی بێ کەڵک.

بۆسە: کەمین.

بۆن خنکە: بۆنی ناخۆشی مرۆڤ کە ماوەیەک خۆی نەشووشتبێ،بۆنی کەڕوو.

بۆن دڕن: بۆنی ناخۆش کە لەبن هەنگڵ و بن پێ و باخەڵی مرۆڤ دێ.

بۆن گرمخا : بۆنی کەڕووهێنان لەدانەوێڵە ، بۆنی ناخۆش.

بۆنخۆشکە : بەگیای بۆنخۆش دەگوترێ

بێ بن: بەو کچانە جاحێڵانە دەگوترێ کە پەردەی کچێنییان لەدەست دابێت.

بێ چاوو ڕوو: بێ شەرم

بێ حدور: رەنگ زەردو بێ شنگ، بێ ڕەنگ و لاواز

بێ زاخ : بێ شکۆ

بێ زەلەت : بێ تام ، لەوانەیە لەعەرەبیەوە هاتبێ بێ لەزەت(لذة – عربی)

بێ زەواد : بێ نان و بژێو لەماڵی خۆی.

بێ سەروبەر : کەسێک ئیشی رێک و پێک و پوخت نەبێ .

بێ قوونەبان: بەکەسی تەمبەڵ دەگوترێ.

بێ نموود : بێ شکۆ ، بێ هەیبەت.

بێ یەغبار : بێ یەغباڵ : بەدبەخت ، داماو

بێر: بێڵ : خاکەناسی دار کە گەنمییان پێ بەبا دەکرد

بیراز: بن گەوەڕ ،ئەلحەدی گۆڕ

بێرۆکە : خاکەناسی بچووک بۆفرێدانی زبڵ و پیسایی.

بێز : قێز

بێزەوەر : پیس و پۆخڵ ، قێزەوەن

بیژی : زۆڵ

بێمزەڕەت : بێ بەلا

بێن : بەین: پشوودانێکی کورت ، ماوەک ، بابێنەکی بدەین ، یان دابنیشین.

بێوکە : جۆرە مێرووەکی بچووکە لەلبادی دەدا و کونی دەکرد و بێ کەڵکی دەکرد.

## پ

پاتار: کۆنەپەڕۆ و دزی کردنێک لەشتی بەکارهاتوو و کۆنە .

پارچەرە: منداڵێکی تەمەن بچووک خۆی لە ٨-٩ ساڵان بدات.

پاڕزنین: پاڵاوتن

پارزونگ: چاپاڵێو

پارسەنگ: ئەو بەردەی یان ئەوقورسایەی بەکاردەهێنرێ بۆ کێشانی شت و مەک لە تەرازووی دوولایی

پاروو : گوریسەکە لەبن کلکی کەر و ئەسپ دەبەسترێ بۆ توند ڕاگرتنی کورتان.

پاروو: بابۆڵە

پارێزی : خۆ مەلاس دان بۆ گرتنی نێچیر

پازپازۆکێ : یارییەکە گەورە و گچکە دەیانکرد ،

پاس : مۆڵەت ، تفەنگێتە پاس نینە واتە مۆڵەتی حکومەتی نییە .

پاس: پارێزگاریکردن ، پاراستن

پاشملە : کەسێک قسەی خراپ لەسەر یەکێک بکات لە مەوجود نەبوونی خۆی ، غەیبەت

پاشیو : پارشێو

پانکە: بەو گۆڕاییە و تەختاییەی بەرزاییەکانی دامێنی ، چیاکان هەیە

پانۆ: بەکەسێک دەگوترێ زمان لووسی بکات بۆ لێپرسراوان ، ماستاوچی.

پاوان :لەوەڕگا

پاوەن : خشڵێکی خڕە ئافرەت یان منداڵ لەپێی خۆی دەکات.

پایدۆز: پایدۆس: هەلاتن ، ڕۆیشتن،گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆی.

پت : ماسولکەی کۆم کەدێتەدەرەوەو دەکرێتەوە لەکاتی دانیشتن .

پچک و پەلار : توانج لێدان

پدوو : پووک ، ئەو گۆشتەیەی لە دەوری ددانە .

پڕ پڕە: ئەو جەلەی ژن لەسەری دەبەستن و بەنیوچەوانییان دا دێتەخوارێ.

پڕپۆرە : بریتییە لەگرمتە هەویری ورد ورد کەدەدرێتە جوجکەی مریشک

پرچ :قژ

پـڕدان : پـڕی دایـێ: هێرشـی بـۆ بـرد ، دەسـتی بـۆ بـرد زیاتـر بـۆ دەسـت دانـی ئافـرەت دەگوتـرێ.
پڕکێش : پەلاماردان بۆ لێستان و بردنی شتێک
پرماندن : بۆڵە بۆڵی بن لێوان ، پرتە و بۆڵەکردن.
پڕهەرما : توورەبوو ، پێ تێکچوو
پڕوپاتار : کۆنە شت بەتایبەت کۆنە جل
پڕێسکە : پارچە پەڕۆیەک وردەواڵەی تێدا هەڵبگری.
پرینگانەوە: نەوەستان
پزدان:پسـدان:ئەو بەسـتەرە گۆشـتەیە لەنێـوان منداڵدانـی ئـاژەڵ و بێچووەکـەدا هەیـە بەهۆیەوەخۆراکـی پـێ دەدات، هـی ژن پێـی دەڵێـن وێـلاش.
پزدووک : زیپکە لەدەوروبەری چاو و پێڵووی چاو بێ .
پسەپس: قسەکردن لەبنگوێی یەک بە دەنگی نزم
پشتەوشـار: ئـەو وشـەیە لەوکاتـە دەگوتـرێ کەکەسـێک کۆمەڵـێ خـاڵ یـان دەسـکەوت لەدەسـت بـدات و بگەڕێتـەوە پـاش. لەیـاری هەلیکانـێ زیاتـر بـەکار دەهێنـرا .(کاتـی خـۆی شـار سـنووری دانیشـتن بـووە ، گـەر کەسـێک لەشـاردەرکرابوایە ، واتـە رەوانـەی پشـت شـاری کـرا ، هیـچ کار و کاسبی نەدەما).
پشقاقەز : کۆلارەی یاری منداڵانە .
پشک: بەش
پشی : پشوو : هەناسە
پشیەخەو: سەرخەو
پفکە: پۆرگ ، بلۆق بوونی پێستی دەست و پێ
پل: پەنجە
پلتۆخ: پیس و چەپەڵ
پلک و پلتووز: پوور و کەسو کارێک لەڕێی پوورەوە ببێتە خزمت.
پلکە پێناو : ئەو ئافرەتەی قسەی کیژو کوڕی عاشق بۆ یەک دەبات .
پلوکە : پلوکە بەرد ، پلوکەدار ، بەرد و داری بچووک
پلووسک: بەلوعە : شێرە

پنج : بنە گیا
پەتک : قسەی بێ سوود و نابەجێ.
پەتک : کورتە گوریس ، ئەوگوریسەی لەخوری کورت و خراپ دروست دەکرا ،
پەتە: خوری خراپ و ریشاڵ کورت.
پەڕاگەندە: ئاوارە
پەڕکەم :جۆرە نەخۆشییەکە : فێ :لەهۆش خۆچوون و پەلوەشاندن و ئاو لەدەمهاتنە.
پەرگ : ئەو داوەی لێواری کڵاشی پێ دەدروێ.
پەڕگە : سەرپەڕ
پەرە : پەڵە : بارانێک زەوی تەواو تەڕبکات کاتێ جووتیار گاسنی لە ناخی زەوی بدان کرەی نێت و وشک نەبێ.
پەڕە: هەڵوەشاندنەوەی لۆکە
پەڕەمووچە: پەڕی مریشک و پەلەوەر
پەڕۆوپاتار:قوماشی پارچە پارچەی بەکارهاتوو ، بۆ جل و بەرگی بچووکیش دەبێ.
پەست : جۆرە ئۆتۆمبێلێک بوو وەک پاس بوو لەدار و ئاسن دروست کرابوو، لەساڵانی شەستەکان لەدەشتی هەولێر لەنێوان گوند و شاری هەولێر زۆر بەکاردەهات
پەسیرە : بەرسیلەی ترێ
پەسیو: هەڵامەت
پەشتەک : بەنی دوولای بادراوە لەخوری مەڕی سپی دروست دەکرا.
پەقرەج : ستڵ
پەکوف : بەداخەوە
پەلار : ئاوێشتنی بەرد و شتی تر بە دەست وەک نیشان بۆ ئەوەی بەرشتێک بکەوێ
پەلامیزە : میزکردنێکی منداڵان ، یان میزکردنیکی کەم.
پەلبەست : قۆڵ بەست
پەلک: گەڵا

پەلەواژبۆوە : مرداربۆوە ، ملی خواربۆوە
پەلووکەدار: پەلوکە بەرد : پارچەدار یان بەردی بچووک و درێژ
پەلیـک :دارێکـی لوولەیـی بچـووک بـوو ١٠-١٥سـم درێژبـوو، هـەردوو سـەری دەتراشــرا لەلایــەن منــداڵ و هــەرزەکارەوە لــە یــاری هەلیکانــێ بەکاردەهــات .
پەنادزە:ڕۆیشتنیکی بە پەناو پەسیو بەدزی ، بەبن دیوار داڕۆیشتن بەنهێنی
پەنگانەوە : کۆبوونەوەی ئاوی جۆگە لەشوینەک
پەنگـر : پارچـە رەژووی سـووربووەوەی هەلگیـراو و بـۆ ئاگرکردنـەوەی جارێکـی دیکـە
پەنگر : هەستانی هەوا و گەرم بوونی هەوا
پەنگـرەی خـوارد: بەشـتێک دەگوتـرێ کـە لەشـوێنەک خڕببێتـەوە ، وەک ئـاو لەشـوێنەکی کۆببێتـەوە و لـوول بخواتـن
پەنیـرە: ئەوکاتـەی گەنـم و جـۆ شـیری نـاو دانـی تونـدو ڕەق دەبـێ دەڵێن بوویتـە پەنیـرە
پووخە : نابووت
پووش و پەراش : گیای وشک بوو
پووشکە : گیای وشک بوو ، قەسەڵی ورد
پۆت : سەر و فەساڵ ، روو ، پۆتی شکا ، واتە رووی نەما
پۆقژە: پۆقلە: لەکاتی سووتانی پێست ئەو بڵقە پێستانەی پەیدادەبن.
پۆلی : پارچە دارێک کە بەئاگر سۆردەبیتەوە ، رەژوو کەسوور دەبێتەوە.
پۆیلە : زڕوزەنگیانەی بەچەفیەی ژنان وەیە
پێ هەرگرە : خێرابڕۆ
پێبلقە : قاندرمە : قالدرمە : پەیژە
پیپ : بەرمیل
پێـچ: فەڕەیــەک ،ســوڕانەوە، پێچــە شــاییەکم کــرد ، پێچــەک بــەدەوری قەراتــێ داســوڕامەوە
پێچک : پێ لاق و پێیەکی ئەستوور
پێخور: قاپ ، ئەو قاپ و ئامانەی شتی تێ دەخۆی .

پێخۆر: ئەو خواردنەی کەبەیانییان لەگەڵ نان دەخورێ وەک ماست و پەنیر و نۆک
پیرەقۆتـرِ: پیـاوی کەنەفـت و پیـر کەتوانـای هیچـی نەمابـێ، لـە بنچینـەدا بـە ئەسـپ و بارگیـری پیـر دەگۆتـرێ کەتوانـای هیچـی نەمابـێ.
پیرەکەترە : بەو ئاژەڵانە دەگوترێ بێ هێز و کەنەفت بن
پیرۆنە: گەورۆنە ، بەتەمەن
پیری زۆرات: پیری دڵ تەڕ
پیسکە : رەزیل
پێشـاو : سـەرئاو ، ئاودەسـت ، شـوینی خۆبەتاڵکـردن ، پێشـترێ دەچوونـە نزیـک کانـی وڕووبـار و جۆگان پیسـاییان دەکـرد.
پێشبار: بارێک لەپێش دا باربکرێت ،
پێشـباری خەمـان : کاتـێ منداڵێکـی تەمـەن بچـووک دەمرێـت ، خەڵـک بـۆ دڵنەوایـی خێزانەکـە دەڵێـن پێشـباری خەمانـە.
پێشکە: مێشوولە
پیشـەقان : دارێکـی شـێوە خـڕ و درێژییەکـەی مەترێـک دەبـێ ، ئاسـنێکی دەمپانـی پێوەیـە، بـۆ هەڵکەندنـی کاردی و پیفـۆک و قیزبەلـە و ڕووەکـی ڕەگ قـوڵ بەکاردێـت.
پێکـۆرەی دەکات: مریشـک بـە پەنجەکانـی پێـی خۆڵـی لادەبـات و بـەدوای دان دا دەگەڕێـت
پێکی کە : بەشداری پێ بکە
پیک : لاسکی گەنم وجۆی ، قەدی گەنم و جۆی بەتەڕی و سەوزی، پیکی دووزەلە.
پێکە: دایگیرسێنە.
پیل: قۆڵ لەدەستەوە تاکوو شان واتە بەشان و باسک دەگوترێ.
پێلەقە: شاپ ، لەقەی بەپێ.
پێنـاو: بـەو کەسـەی دەگوتـرێ کەلەنێـوان دوو کەسـی ناکـۆک هاتوچـۆ بـکات و قسـەی بینـێ و ببـات، تاکـو ئاشـت ببنـەوە. بـۆ نێـوان کـچ و کـوڕی عاشـقیش دەگوتـرێ.
پێنجوکانێ : جۆرە یارییەکی منداڵانە کچانەیە زیاتر بە پێنج بەردان دەکرا.

پێینگان : دانیشتن لەخوارەوە ، کاتێ جێگا بۆ نووستن ڕادەخرێ ، لای خواروو کەپێی لێ ڕادەکێشرێ پێی دەڵێن پێینگان.
پەراسووان:پاڵپێوەنان و دەرکردنی کەسێک بەدەستی، (ئەمنی د ا بەر پارەسووان)
پەرت: پەرش و بڵاو
پەرک : نێرک ، نێرکی خەزێمێ کەدەچتە ناو کەپووی.
پەڕەکە: تاق ، پەڕەکەی عاسمانێ ، تاقی ئاسمان بڵندایی ئاسمان.
پەلکۆکە: گەڵاچکۆکە
پەلەقاژە: نزیکەمەرگ . پەل کوتان .
پەناو پەسیو : شوێنەکی نادیار و بزر کە خۆی لێ دەشاردرێتەوە
پەنگانەوە:نەترسان و نەگەڕانەوە لەشتێکی زیاندار ، (پەنگانەوەی نییە)
پەیت: خەست
پەپکە(کەپکە): ئەوکاتە دەگوترێ کەمار خۆی لوول دەدات بەدەوری خۆی بەشێوەکی بازنەیی.

**ت**

تاتە، تات : تاتەبەرد بەردێکی پان و گەورە وێنەی لێ هەڵبکۆڵی. (لوح العربی)
تاتەنوێژ: ئەو بەردە گەورەیە و پانەی پێشتر لەناو حەوشەی ماڵە گەورەکان دادەنرا بۆ نوێژکردن.
تاتەشۆر: تاتەبەردێکە یان تەختەیەکی مێز ئاسایە مردووی لەسەر دەشووریێت.
تاخچکە(تاقچکە) : ڕەففە کەشتی لەسەر دادەندرێ، پێشتر لەژووری ماڵەوە ژنان یەک یان دوو شەپکە داری پانییان دادەنا بەهۆی بزماری گەورە و پتەو شەکردان و قوتی چا ..... لەسەر دادەنا
تادار : نەخۆش
تارمە: کاتێ قرشەی جۆخین دەکوترا و هەڵدەدراوە.
تاریکەسەلات : شەوی زۆر تاریک
تاسولقە : پارچە کوپە و گۆزە و جەڕەی شکاوی بچووک
تاشەبەرد: بەردی گەورە و بەتەنیا

تافتە : رەفتەیەکی بچووکە ژنان لەنیوچەوانییان دەبەستن .

تاق : بڵندایی ، دەڵێ لەتاقی عاسمانێ

تاق : پەنجەرەی بچووک

تاق و لۆق : قل قله ، دانه دانه

تاکە: تاکەی لاستیک ، لاستیکی چوپی تایەی ئۆتۆمبێل و پاسکیل کە بەباریکی دەبڕدرا، بۆ دارلاستیک زۆر بەکار دەهێنرا یان سەری فەردەیان پێ دەبەستا.

تام سۆ : شیر کەتەواو دەکوڵی پێی دەڵێن تام سۆی دەدات ، بۆنێکی تایبەتی هەیە .

تامپۆن : خۆ پێکدادان ، بەتایبەت زیاتر بە خۆپێکدادانی ئۆتۆمبێل دێت .

تامەزرۆ : پەرۆش ، عەوداڵ

تان: هان ، تان لێ دان ، هاندان

تانە: پەردەکی شین بوو دەکەوتە سەرچاوی مرۆڤ و چاوی نابینێ.

ترەکی : بە زانی سەگ و پشیلەی دەڵێن سەگەکە ترەکی چوار بێچووی هەڵهێنا.

ترۆتۆپ : بەفیز و دەعیە گەورە . ترگەورە

ترۆهات : خوێری ، بێ ئسول و نانەجیب

ترۆق: زەندەق، ترسان ،

تریقە: ناوەند وەک دەڵێن تریقەی پشتێ

تریوە (تریواندن) : کاتێ پەنجەت بریندار دەبێ جار جار جولەیەک دەکات دەڵێن پەنجەم دەتریوێنێ.

تشتۆیەکە: یەکەکی چۆنە

تکە: دڵۆپە ، تک تک هاتنە خوارەوەی ئاو لە بن گەوەڕی شاخێک.

تلیز: درز ، شەقبوون ، درز تیکەوتن

تلیشە : تلیشەبەرد ، بەردی باریک و درێژ و تیژ

تەبای : تەبای خەرکی : وەکوو خەڵک

تەبەش : دەم و چاو ڕوومەت و نێوچەوان دەگرێتەوە.

تەپکە : داودانانەوە بۆ سوێسکە و کەو

تەپەسوڕە : ژانەسەر ، سەرئێشانی سەرەسوورە
تەپان: تەپاندن ، لێدان . تەپاندم واتە زۆرم لێدا
تەتەرە : بەجولەی لێو دەگوترێ لەکاتی ترس و دڵەڕاوکێ
تـەدارەک: کـەل وپـەل ،کەرەسـتە، وەک کەرەسـتەی بوکـێ و دەڵێـن تەدارەکـی بوکـێ حـازرە
تەڕاح : گەنم و جۆ فرۆش
تەڕادانێ : پێشبڕکێ بەئەسپ و ماین و گوێدرێژ، غارغارێن.
تەڕاتێـن: هاتـن و چوونـی کەسـێک لـە نـاو گۆڕەپانێـک یـان لـە بوارێـک ، فـڵان کـەس لەپێـش مارمـان تەڕاتێنـی دەکات.
تەرازوو : میزان
تەڕاس : درەختێک لق و چڵی زۆربێ ، لەتەنیشتی بڕوێ.واتە شیلە یانە سەرەتان.
تەڕاش : دەوەن ، قنچکە داری گەورە و بەباوش
تەربیش: پاچەکۆڵە ، شلکردنەوەی خاک
تەرپۆش : جلی جوان لەبەرکەر
تەرس : پاشەڕۆی وڵاغ وەک ئەسپ و ماین و ئێستر
تەڕە : میوە
تەڕەبیرۆ : جۆرێکە لە کەڕووی تەڕ لەلێو دەوروبەری دەم قینچکە پەیدادەکات.
تەرەس : بێ نامووس و شاخهاتی
تەسـکەرە : دەفتـەر نفـوس (پێناسـنامەی شارسـتانی ) وابزانـم لـە تذکـرە عەرەبـی هاتـووە.
تەشـک : نێـوان چـۆک و نێکـی مـرۆڤ : دەڵێـن (لەتەشـکی خـۆی داو گـەراوە ) واتـە لەڕانـی خـۆی دا لەشـەرمەزارییان
تەقـەت (تقـەت) : شـاردنەوە (بـا جەنازەکـەی تەقـەت کەیـن)، نهێنـی پارێـز (زمانـی گەلـەک تەقەتـە).
تەقەلـۆ: برینەکـی لـەش زۆر پیـس و گەورەببـێ یـان سـووتابێ ، پێسـتەی زۆر لەسـەر لاچووبـێ.
تەقەوڕەقە : دەنگە دەنگ ، بێ تەقەوڕەقە : بێ کێشە و دۆخە.

تەلان : بەرزایی ، گرد
تەمۆخ: بەردی لمی نیشتوو، بەردی مردوو لەگەڵ ئیش پێکردنی هەڵدەوەری.
تەنکێش: لا تەنیشت ، لا تەنکەکە
تەنگاو : کەسێک بەهەڵەداوان بچێتە ئاودەست .
تەنگە : بن سکی مرۆڤ و ئاژەڵ ، کەمەر .
تەنـی : ئەوپاشـماوە ڕەشـەی بەبنـی مەنجـەڵ و سـێڵی نانـی پەیدادەبێ لەئەنجامـی ئاگرکردنەوە.
تەوشی : تەپشوو
تەوقات : شەپازلە
تەوقە:دۆقە: سوحبەت ، دەڵێن فلان زۆر تەوقەچییە
تەویلـە : شـوێنی بەخیوکـردن و حەوانـەوەی گـوێ درێـژ و ئەسـپ و مایـن و هێسـتر .
تواليت: قاقۆل، ئەو برە پرچەی پێشەوەی گەنجی کوڕ
توائهوو : وشەیەکە بۆ سەرسوڕمان لەشتێک بەکاردێ
تورانەوە : شەرم لەخۆکردن
توغز: تووز : نێوچەوان
تولخانەوە : پلیشانەوە ، پانکردنەوەی میوەیەک لەژێرپێت
تووخن : تخوون : نزیک ، دەڵێ توخنی مەکەوە
تـوور : هەگبەیـەک بـوو زیاتـر شـێوەی سـێ گۆشـە بـوو بەنەخـش دروسـت دەکـرا ژن پێداویسـتی خـۆی یـان شـوان نـان و پێخـووری خـۆی تـێ دەکـرد.
تووکـە حەرامـە : ئـەو تووکـە مـووەی لەبێچـووی باڵنـدە دێتـن لەسـەرەتای هاتنـەدەرەوەی لـە نـاو هێلکـە.
توولەسە: بێچووە سەگ ، توولە سەگ بچووکترە
توولەمار : بێچووە مار ، ماری بچووک و باریک
توولەمێو : لاسکی مێوی تازە گەشەکردوو و ناسک.
توومەز : لەبەرئەوەی ، چونکە ، وەکوو بڵێی
توێڕی : خۆڕی

تۆپ: چەپک تۆپەگورەک ، چەپکە گورەک
تۆپز : دارێکی ئەستوور سەری خڕبێ بۆ شەرکردن بەکاربهێنی.
تۆپزی : بەزۆر
تۆتکە: ئۆقرە.
تۆخم : چەرەزات
تۆدەر: ئەو جۆتیارەی تۆی بەزەوی دادەکات لەگەڵ هەوجار یان تراکتۆری.
تۆراغ : دۆی تیر بەو دۆیە دەگوترێ کە دەخرێتە کیسێکی خام هەتا پەیت دەبێت.
تۆزەک : بڕەک
تۆغیان : لەهەڕەتی ،کاتی گەنجێتی ، تۆغیانیتی ( لەگەڵ قۆناغی تەمەن دەگوترێ )، لە طوغیانی عەرەبیەوە وەرگیراوە.
تۆقەرە: لووتکە ، پۆپکە
تۆنتەرەقە : ئەو بارووتەی لە دەمانچەی منداڵان بەکاردێ
تی تی تی: دەنگێک بوو بۆ بانگکردنی پەلەوەر بوو.
تیتک : پرچ ، قژ
تێتەقاندن : هەڵاتنی خێرا
تیچاو : لاچاو ، تیلەی چاو
تیخ : تیغ : چەقۆ ، بەردی تیژ و ئاسنی تیژ شت ببڕێ
تیخ تیخە: دنەدان ، هاندان ، بەقسە هانی داوە بۆ کارێکی خراپ
تیر: پاس ، هاوکاری ، لە کەللایانێ دەگوترا تیرەکم دایێ .
تیر: لەیاریی منداڵان کەلایانێ و هەلیکانێ دەگوترێ ، واتە یارمەتی بدە با لێت نزیک بێتەوە (تیرەکی بدێ)
تیر: نۆبەت ، لەکەللایانێ دەگوترا ئەو تیرەی بێتەوە ئەمنم
تیراوە : برینێکی پڕ لەکێم و خیزاو کەلەقاچ و پێ بێت و چاک نەبێتەوە .
تێڕکە: تێڕ : هەڵگرە گونیەک یان مشەمایەکی گەورە و پانە و لەدووبەش پێک دەهات لەسەر پشتی وڵاخ و گوێ درێژ دادەندرا، ئاوی پێ دەکێشراوە، یان لەسەر پشتی کەر خۆڵی تێ دەکرا

تێڕوهاتن: پڕدانە شتێک و بیبات .

تیزوفیز: دوو شت قولینچکییان بکەوێتە سەریەک ، دوو ئەستوونی یەکتربڕ

تیسکن: تووکن : ئاژەڵی بەموو

تیغە: دیوارێکی باریکە لەنێوان دوو ژووری ماڵ

تیف تیفە: گرنگی دان بە خۆ بۆ خۆجوانکردن .

تێقووچان: راکردن و هەڵاتن

تێک چەقی: کەسێکی چوارشانە و زەخم

تێـک قژقـژان: لـە قەرەباڵغیـدا خەڵکـە تێکەڵـی یـەک بـی کـەس ئـاگای لەکـەس نە مێنــێ.

تیک و دورمان : بڕینی قوماش و درووومانکردن

تێکەت: دۆڕا

تێکەولێکە : سەودا و مامەڵە

تیـلاک: لاسـەر،بۆ جەمەدانـی بەسـتن دێت دەڵێـن فـلان تیلاکـی لـێ خوارکردییە،واتـە جەمەدانـی هینایتـە لاسـەری.

تیلک : پەنجە تێوەرینان لەشتێک

تیلک: پز

تێڵەگە : بارێکی سووک و قەبارە گەورە، ژن کە شتێک بەپشتی خۆیان دادەن.

تێڵەکێش: ئەو ژنەی گێشەی گەنمی بەپشتی خۆی دادەدا و دەیهیناوە سەرجۆخینێ.

تیواوتیو : تەنیشـاو تەنیشت، بەلاخواری.

تێی تەقاند : رۆیشتنێکی بەپەلە و هەڵاتن.

تەپکەریخ: تەپاڵەی ڕیخ.

تەڕک: داری تەڕ ، شوولکەدار.

تەشکەبەڕ: بەڕەکی کورت.

تەگبەنـد: تەنگەبەنـد: پارچـە قوماشـێکی ئەسـتوور و نەخشـێنراوبوو بـە ئارمووشـی ڕەنگاوڕەنگ، بـە بەنێکی ڕەش و سـپی یـان ڕەنـگاو ڕەنـگ پیـاو لەپشـتییان دەبەسـت،

تەماشاکردن: سەیرکردن

تقەت: شاردنەوە

## ج

جاخ ، جاغ :توورەگەی خام بوو ، قوماشێکی سپی کەمێ ئەستوور و پتە و بوو ، شەکر و چای تێ دەکرا.
جادە: شەقام
جاڕس : ئیزعاج ، هەراسانکردن
جاری گۆرینێ: جارەکەی تر ، جاری پێشوو
جاقی : چاوکراوە و بزێو
جام : تاسە ، پەرداخ
جامباز : بەو کەسانە دەگوترێ گوێدرێژ بکڕن و بفرۆشن. بەکەسی فرت و فێڵ چیش دەگوترێ جامباز
جاندار ؛ بەکچ وژنانی بزێو و بێ شەرم دەگوترێ ، وابزانم لە وشەی ژاندرمەی فەرەنسیەوە هاتبێ کەژنێکی بوێربووە لەسەردەمی شۆڕشی فەرەنسا ، کە عوسمانلی بە جاندرمە گۆییان کردووە.
جانگ : رەفتار ، رووخسار ، جانگ ژنانی واتە رەفتار ژنانی ، جانگ حیز
جانگ: جۆرە قوماشێکی ئەستووربووە دەکرا دەرپێی پیاوان.
جرت وفرت : هاتن وچوونی بەردەوام، بۆ توانج لێدان بەکاردێ
جڕگە: ئەو شووێنەی گیای بەبالاکورتی لێ شین دەبوو.
جڕنا و فڕنا : ناخۆش ، قسەی ناخۆش ، خەوی ناخۆش
جریتانێ : جلیتانێ: هاتۆچۆ ، بەوکەسانە دەگوترێ کەهەر بەپێش کەسێک هاتوچۆبکەن بە خێرایی.
جگ : ئەو پارچە ئیسقانەی لە ئەژنۆی چێل هەیە ، یان ئەو پارچە ئێسقانەیە دەکەوێتە بەینی ئێسکی رەفیزی قاچی پشتەوەی ئاژەڵی وەک گا و چێڵ و گورگ و سەگ
جغز: بازنە
جگەگا : بەکەسێک دەگوترێ کە بێ سوود بێ
جلخوار : بەکەسانی هەژار و نەدار دەگوترێ
جمک : دووانە

جمە : زۆر پڕ لە مرۆڤ، بازاڕ جمەی دێ
جنجرۆک : پەنجە ونینۆکەکانی گیانداری وەک پشیلە و سەگ
جەربەزە : کەسێکی بزێو و چاونەترس، لێزان ، فێڵباز
جەردە : چەتە ، ڕێگر
جەنە: منداڵ کە مەرەق لەشتەکی دابگری و پێداگری بکات.
جەنگە : لەناوەندی کات، لە هەڕەتی ، لەجەنگەی شەڕێ
جەو: بەو مقەسە دەگوترێ کە مووی بزن و خوری مەڕ دەبڕێتەوە
جەوبڕ: بەو کەسە دەگوترێ کە کاری جەوبڕین دەکات
جوانکە: گەنجی تازە پیگەیشتوو
جوانەمەرگ: مردنی کەسێک بە گەنجی
جوایێز: جوایەز : جیاواز ، جودا
جوڕە: باڵندەیەکی بچووکە لە سۆفەقیتە گەورەترە و بۆرە
جوققەی لێبڕا: مرد ، ئاگای لەخۆنەما
جوقە: باڵندەیەکە وەک چۆلەکەیە و بچوکتر و باریکە و ڕەنگی بۆرە
جۆبڕکـە: ملـە، زیندەوەرێکــی بچووکەشــێوەی لەدووپشــک دەچێ،لەژێـر زەوی دەژی ،ڕەگــی رووەک دەخــوات
جۆخین : خەرمان
جۆم : کەندی نزم ئاوی لێ ڕابوەستی
جۆنیانی : وەک دەسکە جۆنی بیدەی بە زەویدا ،
جۆتی کرد: کاتێ گوللەی دەمانچە لەناو لوولەی دەمانچە گیر دەبێ و ناتەقێت.
جیڕبەجیڕ : دڕاندن
جیڕەی دێ : دەنگی پێڵاوی نوێ
جیق: دەردانی شلەیەکی توند کەچاو دەری دەدات ، بەتایبەتی کاتی چاو ئێشە .
جیقڵدانە : سیقەتۆرە : سیکڵدانۆچکە
جیقنە : ڕیقنە : پاشەڕۆی باڵندەی وەک کۆتر و مریشک و عەلەشیش
جینگز : کەسێک کە زوو تووڕەبێ
جێوبالینگان: شوێن و شتومەکی پاڵدانەوە و نووستن

جەرەبی: هەڕەمەکی، بێ حیساب و کتاب
جەزرەبە: ئێش و ئازار ، ئەشکەنجە
جەزووە: قاوەیان تێدا لی دەنا.
جەلەکردن: بەستنەوەی چەند ولاغێک بەڕیز لەگەڵ یەک

## چ

چ قەیدیە : ئینجا چییە (قەی چیەکا )
چاراوگە :چاراوک: قوڵتەک یان قاپێکی گەورە ئاوییان تێ دەکرد بۆ ئەوەی مریشک و عەلەشیش و سەگ ئاوی تێ دا بخۆنەوە.
چارچمکی : دانیشتن لەسەر هەردوو چۆک
چاک: مەزارگە: مەرقەدی شەخسی کەسە ئاینییەکان .
چانچانۆکە: پارچە لبادێک بوو یان بنە کەبەرێکی گەورەبوو بەدوای جەنجەڕەوە بوو لەکاتی قرشە کوتان بۆ لووسکردن بوو.
چاو لەدەر : بەو پیاوانە دەگوترێ بەدوای ناموسی خەڵک بکەون
چاوپێ هەرنەهاتی : کەیف پێ نەهاتن بەکەسێک
چاوتەنگ : رەزیل و حەسوود
چاوچاو: تەماشاکە
چاوچاوانێ: بەو کچ و کوڕانە دەگوترێ ، کەچاو لێکتر بگێڕن و هەر سەیری یەک بکەن.
چاوچنۆک: کەسێک بەخیلی بەخەڵک ببات و پیسکەبی لە ژیان و هێشتا ئیرەیی بە ماڵی خەڵک ببات.
چاوحیز: بەو پیاوانە دەگوترێ بەدوای ژنان بگەڕێن.
چاوساغ : ڕێ نیشاندەر
چاوش: زوڕناژەن و بەندبێژی شایی و هەڵپەڕکێ.
چاولێکردن : لاسایی کردن
چاووڕاو: هەڕەشەکردن و چاولێسوورکردنەوە، ترساندن.
چاولەدوو: کەسێک هەر بەتەمای کەسێکی دیکە بێت ببێتە هاوسەری، یان

شـتێکت لای کەسـێک بێـت، ئاواتـت بـێ بداتـەوە، یـان شـتەکەت بداتـێ.

چاوەخانی: هۆدەخانی .

چاوەڕۆخـە : لەکاتـی قرشـە کوتـان کـە ئـەو قرشـەیەی لەتەنیشـتەکان ناکەوێتـە بـن جەنجـەڕ ، هـی لای دەرەوەو نـاوەوە بەشـەنە دەخـراوە بـن جەنجـەڕی تـا تـەواو بکوتـرێ ، بـۆ قسـەکردنیش دێ کەکەسـێک بەپێـچ و پەنـا داکۆکـی لەبابەتیکـی قسـەکردن بـکات.

چراڕەشـکە: قوتـووەک بـوو نـەوت یـان ڕۆنـی تـێ دەکـرا ، پەتـی پەمۆیـی بەدرێـژی لەنـاو دەنـرا درێژدەکـراوە بـۆ دەرەوە و سـەری قوتووەکـە بەهەویـر یـان بەهەرشـتێک دەگیـرا وەک چـرای ڕۆناکـی بەکاردەهـات.

چڕدۆ : ئاژەڵێکی شیردەر بە زەحمەت بوار بدات بیدۆشن

چرک هەرگر : قوماشێک کە پیسی پێوە دیار نەبێ.

چرووک : بێ قیمەت ، بەکەسی بی رەوشت و بێ ئەدەب دەگوترێ.

چرووکـی کـرد : واتـە دەمانچەکـە یـان تفەنگەکـە گولـلە نەتەقێنـێ ، دەڵێـن تفەنگەکـە لەدەسـت چرووکـی کـرد.

چزوو : تیژایەتی پێوەدانی دووپشک

چسوانم : چوزانم.

چش : هیچ.

چشت: شت، تشت.

چشتۆکەک: شتۆکەک ، شتێکی کەم.

چمـا : ئایـا ، وشـەیەکە بـۆ سەرسـوڕمان بـەکاردێ ، چمـا نەتزانیـوە ماڵـی فـڵان کـەس دزییـان لێکرایـە.

چما: چۆن.

چەپارە: پاراستن ، خوا چەپارەت دا ، خوابتپارێزی .

چەپەرۆک : بەناو لەپ و هەر پێنج پەنجەی مرۆڤ دەگوترێ. کە لەکەسێک بدەی

چەپۆک : لێدان بەهەر پێنج پەنجەی دەست.

چەتـار : دوو پارچـەداری پتـەو یـان شـیش بـوو لـەزەوی دەچەقێنرا هەتـا نیشـانەی تفەنگـی لەسـەر بگـری.

چەتیم : چەتیو ، بۆ کچ بەکاردێ
چەچ وپل : دەست و پەنجە
چەرخـوس : گوڵەجۆی فەریک کاتێ دانی لـە وەختی تـەڕی دایـە دەیاندووریـەوە و دەیانبرژاند.
چەرمەسـە : جوێنـە ، بەکەسـێک دەڵێـن زۆر لـەڕ و لاوازبـی هـەر ئێسـک و پیسـت بێ، واتـە چەرمـی وەک چەرمـی سـەگە.
چەشـمە: سـەرکانی ، سـەرئاو : لەدەشـتی هەولێـر لەبەرانبـەر وشـەی ئاودەسـت بەکاردەهـات.
چەقاوەسوو: چەنەباز ، زۆربڵێ
چەقەچەق: زۆر قسەکردن و چەنەبازی بەدەنگی بەرز
چەقەسوو: چەقاوەسوو ، کەسیکی زۆربڵێی بێ شەرم
چەکەخارانـە: کاتـێ کچێـک بەشـوودەدرا بەتایبەتـی بەمـاڵ ، خـاڵ داوای دیـاری دەکـرد واتـە پـارە یـان دەمانچـە ، ئینجـا قبوڵـی بـوو کچـە خوشـکەکەی شـووبکات.
چەلبە: وس بە ، بۆ بێ ڕێزی دەگوترێ.
چەلەنـگ: ئـازا لـە کارکـردن ، بـەس زۆرجـار بەتوانـج بەکەسـی بـێ دەسـەڵات لـەکار ڕاپەڕانـدن دەگوتـرێ دەڵێـن چەنـد چەلەنگـە ؟!
چەمبەری : بێ ئابڕوو ، کەسێک سیفەتی خراپی هەبێ
چەندچینە: چەندجارە
چەنگ: ئەندازەی هەر پێنج پەنجەی دەست
چەنەباز : زۆربڵێ
چەنەگە : خوار دەم ولێو کە درێژبۆتەوە
چەفیە: لچک
چەلاو: گۆشتاو
چەنگەپڕە: هەوڵدان بەگرتنی شت بەهۆی هەر پێنج پەنجەوە .
چەمـووش : ئـەو ولاخ و گوێدرێـژەی ماڵـی نەبـێ و نەهێڵـێ خاوەنەکـەی لێـی نزیـک بێتـەوە لووشـکان بـاوێ.
چوختـی: سـێ بەنـدی ، فێڵـزان ، بەکەسـێک دەگوتـرێ لـەزۆر ئـاودا پەریبێتـەوە

و لاقـی تـەڕ نەببـێ.
چووزەرە: چوزەڵە : تۆی ڕووەک کاتێ قەدۆکە بۆسەر زەوی دەردەکات .
چۆپان: چەپان : ئەوکەسانەی بەدەستی چەپ کار دەکەن
چۆک: ئەژنۆ
چیدیکە : چیتر
چیرە(چیرەدرێژ) : درێژ دادری، زۆربڵێ، عینادی
چێشتان : بەیانی دوای نانخواردنی بەیانییان ، دەوری سەعات٨-١٠ی بەیانی
چیلکە: داری باریک و بچووک

## ح

حالـۆری : بـەو بـەران و تەگەیـەی دەرێـن کـە لـەوەرزی جووتبـوون هـەر لەنـاو مێگەلــی خۆیــان نامێنــن ، بەڵکــوو لەبــۆ مێگەلــی تریــش دەچــن و بەزەحمــەت ڕادەوەسـتن.
حامپول : لەیاری کەلایانێ کەیەکێک هەڵەبکات
حــاهـ : وشــەیەکی سەرســوڕمانە ، دەڵــێ حــاهـ لەمنــت نەکــەوی بەمنــت بگۆتایــە لەگـەرت دەهاتـم.
حریتــە : پێکەنینــی بەدەنــگ هــی کچــان بەتایبەتــی دەیانگــوت ئــەو کیژانــە لەســەربیران حریــت و هۆڕیتیــان.
حندرحۆپـە : یارییەکـی مندالانەیـە کـە دووکـەس سـواری شـەپکە دارێـک دەبـوون هەریەکــە و لەســەرێک ، ناوەندەکەشــی لەســەربەردێک یــان خۆڵێکــە بڵندبــوو.
حەبرە : پەریشان : عەودالْ ، وابزانم لە عەبرەی عەرەبی هاووە .
حەتۆتە : وردە کاشی و بەردی بچووک ، کچان یارییان پێ دەکرد
حــەرام زادە :جوێنــە، بەکەســێک دەگوتــرێ ئیشــی خــراپ بــکات ، بــە بیــژی و زۆڵیــش دێ
حەزحەزۆکێ : خۆشەویستی نێوان کچ و کوڕ
حەژمەت : لە حەژمەتان . لەداخان .
حەسار: حەوشەی گەورەی بەدیوار یان پەرژین چەند خانوێکی تێدابێ.

حەمایل : جۆرە ملوانکەیەکی ئافرەتانە
حەوجە : پەشیمانبوونەوە و چوونەوە لای کەسێک کەپێشتر لێی تووڕەببی .
حەیتە: هەیتە: بەکچی پارچەرە و جاحێڵ دەگوترێ کە زۆر بزێو بەجولەبن
حەیزەران : دارێ بەردەستی شوان بوو بۆ لێخوڕینی مەڕومالآت بەکاردەهات لەقامیشی پتەو دروست دەکرا ، یان لە دارحەیزەران
حەراری: حەلآلی ، پارچە پەڕۆکەکی سپی و زەردە ، حاجی لەسەرییان دەنا.
حۆلە : گەورە
حینگ : خۆ پێوەنانی نێر بە دواوەی کچان یان کوڕان

## خ

خاپەرۆک: پاشماوەی شت کە خراپە ، پاشەڕۆی جۆخین کە ژن کۆی دەکاتەوە ،
خارۆزە : مێرووەکی گچکەیە لەبڕکی گندۆرە و تەرۆزی دەدات و وشکی دەکات.
خاسەڕەنگ: ڕووەکێکە وەک رووەکی خەنەیە.
خاسەڕەنگ: گڵێکی سوورە بۆ رەنگ و دەرمان بەکاردەهات.
خاوکە : بەنێکە بەیەک لا بڕێسرێ.
خاوە : وەرگرتنی پارە و شت لەخەڵک لەلایەن ڕێگر و جەردە
خدوو : خوورەوشت
خرپۆ : بەکەسیکی قەڵەو و کورت دەڵێن
خرتەوپرتە : بریتتیە لەزەوییەک پێش تۆکردن گاسنێکی لێ بدرێ و یەکسەر تۆ بکرێت و دوایی یەکسەر گاسنەکی دیکەی لێ بدرێ.
خرتۆر : لەناو خۆڵ وەردان
خڕکە: خڕکەبەرد : بەردی خڕ کەبۆ شەڕکردن بەکار دەهات .
خرم خرم : دەنگی ددانی کاتێک خواردنێکی ڕەق دەخۆیی و دەمت دەجولێنی بەس نایکەیتەوە.
خرێن: بەو کاتەی دەگوترێ کە نزیکەی ٨ کاتژمێرێک نانت نەخواردبێ ، لەخرێنی پشکنینی خوێنت بکە بۆ زانینی شەکرەت.
خرێنە : وەک داوی سێتایە بەڵام لەمووی بزنی دروست دەکرا .چەند داوە بەنەکی

مووی بزنان پێکەوە بادەدرێ دەبتە داوەکی ئەستوور ، شتییان پێ دەبەستەوە و پێی دەدوورا.

خشت : خشتی بکە ، پڕی بکە

خشت : قوڕێکی وشکراوەی چوارگۆشە یان لاکێشەیی بوو دیواری پێ دروست دەکرا

خڵت وخار:پاشماوەی شت بەتایبەتی شتی ورد یان شلەمەنی،وەک خلت وخاری ناو دۆڵکەکە فڕێ دە.

خنخنۆکە : قڕقڕتۆک ،دەست لەقوڕگ نان ، قوڕگ کوشین و هەناسەگرتن.

خەڕەک: دەرهێنانی تۆو لە لۆکە

خەفتن : لەخۆخەفتن : گرنگی دان بەخۆ ، لەجل و بەرگ و خۆخاوێن ڕاگرتن.

خەجەگەڕۆک : بەو ژنە دەگوترێ کە زۆر ئەو ماڵ و ماڵ بکات و بگەڕێت.

خەفەتخانی: خەفەتبار ، تووشی خەفەتی کرد.

خەلانە: کەپرۆکەکی بچووک کە لە بنەبانی خانووی دەکرا بۆ زەخیرە لەسەردانان.

خەسولکە: بەو قامکە قەسەڵە دەگوترا لەبەر قەفی گوریسی پشتی داندرا کاتێ ژن قەسەڵیان بە چارۆگ و بە پشتیان دەیناوە.

خەناوکە : ملوانکە

خەنی بوو : کەیف خۆش بوو ، دڵخۆش بوو

خەوەکوتکە : وەنەوز، کەسێک خەوی بێت و جار جار بەئاگابێتەوە

خواروخێچ : شتێک راست نەبێ و خواربێ، وەک دیواری حەوشەیان خوار و خێچە

خوانەکەرانێ : ناخوازەڵا

خوترمە : بەرچیغ ، قوتکە دارێک سەرەکی ئەستووربێ

خوچە : خوشکی گچکە

خورت : پیاوی بەهێز و ئازا

خوشکۆرێ : ئافرەت لەخۆشویستییان بەیەکتر دەڵێن.

خوناو: شەونم ، ئاونگ

خوندکار: خزمەتکار

خونەخون: نمە نمەی باران ، زۆر بەکەمی .

خـووس: ئـەو شـەونمە سـپییەی سبەینان لـە سـەر دیـوار و زەوی دەنیشـی و هەتـاو لێـی بـدات دەتوێتەوە(زوقـم)

خووسان: هێشتنەوەی قورِ لەناو ئاو بۆماوەی شەوێک

خووسـاندن: دانانـی تـۆ لەنـاو ئـاو تـا زوو شـین ببـێ و دانانـی قـەدی دار لەنـاو ئـاو تـا نـەرم ببێتـەوە

خووسک: ئارەزوو ، غەریزە

خۆشبەز: ئەسپی تیژرِەو و خۆشرِۆ

خۆپچرِینـەوە : لەکاتـی شـەرِکردن کەسـەک بێتـە نـاو شـەرِەکە و خەڵـک نەهێڵـن شـەرِێ بکات ، هەروەهـا ، بـۆ پێدانـی پـارە لەجیاتـی لەکاتـی شـت کرِیـن ، یاخـود لەماڵـەوە داوەبکات مێوانەکـەی لای بمێنێتـەوە نـەرِوات ، دەڵێـن زۆری خۆپچرِییـەوە ئـەو شـەویش لەکنمـان بمینتـەوە.

خۆرکـە: لەکاتـی شـێداربوونی لوولـەی تفەنـگ و دەمانچـە لـەژوورەوە ژەنگـی بهێنـێ.

خۆرەبـان : دانانـی خـۆڵ لەسـەر بـان (خانـوو) دوای دانانـی قامیـش و هـەراش لەســەری

خۆرەپۆک : بەزەوی نەرم و خۆڵ لێکهەڵوەشاوە دەگوترێ

خۆزی : خۆزگە : بریا

خۆفک : رەحەتی ئاوێ

خلچان : دۆرِان ، زیاتر لە گەمانی منداڵان بەکاردێت.

خۆگرخانـدن : خۆخافڵانـدن ، خۆشـاردنەوە لەکارێـک ، خـۆ مەشـغولکردن بە ئە نقە سـت .

خۆگنخاندن : کات کوشتن و خۆخافڵاندن لەوەی نەیەوێ کارەکە ئەنجام بدات.

خیـت: شـاردنەوە و دزیـن ، دەڵـێ هەندێـک پارەیـان لـێ خیـت کـردم ، بـەدزی خسـتنە پەنـاوە.

خێل و خوار : کەسێک چاوی خێل بێ .

خین : خوێن

خینگر : خوێنگر: بەکەسێک دەڵێن لەپشتی یەک بن و خزمی نزیکی بێت لە خوێن، واتە لەباوکەوە خزم بن.
خینەستێن : خوێنەستێن : ئەوکەسەی خزمێکی بکوژرێ ، داوای خوێن بکات لە بکوژەکە.
خێرانـدار: خاوەن خێر لە کاتی یەکێک بەخێرهاتنت بکات ئەوی دیکە دەڵێ خێراندار بی.

**د**

دابەستی: بەو ئاژەڵانە دەگوتێ کە هەر لەماڵەوە بەخێو بکرێن بۆ فرۆشتن و سەربڕین، بەتایبەتی زۆرتر بۆ مەڕو بزن بەکاردێت.
داخوا: ئاخۆ: دەبێ، دەڵێ داخوا پێت دەکرێ؟
دارجۆخین: دارێکی گەورەبوو لەناو قرشەی دەچەقێندرا، پەتێکی تێدەخست سەرەکەی تری بەسەری ئاژەڵی پێش جەنجەرەوەبوو.
داردوولق: دارلاستیک ، ئامرازێک بوو لە دارێکی دوولق دروست دەکرا لاستیقی نەرمی پێوەدەخرا بەردی بچووکی پێ دەهاوێژرێ بۆ کوشتنی باڵندە.
داردۆخین: دارێکی باریک یان لوولەیی ١٠ سم درێژتر دە بوو ، سەرێکی وەک قەڵەم کەمێک تیژکرابوو سەرەکەی دیکەی کونکرابوو داوێکی لێ بەسترابوو ، دۆخینییان پێ لە ناو شەرواڵی دەنا.
دارڕسا: خوێن لەلووت هاتن (کەپووم دارڕسا)
دارڕسان: خۆ تووڕەکردن بەقسە ، شەڕەقسە
دارکەر: کەسێک داران ببڕیتەوە و بیهێنتەوە ماڵ بۆ سووتان
دارەبازە: دارەمەیت ، ئەو مردووی پێ دەبەنە سەرقەبران
داکردن: هەڵگرتن ، لەعەمبارکردن
داکەسێ: داسەکنێ : دانیشە ، بەکەسێک دەڵێن کەجولە و بێعاری بکات
داکەلان: لیکبوونەوە ، لیک دوورکەوتنەوە
داکۆنی: کوڕ کەزۆر متووی دایکی بێ
دامان : داڵغە لێدان ، بیرکردنەوە و ئەندێشەبوون.

دامەن: داوێن

دان: تۆو

دان: کات ، دانی ئێوارێ دانی سبیانێ

دانکە: نەخۆشی خوریکە لە پەلەوەر

داوەراندنەوە: دەست بەسەرداهێنان ، هێورکردنەوە

داوودەلینگ: قاچ وقول

دایبەستا: دەستی پێکرد ، دایبەستا بارانێ، دایبەستا درۆیان.

دایەوەکەندێ : واتە دۆڕاندی ، زیانی لێ کەوت .

دبوسی : جوێنە بەئافرەت وەک بیناموس دێ

درِ : ئـازا بـۆ منـداڵ و ئاژەڵـی وەک سـەگ دەگوتـرێ ، سـەیەکی درِە ، مندارەکـی درِە لەچـاوی مـاری ناگەڕێتـەوە.

درِ: زبر ، پێچەوانەی لووس

درِدۆنگ : بەتووڕەیی تەماشاکردن ، کەسێکی مۆن، ناکۆمەڵایەتی .

درشت : گەورە

درە کوتە : دڵە کوتە ، لێدانی دڵ بەخێرایی

درەکزە : دڵ تێکەڵهاتن ، نەخۆشی ترشەڵۆکی گەدە

درێشە: ئامرازێک بوو بۆ کونکردنی لاستیق و لباد و پەڕۆی ئەستوور بەکار دەهات، سەرێکی تیژ بوو وەک سوژن ، سەرەکەی دیکەی دەسکێکی داری پێوەبوو.

دژ: دژە واتە کەسێکە پێی خۆش نییە

دژوون: چڵکن ، کەسێک زۆر لەمێژ بی خۆی نەشووشتبی

دش: خوشکی مێرد بۆ خێزانی کابرا دەبێتە دش

دکر: رۆڵگێڕانی گرنگ ، دکری کرد ، واتە زۆر کاری کردەسەر

دگدگـە : یـەک تـۆزی مابـوو . لەسـەر دگدگـەی بـوو زەلامەکـی بکـوژم : قیچەکـی مابـوو زەلامەکـی بکـوژم.

دمبک : دەمبک : تەپڵ

دمڕووت: دەمڕووت: هەرزەکار ، گەنجی موو لێ نەهاتوو

دمۆر: بێ بەخت ، کەسێک لەبێبەختی خۆی زیان بەخەڵک بگەیەنێ.

دنیادیتە: گەڕیدەیە ، شارەزایە

دەبدەبە : میزڵدان

دەرەقەت : توانا ، دەڵین کابرا دەرەقەتی ماڵی ئاغە نایەت .

دەروجیران: دەرودراوسێ

دەرۆزە : سواڵ

دەرەز : درز ، شەقی برد ، تلیز

دەزبار (دەستبار): هاوکاریکردن وەک دەڵێن دەستباری لەگەر بگرە

دەستبەردار: وازلێهێنان

دەستشۆر : پارچە لەگەنێکی تەنەکەی گەورەبوو وەک کڵاوی بەشەبقەبوو ناوەکەی قوڵ بوو ، لەدوای نانخواردن میوان دەستیان لەناو دەشووشت .

دەستکێش: پەنجەوانە

دەستاو: دەستەوا: تامی چێشتی کابان، ئافرەت هەیە خواردن و چێشت لێ دەنێ دەستوای خۆشترە لە ئافرەتی تر.

دەستەوانە: ڕستە مۆریەک بوو ئافرەتان لە پاش بازن لەدەست کردن،لەزەندییان دەکرد.

دەستەوایی: بەهانای یەکەوە هاتن ، هامووشۆکردن لە بۆنەکان.(شین و شایی،دەستەوایی)

دەستوەکەری: بەو کەسە و کاتە دەگوترێ کەکەسێک لەشەڕدا زوو دەست بکاتەوە.

دەسک : چەپک ، دەسکەتوورەکم کڕی

دەسەنگرایەوە: هەڵوەستەی کرد ،

دەغەر : منداڵێک کەورگی گەورەبێ و نەتوانێ باش بڕوات ، جولەی کەم بێت

دەغەر: بەئاژەڵی لاواز و نەخۆش دەگوترێ.

دەففەی سینگ : بەسینگی کەسێک دەگوترێ کەپان و قەڵەو بێ

دەق: ڕێک، دەڵێن دەق هەوە ، واتە ڕێک وایە و هەوە

دەلاقە: پەنجەرەی بچووک لەبڵندایی خانووی ماڵ

دەلحاز : یەکسەر

دەلوو: شێت ، شێتەکی بێ کێشە و بێ وەی

دەلینگ: بەشی خوارەوەی شەرواڵی پیاوان و دەرپێی ژنان

دەم: کات، وەخت (دەم و جەمی نییە) ، کەمەک (دەمەک وەرە ئێرە)

دەم دەمیە : کەسێکە دەمنادەمییە واتە مەزاجی زوو زوو دەگۆڕێ

دەمامک : داپۆشینی دەم و چاو

دەمەکانیدی : دەمەکانیتکە : کەمێک پێش ئێستا .

دەمێدی : کەمێک پێش ئێستا

دەندە: ئێسکی پەراسوو

دەندەرۆک : ئێسقانی سینگ و پەراسوو کە گۆشتی کەمی پێوەیە و دیارە .

دەوا: با ، سکی دەوای کردییە ، واتە سکی پف هەرمایە و بای کردیە

دەوار : هێستر

دەوجەوەرە : ئەتۆ بزانە بۆ سەرسوڕمانە

دەورکردنەوە:پێوانەکردنی گەنم و جۆ بەهۆێ روبە .

دەولاسکە : لاسایی ، لەچاوکردنەوەی بەقسە

دەوەدەو : شەڕو گارە گاری بەدەم و بەقسە

دوڕ: لەناو: ناوەند ،لەدوڕقوڕێت نیم

دوکەدوک: قسە پێک گۆتنی نێوان دووژن یان دووکەس بەناخۆشی .

دونێ: دوێنێ

دوودەو: قازمە

دووشک :نەبوونی قسە لەنێوان دوو منداڵان، لەکاتی عادزبوون، منداڵان بەکاریان دەهێنا

دووگورد : بەرماڵ یان پەشتەماڵی نوێژێ

دۆ : ئەو ژنەی لەشایی دەچێتە دەست پیاوی

دۆخین : بەنەخوێن

دۆدان: ئـەو پارچـە کوندەیەیـەی دۆی تـێ دەکـەن ، یـان ئـەو جۆرکـە خامەیـەی دۆی تێدەکـرا.

دۆراب : ئاودەرهێنان لەبیرێ بە دەولک

دۆرەنگێو : دەهۆڵ لێدەر

دۆڵچە : فراوان ، بۆ زیی ئافرەتان بەکاردێ ، دەڵێن قوز دۆڵچە
دێرچاک : جوێنە ، بەو کەسانە دەگوترێ کەدایکییان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە ناوبانگییان خراپە . دێر واتە دێڵە
دێرەبەبا: دێڵەسەگ کاتێ دەچتە سووڕی حەز لەسێکسکردن،
دێزە : ڕەنگێکی ڕەساسی کاڵ.
دێزە: گوێ درێژێ حەزی لەکارکردن نەبێ و کورتان فڕی بدات و لووشکە بهاوێ ، کەری بەزەڕ ، واتە ئەو کەرەی لەدژی خاوەنەکەی زیان بەخۆی بگە یە نێ
دیواربڕ: ئاسنێکی دەمپانی نووک تیژ بوو لەکاتی دزیکردن دیوارییان پێ دەبڕی.
دیواری لانکانی : خشت و کەرپووچ دانان بۆ دیوار کردن بە شێوەی درێژی
دیواری مەشکانی: خشت و کەرپووچ دانان بۆ دیوار کردن بەشێوەی ئاسۆیی و پانی
دێوەرە : فرۆشیاری گەڕۆک ، بەئەسپ و بارگیر لەگوندەکان دەگەڕان پێداویستی بچووکی ئافرەت و کچی جاحێڵ و خواردنی منداڵانییان دەهێنا ، وەک نەینۆک و خەناوکە و کل و کلدان و خەنە و و کێک و لوقم .. زۆربەیان کوردی شەبەک بوون.
دەراو: شوێنەک ئاوی لێ بێتەدەرێ ، کانی
دەربێن: بەو بەنە دەگوترا کە زارکی هەمبانە و کوندە و مەشکەی پێ دەبەسترا.
دەرک بەست: بەو بەن و داوەی دەگوترێت کە دەرکی جۆرک یان گووشی پێ دەبەسترێت.
دەرکەکوتە:ئەو ئاسنەی بەدەرگای دار توند دەبەسترا بۆ لێدانی دەرگا،لەجیاتی زەنگ
دەرەبوار: سەرەتای بەهارێ
دەفن : لەپێش چاوم مەمێنە، لە دفن ی عەرەبییەوە وەرگیراوە
دەلووبیبەر: بیبەری توون
دەلووجە: بیبەری تیژ (توون)
دەو : دەم

## ڕ

ڕاتبە : کۆکردنەوەی خواردن لەلایەن فەقێی مزگەوت لەگوندەکان لەماڵان .

ڕاتەورە : کۆمەڵە وڵاغێک بەیەک گوریس ببەسترێنەوە.

ڕاجفری : ڕاچلەکی، ڕاپەڕی ،لەرزین ، راپەڕین لەخەوێ

ڕاستۆکی : ئیشی بەڕاستی

ڕاشکا : کات، بەسەرچوو ، شەو ڕاشکا

ڕاکشان : پێ درێژکردن بۆ خەوتن

ڕامووسان: ماچکردن

ڕانکێ ڕوومەتی:ناوەندی ڕوومەتێ ، تەنکایی ڕوومەت

ڕاوکە : دانانەوەی هێلکە لەبن مریشک بۆ ئەوەی هێلکەی تربکات.

ڕاوگە: جێی ڕاوێ

ڕاییَ: ئیقناع بوون ، پێم نەهاتە ڕاییَ

ڕدێن : ڕیش

رژد : سووربوون

ڕست: ڕستی تانجی : کشتەکێکی بەنی ٢ تا ٣ مەتر درێژ دەبێت لەڕاودا بەکاردێت سەرەکی لەملی تانجی دەبەسترێت و سەرەکەی دیکەی لەدەستی ڕاوچی دەبێت.

ڕستە: تەناف

رسکا : گەورەبوو، گەشەیکردووە : دەغرەکە باش ڕسکایە واتە گەورەبووە .

ڕەشگوڵ : جۆرە گەنمێکی درشتە برژانگی ڕەشە جگە لەبۆ ئارد بۆساوار و گەنمە کوتاویش دەبێ

ڕشکن : بەکەسێک دەگوترێ سەری پڕ ڕشک بێ ، یان پیس و چەپەڵ بێ

ڕفۆک : زەوییەک خۆڵەکەی نەرم بێ

ڕک : ڕق ، قین

ڕک : هەورازی سەخت

ڕکەبەڕکایەتی : ململانێ

ڕکێب : جڵەوی ئەسپ و ماین لەکاتی سواری سەرپشت بوون .

ڕووگە: قیبلە

ڕمبازی : ڕم هاوێژ یاری ڕم ڕمانێ
ڕنە: ئاودڕ ، شوێنەک ئاوی لێ بێتە دەرێ
ڕنۆک : چڕنووکی پشیلە و سەگ ، نینۆکی تیژی سەگ و پشیلە .
ڕەباس : خاکاوکردن ، تێکردنی ئاو لەناو دێراو کێڵگە پێش چاندنی تۆو و نەمام
ڕەبەق : تەواو ، دەساڵی ڕەبەق برایەکەم نەدیتییە .
ڕەپێش: داخستن
ڕەپێش: بەپێش کەوتن. خۆی رەپێش دا
ڕەتکردنەوە:بەرپەرچدانەوە ، قبوڵ نەکردن ، ئازاد دەعوەتی نانخواردنی ڕەتکردەوە.
ڕەچەرەک : ڕەچەڵەک : بنەچە (اصل)
ڕەمەکی : هەڕەمەکی : بێ ڕێکخستن ، عیشوائی
ڕەندە: ڕەندەی جۆخینێ :ڕۆخی دەرەوەی قرشەی جۆخینی نەکوتراو،بارستایی هووردەو کا واتە کا +دان
ڕەنگبێ(ڕەنگە) : لەوانەیە ، بۆی هەیە
ڕەوانی کە : بینێرە
رەوڕەوە : عارەبانەک بوو وەک دارێکی سێ لابوو دەسکی هەبوو لەکاتێ مندااڵ بەسەرپێیان دەکەت لۆیان دەکرێ تا پێ بڕوات و فێرە ڕۆیشتن بێ .
ڕەوە : کۆمەڵ : (رەوە مامزەک ئەوادێن)
ڕەوهان : خۆش ڕەوی ئەسپ و وڵاخ
ڕەویەوە : گەڕاوە
روح پەر : روح سووک
ڕووەت: چاوڕوو ، دەڵێن لەبەر ڕووەتی دنیایێ ئەو ئیشەم قبوڵم کرد
ڕۆژەڕێ : پێوانەی ڕۆیشتن بەپێ لەماوەی رۆژێک
ڕێچکە : ڕێی باریک : بەس بۆ ئەوەش بەکاردێ کەلەسەرهەمان ڕێگا بڕۆی لەڕووی بیروباوەڕەوە.
ڕیخەرۆک: ڕیخۆڵە
ڕێژە و پێژە : ئەو ئاوەی کە بەکاردێت بۆ دەست شووشتن و کاروباری تری

ماڵ ، بەڵام نایخۆنەوە.
ڕێسمە: ئەو دارە زیادەی لەدەرگای حەوشێ لای خوارەوەی دەخرا ناو بنەجەلعەکی هەتا دەرگاکە پتەوبێ و نەکرێتەوە بەئاسانی
ڕێسەی مل : پشت مل
ڕێشمە: جڵەوی ئەسپ، ئەو گوریسەی لەملی وڵاغ دەکرێ بەتایبەت بۆ ئەسپ و مایین بەکاردێ.
ڕیقلاو : پیاوی لەڕ و لاواز
ڕێوبار : ڕێبوار
ڕەتبردن: ساتمەکردن
رەتبوون: بەپێش دارۆیشتن
ڕەژوو: خەڵووز

## ز

زاخ : مادەیەکی سپی تفتە بۆ ڕەنگکردنی بەن و خووری مەڕێ بەکاردێ
زاخ: غیرەت
زار: دەم
زارجوو: ئەندازەیەک لە بنێشت بۆ جووین.
زارشڕ: بەکەسێک دەگوترێ قسەی نهینی لەدەم نەوەستێ
زارک: دەرک ، لە زارکی گەلی گورگەکم دیت.
زارمەشک: کشتەکێکی بەنییە دەوی مەشکەی پێ دەبەسترێت.
زاروتفەلک: گفت و گۆ ، قسەکردن ، زاروتفەلکی زۆر خۆشە ، واتە موجاملە.
زبارە: بەکۆمەل ئیشکردن لە درویێنە
زڕ : منداڵ کەخوشک و برابن لەگەڵ یەک بەڵام یان دایکیان جودابێ ، یان باب
زڕ: نەزۆک ، بۆ داری بەرهەمنەهێنەر بەکاردێت ، ئەو دارە زڕ تووە.
زرپ : دەنگێگی گەورە و گران وەک تۆپ تەقاندن
زرپە :قەبە ، گەورە
زرپۆ : کەسی تەنگەستوور و تێک چەقی .

زڕداک : باوەژن

زڕەدار : داری بەرنەگرتوو، دارێک بەر نەگرێت.

زرووکە : قیژاندن

زریکە لێیدا : جوێنەکە یان دوعایەکە ، بەمندالْ دەگوترێ

زگاو: کاتێ کەسێک زۆر ئاودەخواتەوە زگی پڕ ئاودەبی

زگورتی : کەسێک بەتەنیا بژی ، کابانی نەبێ خواردنی بۆ ئامادەبکات .

زندی : زیندوو

زەبەند : مشەیە ، زۆروزەبەندە، زۆرو زەوەندە

زەردەلوو : قەیسی

زەرگەتە : لەزەردەواڵە بچوکترە

زەرەند : گوژالک

زەفت : زەفتکردن ، دەست بەسەرداگرتن

زەفەر : پەی پێبردن ، پێی وەستا

زەند : مەچەک نێوان دەست و قۆڵ ، زەندێ بەبازن .

زەندەق : زراو : ترسان

زەنگەزۆرە : زەردەواڵە

زەنەک: زۆنگاو

زوخم: سارد ، زوخمی کێشایە ، واتە برینەکە ساردی کێشایە

زوورگ : بەرزایی ، بان ، گرد

زۆر و زەوەند : گەلەک زۆر

زۆرانێ: زۆرانبازی

زۆربرێ: زۆر قسەکردن

زۆرڕەو: زۆر قسەکردن

زۆڕەزۆڕ : دەنگی گوێدرێژ

زیخمار: ئەوکەندەی زیخی زۆر لێ کۆدەبێتەوە بەهۆی ئاوی باران

زیقاندی : هاواری کرد

زیوان : تاڵەکە : (مرور)گژوگیایەکی زیانبەخشە لەناو گەنم شین دەبێ

تۆوەکــەی درێژوباریکــە لەگــەڵ گەنــم تێکــەڵ دەبــێ نــان بێهیــز و تــاڵ دەکات.
زەواق: لەزەواقی نامە : هەراسانی کردووم ، بێ تاقەتی کردووم .

## س

ساپیتە: بنمیچی خانوو ، سواندەی خانوو
ســاتمە:پێلێنان لەبەردێــک یــان هەرشــتێک ببێتــە هــۆی ئــەوەی رێڕۆیشــتنت نائاســایی بــی.
ساچمە: تاپڕ
سازندە: زۆربڵێ
ساقەسـۆرە : زەڕنەقوتە،بێچـووی باڵنـدەی وەک چۆلەکـە کەتـازە لەهێلکەهاتبێتـە دەر،تووکـی خـۆی لـێ نەهاتبـێ
ساقۆ : پاڵتۆ
ساکەگۆڕ: شوێنەکی ڕاستایی
سالدرمە: پاڵی پێوەنام ئەمنی دا بەر سالدرمان ، ئەمنی دا بەر پارەسووان.
سانا: ئاسان
سایل: چەشن: تەبای عالەمێ
ســایەقە ؛ ئاســمانی ســاف ، بــێ هەوروهێڵ،لەشــەوی زســتان ئەســتێرە لــەدەرەوە دیاربــێ و ســووی هــەوا ساردبی.
سپی پات : رەنگێک کاڵببێتەوە بۆ لای رەنگی سپی .
سپێر : سەنگەر
ســتارە : چــوار پێنــج ریــز دیــوار لەســەر خانــوو دەکـرا وەک پەرژیـن بـۆ ئـەو خانووانــەی کەهاوینــان لەســەری دەنووســتن.
ستێڕک : ئەستێڕک : هەرزاڵێکە لەناو ماڵ دادەندرا بۆ نوین لەسەر دانان
ســراو :سەرئاو،پێشــتر کــە ژن دەچوونــە ســەربیران بۆهێنانــی ئــاو ،دەیانگــوت دەچینــە ســراوێ
سرپات : تڵپە، پاشماوەی پەلکی تەماتە و تۆی چایە
سرک: چاپووک ، مامزەکی سرکە

سل : پاشەڕۆی وڵاغی بەرزە وەک ئێستر و ئەسپ
سلک: ئەو قوماشەی لەسەر شانی داخزی (چارۆگی سلکە لەسەر شانی دەخزی)
سم : ئێسقانەکی رەش و ڕەققە بەژێر ئاژەڵی چوارپێ وەیە
سم: کون . کەپووم سمی ، لووتم کونکرد بۆ خەزێم ، مێرووی قەدسمە ، ئەو مێرووەی قەدی ڕووەک کون دەکات.
سمتراش : ئامێری بڕینی سمی ئاژەڵ
سمێرەخنچکە : بزەی لێو
سن : مێرووەکی زیانبەخشە ، زیان بەگەنم دەگەیەنێ
سندان : نەخۆشییەکە لەشفتی و تەرۆزی و گندۆرەی وەدەدا ، توێکڵییان وەک بزمار ڕەق دەکات.
سندانکوشتی : جوێنە
سنگ : شیشی نووک تیژ بۆ کوتان لەدیوار یان خاک بەکار بهێنرێ
سەنگرایەوە : سڵەمییەوە
سەبیلۆکە: منداڵی ساوا
سەدە: هێڵی ڕاست بۆ جووتکردن
سەرا :شوێن و مەڵبەندی دەزگای سەرۆکی شار ،موتەسەریف ، پارێزگا
سەراسۆ : قولینچکی سەربان ، بەسم لێبگرە سەراسۆی بانی
سەراو: سەرئاو : چوونە ئاودەست
سەراوگێڕ : سەرەوخوار سەرەوشۆڕ
سەربردە : بەسەرهات
سەربەهەش : سەربەقوڕ بەکەسێ دەگوترا تازییەکی زۆر خەمناکی هەبوایە یان کێشەکی گەورەی تووش بووایە.
سەرپەڕ: خانووێک یان کەسێک بکەویتە سەرەتای گۆشەی کۆڵان ، یان دانیشتن ، لەقولینچک، پەڕگە ، لایەکی چۆل بێ .
سەرپەران : سەرپەلان : سەرەتای بارینی بارانی پەڵە .
سەرپێی : کارێک زۆر قورس نەبێ ، دەڵێ ئیشی سەرپێی دەکەم

سەرتۆپ : بێ هاوتا لەجوانی
سەگ تۆپ: کوشتن ، مەبەست لێی کوشتنی کەسێک بەشێوەی کوشتنی سەگ.
سەرتیلە : لەخانووی جزیری ئەو دوو دیوارەی بەرانبەر یەک بەرزدەبنەوە و کاریتەیان دەخستە سەری.
سەرجەلە : درەختی خێزانی ، ناوی منداڵ و خزم و کەسەکانی کەلەخوێن لەیەک نزیکن .
سەرچیغ : بەهەڵەچوون ، تێگەیشتنی بابەتێک بەسادەیی ، سەرچیغ چووی ، واتە زۆر قوڵ نەبوویەوە لەبابەتەکە بە هەڵەچووی .
سەردولکە : حەیران و مەقام گووتن بۆ مردووان
سەرسەدە: کۆتای هێڵی جووتکردنە کە جووتیار لێی دەگەڕاوە.
سەرسواندە : شوێنی سەرەوەی سواندە
سەرسوچ :خانووێک لە روکن بێ
سەرشۆرک : گەرماو ، شوێنی خۆشووشتن (حمام)
سەرقەتار: ئەوباڵندەی لەکاتی بەکۆمەڵ فڕین لەپێشەوەی هەمووان دەفڕێت.
سەرکەبزۆت : دارێکی دەستی نیوەی سووتاو بێ و سەری بەئاگربێ.
سەرکەوبنکە : منداڵی ورد
سەرکوزر : پوش و پەڵاش کەلەگەنم دا خاوێنکرابێ
سەرکۆت : سەربێژینگ
سەرکۆت :ئەوکەسەی جەمەدانی وچەفیەی لەسەربی،پێشتر بەئەفەندیی و فەرمانبەرانییان دەگوت سەرکۆت.
سەرکۆنە : سەرزەنشت
سەرگین : ریخی وشککراوە : تەپاڵە
سەرگیندان: خانووێکی ناو حەوشە سەرگین و پاشەڕۆی ئاژەڵی تێبکرێ.
سەرەدەری : لێ حاڵی بوون ، سەری لێ دەردەدەچێ ، وەک دەڵێن سەرەدەری لێ دەردەکات.
سەرەدیقانێ: سەرەتاتکێ
سەرەڕۆ: کەسێک گوێ لەکەس نەگرێ و بێ بیرکردنەوە و پرسکردن هەڵس

و کەوتــی ســەیر بـکات.

سەرەژن : بەئافرەتی ئاقل و لەخۆگەڕاوە لە تەمەن دەگوترا .

سەرەمر : مریشکی بەتەمەن کەچەندجار جووجکەی هەڵهێنابێ

سەرەناز : مافووری گەورە

سەروسەکوت : سەروگوێلاک ،سەر وبچم سەرو دەم وچاوی و روخساری.

سەروگێلاک : سەروچاو ، سەروسەکوت

ســەرینگان: شــوێنی ســەرپێکردن لەکاتــی خــەو، واتــە لەشــوێنی نووســتن لای ســە رینە کە.

ســەکۆ : شــوێنێکی بــەرز لەنــاو حەوشــە کەتیایــدا خێــزان دادەنیشــتن بــۆ حەســانەوە و بــۆ نانخواردنیــش

سەڵت: سینگڵ ، بە نێر و مێ دەگوترێ کە خێزاندار نەبن

سەڵتە : جۆرە چاکەتێکی ئافرەتان بوو بەساڵاچووەکان لەبەرییان دەکرد

سەلەم : پارە قەردکردن بەسەر دەغل و خوری و کاوڕەنێر

سەنگۆ: ئەو گۆلکەی لەشیری دایکی دایدەبڕن لەتەمەنی ١-٢ ساڵی

سەودا : مامەڵە

سەیوان : چەتر

سواق : سواقدان : قوڕی گیراوە کە لەدیوار هەڵدەماڵی (دایدەپۆشی)

ســواندە : ئــەو زیادەیــەی کەلەســەر خانــووەکان دروســتدەکرا نزیکــەی ٣٠ ســم دەبــوو بــۆ ئــەوەی ئاوهــی بــاران بەلێــواری خانــووەکان دا شــۆڕنەبێتەوە

سواندوکە : چۆلەکەی ناومالان ، بچوکترە لە چۆلەکەی دەشت.

ســواو: بەکەســێک دەگوتــرێ گــوێ نەداتــە عەیبــە ، دەڵێــن فــلان لــێ ســواوەتەوە گێــێ لێنیــە.

سوخرە: بێگاری: کاری بەزۆر پێکردن

ســوخمە : جلێکــی ئافرەتانــە بــوو لەســەر ســینە لەبەریــان دەکــرد و زۆری بــێ قــۆڵ بــوو

سوخەت : ئاکار ، سیفەت ، ڕەوشت

سوڕ: بەدڵنیاییەوە ، سوڕ دەمزانی ، بەدڵنیاییەوە دەمزانی

سورتک : هاروهاج و بێ چاو و ڕوو

سورگوم : کەسێکی بزێو و نارەحەت لەهەڵسوکەوتکردن. بەکەسێکیش دەگوترێ کەبزری بکەن

سوڕناتک : ڕووەکێکی گەڵاوردی پڕە بەهار پەیادەبێ .

سوکەرە : سوکەڵە : بەمندالی پارچەڵە دەگوترێ لەشی سووک بێ بۆ کارکردن

سرک: وشت بەئاگا بۆ ئاژەڵی کێوی دەگوترێ

سرە : نۆرە

سوند : سوێند

سونع: هاوکووف ، هاوقەران ، هاوزێ، (یارەکم گرتییە لە سونعی خۆمە)

سوو : خەم و خەفەت ، داخ خواردن ، سووم لێبۆوە زەرەرت کرد.

سوو: تەزی، سووی هەوا ساردە

سووچ: خەتا، گوناە

سووچ: قولینچک ، گۆشە

سووڕ : فەڕە ، (سووڕەک سووڕامەوە).

سووق: سوێ بوونەوە

سووگە : سوولاوکە

سووگە : گردێکی نەوی بەرزی کەم بێ ،

سوولاوکە : پلووسک : بەو تەنەکە لوولەییە دەگوترا کەلەنزمترین ئاستی لێواری سە رووی دەرەوەی سەربان دەبەسترێ ، تا ئاوەڕۆی بارانی سەربانی لێ بێتە خوارەوە

سۆ : ژان ، بەسۆیە ، بەژانە، بەخەفەتە

سۆتکە : جۆرە ڕووەکێکە لەهاوینان لەشوینی شێداری قومەلان و باخچە شین دەبێ ، گرووی هەیە بۆ نەخۆشی بەکاردێ

سۆتکە : سۆتکەی جغارەی : خۆڵەمێشی جگەرە

سێبەرۆکە : کەپری سەپانان لەکاتی دروێنە لەناو پەرێزێ دەکەن و بۆ حەسانەوە و خواردن.

سۆدره : پەندی زەمانە ، بوومە سۆدرە ، واتە بوومە پەندی زەمانە ، مایەی فیتنە
سۆریکە : سووریژە
سۆلە : نەعلە
سۆنە : جۆرە باڵندەیەکە لەشێوەی مراوییە
سێ بەگایی: جۆرە ژن بەژنیەکە سێ ماڵ کچییان دەدا بەیەک هەریەکە و دەیدا یەکیک و لەوەکەی تری دەخواست .
سێ لک : شەنەی سێ لکی پێوەبێ : هەرچی شەنەیە پێنج لکی پێوەبووە .
سێبەندی : فرت وفێڵ چی و سەختەچی
سیپەلاک: سیی
سیرمە : بەچەرمی باریک دەگوترێ ، دەششوبهێنرێ بە مرۆڤی لاواز و سیس
سێرە: سێرەی تفەنگی : تەماشاکردنی نیشانە بەچاوێک لەکاتی تفەنگ هاوێشتن
سیرهەنجن: کوتین شت ، وردوخاشکردن
سیکارد : چەقۆی گەورە
سیلە: قولینچک
سیوسیوە : سیوسیوەی دەرکە : ئەو چاڵەی کە ڕێسکەی داری دەرگای دەچێتە ناوی ، کاتی خۆی ئەو چاڵەیان لەبنەجەلعە دروست دەکرد.
سەردەرە: چیوەی سەردەرکەی
سەروەشکێن: سووکایەتی و بەخراپ قسە پێگۆتنی کەسێک لەلایەن باب یان برای خۆی یان خزمێکی لەپێش چاوی خەڵکی دیکە.

**ش:**

شاپ: شەق
شاپەڕ : شاباڵ
شاتکەشێت : بە ژن و کچی کەم ئەقل و رەفتار شێتانە دەگوترا. (شێت و وێت)
شاخ: قۆچ
شارا: لەسەر یەکدی دانانی چەند مەلۆیەک ،

شارۆ : دووبارە پێداچوونەوە لەکێلان و دروێنە .
شارۆخ : جۆرە تەرۆزییەکە قەبارەی گەورە و درێژترە
شاقۆر: تونێلی کارێز
شاگەشکە : شادبوون ، کەیفخۆش
شپرێو : نارێک وپێک لەجل لەبەرکردن و رێکخستنی کەل و پەلیماڵەوە و...
شتاق : هیچ کام
شتۆ: چۆن کەسێک ، وەکو چۆن بوو ، شتۆ پیاوێکە ، چۆن پیاوێکە
شڕ و وڕ : شپرێو: بەکەسێ دەگوترێ جل و بەرگی خراپی لەبەربێ ، خۆشی زۆر زرنگ و وریا نەبێ.
شڕوشیتار: جلوبەرگی کۆن و خراپ
شفتی : شووتی، زەبەش
شمشێرە : داریکی ٤٠سم دەبوو لەجیاتی قفل و کلیلی ئێستا بوو، لەپشت دەرگاوە لەرووی ناوەوە جێ کلۆمی لێکراوە لەکیسەڵەوە پێ رەت ئەکرێ دەرگای لەرووی ناوەوە پێ دادەخرێ .
شنگ : هێز و توانا
شەبەق : دڕانێکی زۆر لەشەڕواڵ و دەرپێ
شەپڕە : جەڵتە (شلل)
شەپکە : پارچە داری پان و تەنک .
شەتاندن : ئاڵاندن ، گوریسەکەم لە بن زگی کەرەکە شەتاند
شەتەحات : کەسێک ئاقڵانە قسە نەکات .
شەختە : زوقم
شەربە :گلێنەیەکی تەنکی سوورەوەکراوە لەقوڕ دروست دەکرێ بۆ ئاو خواردنەوەدەشێ.
شەرت : شەرتی هەرات ، کاتی تەواو بوو ، سەپان و جۆتیار و شوان شەرتیان دەبەست لەگەڵ خاوەنکار.
شەش پەڕ : جۆرە جۆیەکە گوڵەکەی ٨ ریز دەنکی تێدایە .
شەشاگر: دەمانچە

شەشـەران : شەشـەڵان : بـەرۆژو بوونـی موسـڵمانان لـە دوای مانگـی ڕەمـەزان ، لەمانگـی شـــەعبان.

شەقاو : هەنگاو

شـــەقر: شـــەپکە دارێکـی پـان بـوو ٣٥ سـم دەبـوو ، هەنـدێ نەخـش و نووسـینی تێـدا دەکـرا وەک مـۆر وابـوو ، کاتـی خـۆی ئاغـەکان شـەقرچییان هەبـوو بـەو شـــەقرە مۆریـان لـە دەغـل و دانـی نـاو خەرمـان دەدا تـا هیـچ نەبـردرێ.

شـــەقرە : داری باریـک بـوون لـە لقـی درەخـت لەســـەر کاریتـەی ســـەرخانوو دادەنـدرا بـۆ ســـەرگرتنی خانـوو.

شـــەقەوپەقە: کەســـانێک لـەرووی لەشـو لارەوە کـەم و کورتییـان هەبـێ ، کەســـانی بـێ کەڵـک

شەگەومەگە: کۆمەڵەکەسێکی بێخێر و بەرەکەت

شەللاتی : بەڕەللا ، خوێڕی

شە: شانە

شەپیلک: لەگەڵ شان پێکەوە دەگوترێت ، شان و شەپیلکم دێشی.

شەکرۆکە: نوقڵ

شەلفە: درێژ ، دووکەڵبەی پێشەوەی بەرازی .

شەمووله: کورتەباڵا

شەلم کۆرم : دەست وەشاندن بەبێ دیقەت .

شەمار: شەماڵ،بایەکە لەهاوین لەلای خۆرهەڵات دێت ، فێنکە و خۆشە .

شەوکۆر : شەوکوێر

شەوە: ژنە جنێکی ئەفسانەییە لە ناو کوردا منداڵی تازەبوو دەکوژێ

شـــەوی : ئـاوی شـەوی : ئاوێـک هاوینـان بەشــە و لەکونـدە و دێمکـەی دەکـرا لەکوندەلانـی یـان شـوێنێکی بەربایـی دادەنـدرا تـا سـبەینێ فێنـک و سـارد دەبـوو.

شـــوانکارە : بەخێوکردنـی مەڕومالاتـی کەسـێکی دەوڵەمەنـد لەلایـەن کەسـێکی تـر کەبەمـاڵ و منداڵـەوە بەخێـوی بکـەن .

شوون بزر : نادیار، ونبوون

شوون هەرگر: شوێن هەڵگر : پێ دۆزەرەوە .

شیڕ : جڕت لێدان
شـیرباق : ڕۆنـی کونجی کـە لەنـاو چـرای دەکـرا بـۆ داگیرسـان و ڕووناکـی زیاتـر لەکاتـی کاریـز دروسـتکردن بەکاردەهـات ، چونکـە ڕۆنـی کونجـی بەئۆکسـجینی کەمیـش هـەر توانـای سـووتان و بڵێسـەی هەیـە و ناکوژێتـەوە.
شیربایی : پارە وەرگرتن لەجیاتی کچ بەشوودان
شیش کوت : پڕکردنی گوش(گونیە) زۆر بەپڕی.
شیشـکە : شیشـەکی باریـک و درێـژە ئافرەتـان لیفکـە و گۆریـەی پـێ دروسـت دەکـەن.

## ع :

عارەبەڕێ : کوێرەڕێ و باریکەڕێ
عازەب : کچی قەیرە و بەتەمەن. لەوانەیە لە (أعزب)ی عەرەبی هاتبێ.
عاویە: شوێنەک ئاوگربی ، گەڕ و نەور.
عایچ بووە : هاربووە
عەجمان : دانەکەسان ، دانەنیشتن ، منداڵەکە ناعەجمێ لەولا لۆ ئەولای دەڕوات.
عەشتەبا : هیچ: دەڵێ عەشتەبای خوام نییە ، واتە هیچ شتێکم نییە
عەمباراو : شوێنێک ئاوی زۆر تێدا کۆ ببێتەوە
عەمبارەسۆت : ئەوقوماشەی لەبەر گەرما وسەرما زوو دەدڕێ و خراپ دەبێ
عەیام : ماوەیەکە ، لەوانەیە لە (ایام) یان (عام) ی عەرەبییەوە هاتبێ ، بەمانای ماوەیەکە.
عەییار: فێڵزان ، زیرەک ، دایکی عەیاربوو پێی زانی
عولعولی : بەکەسی گێل و کەم ئەقل دەگوترێ
عێدز : عادز : توورە ، خەمبار
عیفریت : فێڵباز و مەکرباز ، زۆرتر بەژنان دەگوترێ .
عێلم عوسکانێ : بەکچ و ژنی چەنەباز و بەجولە دەگۆترا
عیناد : لامل ، ڕکەگر لە (عناد) ی عەرەبیەوە وەرگیراوە.
عەوەت : هەوەت: هەڵڵاو هۆریای شوار ئەسپان.

## غ:

غــارا: خۆشــکردن ، پیســتە غارانــدن ، پیســتە خۆشــکردن ، هەروەهــا بەلــەش ڕاهاتنیــش دێ ، وەک دەڵێــن لەشــی غارایــە.

غام: گێم ، لەیاریکردن بەکاردێ

غدۆلە : بەمنداڵی جوان و زیرەک دەگوترێ

غــژۆل : خشــین . غــژۆل بوومــەوە ، غلــۆر بوومــەوە ، خــش خشــانێ لەســەر گردێکــی خــۆڵ

غلۆربووەوە : واتە شۆڕبۆوە بۆ خوارێ

غــەر: دیــواری بەبــەرد دروســتکراو بەهیشــکەکەڵەکی کــەوەک حەوشــە لــێ دەکرێــت تــا مەڕومالاّتــی لــێ بحەســێتەوە لەدەشــت.

غــەردارە : جــۆرە ڕووەکێکــە وەک تورۆکــە و خەرتەلەیــە بــەلاّم گەلاّکــەی پانــە و دەخــورێ لــە چیــای قەرەچــوغ هەیــە.

غەرگە : جۆرە سەڵتەیەکە سەپان لەبەرییان دەکرد بۆ کارکردن.

غەزری : توورەبوون ، یاخی بوو ، عێدزبوو ،

غــەزەر : جۆرە ڕووەکێکی سروشــتییە لــە ســێبەر و بنپاڵی بــەردی چیای قەرەچوغ شــین دەبێ، پێشــتر دەکرا بەچــای و دەخوراوە.

غەمرین: رازاندنەوە، رەنگاورەنگی گول و گولزار لەبەهاری

غــورد : کەســێک لەخۆبایــی بــێ و گرنگــی بەخەڵکــی دەوروپشــتی نــەدا و حیســابییان بۆنــەکات.

غەوارە: لاییدە ، بێگانە

## ف:

فاتەڕەشە : سپڵ

فرتکــە : هەلاّتــن و دەرپەڕیــن ، دەیانگــوت فــلاّن منــداڵ فرتکــەی کــرد چــووە دەرێ مــارێ.

فرچــک : خووپیوەگرتــن ، بەتایبــەت بــۆ شــیرخواردنی منــداڵ دەگوتــرێ ، فرچکــی

بەداکـی وەگرتییـە
فڕندە: باڵندە
فڕەک : قومەک ، کەمێک ، فڕەئاوەکم خوارد
فڕوجاو : گۆشتاوی فروج ، گۆشتاوی باڕکە
فزەی نەکرد : دەنگی نەکرد یان فزەی لێوەنەهات .
فس : تس
فسقل : گزگل
فسکەفسک : قسەکردن بەنهێنی لە نێوان دووکەس یان زیاتر .
فسـەزمان : بـەو کەسـانە دەگوتـرێ کـە ناتوانـن هەنـدێ پیـت وەک خـۆی بڵێـن ، بۆنمونـە لەجیاتـی بڵێـن سـەرۆک دەڵێـن ثـەرۆک ....
فسەفس:پسەپس: قسەکردن بەدەنگی نزم و نهێنی .
فنەفن: کەپوو خاوێنکردنەوە بە گوشار خستنەسەری
فەراقە :هەراش، گەورەبوونی منداڵ ، منداڵ لە خەم دەربچێ
فەراقی لێبڕا : مرداربۆوە ، واتە حەیاتی لێبڕا
فەردە : گونییە
فـەڕە : سـوڕانەوە لـەدەوری شـوێنێکی بازنەیـی ، یـان بەکوچـەو کـۆڵان و جـادان ، فەڕەکـم لـەدەوری قەراتــێ دا
فەرەقەتێ : بێچووی قەتێ ، بێچووی کوڕکوڕە
فەریک:گوڵەگەنم و جۆ بەسەوزی کە شیری تی دەکەوێ.
فەلە : مەسیحی ، گاور کەسێک لەسەر ئاینی مەسیحی بی.
فۆتـە: چەفیـەی سـەری ژنـان ، بەمانـای دەعیـەش دێـت ، دەڵێـن فۆتـەی گەورەیـە ، واتـە دەعیـەی گەورەیـە.
فیشەکدان: پاکەتی فیشەکی بڕنۆ
فینگەفینگ : گریانی بەدەنگی نزم ، لەگەڵ گریانەکە ئاوی لەلووتی بێت.
فەرشە: پنە.

## ق:

قابیله : ئەی چۆن

قات: دەستێک : قاتەک رەزیل کرام

قاتر: (هێستر)ئێستر

قاتی بووە: کەم ماوە ، گرانبووە، لە قحط ی عەرەبیەوە هاتووە . وەک دەڵێن بازاڕ قات و قڕییە.

قاتی: وشەکی سەرسوڕمانە ، قاتی پارەی من ناخوات!

قارچان: قارچاندنەوە، لێم مەقارچێنەوە. لێم مەبڕە، زیاتر لەکاتی مامەڵە بۆ پارە دێت ، دەڵێ هەندێکم لێ قارچاندەوە ، واتە هەندێک پارەم لێ بڕی.

قاڕە : دواکەس، لەکاتی یاری کەلایانێ هەڵماتێن ، دواکەس کە یاری بکردایە پێیان دەگوت قاڕە

قاڕەقاڕ: دەنگی کاروبەرخ ، قاڕەی کاروبەرخی دێتە گێم.

قازمە نوشتی : دوعای شێوە سێگۆشەیی

قازی بازاڕ: میرووەکی لەشێوەی قالۆچەیە ، بەلام رەنگاو رەنگە گژوگیا دەخوات .

قازیاغ: بەوەج ، ئازا و بەتوانا

قاژقاژە: جۆرە باڵندەیەکی کیوییە

قاشوانێ: جۆرە یارییەکی گەنجان بوو

قاقایانێ : یارییەکی کچانەیە بە ٥ بەردان دەکرا

قاقۆل : ئەو کۆمەڵە مووەی سەر کەلەلای پێشەوەی سەر سەرتاش بەزیادەکی زۆرەوە دەیهێڵتەوە .

قالۆر:بەنێرکە گیای وشکبووی دڕکاوی وەک قەلۆغان و کەبەر و شەکرۆکە دەگوترێت

قالب : تەواوی لەش (قالبم دێشێ)

قامک :پەنجەکانی دەست کەبۆیەکی بهێنییەوە و وەک لوولەیی بی، پڕبەقامکی دەستم سوارەم پێیە

قان:پارچە: پێوانەیە بۆ کەمێک ڕووبەری زەوی، قانە عەردەکم نییە،

قاندڕ : مەرەق لێدان

قاندرمە : قاڵدرمە : پەیژە
قانـگ : ئاگرکردنەوەیـەک دووکەڵـی زۆربـێ ، کاتـی خـۆی کونـە ڕیـوی پڕدەکـرا لەپـووش و داڵاش ئاگرییـان تـێ بـەردەدا تـا دووکەڵـی زۆربـێ و ڕێوییەکـە لەبـەر هەناسـەتەنگی بێتـە دەرەوە لەکونـێ و بیگـرن. کونێـک دووکەڵـی زۆر لـێ بـێ دەڵێـن قانگـدراوە
قاوقاوانێ : جۆرە یاریەکی گەنجان بوو
قدیلانە : ختووکە
قدیلکە : ختووکە
قڕان : جۆرە پارەیەک بوو
قـڕان : لەناوبردنـی کۆمەڵـە خەڵکێـک ، بنەماڵـەی فـلان قڕانـی کەتـە نـاوێ کەسـیان رزگارنەبـوون .
قرپ: قرقێنە
قرت و فرت : دڵەڕاوکێ
قرساندن : نرخاندن
قرچـغ : قلچـغ : قرچـک :ئـەو داوە تیـژو دەرزیلەییـە بـە گوڵـە گەنـم و جـۆی وەیـە ، برژانگـی گەنـم و جـۆ
قرچۆک:قرقرچۆک: ڕەزیل
قرس : پێ ناخۆش بوون ، پێ تێکچوون ، فلان بەقسەکەم قڕس بوو
قڕش قڕش: بۆ بانگکردنی گوێ درێژ و رەشەوڵاخ دەگوترێ
قرشە : کلۆش
قرقرتۆک : قوڕقوراگە : سورێنچک
قرغ : هیچ نەمانی سەرمایە لەئەنجامی کارەساتێک یان مامەڵەیەک ، واتە سفربوو
قرنە : جۆرە بوونەوەرێکی بچووکە لەسەرپێستی چێڵ دەژی خوێنی دەمژێ.
قڕوقەپۆز:لچ و لووت ، پێشەوەی ڕوخسار
قڕێژ: چڵکن
قژقژا: تێک قژقژا: ئاڵۆز بوو ، چوونەتە ناویەک
قسەیتی : ڕاستەکات

قشپلدان : ئەو خانووە بچکۆلانەیەی لەپێش خانوو قشپلییان تێدا هەڵدەگرت.

قشت: جوان و قنج

قل : دەنک ، تاک

قنج : قشت وجوان و ڕێک و پێک

قەپۆز: کەپوو و لچی کەر و ئەسپ

قەپێلک : بەرگ : کیفک ، توێکڵ ، قەپێلکی تۆو

قەتقەتۆکێ: هەرگیزاو هەرگیز

قەد : قەدی شکا واتە لۆچی لێ پەیدابوو

قەدبڕ : لەبنڕا لەناوەندێ : دەڵێن قەدبڕشکا

قەدە نوێین : دەستە نوینەک (وەک بەرماڵ و دۆشەک و بەتانی)

قەڕاسە : ئەو زنجیرە ئەلقە ئەلقەییانەی لەملی گوێ درێژ دەکرا بۆ ڕاکێشان و بەستانەوە

قەرپ : قەڵپ : کەسی نارەحەت

قەرەپەستانێ : قەرەباڵغ .

قەرەلایلا:دەنگەدەنگی زۆر لەناو ئاپۆرەی خەڵک

قەرێتە: پارچە قایش یان قوماشێکی پتەو بوو دەنەخشێنرا و هەر ٣ پەنجەک پان دەبوو ، لەملی تاژ یان نێری و تەگە و بەرانی وەدەکرا .

قەسپۆک : جۆرە خاکێکی ڕەقی هەڵوەشاوەیە ، خاکێکی لیچ و گڵمت گڵمتە

قەسری : سەرمابوون ، تەزین ، ساردبوون ، لەسەرمان قەسریم.

قەسەر : قەسەڵ : سروت ، کڵووش

قەف : دەسک ، چەپک ، قەفی سمێڵی

قەلەزراو: ترسنۆک

قەلەندەر: هەژار و داماو و بێ کەس

قەلۆش: هیچ لەلانەما، لەکاتی قومارکردن کەسیک هەموو پارەی بدۆڕێنێ.

قەمپار: قەمپاڵ : گازگرتن

قەمتەرە : دەرگای گەورە حەسار یان دەرگای هەیوان لەداری ئەستوور دروست دەکرا و بڕێکی زۆری بزماری گەورەی تێکوتراوبوو.

قەمەندۆر: جۆرە قوماشیکی ڕەش بوو
قەمۆم: تەقەڵی دورمان
قەنارە : سێدارە
قەوچە : دەم بەیەکدادانی ماکەرە لەکاتێکدا بە تەڵەب دێ و نێرەکەری سوار بووبێ .
قەوچــە : دەم و لچــی ئــاژەڵ بەتایبەتــی بەهــی گــوێ درێــژ دەگوترێ.لەقەوچــەی دەوە، واتــە لەدەمــی دەوە.
قەوچەقەوچ : زۆرگوتن لەقسەی بێ مانا
قەیاسەک: برەکی زۆر
قەیدی نییە : قەیدی چی دەکات (قەیچیەکا)
قەیرە: کچی بەتەمەن
قەینــاخ : بریتییــە لــە ٤-٥ پەنجــەی ئاســن ســەپان لەکاتــی درەوکــردن لەپەنجــەی دەکات تــا ئــازاری نەبــی.
قوتار : ڕزگار
قوتۆش : بەکوڕی گەنجی زیرەک دەگوترا
قوتیل: کورتەباڵا
قوراغ : هەست ڕاگرتن دەڵێن گێی خۆی قوراغ کردیە
قورباقە : نەخۆشی گەروە ئەستوورە
قورپ: قوڵپ ، دەسکی مەنجەڵ
قورفانگــە: گرێیەکــە لەگوریــس و داو دەدرێ ، بــۆ ئــەوەی ســەرێکی داوەکــە یــان گوریســـەکەی بەنــاودا بــڕوات.
قورفە: دروستکردنی گرێیەکی بازنەیی کراوە لە گوریس
قوڕقەپ : قەلاقوپ، بێدەنگ بوون
قوڕمساغ : کلاوچی ، فێڵباز
قوڕنە : قوژبن : گۆشە(زاویە، روکن)
قوڕەپەست : کەسێکی لەش گران و لەش قورس
قوژبن : قوڕنە
قوفرە: بەژنی قەباتکەر و بەقسە و قسەڵۆک دەگوترێ

قولغە:قوللـە: ژوورێکـی بچووکـی شـێوە لوولەیـی کـە لەگۆشـەی خانـووی مـاڵان و دەزگا سـەربازییەکان دروسـت دەکرا ، زیاتـر بـۆ چاودێری و خۆپاراسـتن بـوو.

قولینچک: گۆشە : قوژبن، سووچ

قومەک : بڕەک ، ئەندازەیە بۆ ئاو : وەک دەڵێن قومە ئاوەکی دەخۆم .

قونجڕکە : جۆرە ڕووەکێکە بەرێکی دڕکاوی بچووک دەکات خۆڕسک شین دەبێ

قونجڕکە :گرتنی ماسولکە و گۆشتی لا ڕان و باسک بەتوندی بە هۆی دوو پەنجەوە

قوندە : باڵندەی کلک بڕای ، یان کلک پێوەنەماو(مریشکە قوندە)

قوندە: بەکەسێک دەگوترێت زوو تووڕەبێت. ئەقڵی قوندەیە.

قونـک : دواوەی هەنـدێ میوەجـات و سـەوزە ، وەک قونکـی تـەرۆزی ، دەڵێـن سـەری سـیری قونکـی پیـازی.

قووچکردن : لەسەر سک راکشان و قوون بڵندکردن

قووچـەک : هـەڕەم ، دانانـی چەنـد بەردێـک لەسـەریەک بەهێشـکەکەڵەکی بـەو مەرجـەی خوارێـی فـراوان بـی و سـەری باریـک ببێتـەوە . بـۆ نیشـانکردن بـەکار دەهـات.

قـوون بەگێچـەر: کەسـێک حـەز بـە کێشـە و دۆخـە بـکات و ئاشـووپ دروسـت بـکات

قوون: قنگ ، کۆم

قوونەجۆرە : سمت و قون ، پاش و قونی پەلەوەر

قوونەخشکە : رۆیشتن لەسەر قوون

قۆپکە: لووتکە ، بڵندایی چیایەک

قۆپەن : کۆمەڵەگیایەک لەنزیک یەک بە بۆڕی شین بن.

قۆدی: قوتوو

قۆرت: قۆڵت :چاڵ

قۆرتـان ئاگـر: بـەو کەسـانە دەگوتـرێ خزمـی نزیکـی یـەک بـن ، واتـە پێشـتر هەموویـان نانییـان لەسـەر قۆرتـان ئاگرێـک خواردووە.خزمـی نزیکیـن هـی یـەک قۆرتـان ئاگریـن.

قۆرتـان ئاگـر: ئـەو چاڵـە بچووکـەی لەمـاڵ لێـدەدرا ژن سـێڵیان لەسـەر دادەنـا

ونانیــان ڵەســەر دەکــرد ،
قۆرنج: قۆڵنج: شان وپیل
قۆزتنەوە: هەل وەرگرتن
قۆشمە : غاردانەی ڕەشەوڵاخ و گوێ درێژ، پێشبرکێی بەغاردانێ
قۆشەن : گۆڕەپان
قۆغە: بەرداخی پلاستیک
قۆقە: گیروگرفت ، گۆبەند ، دەڵێ :کەسێکی سەر بەقۆقەیە، واتە سەربەگۆبەندە.
قۆڵتڕ : کەنەفت
قۆلک : بەرزایی شاخ بەباریکی واتە قۆڵە شاخێک
قۆمــەت: گەنــم و جــۆ و قرشــەی گەنــم کەکۆدەکرێتــەوە لەســەر یــەک شــێوەکی خــڕ و بڵندییــان دەبــێ، دەڵێــن ئــەو قۆمەتــە گەنمــە ، یــان قۆمەتــە قەســەڵ
قۆناغ : جێگاو هەواری میوان ، ماڵمان قۆناغ بوو لۆ خزمان
قۆنداغــە : مەلۆتکــە ، منــداڵ لەتەمەنــی شــیرەخۆری کــە لەنــاو جــل و بــەرگ دادیدەپۆشــن  لەکاتــی  هەڵگرتــن.
قیڕسی : قیڕوسیا : قەیدی ناکات
قیڕەبــڕ: کپکردنــی دەنــگ ، بــۆ کوشــتنەوەی باڵنــدەش دێ ، دەڵــێ مریشــکەکەم قیڕەبڕکــرد
قیلمقاســێ : قەڵادۆشــکانێ ، منــداڵ لەســە مــل هەڵگرتــن و هەردوولاقــی بــۆ ســەر مــل و ســینگ شــۆڕبکاتەوە.
قینچکە : زیپکە
قینچکــە : ســیکڵدانۆچکە : دەڵــێ فــڵان قیچکــە تەنگــە ، واتــە بــێ ســەبر و ئارامــە . (ســیکڵدانەی بچووکــە بەگــژم داهــات شــەڕی پــێ فرۆشــتم)
قەتێ: کوڕ کوڕە
قەرەقاز(قەرەقاج): درەختێکە زستانان لەناو هەرە و پەرەتی دەڕوێت تاکوو هاوین دەمێنتەوە، جۆرە بەرێک دەگرێ ، پێی دەڵێن کرمەکوژەک، مەڕوماڵات دەیخۆن.
قەلاقوچکە: سەرمەقوڵاتە

## ک:

کابان : کەیبانۆ

کارخانچی : پیاوی فێڵباز و بەدکردار

کارک : پێڵاوێک بوو لە پێستی گا دروست دەکرا .

کارک : گندۆرەی پێنەگەیشتوو

کارەموو : مووی ڕێسراو لەکاری وەرگیرابێ

کاریتـە : داری ئەسـتوور بـوو لەسـەر خانـوو دادەنـدرا ئینجـا شـەقڵەڕێژییان دەکـرد و دوایـی هەراشـییان دادەنـدرا و خۆڵەبانییـان دەکـرد.

کاس : هێڕ دەڵێ لەبەر دەنگی تۆپان کاس بوومە .

کاکوت : ئامێری کاکوتان

کاکیلە : برای بچووک

کاکێلە: دوو ددانی ئەو تەنیشت ئەو تەنیشت

کالیـار : جـۆرە تەرۆزییەکـی زۆر گەورەبـوو لەتـەرزی شـارۆخیش گەورەتربـوو. (تـەرۆزی – شـارۆخ–کالیار)

کانێسە : کانێسەستوور، ڕق ئەستوور

کاوکۆت : کا ی ورد

کاوێژ : جوینەوەی جارێکی تری ئالیک لەلایەن ئاژەڵەوە

کڕ : بێ دەنگ

کڕووزانەوە: پاڕانەوە

کز: لاواز ، مەلوول و خەمبار ، نزم

کـزر : ڕووەک کاتـێ وشـک ببێتـەوە و کەمێـک شـێداری مابـێ ، یـان خـاک کەمێـک شـێداری مابـێ

کزگری : کەسێک زوو گریانی بێ

کزە : دەنگ و هەستی سووتانی جەرگ (دەڵێ کزەم لەجەرگییەوە هات )

کزە : کاکڵەی جەرگ  دەڵێ (بەقوربانت بم کزەی جەرگەکەم)

کژ : وەخت ، کاتی ، کژی چاندنی گەنمە

کسپە: ناخ وەک دەڵێ لەکسپەی درمەوە واتە ناخی دڵم

کسۆک : سەگ

کفت: ماندوو

کلۆر: بۆش

کن : لەکن : لەلای

کندڕ: گوریس : پەت

کەپەک :پووش و قەپێلکی گەنم لەکاتی ئاردبێشتن ئەو درشتەی دەمێنتەوە.

کەپوو : لووت

کەترە : بزن و مەڕی نەخۆش کەتوانای ڕۆیشتنیان نەبێ.

کەتنکەر : کەسێک ئیشی خراپ بکات

کەچە : کۆن و بێ بایەخە

کەربە: کەڵبە: کلۆ وەک کلۆشەکر

کەرب: کەڵپ: ددانی پێشەوەی سەگ.

کەرخ : کەرخی تووە : سووچی تووە: کەرخت دیارە : واتە ئەو ئیشە ناڕیکە ئیشی تووە .

کەرگەوز: بەو شوێنە دەگوترێ کە مشکی(خۆڵەمێش)ی زۆر لێ بوو کەر خۆی لێ دەگەوزاند .

کەڕەکیفە : کەڕوو

کەرەگا : کەڵەگا : کەسێ: خۆی بەهۆی هێزەوە لەسەر خەڵک بسەپێنێ

کەساد: زەبوون

کەستەک : گڵمتەخۆر

کەسک : ڕەنگی سەوز

کەسەر : خەفەت

کەسیرە : زەرد و لاواز

کەشخە : جوان و خاوێن و باوێن

کەشیدە: کلاو و جەمەدانی کە حاجی لەدوای چوونە حەج لەسەری دەنێن.

کەل وکرۆم : پارچە پارچەبوون ، یان برینداربوون ،دەڵێن لەشەڕەکە ماڵی فلان کەس هەموویان کەل و کرۆم بووینە

کـەلاک : جەسـتـەی ئـاژەڵ دوای مرداربوونـەوە، بۆئـەو ئاژەڵانـە دەگوتـرێ کەگۆشـتیان ناخـورێ ، وەک گـوێ دریـژ و ئەسـپ و ئیسـتر....

کەلەکە : هەردوو لای خوارقەفەزەی سنگی مرۆڤ

کەلەن: کەلێن، درز

کەلۆس : ددان کەوتوو

کەم دوو :کم دوو: کەم قسەکەر

کەمۆ : ماڵی ، کەوی ، کەوەکانم کەمۆبوونە

کەندار : گەنداڵ: ناوی گوندە و ماناشی . کەندێکی گەورە

کەندڕ: کەندێک ئاوی برن دڕی بی

کەندو : عەمبارێک بوو لەقوڕ دروست دەکرا گەنم و دانەوێڵەی تێ دەکرا .

کەندولەند: کەندێکی باریکی بەبڵند و نەوی

کەنگێ : کەنگینێ : کەی

کەودەری : نەدیتکە ، کەسێک بێ ئاگابێ لە پێشکەوتن

کەوگیـر : ملاکـی گـەورە کەپێشـتر شـیوییان پـێ تێدەکـرد ، زیاتـر لـەدار دروسـت دەکـرا .

کەون : کۆن

کەینێ :کەنگینێ: کەی

کوتەکوت : دەنگی لێکدانی بەرد بە بەرد، یان ئاسن لەبەردی

کوچ کوچە : کەسێک هەمیشە بەدواوەی کەسێکی ترەوە بێت

کوچک : کوچکەبەرد : بەردێک لەتوانادا بێ بەدەست بوەشێنرێ

کورکانـەوە : بـەو جـۆرە گریانـە دەگوتـرێ ، کەبەنزمـی بـێ و بـەس بەشـێوەی هەناسـە بـێ .

کوڕیژگە : بەکوڕی پارچەڵە دەگوترێ تەمەن بچووک.

کول : بریندابوون و پفکە لێهاتن لە زمان ، دەڵێن زمانم کول بووە

کول : نەبڕ ، بەدەمی چەقۆیەک دەگوترێ کە نەتوانێ شت ببڕێ

کولانکـە : دەلاقـەی بچووکـی مـاڵ کەلـەلای سـەرەوەی خانـوو دەکـرا ، بـۆ هەواگۆڕکـێ و هاتنـە ژوورەوەی تیشـکی ڕۆژ لەبەزرایـی.

کولک : قونێر ، دومەڵان ، گرێی ناوگۆشتی پیس ببێ ، کولکی سەرەتانی گرتییە
کولیچە: بەری شفتی کەتازە پێ دەگات
کونجـڕ کونجـڕ : شـتێک کـە کونـی بچـووک بچووکـی لـێ بـی ، وەک خوریکـە لەڕوخســار .
کوو: چۆن ، کووی : چۆنی
کووز : قاش کووزە شفتیەکم خوارد ،
کۆپان : کورتان
کۆرەبژ: مێردمنداڵ
کۆرەگـە : کۆڵەگـە ، دارێکـی ئەسـتووربوو وەک ئەسـتووندەگ لـە بـەر کاریتـەی خانـوو دادەنـدرا ، سـەری دوو گوێچکـەی هەبـوو وەک سـمتەکی تەونـی بـوو.
کۆریت : کۆڵیت: خانووچکەی سەگ و هەروەها مریشک
کۆز : خاو و خێزان، مام بایز کۆزی هوردە
کۆش : شوێنی سەر هەردوو ڕان لەکاتی دانیشتن
کۆفی: بەستنی جەمەدانی و هەوری و چەفیە
کۆندڕ: کەندڕ:چاڵ و قۆلت
کیژ: کچ
کیژۆرە : کچی تەمەن بچوک
کێندەر : کوێ
کیهان : کامە
کاپێلک: کەلەش
کاکل: بنەچە ، ئەسڵ . بناغە
کانی : کوانێ
کاوەخۆ: بەکاوەخۆ: بەهێواشی ، لەسەرەخۆ
کڕ: بێ دەنگ ، هێمن
کزکزا : ماستێک ترشابێ
کزیلک : بۆنی چەوری و گۆشت کە لەسەر ئاگر گەرم دەکرێ.
کشت : داوێک زۆر بادرابی، بەکەسی چوست و چالاکیش دەگوترێ

کشتەک : لوولکردنی چەند داوێک یان بەنێک بوو بەیەکەوە و بۆ پتەوبوونی داو و بەنەکە بوو تا زاری هەلگری پێ ببەسترێ وەک مەشکە پێیان دەگۆت زار مەشکە، یان رستی تاژییان پێ دروست دەکرد، مەلاو سەید و شێخەکان بۆ نووشتە دوعایان لەسەر دەخوێند و لەدەستی منداڵ و نەخۆشییان دەبەست.

کەڕەسیسە:قەرەباڵغ

کەژی: گوریسی لەبەن دروستکراو بەڵام بە پانی هۆنرابێتەوە.

کەسک و سۆر : پەلکەزێڕینە

کوارگ: قارچک

کودی : کوولەکە

کورک: کڕکەوتنی مریشک لەسەر هێلکە

کوزرکوت: لێدانی کەسێک بەتوندی و بەوردی ، وەک کوزر بکوترێتەوە.

کونەبا: درۆزن ، کەسێک قسەی ڕاستی لەدەمی نێتە دەرەوە.

کوور : دەغەر بزنەکی کوورە: بزنەکی لەڕولاوازە

کووڕ: قەمبور

کووزر : بەو گەنمانە دەگوترا ، لەدوای کوتانێ هێشتا لەقەپێلکەکەی دەرنەهاتبوون.

کۆپەک: بێ کەلک

کۆتک : جامی ئاوخواردنەوەی بوو لەدارێ دروستدەکرا.

کۆتەرە: داری کۆکراوەی گەورە بۆ سوتان

کۆتەرە: داری وشک بووی گەورە

کۆچک : پارچە قوماشێک بو کلاوی پێوەبوو ، شان و ملی منداڵی دادەپۆشی

کۆرە: کوێر

کۆز: شوێنی داکردنی بەرخ کە لە ناو پەرژین دادەندرێ.

کۆسە: بەپیاوێک دەگوترێ کەموو لە دەم و چاوی نەیەت.

کۆکلە: سوفی بادراو ، وەک گلۆرە بوو

کێرووشکە: بایەکی نەرم کە لەقەرسیلی گەنمی دەدات

کێشکە : چۆلەکە

کێوەلـی: کاولـی: بەژنـی عـەرەب دەگوتـرا کەهیـچ گرنگییـان بـە رەوشـتی کۆمەڵایەتـی نـەدەدا

کەتە: پیاوێک لە هەیکەلدا گەورەبێت.

کەرپووچ: خشتی سوورەوەکراو

کەرخ : لەکن ، لەلای ، لەکەرخی توو دانیشتبوو

کەڕوکوند: گوێگران

کەڕەسیسە: ئەو کەفەی لەسەر ماستی و خواردنێ پەیدادەبی لەکاتی تێکچوون .

کەلـەش: جەسـتەی ئـاژەل دوای سـەربڕین ، بـۆ ئـەو ئاژەڵانـە دەبیـت کـە گۆشـتییان دەخوریت ، وەک مـەڕ و بـزن و چێڵ...

کەوست : زەقنەبووت (وەی کەوست)

## گ:

گارەگار : دەنگەدەنگ بە دەنگێکی بەرزەوە

گاڕەگاڕ : دەنگی مریشک کاتێ بیەوێ هێلکە بکات ، یان هێلکەی کردبی .

گاز: گاس : بانگ (بانگکردن)

گازاندە: گلەیی

گازەرە: تەختەی بڕبڕەی پشت

گاشە: بەردێکی شاخی گەورە بەمەرجێ بەئەندازەی دەست بێ و بهاوێژرێ

گاگۆلە: ڕۆیشتنی منداڵ لەسەر هەرچوارپەلان

گای بنە : ئەو گایەی لەنزیک چەقی داری گێرەکردن دادەندرێ .

گچکۆکە : بچووک

گڕ:گڕدان: دەست بەسەرداگرتن.

گڕگڕە: بەکرەی سەربیری ئاوێ

گرمخا : بۆن کەڕووی لێ بێ

گڕناتکە : مەرەق لێدان لەشتێک ، گڕوو گرتن

گروازە : لوول

گڕوان: گڕوانـدن: دەرهێنانـی جەسـتەی ئـاژەڵ لەنـاو پێسـتەکەی دوای سـەربڕین،

بێ ئـەوەی زیـان بـە پێسـتەکە بگات ، ئینجـا پێسـتەکە بەکاردەهێنـن بـۆ مەشـکە و کونـدە و هەنبانـەو هیـزە. چێـر گڕوایـە ، بـەس کلکـی مایـە.

گڕوو : گەڕ ، گول، لەش پیس

گڕوێر : بەو پارچە قوماشە دەگوترێ کە لەبن هەنگڵی کەواو کراسی ژنان دەدرێتەوە

گرۆ: گرەو

گزگزایە : ترشایە ، ماستەکە گزگزایە

گزمـۆک :دەمبەسـتەیەکە لـە دەمـی بـەرخ و کاردا دەبەسـترا، تاکـوو شـیری دایکییـان نەخـۆن و لـێ بچنـەوە.

گزیر: هەژار ، کەم دەرامەت.

گژ : چوونە گژ : چوونە لای(برۆ گژی پارەکەی لێستینەوە)

گلمبۆر : پیس و دژوون.

گنخاندن: خافڵاندن.

گنجـی: بـەو کەمـە خوریـە دەگوتـرێ کـە لەمـەڕو مـاڵات میـزی پـێ دەکەوێـت و ڕەق دەبـێ.

گندۆرە : کاڵەک.

گەپە : شتێک هەڵئاوساوبێ

گەجەروگوجەر : بەکەسانی ئاست نزم دەگوترێ

گەچـرا : واتـە لۆچـی لـێ پەیدابـوو . دەقـی ڕۆیشـتبێ وەک قومـاش و کاغـەز کـە دەقـی بـڕوات و لۆچـی بکەوێتـێ

گـەڕ : گـەڕی شـایێ ، لەسـوڕانەوەی شـایی هاتـووە ، فـەڕەی شـایێ ، لەجیاتـی جەولـەی عەرەبیـش بەکاردێـت

گەراوێژکە : باوەشک هاتنەوە بۆ خەو

گەرگرە : : گەرگڕەی پشتێ ، ناوقەد

گەرۆمە :لوولە لەوشوێنەی کە بەرتەسک دەبێتەوە.

گەلەک : زۆر

گەلۆر : سەگی بەڕەڵڵا

گەمبۆر :نیمچەگەواد، پیاوی ئیشحیز ، بەسەگی بەڕەڵڵاش دەگوترێ.

گەندە: خراپ و بۆگەن
گەنە: زیندەوەرێکی مشەخۆرە، خوێنی ئاژەڵی وەک مەڕ و ماڵات دەمژێ.
گەورۆنە : گەورە
گەوزانـدن : لەبنەخۆنـان ، کـەر کاتـێ لەنـاو خۆڵـە مشـکی خـۆی دەداتـە زەوی و دووسـێ جـار پشـتی لەزەویـی و خۆلەمیشـەکە دەخشـێنێ.
گەوزین : خۆ لەخۆڵنانی گوێدرێژ لەسەر پشت
گوجیلە : توتکەسەگ
گوراح : کەیف ، مەزاج ،( گوراحی خۆشە . مەزاجی باشە ، دڵی خۆشە)
گورگـە : ئـەو وشـە ئـەو کاتـە بەکاردەهـات ، کەسـەری کاریتـە نەگەیشـتبایە سـەر دیـواری ،پارچـە کاریتەکی کورتیـان لـە زاویـەی وەک سـێ گۆشـە رایـەڵ دەکـرد و دەگەیانـدە یـەک تاسـەری کاریتەکـەی بگاتـێ.
گورگەلۆقە: هەنگاو هاوێشتنی گەورە ،. غاردانەی رەشەوڵاخ بە هەرچوارپێوە
گورگەیی : رەنگی مەرەزەی بۆرێکی مەیلەو شین
گوڕەی دێ : بە سانایی : گوڕەی دێ و دەڕوا بەئاسانی دەڕوات
گورینـگ : گوڵێنـگ : بەدەسـتی بـە داو و بەنـی باتریـک دروسـت دەکـرێ لەلیـواری جەمەدانیـان دەخسـت ، یـان لەسـەری کڵاو
گوفک : گرێی مافووری کە کە ڕایەڵی گورد و شێرە بەیەکەوە دەبەستێ.
گوفەک : زبڵخانە : پێشتر لەپیش هەرچەند ماڵێک لەبۆشاییەک خەڵک زبڵییان ڕوو دەکرد.
گومگومە : بەمەسینەوە بوو
گونک : قۆڕ، گونەکانی شۆڕببنەوە یان یەک گونی شۆڕببێتەوە ، فتقی گون.
گووره : خۆی لەگووره نەبرد ، بەسەرخۆی دانەینا ، نوققەی نەکرد.
گوێلاک: گێلاک: سەروسەکوت : کەللە و دەم و چاو
گۆپار : گۆچان
گۆترە : هەڕەمەکی
گۆتیار : گوتەبێژ ، ئەو کەسەی قسەکە یان سەربردەکەی گێڕایتەوە
گۆجە : خواروخێچ بۆ دەست و پێ دەگوترێ ، دەستی گۆجەیە.
گۆد : پێ ئاوسان و نەتوانی بڕۆی ، گۆدبوویمە ، لەماندووییان ناتوانم بڕۆم

گۆڕایی : دەشتایی
گۆردە: تەرەس و گەواد و شاخهاتی.
گۆرین : پێشوو ، جاری گۆرینێ ، جاری پێشوو
گۆریە: گۆرەوی
گۆزەگۆز : جێگواستنەوە
گۆزینگ : ئەو ئێسکە زیادە و دەرچووەی نێوان پێ و لاقی مرۆڤ.
گۆلک : گوێرەکە
گۆلم : پێوانەی نێوان هەردوو لەپی دەست.گۆلمە برنجەکم برد.
گۆمک : دەسکی گۆپاڵی
گۆوا : ئەنگاوە ، ئەستووربوون و هەڵئاوسان ، پێم گۆوایە ،
گۆیندە: بەو کەسەی دەڵێن بەستە و حەیران و لاوکی دەگوت.
گێچەر : گێچەڵ: ترِوتەشقەڵە
گێرە: کوتانی قرشەو قەسەر بە کۆمەڵێ وڵاخ
گێڕەپە : نەخۆشییە ، تووشی گوێدرێژ و منداڵێش دەبێ ، وەک دەردەکۆپان .
گیێرە: ئامرازێکی تەلە یان ئاسنە لەڕووی پشتەوە واتە بەلای ماڵەوە دەرگای پێ قاییم دەکرا.
گیێرە: ئامرازێکی ئاسنە وەستای بۆڕی بەکاری دەهێنن ، بۆ بۆڕی بڕینەوە.
گیزان : گوێزان: ئامێری ریش تاشین و سەرتاشین .
گێژ: هێڕ
گێژەن : شوێنی رووبار کە عاسێ و قووڵ بێ و سووڕانی ئاوی زۆربێ .
گێسوانە : تارمەی زیادەی سەربان
گێشکە : لەبێژینگدانی گەنم و جۆ دێ تا لە خۆڵ پاک بکرێتەوە.
گێفڕکانێ : یاریەکی منداڵان بوو، هەروەها لەحاڵەتی قەرەباڵغی شت دابەشبکرێ ، هەر کەسە و پرداتە شتەکەی و بیبا بەبێ نیزامی دەڵێن بووە گێفڕکانێ ، هەربابا بوو بەشی دەبرد.
گێلەوەژە: کێشە و دۆخە
گێوژ: گۆیژ

گەڕ: شوێنی نەورایی، ئاوگڕبێت.
گەڕەلاوژێ : قەرەباڵغیەک کەس لەکەس نەگات و هەرکەسە و لۆ خۆی قسەی بکات.
گەف: هەڕەشە
گەلحۆ: گێل ، گەمژە
گەمە: یاری
گەندەخۆر: بەو کەسانە دەگوترێ کە میوەو سەوزەی خراپ بخۆن

## ل:

لاپەڕ: دوورەدەست ، پەناوپەسیو
لاترقەوچ : ناڕێک و پێک
لاتەریک: گۆشەگیر
لاچەک بەسەر : خزم دۆست ، کەسێکی بەکەڵک
لاچەپ: دوورەدەست
لاسک : قەدی سەوزی ڕووەک ، (لاسکی گەنم و جۆ )
لاسکۆکە: قەدی باریک و بچووکی رووەک
لاسەنگ : لای تەرازوو کە لایەکی قورستربی لەلایەکی تر بۆ هەر بارێکی تریش
لاق: قاچ
لاکەو :لاکۆ: لاچۆ
لاکە: لاکەی لێوە دێت ، بەلاکە لاک دەڕوات، خراپ ڕۆیشتن لەبەر برسێتی و ماندووبوون.
لامووز: تووڕە ، نیگەران
لالووت: تووڕە ، نیگەران
لامل : کەللەڕەق ، منجڕ
لاییدە : کەسی بێگانە ، یان کەسێکی نەناس و هی دەرەوەی شوێنەکە بێ .
لباد : نمەد ، ژێرخەرێکە لەخوری سپی مەڕێ دروست دەکرێ
لپرلپر: ناڕێک وپێک و شتەکە لەهەندێ شوێن ئەستووربی ، وەک دەڵێن دەم و چاوی لپر لپرە واتە بەرزی و نزمی هەیە.

لرفی کرد: واتە خواردی وەک وشەی لووشی کرد
لشمە لشم : فینگە فینگ ، گریان بەدەنگی نزم ئاوی لەلووتی بێ .
لەگەن : لگەن: قاپ ، دەفری مسی دەم فراوان.
لنگاوقووچ : سەرەوخوار
لنگەوگۆڕ: پێگۆڕ، تاکە و تاک
لەبای غارێ : لەگەڵ دەستی خۆی . لەسەرەتا
لەبلەبان : قسەزان
لەپ: چەنگ . مست رووی ناودەست و پەنجەکان بەلای ناوەوە.
لەپرمەی گریان: گریانیکی بەلێو
لەتەر : خوار لاق بەشی خوارەوەی لاق دەڵێن لاق و لەتەری هەرکرد.
لەجێـی سـۆتیان:بە کـوڕی منـداڵ دەگوتـرێ کـە لەدایـک ببـێ لـەدوای کوشـتنی بابـی یـان براکانـی
لەخرێنی : لەپێش نانخواردن
لەخۆچوو : بورایەوە
لەزگە : وەختە ، خەریکە
لەپکە: کوژەکە: مۆرییەکی شین بوو بۆ چاو و زار بەکاردەهێنرا.
لەگژم ؛ خەریکم
لەگینە: لەوانەیە، ڕەنگە
لەهیکڕا: لەناکاو
لەغەم : شوێنی بن بۆش. بن لەغەم : شوێنی تونێلی بن کارێزان
لەمەڕ: دەربارەی ، سەر بە (تابع)
لەمجێزە: قسەیەکی هەق لە کاتی خۆی بیکەی، رۆیشتنی ئافرەت بەلار و لەنجە.
لەنگەری: قاپی گەورە کە برنج و ساواری تێ دەکرا
لگەن : لەگەن : قاپی ئاسایی کەلەفافۆن دروست دەکرا.
لەوجڕ : کەسێک قسەی ناڕێک و پێک بکات ، یان قسەی ڕەق بکات
لەوگۆڕەی : لەخۆڕا (لەو گۆڕەی بەگژم داهات)
لووش : لووشکردن، خواردنی پارەی خەڵک ، دەڵێ پارەکەی لووشکرد .

لووشکە: لەقە
لۆق : هەنگاو، هەنگاوی گەورە و خێرا .
لێبـان: ئـەو مادەلینجـەی کـە بـە بێچـووی سـاوای ئەژەلـەوە وەیـە لەکاتـی زان ، دایکەکـە دەیلێسـتەوە و دەیخـوات هەتـا بۆنـی بێچووەکـەی بناسـتەوە.
لێرەهێوە : لەمەودوا
لێروکانە : ئەلێرانە
لێژاو : لێڵ شێلو ، هەروەها بەمانای سەرەو لێژ
لیس : هێلانەی کۆتر .
لینگ: لنگ: لاق

## م:

ماخۆ : خاوەن
ماتوول: مادام
مـاش و برنـج : جۆریکـە لەرەنگـی پرچـی سـەری پیـاوان . کەلـەدوای تەمەنـی چـل سـاڵی داوای ڕەش و سـپی تێکـەڵ دەبی
ماشـەر: ئـەو کۆمەڵـە بەنـەی ژن لـەدوای ڕیسـتن لەهـەردوو رانـی خـۆی دەئاڵانـد بەشـێوەی بازنەیـی.
مالۆس : بەرازی مێیە
مامز: ئاسک
مامزە : بریتییە لەو ئاسنەی دەکەوێتە لای سەرەوەی قەڕاسە .
متفـەڕک : پیـرۆز لـە ڕووی ئاینـەوە ، پارچـە پەڕۆکەکـی متفـەڕک لەیاشـێخی وەرگـرە .
مجێز : لەکاتی خۆی بوو : لەمجیزی قسەی کرد
مجێور : بەردەستی مزگەفت
مراز: ئاوات
مراکـدان : توورەگەیـەک بووبـە خـوری دەچێنـرا ، یـان لەپـەڕۆک دروسـت دەکـرا ، ڕووەکانـی بەنەخـش دەچێنـرا، وەک جانتـای ژنـان حیسـاب دەکـرا ، وردەواڵـەی

ماڵـی تێدەکـرا، بۆیـەش پێیـان دەگـوت مڵاکـدان ، ملاکـی داریـان لەنـاو هەڵدەگـرت.
مڕبۆوە؛ بەتووڕەیی تەماشاکردن ،
مرخ: تەماح ، مرخی لێ خۆشکرد ، تەماحی لێ کرد.
مردار : بەئاژەڵی مردوو دەگوترێ کەگۆشتیان دەخورێ
مڕدامایـە : کەسـێک دالغـە لـێ بـدات ، وەک توانـج دەڵێـن مڕدامایـە ، بیردەکاتـەوە و دالغـەی لێدایـە.
مردۆخ: بەکەسی تەمبەڵ دەگوترێ. کەسی بێ زاخ ، حیزەپیاو
مزر: تامی خواردنێک ، کەمێک ترش بی
مزرۆبووی : مجرۆبووی : کوێربووی
مزگێنی : موژدە
مزەورە:جۆرە خواردنێکە سلق و برنج و کەرەوز و ئاوی تەماتە و کەمێک ترش بێت
مشت و مڕ: قسەکردن دەربارەی باسێک بەرای جیاواز (مناقشە)
مشکی : خۆڵەمێش
مکوم : قایم
ملعندی : بەزۆر و زۆرداری
مله: ڕکە : ملەی دەکات واتە عینادی و ململانێ دەکات.
ملهوڕ : : لامل ، بەگوێنەکردنی کەس و کارو دۆست
ملەوەز :لامل ، کەسێک بەگوێی کەس نەکات
منجڕ : پێداگر لەکاری ناڕێک و نادروست، لامل ، کەللەڕەق
منگــە منــگ : لەپێشــەخۆ گلەیــی بکەیــی بەدەنگــی نــزم نــاڕازی بــوون پیشــان بــدەی لەکارێــک لەپێــش خەڵــک
مەتارە : مەتاڵە ، دێمکەی ئاوی
مەراق : دالغە ، ئارەزوو بوون لەشتێک .
مزیـڕ : شـەڕەنگاز ، بـەزەڕ، کەسـێک زیانبەخش بێ بەخەڵک لـە (مضـر)ی عەرەبیـە هاتووە.
مەرایی : مامەحەمەیی: ماستاو ساردکردنەوە بۆ گەوران.
مەزەندە: بە بیرکردنەوەی من ، بەبۆچوونی من

مەزرەقە: نانی تیری بەڕەقی تا بۆ ماوەیەک هەڵبگیرێت.
مەحەلان: کات ، وەخت ، (لەو مەحلانە دێم ، لەمەحەلی نیوڕانێ هات)
مەعلان : زۆرزان
مەگەم : مەگەر
مەگیرانــی : بێــزوو ، لەمانگــی یەکــەم و دووەم ژنــی ســک پــڕ ســەرودڵیان تێـک دەچــێ و ئــارەزووی خواردنــی تــرش دەکــەن.
مەلۆتکە : منداڵی بچووک کە لەناو قوماشێک بئاڵێنی
مەنداو : تێککردنەوەی دوو جۆگە ئاو یان دوو ڕووبار.
مەنگۆز: سپڵە ، بێ ئەمەک
مەیل: مەتەڵ
موترب : زۆرڕەو
موسڵدان : میزڵدان .
موکڕ: سووربوون لەسەرشتێک
مووس: گوێزان
مۆزەمۆز: بەکوڕی گەنج دەگوترێ کە بەدوای کچان دابگەڕێ.
مۆن:چاوحیــز، بەکەســێک دەگوتــرێ کەتنێکــی خراپــی کردبــی، دەڵێــن چــاوی گەلــەک مۆنــە
میتکـە: قیتکـە: ئـەو پەلـە گۆشـتـەی نـاو زێـی ئافـرەت کەپرپەتـی لەخانـەی وروژانـی سێکسـی
میچ: نێوانی داراش و دیواری (سقف)
مێچکەمێچک: مامەحەمەیی . ماستاوکردن
مێدرەوە : سواندە : لێواری سەربان
مێراب : ڕۆخ : لێوار
مێردەوانە: پەیژەی دار

## ن :

نابووت : ناشیرین

ناحەجمێ : بەکەسێک دەگوترێ بەجولەبێ ، لەشوێنی خۆی دانەنیشێ. لەشوینەک نەحەوێتەوە
نازوگوز: ناز و مەکر
نازونووز: گریان بەنازکردنەوە
ناسۆر : برینەکی کۆن و بەکێم و جەراحەت
ناعور : چەرخەیەک بوو ئاوی پێ هەڵدەکێشرا لەبیری گەورە .
ناگزوور : بی دەرامەت : حاڵ خراپ ، کەسێک بارودۆخی خراپ بێ
نالچە : شوینی خۆمەڵاس دانی ڕاوچییان لەبۆ گرتنی نێچیر ، بەغەری دروست دەکرا
نانانە: جۆرە هەقێک بوو سەپان لەو کەسەی وەر دەگرت کە دوورنەی بۆ دەکرد.
ناوپستێر: ئەو بەشەی شەرواڵی کە شۆڕدەبیتەوە لەنێوان هەردوو قاچ
ناوە ناوە: ماوە ماوە ، جار جار
نسار : سێبەر ، شوێنەک هەتاو نەیگرێتەوە
نغرۆ : نوقم بوو ، رووخا ، خانووەکە نغرۆ بوو ، یان بۆ دوعاکردن بەکاردێ ، ژن دەڵێ خوایە ماڵی فلان کەسی نغرۆبن.
نما: نەما
نەترە: ورە
نەدیتی و نەناسی : بەکەسێک دەگوترێ کەیەکەم جار بیبینی و بیناسی
نەقیزە : زەختە لێدان ، تێهەژینی ئاسنێکی باریک و تیژ یان پەلوکە دارێکی تیژ لەپشت و زگی کەر تا خێرا بڕوات.
نەورایی : نەرمایی ، نزمایی ، شوێنەک زەوییەکەی نزم بێ
نەورگە : شوێنی نەرم
نەخەسەرە: نەخاسمە
نوقەی ناکات : هیچ دەنگ ناکات
نووسکە نوسک: دەنگە دەنگی تاژییان
نووین : پێخەف
نوارە نوار: بڵند و نەوی .
نوی:نەوی: نزم

نـۆردوو: نـۆردووە نـان : نـۆ نانـی تیـری کەکاتـی خـۆی لەسـەر یـەک دادەنـدرا، زیاتـر بـۆ سـەفەر لەنـاو هەگبـەی پـەڕۆک دەنـرا
نۆین : تونێل و زیراب
نێرەمووک : نەنێر نەمێ ، سیفاتی هەردوو ڕەگەزی تێدابێ.
نێرەوەز: نێرەوەس : بنەماڵەیەک نێرینەیان کەم بێ.
نێزە: چەقۆی شەڕێ ، حەربە
نیفۆ : لای سەرووی شەرواڵی کوردی کە دۆخینی تێ هەڵدەکێشرێ .
نێک : کەمەر
نیودەرە : نیم دەرە، دۆشەکەڵە
نیوەنمـەک: هەویـر بـوو وەک خەپلەیەییـان لـێ دەکـرد لەسـەر ئاوسـانی ماسـولکە و ئێسـکی پـێ و دەسـت بەکاردەهێنـرا بـۆ نیشـتنەوە و چاکبوونـەوەی.
نەدیتکە: ناشارەزا و نەزان دەربارەی بارودۆخێک ، بێ ئاگا لەشارستانی.
نەینۆک : ئاوێنە

**هـ**

هاڕە: وڕەی لێوەدی، هیچ تێ ناگات (حەمەد هاڕەی لێ وەدێت)
هاژۆشتن : لێخوڕین
هاوێرکردن : لێکجوداکردنەوەی مەڕ و بەرخ
هڕە: وشەیەکە بۆ دەنگدان و ڕۆیشتنی مەڕ و بزنی دەگوترێ
هەپرەگون : ئەقڵ سووک ، بەکەسی نائاقل دەڵێن
هەترەش : زەندەق، هەترەشی چوو واتە زەندەقی چوو، ترسا
هەچە: حەچە: بۆ کەر دەگوترێ واتە بڕۆ
هەراش : گەورە
هەربابایە : هەرکەسەو ، دەڵێن هەربابایە شتەکی دەبرد ،
هەربەستە : هەڵبەستە : بوختانکردن
هەرتەکایـە : هەڵوەشـایە ، زیاتـر بـۆ دیـوار و خانـی بـەکاردێ ، لـە بـن و بۆتکـەوە خانووەکـە هەرتـەکا .

هەرچی و پەرچی : کەسانی نەفس نزم و بێ ئاست
هەرزارە : ئەو دوو لقە دارەی کە لەسەر مەشکەی دەبەستریێ ، هەروەها ئەو بەرزاییەی لەکاتی مافوورکردن تەونکەر لەسەری دادەنیشن.
هەرزێنەتە : هەر خۆشە
هەڕشتە : شعریە
هەرکەو: ئاوی کۆبووەوەی ناو قۆرتی بەردێ ، تاشەبەردی ناو چیا کە هەندێک چاڵ بێ ئاوی بارانی تێدا کۆبێتەوە و باڵندە و ئاژەل تێیدا بخۆنەوە
هەرگرتە : لەیاری کەلایانێ زۆر دەگوترا کەیەکێک کەلاکەی بەر کەلاکانی تر بکەوێ لەدوورییەکی زۆر بەهەوایی بڕوات و لێی بدات.
هەرمەدوک : هەڵم هەستان
هەڕمێن : بەهای فرۆشتن ، بۆ کاڵایەک بەکاردەهێنرێ بازاڕی باش بێ ، دەڵێن شفتیەکەم هەڕمێنی زۆری لەسەرە .
هەرەپاس : زۆربڵێ
هەڕەت : کاتیەتی ، دەڵێن لەهەڕەتی جاحێڵی واتە لەسەرەتای گەنجی
هەرەت و پەرەت : شوێنێک بەرزایی و نزمایی هەبێ
هەڕوگیف: هەڕەشە
هەڕوو : بڕۆ
هەرێ : بەڵێن ، هەرێی پێدام بەڵێنی پێدام، گفت
هەسان : ئەو بەردەی چەقۆی پێ تیژدەکراوە .
هەلی کسە: هەڵپەڕین ، جۆرە يارييەکی منداڵی کچە
هەنجەت : بیانۆ
هەنکانەکینێ : ئێستاکە (هەنکانەکینێ ئەمن لەگەرتان نایێم)
هەنگژان : تێ ئاڵان ، تێوەراتن
هەنگینێ : ئەوکاتی
هەنیشک : ئانیشک
هەوک : سەرووی قورگ بن چەناگە
هەوکە: هەنوکە: ئێستا
هەوەنتە: بەخۆڕایی

هەویری هەراتە : هەویری ئامادەکراو بۆ نان ، هەویر ترشی لەناو دانرابێ.
هەوێـز: شـوێنێکە کـە مەڕومالات(مێگـەل) تێیـدا پاڵدەکـەون و دەحەسـێنەوە، پـڕ دەبـێ لـە قشـپل
هـەی هـوو: بـۆ سەرسـوڕمان بەکاردێ(هـەی هوو،هـەی هوو،ئەمـن دەرێـم پـارەم نییـە، ئەتـووش دەرێـی چ)
هەیپا: کەسێک لەشوێنێک دانیشتبی لە ناکاو هەڵبستێ و بەهەشتاوی بڕوات
هەیتە : پۆلیس ، بەکچ و ژنی جاحێڵ دەگوترێ کەشەرم لەپیاو نەکات
هەیدۆ: بەجێمهێشت،وازم لێهێنا ، لێی دوورکەوتمەوە ، (هەیدۆم لێکرد)
هەینێ :هەنگینێ: ئەوکاتی
هەیوان : بێڵا
هوڕ: وڕ: کاس ، بێ گوێ بووە ، ماندووبووە.
هـوڕە : گـوێ پێنـەدان ، بـۆ کەسـێک بـەکاردێ ئامـۆژگاری وەرنەگـری ، دەڵێـن هـوڕەی لێـوە دێ واتـە گـوێ بەهیـچ نـادا.
هوڕەبا: بای گەرم
هوڕێنـە: قسـەکردن لەکاتـی خـەوە یـان قسـەکردن لەپێشـەخۆت ، یـان خەیاڵکـردن بەقسـە لەپیشـەخۆت
هوورد : ورد
هۆپ: بوەستە بۆ مرۆڤ دەگوترێ
هۆپەک: تاسانی لەپڕ و لەناکاو ، هۆپەکم لەخۆزانی :
هـۆدا: بانگکـردن دایکـە ، هەنـدێ منـداڵ بەداکییـان دەڵێـن هـۆدا لـە هـۆ دایـەوە هاتـووە.
هۆدە : هۆبە ، ژوور
هۆڕهۆڕ: گریان بەدەنگی بڵند ، دەڵێن پیاوەکە هۆڕ هۆڕ دەگریا .
هۆری مەڕێ : گەوەڕ
هۆش : بوەستە بۆ گوێ درێژ دەگوترێ و بۆ مرۆڤی سەرەڕۆش دەگوترێ
هیر : بەخت : شانس
هیربار : قاپ و قاچاغ
هێروە: ئاماژەیە بۆ لای پێشەوە ، یان بۆ لای نزیک

هێروەتر : ئەولاتر ، تۆزێک نزیکتر
هیـزار: کڵاو و دەسـرۆک ، سـەر و قازمـە ، هەمـووی یەکـن لـەکڵاو و مشـکی پێکهاتـوو ئافـرەت لەسـەری دەنـا لای پێشـەوە دەرزیلـەی سـەر بـە مـوورووی لـێ هەڵدەچنـی.
هیـزە : وشـەیەکە بـۆ یارمەتـی بـەکاردێ ، دەڵێـن هیـزە بمگەیـێ ، واتـە هـاوارە بمگەیـێ
هیشک و برینگ : تەواو وشک بێ
هیشـکە: بەپـارەی دراوی خەوێنـراوی ماڵـەوە دەڵێـن دوو ملیـۆن دینـار هیشـکەی لەماڵێیـە
هیشکە : ئاژەڵێک نەزابێ و شیربدات .
هیشـکە کـەرەک : وشـکە کەڵـەک: دانانـی بـەردی دیـوار لەسـەریەک بـێ چیمەنتـۆ و قـوڕ.
هیشکەمز : هەق دانی بەنەخت ، کرێ وەرگرتن بەنەخت .
هێن ومنهێن: بینە و بەردە
هێنک : هەناسە، هێنکە بڕبووم ، پشوو تەنگ بووم ،
هێوە : بۆ دوور کەوتنەوە دەگوترێ. (هێوە بڕۆ)
هێروە: بۆ نزیک بوونەوە لەیەک دەگوترێ (هێروە وەرە)
هێوێن : هەوێن
هەتیتـە: پارچـە ئاسـنێکە کونێکـی زۆر چووکـی تێدایـە لای زێڕینگـەر بەکاردێـت ، تەلـی زێـڕی بەنـاو دادەبـەن تـا باریـک و لـووس و بەهێـز بێـت.
هـەراش: بـەو قەسـەر و دڕک و داڵـە دەگۆتـرێ کـە لەسـەر خانـووی قـوڕ دادەنرێـت لەسـەر دارەڕای ئینجـا قـوڕی لەسـەر دادەنێـن.
هەرامە : هین
هەرقۆزیـەوە: هەڵقۆزیـەوە: بڵندبـۆوە ، بەردەکـە هەرقۆزیـەوە بەچـاوم کـەت. یـان وەڵامـی کەسـێک بەتونـدی بدرێتـەوە لەنـاو مەجلیسـێک ، کەچـاوەروان نەکراوبـێ
هەرکارین : بەخیلی (پێم هەرمەکارێ ، بەخیلیم پێ مەبە)
هەرێ : هەڵێ ، من هەرێم پێ هەڵەنییە ، چونکە لەئینگلیزیش Hery up بەکاردێت.
هەرێ: ڕاکە

هەنکی : بەقەدەر ، ئەوەندەی
هەوری : مشکی ، دەسرۆکی ژنان
هەیدۆ هەیدۆ: دەنگە دەنگ و هاواری جاحێلان لە کاتی شایی و هەڵپەڕکێ ، بۆ سەگی بەڕەڵاش بەکاردێت،

## و

واریقات : سەربردە : سەرگوزشتە.
ودم : کەسێک لە هەڵوێستێکدا هیچ قسەی بۆ نەیەت ، دەمی بگیرێ. دەڵێ و ودمم گرت قسەم پێ نەکرا.
ودم : ئەو توانایەیە کەهەندێ کەس هەیانە بۆ چاککردنەوەی منداڵی نەخۆش ، وەک پیاوی ئاینی هەیانە. دەڵێن فلانە کەس پیاوی چاکە ودمی هەیە منداڵی زراوتۆقیو چاک دەکاتەوە.
وڕست: ئاژەڵ (مەڕوبزن)
وروره : هێلکەی ورد و نەرمی ناو هێلکەدانی مریشکی .
وشت: هۆشیار ، بەئاگا
وشی : هێشوو
وەتێهێ:ئەوەتانێ.
وەڕس بوون : بێزاربوون
وەرکەتن :پاڵکەوتنی سەگ
وێندەر: ئەوێندەر: ئەوێ

## ی

یاری : هاوکاری : یاریمکە واتە هاوکاریم بکە
یخ: فەرمان دانە بە وشتر تا بخەوێت یان پاڵکەوێت.
یخە : فەرمان دانە بەبزن و مەڕ بۆ رۆیشتن یان دوورکەوتنەوە لەشوێنەکە.
ێخە: ێقە: ئێخە
یەختە : نێرەکەری خەسێنراو ، وڵاغی گون دەرهێنراو
یەغبار، یەخبار (یەخبال): بەخت

## سەرچاوەکان :

### سەرچاوە کوردییەکان

١- ئەحمەد حەیران، دیوانی حەیران بێژان، بەرگی یەکەم- بەغداد ١٩٨٨.
٢- هەولێر لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا- بەرگی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی جیهانە.
٣- دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور ، گوندەکانی کوردستان ، گوندەکانی باشووری کوردستان لەسەرژمێری دانیشتوانی عێراقدا. ١٩٥٧چاپی دووم ٢٠٠٥
٤- دکتۆر عەبدوڵڵا غەفور ، گوندەکانی کوردستان ، گوندەکانی باشووری کوردستان لەسەرژمێری دانیشتوانی عێراقدا. ١٩٧٧ چاپی یەکەم ٢٠٠٥
٥- مام حەمید ڕەشاش ، هەوارگەی وشە و کەلەپووری کوردی ، ٢٠١٢
٦- محمد جمال احمد تووتمەیی ، فەرهەنگی دەنگارە، ساڵی ٢٠١٤
٥. عەزیزی مەلاڕەش ، مەلای ڕەش ، چاپی یەکەم . کوردستان ، ٢٠١٠
٧- عزیزی مەلاڕەش، زانیاری دەربارەی مەڕومالات لەدەشتی هەولێر، رۆشنبیری نوێ ژمارە ١٠٩ ساڵی ١٩٨٦.
٨- عەزیزی مەلاڕەش ، بۆرە ... ڕۆمان ... بەغداد . ١٩٩١
٩- ئی جی ئار و هێنری فیڵد ، هۆزەکانی کورد...، وەرگێڕانی حسین جاف . بەغداد . ١٩٨٦
١٠- مارک سایکس ، هۆزەکانی کورد............ ، وەرگێڕانی حسین جاف . بەغداد . ١٩٩١
١١- دەبلیو.ئار.هی، دووساڵ لەکوردستان.وەرگێڕانی لوقمان باپیر، حاکمی سیاسی هەولێر- دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژهەلات ساڵی ٢٠١٠
١٢- نیاز عبدالقادرشەناغەیی ،زاری کرمانجی دەشتی قەراج و کەندێناوە، ساڵی ٢٠٠٧. هەولێر.
١٣- عمر شێخەڵلا دەشتەکی/داستان و گۆرانی لە فۆلکلۆری کوردی دا بەرگی یەکەم هەولێر. ١٩٧٩
١٤- پەندی کوردی ... ئامادەکردنی عمر شێخەڵلا دەشتەکی ... بەغداد . ١٩٨٠
١٥- صدرالدین نورالدین/ بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی ، ٢٠٠٥

١٦- جەمیل سنجاوی ـ حەیران و چەند بۆچوونێکی تر.... هەولێر، ٢٠١٠
١٧- سعدالله شێخانی ، گوڵبژێرێک لەفۆلکۆری کوردی دا ، چاپخانەی – ارشاد- بغداد-١٩٨٥.
١٨- جەلال مەحموود عەلی، ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، بەغدا ١٩٨٢.
١٩- میر شەرەفخانی بدلیسی، شەرەفنامە، مێژووی ماڵە میرانی کوردستان، چاپی یەکەم، وەرگێڕانی مامۆستا هەژار، سنە، کتێبی میدیا، ١٣٩٣ هەتاوی.
٢٠- حاجی سەعدوڵلا شێخانی ، حەیرانبێژانی دوێنێ و ئەمڕۆ ، بەرگی یەکەم / چاپی هەولێر- ٢٠١٠
٢١- ئاوازی ئەحمەد حمدامین، فۆلکلۆری کوردی لەناوچەی دزەییاندا-مطبعة ادیب- بغداد-١٩٨٤
٢٢- هۆشیار عەبدوڵا ، ئینسکلۆپیدیای هەولێر
جەلال خدر ، ئینسکلۆپیدیای هەولێر ، لەناودارەکانی هەولێر
کەریم شارەزا، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، ئەدەب.
ئەحمەد حەیران، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، فۆکلۆر.
٢٣- کاوە نادر ، کەندێناوە لەنێوان ڕاگواستن و بەعەرەبکردندا.هەولێر-٢٠٠١
٢٤- داماو (حسین حزنی) موکریانی ، مێژووی میرانی سۆران ، چاپخانەی کوردستان ـ هەولێر ١٩٦٢
٢٥- وتارێکی محمد سعید سۆفی بەناوی شالاوی بەعەرەبکرنی کەندێناوە لەڕۆژنامەی کوردستانی نوێ
٢٦- ئاسۆ کەریم – شێوەزاری دەشتی هەولێر لە هەنبانە بۆرینەدا، ئەکاونتی خۆی لە فەیسبوک
٢٧- ویکیپیدیا ـ جوگرافیای عێراق .
٢٨-- وێنەکانی مامۆستا ئەحمەد قەندیل ، لەکۆلیجی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەدین وەرمگرتووە.
٢٩- کۆمێنتەکانی هاوڕێیانی فیسبووک لەناو ئەکاونتی خۆم .
٣٠- بۆ مێژوو، ژیاننامەی عەلی مەحمودی کاکەخانی سوودم لەنووسینێکی مامۆستا کەریم شارەزا بینیوە لە سایتی مێژووی کورد.

٣١- گۆڤاری دەنگی مەخموور، سەرنووسەر بەختیار پاڵانی.
٣٢- حاجـی عوسـمان ڕەحمـان قەسـاب ، حەیرانـی سـەردەم، بەرگـی ـ یەکـەم هەولێـر ـ ٢٠١٠
٣٣- تۆفیـق نەبـەز ، هەندێـک لەیارییـە ڕەسـەنەکانی کـوردەواری، چاپخانـەی الحوادث-بغـداد-١٩٨٣
٣٤- هێدی (جەعفەری حوسێن پوور)، دەستە بوخچە ، زاراوەی ژنانی موکریان.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

١ـ د.عبدالعظيم عباس النصار، بلديات العراق في العهد العثمانی، ١٥٣٤ـ ١٩١٨
٢ـ زبير بلال اسماعيل ، أربيل فی ادوارها التاريخيه ،مطبعة النعمان ـ النجف. ١٩٧٠
٣ـ سـعد سـلمان و جـودت جـلال، اليهـود فـي شـمالي العـراق ، مجلـة دراسـات التاريخيـة والحضاريـة مجلـد ٦ عـدد ١٨ كانـون الثانـی ٢٠١٤
٤ـ العشائر الكردية ...ترجمة فوئاد حمەخورشيد... بغداد ـ ١٩٧٩
٥ـ العراق الشمالي ... دراسة لنواحي الطبيعية والبشرية pdf
٦ـ هاشم السعدي ، جغرافية العراق الحديثة ، الطبعة الاولى ، ١٩٢٤
٧ ـ ابن حوقل ، صورة الارض ،
٨ـ اربيل في ظلال بيان تاريخي،
٩ـ د. محمود حسين أمين ، رحلة نيبور الى العراق في القرن الثامن عشر(ترجمة)
١٠ـ طـه باقـر و فـواد سـفر، المرشـد الـى مواطـن الاثـار و الحضـارة ، الرحلـة الخامسـة، بغـداد ، طبعـة ١٩٦
١١ـ سعيد حمو ، مذكرات آمر لواء مشاة، طبعة سرية بغداد ١٩٧٧
١٢ـ محمـد علي قرداغي، كنوز الكرد في خزائـن دار المخطوطـات العراقيـة ـ الجـزء الثانـي.
١٣ـ م.هـادي حسـين محسـن المفرجـي، الأحـوال االقتصاديـة واالجتماعيـة لقضـاء مخمـور فـي الثلـث الاول مـن القـرن العشـرين١٩٠٠م-١٩٣٢م.
١٤ـ م.م تنكـه عثمـان سـعيد اسـماعيل . قضـاء مخمـور ، دراسـة في التوزيـع الجغرافي للسكان.النشر ٢٠١٨

١٥- د. محمد حسين الأمين، رحلة نيبور الى العراق في القرن الثامن عشر، ترجمة من الالماني
١٦- عبدالرزاق الهلالي- معجم العراق، الجزء الاول، مطبعة النجاح- بغداد
١٧- عبدالرزاق الهلالي- معجم العراق، الجزء الثاني، مطبعة النجاح- بغداد

**چاوپێکەوتن و دانیشتن لەگەڵ کەسە پەیوەندارەکان.**

١. چەند چاوپێکەوتن و وەرگرتنی بەستە و مقامەکان لە مام چاوشین ئەمین ئەحمەد .

٢. وەرگرتنی بەستە و هۆنراوە لە بابی کۆچکردووم شەهید مام نادر قادر حەسەن.

٣-چەند چاوپێکەوتن و وەرگرتنی بەستە و مەقامەکان لە ئەکرەم سۆربەشی.

٤. دوو چاوپێکەوتن لەگەڵ خوالێخۆشبوو مام پیرداود کوێخوا اسماعیل بندیان خدرجیجەیی یەکییان لە ١١.١.١٩٨٦ ئەوی دووەم لە ٢٥.٥. ٢٠١٦.

٥. چاوپێکەوتن لەگەڵ مام شینە سەیدەئەمینی لەرۆژی هەینی ١٧-١-٢٠٢٠ لەماڵی خۆی ، لەهەولێر.

٦. چاوپێکەوتن و وەرگرتن لە بەندبێژ هەمزە عەولا امین بندیان ، لە مامزاوە.

٧. وەرگرتنی بەند لە خاتوو مەها دزەیی.

٨. وەرگرتنی بەند لە خاتوو( ن ، ق) دزەیی.

٩. وەرگرتنی زانیاری لەسەر گوندی خدرجیجە، لە کاک سەعد پیرداود کوێخوا سمایل بندیان .

١٠. وەرگرتنی زانیاری دەربارەی گوندی گەڕەسۆرێ، لە مامۆستا سەباح مەحمود ئیسماعیل.

١١. وەرگرتنی زانیاری دەربارەی کەندەکانی موڵکیەو شەمامک ، لە مامۆستا ئیبراهیم عەزیز، کاک مەسعود هێلەوەیی.

١٢. سەرچاوەی هۆنراوەکانی عەلی محمودی ، خاتوونێکی نزیک بەماڵی عەلی مەحمودی کاکەخانی.

١٣. سوود وەرگرتن لە زانیاری، بەڕێزان ، ڕزگار بەرزنجی ترپەسپیانی . بەکر حاجی، دیاکۆ کاوە.

١٤- چاوپێکەوتن لەگەڵ کاک ثامر محمد سەیدەمینی لە ١٤-٩-٢٠٢١.

١٥- دانیشـتن لەگـەل کاک رەئـوف سـەیدەمینی و کاک عـەروش سـەیدەمینی لـە ڕێکەوتـی ٢٥-٩-٢٠٢١.

١٦- دانیشـتن لەگـەڵ کاک شـێروان ڕەقیـب حوسـێن لەماڵـی خـۆی ، لـە ڕێکەوتـی ٢-١٠-٢٠٢١.

١٧- چاوپێکەوتن و دانیشتنی چەندین جار لەگەڵ حاجی جەلال لاوەری بندیان .

١٨- چاوپێکەوتن و دانیشتنی چەندین جار لەگەڵ حاجی مستەفا تووڕەقی بڵباس.

١٩- زانیـاری وەرگرتـن بەتەلەفـۆن لـەکاک سـەبوور شـێخانی لەسـەر گونـدی گەڕەسـۆر لـە ٢٠٢٢/١/٤.

٢٠- زانیـاری وەرگرتـن لـەکاک ئەحمـەد قارەمـان مەخمـووری لەسـەر گونـدی گەڕەسـۆر و پالانیـان و پیرداودسـووان لـە کۆمێنـت ٢٠٢٢/١/٤.